حەسەن بەننا نوێکەرەوەی جیهانبینی ئیسلامی لەسەختترین قۆناغەکانیدا . نوسینی :موحەممەدعەزیز لۆتەری

پێشەوا حەسەن بەننا (١٩٠٦-١٩٤٩ز)

- *نوێکەرەوەی جیهانبینی ئیسلامی لە سەختترین قۆناغەکانی ئوممەتدا*

نوێکردنەوەی بانگەوازلە نێوان گێڕانەوەی ئوممەت بۆڕەسەنایەتی و هەوڵی چاکسازی هاوچەرخدا

نوسینی :موحەممەد عەزیز لۆتەری

حەسەن بەننا نوێکەرەوەی جیهانبینی ئیسلامی لەسەختترین قۆناغەکانیدا . نوسینی :موحەممەدعەزیز لۆتەری

چیرۆکی ئەم کتێبە : مرۆڤێک هەڵسااندنەوەی ئوممەتێکی لە ناودڵدایەو لەدەوری نۆژەنکردنەوەی کۆشکێکە کە هەموو جیهان بناغەکەیەتی . کاتێک حەسەن بەننا سەیری نەخشەی جیهانی دەکرد، تەنها سنووورە سیاسییەکانی نەدەبینی، بەڵکو پارچە وەرێنراوەکانی تەلارێکی گەورەی دەبینی کە پێویستی بە نۆژەنکردنەوەیە. ئەو دەیز انی کە جیهان بەبێ ئەو'خشتە لابراوەی ئیمان و ئیسلام کەسەروەرمان دەفەرموێت من ئەوکۆتا خشتەم کە کۆشکی پێغەمبەران من تەواوم کردوە " بەننا دەیز انی کە هەرگیزجیهان بێ ئەو خشتە ئۆقرە ناگرێت. چیرۆکی ئەو تەلارسازەیە کە لە لادێیەکی بچووکەوە دەستی پێکرد و خەونی بە گۆڕینی نەخشەی رۆحی و فیکری جیهانەوە دەبینی. خوێندنەوەی ئەم لاپەڕانە، تێگەیشتنە لەوەی چۆن یەک مرۆڤ دەبێتە پردێک بۆ گەیاندنەوەی ئوممەتێکی پەرشوبڵاو بە ڕەسەنایەتی خۆی . کاتێک کۆشکەکان دەبنە کەلاوە، تەنها ئەو انە دەتو انن بنیاتی بنێنەوە کە ئیمانی پەیامبەر انیان لە دڵدایە."

ئەم کتێبە گەشتێکی سۆزداری و عەقڵانییە؛ لەوێوە دەست پێ دەکات کە چۆن ماڵی ئیسلام بوو بە "کۆخی جەمەلۆن" و چۆن داگیرکاری و ناکۆکی ناوخۆ تەنانەت شوێنی "سوجدە"شیان لێ تەنگ کردین.

لەناو ئەم تاریکییە ئەنگوستە چاوەدا ، نووسەرتیشک دەخاتە سەرژیان و ڕێبازی حەسەن بەننا؛ ئەو موجەدیدەی لە سەختترین قۆناغدا، کاتێک هەمووان دەستەوستان بوون، مژدەی دا کە ئەم دیوار انە سەرلەنوێ بەرز دەبنەوە. ئەمە تەنها مێژوو نییە، بەڵکو نەخشەیەکە بۆ هەموو ئەوکەسانەی چاوەڕو انی "بەڵێنە گەورەکە"ی خودان و دەز انن کە پێش هاتنی مەسیحی ڕەحمان، دەبێ دەستەکانمان ڕاهێنابێت بۆ بنیاتنانەوە.

بۆ هەرمسوڵمانێک کە دەیەوێت بز انێت لە کوێوە شکاین و چۆن هەڵدەستینەوە، ئەم کتێبە وەڵامە.

ئایا دەکرێت لەسەربناغەیەکی پیرۆز، کۆشکێکی ڕووخاو سەرلەنوێ بنیاد بنرێتەوە وەک ئیبراهیم وئیسماعیل علیهما السلام ؟

ئەم کتێبە تەنها ژیاننامە نییە، بەڵکو هەڵسەنگاندنێکی قووڵە بۆ بڕینەکانی ئوممەت. نووسەر بە وردبینییەکی مێژوویی وە پێمان دەڵێت کە چۆن ماڵی ئیسلام لە لووتکەی دادگەرییەوە گەیشتە قۆناغی 'کاولەخانە'. لەناو ئەم وێر انەیەدا، وەک تیشکێکی هیوا، ئەزموونی حەسەن بەننا دەخاتە ڕوو؛ پیاوێک کە ویستی لە سەدەی بیستەمدا، شکۆی سەدەی یەکەم بۆ مسوڵمانان بگەڕێنێتەوە.

بۆچی ئەم کتێبە بخوێنمەوە؟ چونکە تێگەیشتن لە ئێستا، بە بێ ناسینی ئەوڕێستگانەی کە تێیدا شکاین و ئەو پیاو انەی هەوڵی چاککردنەوەیان دا، مەحاڵە. ئەمە کتێبێکە بۆ ئەو انەی تەنها بۆ 'مانەوە' ناژین، بەڵکو بۆ 'بنیاتنانەوە' هەوڵ دەدەن.

حەسەن بەننا

نوێکەرەوەی جیهانبینی ئیسلامی لە سەختترین قۆناغەکانی ئوممەتدا

نوێکردنەوەی بانگەوازلە نێوان گێڕانەوەی ئوممەت بۆڕەسەنایەتی و هەوڵی چاکسازی هاوچەرخدا

نوسینی : موحەممەد عەزیز لۆتەری.

ناوەرۆک

ناوی بابەت	ژمارەی لاپەڕە
پێشەکی چیرۆکی ئەم کتێبە :	
ڕێخۆشکردن	
پێناسەی چەمکی یەکەم :تازەبوونەوەی ئاین (التجديد الديني)	
تجديد لەزمانی عەرەبیدا:	
پێناسەی زاراوەیی تجديد :	
تێگەیشتن وپێناسەوڕاڤەی زانایان بۆفەرمودەی تجديدی ئاینی :	
تێگەیشتن وپێناسەوڕاڤەی زانایان بۆفەرمودەی تجديدی ئاینی :	
دیاری کردنی کاتی دەست پێکردنی سەدەکان:	
ڕاڤەکردنی بڕگەکانی فەرمودەکە:	
ڕیزبەندی سەدەکان و ئاماژە بە گرنگترین بوارەزانستیەکان وزانایانی هەڵکەوتولەوبوارانە لەچوارچێوەی ئەوسەدسالّەدا :	

١-سەدەی یەکەم لەلەدایک بوونی سەروەرمان ﷺ لە ٥٧١ز وە٥٣ساڵ پێش کۆچ بۆ مەدینە تاکو ساڵی ٤٧ی کۆچی بەرامبەر (571_668 ز) ٢-سەدەی دووەم ٤٧ک -١٤٧ک/668 ز- 765ز ٣-سەدەی سێیەم ١٤٧ک-٢٤٧ک/765ز- 862ز) ٤-سەدەی چوارەم ٢٤٧ک-٣٤٧ک/(862ز-959زز) ٥-سەدەی پێنجەم٣٤٧ک-٤٤٧ک/959ز-1056ز ٦-سەدەی شەشەم٤٤٧ک-٥٤٧ک/1056ز-1153ز ٧-سەدەی حەوتەم٥٤٧ک-٦٤٧ک/1153ز-1250ز ٨-سەدەی هەشتەم٦٤٧ک-٧٤٧/ 1250ز-1347ز ٩-سەدەی نۆیەم٧٤٧ک-٨٤٧ک/1347ز-1443ز ١٠-سەدەی دەیەم٨٤٧ک-٩٤٧ک/1443ز-1540ز ١١-سەدەی یازدەم٩٥٠ک-١٠٤٩ک/1540ز-1637ز سەدەی یازدە سەردەمی عوسمانی وسەفەوی و لە هیندیش دەوڵەتی مەغۆل بوو. لەفقه وقەواعدی فقه : ابن نجيم المصري (ت 970هـ/1563م) ١٢-دوازدەم١٠٥٠ک-١١٤٩ک/1637ز-1734ز ١٣-سەدەی سێزدە١١٥٠ک-١٢٤٩ک/1734ز-1831ز ١٤-سەدەی چواردە١٢٥٠ک-١٣٤٩ک/1831-1928ز ١٥-سەدەی پازدەم ١٣٥٠ک-١٤٤٩ک/1928-2026ز	
بنەماشەرعی وياساييەکانی جیهانبینی پەیامبەر ﷺ بۆبنیاتنانی کۆمەڵگاوسەروەری دەوڵەتی داد	
جیهانبینی لەنێوان گەرانەوەبۆ ڕەسەنایەتی و خۆگونجاندن لەگەڵ ژیانی هاوچەرخدا : لە ئەشکەوتی حراوە بۆبەڕێوەبردنی جیهان: ستراتیژی قۆناغی پەیامبەر ﷺ بۆبنیاتنانی ئوممەت"	

دارالإسلام لەنێوان وەحی و و اقیعدا: شیکردنەوەیەکی مێژوویی بۆ ٢٣ ساڵی پەیامبەرایەتی" چۆنیەتی گواستنەوەی باوەڕبۆ سیستەمی ژیان لە سیرەی پەیامبەرﷺ" "لە تاکە بڕوادارێکەوە بۆ ئوممەتێک: میتۆدی قۆناغی پەیامبەرﷺ لە بنیاتنانی کۆمەڵگا" قۆناغی گەڕان بۆ حەق لەژیانی پەیامبەرﷺ: پێش وەحی و قۆناغی حرا ماڵی یەکەم: دەستپێکی دارالإسلام لەناو خێزان قۆناغی نهێنی: قوتابخانەی ئەرقەم و دروستکردنی هێز بانگەوازلە بازاڕو حەج: گواستنەوەی پەیام بۆکۆمەڵگا کۆچ و ئاوارەیی: ستراتیژی پاراستنی دین قۆناغی تەنگژە: گەمارۆ و تاقیکردنەوە میعراج: پەیوەندی نێوان ئاسمان وزەوی لە رێبەریەتی پەیامبەرﷺ ساڵی خەم و گەشت بۆ تائیف: تاقیکردنەوەی ئیرادە دەستپێکی بنیاتنانی کۆمەڵگا: مەدینە و پەیمانی عەقەبە لە ئەشکەوتی سورەوە بۆ دەوڵەتی مەدینە: پڕۆسەی دروستبوونی دارالإسلام لە سیرەی پێغەمبەر ﷺ دارالإسلام وەک پڕۆژەیەکی قۆناغی: خوێندنەوەیەکی ستراتیژی بۆ ١١ ساڵی دوای کۆچ لە تەنهاییەتی بانگەواز تا سەرکردایەتی ئوممەت: گەشەی ماڵی ئیسلام لە سیرەی محمد ﷺ سیرەی پێغەمبەر ﷺ وەک مۆدێلی دروستکردنی کۆمەڵگای ئیمان: لە بنیاتی مزگەوت تا حودەیبیە ئاوەدانی دارالإسلام لە نێوان وەحی و عەقڵ: توێژینەوەیەکی قۆناغی لە سیرەی نەبەوی قۆناغەکانی بزووتنەوەی ئیسلام: لە بانگەوازی نهێنی تا دەسەڵاتی دەستوری	

پێغەمبەر ﷺ وەک سەرچاوەی ستراتیژی: شیکردنەوەی قۆناغەکانی بنیاتنانی دەوڵەتی ئیسلام دارالإسلام لە سیرەی نەبەوی: لێکدانەوەیەکی سیاسی-کۆمەڵایەتی بۆ دروستبوونی دەوڵەت لە غاری ثورەوە بۆ صلحی حودەیبیە: سەرکەوتنی پرۆژەی ئیسلام لە نێوان تەنگانە و فەرەهەنگ سیرەی پێغەمبەر ﷺ وەک ڕێنماییەکی هەمیشەیی: خوێندنەوەیەکی سیستەمی بۆ گەشەی ئوممەتی ئیسلام حُدیبیە: ئاگربەستێک کە درگای جیهان بۆ ئیسلام کردەوە لە مەککە بۆ جیهان: دەستپێکی جیهانی بوونی بانگەوازی ئیسلام خەیبەر: تێکشکاندنی ناوچەکانی پیلانگێڕی دژی ئیسلام عەمرەی قەزا: پیشاندانی هێز لە دڵی دوژمن ئەبو بەسیر: دروستبوونی یەکە پارتیزانیەکان لە دەرەوەی دەوڵەت موتە: یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسلام لەگەڵ ئیمپراتۆریەت فەتحی مەککە: سەرکەوتنی لێبوردن بەسەر تۆڵەدا سیاسەتی دڵبەدەستهێنان: چۆن دەوڵەت دڵەکان دەکڕێت؟ فقهی پێویستی: کاتێک حوکم بە شوێن بارودۆخ دەگۆڕێت لە دارالأرقەم بۆ دەوڵەت: گەڕانەوەی ئیسلام بۆ قۆناغە سەرەتاییەکان پارتیزان، کۆچ، یان دەوڵەت؟ هەڵبژاردنی شێوازی گونجاو بەپێی بارودۆخ ئیسلام و سیاسەت: مەبەست گرنگترە لە شێواز موسڵمان لە ژێر فشاردا: فقهی زیندان و ئاوارەیی نێوان دەستور و واقیع: چۆن شەرع خۆی گونجاو دەکات؟ مقاصدی شەرع: ڕووحی یاساکان نەک تەنیا دەقەکان جیاوازی وەک ڕەحمەت: هەموو ڕێگاکان بە یەک ئامانج دەگەن موجتەهیدان: پاسەوانانی زیندووی شەریعەت ئیسلام وەک سیستەمێکی زیندوو: لە گۆڕاندا بەردەوام ژیانی پەیامبەر ﷺ: نەخشەڕێگای هەموو قۆناغەکان	

لە کەمینە بۆ سەرکردایەتی: گەشتێکی مێژوویی بۆ دروستکردنی ئوممەت	
بانگەواز و ڕەهەندەکانی : **ڕەهەندەکانی نوێکردنەوە لە بـــــانگەوازی پەیـــــامدار بە گشتگیری:** **ناساندن وچۆنێتی چارەسەری پێنج قەیرانی سەرەکی :** **ناساندن وچۆنێتی چارەسەری قەیرانی مەعریفی:** **ناساندن وچۆنێتی چارەسەری قەیرانی مەعنەوی :** **ناساندن وچۆنێتی چارەسەری قەیرانی فکری:** **ناساندن وچۆنێتی چارەسەری قەیرانی زانستی:** **ناساندن وچۆنێتی چارەسەری قەیرانی بەڕێوەبرد**	
"	
چەند پرس و وێستگەیەکی گرنگ لەجیهانبینی بۆ بنچینەکانی ئیسلام ناسیدا: - چاکسازیی تێگەیشتن: ڕزگارکردنی قورئانە لە قاڵبەچەقبەستوەکان . تێگەیشتنی ڕاست تونڕەوی دەگۆڕێ بۆ میانڕەوی . -ڕزگارکردنی ئاین لە زاراوە داهێنراوەکان وگێڕانەوەی بۆڕوحانیەتی وەحی قورئان لە زیندانەکانی تەفسیر: هەوڵێک بۆئازادکردنی و اتا - ڕەخنەلەچەمک و دابەشکردنە داهێنراوەکان لە عەقیدەدا خوێندنەوەیەکی نوێ بۆپەیوەندی نێوان عەقڵ، زمان ووەحی بانگەوازی گۆڕان لە شێوازی تێگەیشتن، نەک گۆڕینی بنچینەکانی دین .1 عەقڵ و نەقڵ: هاوکاری یان بەریەککەوتن؟ .2 چەمکە داهێنراوەکان: چۆن بوون بە بنچینەی دین؟ .3	

تەوحید لە نێوان زاراوە و واتا .4 ئایا هەموو دابەشکردنەکان بیدعەن؟ .5 زمان: ئامرازێک یان سنوورێک بۆ تێگەیشتن؟ .6 تەئویل وڕەمز: کلیلەکانی تێگەیشتنی قورئان .7 تێکچوونی نێوان زاهیر وزانست .8 تەکفیر: کێشەیەکی فکری یان سیاسی؟ .9 مێژوو چۆن عەقیدەی دروست کرد؟ .10 بانگەوازی گەڕانەوە بۆ قورئان و سونەت "شەرع عەقڵێکی دەرەکییە و عەقڵ شەرعێکی ناوەکییە" "زمان خزمەتکاری قورئانە، نەک سەرکردەی" "هەموو جیاوازییەک کوفر نیە" "تەئویل مانی هەموو انە، نە مۆنۆپۆڵی گرووپێک" "کێشەکان زۆرجار لە تێگەیشتنە، نەک لە خودی دەقەکان" قورئان لەجیهانبینی تەفسیرکار و شەرعزان و مەتنەکانی عەقیدەدا هەرگیزیەککگرتنی ئوممەت ناهێنێ وناتوانێ ببێتە حەبلی پێکەوەبوون : بنچینەی یەککگرتن، نە جیاکردنەوە ئایندەی ئوممەت لە گەڕانەوەدایە بۆیەکبوون ، نەک لە ململانێدا چاکسازیی ڕاستەقینە: گەڕانەوە بۆ ناسینی دەقە موحکەمەکان وڕیزکردن وتێگەیشتنی دەقە موتەشابیهەکانە لەژێرڕۆشنایی دەقە موحکەمەکان . ژێدەرو سەرچاوە گرنگەکانی ئەم بەشە :	

- وێستگەی یەکەم: ژیاننامەی پێشەوا حەسەن بەننا بە گێڕانەوەی خۆی؛ لە منداڵییەوە تا داگیرسانی مەشخەڵەکە.	
ناساندنێکی خێرا بۆناساندنی خانەوادەوبنەماڵەی حەسەن بەننا:	
ڕۆڵی باوک و خوشک و برایانی حەسەن بەننا:	
کاریگەری ژینگەودەوروبەری سیاسی ،فەرهەنگی ،عیرفانی لەسەرژیانی حەسەن بەننا :	
چیرۆکی دامەزراندنی ڕێکخراوی ئیخوان المسلمین لەساڵی ١٩٢٨دا.	
ڕۆڵی بەننای پێشەواو کۆمەڵەی ئیخوان لەڕووداوەکانی میسروجیهان:	
- وێستگەی دووەم: پەیامێک بێ سنوور؛ چۆن بیرۆکەوپەیامەکەی بەننای تەڵارساز هەرلە سەردەمی ژیانی داامەزرێنەرەکەی سنوورەکانی میسری بڕی؟	
- چیرۆکی دامەزرانی کۆمەڵەی ئیخوان لە عیراق	
چیرۆکی ئیخوان لە ئەفغانستان: -	
چیرۆکی سەرهەڵدانی ئیخوان لە فەلەستین. -	
چیرۆکی ئیخوان لەسوریا: -	
چیرۆکی ئیخوان لە ئەردەن: -	
چیرۆکی ئیخوان لە لوبنان: -	
چیرۆکی ئیخوان لە سعودیە:	

-	
چیرۆکی ئیخوان لە میرنشینەکانی عەرەب: -	
چیرۆکی ئیخوان لە کوێت: -	
چیرۆکی ئیخوان لە قەتەر: -	
چیرۆکی ئیخوان لە بەحرێن: - چیرۆکی ئیخوان لە سوڵتانشینی عەممان	
چیرۆکی کۆمەڵەی ئیخوان لە لیبیا: -	
چیرۆکی ئیخوان لە تونس: -	
چیرۆکی ئیخوان لە وڵاتی جەزائر: -	
چیرۆکی ئیخوان لە وڵاتی مەغریب: -	
چیرۆکی ئیخوان لە ئەندەنوسیا: -	
چیرۆکی ئیخوان لە مالیزیا: -	
چیرۆکی ئیخوان لە ئەلبانیا: -	
چیرۆکی ئیخوان لە هندستان.. -	
:ث-W- چیرۆکی ئیخوان لە چین: -	
- وێستگەی سێیەم:نمونەیەک لە ڕاسپاردەو پەیام و نامەکانی بەننا ؛ مانیفێستی گۆڕانکاری لەجیهان لە فیکری پێشەوادا	
- وێستگەی چوارەم: بەننا لەناوسەنگەری خەباتی نیشتمانی دژ بە داگیرکەردا .	

- وێستگەی پێنجەم: شکۆفەدانی درەختە پیرۆزەکە وەک قەدێک بۆ ڕەگ وڕیشاڵە ڕەسەنەکان ؛ ئەزموونی بەننا لە ئاوێنەی چاکسازیخوازانی پێش خۆیدا .	
- وێستگەی شەشەم:پەیوەندی بەننا لەگەڵ فەرمانڕەواکانی سەردەمی خۆی لەنێوان ئۆپۆزسیۆن بوون و بەرەنگاربوون دا.	
- وێستگەی حەوتەم:پەیوەندی بەننا وڕەوتە نیشتمانیەکان: هاوکێشەی تەواوکاری یان ناکۆکی؟	
- وێستگەی هەشتەم: ڕۆڵی بەننا لەدامەزراندنیئەفسەرانی ئازاد وجمال عبدالناسر.	
- وێستگەی نۆیەم: تێڕوانینی ڕەوتە جیاوازەکان وهەڵسەنگاندنیان بۆ کۆمەڵەی ئیخوان المسلمین.	
- وێستگەی دەیەم: پێشبینی وشرۆڤەکان بۆداهاتووی کۆمەڵەی ئیخوان المسلمین لەنێوان جیهانبینیەکەی بەننا وئاڵێنکاریە نوێیەکاندا	

حەسەن بەننا نوێکەرەوەی جیهانبینی ئیسلامی لەسەختترین قۆناغەکانیدا . نوسینی :موحەممەدعەزیز لۆتەری

پێشەکی :

چیرۆکی ئەم کتێبە : مرۆڤێک هەڵسااندنەوەی ئوممەتێکی لە ناودڵدایەو لەدەوری نۆژەنکردنەوەی کۆشکێکە کە هەموو جیهان بناغەکەیەتی . کاتێک حەسەن بەننا سەیری نەخشەی جیهانی دەکرد، تەنها سنوورە سیاسییەکانی نەدەبینی، بەڵکو پارچە وەرێنراوەکانی تەلارێکی گەورەی دەبینی کە پێویستی بە نۆژەنکردنەوەیە. ئەو دەیزانی کە جیهان بەبێ ئەو 'خشتە لابراوەی ئیمان و ئیسلام کەسەروەرمان دەفەرموێت من ئەوکۆتا خشتەم کە کۆشکی پێغەمبەران من تەواوم کردوە " بەننا دەیزانی کە هەرگیزجیهان بێ ئەو خشتە ئۆقرە ناگرێت. چیرۆکی ئەو تەلارسازەیە کە لە لادێیەکی بچووکەوە دەستی پێکرد و خەونی بە گۆڕینی نەخشەی رۆحی و فیکری جیهانەوە دەبینی. خوێندنەوەی ئەم لاپەڕانە، تێگەیشتنە لەوەی چۆن یەک مرۆڤ دەبێتە پردێک بۆ گەیاندنەوەی ئوممەتێکی پەرشوبڵاو بە ڕەسەنایەتی خۆی . کاتێک کۆشکەکان دەبنە کەلاوە، تەنها ئەوانە دەتوانن بنیاتی بنێنەوە کە ئیمانی پەیامبەرانیان لە دڵدایە."

ئەم کتێبە گەشتێکی سۆزداری و عەقڵانییە؛ لەوێوە دەست پێ دەکات کە چۆن مانی ئیسلام بوو بە "کۆخی جەمەلۆن" و چۆن داگیرکاری و ناکۆکی ناوخۆ تەنانەت شوێنی "سوجدە"شیان لێ تەنگ کردین.

لەناو ئەم تاریکییە ئەنگوستە چاوەدا ، نووسەرتیشک دەخاتە سەرژیان و ڕێبازی حەسەن بەننا؛ ئەو موجەدیدەی لە سەختترین قۆناغدا، کاتێک هەمووان دەستەوستان بوون، مژدەی دا کە ئەم دیوارانە سەرلەنوێ بەرز دەبنەوە. ئەمە تەنها میژوو نییە، بەڵکو نەخشەیەکە بۆ هەموو ئەو کەسانەی چاوەڕوانی "بەڵێنە گەورەکە"ی خودان و دەزانن کە پێش هاتنی مەسیحی ڕەحمان، دەبێ دەستەکانمان ڕاهێنابێت بۆ بنیاتنانەوە.

بۆ هەرمسوڵمانێک کە دەیەوێت بز انێت لە کوێوە شکاین و چۆن هەڵدەستینەوە، ئەم کتێبە وەڵامە.

ئایا دەکرێت لەسەربناغەیەکی پیرۆز، کۆشکێکی ڕووخاو سەرلەنوێ بنیاد بنرێتەوە وەک ئیبراهیم وئیسماعیل علیهما السلام ؟

ئەم کتێبە تەنها ژیاننامە نییە، بەڵکو هەڵسەنگاندنێکی قووڵە بۆ بربنەکانی ئوممەت. نووسەر بە وردبینییەکی مێژوویی‌ەوە پێمان دەڵێت کە چۆن ماڵی ئیسلام لە لووتکەی دادگەرییەوە گەیشتە قۆناغی 'کاولەخانە'. لەناو ئەم وێرانەیەدا، وەک تیشکێکی هیوا، ئەزموونی حەسەن بەننا دەخاتە ڕوو؛ پیاوێک کە وێستی لە سەدەی بیستەمدا، شکۆی سەدەی یەکەم بۆ مسوڵمانان بگەڕێنێتەوە.

بۆچی ئەم کتێبە بخوێنمەوە؟ چونکە تێگەیشتن لە ئێستا، بە بێ ناسینی ئەو وێستگانەی کە تێیدا شکاین و ئەو پیاو انەی هەوڵی چاککردنەوەیان دا، مەحاڵە. ئەمە کتێبێکە بۆ ئەو انەی تەنها بۆ 'مانەوە' ناژین، بەڵکو بۆ 'بنیاتنانەوە' هەوڵ دەدەن.

لەفەرمودەی دروست داهاتووە کە رسولی خاتەم محمد علیه السلام دواخشتی کۆشکی هەموو رسول ونێردراوو پەیام هەڵگر انی پەروەردگار بوو، بەهاتنی ئەو پەیکەروکۆشکی ئیسلام وئیمان ودینی کامڵ تەواوبوو.

وەک لەوفەرمودەی بوخاری وموسلیم لەئەبوهوڕەیڕەوە دەیگێڕنەوە کە نوری چاومان دەفەرموێ:

نمونەی من وپەیامبەر انی پێش من وەک نمونەی پیاوێکە کە کۆشکێکی زۆربە جو انی بنیات نا،هیچ کەم وکوڕی تێدانەبوون تەنیاشوێنی خشتەیەک لە گۆشەیەک مابوو،خەڵک بەدەوری ئەوکۆشکەدا دەسوڕانەوەو دەیانگوت ئای ئەگەر ئەوخشتەشت دادەناوتەواوت دەکرد !!جامن ئەوخشتەی کۆتاییەم ومن خاتەم وکۆتایی پەیامبەروهەواڵ دار انم .

با مێژوو بخوێنینەوەو بز انین کۆشکەکە پێش دانانی بلۆکی کۆتایی حاڵی چۆن بوو؟ .

بناغەیەک لە ئاسمان و تەلارێک لە زەوی

مێژووی مرۆڤایەتی چیرۆکی "خانوێکە، ماڵێکی پیرۆز"ە؛ ئەو ماڵەی کە خودا وێستی مرۆڤ لە ژێرسایەیدا ئارام بگرێت. ئەگەرحەزرەتی ئیبراهیم علیه السلام ،لەگەڵ ئیسماعیل علیه السلام لەسەربناغە دێرینەکانی ئادەم و بە ڕێبەریی جوبرەئیل علیهما السلام ، دیوارەکانی "کەعبەیان وەک ماڵێکی بەرهەست بەرز کردبێتەوە، وەک قورئان بۆمان دەگێڕێتەوە .

کەچی ئەو ماڵە سەدان ساڵ پێش هاتنی ئیسلام دین وماڵەکەی ئیبراهیم پێکەی شیرک وکوفرو زیندەبەچاڵ کردن وزەوت کردن وخور افە پەرستی وستەمی چینایەتی وسوخۆری وکۆیلایەتی وستەم وداپەڵۆسین بوو.

جولەکە ودینی موسا وئیسر ائیلیەکان پەرتەوازەوناکۆک وخزمەتکاری ڕۆمان وساسان بوون.

دینی عیسا بووبووە مەقاشی دنیاپەرستان وڕۆم و ئەوروپیەکان بۆبەکۆیلەکردنی جیهان بەکاریان دێنا .

کەو اتە لەگەڵ بوونی هەیکەلی کۆشکە پیرۆزەکە حاڵی مرۆڤایەتی زۆرنالەباربوو.

بەڵام پێغەمبەری خاتەم ﷺ لەسەربناغەی وەحی، ماڵێکی "ڕۆحی و مەعنەوی" وای دروست کرد کە دیوارەکانی لە "دادپەروەری وهاوسەنگی وئارامی دڵ ودەروون و بنمیچەکەی لە "ئیمان" بوو ،ئەو ئیمانەی کەسەرتاپای دڵەکان وجیهانی کردە شوێنی حەو انەوەودڵنیایی وهێمنی وئەمن وئاسایش .

دوای دانانی بلۆکەکەی ئیسلامەتی ،پەیامبەر صلی الله علیه وسلم بە٢٣ ساڵی پەیمبەرێتی خانوەکەی تەواوکرد ،دیارەکەخانوش تاواوبوو پێویستی بە پاراستن ونۆژەن کردنەوە هەیە.

سەردەمی سەروەرمان لەگەڵ سەردەمی ئەبوبەکروعومەروبەشێک لەسەردەمی عوسمان ماڵی دادو نمونەی باڵای بەختەوەریان بنیات نا.

بەڵام ناکۆکیەکانی سەحابەوشەڕی جمل وسفین تابلۆی بەرائەت ومتمانەی لەوماڵەشکاند.

هاتنی ئەمەویەکان وحوکمی پشتاوپشت وقەتڵوعامی ئەهلی بەیت لە کەربەلاو جەنگی حەڕە لەگەڵ خەڵکی مەدینە وجەنگی شەهیدکردنی ئیبن زوبێرلە مەککە ئەمن وئاسایشی ئەوماڵەی لەناوبرد.

وەک چۆن ماڵە بەرهەستەکەی مەکە، پێش هاتنی ئیسلام بووبووە بتخانە و ٣٦٠ بتی جۆراوجۆر ڕوخساری گەردونییان لێ شێو اندبوو،دواخشتی پێغەمبەران محمدعلیه السلام دوبارە پاکی کردەوە . ئێستا دەبینین کە ئەو ماڵە مەعنەوییەی کە پێغەمبەرﷺ وبارە برسی و ماندووەکانی بە ٢٣ ساڵ خوێن و ئارەقە تەواویان کرد، دوای سەدان ساڵ دووچاری هەمان چارەنووسی ماڵەکەی ئیبراهیم وئیسماعیل علیهما السلام لەسەردەمی نەفامی بووەتەوە

زریانەکان وڕووخانی گەورە:

ئەو کۆشکەی کە لە سەردەمی ڕاشیدیندا نموونەی بەختەوەری بوو، بەهۆی ژەهری ناکۆکی ناوخۆو خەنجەری خیانەتەوە درزی تێکەوت. ساڵی (٤٠ی کۆچی) وەک سەرەتای شکانی تابلۆی بێگەردی، و پاشان کارەساتی کەربەلا و جەنگی حەرە و بەرمەنجەنیقدانی مەککە، دیوارەکانی ئەو ماڵەیان لەرز اند. دەرکەوتنی ئاشوبە بنەماڵەیی ونەتەوەییەکانی وەک ئەمەوی وعەباسی وتورک وفارس ، وئاشوبە فیکرییەکانی وەک شیعە و خەوارج وجەهەمی و موعتەزیلە وئەشعەری وحەشەویەکان ، وای کرد تاقە ماڵەکە ببێتە چەندین ژووری لێکدابڕاو.

لەت لەت بوونی تاقەئوممەتەکەی دەوری قورئان وئیسلام بە هۆی دەرکەوتنی خەوارج وشیعە موعتەزیلەو قەدەری ومورجیئە وهەریەک لەمانە کۆمەڵێک خەڵکیان بڕداو ئیدی تاقە ماڵەکە بووبە ماڵی پەرتەوازەیی وناکۆکی مەتن و بیروبۆچوونە دژبەیەکەکان.

هاتنی عەباسیەکان بەفیتنەی جۆراوجۆری فکری ونەریتی وسیاسی وسەربازی وئابوری وکۆمەڵایەتی وای کرد کەدەرگاوپەنجەرەکانی ئەوماڵە بشکێن وسەرماوگەرمانەگێڕنەوە.

لەت وپەت بوونی تاقە ماڵەکە بە ئەمەویەکانی ئەندەلوس وفاتمیەکانی میسرو بیوهی وسامانی وسلجوقیەکانی ڕۆژهەڵات ومور ابیت وموەحیدەکانی مەغریب وای کرد خانوەکە ببێتە چەند خانوی لێک دابڕاوو ناکۆک ،ڕۆژتائێوارەخەریکی دژایەتی یەک بوون

پاشان وەک بەڵێنەکەی رسول الله علیه السلام ناکۆکی ناوخۆدوژمنی دەرەکی خاچ ومەغۆلی هێنان ودووشوقەی ئەوخانوە لە بەغداوئەندەلوس ئاداریان بەسەرپاداریانەوەنەما ، زریانی خاچ وپاشان مەغۆل لە ساڵی (٦٥٦ی کۆچی)لای ڕۆژهەڵاتی کۆشکەکەو خۆراسان و بەغداوشامی وەک چەقێکی مەعنەوی وێران کرد، ودو اتر ئیسلامێکی موزەیەفی مەغۆلی لە ڕۆژهەڵات بنیات نرا ،وەک ئەوەی لەجێ خانوەڕوخاوەکە کۆخی جەمەلۆن پێکەوەبنرێ .

و شکستی ئەندەلوسیش لە (١٤٩٢ی زایینی) باڵە ڕۆژئاو ایيەکەی ئەو کۆشکەی ڕووخاند. تا گەیشتینە سەدەی بیستەم؛

مایەوەماڵی مەغریب وحجاز،ئەویش مەمالیک ومیروشێخەکان وناکۆکی عوسمانی ومەمالیک ئەویشیان بنکۆڵ وهەڵۆڵ کرد -ئیستعماری نوێی ئیمپریالزم وچەپڕەوی هات وتێکدانی مەغۆل وخاچەکانی تەواوکرد وحجازو مەغریبی شی بەسەریەکداڕوخاند..

،ئێستاواسەدسالّە ئەوخانوەی کە رسول الله وخەلیفە ڕاشیدەکانی بنیاتیان نا بەتەواوی ڕوخێنرا وتەنیا بناغەکانی ماوە کەقورئان وفەرمودەن. وە کەس بوێری نەبووە کە تەنانەت وەک مەغۆل بەلەوحی جەمەلۆنیش لەم جێ کاولەخانوە لەسەربناغەکانی کۆخێک پێکەوەنێ.

ئەوەتاهەموو پێشبڕکێیانەبۆ ئەندام بوون لەدارنەدوەی نیۆرک وڤیەناوجنێڤ.

بۆیە هەرچەندە بانگەشەی ماف وداد وڕاستی لەم سەردەمە دەکرێ بەڵام مادام ناهێڵرێ ماڵی ئیسلام ،ماڵی گەورەترین حەقیقەت ئاوەدان بکرێتەوە کەو اتە جیهان ئەمرۆلەهەموو کات زیاتر پڕبووە لە جەوروستەم، لەم سەردەمە بانگەشەکارانی مافی مرۆڤ وئازادی ڕادەربڕین سێ کیشوەری ئەمریکای سەرو ئەمریکای لاتین وئوستراليايان دۆزیەوە کەزیاد لەسێ سەد ملیۆن مرۆڤ وسەدان نەتەوەوزمان ودین وفەلەسەفەیان تیابوو بەڵام هەموویان جینۆسایدکردن ،ئێستا کەس ناویشیان نازانێ وهیچ لەدین وزمان وشارستانیان نازانرێ..

بۆیە هەموو ئیمام وموجەدیدانی دین لەسەدەکانی ڕابردوو لەچوارچێوەی پەناودیوارێک دا دینی ئیسلامیان نۆژەن دەکردەوە، چونکە لەسەردەمی ئەوان خانوەکە بەتەواوی نەڕوخابوو، ،بەڵام ئەو انەی لەم سەردەمە بیانەوێ خانوەڕوخاوەکە بنیات بنێنەوە،دەبێ ئیمانی پتەوی پەیام هەڵگران ورەسولەکان وئەنبیایان هەبێ، چونکە هەرتەنیاماڵی رسولی خاتەم نەڕوخاوە ،بەڵکوئەودو ابلۆکی خانوەتەواوەکەی ماڵی ئیسلام بووکە الله جگەلەئیسلام هیچ ماڵێکی تری قبوڵ نیە چونکە:

(إن الدين عند الله الإسلام)آل عمران١٩

" ورضيت لكم الإسلام دينا" (3 - المائدة)

" ومن يبتغ غير الإسلام دينا فلن يقبل منه " (85 - آل عمران) کەو اتە ماڵی ئیسلام کە دینی هەموو پەیامبەرو هەموودینەکان بوو ،ماڵی لا اله الا الله بوو کە دروشمی هەموو ئیماندارانە هەرلەئادەمەوەهەتاخاتەم.بەڵام ئەمرۆ بەشایەدی و اقع وبەڵگەی دەقەکان ئەوماڵە لەسەرزەوی بەتەواوی ڕوخێنراوە،ناشێڵن لە ناوئەشکەوتێکیش ئەم ماڵە پەنایەکی هەبێ، کەو اتە ئێستا مرۆڤایەتی دەبێ چاوەڕوانی بەڵێنە گەورەکە بێ،ئەم کارە تەنیابەدەست تێخستنی تەقدیری ربانی و مەددی ئاسمانی دەکرێ.

چونکە شیرکێک کە گەورەترین ستەم وزوڵمە لەهەموو زەوی دا شکۆی هەیە، ئیمانێک کە تاکە حەقی ئەم بونەوەرەیە هێلانە چوێلەکەیەکیشی پێ ڕەو انابینرێ.

بەڵێ باوەڕمان هەیە کە دەبێ وەعدی رسول الله علیه السلام بێ، کەدنیای پڕبوولەجەوروستەم وناحەقی جارێکی تر مهدی زەمان ومەسیحی رحمن بێن وئەوجەوروستەم وناحەقیە ڕاماڵن وهێزوپێزی خاچ وخاچ پەرستان بشکێنن ودەوڵەت وبازاڕی بەدڕەوشتی بەرازوخنزیری کوفرووێلحاد وبێ دینی زلهێزان سەربڕن وبتۆپێنن وئەم جیهانە جارێکی تر پڕببێتەوە لە عەدل وماڵی ئەنبیاورسولەکان بنیات دەنرێتەوە بەڵام ئایا ئەم کارە

هەربە ئەولیاورەسولە خاوەن عەزمەکان بنیات دەنرێتەوە؟؟

بەڵێ تورموزی لەئەبوهوڕەیڕە دەگێڕێتەوە کە نوری چاومان فەرمویەتی :

نزیکە کە کوڕی مەریەم دابەزێ لەوکاتەی جیهان پڕبووە لەستەم وچەوسانەوە،ئەودنیا پڕدەکا لە دادگەری و مافپەروەری..

وەهەواڵی هاتنە خواری عیساعلیه السلام لەسورەتی النساء بەڕۆشنی هاتووە ولەسورەتی زخرفیش ئاماژەی پێکراوە..

تاکوهاتنی ئەوبەڵێن ومژدەش گەورەترین کاروئەرکێک کە مسوڵمان بتو انێ بیکا ئەوەیە کەخۆڕاگربێ ولەسەرئەوپەیڕەوو ناونیشان وبانگەوازەبێ کە لەناوقورئان وفەرمودەی دو اپەیامی ئیلاهی دا پێناسەکراوە،بەردەوام دوعاوپاڕانەوەوعبادەتی بۆ ئەوەبێ کە الله زیاتر هیدایەتی بداو ڕێنمایی بکاو لەسەرئەو ئیمان وئیسلامەتیە بهێڵێتەوەو ڕاوەستاوو پێچەسپاوی بکا..

لێشاوی ئیمپریالیزم کەهات و ماڵی دەوڵەتی شەریعەتی بەتەواوی ڕوخاند ، ویستی ئەو کۆمەڵگایەش لێک هەڵوەشێنێ کە لەدوای دەوڵەتەکەی شەریعەت چۆوە ماڵی کۆمەڵگای مسوڵمان ،بۆیە بەجۆرەهاتیۆری دەروونناسی وکۆمەڵناسی و مێژوویی و فکری وئایدۆلۆژی وهونەری وئەدەبی هەوڵی چاندنی ئیلحاد وبێباوەڕی و بەدڕەوشتی وداوێن پیسی و گەندەڵی وبێ ئاگایی وتەفرەدان بەباق وبریقی ژیانی ئەم جیهانە و داهێنانی چەندان هۆکاری چێژبەخش وئاڵودەکارهەوڵی دا کەشەریعەت لە ماڵی کۆمەڵگاش لەناوبەرێ ولەکۆنجی مۆزەخانەی بپەستێ ، بەڵام لەم سەردەمە پڕزەحمەتە کەسەختترین قۆناغێکە کەئوممەت پێیداڕەت بووبێ مژدەی سەروەرمان بەهاتنی موجەدید ونوێکەرەوەی ئاین وزیندوکەرەوە ی بەدیهات

کاتێک لە ساڵی (١٩٢٤)دا، پاشماوەی ئەو تەلارە لەڕۆژهەڵات وڕۆژئاوا بە تەواوی تەفروتوونا بوو. جیهان بوو بە جێی بتە نوێیەکانی (ئیمپریالیزم، مادیگەرایی، و ئیلحاد).

بنیاتنانەوە لە سەردەمی "نەبوو"دا،بەدەستی تەلارسازێکی نوێ بۆ کۆشکە ڕووخاوەکە؛ حەسەن بەننا و ململانێی ڕابوون.

؛ پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەی ئوممەت. لە گەورەترین ئاڵێنکاری هەڵسانەوەی ئیسلامیدا.

کە ئێمە ئەم کتێبە بۆ ژیاننامەو بارودۆخی کۆمەڵگاو وبارودۆخی سیاسی و سەربازی وئابووری کاتی هاتنی ئەو موجەدیدە تەرخان دەکەین بەناونیشانی :

حەسەن بەننا

نوێکەرەوەی ڕابوونی ئیسلامی لە سەختترین قۆناغەکانی ئوممەتدا

نوێکردنەوەی بانگەوازلە نێوان گێڕانەوەی ئوممەت بۆڕەسەنایەتی و هەوڵی چاکسازی هاوچەرخدا

ئەم کتێبە، باسی ئەو قۆناغە سەختە دەکات کە تێیدا "ئیمان" وەک غەریبەیەک لەناو وڵاتی خۆیدا مابووەوە. لەناو بێئومێدییەکی کوشندە و لە سایەی جەوروستەمی زلهێزەکاندا، پیاوێک بە ناوی حەسەن بەننا دەرکەوت. ئەو تێگەیشت کە پێش ئەوەی بەردی سەربەرد دابنرێتەوە، دەبێت "مرۆڤەکان" سەرلەنوێ دروست بکرێنەوە.

ئەم کتێبە پێمان دەڵێت: بنیاتنانەوەی ماڵێک کە هەموو جیهان دژی وەستاوەتەوە، تەنها کارێکی سیاسی نییە، بەڵکو جیهادێکی ڕۆحی و فیکرییە. لێرەدا دەبینین چۆن "بەننا" ویستی ئەو خشتە غایبانە کۆبکاتەوە تا جارێکی تر ئوممەت شایستەی ئەو "مەدەدە ئاسمانییە" بێت کە خودا بەڵێنی داوە.

کەدوای ڕێخۆشکردن و پێناسەی چەمک وزاراوە سەرەکیەکان و خستنە ڕووی ڕێسا گشتگیرەکانی هەڵسانەوەو بوژانەوە ئەم تەوەرانە لەخۆ دەگرێ :

- *وێستگەی یەکەم:*
- *ژیاننامەی پێشەوا حەسەن* بەننا بە گێڕانەوەی خۆی؛ لە منداڵییەوە تا داگیرسانی مەشخەڵەکە.
- *وێستگەی دووەم:*
  پەیامێک بێ سنوور؛ چۆن بیرۆکەوپەیامەکەی بەننای تەلارساز هەرلە سەردەمی ژیانیدامەزرێنەرەکەی سنوورەکانی میسری بڕی؟
- *وێستگەی سێیەم:*
  نمونەیەک لە ڕاسپاردەو پەیام و نامەکانی بەننا ؛ مانیفێستی گۆڕانکاری لەجیهان لە فیکری پێشەوادا
- *وێستگەی چوارەم:*
  بەننا لەناوسەنگەری خەباتی نیشتمانی دژ بە داگیرکەردا .

- وێستگەی پێنجەم:

شکۆفەدانی درەختە پیرۆزەکە وەک قەدێک بۆ ڕەگ وڕیشاڵە ڕەسەنەکان ؛ ئەزموونی بەننا لە ئاوێنەی چاکسازیخوازانی پێش خۆیدا .

- *وێستگەی شەشەم:*

پەیوەندی بەننا لەگەڵ فەرمانڕەواکانی سەردەمی خۆی لەنێوان ئۆپۆزسیۆن بوون و بەرەنگاربوون دا.

- *وێستگەی حەوتەم:*

پەیوەندی بەننا وڕەوتە نیشتمانیەکان: هاوکێشەی تەواوکاری یان ناکۆکی؟

- *وێستگەی هەشتەم:*

ڕۆڵی بەننا لەدامەزراندنی

ئەفسەرانی ئازاد وجمال عبدالناسر.

- *وێستگەی نۆیەم:*

تێڕوانینی ڕەوتە جیاوازەکان وهەڵسەنگاندنیان بۆکۆمەڵەی ئیخوان المسلمین.

- وێستگەی دەیەم:

پێشبینی وشرۆڤەکان بۆداهاتووی کۆمەڵەی ئیخوان المسلمین لەنێوان

جیهانبینیەکەی بەننا وئاڵێنکاریە نوێیەکاندا

ڕێخۆشکردن

- پێناسەی چەمکی یەکەم : تازەبوونەوەی ئاین (التجديد الديني)

ڕۆڵی تازەبوونەوەی ئاین لە بنیاتنانی بانگەوازو سیاسەی شەرعیدا .

نوێکردنەوە وئەبدەیت بوونەوە یەکێکە لەودیاردە زگماکانەی لەناوناخی مرۆڤەکاندا حەشاردراوە،ئەم دینەمۆشاراوە هەندێک جاران دەستپێشخەری دەکا و کۆمەڵگا بەرەو ئاسۆیەکی باشترپاڵ دەنێ.

نوێبونەوە خۆڕاتەکاندنێکە بۆدەربازبوون لەدەقبەستوویی ولەیەک قاڵبدامەییین.

هەرناساندن وپێناسەی تجدید لەکۆنەوەتائەمڕۆ دەیان وبگرە سەدان پێناسەوناسنامەو وێناکردن وڕیزبەندی ونەخشەڕێگای هەمە چەشنی بۆکراوەوبەهۆی ئەو جیاوازیەی کەلە تێڕو انینەکانداهەبووە بۆتازەگەری دەیان وسەدان مەزهەب وتەریقەت وشێوازو ڕێچکە وقوتابخانەومەڵبەند دامەزراون.

لەم سەدەیەشدا لەدەوروبەرمان هەموو شتێک لەنوێبونەوەوبوژ انەوەوتازەگەری دایە، بەرهەمی نوێ وشیعروئەدەبی نوێ وهزری مۆدێرن وفەلسەفەی حەداسەو مۆدێرن و ڕۆشنبیری هاوچەرخ وتێڕو انینی سەردەمیانەوە ڕێنیسانس وچاکسازی وژیانەوەونۆژەنبوونەوە وئەبدەیتکردنی پەیڕەوو هەڵساندنەوەی بارودۆخی داڕماووزیندو کردنەوەی ڕوحی ڕاپەڕین وشۆڕشی بەردەوام وهەڵایساندنەوەی مەشخەڵ و ڕیفۆڕمی ئاینی وسیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتی وفکری بەردەوام و.....کۆمەڵێک چەمکی بریقەداری دیکەش کەهەموویان گوزارشت لە تەجدید ونوێبونەوەدەکەن.

هەموو ئەم بانگەشەکارانەش بەشی خۆیان هەواداروکڕیارودەمارگیریان هەیە چونکە لەبەرکردنی بەرگی نوێ هەتائەگەروەک بەرگەکۆنەکەش جوان نەبێ جۆرێک لەقبوڵ کردن دەدا بۆوکەسەوپرۆژە کەخۆی گۆڕیوەو بەرگی نوێی پۆشیوە.

تجدید لەزمانی عەرەبیدا:

-جدە ووجدە:دۆزیەوەوبەدەستی هێنا. هەرلەم و اتایە بەو اتای بەختی باش وبژێوی وگەورەیی وپلەوپایەوشکۆوسەروەری و ومەزنی وزەنگینی هاتووە،مەزنایەتی وەک لە لەسورەتی جن دەفەرموێ: تَعَالَى جَدُّ رَبِّنَا.

بەو اتای زەنگینی وبەبەخت بوون، وە بە باپیری مرۆڤ دەگوترێ جد چونکە بەوباپیرە بنەماڵەدەناسرێتەوەودەدۆزرێتەوە.

بەچنین دەڵێن جَدَّها الحائك،الجَدَّاء لە مەڕوبزن و ووشترئەو انەن کە بەگوێ بڕین یان داخکردن یان هەرنیشانەکردنێک دیاری دەکرێن. چونکە زوودەدۆزرێتەوە لەناومێگەل،هەندێک پێیان و ایە کە جد بەو اتای بڕین دێ ، بەڵام جدایەکە بۆ بڕینەکەنیە بەڵکو بۆ زوو دۆزینەوەکەیە.

وەبەکەناردەریاولاتەنیشتی شتەکان دەگوترێ جد چونکەگەیشتن بەتەنیشتی شتەکە دۆزینەوەیەتی

-الجد ،پێچەو انەی هزل وگاڵتەوگەپە.

،چونکە تاکومرۆڤ بەخت وڕاستەقینەو وباپیرەوئەسڵ وکەسایەتی وبەهرەوزەنگینی خۆی نەدۆزێتەوە هەرلەگاڵتەوگەپ وکات بەفیڕۆدانداید.

بۆوشک بوونی گو انیش بەکارهاتووە، بۆیە هەندێک گوتویانە بەو اتای وشک بوونە،بەڵام ووشکبوونی گوان دووبارە ئامادە بوونیەتی بۆ دووگیان بوونەوە .

جد النخل، چنینی بەروبومی دارخورما

و اتای بڕین ناگەیەنێ .بەڵکو ئامادەکردنی درەختەکەیەبۆ دووبارەنوێ بوونەوەوپۆخ دەرکردن بۆبەرهەمی ساڵێکی دیکە.

بەو اتای زۆرترین وگەیشتنە ئەوپەڕو لوتکە، جمیل جدا،ئەوپەڕی جو انە ،تەجوید جوان خوێندنەوە .

بەو اتای جود وسەخاوەت وواجدوبەداهات بەدیهاتن وپێوە
هۆگروئاڵودەوخولیاوشەیدابوون هاتووە .

بارانی زۆریش هەرپێی گوتراوە جدا،وەجد ودۆزینەوە مەقامێکە لەمەقامەکانی تەسەووف.

بەسەرکەوتنیش گوتراوە جد،چونکە ئەویش دۆزینەوەیە.

بەزەوی پان وتەخت وڕێک گوتراوە جودەد .

بۆدووبارە گەڕانەوەودۆزینەوەی ماف ودۆخێکی لەدەست چووکەلەوەوپێش بەدو ایداوێڵ بوو بۆکەسێک وبۆشتێک گوتراوە:جَدَّدَ نَشَاطَهُ :و اتە چالاکی بۆگەڕایەوە.

لەم پێشەکیە زمانەو انیە تێدەگەین کە پێناسەی زمانەو انی تجدید بریتیە لە گەڕانەوەی خۆناسینەوەوخۆدیتنەوەودەوڵەمەندی وبەخت وئەوپەڕی جو انی وباشی وچالاکی وهیوادارى و وبوژ انەوەوزۆری وئاوەدانی وڕاستەقینەیی وبەرهەمداری وڕێڕۆشنی وشەیدایی وگەنجێتی وپوختی بۆ بونەوەرێک کەلەوەوپێش بە پێچەو انەکانی ئەم چەمکانە گەمارۆدرابوو وگەیاندبویانە لێواری مەرگ وبێ ئومێدی.

پێناسەی زاراوەیی تجدید :

زیندووکردنەوەوژیاندنەوەی ئەو بنچینانەی لە ئیسلام کەم کراونەوەو پاک کردنەوەی ئیسلام لەو بدعەو داهێنراو انەی بۆی زیادکراون، جاکەئەوزیادانەی لێکر انەوە ،ئیسلامە پوختەکە بەسەرڕوداوەکانی ژیان وبارودۆخەکان دا دەچەسپێنرێ.

فەرمودەکەئەبو هریرة دەگێڕێتەوە:

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ:

((إن الله يبعث لهذه الأمة على رأس كل مائة سنة من يجدد لها دينها.))

و اتە:بێگومان خو ابۆئەم ئوممەتە لەسەرەتای هەموو سەدسالێک کەسانێک دەنێرێ کەئاینەکەی بۆ نوێ بکەنەوە.

کەو اتە (الدين) نوێ نابێتەوە،بەڵکو(دینها)،دینی ئومەت ،پابەندی ئومەت بەدینەوە نوێ دەبێتەوە.

چونکە دەقەکانی دین وپەرستش وئیمان و ڕوکنەکانی ئیسلام وئیمان وئیحسان ناگۆڕێن،بەڵکو جۆری پەیوەندی ئوممەت بە پەروەردگاریان وبەشەریعەت ودووری ونزیکیان کەگۆڕانی بەسەرداهاتووەوژەنگی گرتوەبەهۆی لەبیرچوون ولاڕێبوون
وزیادوکەمیەک پێویستی بە نوێکردنەوەهەیە، وەک مەناوی دەڵێ:سونە لەبدعە جیادەکاتەوەو زانستی ڕەسەن زیاددەکاو خەڵکی بۆ بانگ دەکا وحەق سەردەخاوناحەق سەرشۆڕدەکا.

نوێکردنەوەی ئیمانی ئوممەت وپاککردنەوەی لە شیرک و ئەفسانە .

نوێکردنەوەی عبادەتی ئوممەت وپاککردنەوەی لە دەقبەستویی ودەمارگیری و ژیاندنەوەی ڕوحی ئیجتهادوهەڵێنجان بەنۆژەنکردنەوەی میکانیزمەکانی ئیجتهادلە ئوممەتداو شکاندنی کۆت وبەندی لاسایی کردنەوەوتەقلید وخۆبەندکردن .

گێڕانەوەی عەدالەت کە بنچینەی ئیسلامە ولابردنی ستەم وچەوساندەوەو گێڕانەوەی خاکی بوون وسادەیی ولابردنی ڕۆتین ولادانی گزی وگەندەڵی وگێڕانەوەی دەست ودڵ ودەم پاکی .

وەلە ڕووی تەتڵەکردنی دەقەکان سەرچاوەی دووەمی دین وشەرع کەسونەتە تائێستاش بەتەواوی فەرمودەی دروست ونادروست لێک جیانەکراونەوە،دین بە بێ ئەولەتەتڵەدانەش هەرسەلامەت بووە ،چونکە ئوممەت پێش ئەبوحەنیفە ٨٠-١٥٠ک و مالک93 ک - 179ک و شافعی ١٥٠-٢٠٥ک ئەحمەد164 ک-241ک و بوخاری١٩٤-٢٥٦ک ومسلم206 ک- 261 ک تەحاوی238 - 321ك وتەبەری224 ک - 310 ك وئەشعەری260-324 ک) گەیلانی 470 - 561ک و غەزالی ٤٥٠ک-٥٠٥ک شارەزوری ٥٥٧ - ٦٤٣ك و نەقشبەندی٧١٧-٧٩١ك و ئیبن تەیمیە661 .728ك و ئیبن حەجەری عەسقەلانی ٧٧٣-٨٥٢ک و ئیبن خلدون ٧٣٢- ٨٠٨ک سەدان ساڵ ساڵ ژیاون ولەدینداریشدا کەم وکوڕیان نەبووە.

کەو اتە قورئان هێڵی جێگیروسابت وڕێژەی نەگۆڕەو بێ قورئان دین سەلامەت نابێ، بەڵام فەرمودە و سونەت ومەزهەبی فقە وعەقیدە وتەریقەت وتەفسیرو وز انستەکانی دی هەمیشە لەگۆڕاندان .

نوێبوونەوەوگۆڕانکاری لەو زانستانە ی زاراوەی فەرمودەو عەقیدەو تەفسیرو سیرەومێژوو وتەزکیە وسلوک ،گەڕانەوەدەبێ بۆهێڵەگشتیەکان وسڕینەوەی ئەو پۆخڵەو اتانەیە کە لێیان نیشتووە.

بێگومان ئەم نوێ بونەو انە نابنە بەشێک لەسەو ابتی دین ،بەڵکو بەشێکن لەگۆڕاوەکانی دین چونکە بەدرێژ ایی ئەوپازدە سەدەهەرنوێکەرەوەیەک هاتبێ زۆرلەڕێ وشوێنە قۆناغیەکانی موجەدیدی پێشووی لابردوون چونکە هەندێ ڕێ وشوێن بۆهەندێ سەردەم پێویست وفەڕزن کەچی لەهەندێ سەردەمی ترلەمپەروزیادەن.

بەدواداچوون بۆسەلماندنی ڕاستی وناڕاستی فەرمودەیەک لەگەڵ بەدواداچوون لە لێکدانەوەوڕاڤەو تێگەیشتنێکی دروست وتێڕو انینێکی هزری وعەقڵی ڕاست هیچ

جیاوازیەکیان نیە ،هەموویان پێویستن بۆ نۆژەنبونەوەی ئومەت وهەڵکردنی لەگەڵ بابەتە نوێ ودیاردەوداهێنراوە نوێیەکان.

دەڵێن دەبێ زیادەکان لابببەین، هەرخۆشیان دەڵێن کە دابەشکردنی دین بۆ ئوسوڵ وفروع ،بۆ عبادات ومعاملات،بۆ شەریعەت وحەقیقەت بیدعەوزیادکراون، دابەش کردنی زانستەکان وناوەکانیان وەک عەقیدە،تەوحید،دابەشکردنی تەوحیدبۆ ربوبیەو والوهیە واسماو سیفات وداباش کردنی سیفات وئەسما بۆ ئیسمی زاتی وفعلی وخەبەری هەموو بیدعەن.

وە ئەو ئاماژانەی لەفەرمودەکان هاتوون کە ڕووکەشیان جۆرێک لەبەریەک کەوتنیان تێدایە بەڵام قوڵی و جوانی ڕاڤەوتێگەیشتنەکان لەوفەرمودانە بەریەککەوتنەکە دەرەوێنێتەوە .

فەرمودەی ئەبوداود :

فإن كل محدثة بدعة وكل بدعة ضلالة وكل ضلالة في النار) لەگەڵ فەرمودەی: الصحيحين : إذا حكم الحاكم فاجتهد ثم أصاب فله أجران، وإذا حكم فاجتهد ثم أخطأ فله أجر
وفەرمودەی:من سن في الإسلام سنة حسنة كان له أجرها وأجر من عمل بها من بعده لا ينقص ذلك من أجورهم شيئاً، ومن سن في الإسلام سنة سيئة كان عليه وزرها ووزر من عمل بها من بعده لا ينقص ذلك من أوزارهم شيئاً. و من دعا إلى هدى كان له من الأجر مثل أجور من تبعه لا ينقص ذلك من أجورهم شيئاً)

ڕوکەشیان ناکۆکە

کەواتە کۆکردنەوەی ئەوفەرمودانە ئەوەیە کە داهێنراووسونەت وڕێنمایی جوان وباش کەخزمەت بەیەکێ لەمەبەستەکانی دین وشەرع بکاپاداشتی زۆری هەیە،هەروەک داهێنران وبیدعەی گومڕاکارو دوورخەرەوە لە مەبەستەکانی دین وشەرعیش سزای سەختی هەیە.

ئەی چۆن فەرمودەکە دەڵێ کە هەرسەدسااڵێک جارێک دین وەک زێڕی ناوکورە دەکرێتەوە عیارە بیست وچوارو هەرچی خڵتەوخاڵە لێی دەکرێنەوە؟!

کەواتە:

- یان دەبێ ئەم فەرمودەو هەواڵە لاوازبێ وهەڵبەستراوبێ.

- یان دەبێ تێگەیشتن وپێناسەوڕاڤەی زانایان بۆو فەرمودە ڕاست نەبێ.

- یان دەبێ ئێمە باش لەناو هەموو سەدسالّەکانی مێژووی ئوممەت باش دیقەتمان نەگرتبێ، تائەم چوارده جاره فۆڕماتکردن و پالّفتەبوونەی دین بدۆزینەوە.

سەلماندنی بەهێزی ودروستی سەنەدی فەرمودەکە:

أبو داود وسەخاوی وئەلبانی وحاکم بیهقي و ابن حجروحافزی عراقي به صحیحیان داناوه.

ئەلباني : دەڵێ:پێغەمبەر ﷺ مژدەی داوەبە مسوڵمانان کە پیاوێک لە ئەهلی بەیتی ئەودێ وبەچەند سیفەتێک باسی کردوە حوکمی ئیسلام دەگێڕێتەوەودادگەری بڵاودەکاتەوە لەناوخەڵکی لای زۆربەی زانایان مەهدی یەکێکە لە موجەدیدەکان

سیوتی دەڵێ:حتی یجيء الفاطمي المجدد دین الهدی لأنه مجتهد.

و اتە محمدی مەهدیش یەکێکە لە موجەدیدەنوێکەرەوەکان ودواموجەدیدە و ونۆژەنکاری کۆتاییش عیسای کوڕی مەریەمە علیه السلام..

کەو اتە فەرمودەکە گێڕانەوەکەی صحیحە ئەوەی فەرمودەکە غەریب دەکا ئەوەیە کەلەکۆی دەیان هەزارسەحابی تەنیا یەک سەحابی فەرمودەکەی گێڕاوەتەوە،ئەمەلەکاتێکدا مژدەکە پەیوەندی بەهەموو ئوممەتەوە هەیە ودەبوو زۆرێک لەسەحابەکان ئاگاداری ئەم بەڵێنە چارەنوسسازەبن.

بەڵام هەندێک لە فەرمودەکانی مەلاحم و مەهدی وفەرمودەکانی:

- بوونی تائیفەی مەنسورە لەهەموو زەمانێک -فەرمودەی لەت وپەت بوونی ئەم دینە بۆ٧٣پارچە وئەوفەرمودانەی باسی هاتنی چەندین زاناوپێشەنگ دەکەن کە زیادەڕەوی زیادەڕەوکاران و شوبهەو گومانی ناحەزان لەسەرئەم دینەهەڵدەگرن.

بەردەوام بوونی جیهادتا هاتنی دەجال .

-هەوڵی زانا ڕەبانیەکانە کە هەوڵ وتەقەللای ٣٣دەجالی خۆبە پێغەمبەرزان دەنێژێ تادەجالی گەوردەدێ ومەسیحی موجەدیدی هەرەگەورەی ئوممەتی محمد دەجالی هەرەگەورە لەناودەبا.

-فەرمودەکانی هاتنی شەڕوبەدکاری وخێری بەدوکەڵ.

-فەرمودەی دابەشکردنی داهاتووی ئەم ئوممەتە بۆ خیلافەی ڕاشد و مولکی نەزۆک ومولکی جەبری وگەڕانەوەی خیلافە.

-مژدەدان بەبڵاوبونەوەی ئەم دینەو هەواڵدان بەوێک هاتنەوەی ئەم دینە تاوەک چۆن ماردەچێتەکونەکەی ئاواش ئیسلامەتی دەچێتەوە مەدینە وهەواڵی زۆربوون وپشێوی نێوان خەلیفەکان وفەرمودەی دانانی زانایانی ئەم ئومەتە وەک پەیامبەرانی بنەماڵەی ئیسرائیل ...هەموو ئەم فەرمودانە لەسەدان سەحابە وەرگیراون و وادەکەن غەریبی ئەم فەرمودەش بڕەوێننەوە.

تێگەیشتن وپێناسەوڕاڤەی زانایان بۆ فەرمودەی تجدیدی ئاینی :

-دیاری کردنی کاتی دەست پێکردنی سەدەکان:

زانایان لەدیاری کردنی سەری سەدسانەکە ڕایان جیاوازە،ئایا لەسەرەتای سەدسانەکە دێ؟ یان لەکۆتایی سەدسانەکە؟وەسەرەتاکەی لە لەدایک بوونی پێغەمبەردەست پێدەکا؟ یان لە بوونی بە پێغەمبەریان لەکۆچ کردنی بۆ مەدینە یان لە کۆچی دو ایی پێغەمبەرﷺ؟؟

مەناوی لە فتح القدیر دەڵێ: سەدسانەکە دەگونجێ لە مەولودیان لەبوونی بە پێغەمبەریان لەکۆچ کردنی بۆ مەدینە یان لە کۆچی دو ایی پێغەمبەرﷺ

بەڵام زۆربەیان دەڵێن لە پێغەمبەرایەتیە،سوبوکی دەڵێ لە هجرەتەوەیە .

خاوەنی عون المعبود دەڵێ:سەری سەدسانەکە کۆتاییەکەیەتی .

ئەحمەد دەڵێ عمرکوڕی عبد العزیزلەسەری سەدەی یەکەم ١٠١ک مردوە و شافعي لە٢٠٤ک کۆچی کردوە بۆیە موجەدیدی ئەودووسەدەن.

لە تاج العروس دادەڵێ :

سەری شت کۆتاییەکەیەتی .

سەلابی دەڵێ :بۆیە مەهدیش لە کۆتایی سەدسانە دەردەکەوێ چونکە هەموو موجەدیدەکان لە کۆتایی سەد سانەی هجری دەردەکەون.

دەست پێکی سەدسالّی ئیسلامی کە لەهاتنی وەحیەوەبێ چونکە سەرەتای ڕاستەقینەی ئیسلامەتیە ،ئەوکاتە دەبێ تادەگاتە سالّی ٨٦ک سەدسالّی یەکەم بن وهەموو سالّی ٨٦ێکی کۆچی کۆتایی سەدسالّەکە بێ.

یان دەبێ لە وەفاتی پێشەوامانەوەئەم موجەدیدانە دەست پێبکەن بۆ ئەودینەی ئەو هێناویەتی ،ئەوکاتە دەبێ لەسالّی ١١ک تاکو١١١ک موجەدیدی ئەودینە بن..

وە ووشەی قەڕن کەلەهەندێ گێڕدراوەو فەرمودەهاتووە ، و اتای زمانەو انی قەڕن بەوکۆمەڵە کەسە دەگوترێ کە هاوەەم وهاوشان و هاوسەردەمی یەک دەبن لە منالّی وگەنجی و کامڵ بوونیان ودو اتردەمرن ، بۆیە زانایان جیاوازن لە ماوەی قەڕن کە ئایا چل سالّە یان حەفتا سالّە یان هەشتا سالّە، جاچونکە لەوسەردەمەدا تەمەن گەیشتونە سەد سالّ ولەبەر فەرمودەکەش قەڕنیان بەسەدسالّ داناوە ، بەڵام بە پێی فەرمودەی بوخاری باشترین قەڕن قەڕنی منە ...

بەڵام پێغەمبەر ﷺلەتەمەنی ٦٣سالّی وەفاتی کرد ، کەو اتە یان قەڕن سەدسالّ نیە کە قەڕن سەدسالّ بو ایە نەیدەفەرمو قەڕنی من ..

یان کە بڵێین بۆ کۆکردنەوەی گێڕانەوەکان قەڕن سەدسالّەو مەبەستی قەڕنی من هاوسەردەمانی پێغەمبەر ﷺکەلەمنالّی لەگەڵی بوون تا چل سالّ دوای ئەو بۆیە قەڕنی ئەولە بەهەر حالّێک بێ کەزۆری درێژکەینەوە لەسالّی پەنجای کۆچی کۆتایی پێدێ.

وە قەڕنی دووەم لەسالّی ٥٠ ک دەست پێدەکا کە ئەویش لە سالّی ١٥٠ک کۆتایی پێدێ .

هەربەفەرمودەی ئەوەش بێ کە دەفەرموێ خەلیفەی ڕاشد دوای من سی سالّە ، هەردەبێ قەڕنە باشەکە تا ئەوسەردەمە بێ.

کە سالّی پەنجا ئەوسالّەیە کەدوای وەفاتی حەسەنی کوڕی علی بەژەهرو پاشەکشەی پێنج جێگرەوەکەی تری معاویە

چونکە پێش شەهید بوونی حەسەن وەک تەبەری وئیبن کەسیر دەگێڕنەوە کەشەش کەس بەربژێربوون بۆ خەلافەت لەدوای معاویە ، بەڵام دوای شەهیدکرانی حسن ئەم پێنجانەی ترنەوێران لەوشور ایە بپرسنەوە.

کەو اتە هاتنی معاویە بە زەوتکردنی دەسەڵات بووە لەدوای ساڵی پەنجای کۆچی بووە نەک لەسەرەتای ساڵی ٤٠ی کۆچی.

ئیبن ئەثیردەڵێ کە ئەم کارەی معاویە بەهەڵنانی

موغیرەی کوڕی شوعبە بووە کەلەساڵی٤٩ والی کوفەبووەو بۆ ئەوەی معاویە لە پۆستەکەی دوورنەخاتەوەوسەعیدی کوڕی عاسی لەجێ دانەنێ ئەم پلانەی بۆ معاویە پێشنیارکرد.

لە قەڕنی دوەمیش ئەمەویەکان حوکمیان کردوکۆتاییان پێ هات وعەباسیەکان لە ساڵی ١٤٨ک چونە بەغدای پایتەختە تازەکەیان .

دەبێ هەرقەڕنێک لە ڕووی سیاسی وسەربازی وکۆمەڵایەتی جیهانی ئیسلامی جیاکەرەوەی خۆی هەبن جا لەو قەڕنە لەوزاناوشارەزاو کەسایەتیانەش بکۆڵرێتەوە کە هەریەکێک لەزانستەکانی قورئان وتەفسیروزمانەو انی وفقە و فەرمودەو مێژوو و..یان نۆژەن کردۆتەوە و هەریەکێ لەو انە لەبواری خۆی ولە دەقەری خۆی موجەدید ونوێکەرەوەی ئەوزانستەیە لەوقەڕنە دا.

-ڕاڤەکردنی بڕگەکانی فەرمودەکە:

کاتێ زانیمان ئەمە هەواڵ ومژدەی دروستی پێشەوامانە ، واجبە لەسەرمان کەبەڕاستی بزانین ،ئەم باوەڕێ بوونە ئەوەمان لێ دەخوازێ کەبۆ ئاڕاستەکردن وڕاڤەکردن وتێگەیشتن لە و اتاکانی هەردەقێکی دین قورئان ئاڕاستەمان دەکابۆلای قورئان وسونەت.

(... فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ .. ذَلِكَ خَيْرٌوَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا) النساء/59.

کەفەرمودەکە دەفەرموێ :

مَنْ يُجَدِّدُ لَهَا دِينَهَا /

شرۆڤەکارانی فەرمودە دەڵێن:ووشەی

(مَن) لێرەدا کە ئیسمی موصولە،لە قورئان وفەرمودە زۆربەی جاران وبەتایبەتیش کەلەچوارچێوەی باسی کەسێکی لەمەوپێش باسکراوو ئاماژە پێکراونەهات ،ڕاست و ایە کە

کۆمەڵێک خەڵک دەگەیەنێ، ئایەت وفەرمودەکان واڕاڤەدەکرێن کەهەرچی ئەو جیاکەرەوەی تێدابێ هەموو ئەوکەسانە بگرێتەوە.وەک:

اما من اعطی و اتقی...

سیذکر من یخشی...

من کان یؤمن بالله والیوم الاخر....

ئەم ئایەت وفەرمودانە لەهەموو سەدەوسەردەمێک هەموو ئەوکەسانە دەگرێتەوە کە ئەوهەڵس وکەوتانە ئەنجام دەدەن.

کەو اتە (من):لێرەدا ئاماژەیە بۆ ئەو انەی لەوسەدسااڵە ڕێ وشوێن وفرمان وبواڕەکانی دینی پەیوەست بەئوممەت بۆ ئوممەت نوێ دەکەنەوە،ئەمانەش بەکردارسەلماوەلەهیچ سەدسااڵێک تەنیاکەسێک نەبووەوبەڵکو دەیان کەس ئەم کارەیان کردووە.

بۆیە دیاری کردنی تەنیایەک کەس وەک موجەدیدی سەدەی یەکەم یان دووەم.... یان دەیەم وپازدەهەم بۆچونێکی هەڵەیە ودەبێتە هۆی کورتهەڵهێنانی دین لەسەربوارێک کەئەمەش ستەمە لەدین ولە ئوممەت ولە وکەسانەش کەلەنازناوی موجەدیدبێ بەشکراون وستەمەلەوکەسەش کەهەموو کۆڵەکە بەکۆڵی ئەودادراوەوستەمە لەوبواڕەش کەهەموو دینی تێداچڕکراوەتەوەو ستەمەلەوبوارانەش کەلەوسەدەدا لەبازنەی دین بەدەرنراون.

ذهبي دەڵێ:"دەستەواژەی (من)...بۆکۆمەڵێکە نەک بۆتەنیاکەسێک.

ئیبن کثیردەڵێ : ڕاڤەی دروست بۆئەم فەرمودە ئەوەیە کەهەرتاکێک لەزانایان بەدرێژایی ئەم سەدانە هەڵسابێ بە بەجێگەیاندنی فەرزی کفایە لەبڵاوکردنەوەی زانست لەوەی کەلەپێشینان پێی گەیشتوەتابەئەو انەی دوای خۆی بگەیەنێ ئەوە دەچێتەچوارچێوەی ئەوموجەدیدانە. لەفەرمودەداهاتووە :

ئەم زاستەلەهەرنەوەو وەچەیەک کۆمەڵێک هەڵیدەگرن کەلەهەموو هاوسەردەمەکانیان میانڕەوترن،لەڕێڵادانی زیادەڕەوکەران وساختەکاری وبوختانی بوختانکارانی لێ فرێدەدەن.

وە ئەوغەریبانەی کەلەفەرمودە مژدەیان پێدراوەکۆمەڵێکن لەهەموو سات وزمانەکان کە ئەوەی لە ڕێ وشوێنی پێشەوامان تێک چووە ئەوان ڕاستی دەکەنەوە.

عەسقەلانی دەڵێ:

"مەرج نیە بۆهەرسەدسالێک تەنیایەک کەس بێ ،بەڵکو دەکرێ کەدەستەوکۆمەڵێک بن،ئەوەش تەفسیرێکی گونجاوە،چونکە مەرج نیەئەوتایبەتمەندیانەی پێویستەلەموجدیداهەبن هەموویان لەتاکەکەسێک کۆببنەوە،

لەڕاستیدا بۆسەدەی یەکەم بۆ دووەمیش دانانی عومەرعبدالعزیز هەڵەیە چونکە عومەری والی پێش بوونە خەلیفە نەیتو انیوەتەنانەت بەنەفرەتکردنی عەلی وئالی بەیت لەسەر منبەرەکان لابا، دوای خلافەتیش نەیتو انی پرۆژەکەی تەواوکاو ژەهرخواردکرا ، وە نەیتو انی جگەلەژن ومنالی خۆی خزمەنزیکەکانی پابەندی بڕیارەکانی کا ، وە نەشی تو انی خەلیفایەتی بگێڕێتەوە بۆ سەرڕێبازەڕەسەنەکەو دوای خۆی هەر مەڕو انیەکان خەلیفەو مەلیک بوون ، خەلیفەکانی ئالی مەڕوان کەدوای عومەرهاتن زۆرلە خەلیفەکانی پێش عومەرخر اپتربوون و لاڕێ بووی زۆروەک جەعد وموعتەزیلە ومورجئەوقەدەریە و...لەپەنای وان حەو انەوەو ژەهریان ڕشت .

وەهەرلەسەردەمی عومەردا لە پێش خەلیفەیی ودوای بوونە خەلیفەش کەسانی وزۆرزانا هەبوون کەو اتە ناتو انرێ کە عومەریش بە موجەدیدی سەدەی دووەم دابنرێ ،دەتو انرێ بگوترێ کەئەوهەوڵی دا ستەمی سیاسی کەم کاتەوە بەڵام نەیتو انی.

فەتوای اللجنة الدائمةی سعودیەش دەڵێن :

" ..هەرچەندجارێ خەڵکانێک لاڕێ بن لەڕاستەشەقامی ئەودینەی کەکاملّ وتەواوەلەهەموو ڕوویەک وپەروەردگارپەسندی کردووە وەک دینی خۆی، ئەوچەند زانایەک کە بەرچاوڕۆشن بن بە ئیسلام دێن بەرچاوی خەڵک ڕۆشن دەکەنەوە بە قورئان وسونەت وبیدعەوزیادەی دوورلە دین وداهێنراوی لێ فرێ دەدەن....

بەوکرداڕە دەگوترێ تجدیدی ئوممەت،کەو اتە ئوممەت نوێ دەبێتەوە نەک دین ،چونکە دین کاملّ وتەواوە،هەرلاوازی وگۆڕان ولادانێک هەبێ بەسەرئوممەتدادێ،بەڵام ئیسلام هیچ لاوازی وگۆڕان ولادانی بەسەردانایە.

شێخ حمود التویجري دەڵێ :

" کورت هەڵێنانی ئەم فەرمودە لەسەرچەندکەسێکی دیاری کراوکەبۆهەرسەدسالّ کەسێکی دیاری کراوموجەدید بێ، زۆردوورە لەڕاستیەوە،هەرگیز فەرمودەکە بەڵگەی ئەوبۆچوونەی تێدانیە،چونکە دەستەواژەی (مَن) زۆربەی جارمەبەست کۆمەڵێکن.

بۆیە تەفسیرکردنی و اتای فەرمودەکە لەسەرکۆمەڵێک لە زانایان وگوێزەرەو چەسپێنەرانی دین لە هەرسەدسالێکدا پاستترە لەوەی بۆهەرسەدسالێک تەنیایەک موجەدید دیاری بکرێ.

کەو اتە ئێستا زانیمان کە ئەم موجەدیدانە کۆمەڵێکن، بەڵام ئایا ئەوکۆمەڵە چەند کەسن؟ئایا هەموو لە شارێکن؟ یان لەچەند شارێکن؟ ئایا ژمارەیان بەپێی ژمارەی بوارولقی زانستە کانی دینە کە بوژ انەوەیان پێویستە بۆ بووژانەوەی دین؟

ئایاقسەی ئەو انەی گوتویانە گۆڕانەکە لەخودی دینداتیە تاچەند پاستە؟ ئایا هەموو دین ڕێژەی نەگۆڕە؟ ئایا پاراستنی کتاب وزکرو اتە ی ئەوەدەگەیەنێ کە دین هەموو دیاری کراوەوکەم وزیادناکا؟

کامڵی دین کەلەسوڕەتی مائیدە باس کراوە ،ئەوەدەگەیەنێ کەهەرگیزئەم دینە کەم وزیادناکا؟ ئایا هیچ بیدعەوداهێنان وزیادبوونێک لەدیندا نەکراون؟ ئەی بۆچی ئەو موجەدیدانە زۆربنەمایان لەزۆربوارزیادکردووە کە لەسەردەمی پەیامبەرﷺنەبووە؟ ئایا هەموو زیادکردن وداهێنانێک گومڕایی وکوفرە؟ ئایا بەڕەهایی هەموو زیادەیەک لەئاگردایە؟

ئایاسونەش وەک قورئان پارێزراوە؟ ئەی بۆئەو بوخاری وموسلیمەی کەئێستاڕێژەی نەگۆڕن دوای چەند سەدسالّ نوسراون؟ بۆ مەزهەبی مالک؟ کە فەرمودەی کەئیمامەکەیان گێڕاویەتیەوەکەچی هەرخۆی کاری پێنەکردوە؟ پەیڕەو انی ئەبوحەنیفە کەبەدرێژ ایی هەزاران سالّ هەرزۆرینەی ئوممەت بوون،کەمترین ڕێژەی فەرموودەبەکاردێنن؟ ئایا ئەوان بەشی هەرەگەورەی ئوممەت نین؟ ئایا کەسانی وەک بوخاری وئیبن تەیمیە و ئەلبانی وهاوشێوەکانی زۆرفەرمانی ناوفەرمودەیان نەکردوە بەبەشێک لەدین کەلەپێش و اندا بدعەو وازلێنراو ولاوازبوو؟ وەزۆرفرمانی دینی کەچەندسالّ بوو کاری پێدەکرا نەیانکردبەبیدعەودوورلەدین؟

ئایائەمانە ئەوناگەیەنن کەسونە وەک قورئان هەتائێستاش یەکلانەبۆتەوەودروست ونادروستی لێک جیانین؟ جاشتێک کەدوای ١٤٥٠ سالّ پاک وپیسی لێک نەکرابنەوە چۆن دەبێ بکرێتە ڕێژەی نەگۆڕی کۆتائایینی مرۆڤایەتی ؟

وەئەم نوێبونەوەوتەجدیدە دەبێ هێڵەگشتیەکانی لەناوئوممەتی ئیسلام دا بخوێنرێنەوە،چونکە ئەوتجدیدە بۆفریشتەکان وجن وجهانی شاراوەوغەیب نیە ودەبێ لەناومسوڵمانان بێ.

هەموو لایەنەدەروونی وڕوحی ودینی وکۆمەڵایەتی ولاشەیی وفکری وپەروەردەیی وڕۆشنبیری وعیرفانی ویاسایی و.....دەگرێتەوە .

ڕیزبەندی سەدەکان و ئاماژە بە گرنگترین بوارەزانستیەکان وزانایانی هەڵکەوتولەوبوارانە لەچوارچێوەی ئەوسەدسانەدا :

ئەم پازدە سەدانەی لەسەرەوە سەرەتاوکۆتاییان زانرا هەریەکەولەڕووی سەربازی وسیاسی جۆرێک لەتایبەتمەندیان هەیە ، بەڵام لەڕووی نۆژەنکردنەوەی زانستەکان وبوارەکانی شەریعەت ودینی ئیسلام لەچەندین ویلایەت ودەڤەرسەدان کەس لەزانایان وشارەزایان وبیرمەندان بەشداریان تێدا کردووە کە جاری وایە ئەونۆژەنکەرەوانە لە چینی دەسەڵاتدار بوون .

جا کە بەم پێوەرە سەدەکان بژمێرین دەبێ بڵێین هەموو ساڵێکی پەنجای کۆچی سەرەتای سەدەی نوێیە ولە پەنجاوە دەبێ چاوەڕوانی نوێ بوونەوەونۆژەنبوونەوەی دینی ئیسلام بکەین بەکەسانێک کە پەروەردگاربۆئەومەبەستە ئامادەی کردوون وقەڕنەکانیش بەم شێوەی خوارەوەدەبن :

١-سەدەی یەکەم لەلەدایک بوونی سەروەرمانﷺ لە ٥٧١زو٥٣ساڵ پێش کۆچ بۆ مەدینە تاکوساڵی ٤٧ی کۆچی بەرامبەر (571_668 ز)

سەدەی یەکەم ٥٣پێش کۆچ-تاساڵی ٤٧ ک

-سەردەمی ڕۆداوی فیل ونوێکردنەوەی کەعبە وپێغەمبەرایەتی وهاتنی وەحی ودەوڵەتی مەدینەوخلافەتی ڕاشد دەگرێتەوە .لەم سەردەمە قورئان هەموو دابەزی ولەسەردەمی ئەبوبەکروعوسمان کۆکرایەوە .

یاوەرانی زانا لەزانستەکانی فقە وسیاسەت وئابوری ودادوەری لەم سەدە

- عمربن الخطاب (ت 23ک/644ز) وعلي بن أبي طالب(599-661 م): (ت 40ک/661ز).

- دامەزرێنەرانی ڕێزمانی عەرەبی النحو: أبو الأسود الدؤلي (ت 69ک/688ز) - کەبەدامەزرێنەری زانستی نەحودادەنرێ.

لەفەرمودە ئەبوهوڕەیرە . (603-679 م):

-لەتەفسیر عبد الله بن عباس.(619-687 م):

(ت 68ک/687ز)

لەزانستەکانی قورئان

- زید بن ثابت (ت 45ک/665ز) -

کە پەیامبەرعلیه السلام وياوەران وخەلیفەکانی ڕاشید لەونۆژەنکەرەو انە بوون.سیمای سەرەکی ئەوسەردەمە هاتن ونوسینەوەی قورئان و جێگیرکردنی پەرستشەکان ودامەزرانی بانگ و مزگەوت وئوممەت ودەوڵەت وخلافەت بوو کەشەرع ودین لەکاملّترین شێوەی ونمونەی هەرەباڵای بەرجەستەبوو.

لەم سەدە تەنیا حجازوعیراق وشام و میسرویەمەن فەتح کرابوون ، زانستەکانیش تەنیازانستەکانی قورئان وڕاڤەی قورئان بوون .

لەگەڵ گێڕانەوەی فەرمودەوژیاننامەی پێغەمبەرعلیه السلام بەسەرزارەکی.

٢-سەدەی دووەم ٤٧ک -١٤٧ک/668 ز- 765ز

لەوسەردەمە نۆژەنکەرەوەکان ئەو سەحابانەبوون کە مابوون لەژیاندا ، لەم سەدە شۆڕشی حوسێن وئیبن زوبێرو شەهیدکرانیان و شەهیدکرانی یاوەران لەمەدینە و سەربڕانی سەعیدی کوڕی جوبەیرو سوتاندنی کەعبەی تێدابوو ، دەسەڵات و شەریعەت زۆرلێک ترازابوون و هەڕێمەکان بوونە دەهەڕێمی حجازوعیراق وشام و میسرو ئێران وخۆراسان ودوای ڕوبارو مەغریب ویەمەن وئەندەلوس ، زانستەکانیش بوونە حەوت زانستی قورئان وڕاڤەی قورئان وفەرمودە و فقە و مەغازی و زمانەوانی و دادگەری .

دەتوانرێ بگوترێ کە قوتابخانەی تجدیدی سەدەی دوەمیش هەرلەبواری زانستی قورئان وشێوەخوێندنەوەکانی قورئان بوون وهەشت لە دە قارئەکان لەوسەدەداژیاون وڕاویەکانیان قرائەتیان لێ وەرگرتوون .

چونکە قورئان وبنچینەکانی نەحووڕێزمان لێک نزیکن هەرلەم سەدەبناغەی قوتابخانەی نەحوش دانرا

لەگەڵ کەم بوونەوەی سەحابەکان وفراوان بوونی ڕوبەروزانستەکان نوژەنکردنەوەی دینیش لەدەیان کەسەوە گۆڕا بۆکاری سەدەها کەس.

ئیبن موسەیەب لەفقە و موجاهید لەتەفسیروئیبن سیرین لە لێکدانەوەی خەون وزوهری لەفەرمودە وسێبەوەهیە وکسائی لەنەحووعومەری کوڕی عبدالعزیزلەسیاسەی شەرعی هەڵکەوتن .

٣-سەدەی سێیەم ١٤٧ک-٢٤٧ک/765ز- 862ز)

لە قەڕنی سێیەم خەلیفە بەهێزەکانی عەباسی بوون وبرەوی ڕێبازی ئەبوو حەنیفە بووەو سەرەتا فارسە بەرمەکی و تاهریەکان وناوەڕاستەکەی موعتەزیلەوجە هەمیە ولەڕووی سەربازیش پایتەخت چوە سامەڕا ووتورکەکان بەسەردەسەڵاتدا زاڵ بوون.

لەبەرئەوەی هەموو ئیمامەکانی فقە زان [ئەبوحەنیفە ومالک ولەیسی کوڕی سەعد وشافعی وئەحمەد و قوتابیەکانیان و سەرمەزهەبەکانی وەک داودی زاهری وئەوزاعی وجەعفەریش] لەوسەدەبوون بۆیەتجدیدی ئەوسەدە دامەزر انی قوتابخانە فقهیەکان بوو و قورئان وفەرمودەش بۆپاڵپشتیان بەکارهات ..

-له فيقه أبو حنيفة النعمان(699-767 م): (ت 150ک/767ز)

ولەفقە وفەرمودە مالك بن أنس(711-795 م): (ت 179ک/795ز) - وئەوزاعی وشافعي767-820 م): (ت 204ک/820ز) -ئەحمد کوڕی حەنبەل (ت 241ک/855ز) -

لەنەحو الخليل بن أحمد الفراهيدي (ت 170ک/786ز)

سیبویه(760-796 م): (ت 180ک/796ز)

٤-سەدەی چوارەم ٢٤٧ک-٣٤٧ک/(862ز-959زز)

قەڕنی چوارەم سەرەتای تۆڵۆنی وئەخشیدی و فاتمی ولەدوای ڕوباریش سامانیەکان بوون ، لەو سەدەدا شیعەکان بەهەرسێ مەزهەبی جەعفەری وزەیدی و ئیسماعیلی خاوەن دەسەڵات بوون .

لەم سەدە زۆربەی فەرمودە وسونەنەکان تەواوبوون وکاملّ بوون وخەڵک بەگێڕانەوەو شرۆڤەکردنیان خەریک بوو ،وبووە تجدیدی ئەو سەدە .

-لەفەرمودە لە هەڵسەنگاندنی گێڕەرەو انی فەرمودەو الجرح والتعدیل.

: محمد ئیسماعیل بوخاري (ت 256ک/870ز)و، موسلیم (ت 261ک/875ز).

سلیمان بن أحمد الطبراني (260 هـ / 873م - 360 هـ / 971م)

- أبو حاتم الرازي (ت 277ک/890ز)

ابن حبان (884-965 م)

محمد بن عیسى الترمذي (209هـ-279هـ)

أحمد بن شعیب بن علي النَّسائي (215 هـ - 303 هـ)، (829م - 915م)

أبو داود سلیمان بن الأشعث (202-275 هـ)

محمد بن یزید بن ماجه القزویني (209 هـ - 824م / 273 هـ - 886م)

لە بیروباوەڕدا

- أبو الحسن الأشعري (873-935 م):

ابومنصور ماتریدي ت٣٣٣ك/٩٤٤ز

لەڕووی تەفسیروفەلسەفەوز انستیش تەبەری(838-923 م)و خوارزمی وکندی وفارابی(872-950 م):(ت 339هـ/950م) - وڕازی وبەلخی لەم سەدەدا ژیاون .

-لە تفسیر: ابن جریر الطبري (ت 310ک/923ز)

لەتصوف: الجنید البغدادي (ت 297ک/910ز) -

-لە فقە دا ابن سریج (858-918 م):

- لە نەحو مبرد (826-898 م):

٥-سەدەی پێنجەم٣٤٧ک-٤٤٧ک/959ز-1056ز:

قەڕنی پێنجەم لەڕووی سەربازی و مەزهەبی وفەرهەنگی سەردەمی فارسەبەیوهیەکان بوو کەشیعەی زەیدی بوون بااڵدەست بوون، وله مەغریب فاتمیه شیعەکان وله میسریش ئەخشیدیه شیعەکان ودو اتریش فاتمیەکان وله موسڵ وشام حەمدانیەکان وله خوراسان وشارەزوریش حەسنەویه زەیدیەکان حوکم ڕان بوون.لەدوای ڕوباریش غەزنەویەکان بوون.

لەم سەردەمه جیهانی ئیسلامی دامەزر انی قوتابخانه عەقیدەییەکانی جەهەمی و موعتەزیلی وئیرجائی وقەدەری و ئەشعەری و ماتوریدی بەخۆوە بینی

له بیروباوەڕ أبو بكر الباقلاني (ت 403ک/1013ز) - .

محمد هبة الله لالكائي ت٤١٨ك

له زانستی أصول الفقه: القاضي عبد الجبار الهمذاني (ت 415ک/1024ز) -

هەرلەم سەده لەڕووی پزیشکی وجوگرافی بەیرونی و ئیبن الهەیسەم وئیبن سینا(980-1037 م)وئەبوقاسمی زەهراوی زانستێکی باشیان پێشکەش کرد.

٦-سەدەی شەشەم٤٤٧ک-٥٤٧ک/1056ز-1153ز

قەڕنی شەشەم له ئەنادۆڵ وخوراسان وشام وعیراق سلجوقیه تورکەکان بااڵدەست بوون میسر بەدەست فاتمیەکانەوەمایەوە ولەکۆتاییدا مەترسی خاچپەرستەکان دەرکەوت.

دەتوانرێ ئەم سەردەمه به سەردەمی دامەزران وبااڵدەستی ئسوڵی فقه و فەلسەفەو لۆژیکی ئیسلامی دابنرێ وقورئان وفەرموده جارێکی تربەم ڕێگه تەفسیرکرانەوە .

لەم سەردەمه له ئوسوڵی فقه وکلام و فەلسەفه

أبو حامد الغزالي(1058-1111 م): في (ت 505هـ/1111م) -

ابن عقيل (1040-1119 م)

-له فقه: (ابن حزمی زاهری، ت 456هـ/1064م).

- له تفسير: الزمخشري (ت 538هـ/1144م)

لەفەرمودە بيهقي (ت 458هـ/1066م) –

٧-سەدەی حەوتەمک-٦٤٧ک/1153ز-1250ز

لە سەدەی حەوتەم سەدەی باڵادەستی خاچ پەرستەکان بوو ، خوارزمی وزەنکی وئەیوبی لەکۆتایی دەرکەوتن و لە مەغریبیش موەحدینەکان بوون.

لەم سەدەیە تەریقەت وعلمی تەسەوف و تەزکیە بەهەموو جۆرەکانیەوە هەرلە ئیشراقی وقادری و حلولی وئیتحادی وئیشاری هەموویان لەم سەدە بناغەیان دانا.وقورئان وفەرمودە جارێکی تربەم ڕێگە تەفسیرکرانەوە .

هێمای دیاری التصوف: عبد القادر الجيلاني (ت 561هـ/1166م)

هێمایەکی تری تەسەوف ابن عربي (1165-1240 م):

لەفقە وتەفسیروبیروباوەڕ: فخر الدين الرازي (ت 606هـ/1209م) - (1149-1209 م):

لە فەرمودەومێژوو ابن عساكر (ت 571هـ/1176م) -

ابن الجوزي لەمێژوو (1116-1201 م)

لەفەلسەفەو فقە ابن رشد (ت 595هـ/1198م) -

لە فقە علاء الدين الكاساني (1123-1191 م)

لەفەرمودە ابن الصلاحی شارەزووری (1181-1245 م):

٨-سەدەی هەشتەمک-٦٤٧/ 1250ز-1347ز

سەدەی هەشتەم سەردەمی هێرشی مەغۆل وتەتارلەڕۆژهەڵات و مەمالیکەکان لە میسربوو.

دەتوانین بڵێین ئەم سەردەمە سەردەمی باڵادەستی وپێگەیشتنی زانستی جرح وتعدیل و زاراوەی جۆرەکانی فەرمودە وز انستی قەواعید وڕێساکانی فقە بووقورئان وفەرمودە جارێکی تربەم ڕێگە تەفسیرکرانەوە .

لەڕوی زانستی پزیشکیش پزیشکی میسری بەتوانا ئیبن نەفیس ژیاوە .

لە فقە دا: محی الدینی نەوەوي (ت 676هـ/1277م)

- له بیروباوەڕوکەلام دا ابن تيمية(1263-1328 م) (ت 728هـ/1328م) -

-له تەسەوفدا

- جلال الدين الرومي (ت 672هـ/1273م) –

٩-سەدەی نۆیەمz٧٤٧ک-٨٤٧ک/1347ز-1443ز

سەدەی نۆیەم سەردەمی هاتنەناوئیسلامی مەغۆل ودەرکەوتنی عوسمانیەکان بوو ، میسر وشام وحجازسەربەمەمالیک بوون .لەمەغریب مور ابیتەکان ولەئەندەلوس حوکمی بنەماڵەکان بوو.

دەتوانرێ بگوترێ ئەم سەردەمە سەردەمی زانستی مەقاسد وگرنگیدان بە مێژوو بوو

وقورئان وفەرمودە جارێکی تربەم ڕێگە تەفسیرکرانەوە .

لە مێژوودا ابن خلدون(1332-1406 م) (ت 808هـ/1406م) -

ابن كثير(1301-1373 م):

لە ئەدەب و مێژوو صلاح الدين الصفدي (ت 764هـ/1363م) -

لە ئوسوڵ وفقە و تەسەوف و مێژووو بیروباوەڕ ابن قيم الجوزية (ت 751هـ/1350م)

ابن رجب (1335-1393 م):

لە تەسەوفدا عبد الكريم الجيلي (1366-1428 م):

١٠-سەدەی دەیەمz٨٤٧ک-٩٤٧ک/1443ز-1540ز

سەدەی دەیەم سەردەمی گەورەبوونی عوسمانیەکان و هەرەسی مەمالیکەکان ودەرکەوتنی سەفەویەکان ونەمانی ئەندەلوس بوو.

لەم سەردەمە لەهەموو بوارەکانی فقە وئسول ونحو و فەرمودە و هەموو زانستەکان تەقلید ولاسایی کردنەوەودەقبەستوی تێدازاڵ بوو

وقورئان وفەرمودە جارێکی تربەم ڕێگە تەفسیرکرانەوە .

لە لێکدانەوەی فەرمودە وزاراوەی فەرمودەو مێژوو: ابن حجر العسقلاني (1372-1449 م): (ت 852هـ/1449م) -

لە فقە و فەرمودە

-السخاوي (ت 902هـ/1497م) -

- لەزۆربەی زانستەکان جلال الدين السيوطي(1445-1505 م): (ت 911هـ/1505م)

١١-سەدەی یازدەم ٩٥٠ک-١٠٤٩ک/1540ز-1637ز

سەدەی یازدە سەردەمی عوسمانی وسەفەوی و لە هیندیش دەوڵەتی مەغۆل بوو.

لەفقە وقەواعدی فقە : ابن نجيم المصري (ت 970هـ/1563م)

١٢-دوازدەم ١٠٥٠ک-١١٤٩ک/1637ز-1734ز

قەڕنی دوازدە سەفەویەکان ڕوخان وزەندی وئەفشاری وقاجاریەکان هاتن لەکوردستان میرنشینەکانی بابانی وسۆر انی وبادینان وبەدرخان وئەردەڵان هەبوون ،سەرەتای دەرکەوتنی وەهابی و بنەماڵی میرخانی سعودی بوو.

١٣-سەدەی سێزدە ١١٥٠ک-١٢٤٩ک/1734ز-1831ز

سەدەی سێزدە سەردەمی دەرکەوتنی محمد علی پاشاو وێک هاتنەوەی جیهانی ئیسلامی بەدەستی ئیمپریالزمی نوێ بوو.

لە فقە و یاسا دا ابن عابدين (1781-1836 م)

١٤-سەدەی چواردە ١٢٥٠ک-١٣٤٩ک/1831-1928ز

سەدەی چواردە سەردەمی کۆتایی میرنشینەکوردیەکان و پاشان کۆتایی قاجاری وعوسمانی و فراوان بوونی داگیرکاری ئەوروپا بوو ، دوای جەنگی جیهانی یەکەم، سەردەمی دامەزر انی ڕابوونی ئیسلامی بوو لە میسروئاسیای بچوک وکیشوەری هیندی و شۆڕشە نیشتمانیەکان دژی ئیستعمارلەهەموو وڵاتان هەبوون.

١٥-سەدەی پازدەم ١٣٥٠ک-١٤٤٩ک/1928-2026ز

سەدەی پازدەم سەردەمی شۆڕشە نیشتمانیەکان وجەنگی جیهانی دووەم ودامەزر انی بەرەی چەپ وڕاست و کۆمکاری عەرەبی و دەوڵەتی جولەکە وناتۆو وارشۆو جەنگی سارد و کۆمکاری

ئیسلامی و لەکۆتایش هەرەس هێنانی سۆڤیەت وجەنگی عەرەب وجولەکەوعیراق وئێران وجەنگی کەنداوو و دژی تیرۆروقاعیدەوداعش بوو، ئێستاش و اکۆتایی قەڕنی پازدەیەوجەنگی تۆفانی ئەقسایە .

کەو اتە دوو ساڵی ترهەم بەساڵی کۆچی وهەم بەساڵی زاینی سەرەتای سەردەمێکی نوێیە کە سەدەی شازدەی ئیسلامی دەست پێ دەکا چونکە دواموجەدید ئیمام حەسەن بەننا وهاوڕێکانی لە مایسی ساڵی١٩٢٨ بەرامبەرزولقعدەی١٣٤٦ک ڕێکخراوی ئیخو انیان دامەزر اند ونەورەسی وقوتابیەکانی لە١٩٢٦نوریان دامەزر اند ،بۆیە لە م سەدەش دەبێ موجەدیدی نوێی شازدەهەم بێن.

ئەمە ڕوو ماڵێکی ڕوداوە سیاسی و سەربازیەکانی ئەو پازدە سەدە بوو ، بێگومان وەک ئاماژەم پێکرد لەم پازدە سەدە

ژمارەی هەرێمەکان وز انستەکان لەسەدەکانی سێیەم تا کۆتا سەدەی پازدەهەم هەرلەفراوان بوون دا بوو ، چونکە ڕۆژبەڕۆژز انستەکان زۆرتردەبوون و هەربوارەو هەرهەرێمەش پێویستی بەنوێکەرەوەبوو.

بەتایبەت دوای کەوتنی دەسەڵاتی دەوڵەتە ئیسلامیەکان وهاتنی ئیمپریالیزم وداگیرکر انی وڵاتانی ئیسلامی دەجالەکان ودوژمنانی دین زۆربەخەستی ژەهری خۆیان لەهەموو شوێنێک بڵاو کردەوە ، مسوڵمانانی ژێردەستەوبێبەشیش پێویستیان بەهەوڵ وکۆشش وز انایی ولێهاتوویی زیاتربوو بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئەو دەجالانە و پاکردنەوەی ئیسلام لەوهەموو پۆخڵەو اتە ، بۆیە کاری موجەدیدانی سەدەی بیست وبیست ویەک هێندەی ئەرکی پەیامبەران قورس وزەحمەتە و دوای نەمانی ماڵی ئیسلام هەموو هەوڵێکی ئەو پێشەنگانە تەنیاتو انیویەتی مسوڵمانان وەک کەمینە لە وڵاتی خۆیان بێلێتەوە وهەرئەوەندەی پێکراوە کەنەیهێشتوە چرای دینداری بکوژێتەوە ،بەڵام هێنانەوەی سەروەری وشکۆی ئیسلام ئەوەتەنیا بە کەسانی وەک مەهدی و مەسیح علیه السلام دەکرێ چونکە ئەو انە پاڵپشتی کراون لە جیهانی پەنهانەوەو پەروەردگاردەیان پارێزێ ودەیانهێنێ بۆ گێڕانەوەی شکۆی ئیسلام و ئیمان کۆتا پەردەی شانۆگەریەکەی لەسەرزەوی پێشکەش دەکا.

ودو اترئەودەوڵەتە لەسەرزەوی وناودڵان داهەڵدەگیرێ و دو اتر جیهانیش تێک دەچێ ..

—

سەرچاوەکانی چەمکی یەکەمی ڕێخۆشکردن :

-لسان العرب ابن منظور 111/3،

-الصحاح للجوهري 454/2).

-معجم الوسيط ج١/ل١١٠-١١٢

- معجم اللغة العربية المعاصرة ج١/ص ٣٤٨-٣٥٠

-المصباح المنيرج١ ص٩٢

-معجم مقايس اللغة ج١ ص ٤٠٦- ٤٠٩

-فيض القدير1/ 10- 282/2.)

-سنن أبي داود، كتاب الملاحم، ح رقم 3740 -الحاكم في المستدرك 522/4)

-عون المعبود 391/11،389).

-سيوطي له مرقاة الصعود

-مەناوی فتح القدير

-تاج العروس

-حافظی الذهبي تاريخ الإسلام " (180/23

-ابن كثيرالبداية والنهاية" (256/6)

ابن حجری عەسقەلانی فتح الباري" (295/13)

"- فتاوى اللجنة الدائمة " (247/2-248)

-إتحاف الجماعة بما جاء في الفتن والملاحم وأشراط الساعة " (336/1

الدرر الكامنة" لابن حجر.

: "ضوء الساري" للكناني.

تهذيب التهذيب" لابن حجر العسقلاني.

المصدر: "سير أعلام النبلاء" للذهبي.

- المصدر: "وفيات الأعيان" لابن خلكان.

طبقات الشافعية" لابن السبكي.

- : "معجم الأدباء" لياقوت الحموي.

الوافي بالوفيات" للصفدي.

پێناسەی چەمکی دووەم :

ڕەهەندەکانی نوێکردنەوە لە بـــــانگەوازی پەیـــــامدار بە گشتگیری:

بانگەواز ناسنامە و ئاراستەی ئوممەتە، کە بە ئامادەکاری، تێڕوانینی گشتگیر و کاری بەردەوام دروست دەبێت. ئوممەت پێویستی بە ڕێکخراوێکی تەواوکاری

بانگەوازی هەیە کە لەسەر بناغەی زانستی دامەزرابێت و گرنگترین ئامانجی دروستکردنی بانگخوازانی شیاو بێت.

فەلسەفەی بانگەواز بریتییە لە گواستنەوەی مرۆڤ لە تاریکی بۆ ڕووناکی، و واتای پەیوەندی، گفتوگۆ، هاوکاری، کاریگەربوون و چاکسازییە. بانگەواز بۆ اللە هەر کردار و گوتارێکە کە مرۆڤ نزیک دەکاتەوە بۆ اللە.

بانگەواز ئەرکی هەموو موسوڵمانانە، نەک تەنها زانایان، و ژنانیش لەو بوارەدا هاوشان و هاوبەشن. پشتگوێخستنی ئەم ئەرکە هۆی لاوازبوون و پەرتەوازەیی ئوممەتە.

بانگەوازبۆ هەر نوێبوونەوەیەک پێویستی بە نوێکردنەوە و گۆڕانکاری هەیە، چونکە دوورکەوتنەوەی خەڵک لە دین و لاوازی بانگخوازان هەست پێدەکرێت. ئەمە داوای ستراتیژی و چارەسەری زانستی و کارا دەکات.

پێنج قەیرانی سەرەکی هەیە:

(مەعریفی، مەعنەوی، فکری، زانستی، بەڕێوەبردن) کە دەبێ چارەسەر بکرێن.

ئوممەت لەبەرامبەر سێ ڕێگا هەیە:

تەواوکاری لەگەڵ جیهان

ڕووبەڕووبوونەوە و هەڵسانەوە

هاوبەشی و ئاڵوگۆڕ (باشترین ڕێگا)

بانگەواز پێویستی بە:

ڕێکخستن و ستراتیژی

پەروەردە و فێرکردنی بانگخوازان

سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیا

گرنگیدان بە زانستەکانی دەروونی و کۆمەڵایەتی

پشتگیری دارای و دامەزراوەیی

داهێنان و نوێکاری بەردەوام

هەموو مرۆڤێک بە شێوەیەک بانگخوازە (بە گفتار یان کردار)، و بانگەواز دەتوانرێ لە ماڵ، کۆمەڵگا و دامەزراوەکاندا ئەنجام بدرێ.

بانگخوازان هێڵی بەرگری یەکەمی ئوممەتن، و یەکگرتوویی و هاوکاری نێوانیان گرنگترین هۆکاری سەرکەوتنە. جیاوازی و ناڕێکخستنیان دەبێتە هۆی لاوازی، بانگەواز وەک دانەیەکە کە ئەگەر بە شێوەیەکی دروست پەروەردە بکرێت، دەبێتە درەختێکی بەرهەمدار. ئەم ئەرکە پێویستی بە کەسانی لێهاتوو و دڵسۆز هەیە بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی.

بانگەواز قیبلە نمای ئوممەتەوناسنامەکەیەتی ئەوناونیشانەیە کەئاڕاستەی قیبلە نمایەکە دیاری دەکا قیبلەنماکە ئاڕاستەکە دیاری دەکائاڕاستەکەک پێویستی بەئامادەکاریەئامادەکاری ڕاستەقینەک نایەتەدی بەکاری بەردەوام وتێڕوانینێکی گشتگیرنەبێ.

-ئوممەت زۆرپێویستی بەدامەزراندنی ڕ ێک خراو ێکی بانگەوازی تەواوکارە کە زانستی بانگەواز بەردی بناغەی بێ وکۆشک وتەلارەکە لەسەرئەو بناغە بنیات بنرێ ولە چوارچێوەی ئەو و ێستگەو بناغە هەموو پرۆژەکان وەدەست پێشخەریەکان وبانگەوازەکان دەستیان پێ بکرێ لەپێش هەمووشیان پرۆژەی دروست کردنی بانگخوازەکان.

-فەلسەفەی بانگەواز بەسادەیی خۆی لە دەربازکردن و ڕ ێڕوونی مرۆڤایەتی دادەبینێتەوەتالە تاریکاییەکانەوە بیگواز ێتەوە بۆجیهانی ڕووناکی.

-ووشەی بانگەواز واتاکەی لە زەین و و ێناکردنی ئێمەدا واتە پەیوەندی کردن وگەیاندن وکرانەوە بەڕووی ئەوی تردا،هەروەها واتە هاوبەشی وئاڵوگۆڕو هاوکاری لەگەڵ ئەوی تردا،هەروەها دایەلۆک وگفتوگۆو کاریگەربوون وئیقناعکردنی ئەوی تر،وەلە کۆتایی دا واتای جوانکاری وچاکسازی وگۆڕانکاری لە ئەوی تردا، بەپێچەوانەی ژیان بەبێ بانگەوازکە ژیانێکی خۆپەرستی وتاکڕەوی وبەسوک سەیرکردنی ئەوانی ترو وخۆدابڕین وگۆشەگیری وخەمۆکی یە،پەرتەوازەیی ودووبەرەکی ودژایەتی نێوخۆیە.

-چەمک وتێگەیشتنی بانگەواز بۆ اللە بریتیە لە "هەرچی کە خەڵکی لە اللە نزیک بکاتەوە لە کردارو گوتار" هەموو بانگەوازە.

-ڕۆڵی ژن لە ڕۆڵی پیاوان کەمترنیە،ناکرێ ڕۆڵی ژنان لە بانگەوازدا پشت گوێ بخرێ،ژن لەگەڵ پیاودا شان بەشان هاوکارو تەواوکارو پشتیوانە،هەریەکەیان بە پێ ی توانا و لێهاتوویی وشایستەیی خۆی.

-بانگەوازکردن لەسەر زانایانی دین قورغ نەکراوە،بەڵکو ماف وئەرکی سەرشانی هەموو مسوڵمانانە،ئەگەرچی زانایان تیایدا پێشەنگن و گر ێنتی مسۆگەری و ئەمنی بانگەوازن.

-ئەو بیرو بۆچوونانەی بڵاون لای خەڵکی کە بانگەوازتەنیالەسەر زانایانی

دین واجبە،بوەتە هۆی دانیشتنی ملیۆنان کەس لەو ئەرکەو دەستی بەستن لەوەی کەبە ڕۆڵی خۆیان هەستن وبەکاری لاوەکی خەریکی کردن بەتایبەت گەنجەکان کە هەر ڕۆژەو گەردەلولی بیرو بۆچوونێکی ڕوخێنەر دەیان پێچێتەوەو بیروهۆشیان تێک دەداو ووزەو توانایان بەفیڕۆ دەداو چاک وخراپ وگرنگ وگرنگترینیان لێ تێکەڵ دەکا.

-بەڵام زانایان وبانگخوازان وچاکسازی کاران پێ یان دەڵێم لەگەڵ خەڵک

وجەماوەربەشدارین، متمانەیان بە ڕۆڵی خۆیان پێ ببەخشن و گرنگی بوونیان لە بانگەوازدا بەرز بنرخێنن وبڵێن بوونتان لەبانگەوازدا گرنگەو پێویستە.

-بانگەواز ئەمڕۆ لە هەمووکات زیاتر پێویستی بە نوێ بونەوەیە ودوا خستنی

وئەمڕۆو سبەینێ پێ کردنی وپشت گوێ خستنی لێکۆڵینەوە لەبارەیەوە تاوانێکی گەورەیە وئوممەت هەمووی باجی ئەم تاوانە گەورە لەسەرئاستی ناوخۆو دەرەوە دەدەن،ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین کە خەڵکی بەکۆمەڵ لە ئیسلام دوور دەکەونەوەو کاردانەوەی نەر ێنیان لە بەرامبەر ئیسلام هەیە وزۆر ێک لە بانگ خوازان سەنگەرەکانیان چۆڵ دەکەن چونکە ناتوانن چارەی گونجاو بۆ کێشەکانی خەڵک پێشکەش بکەن، لەسەرمان پێویست دەکا کە بیرکردنەوەیەکی بەڕاستی لەوبابەتە بکەینەوەو جۆڵەی خێرابکەین بۆ وەستاندنی ئەم نەزیف ولەبەر ڕۆیشتنە ڕوحیەو ئەم کۆچە بەکۆمەڵە لە ئیسلام، باهەمان گرنگی کەبەکۆچی هاونیشتمانیان بۆ هەندەران وتاراوگە ودوورلە نیشتمان دەیدەین باهەمان گرنگیش لەوکۆچەی خەڵک

لە دینەکەیان بدەین.

-بابەتی نوێ کردنەوەی بانگەواز کە داواکاری زۆر ێک لە بانگخوازو زاناکان بوو ئەمڕۆ بۆتە زەرورەت وپێویستیەکی شەرعی لەبەر گرنگی دەستکەوت ودەرەنجامەکانی وفقهی هەنوکەیی ،دەبێ زانایان وبیرمەندە پسپۆڕەکان لە ئەم بابەتە بکۆڵنەوە تا نەخشە ڕ ێگایەکی یەکگرتوو بۆ ئوممەت دانێن بۆ دەرچوون لەم قەیرانە یان دانانی چەند چارەیەکی کرداری بۆ هەڵس وکەوت لەگەڵ ئەم کێشەیە.

-نوێ کردنەوە کردار یەکی کەڵەکەبوونە کە کرداری ئامادەکاری ڕێ ی بۆ خۆش دەکا کەچەند کۆششی زۆر کراوە تائەم گواستنەوە چەشنیە لەگۆڕانکاری لە سەرئاستی ئوممەت ببێ، ئەمە بزاڤێکی سیحری لەنکاونیە،بەڵکو بزاڤێکی خێرایە کەکەسانێک دەیکەن بە مەبەستی ڕزگارکردنی ئوممەتێک.

-بانگەواز یەکی کراوە ئاڕاستەی هەموو کارمەندانی بواری بانگەوازدەکەین کە الحمد لله کەم نین بۆ بەشداری کردن لە نوێ کردنەوەی بانگەوازو بەجێهێنانی پڕۆژەی فراوانگەی زانستی بانگەواز کەلە دووتوێی داهەموو بواڕە زانستە جیاوازەکان کۆدەکاتەوە.

-ئەوەی لە ئێمە داواکراوە لە ناوجەرگەی بوونی ئەم هەموو ئەرکانە وکێ

بەرکێ ی ئەوهێزە زەبەلاحانە وتێپەڕینی ئەم ڕوداوە خێرایانە گێڕانەوەی

ناسنامەی ڕەسەنی ئیسلامە بۆ ئوممەتی ئیسلام ودیاریکردنی ئاڕاستەی دروستەبۆئەم کارە وڕ یکخستنی ئەم بزاڤەیە بەپێ ی نەخشەی کار یکی گشتگیرتابەوشێوەیەبێ کە مەبەست بپێکێ، بەرهەم دارو ڕ یکخراوبێ.

-پێنج قەیرانمان هەیە کەزاڵە بەسەر بارودۆخی

بانگەوازدا:

- قەیرانی مەعریفی: زۆرینەی هەرەزۆری ئوممەت تەنیا کەمێک لەسەر پەیامە ڕاستەقینەکەی دەزانێ ، ئوممەت لە باری ئامادە نەبوون و بزربوون دایە ،یان بەزۆری بزرکراوە لە پەیامە یەکەمینەکەی که بانگەوازە بۆ لای اللە پێش هەموو شتێک.

- قەیرانی مەعنەوی: ئێمە قەیرانی ویست ومتمانە ی ڕاستەقینەمان بە دەروونی خۆمان هەیە ،قەیرانی متمانە بەتواناکانمان بە هەڵگرتنی ئەم پەیامە ئاسمانیە وگواستنەوەی بۆ هەموو جیهان .

- قەیرانی فکری: ئالێرەدا زۆر ک لە بیرۆکەو بیروبۆچوون وچەمک وتێگەیشتنە بانگەوازیەکان لەلای ئێمە هەیە ، کە پێویستی بە دووبارەکردنەوەی گۆڕانکاری یان نوێ بوونەوە یان ڕاست کردنەوە هەیە .

- قەیرانی زانستی: ئێمە تاکو ئێستا خۆمان وکادیرو دامەزراوەکانمان بەشێوەیەکی زانستی پتەو ئامادە نەکردوە ، کە توانستی

گواستنەوەی پەیامە مەزنەکەمان بەشێوەیەکی شیاو بۆ گشت جیهان بۆ فەراهەم بکا .

- قەیرانی بەڕێوەبردن: ئێمە هەموو هۆکاراکانی هەڵسانەوەو بوژانەوەمان هەیە ، بەڵام ئەم هۆکارانە پرش وبڵاوون وڕێک نەخراون ، ئێمە بۆڕێک خستنەوەیانتەنیا پێویستمان بە سەرکردایەتیەکی بانگخوازی هەیە کە ئەم کارە بانگخوازیە ڕێک بخاتەوەو ڕێکخراوەکەی بەڕێوە بەرێ .

-ئوممەت لەبەرامبەر سێ بژاردەی سەرەکی:

بژاردەی یەکەم: بژاردەی تەواوکاری و دابەش کاری لە نێوان مرۆڤایەتی ، ئەم بۆچوونە لە دابەش کردنی ڕۆڵە گەورەکانی مرۆڤایەتی لەنێوان گەلان داپوخت دەبێتەوە ، ئەگەر ئەمە لەنێوان گەلان ودەوڵەتان دابە کرداری بە پێک هاتنی فەرمی ڕووی نەدا ،ئەوە ئێمە دەتوانین بە هۆشیاری وفکرو پڕۆگرامی خو ێندن بیرسکێنین.بیرۆکەی ئەم بژاردە لەوەداچڕ دەبێتەوە کە مادام جیهانی ڕۆژئاوا لەهەموو بوارە زانستیەکان وتەکنەلۆژیای سەردەم پێش جیهانی ئیسلامی کەوتووە ، وە ئێمە لەناو زەلکاوی دواکەوتنی زانستی گیرمان خواردوە ، ئەم پێشکەوتنە زانستیە هەموو جیهان سودی لێ دەبینێ ،ئێمەی دواکەوتویش لە لیستی بەکارهێنەران لە ڕیزی پێشەوەین ، ئێستا ئێمە دەتوانین وەکو باوەشی بەها ڕەوشتیەکان خۆمان پێشکەشی جیهان بکەین ، وەک نوشدار ێکی ڕوحی ، وەک دەزگای بەرگری ڕزگارکەربۆ تەواوی مرۆڤایەتی ، وەک چارەسەرکەری داڕوخانی ڕەوشتی ، وچارەسازی نەخۆشیە ڕوحیە بێ چارەسەرەکان ، ئەم قەیران وبەڵایانە کە

هەموو مرۆڤایەتی ئەمڕۆی پێوە گیرۆدە بووە گەلانی پێشکەوتوو پێوەی دەتلێنەوە ، پێشکەوتنە زانستی ونوشداریەکانیان دەستەوستانە بەرامبەری ، ئەم لافاوە ڕوخێنەرە بێ ڕەوشتیە هەموو شتێک ڕادەماڵێ ، نەوەکانی داهاتوو بێ ئایندەن وپێویستیان بە بەها ڕەوشتی وڕوحیەکانی ئێمەیە ،وەک چۆن ئێمەش پێویستمان بە زانست و تەکنەلۆژیاکەی ئەوانە.

ئەم بیرۆکە سادە لەوە کورت دەبێتەوە کەبانگی ئەو گەلە ڕۆچوانە لە گێژاوی بەدڕەوشتی بکەین وکاربکەین بۆ ڕزگارکردنیان و بەکارهێنانی تواناکانیان و وزەکانیان وزانستەکانیان وشارازەییە ئامادە باشەکەیان بۆ خزمەتی گشت مرۆڤایەتی.

بژاردەی دووەم: بژاردەی ئاڵێنکاری مەیدان داری کردن وڕووبەڕوو بوونەوە ، نابێ بە بارودۆخی سەپێنراوو ئەمری واقع ڕازی بین ، ئەم ڕازی بوونەمان بوو کە وای کرد ڕۆژئاوا لە بوارەکانی زانست دا لێمان پێش بکەوێ ،

بـا هەمـوو وزەو تواناکانمان بکەینە کار بۆ دووبارە هەڵسانەوە ، بـا لە هەمـوو بوارەکـان یـان لە هەند ێک لە بوارەکان کـێ بەرکـێ بکەیـن ، بازانـاو خو ێندکارەکانمان ئاڕاستە بکەین وهانیان بدەین و پشت گیریان بین لە گەیشتن بەو مەبەستە ، تـا دووبـارە بگەڕ ێینەوە چاخە زێڕینەکانمان ، کاتێک سەرمەشقی کردارو زانست بوین .

بژاردەی سێ یەم : بژاردەی هاوبەشی و ئاڵو گۆڕ ، ئەمە چارەی مـام ناوەنـدیە ، خۆمان بە هاوبەشی مرۆڤـایەتی دەزانـین لە پێشـکەوتنی زانسـتی وتەکنەلـۆژی کە سودی بۆ هەموو مرۆڤایەتی هەیە ، با هەست بە نەنگـی نەکەیـن کـاتێ دەچین لە وڵاتەکانیـان فێـری زانسـتە سـەردەمیەکان دەبـین ، هەروەک چـۆن ئەوانـیش لەسـەردەمی ز ێڕین دەهـاتنە نـاو خو ێندنگاکانمان ولێـرە فێردەبـوون و سـودیان وەردەگرت، ئێستا ئێمەش بەهـۆی عەقڵە نـاوازەو زانـا لێهاتوەکانمـان بەشـداری ئەم پێشکەوتنەیان دەکەین ، لەهەمان کات دا لە بڵاوکردنەوەو پێگەیاندنی مرۆڤـایەتی لەسـەر بەهـا ڕەوشـتی وئاکـارە مرۆڤـایەتیە جوانەکـان بەبەشـداری خۆمانیـان دەزانـین ، ئەم ڕۆشـنبیریە ئیسـلامیە ڕیشـەدارو ڕەسـەنەیان بـۆ دەگـوازینەوە ، داوایان لێ دەکەین کە ئەم دینە مەزنە بناسن ، کە ئەمە مافی گشت مرۆڤـایەتیە ،

هەرچـی بـیەوێ ڕ ێنماییەکـانی ئەم دیـنە وەرگـرێ ،باوەشـیان بـۆ دەکەیـنەوەودەیـانکەینە بـاڵو ێزی پەیـامی خێـرو بـۆ گەلەکانیـان دەنێـرین تابەزمـانی خۆیـان لێبوردەیی ئیسلامیان تێ بگەیەنن ، ئابەم شێوە هاوبەشیەکی ڕاستەقینە دروست دەبـێ ، شـارەزاییەکان ئـاڵوگۆڕ دەکـر ێن ، بەمەک کـورت بـڕی لەکـات وهەوڵ وتواناو دارایی و مل ملانێکان وجیاوازیە بێ سودە تـاقەت پڕوکێنەکـان دا دەکەیـن .

-بـۆیە لەسـەر زاناوپێشـەواو بیرمەنـدانی ئـوممەت پێویسـتە کە پـێکەوە بیـربکەنەوە بـۆ دانـانی یەک سـتراتیژی نـوێ ، وە ئامـانج گەلێکـی ڕۆشـن و ڕ ێزبەندی ودیاری کردنـی کـارەلە پێشـینەکان کە ئـاڵوزو نـامۆ نەبن بـۆ ئـوممەت وگەلە سـەرگەردانەکانی بخـر ێنە ڕوو ،تـا ڕزگـاربکر ێن لەو بزربـوون ولەدەسـت چوون وبێ ئامانج بوون وبێ ناسنامە بوونە .

-باوەڕمان وایە کە داڕوخان وبەزینی ڕوحی مەعنەوی ودەروونی نهێنی بەزین ولە دەست دانـی هێـزی دەسـت پێشـخەریە ، ئەوەی کە پێـی دەگـوتری دیـاردەی فۆبیـای دەسـت پێشـخەری ، بەڵام باوەڕیشـمان وایە کە لەکـاتی دۆزیـنە وەو سـەرهەڵ بـوونی ئەم دیـاردەو چارەسـەرکردنی دەبێـتە هۆکـاری بەرپـابوونی گۆڕانکاریەکی گەورە وچاکسازیەکی خێرا لەجیهانی بانگەوازدا .

-دەتوانین بڵێین کە پشت هەڵکردن لە دوژمن لە ڕۆژی بەیەک گەیشتنی پۆل وڕیزی لەشکرەکان لەڕۆژی ڕووبەڕووبونەوە لە گوناهە گەورەکان وحەوت تاوانە لە جەهەنەم هێڵەرەوەکان هەژماربکرێ ، ئەوە پشت هەڵکردن لە بانگەوازی بۆلای اللە بەگەورەترین تاوان وگوناهەکان دادەنرێ ، ئەگەر پێوانەی زیانی ئەو زیانە بکەین کە لە دەرەنجامی پشت هەڵکردنی موجاهیدان لە کاتی شەڕوکوشتاردا بەبەر ئوممەت دەکەوێ ، لەگەڵ ئەو زیانەی کەلە ئەنجامی پشت کردنە بانگەوازبەبەر ئوممەت دەکەوێ ،زیانەکە ئەگەر زیاترنەبێ کەمتر نیە ، بەبەڵگەی قورئان وسونەت .

-زانایان بەرپرسیار ێتی هەرە گەورەیان لە ئەستۆدایە لەم قۆناغەدا ، دەبێ هەموو هەوڵێک بدەن وهەرچی وزەو توانایە بیخەنەکار بۆ ئەوەی ئوممەت متمانەی بە خودی خۆی بۆ بگەڕ ێتەوە ،وەهیچکە دەستەوئەژنۆو دەستەوستان دانەنیشێ لە ئەرکە گرنگەکەی ،هەروەک چۆن پەیامبەرە سەرمەشقەکان لەگەڵ پەیڕەوانیان کردیان ، لە پێش هەموویان پێغەمبەری سەرمەشقمان لە هەموو بارودۆخە ناخۆشەکان کە پیادا ڕەت دەبوون ، کاتێ پەیڕەوان هیواو ئومێدیان بە سەرکەوتن وپشتگیریی اللە لە دەست دا ، کەواتە ئوممەت لە خێردایە هەتاکو زاناو پێشەنگ وسەرمەشقانی دڵسۆزی دامەزراوو ئومێدەوارو پار ێزراووبەردەوام

بن....

-وە لەبواری بانگەوازدا ئێمە زۆرپێویستمان بە ڕەسەنایەتی لە فکری بانگەوازدا هەیە لە چوارچێوەی ئیسلامی گشتی ، چونکە بزوتنەوەی بانگخوازی لە فراوان بونێکی بەردەوام دایە وە لە بەریەککەوتنێکی بەردەوام لەگەڵ ئەوانی ترداید ئەمەش واپێویست دەکا لەسەرمان کە لەگەڵ فکری هاوچەرخ بەڕ ێوە بچین چونکەکاری ناو گۆڕەپان سەقامگیرنابێ بەبێ بوونی تێڕوانینێکی فکری ڕۆشن کە ڕ ێگای بۆڕوون بکاتەوە وە تواناکانی بۆکۆبکاتەوە وەلەدەروونی کارکەراندا بڵێسەی ورەوهیمەت و ویست دابگیرسینێ .

-خو ێندنەوەی واقعیانە بۆ دیمەنی بانگەواز لەئەمڕۆدا ئاماژە بۆ بوونی دابەزینی شەپۆلی بانگەوازدەکات ، سەرکردەکان کێ بڕکێیانەو تێڕوانینەکان و کارەگرنگەکانیش جیاوازن کاریگەریەکەی دیارکراوە پەرتەوازەیەکەی لەهەڵکشان دایە هاوکاری تەواو گونجان لەنێوانیدا بەهیچ شێوەیەک نابینر ێ، ئەمەش بۆتە هۆی پەیدابوونی قەیرانی کارگێڕی بانگەوازی کەبە تووشبونێکی ڕاستەوخۆ لەدەماغی بانگەواز و ئەو تۆڕانەی کۆنترۆڵی کۆئەندامی بانگەوازدەکەن دادەنر ێ.

-ئەوئاستەنگەی کە لەبەردەم زانا وبانگخوازەکان دەمێنێتەوە کەوادەکا

هەموویان لەدەورەی بانگخواز کۆببنەوە لەچوارچێوەیەکی گشتگیر و کۆکەرەوە بو هەموو چین و تو ێژەکان ونەتەوەکان لە گۆڕەپانەکەدا بەئامانجی ئاڵوگۆڕی ئەزموون و شارەزاییەکان لەنێوانیاندا ئەوەش وادەکات کەئەم چەمکە ببێتە چوارچێوەیەکی جیهانی بۆ کارکردن بەم ئایەتە:

﴿وَالَّذِينَ كَفَرُوا بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ إِلَّا تَفْعَلُوهُ تَكُن فِتْنَةٌ فِي الْأَرْضِ وَفَسَادٌ كَبِيرٌ (الانفال 73) ﴾

واتە:ئەوانەش کە بێ باوەڕ بوون، هەندێکیان پشتیوانی هەندێکی تریانن و پشتیوانی لە یەکتر دەکەن، خۆ ئەگەر ئێوەی ئیماندار کۆمەک بەیەکتر نەکەن و پشتی یەکتر نەگرن ئەوە لەسەر زەویدا ناخۆشی و ناکۆکی و گوناهو تاوانی گەورە پێشبینی دەکرێ وئازار و ناخۆشی بۆ ئێوەی ئیماندار پێش دێت..

بۆدەستخستنی کاریگەری و هاوکاری و تەواوکاری لەنێوان بانگاوازان و دەمەزراوە بانگەوازییەکان ئەم هەماهەنگیە پێویستە .

-زۆر ک لەوسەرکەوتن و بنیاتنانە مەیدانیانە پێک نەدەهاتن ئەگەر چەندین ساڵ ئەزموون و شارەزایی هەمەچەشنە نەکرابایە و زۆر لە دارایی و کات کۆششیان بۆ خەرج نەکرابایە، دەتوانرا زۆر ێک لەوشتانە پوخت بکر ێتەوە ئەگەر کەسانی بانگخواز هەبوونایە بۆ تو ێژینەوەی زانستی پێش هەڵسوکەوتی کرداری

.-پێنج قەیرانمان هەیە لەبابەتی پسپۆڕی بانگەوازی: ١-قەیرانی و ێناکردنمان هەیە بەوەی کەبوارەکانی بانگەوازکەمە و پێویست ناکا کە ئەم دەرگایە بە فراوانی بکر ێتەوە کەلە هەموو زانکۆکان وکۆلێژەکان وپەیمانگاکان پسپۆڕی تایبەتی لەبواری بانگەوازدا بوونی هەبێ.

٢-هەروەها قەیرانێکی ڕ ێکی وجوانیمان هەیە لە فێرکردن ولێهاتویی بانگەواز کە ئەمە وای کردوە کادیری کەم بوونیان هەبێ.

٣ -قەیرانی دامەزراندن و ئیش پەیداکردنمان هەیە بۆ ئەوهەموو دەرچوانەی هەڵگری ڕوانامەی بوارە شەرعیەکانن .

٤ -قەیرانێکی دارایمان هەیە وناتوانین شایستە دارایەکانی ئەم دەرچوانە بدەین .

٥ -قەیرانی گەشە پێدانمان هەیە بۆئەو دەرچوانە لە دوای دەرچونیان.

-بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری تایبەت بە بانگەواز لەکۆمەڵگا ئیسلامیەکان و پەیڕەوە فێرکردن و پەروەردەییەکان ، وەپێگەیاندنی ڕۆڵەکانمان لەسەر ئەمە هەرلەمنداڵیەوە ئەمەک بە دەرچون لەقەناعەتە ڕەسەنەکانمان کە ئێمە هەمیشە هەموومان بانگخوازین و هەروابووین و هەرواش دەمێنینەوە هەرلەسەردەمی ئادەمەوە تا پێغەمبەری خاتەم علیهم السلام . هەتا ئێستا ئەم پەیامەمان بۆ هەموو جیهان هەڵگرتووە تابببینە باشترین ئوممەت کە بۆ پێشەنگی هەمووخەڵکی دەرکەوتووە.

-پسپۆڕمان نین لەبوارەکانی زانستی دەروونی بانگەواز وزانستی کۆمەڵناسی بانگەواز، وە باوەڕمان وایە ئەم دوو پسپۆڕیە دوو کۆڵەکەی سەرەکی کاری بانگەوازی سەرکەوتو وبەرهەم دارن ، وەناتوانرێ لە هیچ بوار یەک دا پشت گوێ بخر ێن چونکە مەبەستی سەرەکی لە بانگەوازدا دەروونی مرۆڤە وەچوارچێوەی سەرەکی بانگەواز کۆمەڵگای مرۆڤایەتیە ،ئەی کەواتە چۆن بەبێ شارەزایەکی باش لەودوو بوارە کاری بانگەواز سەرکەوتوو دەبێ؟

-دەبێ پەیڕەوی سیاسەتی چاکتر کردنی چاکترین بکرێ ، وە شیاوتر کردنی لێوەشاوەکان و ڕ ێکترو جوانتر کردنی ڕ ێک وجوانەکان بە مەشق ومانۆڕوڕاهێنانی بەردەوام ، نابێ سامان لەکەسانی ناشایستە وناکارامە خەرجبکرێ، نابێ کەسانی جیانەکراوەو ناموجتەهید لەخەڵکی بکر ێنە عەللامەی زەمان و شو ێن وپایەو پارەیان بۆ خەرج بکرێ ، چونکە واقع وبارودۆخ وئەزمونی لەمێژینەی کرداری گۆڕەپانەکە سەلماندویەتی کە ئەمە هیچ سود ێکی بۆ ئەو دامەزراوەو کارەکانی نابێ، بەڵام کە ئەو خەرجیانە بۆ کەسانی شیاوو لێهاتوو خەرج بکرێ ئەوە دەرنجام وئاکامەکان زۆر جیاوازو سەرسام کەر دەبن .

-دەبێ هەموو بانگخواز ێک شارەزایی لە نەخشەی بانگەوازهەبێ، چونکە ئەونەخشە سەکۆی بنچینەییە بۆ سەرکەوتنی چالاکی بانگەوازی، بۆیە دەبێ ئەم نەخشە لەبەردەستی هەمووان داهەبێ وبتوانن بەئاسانی دەستی بخەن.

-ئێمە پێویستیمان بە جوانکاری بەردەوام هەیە وپێویستیشە بەردەوام کارەبانگاوازیەکانمان گەشە پێ بدەین بە زیادکردنی جوانکاری وڕ ێک کاری وهەموارکردن و گۆڕانکاری بەردەوام، وەکردنەوەی دەرگای ئیجتهاد بۆ کارکەران و هەڵنانی بانگخوازان لەسەرئەوە،نابێ بە تەنهابە لاسایی کردنەوەی بەهرەوەرانە ڕازی ببین بەڵکو با نو ێکردنەوەی داهێنەرانە داوا بکەین، بۆ پێشکەش کردنی دەرهاویشتەی بانگەوازی جیاکراوەو دەست بژ ێر وبە

چـاکترین شـێوە ، وەک هەرکاڵایەکی بازرگانی تر کە لە دەوروبەرمـان دەیبینـین کەبەردەوام لە پەرەپێدان وگۆڕان دایە.

-ناسینی ئەزمونی کەسانی تـرو سودلێ وەرگرتنـی، بەتـایبەت لە کەسـانی

نامسوڵمان، چونکە ئەوان ڕۆشنبیری و شێوەی بیرکـردنەوەو هەڵس وکەوتیـان جیاوازە، ئەم جیاوازیەشیان یارمەتیمان دەدا کە بتوانین شێوازی بیرکردنەوەمـان بگۆڕین وخو ێندنگاکانمان هەمەچەشن بکەین و هۆکارەکانمان پەرەپێ بدەین

-بـــواردان بەداهێـــنەران وبیرمەنـــدان وئارەزوومەنـــدان لە بەشـــداربوون لە

بوژاندنەوەی نـوێ ی ئوممەت، بەتـایبەت بـانقی بیرۆکەکـان پێـک بهێنـرێ کە دوو شت لەخۆدەگرێ:

-هاندانی داهێنەران وپشتگیری کردنیان بەرامبەربۆچوونەکانیان وپرۆژەکانیان.

-بنیاتنانی بیرۆکە وپرۆژە داهێنەرەکان بۆ بەرژەوەندی چالاکی بانگەواز.

-هەمەچەشنی لە هۆکارەکان:ئەم هەمەچەشـــنیە زۆرگـــرنگە چـــونکە مـــرۆڤ بەسروشـــتی خـــۆی گۆڕانکـــاری

وهەمەچەشنی خـۆش دەوێ، بەتـایبەت ئەوشـتانەی لەبەردەمـی نمـایش دەکـرێ، هەربۆیە ئەم هەموو هەمەڕەنگ وهەمەچەشنیە لەم گەردون وبـونـەوەرەدا دەبینـی، لەئاسـمان ولە سـەرزەوی ولەناودەریـا، مرۆڤەکـان هەمەچەشـنن لە ڕەگەزیـان وسروشـتیان وئارەزویـان وخولیاکانیـان وشـێوازی بیرکردنەوەیـان وبۆچونیـان وتێڕوانینیان، تەنانەت کەبمانەوێ کە ئاڕاستەکانی ئەم هەمە چەشنیە تەنیا لە لای مرۆڤایەتی سەرژمێر بکەین دەستەوستان دەبین.

-هەمووان شایەتحاڵی ئەو پەرەسەندنەی تەکنەلۆژیای نوێن ، دەشبێ ئێمە

وەک ئـوممەتی ئیسـلام دان بەوەدا بنێـین کە لە ڕووی تەکنەلۆژیـاوە ئـوممەتێکی نەخو ێندەوارین چونکە ئێمە نەک هەرنـاتوانین بەرهەمـی بێنـین بەڵکـو زۆربەی ئەو بەرهەم هێنـراوانەکە لەو بـوارە دانـازانین بەکـار بێنـین وەنـازانین چـۆن لەبواری بانگەوازدا وەک هۆکار ێک سودی لێ ببینین، خـۆ چەمکـی نەخو ێندەواری کەبە بانگەشەی خۆمان چەندین سـەدەیە بەربەرەکـانی دەکەیـن هەرلە نەزانینـی خو ێندنەوەو نوسـین کـورت هەڵ نەهـاتووە بەڵکـو نەشارەزابوون لە هەمـوو ئەوبـوارە زانستیانە دەگرێتەوە کەگەمارۆیانداوین وەک بەدەستهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ وچۆنێتی بەکارهێنانی

بەتایبەت کەئەمڕۆ بەهۆی تۆڕی کۆمەڵەیەتی زۆرئاسان دەتوانین پێزانینەکان بەدەست بێنین .

-داهێنان جیهانێکی فراوانەو سنووری نیە، بۆیە دەبێ بانگخوازان گەمارۆی ئەم جیهانە بدەن وفێری ئەوزانستە ببن وبەهرەمەندبن وبزانن بەکاری بێنن لەهەموو بوارەکان وهۆکارو شێوازەکانی بانگەوازی.

-پێک هاتەی پەیکەری بانگەواز تەواو وەکو لاشەی مرۆڤ وایە،لاشەی مرۆڤ ناتوانێ لەچالاکی وکارلێک بەردەوام بێ ئەگەر بڕە خو ێنی پێویستی پێ نەدرێ،ئەوەبەس نیە کە کۆئەندامی خو ێن لەلاشەدا هەبێ،بەڵکو دەبێ خو ێن بگەیەنێتە هەموو بەش وخانەکانی لاشە تا بتوانن بەوئەرکە هەستن کە پێ یان سپێردراوە،کە ئەم خو ێنە بەردەوامی لە ژیان بەوخانانەی ئەوپەیکەرە دەدا،هەروەها لاشەی پەیکەری بانگەوازیش پێویستی بە پشتگیری دارایی بەردەوام هەیە، تابتوانێ بە ئەرک و کارەکانی هەستێ لە جیهاندا.

-مرۆڤ بە شێوەیەکی سروشتی وڕاستەوخۆ لە ژیانی ڕۆژانەی دا هەڵدەستێ بەبانگەوازکردنی ئەوکەسانەی لەدەوروبەری دەژین لەکاتی تێکەڵاو بوونیان ولەگەڵ ژیانیان، جابزانێ یان نەزانێ، ئەم کردارە لەوکاتەدا ڕوودەدا کەئەوکەسە لەبارەی بیروبۆچون وقەناعەتەکانی و ئەزمون وکێشە جیاوازەکانی ژیانی لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگاکەی دا گفتوگۆو وتو و ێژدەکا،ئەم پەیامانە پەیامگەلێکی نەبینراون،هەروەها ئەو ئاکارو هەڵس وکەوت وکرداروڕەفتارانەی دەیانکا بەبەرچاوی تاکەکانی ناوکۆمەڵگاکەی پەیامگەلێکی بینراون،

لەچوارچێوەی ئەم دووچەشنە پەیامانە ئەم کەسە چەند شەپۆلێکی کاریگەریڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بۆکەسانی سەرسام بەخۆی دەنێرێ ئەوەیە پێ ی دەڵێن پەتای بیرۆکەو هەڵس وکەوتەکان وئەوانیش چەندین پلەو جۆریان هەیە ئەم پەیامانە کە ڕەنگ دانەوەی ئەر ێنی یان نەر ێنی لەسەر کەسی کارتێ کراو بەجێ د ێڵێ.

-لەڕاستی دا ئەم کردارە لەنێوان خەڵکی ئاڵوگۆڕ کردنە ،خەڵک دابەش نەکراون بۆ دووبەشی بانگ کراوو بانگ خوازبەڵکو هەموو مرۆڤەکان بانگ کارو بانگ کراون نێرەر ونێردراون پەیام دەروپەیام وەرگرن لەهەمان کاتدا ڕاستە ڕ ێژەی ئەم دووکارە لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە بەهۆی بوونی جیاوازی لەتواناو بەهرەمەندیان دا وچەند هەریەک لەوان خۆی پار

ێزبەند دەکاچونکە مرۆڤ هەرچەند لێهاتوو وزیرەک بێ وبانگەوازی خەڵک بکاو کاریگەربێ لەسەریان بەڵام لەهەمان کات دا ئەوخەڵکەش بانگی ئەودەکەن.

-مسوڵمان لە کۆمەڵگاکەی دا ولەودەوروبەرەی تێ یدا دەژی دەتوانێ بانگ خواز ێکی دەستپێشخەروکاریگەربێ بۆ ئەوکەسانەی دەوروبەریبۆیەبابەرگر یکار ێکی بێداربێ بۆ بەرگری کردن لە دین وڕەوشت و بیروباوەڕەکەی.

-کاتێک مسوڵمان دەرکیان بەوە کردکە هەموویان بانگخوازوبانگ کراون بەشێوە گشتگیرەکەی، پێویستە کە بەبەرچاوڕوونی بەم ئەرکە هەڵسن وەئەم هەڵس وکەوتەو خوو نەریتە ئاساییە بکەنە پەرستشێکی ڕۆژانەوەلەکار ێکی هەڕەمەکی یەوە بیکەنە پیشەیەکی بەهرەمەند وهونەرمەندانە،هەروەها بەردەوام پەرە بەخۆیان وتواناکانیان بدەن بۆ دەست خستنی دەست کەوتی زیاترلەگەڵ پەرەدان بەهەموو ئەوبواروزانستانەی کە پەیوەندیان بە بانگخوازان و بانگەوازەوە هەیە تابزانن چ ئەرکێکی گرانیان لەئەستۆ دایە.

-دایک کاتێ منداڵەکانی هەرلە بچوکیەوە پەروەردەدەکا لەسەرخوڕەوشتە بەرزەکان و داب ونەریتە گشتیەکان ئەوەئەو هەڵدەستێ بەگرنگترین قۆناغەکانی بانگەوازی.

-هەروەها دەتوانرێ کاری بانگەواز ئەنجام بدرێ لەچوارچێوەی دامەزراوەو ڕ ێکخراوەکان ،جائەو دامەزراوانە خێرخوازی بن یان کۆمەڵایەتی بن یان فێرکاری وپەروەردەیی بن یان میدیایی وڕاگەیاندن بن وەبێجگە لەمانەش..

-بانگخوازان هێڵی بەرگری یەکەمی ئومەت دەنو ێنن لەگەڵ بیرمەندو زانایان، هەروەک چۆن کە ئومەت بە کۆبونەوەی دەتوانێ دەزگای ڕزگاری ومەناعەی بەهێزتروپار ێز بەندتر بێ بۆ لاشەی گشت مرۆڤایەتی، دژی هێزە خراپەکارو گەندەڵەکان ونەخۆشیە سامناکەکان، چونکە ئومەتی یەکگرتوو خاوەنی بنەماو بەهاو ڕەوشت وبیروهۆش وزانست و مێژوو وژیارو دەستوورو شایستەو توانایەکە کە ئەم ڕۆڵە مەزنەی لەسەرئاسان دەکا.

-سستی لەکاری بانگەوازدا پەیوەندی بەخۆمان ونەوەکانی دواڕۆژیشەوە هەیە،ئەگەرخۆمان ودەوروبەرەکەمان پار ێزبەندنەکەین

،ئەوە بەمسۆگەری ئاشووبەگەورەکە دەستی پێمان دەگا،دەگاتە ناوماڵەکانمان ودڵ وهەناومان،بەتایبەت لە بەربوونی ئەم ئامێرە تەکنەلۆژیانە هیچ کەس پار یزبەندی نەماوە،جیهان بۆتە گوندێک، سزای اللە ش کەسانی سست لە بەجێهێنانی ئەرکەکانیان دەگر یتەوە، سەرفرازی دنیاودواڕۆژبەستراوە بە هەڵسان بەم ئەرکە گرنگە.

-ئایا لەناوئوممەتی محمد دائەم پاڵفتەکراوو پوختە پیرۆزە بونیان هەیە لەو

ئارەزوومەندو بەتوانایانەی دەتوانن بەبەرچاوڕوونی بانگەوازبکەن وهەڵسن بەگەیاندنی پەیامی ئاسمان بەگشت جیهان؟ ئەگەر ئەم ژمارەمان لانەبێ، ئایادەتوانین نەخشەیەکی ستراتیژی پتەوو کامڵ دارِ یزین بۆ ئامادەکردن وپەروەردە کردنی ئەم ژمارە پێویستە لەم بانگخوازە تامەزرۆیانەبۆ هەڵسان بەم ئەرکە گرنگە لەجیهان دا؟؟

-دەبی گرنگی بەڕۆڵی ڕ یکخراوی ژنان بدرێ وکار یکی هەڕەمەکی نەبێ بەڵکو هەوڵیان لەگەڵ بدرێ وە پێشەنگ وبانگخوازی کارا لە ناو ژنانداد دروست بکرێ، دەبێ تایبەتمەندیەکانی ئافرەت بە هەند وەربگیرێ ،وەمێژوو وئەزمونەکانیش سەلماندویانە کە ژنانی مسوڵمان کە بواریان بۆ ڕەخسابێ ڕۆڵ و دەستکەوتی کارەکانیان لە هی پیاوان کەمترنەبووە، بەڵکوهەندێ جار لە هەندێ بوار پێش پیاوانیش کەوتونەوە.

-پێویستە لەسەربانگخوازانی هەردوولا کەهاوکاری وهەماهەنگی لەگەڵ

یەکتری بکەن تاهەوڵەکانیان بەرهەمی هەبێ وەکە جیاوازیان کەوتە نێوان با ئامۆژگاری یەکتربکەن یان دادوەر یک لەنێوان خۆیان دانێن وەهەرچەندە جیاوازیەکەش گەورەبێ نابێ بەدگومان بن لەگەڵ یەکتروخەریکی زۆرگووتن نەبن وپێشبڕکێ ی یەکتری بکەن لە کاری خێردائەگەروانەکەن چارەنووسی هەردوولا بەهەموو ئاڕاستەکانەوە هەڕەنجەڕۆیی وهەوڵ بەفیڕۆچوون ونەمانی فەڕوبەرەکەت ولاوازبوونی هێزوشو ێنەوارو وزاڵبوونی دوژمنیانە وبەم حاڵە دەبنەیاری دەستی ناحەزانیان.

-کاتێ بانگخوازان هەوڵی دابەش کردنی ئەرکەکان بەسەرخۆیان دا دەدەن جا تاک بن یان کۆ یان دامەزراودام ودەزگا،ئەم نمونە ساکارو وابەستە بە نەخشەوپلانی بانگەواز لەئایندەدازۆر یارمەتیان دەدالە هەڵبژاردنی بازنەوودەوروبەروئەرکی گونجاو بۆ هەریەکێکیان.

- ئەم بیرۆکانە وەک ئەودەنکە دانەو ێڵە وتۆوانەی پرش وبڵاون

وهێشتا نەچێنراون وان، کە هێشتا هیچ دەنگ وڕەنگیکیان نیە،بۆیە تانەچێنرێن هیچ بەهایەکی ئەوتۆیان نیە،بەڵام کەچێنران وبوونە درەختی بەردارو میوەی جوان وتامداربەبەهادەبن،بەڵام تانەکەونە دەستی جوتیاری نمونەیی و بەهرەمەندی لێوەشاوە کە شارەزابێ وبزانێ چۆن ولەکوێ یان دەچێنێ؟ چونکە هەرئەوجوتیارە دەزانێ چۆن سەر لەنوێ دەژیە نەوەودەبنە درەختی بەردارو هەموو ساتێ بەفرمانی پەروەردگاریان میوەی شیرین دەبەخشن.

دەتۆ ئەی خو ێنەر ببەئەو جوتیارە لێوەشاوەی ئەم ئەرکە گرنگە دەگریە ئەستۆ وبەشداردەبی لەفریاکەوتن وڕزگارکردنی مرۆڤایەتی دا..

سەرچاوەکانی چەمکی دووەم :

١-فقه الدعوة . د.عبدالكريم زيدان .

٢-پوختەی کتێبی نوێکردنەوەی بانگەوازلەسەدەی بیست ویەکدا:

لەنوسینی د.ئوسامە خەندەقچی.

وەرگێڕوپاڵفتەکاری بابەت :محمد عزيز لۆتەری.

٣-قوارب النجاة . فتحي يكن .

٤-مشكلات الدعوة والداعية. فتحي يكن .

٥-كيف ندعو إلى الإسلام؟ فتحي يكن .

- **٦- نحو حركة إسلامية عالمية واحدة .فتحي يكن**
- **٧- ماذا يعني انتمائي للإسلام. فتحي يكن**
- **٨-الاستيعاب في حياة الدعوة والدعاة. فتحي يكن**
- **٩- نحو صحوة إسلامية في مستوى العصر. فتحي يكن**
- **١٠-المناهج التغييرية الإسلامية خلال القرن العشرين. فتحي يكن**
- **١١- المتساقطون على طريق الدعوة. فتحي يكن**

چەمکی سێیەم : تیشك خستنە سەر جیهانبینی لەنێوان گەڕانەوەبۆ ڕەسەنایەتی و خۆگونجاندن لەگەڵ ژیانی هاوچەرخدا :

بنەماشەرعی وياسايیەکانی جيهانبينی پەيامبەرﷺ بۆبنياتنانی کۆمەڵگاوسەروەری دەوڵەتی داد

"لە ئەشکەوتی حراوە بۆبەڕێوەبردنی جيهان: ستراتيژی قۆناغی پەيامبەرﷺ بۆبنياتنانی ئوممەت"

دارالإسلام لەنێوان وەحی وو اقيعدا: شيکردنەوەيەکی مێژوويی بۆ ٢٣ ساڵی پەيامبەرايەتی"

چۆنيەتی گواستنەوەی باوەڕبۆسيستەمی ژيان لە سيرەی پەيامبەرﷺ"

"لە تاکە بڕوادارێکەوە بۆ ئوممەتێک: ميتۆدی قۆناغی پەيامبەرﷺ لە بنياتنانی کۆمەڵگا"

قۆناغی گەڕان بۆ حەق لەژيانی پەيامبەرﷺ: پێش وەحی و قۆناغی حرا

ماڵی يەکەم: دەستپێکی دارالإسلام لەناو خێزان

قۆناغی نهێنی: قوتابخانەی ئەرقەم و دروستکردنی هێز

بانگەوازلە بازاڕو حەج: گواستنەوەی پەيام بۆکۆمەڵگا

کۆچ و ئاوارەيی: ستراتيژی پاراستنی دين

قۆناغی تەنگژە: گەمارۆ و تاقيکردنەوە

ميعراج: پەيوەندی نێوان ئاسمان وزەوی لە ڕێبەريەتی پەيامبەرﷺ

ساڵی خەم وگەشت بۆتائيف: تاقيکردنەوەی ئيرادە

دەستپێکی بنياتنانی کۆمەڵگا: مەدينە و پەيمانی عەقەبە

{ لَّقَدۡ كَانَ لَكُمۡ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسۡوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرۡجُواْ ٱللَّهَ وَٱلۡيَوۡمَ ٱلۡأٓخِرَ وَذَكَرَ ٱللَّهَ كَثِيرٗا }

[سُورَةُ الأَحۡزَابِ: ٢١]

{ قُلۡ إِن كُنتُمۡ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِي يُحۡبِبۡكُمُ ٱللَّهُ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ }

[سُورَةُ آلِ عِمۡرَانَ: ٣١]

—

مادام ڕستەی دووەمی شایەتمان کە کلیلی هاتنەناوئیسلام وگەورەترین پایەی ئیسلامەتیە شایەتی دانە بەوەی کە: تەنیا محمد ﷺ لەناو نێردراوان وپەیامبەرانی ڕەو انەکراو سەرمەشق وپێشەوای ئوممەتی ئیسلامە،وەئیسلامیش بە و اتا فراو انەکەی دین وپەیڕەوی هەموو پەیامبەرانە، وەجگەلەئیسلام کەدینی هەموو پەیامبەرانە هیچ دینێکی ترپەسند نیە لای پەروەردگاری جیهانیان،وەمحمد وەک فەرمودەی دروست دەفەرموێ ئەوبلۆک وخشتەیە کەبیناوکۆشکی هەموو پەیامبەرانی تەواوکرد،وەلەشەوی میعراج ئیمام وپێشنوێژی بەهەمویان کرد،بۆیە دەبێ

بەوردی ورد و درشتی هەر٢٣ ساڵی سەردەمی پێغەمبەرێتی محمدﷺ بز انین تا لەهەموو بارودۆخەکاندا تاکەسەرمەشقمان بێ وهەردەم پەیڕەولەئەوبکەین و بە شوێن دابەش کردنی ئەودا بڕۆین لەهەموو گەورەوبچوکێکی ژیانماندا.

چونکە دار الاسلام و ماڵی ئیمان ئەوپێشەو ایە دروستی کردوەومامۆستای بووەوئەودرەختی بڕواداری چاندووە.بۆیە دەبێ مسوڵمان بەتاک وکۆمەڵگاوە،بە خێزان و بنەماڵەوخێڵەوە ، بەگوندوشارودەوڵەتەوە،بەفەرمانبەروکرێکاروجوتیارودەسەڵاتدارو هەموو چین وتوێژەکانەوە،بەحزب وباڵ و دادگەروپەرلەمانتارو ئەنجومەنی وەزیران وهەموو دەسەڵاتەمەدەنی وسەربازیەکانەوە،هەرهەموومان پەیڕەوی بارودۆخەکانی دارو ماڵی ئیسلام وئیمان لە ئاڵو گۆڕو بارودۆخەکانی ژیانی ئەو سەروەروپێشەو ایەداﷺ ببینین وپەیڕەوی لێ بکەین وسەرمەشقی خۆمان لەبارودۆخێک لەبارودۆخەکانی وقۆناغێک لەقۆناغەکانی ژیانی ئەودا ببینینەوە وشەهادەدانەکەمان بە بەمحمد رسول اللهﷺ بەڕاست بسەلمێنین بەم پەیڕەوی لێ کردنە،چونکە کەخۆمان لەهیچ شوێنێکی ژیانی ئەوسەروەرەﷺ نەدیتەوە؟و اتە خۆمان لەوەبەگەورەترز انی کەپەیڕەوی لێ بکەین،ئەوکاتە شەهادەی محمد رسول الله یەکەمان ڕاست نیە ودرۆمان لەگەڵ ئەوشەهادە کردووە...

شێوازوچەشنەکان وقۆناغەکانی دارالاسلام لەژیانی سەرمەشقی ئیسلام ﷺ بەم قۆناغانەداتێپەڕیووە:

لە ئەشکەوتی حراوە بۆبەڕێوەبردنی جیهان: ستراتیژی قۆناغی پەیامبەرﷺ بۆبنیاتنانی ئوممەت"

١-مانّی ئیسلام و ئیمان لە ژیانی محمدی ئوسوەوسەرمەشق ﷺ،تاکە بڕوادارێک بوو لە ئەشکەوتێکی لاپەڕ گۆشەگیربوو،ئەو لەوەدڵنیایە کەئەم بونەوەروگەردوونە یەک بەدیهێنەرویەک ویست ویەک پارێزەروبەڕێوەبەری هەیە، بەڵام نازانێ چۆن لەو بەدیهێنەرە نزیک بێتەوە؟ چی بکا تا لێ ی ڕازی بێ؟چۆن خۆشەویستی بۆدەربڕێ ولای خەڵک خۆشەویستی بکا؟ ناتوانێ کەس بەم بۆچوونەی خۆی پابەندبکا ، تەنانەت خێزان وکچەکان وخزمەکانیشی کەزۆریش بەتەنگ ئایندەیانەوەبوو وخۆشی دەویستن ،،بۆیە لێ یان دووردەکەوێتەوە،چونکە لەو شێوەژیانە ڕازی نیە کە ئەوخەڵکەی لەسەرە.

ئەوەیە کە اللە دەفەرموێ تۆ ضال وگومڕابووی ئەی محمد نەت دەزانی پەیام وەشەریعەت وئیمان چیە بەڵام ئێمە بەم قورئانە ڕێنماییمان کردی.

وَوَجَدَكَ ضَالًّا فَهَدَىٰ (الضحى 7)

ئەی سەرگەردان نەبوویت و نەت دەزانی چی بکەیت، هیدایەتی دایت وڕێنموونیی کردیت؟!

باشە ئەوەهەرلە١٢ساڵیەوە لای بوحەیرا ئیماندارببوو و باوەڕی بە لات ومەنات وپەرستراوەکانی نەفامی نەبوو...

لەم شێوەدا پێشەنگمانﷺ ژیانی لە سەربردەی قۆناغی ئیبراهیم علیه السلام دەچێ کە وێڵە بۆ دۆزینەوەی دینی حەق.

دارالإسلام لەنێوان وەحی و و اقیعدا: شیکردنەوەیەکی مێژوویی بۆ٢٣ ساڵی پەیامبەرایەتی"

چۆنیەتی گواستنەوەی باوەڕبۆ سیستەمی ژیان لە سیرەی پەیامبەرﷺ"

"لە تاکە بڕوادارێکەوە بۆ ئوممەتێک: میتۆدی قۆناغی پەیامبەرﷺ لە بنیاتنانی کۆمەڵگا"

قۆناغی گەڕان بۆ حەق لەژیانی پەیامبەرﷺ: پێش وەحی و قۆناغی حرا

مانّی یەکەم: دەستپێکی دارالإسلام لەناو خێزان

٢-ئەوجارهەرلە ژیانی محمددا ﷺ ئیمان ودار الاسلام مانّێکی تاقانەی لە مەککەهەبوو کە محمدﷺ وخێزانی وکچەکانی و دوو غولامەکەی زەیدو عەلی بوون، یەکەم مانّێک کە نوێژوپەرستشیان کردو قورئانیان خوێند...

لەم شێوەشدا سەرگوزەشتەی ژیانی ئادەم وحەوامان دێتە پێش چاوعلیهما السلام.

قۆناغی نهێنی: قوتابخانەی ئەرقەم و دروستکردنی هێز

بانگەوازلە بازاڕو حەج: گواستنەوەی پەیام بۆکۆمەڵگا

٣-پاشان ماڵی ئیسلام وئیمان گەورەتربوو ،ماڵی ئەرقەم بارەگای نهێنیان بوو و چەند ماڵێک لە مەککە هەبوون و کتێبیان هەبوو دەیانخوێند.

لەم شێوەشدا ماڵی پەیامبەرلوت علیه السلام مان پیشان دەدا

٤-لە شێوەی چوارەم دا پێغەمبەر علیه السلام لەکاتی حەج داکەعەرەبەکان دەهاتن بۆ حەج تیرە تیرەو وکۆمەڵ کۆمەڵ ، سەروەرمان ﷺ

دەچووە لایان وبانگی دەکردن بۆ ئەودینە ، وەبنەماوڕێساگشتیەکانی بۆڕوون دەکردنەوەوداوای دەکرد کە دینەکەی لەخۆبگرن تاببێتەهۆی سەرفرازیان.

لەم وێنەدا شێوەی پەیام بەرهودمان پیشان دەداله بانگەوازیدا.

کۆچ و ئاوارەیی: ستراتیژی پاراستنی دین

قۆناغی تەنگژە: گەمارۆ و تاقیکردنەوە

٥-لە شێوەی پێنجەم ماڵی ئیسلام کۆمەڵێک خێزانی ئاوارە کەلەپێناوی سەلامەت بوونی دینەکەیان بوونە جالیەکی دووروڵات وتاراوگە لە حەبەشە کە جەعفەرپێشەنگیان بوو وبۆدەیان ساڵ -لانی کەم لەساڵی دەیەمی پەیامبەرێتی تاساڵی شەشی کۆچی -

لەم شێوەشدا وێنەی سەرگوزەشتەی یارانی ئەشکەوتمان نیشان دەدا کەبۆپاراستنی دینەکەیان ئاوارەییان هەڵبژارد.

٦.-لە وانەی شەشەم دا مسوڵمانەکان هاوڕێ لەگەڵ تیرەوبنەماڵەی هاشمی یەکان گەمارۆدراون لەشیوی ئەبوتالیب کەبە مسوڵمان وبێ باوەڕیان گەمارۆدرابوون، ئەمە نمونەی ئۆپۆزسیۆنی ئێستا کە ئیسلامی وچەپ وڕاستەکان لەبۆتەی دژایەتی حکومەتی دارالندوەکەی ئەبوجەهل کە ئەنجومەنی ئاسایشی ئەمڕۆ دەگەیەنێ، لە پێناو

مانەوەیان یەک دەگرن وەک چۆن محمد ویارانی لەگەڵ هاوبەشدانەرانی بەنوهاشم هەمان چارەنوسیان هەبوو تەنیا لەپێناو مانەوەی مسوڵمانان.

میعراج: پەیوەندی نێوان ئاسمان وزەوی لە رێبەریەتی پەیامبەر ﷺ

٧-لە وێنەی دەیەمدا ئیسلام ستونێکە کە بناغەی سەرزەوی لەماڵی ئوم هانی ولای کەعبەیەو سەرەکەی دی لای عەرشی ڕەحمانە، ئەوەی بەشداری ئەم گەشتەیە محمدوجبریلن علیهما السلام .

سەرەتا محمدی پێشەوای پێغەمبەران ﷺ لەمەکەوەگەیشتۆتە ئەقساولەوێوە میعراجی پێ کراوەوبڵند بووە بۆ ئاسمانەکان ولەهەرئاسمانێ پەیامبەران وفریشتەودیمەنەکانی جیهانی غەیبی نیشاندراون ،پێغەمبەران وفریشتەکان وخەڵکانی ناودۆزەخ وخەڵکانی ناوبەهەشتی دیون وگفتوگۆی لەگەڵ پەیامبەران وفریشتەکان کردووەوڵامی سەلامیان داوەتەوەو ئەم وڵامی سەلام دانەوەیە و اتە دان نانی ئەو پەیامبەروئوممەتانەیە بە محمد ﷺ

وئوممەتەکەی ،هەموویان بەڕوویدا پێکەنین جگەلەمالیکی خەزێنەداری دۆزەخ کە انشا الله جەهەنەم ودۆزەخیش بەڕوی خۆی وئوممەتەکەی دا پێناکەنێ.

لەم گەشتە ڕوحانیەدا پێنج فەرزەی نوێژفەرزکراوکۆتایی هەموو نوێژێک بەدانیشتنی تشهد وتحیاتە کە دایەلۆک وگفتوگۆیەکە لەنێوان الله لەگەڵ محمدی پەیام بەری مرۆڤایەتی ﷺ لەلای سیدرەی مونتهاولەسەروعەرشەوەئەم دیدارو گفتوگۆیە ڕوویداوە.

ئەم گەشتە ڕووحانیە بچوک کراوەوچڕکراوەی گەشتی ئادەم وحەو ابوو علیهما السلام لە فیردەوسەوەبۆزەوی ونوێ بوونەوەی بەڵێن وپەیمانی دیداری نێوان مرۆڤ ونیشتمانی ڕاستەقینەمان بوو، گەشتێک بوو بەزەمەنداوبازدان بوو بەسەرلەمپەرەمادیەکاندا، پەیامێک بوو کە بە محمدی خەمباری فەرمو،ئەی محمد ﷺخەمبارمەبەکە پەیامەکەت دوای دەسالّ هاتن لە چەندکەسێکی کەم لەوشارەدا تێناپەڕێ، گومانت لە وەنەبێ کەتۆخاوەن پایەومەقامی تۆپێشەنگ وئیمامی گشت پەیام بەرانی ،تۆئەو پەتەی کە کەعبەی ئیبراهیم لە مەکەو قودس وبیت العزەی ئادەم وبیت المعموری ئاسمانی حەوتەم وسیدرە المنتهی وجەنەت بەیەک دەگەیەنی، ئەوەتا ئیبراهیم نەی تو انیوە لەحەوتەم تێپەڕێ، جبریل نەی تو انی گەشتەکەت لەگەڵ تەواوبکا، کەو اتە تۆ هەرچەندە لەناومرۆڤەکان بێدەسەلّات بی،تۆ لەمەلەکوتی ئاسماندا خاوەن ڕێزی وپایەداری..

ئالێرەدا وێنەی دیدارو لیقای موسای کەلیم علیه السلام لەگەڵ الله مان نیشان دەداەکێوی تور،بگرە موساش تێدەپەڕێ وموسی شاگردێتی پەیام بەردەکالەگەشتەکەی.

سالّی خەم و گەشت بۆ تائیف: تاقیکردنەوەی ئیراده

٨- لەشێوەی هەشتەم ، ئیسلام پشتیو انەکەی وسەرۆک ودەم ڕاستی بنەماڵەی هاشم ووکافرەهاوپەیمانەکانی مسوڵمانانی لەدەست داوە، هەروەها خەدیجەودایک ودڵنەواکەری مسوڵمانانیش کۆچی کردووە، کافرەهاوپەیمانەکان لەدوای دەرچونیان لەگەمارۆو مردنی پێشەواکەیان کە ئەبوتالیبە ، وەک جاران بەگەرم وگوڕی ناچنە ژێرباری پاراستنی بانگەوازی ئیسلامی.

بۆیە پەیام بەر ﷺ لەگەڵ خزمەتکارەکەی زەیدی کوڕی حاریسە بەرەو نزیکترین شارلە مەککە ڕۆیشتن کە تائیف بوو ،بانگی پێشەواوسەرۆک خێڵەکانی ئەوشارەی کردو بنەماکانی بۆڕوونکردنەوە،بەڵام زۆرلە سەرانی قوڕەیش خراپتروڵامیان دایەوەو منداڵەوردەی شاریان بەدووخست وپێشەوای مرۆڤایەتیان بەردەباران کرد، تالەبەربەردەبارانیان خۆی هاوێشتە ناوباغێکی کەنارشارو سکاڵای بێ هێزی خۆی بردە لای پەروەردگاری جیهانیان وداوای سۆزومیهرەبانی وڕەحمەت وڕێنمایی ئەوی بۆ خۆی وگەلەکەی کرد.

کەو اتە پارت ودەستەو بانگخوازانی ئیسلام وئیمان دەبێ هەمیشە میهرەبان وبەئومێدبن، ورەیان نەڕوخێ وڕەشبین نەبن، کەدەرگاکان داخران لەڕوویان ، دەرفەتی نوێ بدۆزنەوەوتاقی بکەنەوە،ئەوەپەیامبەرە

ﷺ سبەینەوئێوارە وەحی بۆدێ،کەچی بە جبیریل نافەرموێ برۆ بەپەروەردگاربڵێ کارەکە بە بن بەست گەیشتووەو گەمارۆدراوین وئەوکەناتو انێ دینەکەی سەرخا بۆ پەیامبەران دەنێرێ؟؟ وئەوەتارێی حەبەشەومەکەوتائیف وهەموولایەکمان تاقی کردەوەوهەموو داخراون!؟، دیارە ئەم پرۆژە نەزۆکەوسەرکەوتوونابێ ،،،،،هتد ،ئەم جۆرە قسانە بەڵگەن لەسەربێزاری وبێ ئومێدی وبێ متمانەیی کە پەیامبەرﷺزۆردووربوو لە و انە..

ئەوئازاروئەشکەنجەی توشی یاوەران وشوێنکەوتوەکانی دینی نوێ دەبێتەوە هەموو وەک یەک نیە، هەندێ تیایدا شەهیدبوون وهەندێ کوێروئیفلیج بوون وهەندێ ماڵ و خێزانیان لێ هەڵوەشایەوە،بەڵام کەس لەکەس نابەستێ ونانّێ بۆئەوەی لەمن دەکرێ بەسەر فلانکەسیش نایە؟

پەیامبەر ﷺ بەلای یاسروخێزانەکەی دادەڕواوناتو انێ هیچیان بۆبکالەدوعازیاتر، سەعدی کوڕی عوبادە کەشەوپەیمانی سەرخستنی ئیسلام دەدابە پەیامبەر ﷺ، کەچی بەیانی بەقۆڵ بەستراوی دێنرێتە مەکەومسوڵمانان ناتو انن هیچ بەرگری لێ بکەن..

ئەم نمونانە هەموو و انەن کەلە ژیانی ئوممەتی ئیسلامی دا دوبارەبوونەوەودووبارەش دەبنەوەلەمەولا،ئەو انە سەرمەشقمانن ،بۆیەگرنگە بز انین چۆن لەگەڵ بارودۆخەکان هەڵس وکەوتیان کرد.

لەم نمونەش دا وێنەی سالح پێغەمبەرمان پیشان دەداله بەتەنگەوەبوونی بۆ ئیمانهێنانی گەلەکەی...

دەستپێکی بنیاتنانی کۆمەڵگا: مەدینە و پەیمانی عەقەبە

١٠-لەشێوەی نۆیەم ئیسلام وبزاڤ وماڵی ئیسلام چەند کەسێکن لە مەدینە ئیمانیان هێناوەوموسعەبی کوڕی عومەیر دانراوە بە مامۆستایان ودوازدە نەقیبیان هەیەو نێردەکەیان بە پەیامبەر ﷺشادبوون وپەیمانی عەقەبەیان بەستوەوبڕیاری پاراستنی ئیسلامیان بەسەروماڵ داوە، وەک بز اڤێکی چالاک خەریکی بانگەوازن بۆ دینەکەیان بەبێ هەڵکێشانی شمشێر، نوێژی بەکۆمەڵی جومعە دەکەن وکۆڕوکۆبونەوەیان هەیە بۆ بانگەشەکردن وڕانو اندنی دینەکەیان لای پیاوماقوڵ ووسەرۆک خێڵەکان بۆ دینەکەیان ،هەموو ئەمانە بەشێوەیەکی ئاشتی ودوورلە جەنگ...

هەرلەسەرئەوشێوە دەوسیەکان وغەفاریەکان وچەند تیرەیەکی تریش لەناوڕەشماڵ نشین وخێڵەکانیان وگوندەکانیان بەهۆی بەدیدارشادبوونی ئەوسەرۆک خێڵانەلەگەڵ پێشەنگی مامۆستایان ﷺلەکاتی حەجدا مسوڵمان بووبوون وبووبوونە دارالاسلامێکی بچکۆلە لەوسەردەمەدا..

لەم شێوەشدا کە پێغەمبەر ﷺ بەتەنیا لە ناودەستی ناحەزانیەتی ویاوەرانی لێ دوورن نمونەی ئیسحاق ویەعقوبمان نیشان دەدا لەدووری خۆشەویستانی..

لە ئەشکەوتی سورەوە بۆ دەوڵەتی مەدینە: پڕۆسەی دروستبوونی دارالإسلام لە سیرەی پێغەمبەر ﷺ

١١-مانّی ئیسلام لە خانّی یەکەم لە ئەشکەوتی حەرا دەستی پێکرد لەخانّی یازدەهەم دوبارە گەڕایەوەناوئەشکەوت وغاری سور ،لەخانّی نۆیەم باسمان کرد کە ئیسلام لەمەدینە بڵاوببۆوە،قوڕەیش دەیانزانی کە چوونی پەیام بەرﷺبۆ مەدینە کۆتایی هەژمونی ئەوانە،پەیامبەرﷺهەموو یاوەرانی بەڕێکردبوو وتەنیاخۆی وەک گرێنتی دان بەقوڕەیش لەناویانداما بوو تا یاوەرانی بەسەلامەتی دەرچن،لەئەنجومەنی ئاسایشی قوڕەیش لەمانّی لێدوان ونەدوە بڕیاریان دا ئەوشەوە لەت وپەتی بکەن، نەخشەی پاکتاوکردنی پێغەمبەرﷺ

و قورئان وئیسلامیان داناوزۆردڵنیاش بوون کەسەردەگرێ،بەڵام اللە نەخشەڕێگەی سەرکەوتنی دینەکەی وپێغەمبەرەکەی ﷺ بڕپاردا،هەرئەوشەوە پەیامبەرﷺ گیانفیدایەکی لەجێی خۆی نو اند کەعەلی بوو و لەگەڵ گیانفیدایەکی ترکۆچی کرد کەئەبوبکربوو،ئیسلام و وەحی لە مەکەدا لەئەشکەوتی حەراوە دەرکەوت،بۆمەدینەش لە منداڵدانی غاری سور لە دایک بوو،ئەوپەیامەی لەدووئەشکەوتەوەهات ،بەرنامەونەخشەی هەموو کۆشک وتەلارەکانی لەناوبردو نەخشەڕێگای خۆی چەسپاند.

ئالێرەشدا وێنەی یونسمان پیشان دەدا لەناوهەناوی نەهەنگدابڕپاری سەرکەوتنی پەیامەکەی پێ دەدرێ.

دارالإسلام وەک پرۆژەیەکی قۆناغی: خوێندنەوەیەکی ستراتیژی بۆ ١١ ساڵی دوای کۆچ

١٢-لە وێنەی دوازدە پەیامبەرﷺو یاوەرانی زۆرلەمێژتامەزرۆی بەیەک گەیشتوونەوەو هەموویان بوونە وەستاوکڕێکارو خەریکی دروستکردنی ئەومزگەوتەزانکۆیەسادەوساکارەن کەبۆپازدە سەدەیە ڕۆشنایی دەدا بەجیهان، وەخەمی گەورەیان چۆنێتی کۆبوونەوەیانە بۆونوێژەی کەگەشتی ڕوحی ئیسراومعراجیان بیردێنێتەوو میعراجی ڕوح ولاشەیانە بۆ لای عەرش، بەم شێوە بەخەونی سەحابەیەک بانگی محمدی دادەمەزرێ.

لەم وێنەشدا پێغەمبەرمان ﷺ نمونەی باوانیان ئیسماعیل وئیبراهیمن علیهما السلام لە بنیاتنانی مانّی پەرستش وز انستدا.

لە ئیسلام دا هەموو شتێک سادەیە،پەیامبەرﷺ

لەگەڵ وەحی عەقڵ وبیروهۆش ونەخشەدانان وچەواشەکردنی دوژمن بەکاردێنێ وعەقڵ ونەقڵ ئەودووپێیەن کەپەیامی ئیسلامەتی پێیان دەڕوا،ئەمەش وڵامە بۆوکەسانەی کە وادەزانن کەعەقڵ و وەحی لێک جیان.

هەروەها مزگەوتەکەی بە خشتی زێڕینی بەهەشت نیە،بەبەردوخشت وقوڕوقەدەدارخورمایەو مینبەرەکەی زێڕکەفت وڕازاوەنیەو لەداڕێکی لێڕەواروبەدەستی دارتاشێک تاشراوە، پەیامێکی سادەیە لە بنەماو لەچەسپاندنیشدا،بەشتەسادەکانی ئەم جیهانە ژیانێکی یۆتۆپیای فریشتەیی وقیامەتی وکۆمەڵگایەکی دڵ ودەروون ساغ بنیات دەنێ..

لە تەنهاییەتی بانگەواز تا سەرکردایەتی ئوممەت: گەشەی ماڵی ئیسلام لە سیرەی محمد ﷺ

١٣-لەشێوەی سێزدە دا

ئیسلام وجولەکەو هاوبەش دانەرلە مەدینە هەن، مسوڵمان وجولەکە حکومەتی دەستوری بنکە فراوان پێک دێنن ،ئەمە ماڵ وداری تێکەڵە وجزیەوسەرانە لەکەس وەرناگیرێ-چونکە جزیە تاسااڵی دەیەمی کۆچی ودابەزینی سورەتی تەوبە بڕیاری لەسەرنەدراوە-،هاوڵاتیان هەموویان مافیان هەیەو ئەرکیان لەسەرشانە...

ئالێرەش وێنەی پێغەمبەرهاڕونمان پیشان دەدا لە چاودێری وپێشەنگیدا.

لەگەڵ ئەوەی قورئان پڕە لە باسکردنی فێڵ وتەڵەکەو چەواشەکاریەکانی کوڕانی ئیسرائیل لەسەردەمی موساوداودوسلێمان علیهم السلام ،بەڵام ئەمەو اناکا کە ئیسلام بواڕێکی ترنەدابە ڕۆڵەکانیان ،بواریان دەداتێ، هەوڵ دەدا کەو ایان لێ بکاتەوڕابردووەیان
بسڕنەوەوبنەخشتێک لەدیواری دەوڵەتی ئیمان وبۆئەمەش چاوپۆشی لەزۆربەدکاریان دەکاو کە کەسێکی وەک ئیبن ئەشرەف لاڕێی دەکا هەموو تیرەکەی سزانادااوتەنیائەوسزادەدا،وەکاتێ تیرەیەک ناپاکی دەکەن ناپاکیەکەبەسەرهەموو جولەکەکانداگشتگیرناکرێ..

سیرەی پێغەمبەر ﷺ وەک مۆدێلی دروستکردنی کۆمەڵگای ئیمان: لە بنیاتی مزگەوت تا حوودەیبیە

١٤-لەشێوەی چواردە، کاروباری ناوخۆی بەتۆکمەیی ڕێک خست،بانگەوازی ئیسلام بەشێوەیەکی سەرسامکەرپەرەی سەند،دینە نوێکە لەمەدینەزۆربڵاوبۆوە،گرێبەستی بر ایەتی لەنێوان موهاجیرویارمەتیدەران گرێدرا،لەم ماوەدا قوتابخانەی ڕۆژوو فەرزکرا،ڕۆگەی مسوڵمانان لەقودسی ڕوگەی هاوبەش لەگەڵ دینەکانی ترگۆڕابۆ قیبلەو ڕووگەی ماڵی ئیبراهیم هاجەروئیسماعیلی باوکی نەتەوەی عەرەب وەک بەرجەستەبوونی دین ونەتەوە لە قاڵبێکی تۆکمەدا، بەڵام ئەم ڕووگە جیاکردنەوە وای نەکرد پەیام بەرﷺ لە هاوپەیمانی لەگەڵ جولەکەودەستوری هاوبەش بکشێتەوە.

هەرلەم قۆناغە گەنجانی مسوڵمان ئەزمونی سەربازیان بەهۆی بەشداریان لەسریەوکەتیبەکانداوڕووبەڕووبونەوەیان لەگەڵ قورەیش زۆرگەشەی کرد.

ئەم پەرەسەندنانە وای کرد کەمسوڵمانان لەبەدرسەربکەون،وەهەژمونیان لەناوحکومەتە بنکە فراوانەکەدازۆرزیادبێ، وەهیچ هیو ایەک بۆتابوری پێنجەم ودووڕوەکان وجولەکەکان و ئەوانەی بەتەمای ئەوەبوون ئیسلام توشی نسکۆبێ بەرامبەردوژ منانی نەمێنێ .

ئالێرەدا وێنەی داودپێغەمبەرمان نیشان دەدا کەجالوتی کوشت ودەسەڵاتی پەیداکرد.

ئاوەدانی دارالإسلام لە نێوان وەحی و عەقڵ: توێژینەوەیەکی قۆناغی لە سیرەی نەبەوی

١٥-لەم قۆناغە ئیسلام حکومەتە بنکەفراوانەکەی توشی لەت بوون بووە، قەینوقاع وهاوپەیمانە دوڕوەکانیان بەسەرکێشی عبدالله ئوبەی حکومەتی دەستوریان شلۆق کردوە،ئیسلام ئەم حاڵەی چۆن چارەکرد؟

بڕیاری بەدەرنانی گەورەترین خێڵی جولەکە لەمەدینە وپساندنی ئەوپەیوەندیە هاوپەیمانیەدینیەی نێوان جولەکەکان وهاوپەیمانیان لەگەڵ خەزرجیەکان زۆرزەحمەت بوو، بۆهەڵوەشانەوەی سەرتاپای دەستورەکەهەڕەشەبوو،بەڵام هەنگاوێک بوو بەرەو ئاڕاستەی دروست تاببێتە تەمێ کردنێک بۆجولەکەودوڕوەکان ولەسەرسنوری خۆی بیان وەستێنێ...

بەرەی ئیمان وپێشەنگەکەیﷺ نەلەبەرامبەرسەرکەوتنەکاتیەکان لەخۆبایی دەبن ولوتبەرزی ڕوویان تێ دەکا،نەلەبەرامبەرکارەساتەکانیش ڕەشبینی وبێ ئومێد دەبن ووردەبان دەڕوخێ..

ئالێرەش نمونەی لێزانی لوقمانمان پیشان دەدا لەچارەی قەیرانەکاندا..

قۆناغەکانی بزووتنەوەی ئیسلام: لە نسکۆکانیش وانەی هەڵسانەوەی دوای گلان هەیە.

١٦-لە شێوەی داری شازدە بەهۆی سەرپێچی تیرهاوێژەکان لە جەنگی ئوحد لەفەرمانی پەیامبەرﷺ وای کرد کە مسوڵمانان قوربانی باش بدەن،تەنانەت ژیانی پەیام بەرەکەیانﷺ بکەوێتەمەترسیەوە،کەئەمەش چەندین حیکمەتی سەرسامکاری تێدایە.

بوونی ئەوجۆرە گۆشانە لە ژیانی سەرمەشقی مرۆڤایەتی ﷺ وکۆمەڵی ئیماندار زۆرپێویستە،تاکوبێتە ئامۆژگاری وسەرمەشق لەژیانی هەزارسالّەی ئوممەتەکەی،چونکە ژیانی ئوممەتی هەمووی هەرسەرکەوتن نابێ، بارودۆخی ژێرکەوتنیش هەردەبێ، وەلەوبارودۆخەشدا ئوممەت پێویستی بە سەرمەشقی کرداری هەیە. وەهەروەهابۆئەوەی بزانرێ کەسەرپێچی فرمان وسونەت وڕێ وشوێنەکانی پەیامبەرﷺ

لە ژیانداودوای وەفاتیشی دەبێتە هۆی نسکۆو ژێرکەوتن.

کەو اتە کارەساتی ئوحد دەرەنجامی سەرپێچی بوو لەفەرمانی سەرمەشق وڕێنمایی کارﷺ

کارەساتی بیری مەعونەش هەرکارەساتی ئوحد وای کرد کە دوژمنانی ئیسلام بوێربن ولەناوەودەرەوەی مەدینە دەستدرێژی بکەنە سەرمسوڵمانان ، وەلەناومەدینەش وای لە جولەکەکانی بەنونەزیرکردکەهەوڵی تیرۆرکردنی پێغەمبەرﷺ بدەن، چونکە پێیان و ابووکە ئیسلام لەدواهەناسەی ژیانیدایە.

ئەگەرنەخشەی ئوممەتی ئیسلامی گەورەبکەی وسەیری مێژووەکەی بکەی دەبینی کەزۆرجاران ئوممەت گەیشتۆتە لێواری لەناوچون،وە ئوممەتانی تربەربوونە گیانی ودەستدرێژیان کردۆتەسەروەک چۆن برسیە زۆرخۆرەکان دەست بۆ خو انی پێش خۆیان درێژدەکەن،لەڕۆژانی خاچ پەرستان ولەسەردەمی مەغۆل وتەیمور ولەسەردەمی ئیستعماری نوێدا،بەڵام هەموو جار مسوڵمانان بە شوێن کەوتنی پێشەواوسەرمەشقەکەیانﷺ نەوەکانی بەنونەزیروقورەیش و وموونافیقەکانیان بێ ئومێدکردوەو خەون وخۆزگەکانیان لەباربردوون وسەرلەنوێ ئیسلام بوژاوەتەوە هەروەک چۆن لەدوای کارەساتی پیلانگێڕی داری نەدوەو ئوحد ومەعونە لەژیانی رێبەری یەکەم دا ﷺ دووبارە هەستایەوە.

لەم دیمەنەش دا نمونەی عیسا پێغەمبەری پیشان داین لەڕووبەڕووبوونەوەی پیلانەکاندا.

پێغەمبەر ﷺ وەک سەرچاوەی ستراتیژی: شیکردنەوەی قۆناغەکانی بنیاتنانی دەوڵەتی ئیسلام

١٧-لە دەوڵەت ودار الاسلامی حەڤدەهەمدا، پەیامبەرﷺ لاوازی مسوڵمانان وزۆری دوژمنانی دەرەوەوناوەوەی مەدینەی نەکردەپاساو تاخۆی لەدەرکردنی بنەماڵەی نەزیریەکان ببوێرێ،بەڵکو پێش دەرکردنی ئەوان کەعبی کوڕی ئەشرەف وئەبورافعی لەناوقەڵای نزیک خەیبەر کوشتن وپاشان نەزیریشی لەمەدینەبەدەرنان،بێگومان دوای ئەو ئۆپراسیۆنە ئەوەی چاوەڕێ کراوبوو تووندبوونی گەمارۆو دوژمنایەتی قوڕەیش وخەیبەربوو کە لەباشوروباکوری مەدینەبوون،وەلەوسەردەمەدائیسلام هیچ هاوپەیمانی نەبوون،ڕۆم وفارس هەردوو لەجولەکەو قوڕەیشەکان نزیکتربوون،ئەوەی کە مسوڵمانان پشتیان پێ بەهێزبوو ئیمانەکەیان بوو ،بزوتنەوەودین وجیهانبینیەکی نوێ بوون کەلەدوای تێپەڕینی ١٨ ساڵی پێغەمبەرێتی لەشارێکدا گەمارۆدرابوون، قوڕەیش وخەیبەرلەگەڵ فدک وغەتفان وچەندین تیرەوخێڵی دیکە لەدەرەوەی مەدینە لەگەڵ دووڕووەکان وبنەماڵەی قوڕەیزەی جولەکە هاوپەیمانیان بەست بۆڕیشەکێش کردنی مسوڵمانان ولەناوبردنی ئیسلام ،مسوڵمانان تەنیا بواری تاکتیکی ناوچەیی وناوخۆییان لەبەردەم مابوو..

ئەگەربەلێکدانەوەی هێزوتوانای مرۆڤی ئاسایی لێک بدرێتەوە وپشت بە خوێندنەوەوپێشبینی مرۆڤەکان ببەسترێ،دەرەنجامی ئەوزانینانە هەمووی دەڵێ کە ئیسلام کۆتایی پێدێ،بەڵام دەبینی کە پەیام بەرﷺ ویاوەرانی دەستیان بەهۆکارەکانەوەگرت وخەندەقیان هەڵکەند ،لەکاتێکدا کەزۆربرسی و ماندوو وشەکەت بوون،لەهەموولایەک گەمارۆدرابوون وهەڕەشەی بنەبڕکردن وجینۆسایدکردنیان لەسەربوو،برسی وتینوو بوون وخەووپشویان نەمابوو،،بەڵام بەهۆی ئەوپشت بەستن ویەقینەی هەیانبوو یارمەتی ئیلاهیی بەدەمیانەوەهات .

الله ڕەشەبایەکی ناردەسەردوژمنەکانیان وهەمووی پێچانەوە،پێویستی نەکردکەمسوڵمانان جەنگ بکەن....

ئەمەش نمونەی پێغەمبەرسولەیمانمان پیشاندەدا کە قوربانی بە ئەسپەکانداوبە بەرفرمان بوونی با قەرەبووکرایەوە.

دارالإسلام لە سیرەی نەبەوی: لێکدانەوەیەکی سیاسی-کۆمەڵایەتی بۆ دروستبوونی دەوڵەت

ڕۆڵی ڕوداوەکۆمەڵایەتی وپەرستشەکان لە قوتابخانەی کۆمەڵگاسازی ودەوڵەتمەداری ئوممەتی ئیسلامیدا

١٨-لە شێوەی هەژدەهەمی کابینەی ئیسلام:

هەرلەدوای کۆتایی هاتنی گەمارۆی جەنگی خەندەق وتێکشکانی ئەحزاب، پێشەوای ناوازەمان ﷺ

هەلی بەفیڕۆنەداودوای پێنج ساڵ ئارام گرتن ونەرمی نو اندن ولێبوردەیی لەگەڵ جولەکەکان، هەرئەوڕۆژەبۆ نوێژی عەسرگەمارۆی بنەماڵەی قوڕەیزەی داتاکو لانەی پیلان گێڕان لەناومەدینەدابەیەکجاری کۆتایی پێ بێنێ، بەم شێوە بۆیەکەم جاردوای ١٨ساڵ لەهاتنی ئیسلام شارەکە بەتەواوی بووە شاری ئیسلام وئیسلام وپەیامەکەی بوونە خاوەن شار.

سەرکەوتنی پرۆژەی ئیسلام لە نێوان تەنگانە و فەرەهەنگ

١٩-ئیسلام لە شێوەی نۆزدەهەم دا :

ڕوداوێکی کۆمەڵایەتی خێز انی لەوڕوداوەکۆمەڵایەتیانەی کەبوونە هۆی دابەزینی زۆرێک لەئایەتەکان من لەناوئەوڕووداو انەی کەزۆرن ئەم ڕوداوەبەنمونە هەڵدەبژێرم چونکە لەناوخودی خانەوادە نمونەیی بەختەوەرەکە ڕووی داوە، ڕوداوی لەوشێوە زۆرن کە ناوی سورەتەکەش بەناوی ئەوخانمانەوەکراوە، وەک حوکمی زیهارلەسورەتی المجادلە وحوکمی کۆچی ژنان لە سورەتی الممتحنە .

لەم ڕووداوە ،کاتێ دووڕوەکان هەموو کارتەکانیان سوتا،سێ خێڵ وبنەماڵەکەی جولەکە لە مەدینە نەمان، شاری مەدینە بووە شارێکی مسوڵمانان ،قوڕەیش لوتی شکا، کەوتنە بڵاوکردنەوەی قسەی نەشیاو وبوختان.

سەیرکەن مسوڵمانان فەرمانڕەوای شارەکەن، دەزانن ئەودووڕو انە هاوکاری جولەکەوقوڕەیش بوون، ئێستاش بوختان بۆدایکی بڕوادارانهەڵدەبەستن کە پاکترین ژنی سەرزەویە وخێز انی بەڕێزترین پەیام بەر

ﷺوکچی خۆشەویسترین وڕاستگۆترین وەزیری پەیامبەرە ﷺ کە ئەبوبەکرە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەش ئیسلام کێشەکەی بەزەبروزەنگ وهەڕەشە چارە نەکرد ،حیکمەتی ئیلاهی و ابوو بۆتاقی کردنەوەی ئارامی پەیام بەرومسوڵمانان وەحی دواکەوێ ،تاپێشەوامانﷺ لەم مەیدانەش دا کاریزمایی ولێوەشاوەیی وشایستەیی خۆی بسەلمێنێ، تالەم بوارەش بۆ مرۆڤایەتی بێتە سەرمەشق ومامۆستا.

زۆرجاری تریش بۆزۆر پرسی زانستی ویاسایی ومێژوویی وەحی دوادەکەوت،ئەم وەحی دواکەوتنانەش هەموو بۆتۆکمەکردنی کەسایەتی پێشەواوسەرمەشقی مرۆڤایەتی بوو، هەروەهابۆئەوەش بوو کە ئەم دینە چارەسەرێکی و اقعی و شیاوبۆ کێشەکان بێنێ وچارەکانی موعجیزە ئامێزنەبن ،چونکە دینێکە بۆگشت مرۆڤایەتی وبۆهەزاران ساڵ،دەبێ پەیامبەرەکەی سەرمەشقی و ابداتەمرۆڤایەتی لەهەموو بوارەکان کەبەکەڵکی مرۆڤایەتی بێ دوای نەمانی وەحی.

بەڵێ ئەم و انە یاسایی وکۆمەڵایەتیانە لەناوسیرە یەکجارزۆرن،لە تەفسیروفەرمودەو فقە پڕەلەڕوداوی ناوازەی لەوجۆرە، هەمووی بۆئەوەبووتا مامۆستاکاملەکە ﷺ هەموو و انەکان بەتەواوی بەتیۆری وکرداری بە قوتابیەکانی بڵێتەوە پێش ئەوەی کۆچ بکا..

نمونەی ئەم چیرۆکەش نمونەی چیرۆکەکەی مەریەمە کە چۆن تۆمەتیان بۆهەڵبەست وچۆن بەئارامە وبەهێواشی ئەم بوتانانەی پوچەڵ کردەوە ..

سیرەی پێغەمبەر ﷺ وەک ڕێنماییەکی هەمیشەیی: خوێندنەوەیەکی سیستەمی بۆ گەشەی ئوممەتی ئیسلام

٢٠- لەساڵی شەشەمی کۆچی ،پەیامبەری پێشەواﷺ کەهەمیشە گەشبین بوو خێرو سەرفرازی بۆگەلەکەی وشارەکەی وخێڵەکەی کەقورەیشە دەویست،بەهەستی ئیماندارێک پێی و ابوو کەئەوان لەو ١٩ ساڵە موعجیزەوبەڵگەی زۆریان دیتون وبەڵکو دڵیان نەرم بووبێ بۆ ئیسلام ،لەوماوەشداخەونێکی مژدەدەری دیت کە عەمرەدەکا،هەربۆیە بەنیازی عەمرە بە١٥٠٠کەسەوە ڕێی گرتەبەر، هەروەها ڕێ وشوێنی عەمرەوحەج لە قورئان دابەزیبوو کە فەرمانێکیش دابەزی دەبێ ئیمانداران ولەسەروشیانەوەپێشەنگەکەیان ﷺ جێبەجێی بکاولادانی بەربەستەکانیش الله ئاسانی دەکا.

لەم عەمرە دا کە نەگەیشتە مەکە بەڵام بوە خەڵاتێک بۆئومەتەکەی بۆهەزاران ساڵ هەرعەمرەکاروحاجیەک کەڕێی لێ گیراونەیانهێشت حەج بکا با لەوشوێنە ڕێی پێدەگیرێ سەری بتاشێ وقوربانی سەربڕێ، وەک ئەوەی عەمرەکەی کردبێ.

وەهەرلەم عەمرە دا ئوم سەلەمەی خێزانی کێشەیەکی گەورەی بۆپەیام بەرﷺ چارەکرد کەئەویش بووە بەشێک لەوەحی وشەرع هەتائیسلام مابێ.

هەرلەوعەمرە پێکهاتنی حودەیبیەکی کردلەگەڵ قورەیش کەچەندان ڕێساوبناغەو بنچینەی سیاسی وفکری وشەرعی وسەربازی ویاسایی وقەزایی وئابووری وکۆمەڵایەتی وڕەوشتی نەمری بۆهەموو مرۆڤایەتی تێدان لە شەڕو لەئاشتیدا.

ئەمەفەتح وسەرکەوتنێک بووکە پەیامبەرﷺ

بێ ڕشتنی یەک دڵۆپەخوێن بەدەستی هێناوەلەبەرامبەرتیروتانەوتو انجی دۆستانی وپیلان وچەواشەکارانی دوژمن ئارامی گرت، بەڵێ فەتحێک بوو
لەبەدرکەمترنەبوو،ئەمەلەکاتێکدازۆرینەی سەحابە پێیان و ابووکەئەم پێکهاتنە بەزیێکە وەک بەزینی ئوحود ومەعونە..

لێرەشدا پەیامبەرﷺ نمونەی پەیامبەرئیدریسی پیشان دا لە نەخشە دووربینەکانی..

حُدیبیە: ئاگربەستێک کە دەرگای جیهانی بۆ ئیسلام کردەوە لە مەککە بۆ جیهان.: دەستپێکی جیهانی بوونی بانگەوازی ئیسلام

خەیبەر: تێکشکاندنی ناوچەکانی پیلانگێڕی دژی ئیسلام

٢١-ئیسلام لەقۆناغی بیست ویەکدا ڕەسولی ئەکرەم ﷺ ئەوڕێککەوتن وئاگربەستەی لەگەڵ قورەیش قۆستەوە،شەوو ڕۆژی خستەسەریەک تاکو بازدانێکی گەورەلەبانگەوازو بڵاوکردەوەی ئەم دینە نوێیەبکا، کەدینێکە بۆهەموو جیهان نێردراوەوکەچی و ابۆ بیست ساڵە هاتووەو تەنیا لەیەک شاردا بڵاوبۆتەوە،ئەوەتاشەریعەت وپەرەنسیپ وبنەماوەقەکانی خەریکە تەواودەبن، کەچی ئەم ڕاستەشەقامە تائێستا هەرلەیەک شاردا گەمارۆدراوە،هەربۆیە پەیامبەرﷺ هەردوای بەستنی ئاگربەستەکە نامەوپەیامی نارد بۆهەموو پاشاو ئیمپراتۆرەکانی ڕۆم وفارس وحەبەشە ومیسروشام وعەمان ویەمەن وبەحرین کەئەوکاتە ئەمانە دەسەڵاتدارانی جیهان بوون،هەروەها لەناوخۆش هاوپەیمانی لەگەڵ خوزاعەکرد کەلایەنێکی لاوازبوو وەناکۆکی لەگەڵ قورەیش وبەنی بەکری هاوپەیمانی هەبوو، ئەمەش بۆئەوەبوو کە

تەمەنی ئاگربەستەکە کەمترلە دەسالّ بکێشێ، چونکە دەیز انی کەقورەیش وبەکریەکان خۆیان پێ ناگیرێ و ئاگربەستەکە دەشکێنن وهێرش دەکەنە سەرخوزاعە.

هەرلەدوای گەڕانەوەشی لەم ئاگربەستە ڕاستەوخۆ هێرشی کردە سەرخەیبەرو فدک و وادی قورا=دۆڵی گوندەکان،کە لانەی پیلان گێڕی وچاوەشەکاری وکۆکردنەوەی گەلەکۆمەکی دژی مسوڵمانان بوون، بۆیە پێش شکاندنی قورەیشیەکان بۆ ئاگربەستەکە ئەم بەرەی تێک شکاند وتاسەرسنوری شام ئەوولّاتە هەمووی کەوتە دەستی دەوڵەتی مەدینە وبوە میرنشینێکی چالاک لە باکوری حجاز.

وەبۆساڵی دو اتریش کەساڵی٧کۆچی بوو عەمرەی قەزای بەجێێناوهێزوتو اناوشیان وڕێکخراوی یاوەرانی پیشانی قورەیشەکان داو هێندەی کەورەی ڕوخاندن و وای کرد کە کەسانی وەک خالیدی کوڕی وەلید وعەمری کوڕی عاس مسوڵمان بن.

عەمرەی قەزا: پیشاندانی هێز لە دڵی دوژمن

ئەبو بەسیر: دروستبوونی یەکە پارتیزانیەکان لە دەرەوەی دەوڵەت

٢٢-لەشێوەی بیست ودووداِ ئیسلام

مەفرەزەیەکە کەلە بەرمەرجی قورەیش پێشەنگی ئیسلام ناتو انێ ئەبو بەسیرلەباوەش بگرێ و بە فرمانی ئەو ماڵێکی پارتیز انی بۆخۆی وهەواڵانی لەو چۆڵەو انیە پێک هێناوە.

مەرجە گر انەکانی قورەیش وای لە مسوڵمانەچەوساوەوژێردەستەکانی مەکەکە کردکە دوورکەونەوەلەمەکەومەدینەولەلایەڕێک ماڵێکی بچکۆڵانە بۆ ئیسلام پێک بێنن،ئەمەش تاکوبۆ هەموو سەردەمەکان ببنە پێشەنگ کە جاری و ایە پێویست دەکالەگەڵ بوونی دەوڵەت وخیلافەی ئیسلامیش کۆمەڵێک مسوڵمان ناچاردەبن کەبگەڕێنەوەقۆناغەسەرەتاکانی ئیسلام وماڵێکی سەرەتایی بۆئیسلام بنیات نێن لەتەنیشت ماڵە گەورەکەی ئیسلام کە هیچ پەیوەندیەکیان نەبێ.

ئەم کۆمەڵە پارتیز انیەی ئەبووبەسیرلەکەناری دەریا پێکی هێناوپێغەمبەریش ﷺ ئینکاری نەکرد پێشەنگە بۆهەموو ئەودەستەوتاقم وسریەپارتیز انانەی کەلێرەولەوێ لەگەڵ بوون یان

نەبوونی خلافەودەوڵەتی ئیسلامی دروست دەبن،بەومەرجەی جەنگ لەگەڵ وڵاتی ئیسلام نەکەن..

دەبێ مسوڵمانان بزانن کەجاری و ایە دەوڵەتی ئیسلامی وخەلیفە وکۆمەڵەیەکی ئیسلامی لەقۆناغی ئۆپۆزسیۆنیدابێ یان دەسەڵات، بەرژەوەندی قەوارەکەوبانگەوازوادەخوازێ کەهەندێ کەسی وەک ئەبوبەسیروئەبوجەندەل بەبەرچاوی پەیامبەرﷺ

و هەزاران مسوڵمانەوە دەرکرێن وزنجیرکرێن وئیسلامیش نەتوانێ جگەلەدوعاونزاهیچیان بۆبکا..

مەلاعومەری تالیبان کە لەشەرع شارەزابوو ایە زۆربە ئاسانی ئوسامەوقاعیدەی ڕادەست دەکردن وەک ئەبوجەندەل،یان وەک ئەبووبەسیرلەوڵاتەکەی دووری
دەخستنەوەونەدەبوەهۆی ئەوەی نەهامەتی شەڕێکی بیست ساڵە بەسەرگەلەکەی بێنێ.

دەبێ مسوڵمان لای ئاسایی بێ کە سەرکردەی مسوڵمانان پشتی بەرداوبۆ بەرژوەندی ئیسلام وازی لێ بێنێ وتەنیا دوعای بۆ بکا،ئەمە پێچەوانەی دۆستایەتی نیەوولائیش نیە بۆ کافرەکان.

مووتە: یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسلام لەگەڵ ئیمپراتۆریەت

٢٣--لەشێوەی بیست وسێ ئیسلام

سوپایەکی سێ هەزارکەسیە ودەچێتە جەنگێک لەگەڵ وڵاتێک کە نیوەی گۆی زەوی لە ژێردەست دایە،سێ فەرماندە بۆ ئەوسوپایە دیاری کراون.

پەیامبەرﷺ سریە وسوپای زۆری بۆتەمێ کردنی دوژمنانی بەرێ کردوون لەماوەی ئەوحەوت ساڵە.

بەڵام من ئەم نمونەم هەڵ بژارد چونکە گەورەترین سریەیە کە پێغەمبەرﷺ بەڕێی کردبێ، وسێ کەس لە خۆشەویسترین کەسەکانی کردە فەرماندەودڵنیاش بوو کەهەموویان شەهید دەبن وڕووبەڕوو بوونەوەڕوودەدا، وەخالید کەچەندڕۆژبوو مسوڵمان بووبوو لەگەڵ ئەوسوپایە ناردی کەئەوەیەکەم جاربووخالدشمشربۆئیسلام لە کێلان دەرکێشێ.

هەموو سریەکانی ترکەدەنێردران بۆ قوڕەیش ونەجدوجولەکەکان بوون، بەڵام ئەمەتاکە سریەیە کە لەژیانی پێغەمبەرﷺ نێردرابێ بۆڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆم.

بێگومان هەریەکەیەکی ئیداری وکارگێڕی وبەڕێوەبردن جاسەربازی بووبێ یان کۆمەڵایەتی وسیاسی وبازرگانی وبانگەوازی کە لەسەردەمی پێغەمبەردابووبێ وئەوئاڕاستەی کردبێ ولەکارەکانیان ڕازی بووبێ ونکولی لێ نەکردبن، ئەوهەموونەویەکانە وەک دار الاسلامێکی بچوکن، لەتەنیشت ماڵەگەورەکەی ئیسلام ،وەهەتائیسلامیش بمێنێ مسوڵمانان لەهەموو جیهان دەتوانن بەپێی بارودۆخی نزیک لەونمونانە ئەویەکانە بۆخۆیان بکەنە پێشەنگ وئەم یەکە ئیماندارانەی یاوەرەکان وەک لەفەرمودەدا هاتووە :اصحابي كالنجوم بايهم اقتديتم اهتديتم=یاوەرانی من وەک ئەستێرەن لەتاریکەشەودا شوێن هەرکامێکیان بکەون ڕێنمایی کراودەبن..

سەرکردەکانی ئەم جەنگە سێ خشتی بناغەی دەوڵەتی ئیمان بوون، عائشە لە ئەسەرێکدا دەڵێ ئەگەرزەیدی کوڕی حاریسە لەژیاندابو ایە دەبووەیەکەم خەلیفە، زەید ئەمینداری پەیامبەرﷺ

بوو بۆ هەمووکارە قورسەکان، لەگەڵی بوو لە هەموو گەشتەکانی بانگەوازلە لەمەکەوتائیف، لەکاتی کۆچدا هێنانی کچەکان وسەودەی خێزانی بەوسپاردبوو، لەکاتی کۆچی زەینەبی کچی ،زەیدی نارد تالەگەڵی بێ،سەرکردایەتی زۆرسریەو ئۆپراسیۆنی گرنگی بەزەید دەسپارد ،لەگەڵ ئەوەی ئیسلام وپەیامبەرەکەی ﷺ پێویستی زۆریان بە لە ژیاندامانی زەیدی سەرکردەی ساتەسەختەکان وجەعفەری سەرکێشی جالیەی مسوڵمانان لەحەبەشە بۆدەیان ساڵ وئامۆزای پەیامبەرعلیه السلام وعبدالله ی کوڕی ڕەواحەی نەقیب وپێشەنگ وشاعیروئەدیبی ئیسلام بوو، بەڵام سەرمەشقی شەهادەتیش پێویستی بەوان بوو،بۆیە کرانە سەرمەشقی شەهادەت..

فەتحی مەککە: سەرکەوتنی لێبوردن بەسەر تۆڵەدا

سیاسەتی دڵبەدەستهێنان:

٢٤- شێوەی بیست وچواری کابینەی ئیسلام:

کاتێ قوڕەیش پێکهاتن وئاگربەستەکەی خۆیان لەگەڵ مسوڵمانان پێشێل دەکەن وهێرش دەکەنە سەرخوزاعە،پێغەمبەرﷺ نەی هێشت ئەم هەلە لەدەست بچێ وفەتحی مەککەی کرد ،بەفەتحی مەککە وکەوتنە دەستی قبلەی مسوڵمانان ومالی ئیبراهیم وئیسماعیل علیهما

السلام ،ئیسلام بووە هێزێکی ناوچەیی ،لەفەتحی مەکەدا چەندین و انەی لێبوردن وڕەوشت بەرزی ومیهرەبانی پێشەوای ئیسلام لە ئاشتی وجەنگدا دەرکەوت، پێغەمبەرﷺ

هەموو ئەو دوژمنە سەرسەختانەی کەدەریان کرد ولێیان داوشاربەدەریان کرد ،بەڵام ئەو داوای لێبوردنی بۆ دەرکردن وتۆڵەی لێ نەکردنەوە.

لەم وێنەیەدا پێغەمبەرﷺ وێنەی یوسف علیه السلام پێشکەش کرد لە لێبوردەیی وچاوپۆشیدا..

وەلەم فەتحەدا ڕۆداوی حاتەبی کوڕی ئەبوبەلتەعە ڕووی دا کە دەنگ وباس وهەواڵی فەتح کردنەکەی دابووە کافرەکانی قورەیش ،بەڵام پەیامبەرﷺ

تەنیاداوای ڕوونکردنەوەی هەڵوێستەکەی لێ کرد،ئەویش ڕوونی کردەوەو نەسزادراو نەتۆمەتی ناپاکی درایەپاڵ..

لەدوای ئازادبوونی مەککە تائیفیش ئازادکراوبەم شێوە دوای ٢١ ساڵ لەهاتنی ئیسلام هەموو ناوچەو ویلایەتی حجازبووبە موڵکی ئیسلام ...

چۆن دەوڵەت دڵەکان دەکڕێت؟

فقهی پێویستی: کاتێک حوکم بە شوێن بارودۆخ دەگۆڕێت

٢٥-لە شێوەی دار الاسلامی بیست و پێنج:

لەکاتی دابەش کردنی دەستکەوتی هەوازنەکان ،کۆمەڵێک لەو سەرۆک خێڵانەی نەجد وحجازومەککە وتائیف ئامادەی جەنگەکەبوون، لەکاتی گەرمەی شەڕلە و انە بوون کە پشتیان هەڵکرد،ئەنسارەپشتیو انەکان کەلەخۆشی وناخۆشی هەمووکاتێ دڵسۆزوپشتیو انی ئیسلام بوون لەبەرەی پێشەوەبوون، کاتێ دەستکەوت وئەنفالێکی زۆرکەوتە ژێردەستی پێغەمبەرﷺ ،ئەو دەیز انی کە ئەوهەموو ناوچەوشاروشارۆچکانە کەلە چەندڕۆژێکی کەم هاتوونەناوئیسلام ،لەکاتێکدابە٢١ ساڵ چەند هەزارکەسێکی دڵسۆزی پێکەوەناوە، بۆیە ئێستاکەبیەوێ ئەو خەڵکەودەیان ناوچەبپارێزێ ولێی هەڵنەگەڕێنەوە دەبێ
ئەوچەندهەزاریارەدڵسۆزەی هەیەتی بخاتە مەترسیەوەو دوورنیە ئەزمونی تاڵی مەعونەوڕەجیع دووبارەبێتەوە، بۆیە پێغەمبەری لێزان وحەکیمﷺ هات بەودەست کەوتانە دڵی سەرۆک خێڵ و

کەسەبەناوبانگ ودەسەڵات دارەکانی ڕازی کردو هیچ لەودەستکەوتەی نەدایە ئەنسارە پشتیو انەکان، تاکوئەم شاروناوچانە متمانە بەئیسلام بکەن وهەڵنەگەڕێنەوەو پێویست نەبێ ئەنسارەکان لەوناوچانە بەجێ بێڵێ، بەڵام ئەم بڕیارە لەسەردڵی ئەنسارەکان زەحمەت بوو، چۆن ئەنفال لەسوڕەتی ئەنفال بەدەقی ئایەت، بەپێی دەستور بەشکراوە،مافی موجاهیدانە ،ئەی بۆ هەموو درایەکەسانی تر؟ ئایائەمە پێشێل کردنی دەستورنیە؟

پێغەمبەرﷺبە گۆتارێکی گەرم وگوڕ سەرەتا سەرکۆنەشی کردن ،فەرموی ئەنسارینە ئەوەچیتانە؟ گومڕاوسەرلێشێواووپەرتەوازەنەبوون بەهۆی منەوە بوونە برای یەکتروڕێنمایی کراو وکۆک وتەبا؟؟

فەرمویان بەڵێ و ابوو هەرتۆخاوەن منەت وچاکەی بەسەرمانەوە.

ئەوجاکەزانی هەرسەربازەدڵسۆزەکەی جارانن ودنیا ودەستکەوت نەیەژاندوون، فەرمووی خۆدەتان تو انی پێم بڵێن:ئەی تۆش دەرکراوو بەدرۆخراوەوبێ کەس وبێ شوێن نەبووی کە ئێمە باوەڕمان پێکردی وجێمان کردیەوەوبوینە پشتیو انت؟

ئەوجار ئەنسارەکان بەگریانەوە هەرفەرمویان اللە وپەیام بەرەکەی خاوەن چاکەومنەتن بەسەرمانەوە،بۆیە پەیامبەرﷺ دوعای بۆخۆیان وکوڕونەوەکانیان کرد کە بکەونەناومیهرەبانی وبەزەیی اللە .

پەیامبەرمان ﷺ بەهەستی دووربینی زانی کە ئەم قورئانەکەدەستورێکە شەش هەزاربەند وبڕگەیە،ئەگەر چاوپۆشی لەچەسپاندنی دە دوازدەبڕگە بکرێ تاکو کۆمەڵگا ی تازەمسوڵمان بوو ڕام بین وياخی نەبن وچارەنوسی هەرشەش هەزاربڕگەکەی دەستورەکەنەخەنە مەترسیەوە، ئیمامی ئومەت،پێشەوای عادل ئەم مۆڵەتەی بۆهەیە، ئەم کارە کە پێشەوای دین کەقورئانی بۆهاتووە نەیکا کەس ناتو انێ بیکا، بۆیە ئەم ڕێساو چەسپاندنە کە لەم سەردەمە پێ دەڵێن تیۆرو گریمانەی سەروەری، لە پێناوی سەروەری دا بەشێک لەدەستور هەڵدەسەپێردرێ، هەروەک ئەم سونەتە پیرۆزەوهەروا کردەوەی عومەرکەلەساڵی برسێتی دەست بڕینی ڕاگرت ولەسەرسنوری ڕۆم جەڵدەلێدانی زیناکاری ڕاگرت تامسوڵمانی ئیمان لاوازشەیتان فریوی نەداولەترسی جەلدە لێدان هەڵبێ بۆناوڕۆمەکان.

جیهانبینیە ناوازەکە لەگەڵ ئیمپر اتۆریە جیهانیەکی ڕۆم ڕووبەڕوو دەبێتەوە تابیسەلمێنێ کە ئەوەی جەنگ دەکا جیهانبینیە نەک چەک وهێزی سەربازی

٢٦-لەشێوەی دارالاسلامی بیست وشەش.

هەندێک جاران لە جەنگە یەکلا کەرەوەکان پێغەمبەرﷺ بۆخۆی سەرکردایەتی سوپای دەکرد و نوێنەرێکی خۆی لەسەر مەدینەوبۆ پێشنوێژی دادەنا لەوجەنگانەی کە پێغەمبەرﷺ تێیاندا دەرکەوت جەنگی تەبووک بوو کە کۆتا جەنگی مسوڵمانان بوو ،ئەم جەنگە بەوەجیادەکرێتەوە کە بۆڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆم بوو، وەگەورەترین ژمارەی سوپای ئیسلامی بوو کەدەهەزاربوو، لەدوای گەڕانەوەی بۆ مەدینە کە هاتەوە مزگەوتی زیڕاڕی دووڕوەکانی ڕووخاند ، وەک پێشەو ایەک علی لەشوێنی خۆی دانابوو ،بەڵام هیچ سەرکۆنەی نەکرد کە بڵێ بۆچی هێشتویەتی دووڕوەکان پەرتەوازەیی بنێنەوە.

بەکورتی کەلەناوشاردابو ایە یان سەرکردەی لەشکر،پێغەمبەرﷺ جو انترین نمونەی سەرکردایەتی وسەرمەشقی پێشکەش بە شوێنکەوتو انی دەکرد..

ڕێساکانی پەرستن و دیاردەوبەهەرەکانی بوونەوەرخوازیاری هاوسەنگین :

٢٧-لە شێوەی بیست وحەوت دائیسلام چەند ڕێسایەکمان دەداتێ وپێمان دەڵێ کە بوونەوەرو دیاردەکان وبەهرەکان لەبونەوەردا بەدادگەری دابەش کراون ئەگەرکردەوەی کەس ووچین وتوێژو پێک هاتەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئەم تەرازوە تێک نەدا.

پێمان دەڵێ ئەگەردەوڵەمەندانی کۆمەڵگا چاوی سۆزوویژدان وبەزەیی وهاوکاریان لەهەژارانی کۆمەڵگابێ،ئەوەچاوەکانی ئاسمانیش بەهەمان شێوە دەڕو اننە پێدەشت وبان وکێڵگەکانی زەوی وتێر ائاویان دەکەن،ئەگەرهەژاران بەدڵ ودەروونێکی باش ودوورلە چاوچنۆکی وئیرەیی وڕژدی وحەسودی سەیری دەوڵەمەندان بکەن، ئەوە زەوی وکێڵگەوباخچەکانیش بەهامان شێوە پێشوازی لە باران وخێزاوی ڕووبارەکان دەکەن و بەڕەنگی ئاڵاوڵاوە بەدەم بارانی ئاسمان وڕووبارەکانەوە پێدەکەنن ودەبوژێنەوە.

کاتێ کۆمەڵگا داوێن پاک وبەتەنگ یەکترەوەبوون ودەستباریان لەگەڵ یەکترگرت ونەهێڵرا کەس لە هیچ ڕویەکەوە پێویستیەکی ناچارکەری هەبێ، نەلەڕووی لاشەیی وئابووری ونەلەڕووی ڕوحی ونەلەڕووی زانستی ونەلەڕووی کۆمەڵایەتی،ئەوکاتە ئەوان ڕانوێنراون وئەوەی لەسروشتە لەدیاردەکانی بوونەوەرئاوێنەی کردەوەکانیانە، ئەوئاوێنەش وێنەیەکی پڕادوبەزەیی وبەخشندەییان پیشان دەداودنیایان پێش بەهەشت بۆدەبێتە بەهەشت.

چاکە وبنەماکانی شەرع وعەدالەت بەهەموو لایەکان دەکرێ، چینێک لەڕووی فکروزانست پێویستی بەچینێکی تر،بەرامبەربەمەش ئەوچینە پێویستی ئابووری بە چینەکەی تر.

هەیە لە زانست دەوڵەمەندە،هەیە لەڕوحانیەت،هەیەلەڕووی کۆمەڵایەتی،هەشە لەچەند ڕووێک لەمانە، شەرع بۆهەموونەمانە هێڵی گشتی تۆکمەی کێشاون، ئەوەی ڕەزیل بێ بۆبەخشینی زانستەکەی بەڕێشمەی ئاگرین لغاودەکرێ،ئەوەی لەڕووی ئابووری ڕەزیل بێ ئەوەبەزێڕەکانی داخ دەکرێ،ئەوەی لە ڕووی ڕووحی چروک بێ ئەوە ئاگری دۆزەخی پێ خۆشدەکرێ،ئەوەی لەڕووی کۆمەڵایەتی خاوەن کێ وژن بێ وبتوانێ چەند ماڵ ئاوەدان کاونەیکا،ئەوەباچاوەڕێی ئاشوب وفیتنەی گەورەبکاو ئاشوبی گەورەش هەرزیناوداوێن پیسی وتێک چوونی شیرازەی کۆمەڵایەتیە کەهەم لەدنیا چەندان دەردوبەڵاومەینەتی دێنێ وچارەنوسی ئاخیرەتیشی ناوتەنوری جهنم وبە ئەندام هەڵواسرانە.

هەمووئەوانە دەیانتوانی بەوەی پێیان دراوە لە پێشەنگانی خەڵکی بەهەشت بن،کەچی بەبەهرەکانیان بوونە دۆزەخی.

نوێژی باران وچوون بۆحەج وبۆجیهاددەبێ سەدەقەودانەوەی مافە مادی وکۆمەڵایەتی وز انستی وڕوحیەکانی پێش کەوێ، نوێژی خۆرومانگ گیران یش هەروا،چونکە ئەوانە هۆشدارین بەوەی کەهاوسەنگی کۆمەڵایەتی خەڵک تێک چووە بۆیە ئاوێنەی دیاردەکانی بونەوەریش وێنەکەبەوشێوەنیشان دەدەن، بێ بارانی وگرانی خۆرومانگ گیران دەردەخەن، بۆیە بۆخۆرومانگ گیران فەرمودەکە بەئەدەبەوەباسی زینالەگەڵ کەسانی نامەحرەم لەخوشک ودایک وپورو،،،هتد دەکا.

شەش پایەکانی ئیمان وپێنج پایەکانی ئیسلام ودووپایەکانی ئیحسان هەموویان بۆهاوسەنگ کردن وهەموارکردن وتەندروستکردنی لایەنێک یان چەند لایەنێکی تاکەکان وپێکهاتەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتین وپابەندبوون پێیانەوەدەبێ ڕووکەشانە نەبێ وبزانرێ بۆچ مەبەستێک ئەم ڕێ وڕەسم وپەرستشانەدانراون ،کاتێ دەبینی ڕیزەکانی نوێژو وەستانی عرفات ڕوحی نەهێشتنی جیاوازی نەتەوەیی وچینایەتی وڕەگەزو زمان وفەرمانڕەواوفەرمانڕ کراو بنەبڕدەکا،کەواتە ئەوەی چووبۆئەودوو پیەرستشەولەودوومەبەستەی جێبەجێ نەکرد ئەوەنەنوێژی بەکۆمەڵی کردوەونەحەج.

ناسینی ڕوح ومەبەستەکانی بنەماکانی دین چارەسەرو دەرمانخانەی دنیاوقیامەتی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیە..

جیهان زیندانێکی گەڕۆکە بۆسەرپێچی کاران وتەنیا ئەو انەلەوزیندانەدەردەکەون کەبەڕاستی دەست بەئیسلامەوەدەگرن :

٢٨-لەنمونەی بیست وهەشتی ماڵی ئیسلام ،جیهان لە وێناکردنی ئیسلام زیندانێکی گەڕۆکە بۆ سێ یاوەرو سەحابە کەلە جەنگێک دواکەوتوون کەپێغەمبەرەکەیانﷺ داوای نەفیری گشتی لێ کردبوون وئەوان نەچوون، سەدان کەسی دووڕوو بە سوێندی درۆ خۆیان پەڕاندۆتەوە، کەچی ئەم سێ کەسە ڕاستگۆیە بەهۆی ڕاستیبێژی خۆیان لەلایەن گەرەک ومزگەوت وتیرەوبنەماڵە دەنگیان لێ وەرگیراوە، ژنەکانیان نێردراوەتەوە ماڵی باوکیان ،و ایان لێ هاتووە کەس نایاندوێنێ وکەس کارێکیان بۆڕاناپەڕێنێ، شاوسەرکردەکانی کافرەکان بەم دەنگ دابڕینەیان زانیوەو ئەم سێ کەسە بانگی لای خۆیان دەکەن.

ئەم هەموو مەینەتەبۆئەم سێ کەسەبۆچی؟ چونکە ئیسلام دینێکە بۆهەزاران ساڵ ودەیان سەدە، دەبێ لە ژیانی پێغەمبەرەکەی ویاوەرانی هەموو نمونەکانی بۆ هەموو چین وتوێژێک تێدابێ، ئەوەحوکمی دزی وبوختان وزینامان زانی ،ئەی سزای سەرپێچی سەربازی؟

وە ئەمە و انەیەکە کە سەربازەکان هەڵدەنێ لەسەرڕاستگۆیی ودڵسۆزی وئارامگری لەکاتی سەپاندنی سزادا، وەپێشمان دەڵێ کەسەربازی گوێڕایەڵ ودڵسۆز کەمترتوشی ئەوسزایە دەبنەوەودەگمەنن، چونکە ئەگەرکورتانی وشترەکەشیان هەڵگرتبێ وەک ئەبوزەڕ هەربە پێشەواکەیان دەگەن، بەڵام ئەوکەمەناوازە کەتوشی ئەوبارودۆخەدەبن دەبێ و انەیەک هەبێ لەژیانی پێشەوای مرۆڤایەتی ولەناوقورئانی کەتەلۆکی مرۆڤایەتیش چەندئایەتێک کەئەو بابەتە چارەسەرکەن،ئابەم شێوە دوای چەند مانگ لەم دەنگ دابڕانە ئایەتی تۆبە وەرگیرانیان بۆهات ولێبوردنی ئیلاهیان بۆدەرچوو وخێرو بەخشینی گەورەیان بەم بۆنەیەوەکردو خەڵکی دەستەدەستە پیرۆزبایی لێکردن.

خۆلەگەڵ ئەم سێ کەسە سەدان کەسی دەغەڵ ودووڕووش هەبوون کە لەوجەنگەدواکەوتبوون،بەڵام هاتن سوێندی بەدرۆیان خواردوپاساوی بەدرۆیان هێنایەوەو کەسیان سزانەدران لەدنیا، ئەمانە کەسانی زۆرینەن لە سەرپێچی کارویاخی لەدەستور کە بەرژەوەندپەرست وهەلپەرست ودرۆزنن، سزادانی هەموویان وادەکا ئەو دووڕو انە ببنەبەرە دژی مسوڵمانان کە ئەمەش دەیانکاتە قەوارە،بەڵام کە پشتگوێ بخرێن ئەو انەهەمیشە لەبەربەرژەوەندی پەرستی لەگەڵ یەک ناکۆکن ونابنەبەرەی دژبە ئیسلام.

ئەم سێ کەسانە نمونەی ئەیوب علیه السلام پێشکەش دەکەن وئارامی خۆگری لەسەربەڵاو مەینەت زۆرلەنەخۆشی زەحمەتترە..

٢٩- لەکۆتا وێنەی ماڵی ئیسلام دا تەواوترین وێنەی ئیسلام ولوتکەوچڵەپۆپەی ئیسلامە، جیهادی هێرش کردن وجیهادی فەتح وتەلەب لەم قۆناغەدا دەبێتە ئەرک،ئەوەیە فەرمودەکە دەفەرموێ جیهاد لوتکەی هەرەبەرزی ئیسلامە، و اتە تانەگاتە ئەوقۆناغە ئەم جۆرەجیهادەنابێتە ئەرک.

ئەم سەرکەوتن وئارام گرتن وکۆمەڵگاتۆکمەی لەنمونەکانی پێشوو باسمان کرد چەندین سەرکەوتنی گەورەی لەگەڵ خۆهێنان،ئیسلام گەیشتە عەممان ویەمەن وبەحرێن ونەجد وئیحساو تەبوک وسەرسنوری شام .

تەواوی دورگەی عەرەبی کۆنترۆڵ کراوەونەقورەیش ونەجولەکەو هاوپەیمانانیان نەماون وئیسلام حاکم وفەرمانڕەوای ناوچەکەیەوپەیامی بەجیهانی بوونی گەیاندۆتە پاشاو سوڵتانەکانی جیهان وهەموو لایەنە پەرستش و سەوداو بنەمایاساییەکان تەواوبوون و بەئایەتی الیوم اکملت لکم دینکم ،دینی کامڵ وتەواو لە پڕەنسیپ وپڕاکتیزەکردن هاتووە..

نێردەو وەفدی تیرەوخێڵە عەرەبەکان ووکەمینە دینیەکانی جولەکەومەسیحی نەجران وپاشاکانی ناوچەکە پۆل پۆل دێن و ئیسلام زۆربەخێر ایی ئاسۆکانی فراوان دەبن، لە گوتاری حەجی ماڵئاو ایی هەرجی دیاردەی هاوبەش پەرستی و وێنەوپەیکەرپەرستیە لابراوەوژمارەی یاوەران بۆیەکەم جارسەدهەزاری تێپەڕانووە ووتارەبەناوبانگەکەی حەجی ماڵ ئاو ایی ڕێساگشتیەکانی دینەکەی زیاتربەجیهانی کردوە،

پێشەوامانﷺ بەگوێی هەمو انی داداوەکەئیسلام پەیامێکی جیهانیە،بنەماو ڕێساکانی بۆ سوڵتان وئیمپر اتۆرەکان ڕوون کر انەوە، اللە بنیاتی یاسایی وشەرعی وبیروباوەڕی عەقیدەیی تەواوکرد، ئەمە کۆتانمونەی شێوەی کاملە بۆ دارالاسلام وفەرمانڕەو ایی وحوکمڕانی وپەرستش وسەوداومامەڵە وئاڵوگۆڕەکانی ئابوری ودیاردەکۆمەڵایەتی وهزری وڕۆشنبیریەکانی.

لەم بیست ونۆ وێنەیە تەنیاکۆتا دیمەنیان ئیسلامی تەواوە وکاملە، پێغەمبەر ایەتی وپەیام وشەرع لە نمونەی ٢٩ تەواوبووە ،لەنمونەکانی پێش ئەو دارالاسلام وشەریعەت ویاساکان

وێنەمبەرێتی جارێ ناتەواون ،کامڵ نین ،بەڵام ئایا دەبێ مسوڵمان هەرلەسەرئەودوا نمونەی٢٩ ڕاوەستێ بەلەوەکەمترڕازی نەبێ؟

مێژوو و ئێستاو ڕەوتی کرداری ئیسلام پێمان دەڵێ ،کە دەیان جار ئیسلام وداڕەکەی وحوکمەی گەڕاوەتەوە داری ئەرقەم وئەشکەوتی حەڕاو خۆی لەماڵی خەدیجەکان داپۆشیوەولەشیوی ئەبوتالیب چۆتە پەنای ئەبوتالیبە موشریکەکان وجارجارەش حکومەتی دەستوری لەگەڵ جولەکە وجگەلەو انیش پێک هێناوەو شان بەشان جولەکەوگاورەکان شەڕی مەغۆل و سۆڤیەتیان کردوە و،،،هتد

هەروا پەیام بەریشﷺ هەواڵی ئەوەی پێداوین کە ئیسلام نامۆدەبێتەوەو وەک ماردەچێتەوە کونەکەی خۆی ودەسەڵاتی نامێنێ و دەبێتە دەستەو تائیفە وکەمینە و،،،هتد.

کەو اتە ئەو پارت ودامەزراوەوبانگەوازانەی دەچنە ناوڕەوتی سیاسەت و باوەڕبە تداول و دەست بەدەست کردنی دەسەڵات دێنن، لە سەرئەم نەخشە ڕێگایە ،کە حاکم بوون ئەوە پێشەنگیان حوکمی هاوپەیمانی جولەکەو پێغەمبەرە، کەسەرنەکەوتن ولەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی جیاوازلەخۆیان بوون ئەوە لەدۆڵی ئەبوتاڵیبن ،وەکەلەتاراوگەبوون ئەوەلەگەڵ جەعفەرن، وەک لە شەڕی پارتیزانی دابوون لەگەڵ ئەبووبەسیرن،،،هتد..

بەکارهێنانی فۆرم وشێوەبەڕێوەبردنەکانی دیموکراتی ولیبراڵی وسەرمایەداری ودەرەبەگایەتی وپارێزکاری وسۆشیالیزمی وکۆمۆنیزمیش لەم چوارچێوەدایە، پێویستە وەک چۆن کە پێشەواکەمانﷺ ویاوەرانی دەیانزانی کە دەمارگیری بنەماڵەی هاشمیە هاوبەشی دانەرەکان بۆ پێغەمبەرﷺ ویارانی بۆ قیامەت هیچ سودێکی نیە کە ئیمان نەهێنن، بەڵام لەڕووی دنیایی نابێ هەڵس وکەوت ونەیاری مسوڵمان لەگەڵ ئەوناوەندە کافرەوهاوبەشی دانەرەی کە ئازادیت دەداتێ بۆبانگەوازوەک ئەبوتالیب بەرگریت لێ دەکا نابێ وەک ئەبو جەهل وئەبولەهەب وئەو ڕژێمە نەیارانە ودەوڵەتە دژانە هەڵس وکەوتی لەگەڵ بکەی کەهەموو ئازادیەکی بانگەوازکردن وچالاکیەکی دینی دەخنکێنن وهیچ بواری نادەنێ،ئەوەتا پێغەمبەرﷺ تادواهەناسەی ئەبوتالیب بانگی دەکابۆ ئیسلامەتی، ئەبودوغنە کەلەدوای مردنی ئەبوتالیب پەنای داوە ،لەبەدردەفەرموێ کەئەبودوغنە زیندوو بو ایەوداوای ئازادکردنی ئەم دیلانەی بکردایە هەموویانم بۆ ئازاد دەکردن.

لەم سەردەمەشدا ئەوڕژێم وشێوەبەڕێوەبەری وسیستەمانەی باسمان کردن کەبەکەڵکی هەریەکێک لەوشێوانە هاتن بامسوڵمانیش بۆی دڵسۆزبن، بەڵام دڵسۆزیەکەیان لێ نەبێتە

بیروباوەڕوبنەما،دڵسۆزبن بۆ دیموکراتیەت ولیبڕاڵی وەک چۆن ڕێبوارێک دڵسۆزە وبەتەنگ ئەوپێڵاو انەوەیە کەلەپێیان دەکاودڵسۆزە بۆوگوێدرێژەی سواری دەبێ،چونکە بێ ئەوان ناتو انێ ڕێ بکاوشەولەوبیابانە گورگ دەی خوا،کەلەناوجەرگەی نەفامی وستەمی مەکە دورگەیەکی دەمارگیری تیرەگەری دەبێتە هۆی پاراستن ومانەوەوقۆناغ تێپەڕاندنی پەیامبەروئیسلام وشوێن کەوتو انی،کە ئەبوتالیب دەمرێ بۆی خەمباردەبن.

کۆمەڵێکی ترلەژێربڕاڵی نەجاشی یەکی مەسیحی دەحەوێنەوەوکاتێ نەجاشی توشی شەڕدەبێ خەمباردەبن ودوعای سەرکەوتنی بۆدەکەن. لەمڕۆشدا بەهەمان شێوە مسوڵمانانێک لەئەوروپا وئەمریکاوئوسترالیالەژێربڕاڵی چەندپرەنسیپ وياسایەک حەواونەوە، یان لەوڵاتەکانی خۆیان چەند یەکەیەکی ئیداری وبەڕێوەبردن هەیەوو ڵاتەکان وەک شیوی ئەبوتالیبیان لێ هاتۆتەوە.

کاتێ یەکێ لەیاوەران دەچێتەحیرەودەبینێ زەردەشتیە مەجوسەکان کڕنوش بۆ مزربانەکانیان دەبەن، ئەوهەرچەندە قورئانیشی خوێندۆتەوە کەسوجدەبۆ جگەلەالله نابێ، بەڵام پاڵنەری لاسایی کردنەوە ئەم ڕاستیەی لەبیردەباتەوەودێ سوجدەبۆ پەیامبەرﷺدەبا.

پەیامبەری مامۆستای مامۆستایان ﷺ بە سەریدا ناشیرێنێ وکافری ناکاوناڵێ تەڵاقت کەوت ولەئیسلام دەرچووی، بەڵکوتەنیا بنەماقورئانیەکەی بیردێنێتەوە کەلەدینی ئیسلام سوجدەوهەموو عیبادەتێک تەنیابۆالله یە .

لە چیرۆکی زات ئەنوات کەپەرستراوێکی سەردەمی نەفامی بوو، هەندێ لە سەحابە داو ایان کرد ئەو انیش زات ئەنو اتیان هەبێ، پەیامبەرﷺفەرموی ئێوەش وەک بنەماڵەی ئیسرالیەکانتان گوت کەئەی موسا وەک چۆن ئەوکافر انە پەیکەروپەرستراویان هەن، بۆئێمەش شتێکی لەوشێوە بڕیاربدە.

بەڵام موسا فەرموی ئای کەچەندگەلێکی نەفامن!!

ئەمەشێوازی ڕاستکردنەوەی ناڕاستەوخۆی هەڵەیە بەچیرۆک وسەرگوزەشتەی ڕابردوان ،کە ئەو انە تێدەگەن کەئەوهەڵوێستەوبکەر انی لەمێژوواسەرکۆنەکراون بۆیە داواکەی ئەمانیش داو ایەکی هەڵەوناڕەو ایە..

بەڵام بۆوڵامی ئەوپرسیارە کەچۆن دوای دابەزینی گشت بنەماکانی دین وکامڵ بوونی شەرع،ئێستا ئوممەت بگەڕێتەوە قۆناغی مەکی؟ ئەی ئەو حوکمەشەرعیانەی وەک نوێژەکان

بەکۆمەڵ وجومعەورۆژوو وحەج وجۆرەکانی کڕین وفرۆشتن وحەرام بوونی ڕیبا ومەی وگۆڕانی قیبلە وقۆناغەکانی فەڕزبوونی جیهاد چیان بەسەردێ؟؟

بۆ ئەمەش دەڵێم ئەم حوکمانە هەرلەناو کۆمەڵگای ئیسلامی ئەم ڕاگرتنەیان تێکەوتووە، بۆنمونە لە ڕۆژهەڵات ورۆژئاوای جیهانی ئیسلامی وگشت جیهانیش باشترین تۆڕی کۆمەڵگاودیندارترینیان توشی مەینەتی زیندان بوون،ئەو انەی توش بوون زۆریان خاوەن سامانیش بوون، لەوماوەیەدا جومعەو نوێژی جەژن وحەج وجیهاد وزەکات دان وزۆر حوکمی شەرعی ترکەنەیانتوانی جێ بەجێ بکەن ،ئەمانەهەروەک گەڕابنەوە پێش شیوی ئەبوتالیب وهێشتا لەماڵی ئەرقەمن و ابوو کەهیچ شتێکیان بەویستی خۆیان نەبوو،لەمەشدا ڕێسای زەروورە وپێویستەکان کەلەناوقەواعیدی فقهی دایە ئەمە دەگرێتەوە.

ئەم حوکمانە تەنیاهەرلەسەردیل وزیندانیەکان نا،بەڵکوملیۆنەها ئاوارەی لەوڵات هەڵکەناو لەوولاتانە بۆوڵاتێکی تر،یان لەشارێک بۆشارێکی تر،یان ئاوارەی ئەوروپاوئەمریکاوولاتانی ئاسیابوون، دیسان ئەوانیش ناتوانن حەج بکەن، ماڵیان تەجمیدکراوەوناتوانن زەکات بدەن، ئەمانەش هەروەک پێڕەکەی ئەبوبەسیروئەبوجەندەلن وتەنیاخۆیان دەربازبوون.

یان نەفی کراون لەوڵاتەکەیان لەژێرئیقامەی بەزۆری دان،ئەمەش وەک یارانی جەعفەروان لەحەبەشە، لەپەرستش وکڕین وفرۆشتنیش

لا یکلف الله نفسا الا وسعها..

ئەمەش ڕێسایەکی تری ڕێسا فقهیە گشتگیرەکانە.

بەم شێوە پەیامبەر صلی الله علیه وسلم

نەخشەڕێگای تەواوترینە بۆهەموو قۆناغەکانی هەموو چین وتوێژونەتەوەو پێک هاتەکان لەهەموو کیشوەرەکان.

،بەم تێڕو انینە جیاوازی مسوڵمانان ڕەحمەتە وکاری یەکترتەواودەکەن.

جیاوازیەکەیان بەپێی ئەو بارودۆخانە وچۆنێتیانە کەئەو انی تێدان ولە وێک چوترین شێوەلەو ٢٩ شێوەی باسمان کرد لەگەڵ قۆناغی ژیانیان ،یان یەک دوو شێوە تێکەڵ دەکەن ،بەپێی ئەوقۆناغ وبارودۆخەی تێیدان،چونکە پەیامبەری سەرمەشقمان ﷺ

نەخشەڕێگەی هەموو انە،ژیانی هەموو ان لە خۆدەگرێ،پازدەسەدەیە نەک هەرئوممەتەکەی بەڵکو هەموو قەوارەودامەزراوەکانی مرۆڤایەتی بەدەرنین لەیەکێک لەم حاڵەتانە،چونکە موحممەد ﷺ

نەخشەڕێگای هەموو مرۆڤایەتیە بەهەموو ژیاروشارستانی وپێک هاتەکانی..

بۆیە هەموو مرۆڤایەتی لەم وێنەوهەڵوێستانەی ژیانی پێشەوامان ﷺ دەرناچن، ژیانی ئەو هەموو وێنەو شێوەکانی دامەزراوەکان وپارتەکان وکۆمەڵگاوتوێژونەتەوەکان وهاوپەیمان ودەوڵەتەکان لەخۆدەگرێ چونکە ئەو بە ڕەحمەت بۆ هەردوو جیهان نێردراوەبۆ پێشەنگی گشت مرۆڤایەتی.

ئەگەرلە تێڕو انینی دەلاقەی مەبەستەکانی شەرع پێو انەیەکمان بۆ چۆنێتی ئیسلامی بوونی دەوڵەت وحوکمڕانیەکان دەست کەوتبێ،ئەوەلە وێستگەکانی ژیانی پێشەوامانیشﷺ ئەم تێڕو انینە بۆ چۆنێتی ئیسلامی وشەرعی بوونی دەوڵەت وفەرمانڕەوا تادەگاتە چۆنێتی ئیسلامی بوونی تاکێک وخێز انێک وبنەماڵەو خێڵێک وقوتابخانەیەک وجالیەیەک ودەستەوپارت وحزبێک وگەڕەکێک وگوندێک وشارێک وفراکسیۆن ومەفرەزەیەک وسەربازگەیەک ونۆرینگەیەک وز انکۆیەک وباوکێک ودایکێک وجگەرگۆشەوهاوسەرێک،،،،هتد دەست دەکەوێ.

هەموو ئەمانە کەی شایانی ئەوەن پێیان بگوترێ ئیسلامین ؟باخۆیان لەبەردەم ئاوێنەی ئەم بیست ونۆ خاڵەی ژیانی پەیامبەرﷺ ڕانوێنن تاکوبز انن کە ئیسلامین ولەسەرپەیڕەوی شەرعن یان نا؟؟

چونکەهێڵە گشتگیرو ڕێساوهاوکێشەکانی دین وشەرع کەم ودیاری کراون، بەڵام حاڵ وبارودۆخی خەڵک لەتاک وکۆمەڵکا لەژمارەنایەن، بۆیە دەبێ هەمیشە هەڵێنجەرو وڕوپێوو موجتەهید وموجەدیدەکان خەریکی قیاس کردن وهەڵێنجان وڕۆشنکردنەوەو لکاندنی ئەو ملیارەهاحاڵ وبارودۆخانە بن بەو چەند حوکم وڕێساوهێڵەگشتیانە ،بەمەش شەریعەت ودین نەمردەبێ وئیسلام نوێ دەبێتەوە،جائەم کارە لەئەنجومەنی ڕاوێژو دادگاوڕێکخستن وقەزاو یاسادانان وپەرلەمان دەکرێ ،هەرئەرکێک وقەدەغەکراوێک لەسەرخەڵک کەلەوئەنجومەنە بڕیاری لێ دەدرێ ڕوون دەکرێتەوە کەبۆ پاراستن وهێشتنەوەی کام لە مەبەستەکانی دین وشەرعە؟.

بوونی ئەوئەنجومەنانەو بوونی کەسانی شارەزاوموجتەهیدیش فەرزی کفایەیە ونەبوونیان وادەکاهەموو ئوممەت گوناهباربێ،چونکە بوونی ئەم یاسادارێژەهەموارکەرانە وادەکائیسلام بەزیندوویی وکارای بمێنێتەوەونەبوونیان دەبێتەهۆی مردنی ئیسلام.

بۆیەئەو انەی دژی بوونی ئەم موجتەهیدانەن ئەوەلەگەڵ دوژمنانی ئیسلام بەشدارن لەداڕوخاندنی ئیسلام ،وەئەو انەش کەهەوڵی پێگەیاندن ودروستکردن ونوسین لەسەرئەوپایە دەنوسن ئەو انە موجاهیدوو موجتەهید وخەباتکاری ڕاستەقینەن وڕێنمایی کراون...

لە دارالأرقەم بۆ دەوڵەت: گەڕانەوەی ئیسلام بۆ قۆناغە سەرەتاییەکان

پارتیزان، کۆچ، یان دەوڵەت؟ هەڵبژاردنی شێوازی گونجاو بەپێی بارودۆخ

ئیسلام و سیاسەت: مەبەست گرنگترە لە شێواز

موسڵمان لە ژێر فشاردا: فقهی زیندان و ئاوارەیی

نێوان دەستور و واقیع: چۆن شەرع خۆی گونجاو دەکات؟

مقاصدی شەرع: ڕووحی یاساکان نەک تەنیا دەقەکان

جیاوازی وەک ڕەحمەت: هەموو ڕێگاکان بە یەک ئامانج دەگەن

موجتەهیدان: پاسەوانانی زیندووی شەریعەت

ئیسلام وەک سیستەمێکی زیندوو: لە گۆڕاندا بەردەوام

ژیانی پەیامبەر ﷺ: نەخشەڕێگای هەموو قۆناغەکان

ئەم بابەتە هەوڵێکی قووڵ و تێڕوانینێکی فراوانە بۆ خوێندنەوەی ژیانی پێغەمبەر ﷺ وەک نەخشەڕێگایەکی زیندوو بۆ هەموو سەردەمەکان. لێرەدا ژیانی پێغەمبەری دابەش کردووە بۆ ٢٩ قۆناغ (وێنە)، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە ئیسلام تەنها لە حاڵەتی "دەوڵەتی تەواو"دا نییە، بەڵکو لە هەموو بارودۆخەکاندا (لاوازی، ئاوارەیی، ئۆپۆزسیۆن، هاوپەیمانی) مۆدێلێکی هەیە. کەواتە :

- **گشتگیریی ئیسلام: ئیسلام تەنها پەرستش نییە، بەڵکو سیاسەت، دەوڵەت، کۆمەڵگا و یاسایە.**
- **قۆناغبەندی: (پێگەیاندنی تاک، خێزان، کۆمەڵگا، پاشان دەوڵەت و خەلافەت).**

- نەرمی نواندن (المرونة): دەکرێت لە کاتی پێویستدا سوود لە سیستەمە مۆدێرنەکان (وەک پەرلەمان و دەستوور) وەربگیرێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی ئایین.

واقعبینانە" و "فقهی"یە. ئەو دەڵێت ئەگەر لە حاڵەتی لاوازیدایت، ئاساییە وەک قۆناغی "شیوی ئەبووتاڵیب" یان "ئەبووبەسیر" مامەڵە بکەیت. شەرعییەت دەدات بەوەی مسوڵمان لە هەر بارودۆخێکدا بێت (تەنانەت لەژێر دەسەڵاتی نادینیشدا) دەتوانێت مۆدێلێکی شەرعی بۆ خۆی بدۆزێتەوە.

- جەخت لەسەر "پاراستنی ئیمان و مانەوەی ئوممەت" دەکاتەوە لەناو گۆڕانکارییەکاندا.

کەواتە :

١. واقعبینیی سیاسی: کە مسوڵمانان نابێت تەنها چاوەڕێی "خەلافەتی کامڵ" بن، بەڵکو دەبێت لەناو دیموکراسی، ئاوارەیی، و تەنانەت زیندانیشدا، ڕێگایەک بۆ مومارەسەکردنی ئیسلام بدۆزنەوە.

٢. بەستنەوەی سیرە بە ژیانی مۆدێرن: بەکارهێنانی زاراوەی وەک (ئەنجومەنی ئاسایش، ئۆپۆزسیۆن، جالیە، پارتیزانی) بۆ ڕووداوەکانی سەردەمی پێغەمبەر ﷺ، وادەکات خوێنەری ئەمڕۆ ئاسانتر لە ئامانجە سیاسییەکانی سیرە تێبگات.

٣. نەهێشتنی توندڕەوی و بێ ئومێدی: نووسەر بەو ٢٩ خاڵە دەڵێت: "ئەگەر دەوڵەتیشت نەبوو، تۆ هێشتا هەر لەناو بازنەی ئیسلامیت و مۆدێلی پێغەمبەرت هەیە بۆ پەرەوکردن". ئەمە ڕێگری دەکات لەوەی گەنجان بەهۆی نەبوونی دەوڵەتەوە پەنا بۆ تووندوتیژی بەرن.

٤. چەمکی سەروەری و بەرژەوەندی: ئاماژەدان بە هەڵپەساردنی هەندێک بڕگەی دەستوور لەپێناو بەرژەوەندییەکی گەورەتر (وەک نمونەی دابەشکردنی دەستکەوتەکان لای پێغەمبەر ﷺ)، تێگەیشتنێکی قوواڵی "مقاصد الشريعة" پیشان دەدات.

سەرچاوەکانی ئەم چەمکە :

١-زاد المعاد في هَدي خير العباد
: شمس الدين، أبو عبد الله، محمد بن أبي بكر الزرعي الدمشقي، ابن قيم الجوزية
(٦٩١ - ٧٥١ هـ)

٢- تصرفات الرسول بالإمامة من حيث المفهوم والأنواع والتمييز والآثار

الكاتب : د. خليفة با بكر الحسـن

الجامعة القرويين . في المملكة المغربية

مؤسسة دار الحديث الحسنية

رقم 456، ملتقى شارعي النخيل والزيتون - حي الرياض – الرباط

رابط الموضوع :

%/https://edhh.ma/articles

القرآن الكريم

صحيح البخاري

كتاب بدء الوحي

كتاب المناقب

صحيح مسلم

باب الإسراء والمعراج

باب الإيمان

◆ دووەم: کتێبە کانی ژیاننامە

السيرة النبوية لابن هشام

سەرچاوەی سەرەکی بۆ قۆناغەکانی بانگەواز

الطبقات الكبرى

زانیاری ورد لەسەرهاوەڵان و قۆناغەکان

تاريخ الطبري

ڕووداوە مێژوویيەکان بە وردی

البداية والنهاية

فقه السيرة

الرحيق المختوم

زاد المعاد

چەمکی چوارەم :چەند پرس و وێستگەیەکی گرنگ لەجیهانبینی بۆ بنچینەکانی ئیسلام ناسیدا:

پەیام و بەرنامەودینەکانی ئاسمان هەموویان بۆ مرۆڤە پڕهۆش وگۆش وعاقڵمەندەکان هاتوون وهەمیشە چونکە مرۆڤ هەڵگری عەقڵە بۆیە هەمیشە ئەو مەبەست ودوێنراوو سەنتەری وەحی وشەرعەکان بووەوهەموو پەیام وپەیامبەرەکان بۆ نۆژەنکردنەوەوبەکارهێنانی ئەوتایبەتمەندیەی عەقڵە هاتوون کە مرۆڤ خاوەنیەتی، واتە هەمیشەوهەردەم نەقڵ گوڵێک بووە بەتەنیالەکۆشی عەقڵ هاویژراوە، ئەو چەپکەگوڵی نەقڵە کە پێشکەشی عاقڵ کراوە،بۆیە عەقڵیش بە گۆڕانی ژینگەودوروبەروکات وشوێنەکان ئینجانەوگوڵدانی جیاجیای بۆوچەپکە گوڵە کردوە، بێگومان کەعەقڵ لەسەرزەوی نەبوایە دڵنیابن یەک خونچەش لەم چەپکەگوڵی نەقڵەدانەدەبەزی بۆسەرزەوی، کەواتە باکەس هەوڵی ئەوەنەداکە چەپکەگوڵی نەقڵ لەئینجانەو مەشتەلی عەقڵ دەرێنێ وپێی وابێ ئەودەتوانێ خزمەتی بکا،چونکە لەوئینجانەی عەقڵەدانەبێ ئەوچەپکەگوڵی نەقڵە وشک دەبێ وهەڵدەوەرێ.

بۆیە لەم جەند پرسەدا هەوڵم داوە کە ئەو گۆڕانکاریانە پیشاندەم کەلە ئینجانەی عەقڵ ڕویانداوە،لەوەتی ئەم چەپکە گوڵەیان بۆهاتووە، ڕاجیایی ئێمە ی ئوممەتی محمد وبگرە هەموو مرۆڤایەتی هەموو بەهۆی ئەوگۆڕانکاریە

وردوشاراوەوپەنهانانەیە کەلە ئینجانەوکۆشی عەقڵ دا ڕویان داوەوهەندێ کەس ئەم گۆڕانانەیان لێ بۆتە بەشێک لە چەپکە گوڵەکە.

هەروەها نەناسینی یەکەم کۆشی کەچەپکە گوڵەکەی بۆهات کە رسولی ئەکرەمە علیه السلام وڕوپێوو لێکدانەوەی جزئی وبەشی بۆهەندێ بنەماگشتگیرەکانی وکورت هەڵێنانی بنەماگشتگیرەکان لە چەند تێگەیشتنێکی جوزئی سەرچاوەی زۆربەی تێنەگەیشتن وئاڵۆزی وقەیرانەکانی ئوممەتی ئیسلام ومرۆڤایەتین.

پرسیاری یەکەم:

تەفسیرکردنی (استوی) بە (ئیستیلا) وبەسەردازاڵ بوون لەخودی ئەبو حەسەنی ئەشعەری هوە(260 - 324ک) نەگێڕدراوەتەوە ،بەڵکوپێش ئەو شارەزایانی زمان وەک زەجاج وتەفسیرزانەکان وەک محمد کوڕی جریر الطبري (لە 310ک مردوە) گوتویانە یەکێک لە هاوماناکانی ئیستوا ئیستیلاو ئیستیحوازە واتە بەسەردازاڵ بوون وبۆخۆبەرکەنار کردن ،ئەی بۆ ئەشعەری لەم بابەتەداناوی دێ وئەم گووتە بۆپاڵ دەدرێتە لای ئەو؟

پرسیاری دووەم:ئەگەر ئیستیلا و ئیستحواز هاومانا بن ئەوانەی ئیستیلا بۆ الله سابت کەن دەبێ حەیز وگۆشەوجیهە وئاڕاستەشی بۆ سابت کەن،بەڵام ئەوان حەیز وجیهەتی بۆ بڕیارنادەن،ئایائەم بەریەک کەوتنە لەوەوە هاتووە کەئەوان نازانن هەرکەسێ ئیستیلا سابت کا واتە جیهە وئاڕاستەشی بۆالله بڕیارداوە؟

پرسیاری سێیەم :

زۆربەی زانایانی زمان وشارەزایانی زانستی تەوحید بۆیە لێکدانەوەی ئیستیوا بە ئیستیلا ڕەت دەکەنەوە ،چونکە دەڵێن الله هەموو کات وهەرلەئەزەلەوە بەسەرهەموو شتێکدا ئیستیلای کردوەوهەمیشە زاڵ بووە بەسەرشتەکان،بەڵام کە بگوترێ سەردەمێک بوو الله دەسەڵاتی بەسەرعەرش دانەبوو دواتر زاڵ بوو،ئەوەپاڵدانی دەستەوستانیە بۆ الله.

بەڵام لەدەستەواژەی تەوحیدیش هەمان واتاهەیە، زۆرلەزانایانی زمان اتحادوتوحیدیان بەوەلێک داوەتەوە کە الإِتِّحَادُ : صيرورة الشيئين الموجودين شيئا واحدا، التوحيد لەڕوی زمانەوانی: ((چاوگی وَحدَ يُوحِد،واتە جعل الشيء المتعدد واحِداً=شتەکەپێشدالەت وپەت وچەندین دانە بوو ئەو کردنی بەیەک))

هەربۆخۆی توحید لەبابی تەفعیل ە،واتە فیعل وکردەوێک بۆخۆی کارانەبوو،بەڵام کەسێک هات کارای کرد، لێرەدا ئەوکەسەی شتەپەرتەکان یەک دەخاتەوە هێزو ئیرادەیەکە لەدەرەوەی شتەپەرتەکان ،ئەودێ یەکیان دەخا،بۆیەهەمان پرسیاری ئیستیواوئیستیلا لێرەش ڕووبەڕووی ئەوانە دەبێتەوە کە باسی تەوحید دەکەن،کەمادام الله هەرلەئەزەلەوە واحد ە ئەی چ پێویستی بەتەوحیدویەک خستنە؟، خۆ الله هەرگیز لەت وپەت نەبووە؟؟ ئەوجا تەوحید ویەکخستنی پارچەکانیشی الله خۆی نەیکا،بەڵکو بەندەکانی هەڵسن بەوکارە؟؟؟

پرسیاری چوارەم:

ئەبوحامدی غەزالی(٤٥٠-٥٠٥ك)

لە کتێبی ژیاندنەوەی زانستی دین کەباسی زاراوەی تەوحید دەکا،دەڵێ یەکەم جار موعتەزیلەکان ئەم زاراوەیان وەک یەکێک لە ڕوکنەکانی بیروباوەڕەکەیان داناوە بەناوی عدل وتەوحید ،بەڵام دوایی کەسانی تریش بەماناولێکدانەوەی جیاواز ئەو دەستەواژەیان بەکارهێنا..

بەربەهاری(233 ک / 329 ک لە شرحی سونەدادەڵێ:

ئەمانەنیشانەکانی ئەهلی بیدعەو-أهل الأهواء- هەوەس بازەکانن:

هەرکەسێ خەڵکی تۆمەتباربکا بەتەشبیە بزانە ئەوە جەهەمیە.

هەرکەسێ خەڵکی تۆمەت باربکا بەوەی ناسبی ن بزانە ئەوەڕافزیە.

هەرکەسێ بە تەوحیدەوەخەریک بێ وپرسیارت لێ بکا تەوحیدت چۆنە وتەوحیدم بۆ شی کەوە،بزانە ئەوە خەوارج و موعتەزیلەیە.

یان کەگوتی ئەوخەڵکە بۆتە جەبری و باسی عدل بکا بزانە ئەوەقەدەریە.

چونکە هەموو ئەم زاراوانە -التشبیه،ناصبي،التوحید،الإجبار،العدل.

چەند دەستەواژەوچەمکێکی داهێنراوو بدعەن وئەهلی ئەهوا-دایان هێناون

پرسیارلێرەدائەوەیە کەکاسانی وەک ئیبن خوزەیمە (223 ك - 311 ک)وزۆرێک لە ئیمامەکانی دوای ئەویش کە لەڕوالّەتدا زۆردژی موعتەزیلەن،کەچی دەچن ناوی ڕوکنێک لەڕوکنەکانیان لێ دەخوازن ودەیکەنە مەبەست وپایەوڕوکنی بنەڕەتی دین وشەرع وپەیامەکانی گشت پەیامبەران،ئایائەمە ئەوەناگەیەنێ کە هەرلەسەرەتاوە گرنگترین بەشی دین بە ئیعتزال کراوە؟ .

پرسیاری پێنجەم :

بدعە وشوبهەی تەوحیدیش لەوەوە هات کەدوای ئەوەی بەهۆی ئەم شوبهەی نەحویەکان لەبابەت ئیسم وچاوگ و بابەتە سەفسەتەکانی جەهمی کوڕی سەفوان 78ک_128ک بووەهۆی گومڕاکردنی کۆمەڵێک بە ناوی موعتەزیلە ئەوان کە لەناوکۆمەڵێک چوارچێوەی خەیاڵی پێناسە بۆ الله دەکەن کەناویان ناوە عەقڵ ،بەڵام ئەوچوارچێوانە عەقڵی نین وخەیاڵین.

لەدوای ئەوەی لەبیری ئەوفەلسەفانە خۆیان گومڕاکرد کە الله دەستەوستانە وتوانای بەسەر کرداروکردوەی دروستکراوەکان نیە،ئەوتەنیا ئەسڵەکەیانی بەدی هێناون، دواتروازی لێ هێناون ودەسەڵاتی بەسەرجوڵان ونەجوڵانیان نیە،لەوانەش کردەوەکانی ئادەمیزاد هەمووی مرۆڤ خالقیانە.

وەدواترهاتن لەقورئان گوتیان بوونی ئەم هەموو ئیسمە قەدیمانە بۆ خالق دەبێتە هۆی باوەڕبوون بە تعدد القدما ،زۆربوونی خالقە بێ سەرەتاکان ،واتە بوونی العلیم بێ سەرەتا الحکیم بێ سەرەتا،الخالق بێ سەرەتا.....هتد کەواتە لێرە فرەیی وزۆر خالق پەیدادەبن وئەمە وحدانیەت ویەکتاپەرستی نیە.

ئەم بنچینەی موعتەزیلەکان ناویان ناوە توحید وعدل و واسلی کوڕی عەتا ٨٠ ـ ١٣١ک

ئەم بیرۆکەی لەجعدی کوڕی درهم 46 ک/666ز-105 ک/724ز وەرگرت.

بنەمای توحید وعدل یان دانا ، توحید لای وان واتە الله تەنیابەزاتی قدیمە وئەوئیسم وسیفەتانەی وەک علیم وحکیم و... ئەوانە وەک زاتی الله ئەزەلی وقدیم نین وداهێنراون کەواتە بەشێک نین لەزات وبۆیە دەبێ تەعتیل بکرێن ولەکاربخرێن، کەواتە یەکخستنەوەی الله واتە پەک خستن وتەعتیلی هەموو ئیسم وسیفەتەکان کەلەقورئان هاتوون بەمەش لە تعدد القدما وفرەیی خالقە هەمیشەییەکان نەجاتمان دەبێ وتەنیا زاتی الله دەمێنێتەوە
کەهەرئەوبەتەنهاقدیمە بەم کرداڕەش دەڵێن توحید واتە مراندن وتەعتیلی هەموو ئیسمەکان بەتەنها هێشتنەوەی زات ئەوە یەکخستن وتەوحیدە، وەبێ ئەوپەک خستن وتەعتیلی ئیسمەکان هەرگیز تەوحید بەدی نایە.

بنچینەی دووەمیان بنچێنەی عەدل ،مەبەستیان لەعەدل ئەوەیە کە الله کرداروئەفعالی هیچ مەخلوقێکی دروست نەکردوەو هیچ قەدەرو ئەندازەگیریەکی ڕابردوی بەسەردانەسەپاندوە، بەڵکو مرۆڤ بەڕەهایی موخەیەرەو خۆی خالقی کرداڕەکانیەتی ،وە لای وان باوەڕبوون بەقەزاوقەدەر باوەڕبوونە بەزاڵمی وستەمکاری الله

بۆیە هاتن لەسەربنچینە فاسدەکەیان کە اللە بێ دەسەڵاتە وئەگەرئێمە ئەم بابەتە چاک نەکەین ئەوپێی چاک نابێ.

هاتن گوتیان تاکە چارە کە گەورەترین کارێکە مرۆڤەکان وەک خزمەتێک پێشکەش بەاللە ی بکەن توحید ویەکخستنی اللە یە، ئەمەش تەنیابەوەدەبێ کە تعدد القدما لابەین ،تعدد القدما بەوە لادەچن کەدەبێ جارێ رێگایەک بۆتەعتیل ولەکارخستنیان بدۆزینەوە، جامادام ئەم ئیسمانە سەرەتاکەیان چاوگ بوو ،کەواتە چاوگ لە ئیسمەکان کۆنترە لێرە ئیشەکەبەلایانەوە ئاسان بوو ،اللە یەک تاقانە قەدیمە وئەوانی تر هیچیان قەدیم نین ، لێرەدا هاتن هەموو ئیسمە قەدیمەکانیان لە اللە دارنین و لەکاریان خستن وتەنیا یەک بونیادیان هێشتەوە کەتەنیائەو ازلی وئەبدیە ئەوانی دی پاشکۆو زیادەن، بەڵام ناویان لەوتاقانە ئەزەلیەش نەنا اللە ،بەڵکوناویان نا الذات وخود.

پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا سەپاندنی کەلیمەی توحید تەعتیلی ئیسمەکان نیە؟ ئەی کەوایە بۆ ئەوزانایانە کە ئەوهەموو هەرایەیان دژی ئاشوبی خەلقی قورئان ناوەتەوە ،ئەی چۆن تەوحیدیان بەبەر ئەوبابەتەهەستیارەداکردوەو ئەوسەهوە گەورەیان کردوە؟ ئەدی ئەوە بە موعتەزیلەکردنی سەرەکیترین بنچینەی ئیسلام نیە؟

پرسیاری شەشەم :

دابەشکرانی تەوحید بۆسێ بەشی تەوحیدی الوهیە وربوبیە وئەسماو سیفات ئەویش یەکێکە لەبیدعەکان .

بەڵام تایبەت کردنی اللە بۆ پەرستش دانان وتایبەتمەندکردنی الرب بۆ بەدیهێنانی بونەوەران لەقورئاندا ولەفەرمودەکان ڕەت دەکرێتەوەو قورئان هەموو دروستکران وبەدیهێنانی بونەوەران وشتەکان پاڵدەداتەلای اللە وزۆر عیبادەتیش پاڵ دەداتە لای الرب کەواتە ئەم دابەشکردنە بیدعە کەبەریەککەوتەی لەگەڵ سەدان ئایەتی قورئان وفەرمودەهەیە بۆ خەڵک هەر لەسەری بڕۆن وبۆ پابەندی بن ولەسەری دژایەتی یەکتربکەن؟؟

ئەم دابەش کردنە پێش هاتنی ئیبن تەیمیە(661 کـ - 728کـ/1263ز - 1328ز) بەوشێوە نەبوو،بەڵکوزانایانی پێش ئیبن تەیمیە

لە شیعەکان وحەنبەلیەکان وئەشعەری وماتوریدیەکان تەوحیدیان دابەش دەکرد بۆ:توحیدی زات وتەوحیدی سیفات وتەوحیدی ئەفعال .بۆیە زۆرێک لەزاناکان کتێبیان دژی ئەم دابەش کردنە نوێیە نوسیوە.

پرسیاری حەوتەم:

بۆدەبێ واتای ووشەی الاله کورت هەڵبێنین له واتای العباده وپەرستش، لەکاتێکدا ووشەی الاله دەیان واتای تری هەیە؟

لەدەرهاویشتەکانی ئەم کورت هەڵێنانەشە کە ئیسمی الله وئەوەش پێی دەڵێن بیدعەی تەوحیدی الالوهیة کورت هەڵێنراوە لەسەرعبادەت وپەرستش لەکاتێکدا ووشەی الاله ئەم واتایانەشی هەیە:

-لا عالي ولارفيع بحق الا الله.

-ولا اهل ولاجدير ولا مستحق لكل الكمالات مطلقا بحق الا الله.

-لاظاهر ولابارز ولاجلي الا الله.

-لا محتجب ولا مستتربحق الا الله

-لا محبوب بحق الا الله

-لا مألوف بحق الا الله

-لا يستحق الخضوع المطلق الا الله.

-لا يستحق الاستكانة المطلقة الا الله

-لامطاع بحق الا الله

-لا كاشف للحيرة بحق الا الله

-لا ملجاء من الضياع بحق الا الله

-لا منقذ من الحيرة بحق الا الله.

-لا واهب للإطمئنان والحنان والثقة بحق الا الله

-لا ملجاء من الرعب والروع والهواجس بحق الا الله.

-لا معبود بحق الا الله.

-لامنقذ من الفزع بحق الا الله.

-لا انيس ولا قريب بحق الا الله

لاواهب الاطمئنان و والثقة الا الله

لەم هەموو مانایانەی (ألإله) ، تەنها یەك مانایان وەرگرتووە ئەویش المعبود .

بەواتای وان، الله ، لەووشەی

ألإله وەرگیراوە ، وە ألإله بەمانای المعبود دێت. بۆیە، الله واته المعبود.

ئەگەر وایە ئەدی ماناکانی تری ألإله چیان لێهات؟

بۆ تەنها یەك مانا وەردەگرن؟

پرسیاری هەشتەم:

ووشەی عەقد وئیعتقاد لە مێژوودالە بنەڕەتدا بۆگرێبەستی کڕین وفرۆشتن وبەڵێن وپەیمان لەقورئان وفەرمودە بەکارهاتووە.

دواتر ئەهلی عیرفان بۆ بەشێک لەکارەکانی دڵ بەکاریان هێناوە ،دواتر شارەزایانی ئیمان لەجێی ناوی ئیمان وباوەڕ عەقیدەیان بەکارهێناوە.

پرسیار لێرەدائەوەیە کە دەستەواژەیەکی گرنگی وەک ئیمان کەواتای بەخشینی ئەمن وئاسایش ودڵنیایی وحەوانەوەومتمانە بەدڵ وەدەروونی مرۆڤی ئیماندارەدگەیەنێ ولەهەزاران ئایەت وفەرمودە بەبنچینەی دین دانراوە ،چۆن دەبێ بگۆڕدرێ بەدەستەواژەیەکی تر؟ ئایا ئەمانەش بیدعەی گومڕاکارنین؟ خۆ دین بەرلەوەی کۆمەڵێک شێوازوڕوخساروجل وبەرگ وهەڵس وکەوت بێ ،کۆمەڵێک چەمک ودەستەواژەو تێگەیشتن وهاوکێشەیە،بۆکەکەسێک بیدعەیەکی کەمیش لە ڕوخساروبەرگ وهەڵس وکەوت دەکا قیامەت هەڵدەستێ؟ کەچی بیدعەوگۆڕینی چەمکەهەرە بنەڕەتیەکان کەس بەبیدعەی نازانێ؟ بۆنمونە گۆڕینی الله بۆخودا کەنەلەڕووی زمانەوانی نە نەحوی نەسەرفی هیچ پەیوەندیەکیان بەیەکەوەنیە، یان گۆڕینی صلاةبەنوێژ ونماز صوم بەڕۆژوو عبادة بە پەرستن جنة بەبەهەشت جهنم بەدۆزەخ ،کەئەگەر بە وەرگێڕانیش بێ ئەودەستەواژەعەرەبیانە ئەو واتایانە نادەن،وەئەو واتایانە لەبنەڕەتدا زاراوەی ئاینی ناوئاوێستان ولەلایەن مسوڵمانان داگیرکراون،ئەی باشترنەبووکەیان زاراوەعەرەبیەکانیان بەکاربێنایە یان هەرئەوزاراوەیان وەرگێڕانایە بۆ کوردی وفارسی

پرسیاری نۆیەم:

بابەتی ئیجتهاد لە بنچینەکانی دین دا یان حەق یان گومڕاییە،بەڵام لە فروع ولقەکانی دین یان ڕاست وسەوابە یان هەڵەو خەتەئە ،ئەم دابەشکردنە ئیبن تەیمیە دەڵێ کە هیچ بنچینەیەکی نیەو هەموو ئیجتیهادێک لەدین دا لە عەقیدەدابێ یان لەفروعدا کە پێکای دوو پاداشتی هەیەوکەنەی پێکا پاداشتێک،

بەڵام هەرخودی ئیبن تەیمیە ئەوهاوکێشە بۆ ئەو موجتەهیدانەی ئیجتهادیان لەعەقیدەداکردوە وەک ئەوانەی ئیجتهادیان لەفەرعەکان کردوەدانانێ.

پرسیار ئەوەیە:ئایاهەموو موجتەهیدەکان لەهەموو بەشەکان دین هەموو خاوەن پاداشتن؟ کەوایە ئەم هەموو تەکفیروتەفسیق ولەدین دەرکردنەی یەکترچیە ڕووی داوە؟

پرسیاری دەیەم:

:زۆرێک لەشارەزایانی عەقیدە وەک مەقریزی(764 کـ 845 ك) (1364 - 1442ز)

لە تجرید التوحیددا دەڵێن:ئەم دابەشکردن وپەیکەربەندیەی بابەتی دابەشکردنی ئیسمەکان وسیفاتەکان بۆ سیفاتی زاتی و سیفاتی فیعلی وسیفاتی خەبەری پێشینان نەیان زانیون ودواتر داهێنراون.

پرسیارئەوەیە کەئەم بابەتەداهێنراوەهێندەگرنگ بووە کەخەڵک یەکتری لەدین پێدەرکرد ،بۆچی لەسەرەتای دیندا باس نەکرا؟ وەکەهێندە گرنگ نیە بۆ لەسەدە پاشینەکان هێندەگرنگی پێدرا؟

پرسیاری یازدەهەم:

بەهەمان شێوە لەبابەتی دابەشکردنی الله بۆ دووبەشی زات وئیسمە کان، ئیبن عوسەیمین1929 - 2001). دەڵێ واباشترە لەجیاتی زات نەفس بەکاربێنرێ چونکە نفس بۆ الله لەقورئان وفەرمودەی دروست بەکارهاتووە ،بەڵام زات بەو واتایە بەکارنەهاتووە ،بەڵکو ڕستەی في ذات الله واتە لە پێناوی الله وەووشەی وذو العرش واتە خاوەنی عەرش ،ئایا وازهێنان لەهەڵەیەک کە زۆرێک لە ئیمانانی پێشین ئیجتهادی هەڵەیان تێداکردوە بۆ هێندە لەبەر شوێن کەوتوان گرانە؟

پرسیاری دوازدەهەم :

هەندێک بەدواداچوون وتوێژینەوەهەن لەقورئاندا ولەزمانی عەرەبیدا پێیان وایە سیفەت و وەسف کردن لەقورئاندا بەواتای بەهرەنواندن لەدرۆکردن وهەڵخەڵەتاندن وفریودان بەکارهاتووە،وەسیفەت و وەسف هاوماناى نەعت و تەمییز نیە ، ئەگەر واتای:

سُبْحَانَ اللَّهِ عَمَّا يُشْرِكُونَ (الحشر23) تەنزیە وبەری کردنی الله بێ لەشیرک وهاوبەش ،ئەدی بۆ ئایەتی:سُبْحَانَ اللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ (الصافات

159 واتای ئەوەنەبێ کە اللە تەنزیە وبەری بکرێ لە وەسف و سیفات ،دیارە سیفەت دانان بۆ اللە وەک شەریک دانان بۆ اللە مەترسیدارە ..

کەوایە بۆ زانایان وشارەزایانی عەقیدە لەباتی بڵێین سیفاتی اللە دەستەواژەی نەعت وتەمییزیان بەکارنەهێناوە تانەکەونە پاڵدانی بەهرەنواندن لەدرۆوهەڵخەڵەتاندن بۆ اللە ؟

پرسیاری سێزدەهەم:

لەم کۆمەڵە پرسیارەدابۆ بەڕێزان دەرکەوت کەهەموو فەن وهونەروزانستە ئیسلامیەکان کە خەڵک لەسەربنچینەی ئەوان دابەش بوون بۆچەند دەستەوتاقم ومەزهەبێک هەموویان چەند موجتەهیدێک دایان هێناون ولەسەرەتانەبوون، مادام لەسەرەتاش نەبوون کەواتە بەشێکی بنچینەیی نین لەدین،بۆیە نابێ لەبەرئەوداهێنراوانە ئوممەت بکرێتە چەند دەستەوتاقم وپێک وەربن ودوژمنایەتی یەکتر بکەن ،ئایا واباشترنیە کە بە بنچینەی عفا اللە عما سلف ،ئوممەت ئەم پەڕەی ناکۆکیانە هەڵداتەوەو پەڕەیەکی نوێ لەگەڵ یەک بکەنەوە وسود لە ئەو هەڵانەش وەرگرن کەڕابردوان تێی کەوتوون وجارێکی تر ئیجتهادی لەوشێوە نەکەن؟

پرسیاری چواردەهەم:

ئوممەتی ئیسلامی هەرچەندە لەڕووی سیاسی وئیداری لەت بوو لەدوای هاتنی ئیمام علی، بەڵام ئەوەی لەت بوونەکەی قوڵترکردەوە ولە لەت بوونێکی سیاسی کاتی ئەم لەت بوونەی کردەهەتاهەتایی بەعەقیدەکردنی ئەم لەت بوونە بوو، ئەوەی هەموجیاوازیە شکڵی ودەروونی وژینگەیی یەکانی ئوممەتی خستە چوارچێوەی عەقیدە وە،بریتی بوو لە دانانی مەتنەکانی عەقیدە وبەمەش ئوممەت لە پەیوەندی ڕاستەوخۆ بەقورئان وسونەت دوورخرایەوە، ئایا پێتان وانیە کە دانانی مەتنەکانی عەقیدە وەک شەڕی جەمەل وسەفەین کارەساتێکی گەورەبوو؟ ئایالەمێژوودا ئوممەت هیچ کات لە سەرمەتنێک لە مەتنەکانی عەقیدە کۆبوونەوە؟ وەبۆ لەمەودوا دەتوانرێ ئوممەت لەسەر مەتنێکی عەقیدە هەموویان هاوڕابن؟

کەنەتوانرێ ئەی واباشترنیە وازلەوهەموو مەتنانە بێنین کە هۆکاری پەرتەوازبوون و ناکۆکیەکانی ناوئوممەتی ئیسلامین ، و تەنیا قورئان وفەرمودە کەهۆکاری یەکگرتنی ئوممەت بوون ،لەئێستاشدا هەرقورئان وفەرمود بکەینە ئەو مەتنەی کەهەموومان لەسەری کۆبینەوە؟

پرسیاری پازدەهەم:

قورئان له سورەتی الزمر دەفەرموێ:

﴿ اللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ الْحَدِيثِ كِتَابًا مُّتَشَابِهًا مَّثَانِيَ تَقْشَعِرُّ مِنْهُ جُلُودُ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ إِلَىٰ ذِكْرِ اللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ هُدَى اللَّهِ يَهْدِي بِهِ مَن يَشَاءُ ۚ وَمَن يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ﴾

[الزمر: 23]

الله جوانترین وباشترین پەیام ونوسراوی ناردۆتەخوار موتەشابهه واته ئایەتەکانی وێک چووەوهەماهەنگه ،مَّثَانِيَ واته ئایەتەکانی دووبارە بوونەو چەندبارەبوونەوەی تێدایه هەرجارەی بۆ مەبەست وئامانجێک.

کەواته لێرە لەم سوڕەته مەکیه دا هەموو قورئان موتشابهه .کەچی لەسوڕەتی ال عمرانی مەدەنی دەفەرموێ:

﴿ هو الذي أنـزل عليك الكتاب منه آيات محكمات هن أم الكتاب وأخر متشابهات فأما الذين في قلوبهم زيغ فيتبعون ما تشابه منه ابتغاء الفتنة وابتغاء تأويله وما يعلم تأويله إلا الله والراسخون في العلم يقولون آمنا به كل من عند ربنا وما يذكر إلا أولو الألباب ﴾ [آل عمران: 7]

پرسیارلێرەدا ئەوەیه ئایاله ٨٥سوڕەتی مەکی دا هیچ کام لەوئایەتانەی تێدانیه که ئوم الکتابن وپێشەواوتەفسیرکارولێکدەرەوەی سەدان ئایەتی موتەشابیهن؟ کەواته پێتان وایەکەدەبێ بۆ تەفسیرولێکدانەوەوتەئویلی ئایەته موتەشابیهەکان تەنیا لەسوڕەته مەدەنیەکان بگەڕێین؟

پرسیاری شازدەهەم:

ئاشکرایه کەقورئان هەموو وەحیه بەبەڵگەی :

وكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنا إِلَيْكَ رُوحًا مِن أَمْرِنا ما كُنْتَ تَدْرِي ما الكِتابُ ولا الإيمانُ ولَكِنْ جَعَلْناهُ نُورًا نَهْدِي بِهِ مَن نَشاءُ مِن عِبادِنا....الشورى:52

یەکێک له مراديف وهاوماناکانی وەحی رمز وهێمایه وەک لەم دوو ئایەتەهاتووە:

فَخَرَجَ عَلَىٰ قَوْمِهِ مِنَ الْمِحْرَابِ فَأَوْحَىٰ إِلَيْهِمْ أَن سَبِّحُوا بُكْرَةً وَعَشِيًّا (مريم.11

قَالَ رَبِّ اجْعَلْ لِي آيَةً قَالَ آيَتُكَ أَلَّا تُكَلِّمَ النَّاسَ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ إِلَّا رَمْزًا وَاذْكُرْ رَبَّكَ كَثِيرًا وَسَبِّحْ بِالْعَشِيِّ وَالْإِبْكَارِ ..41 ال عمران.

کەواتە هەرقورئان بە ئاماژەکردنە ڕەمزی وهێماکانی زەکەریا بۆ شوێنکەوتوانی هەم بە وەحی وهەم بە ڕەمز باس دەکا ،جامادام قورئان هەموو وەحی وڕەمز بێ ئایا کەس بەبێ لێکدانەوە لە ڕەمزوهێما تێدەگا؟ کەواتە هەموو قورئان پێویستی بەتەئویل هەیە چونکە بەبێ تەئویل کەس لە ڕەمزناگا.

ڕەمزو هێماش ئاماژەیەکە کە ڕاستەوخۆ تێی ناگەین وپێویستی بەتەئویل ولێکدانەوەوشیکارهەیە.

ئایا پێتان وانیە کە هەربۆیەشە قورئان ڕەمزێکە پێویستی بەلێکدانەوەهەیەو زۆربابەت لەناوقورئان چەندین لێکدانەوەی جیاوازهەڵدەگرن؟ ،ئاائەوەهۆکار نیە کەڕاجیایی لەنێوان پێشەواکان و کیشوەروژینگەکان وسەردەمە جیاوازەکان دروست بووەکە لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ ئەم ڕەمزوهێماو وەحیە کردوەودیکەن؟؟

پرسیاری حەقدەهەم:

بەنمونە لێکدانەوەی یەکێک لەئایەتەکانی ئەم وەحی وهێمایە کەقورئانە:

ئەوئایەتەی سوڕەتی نوح کە خۆرو مانگ لەهەرحەوت تەبەقەی ئاسمانێ نورو چران ،

(أَلَمْ تَرَوْا كَيْفَ خَلَقَ اللَّهُ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ طِبَاقًا وَجَعَلَ الْقَمَرَ فِيهِنَّ نُورًا وَجَعَلَ الشَّمْسَ سِرَاجًا

لەڕووی زانستی ئەمڕۆ وبۆ فەرمودەوئایەتەکانی دیکەش ڕاستیەکی ڕێژەییەو خۆرومانگ لەزانستی ئەمڕۆدا تەنیا بۆ کۆمەڵەی خۆرو مانگ تەنیابۆزەوی نورە.

کەچی ئایەتەکە دەفەرموێ القمر والشمس ،مانگەکە وخۆرەکە

،کەعەرەب ئەم ئەلف ولامەیان ناوناوە ئەلف ولامی ناساندن ،واتە مانگەکە وخۆرەکە کەلای هەمووماان ناسراون ئەوان مەبەستن بەم ئایەتە نەک هەسارەوئەستێرە ئاسمانیەکانی تر.

لێرەدا بەم تەفسیرولێکدانەوەتوشی بەریەک کەوتن دەبین لەنێوان ئایەتەکەو ڕاستیە زانستیەکانی ئەمڕۆ.

جابۆئەوەی لەم بەریەک کەوتنە دەربازمان بێ دوو ڕێگامان هەیە:

یان ئەوەبڵێین کە ئایەتەکە قسەوجیهانبینی نوحە علیە السلام ،ئەو وای زانیوە کەخۆرەکە ومانگەکە لەهەموو تەبەقەکانی ئاسمانێ تیشک وڕوناکین وقورئانیش

ئەم جیهانبینیەی نوحی بۆگواستوینەوەو ئەمە پێزانینێک نیە کەالله پێی دابین ،بەڵکوبۆچوونی نوحە.

یان ئەوەکە بڵێین کە نەخێر ئەم ئایەتە ڕاستیەکی ڕەهایە بەڵام ئەویاسانەحویەی کە زانایانی نەحو بەسەرعەرەبیدا سەپاندویانە کە بەو ئەلف ولامە شمس وقمر لەسەرمەبەست بوونی ئەم خۆرومانگە تاپۆکراون ڕاست نیە .

هەروەها قیرائەو خوێندنەوەیەکی دیکەشمان هەیە کەپشتگیری ئەم لێکدانەوەی دووەم دەکا. سیراج وقمر بەشێوەی جمع وکۆهاتوون ،واتە سیراج بەسروج و قەمەر بە قومور هاتووە کەحەمزەوکەسائی وخەلەفی عاشر بە کۆیان خوێندۆتەوە کەسێ قورئان خوێنی متواترن.

واتاکەشی دەبێتە ئەوەکە ئێمە جنسی خۆرەکانمان کردۆتە مایەی ڕۆشنایی ناوهەرحەوت تەبەقەی ئاسمان وجنسی مانگەکانیشمان لەوئاسمانانە کردۆتە مایەی ڕوناکی.

لێرەدا الف ولامی پێش ال قمر و ال شمس، بۆ عەهد وناساندنی ئەستێرەیەکی دیاریکراونین وەک ئێستالەعەرەبیداباوە،بەڵکو بۆناساندنی جنس وڕەگەزی هەموو خۆرومانگەکانن کە لەگەردووندا هەبوون، یان ئێستاهەن یان لەمەودوادەبن.

کەواتە تێگەیشتنی ڕاستیەکانی قورئان پێویستی بە گۆڕینی زانستی نەحوش هەیە،چونکەلەقاڵب دان ودەقبەستوکردنی سەرف ونەحو وواتای دەستەواژەکان وای کردوەکەوەک پێویست نەتوانرێ ڕاستیەزانستیەکان وپێزانینە قورئانیەکان تێبگەین..

پرسیارەکە ئەوەیە کەئایا ئێوە ڕێساکانی نەحوی عەرەبی کەلەسەدەی دوەمی کۆچی دانراون بەڕێساگەلێکی ڕەهادەزانن بۆلێکدانەوەی قورئان وتێگەیشتنی عەرەبی؟ ئایا پێتان وانیە کە شارەزایانی نەحو بەشێک بن لەکێشەکە وەوانیش وەک جەعدوجەهمیەکان زەیتیان بەئاگری وروژاندنی شوبهەو ئاشوبەکان داکردبێ؟

ئەدی ئەوان نەبوون ئەوەیان وروژاندکە چاوگ بنچینەیە وئیسم لەو وەرگیراوە والله موشتەقە و..؟ باشە کە بە پێی پێوانەی وان بێ چۆن دەبێ ئیبراهیم بەشەمسێکی مێینە بڵێ هذا ري هذا اکبر؟

ئەی بۆ نەیگووت هذه؟ جائەم نمونانە لەقورئاندا زۆرن کەلەزۆر شتدا یاساکانی سەرف ونەحوبەسەرقورئاندا ناچەسپێن.

ئەمەی دەیڵێم لەسەرنەحو وسەرف بۆ ڕێساکانی ئوسوڵ وفقە ومەنتیق وقەواعیدەکانی دیکەش ڕاستەو قورئان ل هەموویان گەورەترەونابێ لەناوهیچ کام لەوچوارچێوانە قەتیس بکرێ، تەنانەت نابێ قورئان لەناو فەرمودەکانیش قەتیس بکرێ بەڵکودەبێ هەمیشە فەرمودەکان لەخزمەت قورئانداپەراوێزو خزمەتکاربن.

هەروەک چۆن ڕسول الله عەبدێکی مل کەچی الله یە.

پرسیاری هەژدەم:

ئایا واتە زاهیروئاشکراو ڕووکەشەکانی قورئان هەمیشە لە پێش ئەو واتاولێکدانەوەوتەفسیرانەن کە پێیان دەڵێن واتاولێکدانەوەی مەرجوح و مەجازو واتای دووەم؟

ئایازانایانی کۆن لەزۆرئایەتدا واتامەرجوح وشاراوەکانیان پێش واتا دیاروئاشکراو ڕاشکاوەکان نەخستوە؟ ئایائەوانەی پێناسەی

(صرف اللفظ عن الاحتمال الراجح إلى الاحتمال المرجوح لدليل يقترن به).

هەموو کاتێک هەڵەیە؟ ئایاڕاستە ئەم پێناسەش بۆ تەئویل لە موعتەزیلەکان وەرگیراوە؟ یان ئەوان بەکارامەیی ئەم پێناسەیان بۆ پەکخستنی ئیسمەکانی الله بەکارهێناوە؟

خۆکە پێناسەی وانیش بێ دەبێ لەزۆرشوێنی قورئاندا پەنای بۆببرێ،باشە ئەوکەسەی لە هەندێ لێکدانەوە پەنابۆئەم پێناسە ببا حوکمی چیە؟ خۆ کەس لە ڕەوتەکان کافریان نەکردوە؟

بەنمونە ڕێسای لم یکفر الکافر فهو کافر ،ڕێسایەکە زۆربەی ئەوانەش کە باوەڕیان پێ بووە ،لە مەسەلە ئاڵۆزەکان ڕای پێچەوانەیان هەبووەوئەوکەسانەیان کافرنەکردوە و بەهانەی نەزانی وتێنەگەیشتن وزۆرلێ کردن و....بیانویان داونێ .

بەنمونە ئیبن تەیمیە بۆئەوەپیاوەی کە لەسەرەمەرگدا گوتی بم سوتێنن وخۆڵەکەم بەدەریاداکان واللە ئەگەر الله دەسەڵاتی بەسەرم دا بشکێ سزایەکم دەداکەسی واسزانەداوە.

یان کە حەواریەکان لە بەعیسایان گوت ئایاپەروەردگارت دەتوانێ خوانێکمان لەئاسمانەوە بۆدابەزێنێ؟

یان کە یونس علیه السلام گومانی برد کە ئێمە بەسەریدا توانامان نیە.

یان ئەو سەحابانەی داوای زات الانوات وبتیان لە سەروەرمان علیه السلام کرد ،یان قەیسی کوڕی سعدی کوڕی عبادە کەلەحیرە گەڕایەوە سوجدەی بۆ پێغەمبەرعلیه السلام برد.

تەنانەت ئیبن تەیمیە گێڕدراوێک دەگێڕێتەوەکە دایکمان عائیشە گومانی لەوەهەبوو کە الله هەموو ئاشکراو پەنهانێک دەزانێ...

هەموو ئەمانە کەوتونە ناوجۆرێک لەجۆرەکانی کوفر کە کوفری شک وگومانە، کەچی قورئان وفەرمودە بەکافریان دانەناون، کەواتە لای قورئان وسونەت ئەو ڕێسایەی من لم یکفر الکافر فهوکافر ڕەت کراوەیە، وەئەوزانیانەش کەئەوبدعەیان داهێناوە کەئەم ئایەت وفەرمودانە لێک دەدەنەوە ڕێساکەیان دەکەنەوە خوری وبەپێچەوانەی ڕێساکەیان فەتوادەدەن.

نمونەیەکی تر کە خەڵکی ئەم سەردەمە پێوەی گیرۆدەن وزۆر لەوانەی گیرۆدەی ڕووکەشی قورئان وفەرمودەن خەڵکی پێ کافردەکەن دیاردە گەردونی وفەلەکی وجوگرافیەکانن.

چونکە زاهیری هەندێ ئایەتی قورئان باس لە ڕاخراوی زەوی وسوڕانەوەوهەڵاتنی خۆر ودروست بوونی زەوی پێش خۆردەکەن ،ئەم زانیانەش هەمووئەوانەی کە دژی لێکدانەوەی زاهیری ئەوئایەتانەبن بەکافردەزانن.

بەڵام ئەوەتا هەرلەخودی قورئاندا چەندین ئایەت هەیە کە بەناڕاستەوخۆ ئاماژە بەڕاولێکدانەوە پێچەوانەکە دەکەن، کەواتە خودی قورئان حەمال الاوجە و چاوگی ڕاجیاییە ،دیارە نابێ ئەوڕاجیاییە کوفربێ کەوابوایە لە قورئان دانەدەبوو.

بەنمونە لە قورئان پیشانمانی دەدا

زاهیرو ڕوکەشەکەی ئەوە دیاردەخا کە -وەک سوڕەتی فصلت- زەوی پێش ئاسمان دروست کراوە،وە زەوی پێش مانگ وڕۆژ دروست کراوە.

ئەمە زاهیرێکی قورئانی زۆرئاشکرایەوحاشاهەڵنەگرە، کەواتە بەقسەی ئەوکەسانە بێ هەرچی دژی ئەم ڕوکەشە بێ قورئان بەدرۆدەخاتەوەوکافرە.

کەچی هەرخودی قورئان لەهاوکێشەیەکی ڕەمزی وهێماییدا بە پێچەوانەی ئەوڕوکەشە باسی نمونەیەک بۆ دروست بوون وبەدیهاتنی خۆرومانگ وزەوی دەکا.

لە سورەتی یوسف دائاماژە بەوەدەکرێ کە ئەستێرەکانی کۆمەڵەی خۆرومانگیش پێش زەوی هەبوون.

دروست بوونی زەوی پێش ئاسمان واتای ئەوەنیە کە ئەرز پێش بۆشایی دروست بووبێ ،چونکە بەتێگەیشتنی ئەمڕۆ ئاسمان واتە پانتایی بۆشایی، بەڵام بە پێناسەی قورئان ئاسمان سەقفی پارێزەرو چین چینەو دەرگای هەیە ودەرگەوانی هەیە و هەر ئاسمانە پەرستگایەکی لێیە .....هتد

سەبارەت بەوەی خۆر پێش زەوی یان زەوی پێش خۆر، زاهیری قورئان وایە زەوی پێش خۆر دروست بووە، بەڵام ئەوزەویەی کە پێش خۆر بووە ئەو سەرتاپاکوتلەیەکی گڕگرتووبووەو ئەوکاتە هەموو ئەستێرەومانگ وکلکدارەکانی ئەوەی ناومان ناوە کۆمەڵەی خۆر هەوروشلەیەکی تواوەی گڕگرتووبوون،کەواتە بەو تێڕوانینە دەکرێ بگوترێ کە ئەو زەویە ی سەرەتادروست بوو زیاترلەخۆردەچوولەڕووی پێکهاتە ،کەواتەلەخۆر نزیکتربوو نەک لەوزەویەی ئێستا.

چونکە هەموو ئەستێرەکانی کۆمەڵەی خۆربەزەویشەوە کوتلەوبارستەیەکی گڕگرتووی وەک ئێستای خۆربوون لەپێک هاتەدا،بۆیەبەم مانایە دەکرێ بڵێین خۆرپێش زەوی هەبوو.

هەموو ڕوکەشەکانی قورئان بەم جۆرەن بۆیە ناکرێ کەسانێک کافربکرێن چونکەلێکدانەوەی ڕوکەشی چەندئایەتێکی قورئان ڕەت دەکەنەوە، چونکە لەوانەیە هەرلەخودی قورئاندا بەڵگەی پەنهان هەبێ کەپشتگیری بۆچوونەکەی ئەوانیش بکا..

ئەمە گەڕانەوەیە بۆ قوتابخانەی ڕەسەنی ئیسلامی کە پێی و ایە "شەرع عەقڵێکی دەرەکییە و عەقڵ شەرعێکی ناوەکییە".

بەکورتی دەبێ ئەم ڕێسایانە ڕەچاوبکرێن:

- **شکاندنی چەقۆبەستوویزۆربەی ئەوشتانەی ئێستا وەک "ئەصڵی دین" سەیردەکرێن، لە ڕاستیدا بەرهەمی ململانێی فیکری و سیاسی سەدەکانن (وەک زاراوەی تەوحیدی ئەلوهییە و ڕوبوبییە).**

- **جیاکردنەوەی زاراوە لە دەق: تێبینییەکی وردە کە زاراوەی وەک "عەقیدە" یان "تەوحید" بەو مانا ئیصتیلاحییەی ئێستا، لە قورئاندا نین و زاراوەی "ئیمان" فەرامۆش کراوە.**
- **نەرمی نواندن لە تەکفیردا: بەکارهێنانی نمونەی "یونس (ع)" و "دایکی ئیمانداران" بۆ سەلماندنی ئەوەی کە گومان یان نەزانی لە سیفەتەکان مرۆڤ لە دین دەرناکات، یەکێکە لە بەهێزترین بەڵگەکان بۆ ڕەتکردنەوەی تۆندڕەوی.**
- **پەیوەندی زمان و تەفسیر: ئاماژەدان بەوەی کە ڕێساکانی نەحو (کە مرۆڤ داینناون) نابێت ببنە زیندان بۆ تێگەیشتن لە قورئان، دەرگایەکی نوێ بۆ "تەفسیرێکی زانستی و سەردەمیانە" دەکاتەوە.**

ئێمە لەجیاتی ئەوەی بە چاوی قورئان سەیری دونیا بکەین، بە چاوی ململانێکانی موعتەزیلە و ئەشعەری و حەنبەلییەکان سەیری قورئان دەکەین."

بەدڵنیاییەوە، ئەگەر ئوممەتی ئیسلامی بگەڕێتەوە بۆ ئەو بنەمایەی کە:

1. قورئان ڕەمز و وەحییە: واتا تەنیا لە یەک لێکدانەوەدا قەتیس نابێت.
2. زمان ئامرازە نەک مەبەست: ڕێسای نەحویەکان "وەحی" نین.
3. تەئویل مافی هەمووانە: بەمەرجێک لە خزمەت مرۆڤایەتی و ئاشتی و زانستدا بێت.

تێبینی کۆتایی: ئەم نووسینە هەوڵێکی "پڕۆتێستانتی ئیسلامی"یە (بە مانای چاکسازیخوازی) بۆ ڕزگارکردنی دین لە قاڵبە وشکەکان. خاڵی هەرە بەهێزی ئەوەیە کە دەیەوێت "خودا" لە کێشە لەفزییەکانی مرۆڤ گەورەتر نیشان بدات.

گرنگترین سەرچاوەکانی ئەوبەشە

قورئانی پیرۆز

تفسير الطبري

تفسير ابن كثير

إحياء علوم الدين – الغزالي

درء تعارض العقل والنقل – ابن تيمية

الملل والنحل – الشهرستاني

سير أعلام النبلاء – الذهبي

الكتاب – سيبويه

معاجم اللغة العربية

وێستگەی یەکەم:

- ژیاننامەی پێشەوا حەسەن بەننا به گێڕانەوەی خۆی؛ لە منداڵییەوە تا داگیرسانی مەشخەڵەکە.

- ژیاننامەی پێشەوا حەسەن بەننا به گێڕانەوەی خۆی؛ لە منداڵییەوە تا داگیرسانی مەشخەڵەکە.

-ناساندنێکی خێرا بۆناساندنی خانەوادەوبنەماڵەی حەسەن بەننا:

جەمال بەننابرابچوکی پێشەوا (١٩٢٠-٢٠١٣) لە پێشەکی کتێبی "گوتارەکانی حەسەن بەننای لاوبۆ باوکی" سەرگوزەشتەی ژیانی باوک وباپیری بەکورتی پێش ژیانی براکەی نوسیوە ،کەمنیش لێرە بەکورتی بۆتانی وەردەگێڕم .

جمال بەننادەڵێ:

ئەحمەدی کوڕی عبدالرحمن بەننا لە گوندی شمشێرە سەربە ناوچەی فوە لە پارێزگای ڕۆژئاوا لە ساڵی -١٨٨٢ز/ ١٣٠٠ک-لە دایک بووە،ئەم گوندە یەکێکە لەگوندەکانی دەلتاو لە نزیک ڕوبارە،نازناوی بەننا=وەستا لە باپیرانەوە بۆیان ماوەتەوە کەهەندێکیان وەستای دیواربوون ،ماڵی عبدالرحمن چەند پارچەزەویەکیان لەو گوندەهەبووەو بە پیشەی جوتیاری خەریک بوون، محمدی براگەورەی ئەحمەد جوتیارێکی کارامە بووە،بەڵام ئەحمەد کە دایکی لەوکاتەی دووگیان بووە خەونی دیوە کە کوڕێکی دەبێ کە دەبێتە خزمەتکاری قورئان ،هەربۆیە کە ئەحمەد لەدایک دەبێ ودەبێتە چوارساڵ باوکی دەیباتە لا ی شێخێکی چاوکوێری دڵ بینا بەناوی محمد رفاعی ولەسەردەستی ئەم شێخە ئەحمەد قورئان ختم دەکاوتەجویدی قورئان فێردەبێ.

لەبەرئەوەی پیشەی جوتیاری کارێکە کاتی زۆر دەوێ وڕێ لە فێربوون دەگرێ بۆیە ئەحمەد بڕیاردەدا ئەم کارە بۆمحمدی برای بەجێبێڵێ وئەو خولیای پیشەی کاتژمێر چاک کردنەوەبووە وجار جارەش چۆتە شارەدێ ی متویس بۆ فێربوونی زانست وپیشەکەی بەڵام بەوەندە دڵی ئاوی نەخواردۆتەوە، بۆیە لای ئیمامی مزگەوتی گوند باسی کردووە کەئەودەیەوێ بەدەم فێربوونی زانستی دینی فێری پیشەی سەعات چاککردن بێ بۆ دابینکردنی بژێوی وخەرجی ،ئیمامی مزگەوتەکەش کەناوی ئەحمەدجارم بووە،ئیمام ڕێنمایی کردوە کە ئەو دۆستێکی هەیە لە ئەسکەندەریە ناوی محمد سوڵتانە وخاوەنی وەرشەیەکی گەورەیە بۆ چاک کردنەوەی سەعات ووەرشەکەشی لەبەرامبەر مزگەوتی گەورەی ئیبراهیم پاشایە کە ئەم مزگەوتە لە ئەسکەندەریە وەک مزگەوتی ئەزهەرە لە قاهیرە ،بەم شێوە دەتوانێ لەوێ هەردوو ئاواتەکەی بێنێتەدی.

فەقێ ئەحمەد بەم هەواڵەوە گەڕایەوە ماڵەوەو پێ ی گوتن کە نیازی هەیە بڕوابۆ ئەسکەندەریە،هەرچەندە محمدی کاکی ئەم سەفەرەی بەدڵ نەبووە،بەڵام باوکی ودایکی وخاڵەکانی کە قورئان خوێن بوون زۆریان پێ باش بووە، بەم شێوە ئەم مێرمنداڵە سەفەری کردووەو لەسەر ڕاسپاردەی شێخەکەی محمد سوڵتان لە وەرشەکە شوێنی شیاوی بۆ تەرخان کردوەولەناومزگەوتیش دەستی بەخوێندن کردووە بەماوەی چەند ساڵێک ،لەهەردوو زانستەکە

قۆناغێکی باشی بڕیوەو پاشان وەک پێشنوێژ وگوتارخوێن ووەستای سەعاتسازگەڕاوەتەوە شمشێرە وماوەیەک لەشمشێرەو متویس کاری کردووەو گوتارخوێن وپێش نوێژیشی کردووەو خەونەکەی دایکی هێناوەتەدی .

هەندێ لەناسیاوانی شێخ ئەحمەد گوتویانە کە ئەو شایانی ئەوەیە لە شارە دێ یەکی وەک محمودیە پێش نوێژی وگوتاربداوپیشەی سەعاتسازیش لەوێ باشترە، بۆیە شێخ چۆتە محمودیەوبیرۆکەکەی بەدڵ بووە ،بەڵام سەرەتا دەبوو خۆی لە خزمەتی سەربازی دەربازکاکەلەوسەردەمە ئەوەی قورئانی بزانیایە لە خزمەتی سەربازی دەبەخشرا،بۆیە کەشێخ تاقیکردنەوەی کرد لەسەربازی بەخشرا لەساڵی ١٩٠٢.

وەدەبوو ژن بێنێ تابتوانێ لە دایک وباوکی جیابێتەوە،بۆ ئەمەش کچی ئیبراهیم سەقری جەڵەب فرۆشی گوندەکەیانی هێنا کەلەڕووی دارایی لەماڵی زاوادەوڵەمەندتربوون،کچەکەشیان لەتەمەنی ١٥ساڵی داو وەک کچە جوتیارەکانیش نەهاتبووە ناو کێڵگەو نەبوژابوو ،وەک جمال بەنا وەسفی دەکا شاجوانی گوندەکە بووە ،ناوەکەشی ناوێکی ڕۆمانسی ئومێد بەخشبووە کەناوی دایکی بەختەوەر -ام السعد ،بووە ئەم دایکی بەختەوەریە بۆتە دایکی پێشەوا حەسن بەننا کە وەک جمال بەنادەڵێ زۆرێک لە سیفات وخوو ڕەوشتەکانی حەسەن بەننا لە دایکی چووە.

شێخ ئەحمەدی ساعاتی وسەعاتساز لە ساڵی ١٩٠٤زەماوەندی کردووەو ماڵی گواستۆتەوە بۆ محمودیە، ئەم محمودیەش بەناوی سوڵتان محمودی عوسمانی ناونراوە چونکە ئاوەدانیەکە لەسەر ئەو جۆگەیە کە لەسەردەمی سوڵتان محمود لە نیلەوە ڕاکێشراوەبۆ ئەسکەندەریە، ئەم محمودیە بەندەرێکی ئاوەدان بوو ڕێک بەرامبەرگوندی شمشێرەی جێ لە دایک بوونی شێخ ئەحمەد وسەفەری نێوان شمشێرە ومحمودیە هەرئەوەی دەویست کەسواری بەلەم بی ولەنیل بپەڕیەوە.

شێخ ئەحمەد لەم شارەدێ یە بەندەرە خانوێکی بچوک دەکڕێ وبەتەنیشتیەوە جێ دوکانێک دەکڕێ وئاوەدانی دەکاتەوە بۆ سەعات چاک کردن ،بەڵام هەرزوو ئەم دوکانە بچوکە دەبێتە

ستۆدیۆو تۆمارگە وشوێنی فرۆشتنی قەوان وئیستیوانە دینیەکان وکتێبخانەو شوێنی بەرگکردن وتجلیدی کتێب وزۆر پیشەی تریش کە شێخ هەموویانی لەودوکانە بەڕێوەبردووە.

منالّەکانی شێخ کەهەموو یان لەو خانوە بچوکەولەیەک ژوردا لەدایک بوون کە جمال دڵێ پێ ی دەگوترا ژووری دکەو ژووری لەدایک بوونی مرۆڤە مەزنەکان .

منالّەکانی شێخ ئەحمەد(١٨٨٤-١٩٥٨) ئەمانە بوون:

1 - حەسەن بەننا لە چێشتەنگاوی ڕۆژی یەک شەممە ٢٥-٨-١٣٢٤/ ١٤ -١٠-١٩٠٦ لە دایک بووە.لەساڵی ١٩٤٩شەهید بووە .

حەسەن بەننا نوێکەرەوەی جیهانبینی ئیسلامی لەسەختترین قۆناغەکانیدا . نوسینی :موحەممەدعەزیز لۆتەری

٢- عبدالرحمن بەننا لە٢-٩-١٣٢٦/ ٢٨-١٢-١٩٠٨ لە دایک بووە

٣- فاتمەبەننا لە٢-٢-١٩١١/ ؟- ٢-١٣٢٩ لە دایک بووە.

٤- محمد بەننا لە٢-٣-١٣٣١/ ١٠-٢-١٩١٣ لە دایک بووە

٥-عبدالباست بەنناله ١٦-١٠- ١٣٣٤/ ١٦-٨-١٩١٥ لە دایک بووە

٦- زینب بەننا لە ١٤-٤-١٣٣٧/ ١٦-١-١٩١٩لە دایک بووەو هەرلەوساڵەش مردووە.

٧- جمال بەننا لە ١٥-٩-١٩٢٠/ ٥-٤-١٣٣٩لە دایک بووە

٨-فوزیە بەننا لە ٢٢-٧-١٣٤١/ ١٠-٣-١٩٢٣لە دایک بووە.

ڕۆڵی خوشک و برایانی حەسەن بەننا:

- **عەبدولڕەحمان ئەلبەننا (الساعاتي):**
  - **پیشە:** شاعیر، نووسەر و یەکێک لە سەرکردە دیارەکانی ئیخوان. سەرپەرشتیاری "النشاط الرياضي" و شانۆی ئیسلامی بوو لە ناو کۆمەڵەکەدا.
  - **ساڵی وەفات:** ١٩٨٧ زاینی.
- **محەمەد ئەلبەننا:**
  - **پیشە:** هاوکاری براکانی بوو لە کارە بازرگانی و چاپەمەنییەکاندا و یەکێک بوو لە کادیرە دێرینەکانی بانگەواز.
  - **ساڵی وەفات:** زانیارییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو کۆچی دوایی کردووە.
- **جەمال ئەلبەننا:**
  - **پیشە:** نووسەر و بیرمەندێکی مشتومڕبەر بوو. خاوەنی چەندین کتێبە لەسەر فیقە و مێژووی ئیسلامی و زیاتر لە بواری فکریدا ناسرابوو.
  - **ساڵی وەفات:** ٢٠١٣ زاینی.
- **عەبدولباست ئەلبەننا:**
  - **پیشە:** لە بواری پەروەردە و کارگێڕیدا کاری دەکرد و وەک براکانی تری هاوکار بوو لە بڵاوکردنەوەی کۆمەڵەکەدا.
  - **ساڵی وەفات:** ١٩٩٥ زاینی.

٢. خوشکانی حەسەن بەننا:

خوشکەکانی ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە دامەزراندنی ڕێکخراوی (الأخوات المسلمات).

- **فەوزییە ئەلبەننا:**
  - **ڕۆڵ:** یەکێک بوو لە یەکەمین ئەو ئافرەتانەی کار و چالاکی بۆ ئافرەتان لە ناو ئیخواندا ڕێکخست.
  - **ساڵی وەفات:** لە نێوان نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو کۆچی دوایی کردووە.
- **فاتمە ئەلبەننا:**
  - **ڕۆڵ:** ئافرەتێکی پارێزگار و هاوکاری براکانی بوو لە کایە کۆمەڵایەتییەکاندا.
  - **ساڵی وەفات:** ساڵی وەفاتەکەی بە وردی لە سەرچاوە گشتییەکاندا تۆمار نەکراوە (پێش جەمال کۆچی دوایی کردووە).
  - .

تێبینییەکی مێژوویی

هەموو براکانی حەسەن بەننا نازناوی **"الساعاتي" یان هەبوو، کە ئەمە پیشەی باوکیان بوو (کاژێر ساز). باوکیان سەرەڕای ئەوەی زانایەکی گەورەی ئایینی بوو، بەڵام بۆ بژێوی ژیان کاتژمێری چاک دەکردەوە. ئەمە زۆر گرنگە بۆ تەوەری "بنیاتنانەوە" چونکە دەریدەخات کە ئەوان خەڵکانێک بوون "کات"یان ڕێک دەخستەوە و دەیانویست کاتژمێری مێژووی ئوممەت لەگەڵ ئیسلامدا ڕێک بخەنەوە.

پاش بیست ساڵ ژیان لە محمودیە ماڵی شێخ ئەحمەد دەچنە قاهیرە لەساڵی ١٩٢٤ دا ،جمال بەننا لە دەفتەری یادگاریەکانی باوکیەوە لە ساڵی ١٩٢٤ تا ساڵی ١٩٣٨ شازدە بەرواری باس کردووە کە ماڵەکەیان شازدە جارگواستۆتەوە لە خانوێک بۆ خانوێکی ترو لەگەڕەکێک بۆ گەڕەکێکی دیکە .

کاری هەرە سەرەکی شێخ ئەحمەدی سەعاتساز لە قاهیرە لە ساڵی ١٩٢٤-تاکو ساڵی١٩٥٨ کە تیایدا کۆچی دوایی کردوە ،واتە شێخ دوای شەهیدبوونی حەسەن بەنای کوڕی نۆساڵ ژیاوەو تەمەنی ٧٨ساڵ بووە ،زۆرترین کارێک کەلە قاهیرە خەریکی بووە تەواوکردنی کتێبی "الفتح الربانی في ترتيب مسند الامام احمد بن حنبل الشيباني " بووە کە تەواوی کردووە..

شێخ ئەحمەد لەژیانیدا ئەم کتێبانەی نوسیوە:

١- "بدائع المسند في جمع وترتيب مسند الشافعي والسنن"

٢-بلوغ الأماني من أسرار الفتح الرباني في مسند الامم احمد ابن حنبل الشيباني.

٣-جامع أسانيد الإمام أبي حنيفة"،

٤- "إتحاف أهل السنة البررة بزبدة أحاديث الأصول العشرة

زۆربەی ئەم کتێبانەی **شێخ ئەحمەد عەبدولڕەحمان نەلبەننا (الساعاتي)** چاپکراون و هەندێکیان بە شاکاری گەورەی بواری فەرموودە دادەنرێن لە سەدەی بیستەمدا. شێخ ئەحمەد کاتێکی زۆری ژیانی بۆ ڕێکخستنەوەی موسنەدەکان تەرخان کردووە.

لێرەدا زانیاری دەربارەی چاپەکانیان دەخەمە ڕوو:

١. الفتح الرباني لترتيب مسند الإمام أحمد بن حنبل الشيباني

ئەمە گەورەترین و بەناوبانگترین کاری شێخە. ئەو هاتووە موسنەدی ئیمامی ئەحمەدی (کە بەپێی ناوی سەحابەکان ڕیزکراوە) سەرلەنوێ بەپێی **تەوەرە فیقهییەکان** ڕیز کردووەتەوە تا سوودی لێ وەر بگیرێت. چاپکراوە لە **٢٤ بەرگدا**.، چاپی یەکەمی لە نێوان ساڵانی **١٩٣٠ بۆ ١٩٥٠ (١٣٤٨ - ١٣٧٧ کۆچی)** لە قاهیرە دەستی پێکرد. شێخ خۆی لە ژیاندا بوو کاتێک چاپ دەکران و کوڕەکانی (حەسەن و عەبدولڕەحمان) یارمەتییان دەدا لە چاپکردنەکەیدا.

بلوغ الأماني: ئەمە ئەو شەرحەیە (کۆمێنتارە) کە شێخ خۆی بۆ کتێبەکەی نووسیوە و لەگەڵ "الفتح الرباني"دا پێکەوە چاپ کراون.

٢. بدائع المسند في جمع وترتيب مسند الشافعي والسنن

ئەم کتێبەشی بە هەمان شێوازی موسنەدی ئیمامی ئەحمەد، بۆ موسنەدی ئیمامی شافعی ئەنجام داوە.، چاپکراوە لە **٢ بەرگدا**. یەکەمجار لە ساڵی **١٩٥٠ (١٣٧٠ کۆچی)** لە قاهیرە چاپکرا. دواتر لە ساڵی ١٩٨٠ و ساڵانی دواتریش لەلایەن دەزگا جیاوازەکانەوە (وەک دار الكتب العلمية) نوێکراوەتەوە.

٣. جامع أسانيد الإمام أبي حنيفة

ئەم کتێبە کۆکەرەوەی ئەسنادەکانی پەیوەست بە ئیمامی ئەبو حەنیفەیە ، چاپکراوە.

چاپی کۆنی هەیە، بەڵام یەکێک لە چاپە ناسراوەکانی لە ساڵی **١٩٤٧ (١٣٦٦ کۆچی)** بووە. شێخ ئەحمەد لەم کتێبەدا هەوڵی داوە فەرموودەکانی ئیمامی ئەبو حەنیفە لە چەندین سەرچاوەی جیاوازەوە کۆبکاتەوە و ڕێکیان بخات.

٤. إتحاف أهل السنة البررة بزبدة أحاديث الأصول العشرة

ئەم کتێبە کورتکراوەی فەرموودەکانی ١٠ سەرچاوە ئەسڵییەکەی فەرموودەیە.

ئەم کتێبە وەک دەستنووس و چاپی کۆن هەبووە، بەڵام وەک سێ کتێبەکەی تر ناوبانگی دەرنەکردووە و چاپی نوێی کەمترە. شێخ تێیدا هەوڵی داوە "زبدة" یان پوختەی فەرموودەکان کۆبکاتەوە.

ئەم زانیارییانە پێشانی دەدەن کە **حەسەن بەننا** لە چ جۆرە مااڵێکدا پەروەردە بووە. باوکی تەنها "کاژێرساز" نەبووە، بەڵکو یەکێک بووە لە **دیارترین خزمەتگوزارانی فەرموودە** لە سەردەمی نوێدا.

"ئەو تەلارسازەی (حەسەن بەننا) ویستی کۆشکی ئیمان نۆژەن بکاتەوە، کۆڕی پیاوێک بوو (شێخ ئەحمەد) کە تەمەنی خۆی لە نێوان چاککردنەوەی کاتژمێرەکان و ڕێکخستنەوەی 'موسنەد'ەکاندا بەسەر بردبوو؛ باوک فەرموودەکانی ڕێک دەخستەوە و کوڕەکەش دەیویست ژیانی مسوڵمانان بەپێی ئەو فەرموودانە ڕێک بخاتەوە."

–

حەسەن بەننا نوێکەرەوەی جیهانبینی ئیسلامی لەسەختترین قۆناغەکانیدا . نوسینی :موحەممەدعەزیز لۆتەری

B-

پوختەیەک لە ژیانی مامۆستا حسن بەننا .

مامۆستا لە کتێبی یاداشتەکانی بانگەوازوبانگخوازی(مذكرات االدعوة والداعية) دا باسی وێستگەکانی ژیانی خۆی یەک لەدوای یەک کردووە.



لە پێش هەموویان باسی خوێندنگاوحوجرەی ڕشاد دەکا کە شێخ محمد زەهرانی چاوکوێرو دڵ ودەروون ڕۆشن بەڕێوەی بردووەو ئەویش وەک باوکی دەستپێکی ئەلف وبێ ی ژیانی لەسەردەستی ئەم دڵ ڕۆشنە بووە کە هاوڕێ یەکی نزیکی باوکی بووە ئەم حوجرە کە بەننا بەهەشت ساڵی لەساڵی١٩١٤ لەوێ دەستی بەخوێندن کردوە وئەم مامۆستایە جگەلەوانە گوتنەوە گۆڤاری ئیسعادی شی دەرکردووەو دیارە بەنناهەم لای باوکی وهەم لای مامۆستاکەی فێری نوسینی بابەت وئاشنایی خوێندنەوە بووە ،بەتایبەت کە مامۆستاکەی کوێربووەوبۆ نوسین وڕێکخستنی گۆڤارەکەی پشتی بە باوکی حسن بەننا و بەنناش بەستوە .

، دیارە جەنابیان باسی خوێندنگای ماڵەوە ناکا ،بەڵام دەبێ بزانین کە وێستگەی یەکەم بۆ فێربوون وئاڕاستەکردن باوکی بووە،بەتایبەت کە کورێک چاوو گوێ بکاتەوە بە قاوان وکتێب وگۆڤاروقورئان وفەرمودەو ئەو دانیشتنانەی لە دوکانی باوکی دەکرێن وئەوگفتوگۆیانەی لەوێ دەکرێن، دیارە کاریگەری لەسەر بەجێ دێڵێ.

کاریگەری ژینگەوەدەوروبەری سیاسی ،فەرهەنگی ،عیرفانی لەسەرژیانی حەسەن بەننا :

مامۆستا لەخوێندنگای ڕەشادەوە لەساڵی ١٩١٨ ز چۆتە قوتابخانەی ئامادەیی سەرەتایی، کەبە سەرەتایی گوتراوە ئامادەیی ،وەشەویش لەلای باوکی خەریکی لەبەرکردنی قورئان بووە ،دوای نیوەڕۆش لای دوکانەکەی باوکی خەریکی چاککردنەوەی سەعات بووە.

وەستا حەسەن باسی ئەوەدەکا کە یەکێک لە مامۆستاکان لەقۆناغی سەرەتایی کەناوی محمد ئەفەندی عبدالخالق بووەومامۆستای بیرکاری و وەرزش بووە، دەزگای ڕەوشت وئەدەبی

دامەزراندوەولەو دامەزراوە هەرکەسێک بێ ڕێزیەک بە براوباوک ودایک ودین ومامۆستا و،،،بکا بە بڕێک پارە سزاو غرامە دەدرێ هەرلە ملیمێک هەتا دووقرش ،وەکە کەسە سزادراوەکە ئەو پارەی نەدا ئەوە هەموو دەنگی لێ وەردەگرن وکەس قسەی لەگەڵ ناکا.

وە ئەوبڕە پارەی لەوەکۆدەبۆوە بۆ کفن کردن وناشتنی کەسانی نەناسراوی خنکاولە ڕووباردا،یان بۆیارمەتی دانی خوێندکارە هەژارەکان بەکاردەهات.

لە دوای خوێندنگا ومااڵەوە فەقێ حەسەن بەننا لە مزگەوتە بچوکەکەی گوندیش لای مامۆستای گوند -مەلامحمد سعید- زۆر شت فێربووەو لەسەر تورەبوونی مەلامحمد لەبەر زیادەڕەوی لەبەکارهێنانی ئاولە خوێندکاران تورەبووەو بەو هۆیەوە فەقێ حەسەن مەلای گوندیشی لە دەزگای ئەدەب وڕەوشت بە قرشێک سزاداوە.

هەروەها فەقێ حسن لە کەناری ڕوباری نیل دا گەڕاوەو هەر سەرپێچیەکی شەرعی و بێئەدەبی بینیبێ هەوڵی گۆڕینی داوە لەو تەمەنە بچوکەی دا.

پاش ئەوەی کە ئەم مامۆستاو لاوانە هەستیان کردووە کە دەزگای ڕەوشتی ئەدەبی بەس نیە بۆ چاکسازی ،مامۆستایەک بەناوی محمد بدێر دامەزراوەی قەدەغەکردنی کرداڕە حەرامەکانی دامەزراندووە وکۆمەڵێک گەنج بوونە ئەندامی کە هەرئەندامێک دەبوو هەموو هەفتەیەک لە پێنج تا دە ملیم ئابوونە بدا ،ئەم دەزگایە لەناوخۆیان کارەکانیان دابەش کردبوو ،هەندێکیان بەڵگەودەق وگوتارەکەیان لەسەردیاردەکە کۆدەکردەوە،هەندێکی تردەیاننوسی،دەستەی سێ یەم چاپیان دەکرد،دەستەی چوارەم لە ناوشارو بەندەرو کەنارئاوو شوێنەکان ئەم نوسراوانەیان دەدایە ئەو کەسانەی کە سەرپێچیان دەکرد.

لە ساڵی ١٩١٩ دا لەگەڵ ئەوەی کە هێشتا مامۆستا چواردەساڵیشی تەواونەکردبوو، وەهێشتا هەموو قورئانیشی لەبەرنەکردبوو، بەڵام داخوازی پێشکەشی خوێندنگای مامۆستایان لە دەمەنهور کرد کە بشیرموسی دسوقی بەڕێوەبەری بوو، دەسوقی کە خۆشەویستی مامۆستای بۆ فێربوون دیت چاوپۆشی لە نیوساڵی تەمەن وئەوچاڕەکەی کەمابووی لە قورئان کرد بەبەڵێنی ئەوەی کەلەداهاتوودا لەبەری بکا،لەم قوتابخانە بەسێ ساڵ قوتابی دەبوو بە مامۆستا.

لە دەمنهور دا مامۆستا دەبێتە سۆفی و موریدی ڕێبازی حوسافی ،کە دەبێ ئەم ڕێبازە هەموو زیکرو ویردەکانیان بە پێ ی سونەتەو هیچ بدعەی تێدانیەو دەربڕینی نامۆو تەلیسمی تێدانیەو

ژیانی دامەزرێنەرەکەی شێخ حسنێن حسافی دەخوێنێتەوە کە چۆن لەسەر پابەندنەبوون بە فرمانەکانی سونەت لە خدێوی تۆفیق و لە سەرپەرشتیاری ئینگلیز و لە بەرێوەبەری مەزارگەی ئیمام حسێن نەسڵەمیوەتەوەو لەهەموو شوێنێک فرمانی بە چاکە و بەرگری لە خراپە کردووە،وە ئەو خۆبەکەم گری ودنیانەویستی ودڵسۆزیەی کەلە پەیڕەوانی ئەو تەریقەتە هەبووە سەرنجی ڕاکێشاوە، وە زۆرێک لە و دۆست وبرایانەی کەلەمەودوا لە ڕێکخراوی ئیخوان المسلمین وژیانی مامۆستادا ڕۆڵیان هەبوو لەو تەکیەدا ناسیونی.

بەم شێوە لەڕۆژی یەک شەممە ٤-٩-١٣٤١ دا کە دەکاتە ١٩٢١ز مامۆستا حەسەن بەیعەتی ئەندام بوونی داوەتە شێخ عبداوهاب حسافی شازلی(١٨٧٢- ١٩٤٩) لە مزگەوتی تەوبە لە دەمنهور ولە یاداشتەکانی باسی ئەو وانەو سودانە دەکا کە لە و پیاوە وەری گرتووە.

مامۆستا ئەم ئەندام بوونەی کردۆتە هەل بۆ دامەزراندنی دەزگایەکی خێرخوازی بۆ بڵاوکردنەوەی خو وڕەوشتی جوان و لابردنی کاری ناشەرعی وبەرگری کردن لە مەی خواردنەوەو ڕێگرتن لە کاری مژدەدەری مەسیحی کە لەوناوچە دا بڵاو بووبۆوە ..

- شێخ **عەبدولوەهاب حەسافی** (عبد الوهاب الحصافي)، کە ڕێبەری تەریقەتی "حەسافیەی شازلی" بوو و کاریگەرییەکی ڕۆحی و پەروەردەیی زۆر قوڵی لەسەر حەسەن بەننا هەبوو لە سەرەتای گەنجیدا، سااڵنی

پەیوەندی شێخ حەسافی و حەسەن بەننا:

حەسەن بەننا لە کتێبی یادەوەرییەکانیدا (مذكرات الدعوة والداعية) بە شێوەیەکی زۆر بەرز باس لەم شێخە دەکات. بەننا لە تەمەنی نێوان ١٢ بۆ ١٣ ساڵیدا چووەتە ناو تەریقەتی حەسافییە و لە ژێر چاودێری شێخ عەبدولوەهابدا پەروەردە بووە.

حەسەن بەننا دواتر کۆمەڵەی "الحصافية للبر والخدمات"ی دامەزراند، کە زۆرێک لە مێژوونووسان پێیان وایە ئەم کۆمەڵەیە "بناغەی یەکەم" و ڕاهێنانی سەرەتایی بووە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی ئیخوان موسلیمین لە ساڵی ١٩٢٨ . شێخ حەسافی وەک "ئەندازیاری ڕۆحی" ئەو پیاوە دادەنرێت کە دەیویست جیهان بگۆڕێت.

بۆیە پەروەردەی ڕۆحی و تەسەوفی لای شێخ حەسافی، بووە بە کەرەستەی "چیمەنتۆی مەعنەوی" بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەو کۆشکەی کە لەوەودوا دامەزرا

هەروا مامۆستا بۆچوونی خۆی لەبارەی تەسەوفەوە نوسیوە کە نای ناوە زانستی ڕەوشت وهەڵس وکەوت، پێ ی وایە کە دوای زۆربوونی خۆشیەکانی دنیا لای مسوڵمانان وڕۆچونیان لە ڕابواردن دا ئەم تەسەوف وتەزکیە پێویست بوو.

مامۆستا باسی ساڵانی ١٩٢٠-١٩٢٣ دەکا کەلەو سەردەمەدا چالاکیەکانی مژدەدەری وبەمەسیحی کردن لە چڵە پۆپەدا بووە، ئەوشارەی کەمامۆستای لێ بووە لەتەمەنی ١٤-١٧ ساڵی دا شاری

دەمەنهور هەموویان سۆفی حسافی بوون ،ڕۆژهەڵات ناس ومژدەدەرەکان هەوڵیان دەدا کە خەڵک بەتەسەوفەوە خەریک بن .

هەروەها مامۆستا باسی چەند دیاردەیەک لە ژیانی دەکا وەک خۆدابڕین وبێ دەنگی ،یان زیندوو کردنەوەی هەندێ شەو بە شەونوێژ و سەردانی کۆڕستان وبیرکردنەوە لە قیامەت وبەکتر هەڵساندنی برایان و بانگبێژان بۆ نوێژی بەیانی .

وێستگەیەکی تر لە ژیانی ئەو سەردەمەودا هەرلە شۆڕشی میسر لەساڵی ١٩١٩ وە بەشداری کردن بووە لە خۆپیشاندان وڕێ پێوان وچالاکی ویادکردنەوەی یادوبۆنە نیشتمانیەکان کە مامۆستالەوەشدا لە پێشەوەبووە، شۆڕشی ساڵی ١٩١٩ی میسر تەنها لە قاهیرە قەتیس نەمایەوە، بەڵکو وەک ئاگرێک هەموو شار و گوندەکانی میسری گرتەوە، لەوانەش شاری **"دەمەنهور"** (Damanhur) کە ناوەندی پارێزگای بەحەیرەیە.

حەسەن بەننا لەو کاتەدا تەمەنی **١٣ ساڵ** بووە و لە قوتابخانەی (المعلمين الأولية) لە دەمەنهور قوتابی بووە. ئەو خۆی لە یادەوەرییەکانیدا باس لەو ساتانە دەکات و دەڵێت کە ئەم شۆڕشە یەکەمین چرکەساتی "ئاگاهانەی" ژیانی سیاسی و نیشتمانی ئەو بووە.

لێرەدا چەند خاڵێکی گرنگ هەن وەک "وێستگەیەکی کاریگەر" لەژیانی بەنناوا:

١. ڕۆڵی حەسەن بەننا لە شۆڕشەکەدا:

سەرەڕای منداڵیی و کەمی تەمەنی، بەننا وەک سەرکردەیەکی قوتابیان لە دەمەنهور دەرکەوت. ئەو ڕێبەرایەتی خۆپیشاندانی قوتابیانی دەکرد و شیعرە نیشتمانییەکانی بۆ دەخوێندنەوە. تەنانەت باس لەوە دەکرێت کە ئەو کاتە کۆمەڵەیەکی بچووکی بە ناوی **"جمعية الأخلاق البحرية"** هەبووە کە بەشداریان لە مانگرتنەکاندا کردووە.

٢. کاریگەری شۆڕشەکە لەسەر کەسایەتی ئەو:

ئەم شۆڕشە بۆ بەننا تەنها دژایەتی ئینگلیز نەبوو، بەڵکو فێری کرد کە:

- **هێزی جەماوەر:** چۆن گەل دەتوانێت یەکبگرێت (موسڵمان و مەسیحی پێکەوە دژ بە داگیرکەر).
- **بەرگری ڕۆحی:** ئەو دەیزانی کە شۆڕش بەبێ ڕەهەندی ئەخلاقی و ئایینی سەرکەوتوو نابێت.

٣. بارودۆخی دەمەنهور لەو کاتەدا:

دەمەنهور یەکێک بوو لەو شارانەی کە پێکدادانی توند لە نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئینگلیزەکاندا تێیدا ڕوویدا. هێڵەکانی شەمەندەفەر بردران و خەڵکەکە بە تەواوی ڕاپەڕیبوون. بەننا لەو ناوەندەدا گەورە بوو، ئەمەش وای لێکرد لە تەمەنێکی زۆر بچووکەوە هەست بە "بریتی نیشتمان" بکات.

بەڵێ لە ساڵی ١٩١٩دا، کاتێک شەقامەکانی دەمەنهور بە هاواری ئازادی خرۆشابوون ، مێردمنداڵێکی ١٣ ساڵان بە ناوی حەسەن بەننا لە ناو جەرگەی خۆپیشاندانەکاندا وەستابوو. ئەو کاتەی خەڵکی بەدوای سەربەخۆیی سیاسییەوە بوون، بەننا تێگەیشت کە ڕزگاریی ڕاستەقینە تەنها بە دەرکردنی سەربازی بێگانە نابێت، بەڵکو بە بنیاتنانەوەی ئەو مرۆڤەیە کە لە ناوەوە شکاوە. ئەم شۆڕشە یەکەمین خشتی ئەو قەناعەتە بوو کە پێی دەگوت: نۆژەنکردنەوەی جیهان لە نۆژەنکردنەوەی تاکەوە دەست پێ دەکات."

حەسەن بەننا نوێکەرەوەی جیهانبینی ئیسلامی لەسەختترین قۆناغەکانیدا . نوسینی :موحەممەدعەزیز لۆتەری

هەروەها بابەتی لەبەرکردن ونەپۆشینی جل وبەرگی فەرمی ، مامۆستا لەم ساڵانە ژیانی دابەش بووە لەنێوان محمودیەودەمەنهور ،پێنج شەممەتاشەممە لە محمودیە وڕۆژانی دیکە لەدەمەنهوربووە ،پێنج شەممەودووشەممە بە ڕۆژوو بووە.

هاوینانیش خولی بەهێزکردن وخوێندنی الفیەی ئیبن مالک و ئیبن عەقیلیان خوێندوە.

مامۆستالەوماوە باسی ئەولێشاوە ئەدەب وڕۆمان وچیرۆک وهۆزان وڕەخنەو ئاهەنگوگۆرانی وپێشەنگاوشانۆگەریانە دەکا کە خەڵکیان لەسەر داڕوخان وداماڵینی ڕەوشت ڕادێنا،کەچی مامۆستا لەوسەردەمە سەرەڕای لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز دەیان مەتنی لە زانستەکانی نەحو وسەرف وڕەوانبێژی وتەجوید وبیروباوەڕو میرات وزۆر زانستی تریش لەبەرکردووە.



مامۆستا کەسێکی زۆرسادەودڵ ساف وخۆبەکەم گربووە، بۆیە دوودڵ بووە لە درێژەدان بەخوێندن لە دارالعلوم ، بەڵام یەکێ لە مامۆستاکانی ئەم بۆچوونەی گۆڕیوە ، مامۆستا هەمیشە لەوچارەسەرودەرمانە گەڕاوە کە دەبێتە هۆی چارەسەری پەرتەوازەیی ولێک هەڵوەشانی ئەم ئوممەتە ..

لەساڵی ١٩٢٣دا مامۆستا بۆ چوونە ناودارالعلوم بۆیەکەم جارلە ژیانیدا دەچێتە قاهیرە، وەیەکەم جار دەچێتە ناوئەزهەر،لەوێ یەکێ لە خوێندکاران لەگەڵی دەچێ بۆ لای خاتونە دکتۆرێکی یۆنانی تا چاویلکەی بۆ بکا .

پاشان مامۆستا باسی پشکنینی پزیشکی دەکا کەتیای دا سەرکەوتوو بووە، وەلە تاقیکردنەوەی ئەزهەردا توانیویەتی پلە یەکەمی سەرشارەکەی خۆی و پێنجەم لە سەرئاستی وڵاتی میسر، بەم شێوە توانیویەتی بچێتە دارالعلوم وساڵێک دوور لەماڵەوەبووە لەناوخۆ لەگەڵ قوتابیان ،وەباسی ڕۆژانە ڕوحانیەکانی تەکیەی عبدالوهاب حسافی و ڕۆژانی پڕ خوێندنەوەو کتێب وتوێژینەوە وهەوڵ وتێکۆشان بووە، لە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵیش ئیرەیی یەکێ لە قوتابیە هاوشاریەکانی مامۆستا وادەکا کەنیازی دڵی بەرامبەری خراپ بێ وبیەوێ زیانی پێ بگەیەنێ ،بەڵام ئەمەش هەربەسەلامەتی تێپەڕی ،بەڵام چیرۆکەکە گەیشتەوەباوک ودایکی وبەوهۆیەوە بنەماڵەکە بڕیاری دا لە ١٩٢٤ ماڵیان بگوازنەوە بۆقاهرەو هەرلەوساڵەش محمدوعبدالرحمن خوێندنەکەیان هاتە قاهرە ،بەم شێوە ماڵی شێخ ئەحمەد هاتنە قاهیرە.

لە هاوینی ئەوساڵە مامۆستا لە پشوی هاوین بەتەنیا دەچێتەوە محمودیە ودوکانی چاککردنەوەی سەعات دەکاتەوە،تا لە دانیشتن و هاودەمی خۆشەویستانی بەردەوام بێ ،لەو کاتە باسی وەفاتی ڕوحیە کچی شەلەبی شێخەکەیان دەکا کە چۆن شێخ پرسەکەی کردۆتە ئامۆژگاری وگوتویەتی کە اللە غیرەی لە دڵی من کردووە چونکە زۆر هۆگری ڕوحیەی کچم بووم.

مامۆستا دەڵێ ،کە گەڕامەوە قاهیرە بینیم دیاردەی بەدڕەوشتی وناشەرعی لە هەڵس وکەوتی خەڵک ولە ڕاگەیاندن وخوێندنگاوگۆڤاروڕۆژنامەکان دا پەرەی سەندبوو،تەنیا دەزگای مەکارمی ئەخلاق مامۆستا محمود محمود یش هەبوو ،کە چەند گوتارو ئامۆژگاری لێ پێشکەش دەکران، هەندێ مامۆستاو پێش نوێژیش لە ناو مزگەوت گوتارو ئامۆژگاریان پێشکەش دەکردن .

مامۆستاش دەستەیەکی لە هاوڕێ یانی کۆکردەوە بەناوی بانگەوازی ئیسلامی وکتێبخانەیەکی بۆ خۆ ئامادەکردن بەزانست وبەڵگە پێشکەش کردو ویەکەم وێستگەی بانگەوازیان لە قاوەخانەوچاخانەکانی گۆڕەپانی سەلاح الدین و خاتووعائیشە وخاتو زەینەب و گۆڕەپانی تۆڵۆن ،مامۆستا دەڵێ لەوشەوە بیست گوتارم دان ،هەر گوتارەی لە پێنج بۆ دە خولەک بوو ،ئەو وتارانە لەوشەوەدا سەرکەوتنێکی سەرسام کەری بەدەست هێنا بە پێچەوانەی ئەوانەی کەبە کارێکی بێ سودیان دەزانی، مامۆستاوهەوڕێکانی هیچ چاوقاوەیەکیان نەدەخواردەوەو تەنیا پاداشتیان لە اللە دەویست.

چالاکیە مژدەدەریەکانی کنیسەی ئینگلیزی وای کرد کە حەسافیەکانیش و بانگخوازان وجەماوەر بەگشتی غیرە گرتبوونی وپشتگیری ئەوچالاکیانەیان دەکرد کە ئەو دەستە گەنجە

پێ ی هەڵدەستان..

مامۆستا دەڵێ کە لەوسەردەمەدا میسر لەنێوان هەردوو حزبی وەفد و حزبی دەستوریە ئازادەکان دەکوڵا، بابەتی گوتاری دانیشتنەکانی زانکۆو کۆبونەوەوچاخانەکان بوو ،مامۆستاکان و قوتابیەکان بە ڕاشکاوی بۆچوونی خۆیان لەبارەی بارودۆخی وڵات دەخستە ڕوو.

لە ڕاستیدا، حەسەن بەننا لە سەردەمێکدا دەرکەوت کە میسر لەناو ململانێیەکی سیاسیی زۆر تونددا بوو؛ ئەم ململانێیە نەک تەنها لە پەرلەمان، بەڵکو لەناو چاخانە و زانکۆ و تەنانەت سەر شەقامەکانیشدا بوونی هەبوو.

لێرەدا ناسنامەی ئەو دوو پارتە سەرەکییە و مێژووەکەیان دەخەمە ڕوو :

١. حزبی وەفد (حزب الوفد)

ئەم حزبە کۆری شۆڕشی ١٩١٩یە و جەماوەریترین حزبی میسر بوو لەو سەردەمەدا.

- **سااڵی دامەزراندن:** بە فەرمی لە ساڵی **١٩١٨** وەک شاندێک (وەفد) بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئینگلیز دروستبوو، بەڵام لە ساڵی **١٩٢٤** بوو بە حزبێکی ڕێکخراو.
- **سەرکردەی دیار: سەعد زەغلول** (دامەزرێنەر) و دواتر **مستەفا نەحاس**.
- **مێژوو و ئایدۆلۆژیا:** دروشمی سەرەکییان "میسر بۆ میسرییەکان" بوو. حزبێکی نیشتمانیی لیبراڵ بوون، داوای سەربەخۆیی تەواوەتی میسرییان دەکرد. لەو سەردەمەدا زۆرترین دەسەڵاتی جەماوەرییان هەبوو و زۆربەی هەڵبژاردنەکانیان دەبردەوە.

٢. حزبی دەستووریيە ئازادەکان (حزب الأحرار الدستوريين)

ئەم حزبە نوێنەرایەتی چینی بژاردە و ڕۆشنبیر و خاوەن زەوییە گەورەکانی دەکرد.

- **سااڵی دامەزراندن:** لە ساڵی **١٩٢٢** دامەزرا.
- **سەرکردەی دیار: عەدلی یەکن پاشا** و **محەمەد مەحموود پاشا**.
- **مێژوو و ئایدۆلۆژیا:** ئەمانە لە "وەفد" جیا بوونەوە چونکە پێیان وابوو گفتوگۆ و دیپلۆماسی لەگەڵ ئینگلیز باشترە لە شۆڕشی شەقام. بایەخێکی زۆریان بە دەستوور و یاسا دەدا، بەڵام جەماوەرییان لە چاو وەفد کەمتر بوو. زۆرکات لەلایەن خەڵکەوە بەوە تۆمەتبار دەکران کە نزیکن لە کۆشک (پاشا) و بەریتانییەکان.

ململانێی چاخانە و زانکۆکان

لەم سەردەمەدا (١٩٢٠-١٩٣٠)، چاخانەکانی قاهیرە وەک **"پەرلەمانی میللی"** وابوون. هەر چاخانەیەک لایەنگری حزبێکی دیاریکراو بوو. حەسەن بەننا کاتێک لە (دار العلوم) قوتابی بوو، دەبینێت:

- سیاسەت کۆمەڵگەی دابەش کردووە.
- خەڵک خەریکی ململانێی "حزبی"ن و پەیامە گەورەکەی (ئیسلام)یان فەرامۆش کردووە.
- زانکۆکان ببوونە شوێنی شەڕەقسەی نێوان لیبراڵەکان و پاشا پەرستەکان.

کاریگەری لەسەر حەسەن بەننا و کتێبەکەت:

حەسەن بەننا لە سەردەمێکدا هات کە میسر لە نێوان چەکوشی 'وەفد' و بەرداشی 'دەستوورییەکان'دا بوو. ئەو بینی کە چۆن حزبایەتی مرۆڤی میسری پارچەپارچە کردووە. بۆیە ئەو نەیویست حزبێکی تر بۆ لیستەکە زیاد بکات، بەڵکو ویستی 'ماڵێک' دروست بکات کە هەموو ان تێیدا کۆببنەوە. ئەو دەیگوت: 'ئێمە پارتێکی سیاسی نین، بەڵکو جەستەی ئوممەتین'. ئەو دەیویست ئەو وزەیەی لە چاخانەکاندا بە شەڕە حزبی بەفیڕۆ دەچوو، بیخاتە خزمەت نۆژەنکردنەوەی کۆشکە وێرانەکەی ئیسلام."

هەرلە پێش دەرچوون لە دار العلوم بابەتی گۆڕینی جل وبەرگی جبەو عەمامە بە تەربوش وجلی ئەفەندی ، قوتابیەکان هەموویان جل وبەرگیان گۆڕی، تەنیا مامۆستاوبرادەرەکەی مابوون بۆیە بەڕێوەبەری کۆلێژ بانگی کردن وپێ ی ڕاگەیاندن کە پێ ی خۆش نیە دووبەرەکی لە شێوازو جل وبەرگی قوتابیان ببینرێ بۆیە ئەوانیش لە دواجاردا تەربوش وجلی ئەفەندیان لەبەرکرد.

لەو سەردەمەدا بیری ئیلحادی وبێ باوەڕی وعەلمانی و دیموکراتی چەندان شانۆو حزب وکەسایەتی وگوتاربێژو سالۆن وڕۆژنامەو گۆڤارو بنکەیان هەبوو، لەتورکیا ئەتاتورک خیلافەی ئیسلامی وفەرمانڕەوایی ئیسلامی حەواڵەی مۆزەخانەکردبوو ،لەمیسریش ئەم بانگەوازە دەنگدانەوەی هەبوو، لەم لاش ئەزهەرو بانگخوازان پەرچەکرداریان بەرامبەرئەو لێشاوە هەبوو،مامۆستا ناوی شێخ محمد ڕشید ڕەزاو محب الدین خەتیب وعبدالعزیز خولی و گەلێک ناوی تریش باس دەکا کە ڕۆڵیان هەبوو لە ڕاوەستان لەبەرامبەر ئەو لێشاوە، بەڵام ئەو بەرگریەلەئیسلام لە سەر ئاستی پێویست نەبوو ،بۆیە مامۆستا بەدرێژایی ئەودووسااڵە بیری لە کارێکی گەورەتر وبەهێزتر دەکردەوە تا لە ئاستی ئەوهێرشە سامناکە دابێ کە دەکرێتە سەر ئیسلام .

شێخ محەمەد ڕەشید ڕەزا (محمد رشید رضا١٨٦٥-١٩٣٥)

ئەو بە میراتگری ڕاستەقینەی قوتابخانەی چاکسازیی (جەمالەدینی ئەفغانی و محەمەد عەبدە) دادەنرێت.

خاوەنی گۆڤاری (المنار) بوو. حەسەن بەننا دوای مردنی ڕەشید ڕەزا، بۆ ماوەیەک سەرپەرشتی دەرکردنی گۆڤارەکەی گرتە ئەستۆ تا ڕانەوەستێت. بەننا وەک "پێشەوا و مامۆستا" سەیری دەکرد.

٢. موحیبوەدین خەتیبی (محب الدین الخطیب١٨٨٦-١٩٦٩)

نووسەر، ڕۆژنامەنووس و تێکۆشەرێکی گەورەی بواری یەکێتی ئیسلامی بوو. دامەزرێنەری گۆڤاری (الفتح) و کتێبخانەی (السلفیة) بوو لە قاهیرە. ئەو یەکێک بوو لە نزیکترین کەسەکان لە حەسەن بەننا و گۆڤارەکەی ئەو (الفتح) سەکۆیەک بوو بۆ بڵاوکردنەوەی وتارە سەرەتاییەکانی ئیخوان موسلیمین. وەک دەشبینین لەمەودوا کە پیاوی وەک ئەو دوای شۆڕشی ئەفسەرانی ئازادیش لەمیسر ماوەتەوەوچالاکیەکانی درێژە پێداوە ولەقاهیرە مردوە .

٣. شێخ عەبدولعەزیز خولی (عبد العزيز الخولي١٨٩٧- ١٩٣١)

زانایەکی ئایینی و ئەدیبێکی دیاری ناو بازنەی ئەزهەر و چاکسازیخوازان بوو. مامۆستایەکی بەتوانا بوو لە بواری فەرموودە و ئەدەبدا. بەننا لە یادەوەرییەکانیدا دەڵێت کە لەگەڵ شێخ عەبدولعەزیز خولی و کۆمەڵێک زانای تر بەردەوام کۆبوونەوەیان هەبووە بۆ تاوتوێکردنی "حاڵی نالەباری ئوممەت" و چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی شەپۆلی بێدینی.

دیارە حەسەن بەننا کاتێک لە قاهیرە بووپێش چونی بۆ ئیسماعیلیە ، تەنها قوتابییەکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو لەناو سێگۆشەیەکی فکریدایە کە لایەکی **ڕەشید ڕەزا** و لایەکی **موحیببوەدین خەتیب** و لایەکەی تری **عەبدولعەزیز خولی** بوون. ئەو لە (المنار)ەوە فێری جیهانبینی بوو، لە (الفتح)ەوە فێری بانگەوازی جەماوەری بوو، و لەگەڵ خولی خەمی قوڵی بۆ برینەکانی ئەزهەر دەخوارد. ئەم کەسایەتییانە ئەو ئاوێنە جیاوازانە بوون کە بەننا وێنەی 'کۆشکە گەورەکەی' تێدا دەبینییەوە."

لەوماوە مامۆستالەساڵی ١٩٢٧ دبلۆمی بەدەست هێناو لەناوجەنجاڵی بیرکردنەوە لە دامەزران و کارو بانگەوازو ژیانی خانەوادەکەی وئوممەتەکەی دا هەرجارە هەڵمەتی بۆلایەک دەبرد،هەرلە بانگەوازی چایخانەکانەوە تاکو دانیشتن وگفتوگۆ لەگەڵ مامۆستاپێشەنگەکانی وەک محمد رشید ڕەزاومحب الدین خەتیب ومحمدفریدوەجدی ونوسین وگوتار لە گۆڤارو بڵاوکراوەکان ودامەزراندنی دەستەو کۆمەڵە بانگەوازەکان .

هەرچەندە مامۆستاکەلەدەرچوە یەکەمەکانی بەشەکەی بوو لەتەمەنێکی بچوکدامافی ئەوەی هەبووکە لەسەر حسابی دەوڵەت ووەزارەتی معارف بچێتە یەکێ لە زانکۆ کانی جیهان بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا،بەڵام پێویستی وڵات بە بانگەواز وای کرد کەمامۆستا واز لەم مافە بهێنێ.

مامۆستا دەڵێ:کاتێ دامەزرانەکەم لەشاری ئیسماعیلیە دەرچوو، تەنیاناوی ئەوشارەم بیستبوو ،بۆیە چومە پەروەردە تا بڕیارەکە هەڵوەشێنمەوەوبیگۆڕم بۆ شارێکی دیکە، بەڵام چەند مامۆستاو بانگخوازێک لەم بڕیارە پەشیمانیان کردۆتەوەو باوکیشی چونی کوڕەکەی بۆو شارە پێ خراپ نەبووە ،بۆیە ئەمیش ماڵ ئاوایی لە دۆستانی دەکاولەساڵی ١٩٢٧ بەرەوئەوشارە بەڕێ کەوتوەو لە ئوتێل ولە بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەو لەوماڵەی بەکرێ ی گرتوەو لە مزگەوتی ئەوشارە لەهەریەکێ لەوناوەندانە چەند کەسێکی نوێ ی ناسیوەو هەندێ دۆستی کۆنیشی دۆزیوەتەوە، لەماوەی چل ڕۆژی یەکەم بۆی دەرکەوتووە کە ئەوشارە بەریەک کەوتنی زۆری لەگەڵ ئەوروپیەکان هەیە،بۆیە خەڵکەکەی لەشێوازو هەڵسو کەوت بە ئەوروپیەکان دەچن ،بەڵام لەگەڵ بانگخوازو شارەزایانی ئیسلامیش کراوەن وتامەزرۆی بانگەوازن بەڵام تێپەڕینی بانگخوازێکی ترپێش مامۆستا چەند خراپ تێگەیشتنێکی لای خەڵکی ئەوشارە دروست کردووە،

جاچونکە جێ ی ڕووداني ناکۆکیەکە مزگەوت بوو،بۆیە ئەوڕووی لە سێ لە قەرەباڵغ ترین قاوەخانەکانی شارەکەکرد بەچەند گوتارێکی پوختی چارەکەسەعاتی ودووڕلە سەرکۆنەو سوکایەتی کردن وتامەزرۆکردنی بیستەران بە ڕێنماییەکانی دین، هەفتانە دووسێ جارلەو چایخانانە بەم وتارانە وای کرد خەڵکی ڕوولە پەرستش و نوێژبکەن ،پاشان چوەزاویەو تەکیەی حاجی مستەفا کەخەڵکێکی زۆری لێ کۆدەبۆوە،لەوێش بە وتارە سەرنج ڕاکێشەکانی جەماوەری بۆلای خۆی ڕاکێشا،لەوێ پرسیارکەران ویستویانە کە ڕای مامۆستالەبارەی تەوەسول بزانن، مامۆستاش باسی هەموو ئەوبابەتانەی کردووە کە زانایان ڕای جیاوازیان لەبارەیانەوە هەیە،پاشان دەڵێ من مامۆستای قوتابخانەم وتەنیاهەندێ ڕۆشنبیری دینیم هەیە، بەڵام بۆ ئەم بابەتانە دەبێ بچی پرسیارلە زاناوشارەزایان بکەی ،من ئەوەندە دەزانم وپێت دەڵێم ،کە شتێکیش نەزانم دەڵێم نایزانم،بەم شێوازەی موسعەبی کوڕی عومەیرمامۆستا قەناعەتی پێ کردن وداوای لێ کردن کە واز لە پەرتەوازەیی بێنن وڕوو لەو پەرستشانە بکەن کە بۆیان دەکرێ،پاشان نمونەیەکی لەسەر دوو کەسی حەنەفی وشافعی هێنایەوە،کە حەنەفی فاتحە ناخوێنێ وپێ ی وایە ئەوەی فاتحە بخوێنێ نوێژی بەتاڵە، شافیعیەکەش فاتیحادەخوێنێ ونوێژی حەنەفیان لای ئەوبەتاڵە،کەچی هیچیان ئینکاری لەوی تر ناکەن لە ڕوکنێکی نوێژ ،ئەی بۆ دەبێ لە بابەتی بچوکتر لە ڕوکنی نوێژ ببێتە دوبەرەکیان وناکۆک بن؟..

مامۆستا دەڵێ لەم کۆتایی ساڵی ٢٧ وسەرەتای ساڵی ١٩٢٨ زانیم کە چوار ناوەند لەسەر کۆمەڵگای شاری ئیسماعیلیە کاریگەرن،

-زاناکان

-شێخەکانی تەریقەت

- کەسانی کاریزماونوێنەرانی خەڵک

-یانە وکۆڕبەندەکان.

مامۆستا بۆ زاناکان هەمیشە بەهۆی ڕێزلێ گرتنو پێش خستن و میوانداری ودیاری پێدانەوە سەرنجی ڕاکێشاون، لەگەڵ شێخانی تەریقەتیش بەزمانی ئەوان دواوەو ڕێزی لەهەموویان گرتووەو کردونیە دۆست، لەگەڵ نوێنەروکاریزماکانیش ناوەندی خێروچاکسازی بووەو سەردانی هەموانی کردووە، لە هەموو یانەی کرێکاران وسەندیکاونەقابەکان مامۆستا گوتارو سیمیناری کردبوون، بەمەش سەرنجی هەموو چین وتوێژوڕۆشنبیرانی بەلای خویدا ڕاکێشابوو..

مامۆستا لە ئیسماعیلیەش هەر ئاگای لە دەنگ وباسی قاهیرەبوو ،نوسەرێکی چالاکی گۆڤاری فەتح وگوتاربێژو هاوکاروهاوبەشێکی چالاکی کۆمەڵەی لاوانی مسوڵمان بوو کە عبدالحمید بەگ ومحب الدین الخەتیب لە قاهیرە دایان مەزراندبوو.

مامۆستا دەستباری لەگەڵ هەموو ئەوکەسانە دەگرت کە لەگۆڕەپانی بانگەوازدابوون لە ئەزهەریەکان وسۆفیەکان وسەلەفیەکان وڕۆشنبیرەکان وناوەندە خوێندکاری وسەندیکاییەکان .

.

-چیرۆکی دامەزرا ندنی ڕێکخراوی ئیخوان المسلمین لەساڵی ١٩٢٨دا.

مامۆستا لە دریژەی چیرۆکی ژیانی لەکتێبی یاداشتەکانی دادەڵێ:

لە مانگی نێوجەژنان-زی القعدەی ١٣٤٦ ی کۆچی بەرامبەر مانگی ئازاری ساڵی ١٩٢٨ی زایینی شەش لە برایان سەردانیان کردم کە ئەمانەبوون:

١-حافظ عبدالحمید

٢-احمد الحصري

٣- فؤاد ابراهیم

٤-عبدالرحمن حسب الله

٥-اسماعیل عز

٦-زكي المغربي

ئەو شەش کەسەی کە لە مێژوودا بە **"دامەزرێنەرانی یەکەم"** ناسراون و لەگەڵ ئیمام حەسەن بەننا لە شاری ئیسماعیلییە بەردی بناغەی کۆمەڵەی ئیخوان موسلیمینیان دانا، زۆربەیان لە چینی کرێکار و سادەی کۆمەڵگە بوون، کە ئەمەش نیشانەیەک بوو بۆ ئەوەی بانگەوازەکە لەناو جەماوەرەوە دەستی پێکردووە.

لێرەدا زانیاریی بەردەستەکان دەربارەی ئەو کەسایەتییانە دەخەمە ڕوو:

١. حافز عەبدولحەمید (حافظ عبدالحمید)

- **پسپۆری/پیشە:** دارتاش بوو (نجار).
- **سەردەمی ژیان:** مێژووی وردی لەدایکبوون و وەفاتی لە سەرچاوە گشتییەکاندا تۆمار نەکراوە، بەڵام هاوتەمەنی حەسەن بەننا بووە.

- **ڕۆڵ:** یەکێک بوو لەو کەسانەی کە زۆرترین کاریگەری لەسەر گەشەی سەرەتایی کۆمەڵەکە هەبوو لە ئیسماعیلییە.

٢. ئەحمەد حوسەری (أحمد الحصري)

- **پسپۆڕی/پیشە:** بەرگدروو بوو (خياط).
- **سەردەمی ژیان:** زانیاری وردی ساڵەکانی ژیانی بەردەست نین.
- **ڕۆڵ:** نوێنەرایەتی چینی کاسبکاری دەکرد لەناو کۆمەڵە گەنجە دامەزرێنەرەکەدا.

٣. فوئاد ئیبراهیم (فؤاد إبراهيم)

- **پسپۆڕی/پیشە:** (مكوجي/أفرنجي).

- لەو سەردەمەدا لە میسر "ئەفرەنجی" بۆ ئەو جلانە بەکاردەهات کە بە شێوازی ئەوروپی (چاکەت و پانتۆڵ) بوون، نەک جلباب و جلی نەریتی. کەواتە پیشەکەی **ئوتوکەر** بووە.

- **سەردەمی ژیان:** بە هەمان شێوە زانیاری ساڵی لەدایکبوون و وەفاتی کەمە.

٤. عەبدولڕەحمان حەسبوڵڵا (عبدالرحمن حسب الله)

- **پسپۆڕی/پیشە:** کارمەندی تەلەگراف و گەیاندن بوو (سائق في شركة القناة).
- **سەردەمی ژیان:** زانیاری وردی ساڵەکانی ژیانی بەردەست نین.

٥. ئیسماعیل عیز (إسماعيل عز)

- **پسپۆڕی/پیشە:** باخەوان و داربڕ بوو (جنايني).
- **سەردەمی ژیان:** زانیاری وردی ساڵەکانی ژیانی بەردەست نین.

٦. زەکی مەغریبی (زكي المغربي)

- **پسپۆڕی/پیشە:** ویستەگچی یان عەرەبانچی بوو (عربجي).

لە میسری ئەو کاتەدا، ئەم زاراوەیە بۆ دوو جۆر گواستنەوە بەکارهاتووە:

- **عەرەبانەی ئەسپ:** کە پێیان دەگوت "الحنطور" یان عەرەبانەی بارهەڵگر، کە لەو سەردەمەدا وەک "تەکسی" یان "باربەری" ناو شار و گەراجەکان وابوو.
- **واتای مەبەست:** کەسێک بووە کە لە کەرتی **گواستنەوەدا** کاری کردووە (وەک ئەوەی ئێستا بڵێین شۆفێری تەکسی یان کارمەندی گواستنەوە).

- **سەردەمی ژیان:** زانیاری وردی ساڵەکانی ژیانی بەردەست نین.

تێبینییەکی گرنگ دەربارەی زانیارییەکان:

سەبارەت بە **سەدی لەدایکبوون و وەفاتیان**، لە سەرچاوە مێژووییەکانی وەک "مذكرات الدعوة والداعية"ی حەسەن بەننا یان کتێبەکانی مێژووی ئیخوان، تەنها ئاماژە بە پیشە و ناوەکانیان کراوە. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە:

حەسەن بەننا نوێکەرەوەی جیهانبینی ئیسلامی لەسەختترین قۆناغەکانیدا . نوسینی :موحەممەدعەزیز لۆتەری

1. ئەم کەسانە **کەسایەتی سیاسی یان ئەکادیمی بەناوبانگ نەبوون** لەو کاتەدا، بەڵکو کرێکاری سادەی شاری ئیسماعیلییە بوون.
2. گرنگی مێژوویی ئەمانە لەوەدایە کە "سیمبولی" سادەیی و جەماوەری بوونی ڕەوتەکەن.

ئاماژە یە بەوەی کە حەسەن بەننا توانی "کۆشکە مەعنەوییەکە" لەگەڵ **دارتاشێک، بەرگدروویەک، و باخەوانێک وئوتوچیەک وگالیسکە وانێک** دەست پێ بکاتەوە، ئەمەش دەریدەخات کە بنیاتنانەوەی ئوممەت لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەست پێ دەکات، نەک تەنها لە کۆشکەکاندا.

ئەم شەش کەسە هاتوونە لای مامۆستاو گوتویانە ئێمە دەزانین کە میللەتی ئیسلام وعەرەب پاشکۆو بێ نرخ وسوک وبێ ڕێز سەیردەکرێن وئێمە بەپەرۆشین کەکارێک بکەین وناشزانین چی بکەین، بۆیە ئەو ڕوح ولاشەی هەمانە لەبەردەستی تۆی دادەنێین کە ڕێنماییمان بکەی وڕێنیشاندەرمان بی ،لە ڕێکخراوێک ،سەندیکایەک،ڕەوت وڕێبازێک ،،،

ئێمە دەمانەوێ بۆ ئەم دینە بژین وبمرین .

مامۆستاش پێ ی گوتوون کە جارێک وازلەناووشێوازبێنن ،ئێمە برای مسوڵمانین ،ئیدی ئەوناوە کە هاتبووە سەرزمانی بوە ناوی دامەزراوەکە.

پاشان ئەم پێشەنگانە نوسینگەیەکیان لە شەریف علی بە ٦٠قرش بەکرێ گرت لە شەقامی مەلیک فاروق وناویان نا خوێندنگای پاڵاوتنی سەربە برایانی مسوڵمان-مدرسة التهذیب للاخوان المسلمین-کاری ئەم خوێندنگایە بریتی بوولە:

- فێرکردن وڕاست کردنەوەی خوێندنی قورئان وتەجویدی قورئان.

- تەفسیر کردنی قورئان بەتەفسیرێکی پوخت وڕەوان.

- لەبەرکردن و لێکدانەوەی چەند فەرمودەو خوێندنەوەی نهێنیەکانی شەریعەت وڕوحی مەبەستەکانی ئیسلام بەگشتی.

- خوێندن وتوێژینەوە لە سەرگوزەشتەی ژیانی پێغەمبەرویاوەرانی وپەیڕەوانی و مێژووی ئیسلام وهەڵێنجانی چەند وانەیەکی کرداری و ڕاست کردنەوەی بیروباوەڕوعەقیدەی ئیسلامی.

- فێرکردن ومەشق کردن لەسەر گوتاردان وچۆنێتی بانگەواز کردن ولەبەر کردنی مەتنەکانی زانستەکان .

- ئەم کادیرانە پاش پێگەیشتن هەرلەم ناوەندە وخوێندنگایە لەم بوارانەی سەرەوەدا وانە بڵێنەوەوبەکرداری ببنە بانگخواز.

ئابەم شێوە یەکەم دەستەی ئیخوان لەماوەی چوار مانگدا تاکۆتایی ساڵی خوێندنی ١٩٢٧-١٩٢٨ واتە مانگی هەشتی ١٩٢٨ ژمارەیان گەیشتە حەفتا ئەندام..

مامۆستا لە یاداشتەکانی دا چەند نمونە لە هەڵوێستەکانی چینی یەکەمی ئیخوان دەکا من ئەم نمونەم هەڵبژارد.

- سەرۆکی ئەندازیارانی بنیاتنانی کەناڵی سوێس کە ئەندازیارباشی مستەر سۆلینی فەرەنسی بووە ،ئەم پیاوە حافز عبدالحمیدی دارتاشی بانگ کردووە تا هەندێ کاری دارتاشی بۆ بکاوپرسیاری نرخەکەی کردووە، دارتاشیش گوتویەتی بە ١٣٠قرش، فەرەنسیەکە گوتویەتی بۆچی تۆ قۆڵبڕو دزی؟ دارتاشیش پێ ی گوتوە برۆ بزانە دارتاشی تر بەچەند بۆت دەکەن،فەرەنسیەکە کە پرسیاری کردووەو زانیویەتی بە ٢٠٠قرش دەیکەن.

فەرەنسیەکە کەزانیویەتی گوتویەتی دەبیکە بە ١٥٠قرش ،دارتاش گوتویەتی :باشە دەیکەم،بەڵام تۆ سوکایەتیت پێ کردم ودەبێ داوای لێ بوردنم لێ بکەی.

فەرەنسیەکە تورە دەبێ ودەڵێ تۆ کێ ی تاداوای لێبوردنت لێبکەم ؟ من گەورەی ئەندازیارانی کەناڵی سوێسم وداوای لێ بووردن لە فوئادی پاشاشتان ناکەم.

دارتاشەکە گوتویەتی ،تۆ لەسەرزەوی ئەوپاشایەی و رێگەت پێ نادەم وابەوشێوە سوکایەتی پێ بکەی .ئەوە هەڵەیەکی تۆرە کەکردت کەسوکایەتی بەپاشاش دەکەی.

مستەردەڵێ کە داوای لێ بوردن نەکەم چ دەکەی؟

دارتاش دەڵێ سکاڵانەمەت لە دژدەنوسم بۆ باڵوێزخانەو کونسوڵخانەو بەڕێوەبەرایەتی پرۆژەی کەناڵی سوێس وڕۆژنامە فەرەنسی وبیانیەکان وهەرکەسێ لەو ئەنجومەنانەبێ دەچم سکاڵای لادەکەم ودەشتوانم لەناوخەڵک سوکایەتیت پێ بکەم ، سکاڵا پێشکەشی حکومەتی میسرناکەم چونکە دەزانم بە یاسای ئیمتیازاتی بیانیەکان دەست وپێ ی ئەوتان بەستوە.

بزانە ئەندازیار تۆ سەرۆکی پرۆژەی سوێسی ،بەڵام سوێس لەوڵاتی منداینەو ئێستا بەشێوەی کاتی لە ژێردەستی ئێوەیە ،کە گەڕایەوە دەستی ئێمە تۆش کارمەندێکی لەناو پرۆژەیەکی وڵاتەکەی من، بەم شێوە ئەم ئەندازیارە داوای لێبوردن لە دارتاش دەکاو دارتاشیش کارەکەی بۆ دەکا،پاشان ئەندازیار ١٥٠قرشی دەداتێ ،بەڵام دارتاش ٢٠قرشی دەداتەوە،فەرەنسیەکە دەڵێ ئەوە بەخشیشە، بەڵام دارتاش دەڵێ من لەمافی خۆم زیاتر وەرناگرم وگزی ناکەم.

فەڕەنسیەکە دەڵێ دیارەتۆ ئەندامی خانەوادەو فامیلی محمدی ،بۆ ئەوانی تروەک تۆنین؟

دارتاش دەڵێ:ئەندازیار پێش ئەوەی مسوڵمانان لەگەڵ ئێوە تێکڵاویان هەبێ هەموو فامیلی محمد بوون، بەڵام لەوەتی لەگەڵ ئێوە هەڵسو کەوت دەکەن ،خوی ئێوەیان گرتووە.

مامۆستا دەڵێ:لەگەڵ خەریک بوونیشم پەیوەندیم هەرلەگەڵ کۆمەڵەی لاوانی مسوڵمان هەر پتەوبوو، ڕاپۆرت وگوتارو تێبینی خۆمم بۆ دەناردن، کاتێ حافز وەهبەی ڕاوێژکاری شا عبدالعزیز ی سعودی لەو کۆمەڵەیە داوای کردبوو کەچەند مامۆستایەکی بۆ دەست نیشان بکەن،محب الدین خەتیب پەیوەندی بە مامۆستاوە کردبوو ،مامۆستاش داواکەی پەسند کردبوو ،پاشان چووبوو وەهبەی ڕاوێژکاروخەتیبی دیبوون وداوای پێشکەش کردبوو ،ئەوپەڕی ئامادەیی خۆی بۆ خزمەت کردنی وڵاتێکی تازە پێگەیشتوو لە حجاز پیشان دابوو بێ ئەوەی باسی هیچ لایەنێکی دارایی وموچەبکا.

بەڵام دوای بەرزکرانەوەی داواکە بۆ وەزیری دەرەوەو وەزیری معاریف داواکە ڕەت کرابۆوە چونکە ئەوکاتە شانشینی میسر دانی بە شانشینی سعود لە حجازدا نەنابوو،ئەم ڕووداوە لە مانگی دەویازدەی ١٩٢٨بوو.

مامۆستا بەدرێژی باسی بنیاتنانی مزگەوت وخوێندنگاوماڵی ئیخوان دەکا لە ئیسماعیلیە ،ئەوانەی بەقسەو ماڵ وزەوی وبەخشش دەستیان لەو پرۆژەدا هەبووەو ئەو ڕێگرو لەمپەر ودژایەتیانەش کەهاتوونە ڕێ ی ئەم پرۆژە ،بەڵام لە ١٣٤٨-١-٥دا پرۆژەکە بەردی بناغەی بۆدانراوەو ولە ڕۆژی جەنگی بەدر لە١٣٤٨-٩-١٧تەواوکراوەو جومعەی تێداکراوە.

مامۆستا لە یاداشتەکانی ساڵی ١٩٣٠باسی ئەو ڕاپۆرت وسزادانانە دەکا بۆ توێژی مامۆستایان کە عباس محمودعقاد وچل مامۆستا لەگەڵی بەتۆمەتی شیوعی بوون وچەپڕەوی دژایەتی پاشایەتی دەرکران، پاشان لیژنەی پۆلیس وادوەری مامۆستایان بانگ کردوەو هەموو نوسراوو گوتارو دەفتەرەکانیان لە ماڵەوەوقوتابخانەوبارەگەکەش پشکنیەوەو بەڵام هیچیان دەست نەکەوتوە لەسەر تۆمەتی شیوعی بوونی مامۆستا.

ڕاپۆرت نوس و دووزمانان زۆر ڕاپۆرتیان لەسەر مامۆستاو قوتابخانەکەی نوسیوەبۆ پاشاو وەزیرەکانی کە گوایە مامۆستا یەکێکە لە سامناکترین شیوعیەکان ،هەربۆیە زۆرێک لە سەرپەرشتیارانی پەروەردەومعاریف نێردراون تا بەدواداچوون بۆوتۆمەتانەبکەن،بەڵام زۆرێک لە سەرپەرشتیارەکانیش سەرسام بوون بەوەی کە مامۆستائەم هەموو دارتاش ومەکواچی وگۆشت

فرۆش وسەوزەفرۆشەی کردۆتە گوتاربێژونوسەرو بانگخوازو ئەوانیش خۆیان پێ نەگیراوەوداوای ئەندامێتیان لە کۆمەڵەی ئیخوان مسلمین کردووەوبوونە ئەندام.

تەنانەت کاتێ یەکێ بەناوی مەسیحیەکان ڕاپۆرت دەداومامۆستاوئیخوان بەدەمارگیری دینی تۆماردەکا، قەشەو پیاوە دینیەکانی قبتیەکان لە ئیسماعیلیە ومەسیحیەکان هەموو دەچن لەوەزارەتی معارف ئەم تۆمەتە بەدرۆدەخەنەوەوپاکانەبۆمامۆستاودامەزراوەکەی دەکەن.

دیارە وەک چۆن کاری یەکەمی کۆچەران لە مەدینە بنیاتی مزگەوتی مەدینەبووە، مامۆستاش ئەوەندەی لە ئیسماعیلیە ماوەتەوە کاری هەرگرنگ ولە پێشینە ودێژخایەنی تەواوکردنی مزگەوتی ئیخوان بوە،ئەم مزگەوتە مزگەوت وبارەگاوماڵی ئیخوان بووە ونهۆمی سەرەوەشی ئامۆژگاو پەیمانگای حەڕای ئیسلامی بووە، لەم پەیمانگایە سێ قۆناغ خوێندراوە:

-قۆناغی یەکەم وەک قۆناغی سەرەتایی بووە.

- قۆناغی دووەم وەک قۆناغی ئامادەیی پیشەیی بووە.

- قۆناغی سێ یەم وەک قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی بووە.

لەم مزگەوت وپەیمانگایە مامۆستا هەموو ووزەکانی کۆدەکردەوەوئاڕاستە دەکرد ،بۆ هێندێکیان دەبووە قوتابی وشاگردو گوێ ی لێ دەگرتن ،لە یاداشتەکانی باسی زۆرئەستێرەی دەرکراوی وڵاتانی عەرەبو دوورخراوەی دەستی داگیرکاران دەکا وەک محمدسعیدعورفی سوری، بەم وزانە مامۆستا هەوڵی دەدا هەموو مزگەوت وبنکەو تەکیەو گەڕەکەکانی ئیسماعیلیە بە بانگەواز ئاوەدان بکاتەوە، وە پەل بهاوێ بۆ شارەدێ و شارۆچکەکانی دەوروبەری ئیسماعیلیە وەک ئەبو سوێروبۆرسعید ودەریای بچوک وسوێس و زۆرشوێنی تریش.

لەناویاداشتەکانی مامۆستا ئەم شوێنانە هەمووی چیرۆکی تایبەتیان هەیە، چۆن یەکەم جارچوەولەکام مزگەوت گوتاری داوەوچ بابەتێکی باس کردووەو یەکەم کەسێک کە ئەرکی بانگەوازی لەوشوێنانە لە ئەستۆ گرتووەو چ مزگەوت و مەڵبەندێک بانگەوازەکەی لەم شارانە لەباوەش گرتووە ؟ هەمووی لەویاداشتانە تۆمارکراوە.

مامۆستا لە سەردانەکانی بۆ قاهرە بەردەوام بوو لەسەر بەدواداچوون وکۆکردنەوەوئاڕاستەکردنی ووزەوتواناکان،باسی کۆمەڵەی ژیاری ئیسلامی دەکا کە چۆن دامەزراوکێ دای مەزراندو دواتر چۆن کۆمەڵەی ژیاری ئیسلامی لەقاهیرە هاتەناو کۆمەڵەی ئیخوان المسلمینی ئیسماعیلیە ؟.

هەروەها لە ئیسماعیلیە فراوان بوونی بانگەوازەکە پێویست بوو کە گرنگی بە بانگەوازی ژنان وکچانیش بدا بۆ ئەم مەبەستەش خوێندنگای دایکانی ئیمانداران لە شاری ئیسماعیلیە دامەزرا و شوێن و بودجەو توانای شیاوی بۆ دابین کرا.

هەرلەدوای ئەم خوێندنگایە بەشی اخوات المسلمات-خوشکانی مسوڵمان دامەزرێنراتاهاوکاری برایانی مسوڵمان بن لە بانگەوازدا.

مامۆستا لەم سەرەتای دامەزرانی ئیخوان دا باسی دەستەیەکی گەرۆکی ئیسلامی دەکا لەبەر ئەوفەرمودەی دەفەرموێ هەرکەسێ مردو غەزای نەکردو لە نیازیشی دانەبووبیکا ئەوەبە دووڕوویی مردووە.

بۆیە ئەم دەستە گەرۆکەی نەوجەوانان وکەشافەی ئیسلامی بۆ موجاهیدان وخەباتکاران لەناو ئیخوان دا دامەزرێنرا لەسەرەتای ساڵانی سیەکانی سەدەی ڕابردوو.

ئەم بانگەوازە هەرتایبەت نەبوو بە شارەکان ،بەڵکو ئەو بیابان وشوێنەدابڕاوانەی کە کۆمپانیابیانیەکان کرێکارێکی میسری زۆریان لێ کۆکردبۆوە وەک جباسات ،بانگەوازیان لەناودابوو وەلەسەرکۆمپانیاکە پێویست کرا کە مزگەوت وقوتابخانە بۆکرێکاران دابین بکا،وەلەمەشدا ئیخوان بەریەکەوتنی لەگەڵ کۆمپانیاستەمکارەکان هەبوو وەزۆر بە گەرمی داوای مافی کرێکارانی دەکردو جێگای نیگەرانی کۆمپانیا بیانیەکان بوو..

ئەوەی لە هەر بانگەوازێک وهەرئەزمونێکی ئیسلامی ڕووی داوە ،لە ئەزمونی ئیخوانیش ڕووی داوە،بۆنمونە مامۆستاباسی نوێژی جەژن لە گۆڕەپان و خواردنەوەلە دەفری زیوو وئەنگوستیلەی زێڕێ پیاوان وبابەتی ڕوح ولاشەو شەوڕەویی و نەخێنیەکانی وڕاقەکردن ولێکدانەوەی هەڵە بۆ زۆر دەربڕین دەکا، کەچۆن بە ئارام وبەدواداچوون چارەی کردووە.

میسر لە بۆنەو یادەکاندا خەڵکانێک سەردانیان دەکرد ،مامۆستا یادی سەری ساڵی کۆچی قۆستۆتەوەوکە ئەمیرێک بەناوی محمدزیارە لەیەمەنەوە هاتووە باسی بڵاوبونەوەی نەزانی وئیلحادی لەیەمەن بۆ کردووە ،مامۆستا دوای گوتاروگفتوگۆ بردویەتیە ئیسماعیلیە مزگەوتی ئیخوان وپەیمانگای حراو خوێندنگای دایکانی ئیمانداران ودەستەی نەوجەوانانی گەرۆکی پیشان داوەوبەنامە لەگەڵ سیف الاسلام کە یەکێک بووە لە ئەمیرەکانی یەمەن پەیوەندیان گرتووە،بەڵام حکومەتی میسر نەی هێشتووە مامۆستا سەردانی یەمەن بکا.

ساڵێک پێش چونەوەی مامۆستا بۆ قاهرە خەمی جێ نشینی خۆی وبەرپرسی ئیخوان لە ئیسماعیلیە دەخواوهەموو ان رێک دەکەون لەسەر ئەوەی کەسێک بەناوی علی دارتاش بەرپرسیان بێ، کەسێکی خاوەن بڕوانامەی ئەکادیمی دەیەوێ ئەم پێک هاتنە سەرنەگرێ وفێڵ وتەڵەکەی زۆر وبوختان وساختەکاری زۆردەکاودووبارە لەسەرقسەی ئەو هەڵبژاردن دەکرێتەوەوهەر علی دارتاش دەردەچێتەوە.

پاشان لە ٢٧ ی ڕەمەزانی ئەوساڵە خوازبێنی دەکاولە مانگی ناوجەژنان هاوسەرگیری دەکاو لەو پشوی هاوینە داوای نەقڵ بوون بۆ قاهیرە دەکاو لەسەرەتای مانگی دە لەساڵی ١٩٣٢ مامۆستابەماڵ وبە پیشەکەی دەگوازرێتەوە بۆ قاهیرە..

دوای گەڕانەوەی مامۆستا بۆقاهیرە ،قاهیرە بوەبنکەی گشتی ئیخوان،وەلەبەرئەوەی کە تائەوکاتە ئیخوان لە قاهیرە ماڵ وبارەگایەکی نەبوو،نەۆمی سەرەوەی ماڵەکەی مامۆستا لە گەڕەکی نافع٢٤ بوە بارەگای ئیخوان ،مامۆستا ئاماژەیەکی خێرا بە ئەوخانوو وگەڕەکانە دەکا لەماوەی حەوت ساڵدا بوونە بارەگای ئیخوان لە قاهیرە،کە ئەمانەبوون:

-گەڕەکی نافع٢٤

-بازاڕی چەک

-گەڕەکی شماشرچی ژمارە-٥-

-شەقامی ناسریە ژمارە١٣.

-مەزاری سەوزبینای ئەوقاف ژمارە-٥-

- شەقامی ئەحمەدبەگ ژمارە١٣داری ڕۆژنامەی ئیخوان المسلمین.

لەم ماوەدا چالاکیەکانی ئیخوان لەم بوارانە چڕبۆوە.

- پێشکەش کردنی وانەوگوتاروئاموژگاری لە ناوماڵان ومزگەوتەکان بەتایبەتی ڕۆژی سێ شەممە.

٢-دەرکردن وبڵاوکردنەوەی گۆڤاری الاخوان المسلمینی هەفتانە وگۆڤاری نذیر=هۆشداری بۆماوەی دووساڵی سەرەتا.

٣-دەرکردن وبڵاوکردنەوەی چەند پەیام وبڵاوکراوەیەک.

٤-دامەزراندنی لقەکانی ئیخوان لەناو گەڕەک وشەقامەکانی قاهیرەوهەرێم وناوچەکانی دەوروبەری قاهیرەو شارەکانی تر ودەرەوە.

٥-ڕێکخستنی چالاکیە نەوجوانی وەرزشیەکان.

٦- چڕکردنەوەی بانگەواز لەناو خوێندکارانی دانیشگاوخوێندنگاکان وکاراکردنی کاری خوێندکاران وسوود وەرگرتن لە مامۆستاو خوێندکارەکانی ئەزهەری شەریف .

٧-بەستنی چەند کۆنگرەیەکی وەرزی بۆ ئیخوان المسلمین لە ناوقاهیرەو هەرێمەکانی تر.

٨-بەشداری کردن لە ژیاندنەوەویادکردنەوەی بۆنەو هەڵکەوتە ئیسلامیەکان بەچالاکیەکان لە قاهیرەودەرەوەی قاهیرەدا.

٩-بەشداری کردن لە سەرخستن وپشتگیری کردنی بزاڤە نیشتمانی وئازادی خوازەکانی جیهانی ئیسلامی بەگشتی بەتایبەت سەرخستنی کێشەی فەلەستینی.

١٠-تایبەتکردنی بوارەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی وسیاسی بە توێژینەوەو ڕۆشنکردنەوەو گوتارو یاداشت وپەیام وپەیڕەو لەو بابەتانە بەتایبەتی.

١١-بەشداریکردن وهاوخەم بوون لەگەڵ بزاڤە ئیسلامیەکان لە بابەتی دژایەتی کردنی جوڵانەوەی مژدەدەری مەسیحی و هاندان وپشتگیری ئەو بزوتنەوانەی گرنگی دەدەن بە فێرکردن وپەروەردەی ئیسلامی.

١٢-هێرش کردنە سەر ئەو دەوڵەت وفەرمانڕەواوحکومەتانەی کە لەکەدارن وکەمو کوڕیان هەیە لە بابەتی بانگەوازوشەریعەتی ئیسلامی. وەهێرش کردنە سەر تێڕوانینی حزبایەتی .

ڕۆشن بوون و شەفافی لە بانگەواز بۆ میتۆدوپەیڕەوێکی ئیسلامی ڕاستەقینەوبێ پێچ وپەنا،وەدامەزراندنی چەند لێژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە هەموو لایەە تەکنیکیەکانی ئەو بوارانە، وەپێشکەش کردنی توێژینەوەو ڕوونکردنەوە لەسەرئەو بوارانە وبەیەکەوە گرێدانیان کە هەموو ئەو توێژینەوانە لە گۆڤاری ئیخوان المسلمین دا بڵاو دەکرانەوە بەڕیزبەندی.

مامۆستا هەندێ لەوبابەتانەی وەک مێژوو ویادگاری لە یاداشت نامەکەی باس کردوون.

لەو گوتارەی بەناوی :لەسەر ڕێبازی بوژانەوە دادەنوسێ:

بۆ بووژانەوەی ئوممەتێک دەبێ بەشێوەیەک بێ کە بۆ هەموو ئوممەت بێ ولەهەموو بوارەکانی ڕوحی ولاشەیی وهزری بێ، دەبێ خوێندنگاکە ئەوندەگەورەبێ کەهەموو هاوڵاتیان خوێندکاربن وپێشەواوسەرۆکەکانیش مامۆستاو سەرپەرشتیاربن ،کەواتە بۆ بوژانەوە پێویستی بە پەیڕەوێکی ڕۆشن وتۆکمەوگشتگیرو پێشەواو کاریزمایەکی کارامەو لێوەشاوە یە.

مامۆستا ئەم ڕەوتەی ئیخوانی گرێداوە بەدرێژە پێدەری خوێندنگاوبوژانەوەی جمال الدین ئەفغانی وکەواکبی ومحمدعبدە ومستەفا کامل داناوەوئەگەر بوژانەوە لەسەر ئەو ڕەوتە برۆیشتایە وبەم لاولادا لارێ نەبووایە ئوممەت لەسەر ڕەوتی بوژانەوەبوو .

مامۆستا باسی ئەوخاڵانە دەکا کەلە چوارساڵەکانی سەرەتای ئیخوان لەناوپەیام وبڵاوکراوەکان دا جەختی لەسەردەکردەوە کەلەم حەوت خاڵەداکۆی کردۆتەوە:

١-بیروباوەڕێکی سەلیم وهەوڵ وکۆشش لە پەرستن دا بە پێ ی قورئان وفەرمودە.

٢-خۆشەویستی لە پێناو اللە ودەست گرتن بە یەکێتی ئیسلامی.

٣-خۆڕازاندنەوە بە خو وڕەوشتی ئیسلامی

٤-پەروەردەوتەزکیەی دەروون وهەڵبژاردنی ئاخیرەت بەسەردنیادا.

٥-پابەندبوون بە بنەماکان ووەفاداری وئەرکەکانی بانگەوازبەبەشێک لە ئیسلام بزانێ.

٦-هەوڵ وکۆششی بەردەوام بۆ بڵاوکردنەوەی بانگەوازی ئیسلام لەناوهەموو چین وتوێژەکان دا.

٧-گۆش کردن وڕام کردنی دەروونەکان لەسەر ئەوە کەحەق وماف وڕاستی وخێروچاکەی لەهەموو شتێکی بوونەوەر زیاتر خۆش بوێ.

لە٢٨-٢-١٣٥٢/کۆتایی مانگی ٥-١٩٣٣وە گۆڤارێکی هەفتانە بەناوی ڕۆژنامەی ئیخوان المسلمین دەردەچوو کەخاوەنی ئیمتیاز تەنتاوی جەوهەری وسەرنوسەرو بەڕێوەبەرەکەی محب الدین الختیب بووەو لە چاپخانەی سەلەفی دەرچووەو لایەنگرانی ئیخوان هەموو ژمارەکانیان بە سەر مزگەوت وقوتابخانەو فەرمانگەودامەزراوو کەسایەتیەکاندابەشیوەتەوەو چوار ساڵ تا ساڵی ١٩٣٧ بەردەوام بووە.

لە مانگی ٥-١٩٣٨گۆڤاری نەزیر دەستی بەدەرچوون کردووە کە یەکەم گوتاری مامۆستا بەبۆنەی دەساڵ تێپەڕبوون بەسەردامەزراندنی ڕێکخراوەکەنوسیویەتی وتیایدا دەساڵی ڕابردووی

هەڵسەنگاندووەونەخشەڕێ وهێڵی گشتی داهاتووشی داناوە، ئەم گۆڤارەش تاساڵی ١٩٤٠زمان حاڵی ئیخوان بووەو هەموو ڕێ وشوێن وڕێساوپەیامەکانی ڕێکخراوەکەی لەخۆ گرتووە .

لەو سەردەمەدا بانگەوازی ڕێکخراوەکە لە پازدە ئوستان وشاری میسر شوعبەو لقی هەبووە .

پاشان مامۆستا باسی کۆنگرەی یەکەمی ئیخوان دەکا کە لەساڵی ١٩٣٣لە شاری ئیسماعیلیە بەستراوەوئەویاساو ڕێسایانەی تیایدا دەرچوون وئەوبڕیارانەی دراون .

پاشان مامۆستا باسی مەینەتی ڕێکخراوی ئیخوان لەگەڵ ڕێکخراوی سەلامی مژدەدەری پرۆتستانتی باس دەکا کە چەندین کچی بێ سەرپەرشتی مسوڵمانیان لەتەمەنی ٧ساڵ ،تا١٣ساڵ ڕفاندووەو ویستویانە بیانکەنە مەسیحی ، بەدرێژی باسی دەربازکردنی ئەم منداڵانە دەکا،تا ڕێکخراوی ئیخوان نامەی بۆ جەنابی فوئادپاشای شای میسریش نوسیوە تا فریای گەلی میسر بکەوێ وبیپارێزێ لەکەوتنەناو زەلکاوی بەمەسیحیکردن..

مامۆستا لە یاداشتەکان دا لیستی گەشتە بانگەوازیەکان و پەیکەری ئەوکاتەی ئیخوان ولیستی مامۆستاوکادرەکانی ئیخوان لە زانکۆکانی میسر باس دەکا.

پاشان ئیخوان کۆنگرەی دووەمی لە شاری پۆرسەعید لەشەوالی ١٣٥٢ دا گرێ داو ئەنجومەنی ڕاوێژی تێدا هەڵبژارد.

مامۆستا باسی خاڵێکی گرنگ دەکا لە ناو ڕێکخراوی ئیخوان دا ئەویش ئەوەیە کە جگە لەکۆنگرە گشتیەکان ،هەرێمەکانی سەربە ئیخوان چەندین کۆنگرەیان لەسەر چەندین ئاست تایبەت بەهەرێمەکانی خۆیان بەستووەو تیایاندا ئەرکەکان وپێویستیەکان وهەڵسەنگاندنەکان وبڕیارو پێشنیارەکانیان لەو هەرێمانە تاووتوێ کردووە، ئەمەش وای کردووە کە ئیخوان ڕێکخراوێکی نەرم بێ و لە بەڕێوەبردنی ناوەندی دا چڕنەبێتەوە.

لە درێژەی یاداشتەکانی مامۆستادا دەستور ولائحەو سیستەمی ناوخۆی ڕێکخراوی ئیخوان بەدرێژی باس کراوەولەگەڵ ناوی کەسایەتیەگرنگەکانی ئەوسەردەمەی ئیخوان وئەرک ومافەکانی ئیخوان وپەیوەندی ئەندامان لەناوخۆیان ولەگەڵ کەسانی ترو ئەرک وپەیوەندیان لەگەڵ غەیرە دینەکان ونامەو یاداشتەکانی ڕێبەری ئیخوان بۆ پاشاو سەرۆکەکان وڕۆڵی ڕێکخراوەکە لە پشتگیری کێشەی فەلەستین باس کراوە.

نوسینگەی ئیرشادی ڕێکخراوەکە چەند ڕاسپاردەیەکی پەنجاخاڵی بۆ پاشاوسەرۆک وپەرلەمانەکانی جیهانی ئیسلامی ناردووە کە پرۆژەیەکی چاکسازیە لە بوارەکانی سیاسی وسەربازی ورۆشنبیری وکۆمەڵایەتی ویاسادانان وئابووری.

تەنانەت ڕێبەرو ڕێکخراوەکە نامە وپەیام وپرۆژەی چارەسەری وڕاسپاردەیان بۆ حکومەتی بەریتانیاش ناردوە لەسەر کێشەی فەلەستین.

ئەم هەموو چالاکیە هەمەلایەنانە ترسی ناوەتە بەرحکومەتەکان وحزب وڕێکخراوەکانی تر،بۆیەش دووبارە مامۆستا لیستێک خاڵی لەسەر سروشت وپەیڕەوی ڕێکخراوەکە لەگەڵ حکومەتەکان وحزب وڕێکخراوەکانی تر بڵاو کردۆتەوە.

لە کۆتایی یاداشتەکانی مامۆستا کۆمەڵێک ڕاسپاردە لەدوای کۆنگرەی پێنجەم بۆ بانگەوازو بانگخوازان وباسی سەربازگەکانی ڕێکخراوەکەو چالاکیەکانیان وکۆمەڵێک ڕاسپاردەی سیاسی و بانگخوازی بە پێزی تێدایە ..

—

ئەمە خستنەڕووی ٣٤٠لاپەڕەی یاداشتەکانی مامۆستا حەسەن بەننا بوو کە زۆرکەم باسی ژیانی تایبەتی خۆی تێداکردووە و حەسەن بەنا بزربووەو تەنیا بانگخواز دیارە.

ئەوەی کەلێرە دەمەوێ زیادی بکەم ئەوەیە کە مامۆستا خۆی بەتەواوکاری ڕەوتی ئەفغانی وکەواکبی وعەبدە ومستەفاکامل دەزانێ ،ڕێ وشوێنەکانی ڕێکخراوو بانگەوازەکەش هەمووی لە ڕووحی هەرەوەزی وهاوکاری وهاوبەشی و کەم کردنەوەی جیاوازی چینایەتی وباوەڕبوون بەیەکسانی ودادگەری وهاوسەنگی مرۆڤایەتی لەم بانگەوازە ڕەنگ دەدەنەوە، جا هەروەک لەژیانی پێشەنگی ڕۆژهەڵات ئاماژەم بە کۆمەڵێک پێشبینی ئەفغانی کردبوو کە یەکێک لەو پێشبینیانە ئەوەبووکە:

٢- ئەفغانی لەگوتاروئاڕاستەکردن و ڕاوێژکردنەکانی بە پاشاوسوڵتان وسیاسەتمەدارەکان، هەواڵی ئەوەی دابوو کە پرۆژەی سەروەریەکی هەرەوەزی وهاوکاری هاوبەشی وسۆشیالیزمی بۆ جیهان بەڕێوەیە، ئەو ژیانی سۆشیالزم وهەرەوەزەی کەخۆزگەوبریاو خەونی هەموو مرۆڤایەتی وکاریزماودیندارو پێشەنگە ئیماندارەکان بووە، کەچی لەوان دزراوەو کراوەتە خەون وخۆزگەی مارکس ولینین .

ئەم پێشبینیە لەئاکامی ئەوەمووستەمەی کەلەسەدەکانی هەژدەونۆزدە کرابوو لە میللەتان بەناوی ئیستعمارو ئاوەدانیەوە گەڵاڵەبووبوو ، نوسراوو ڕێ وشوێن وبورکانە شۆڕشەکانی گەلان وجەماوەری تینوی بۆ ئەم شۆڕەشە لەهەموو جیهان هەستی پێ دەکرا، لەناو فەرمودەو ئایەت ودەقە دینیەکانیشدا مەشخەڵ وڕوناکی وڕێنوێنی ئەم شۆڕشە هەبوو،دینەکان وبەتایبەت ئیسلام کە بۆ بەرقەرارکردنی ژیانی پڕادوپێکەوەژیان وهاوکاری وهەرەوەزی وهاوبەشی کۆمەڵگا لەسەرپارێزرانی مافی ژیانیان وپارێزرانی بیروباوەڕوسەربەخۆیی وئازادییان لە هەڵبژاردنی دین وپاراستنی چالاکی عەقڵ وبیروهۆش و ماڵ وسەروەت وسامان و وەچەو بنەماڵەوناموسیان وبەرهەم وبەها مادی ومەعنەوی وپیشەییەکانیان وپاراستنی پاکێتی ژینەگەو وڵات ودەوروبەریان وسەروەری نەتەوەونیشتمانیان ودەستەبەرکردنی دادوعەدالەت بۆ هەمووان هاتوون، بۆیە پرۆژەی سۆشیالیزمی کۆمەڵایەتی وئابووری وپیشەیی زۆر لە ڕوحی دینەکان وبەهائاسمانیەکان نزیکترە لە بنەما ئیلحادی وبێ باوەڕیەکان ،ئیلحادەکان زۆردوورن لە هەرەوەزی وهاوبەشی ،چونکە مولحد کەسێکی خۆپەرستە ،هەرەوەزی وهاوبەشێتیش پێویستی بەڕووحی خۆنەویستی ولەخۆبووردەیی وخۆنەبوێری هەیە، کە ئەمە لەناو دینەکان وبەتایبەت ئیسلام دا هەیە کە:

- خەڵکی کە هەموویان لە یەک دایک وباوکن لە ڕەچەڵەکدا کە ئەمەش ڕێ لەهەموجیاکاریەکی نەژادی وڕەگەزپەرستیەک دەگرێ، وەهەموویان یەک بەدیهێنەریان هەیە کە ئەمەش ڕێ لەهەموو جۆرەکۆیلایەتیەکی مرۆڤەکان بۆ مرۆڤێکی تریان بۆ دیاردەو هەر دروستکراوێکی تردەگرێ..

- سامان ودارایی لە بنەڕەت دا هی پەروەردگاری بەدیهێنەرەو مرۆڤەکان خاوەنی ڕاستەقینە نین وجێ نشینن ،ئابەم شێوەش جیاوازی چینایەتی ودەوڵەمەندی وهەژاری دەبێتە هەلێک کە بقۆزرێتەوە بۆ یارمەتی ودەستگیرۆیی وکەس لەسەر بنچینەی دەوڵەمەندی تەقدیس ناکرێ.

- هەڵنان وپاداشت دانان وخۆشەویست بوونی چاکەکارو بەخشندەو قوربانیدەران بەسەروماڵ وکات وزانست ولێهاتوویی لای پەروەردگاریان وادەکەن کە ژیانی تاکەکان وچینەکانی کۆمەڵگا یەک پارچە ببێتە هەوڵ وکۆشش وپێشبڕکێ لە چاکەوبەخشین وقوربانی دان دا.

- ئەوەهەڕەشەو بەسوک سەیرکردن وقێزەون کردن وبێزاندنی سیفەتەکانی حەسودی وئیرەیی وچروکی وپیسکەیی وڕەزیلی ودەست پان کردنەوەوچاوپیسی وخانەگومانی وخۆپەرستی وبێ وەفایی وچاوچنۆکی وهەموو سیفەتە بەدو نەخۆشیە هەوڵوەشێنەرەکانی ناوکۆمەڵگا لەڕوانگەی دینەوە وەدەکا کە دین ڕێگای هەرەوەزی ودۆستایەتی لەباربکا بۆ کۆمەڵانی خەڵکی مرۆڤایەتی..

- ستایشکران وبەبەڕێز ڕاگرتنی سیفەتەکانی ڕاستگۆیی وچاوتێری وبەخشندەیی وداوێن پاکی وڕەوشت بەرزی وفیداکاری لای دینەکان هێڵەکانی ژیانی هەرەوەزی وهاوکاری وژیانی هاوبەش بەهێزو پتەودەکا..

..--

بەڵام ناحەزو دووژمنەکان زۆرجاربەم تۆمەتە تۆمەت باریان دەکرد،بەڵام شۆڕش وسەرهەڵدانە هاوبەشی وهەرەوەزیەکەی ڕابوونی ئیسلامی بێ ئیمان و مولحیدنەدەبوو ،پەرەنسیپ و پاگراوندەکانی ،ئیمانی بوون، پاڵنەروڕێساو هێڵەگشتیەکانی ڕەبانی وپڕ میهرەبانی بوون،لەو ئایەت وفەرموودانەوە هێڵە گشتیەکانی دارشتبوو کە باسی هاوبەشی هەموو ئوممەت وگەل ونەتەوەدەکەن لە ئاووسەرچاوەئاویەکان وئاگروسەرچاوەکانی وزەو لەوەڕگاوشاخ وداخ ودارستان وسامانی سروشتی.

ئەو فەرمودانەی باسی ئەوەدەکەن کە مرۆڤەکان خاوەن سامان نین وتەنیابریکارن،هەموو شاروگەڕەکێک لە مردنی هەژارێک بەرپرسن کە لەبرسان بمرێ، ئەو فەرمودانەی کەباسی ئەوە دەکەن کە مرۆڤ پشت وبارەبەری زیادی هەبێ دەبێ بیداتە ئەوانەی بارەبەریان نیە ،کە خانووی زیاد وئافرەت وکار دابین بکرێ بۆ ئەوانەی خانوو وژن وکاریان نیە ،زەکات وبەخشین وسەرانە کەلە سەردەوڵەمەندان دانراوە پاکانەیەکە بۆیان ودەبێ سوپاسی ئەو هەژارانە بکەن کە لێ یان وەردەگرن..

دیکتاتۆریەت وتاکڕەوی و جینۆساید وشمولیەتی ئاگروئاسن نەبوو، ئەوخەونە دەکرا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێ، لەجیاتی ئەوەی لە ڕوسیاوچین بێ، بەڵام ئەم خەونەش بردراو لە ڕێ لادراو دزراو بۆیەی بێ باوەڕی لێدرا، وەخێروخۆشیشی بۆکەس نەهێناو کارەساتێک بوو بۆ زۆرلە میللەتان.

من سەرم لە دوو دەستەواژە سوڕماوە.

لە ناونانی بیری گۆڕانی ڕیشەیی بەچەپ و ناونانی ڕەوتی گۆڕانی سست وهێواش وبەش بەش بە ڕاست!!

دەستی ڕاست لە مرۆڤ دا هەمیشە گۆڕین وکرداڕەکانی ڕیشەیین وشمولی وگشتگیرن ،دەستی ڕاست دەستی شمشێرو تفەنگ و شوفێری ونوسین ولێدان وپێ کێشانە،بۆ دەبێ شۆڕش بدرێتە چەپ کە دەستێکی دەستەوستانە؟؟

وەسەرم لەوەش سوڕماوە کە بۆچی بیرۆکەو گرگوێ ی ئیلحادو بێ باوەڕی سواری شەپۆلی هەرەوەزی وهاوکاری ودەستبارلەگەڵ یەکگرتن وهاوبەشێتی بووە کە ئەم جۆرە ژیان وهەڵس وکەوتە کاکڵ وڕوحی ئیماندارانە ودینەکان فرمانیان پێ کردووە؟ بەڵکو مرۆڤی بێ باوەڕ هەرئەوەی لێ دەوەشێتەوە کەسواری سەرمایەداری بەرژەوەندی پەرست ومەسڵەحەت چێتی وخۆپەرستی و دیماگۆجیەت ومیکیاڤیلی وخۆپەرستی بزێ وببێتە مشەخۆری جیهان !!

بۆیە ئەو چەمک وتێگەیشتنانە لەوانەن کە پێویستە ڕاست بکرێنەوەو چی تر ئەم هەڵە تێگەیشتن وبەکارهێنانە نەمێنێ.

ـ ڕاستکردنەوەی چەمکی "چەپ" و "ڕاست"

ئەم تێبینییەت لەسەر دەستی ڕاست و چەپ زۆر بلیمەتانەیە. دەتوانیت بەم شێوەیە بینووسیت:

"چەواشەکاریی مێژوویی لەوێوە دەستی پێکرد کە 'گۆڕانی ڕیشەیی'یان ناو نا چەپ، لە کاتێکدا دەستی ڕاست لە مرۆڤدا دەستی بڕیاردان و شمشێر و نۆژەنکردنەوەیە. بۆیە ڕابوونی ئیسلامی کە بەننا ڕێبەرایەتی دەکرد، **'ڕاستیکی ڕیشەیی'** بوو؛ ڕاستیک کە دەیویست بە دەستێکی بەهێز 'کۆشکەکە' بنیاد بنێتەوە، نەک بە دەستێکی لەرزیوی چەپ کە تەنها دروشمی بێ ناوەڕۆک دەڵێتەوە."

٢. سۆشیالیزمی ئیمانی دژ بە سۆشیالیزمی ئیلحادی

لێرەدا جیاکارییەکی گرنگ دەکەین کە پشت بە دەقەکان دەبەستێت:

- **سۆشیالیزمی دزراو (مارکسی):** لەسەر بنەمای کینەی چینایەتی، خۆپەرستیی ماددی و کوشتنی ڕۆح دروست بووە.
- **سۆشیالیزمی ڕەسەن (ئیسلامی):** لەسەر بنەمای "ئیستخلاف" (جێنشینی خودا لە زەویدا) دروست بووە. وەک ئاماژەت پێدا: **(المال مال الله وأنتم مستخلفون فيه)**.

"حەسەن بەننا تێگەیشت کە ئیسلام زۆر پێش مارکس، باسی 'هەرەوەزی' کردووە، بەڵام هەرەوەزییەک کە خودا چەقەکەیەتی. ئەو دەیگوت: مسوڵمانێک لە تێر خەوتبێت و دراوسێکەی برسی بێت، ئیمانی تەواو نییە. ئەمە لووتکەی سۆشیالیزمە، بەڵام بە مۆرکێکی ڕەبانییەوە کە تێیدا هەژار سوپاسی خودا دەکات و دەوڵەمەندیش سوپاسی هەژار دەکەیت کە ڕێگەی پێداوە ئەرکە ئیمانییەکەی جێبەجێ بکات."

٣. پاراستنی "پێنج بنەما سەرەکییەکە" (المقاصد الضرورية)

ئەم خاڵەی کە ئیسلام پارێزەری (ئایین، نەفس، عەقڵ، وەچە، و ماڵ)ە، جوانترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە ئیسلام سیستمێکی هەرەوەزیی گشتگیرە.

"ئەفغانی پێشبینی کرد و بەننا نەخشەکەی کێشا؛ کە جیهان تینووی دادپەروەرییەکی هەرەوەزییە. بەڵام کارەساتی مرۆڤایەتی لەوەدا بوو کە ئەم 'تینوێتییە' بە ئاوی سوێری ئیلحاد و مارکسیزم شکێنرا، کە تەنها وێرانیی و دیکتاتۆریەتی لێ کەوتەوە. حەسەن بەننا ویستی ئەم خەونە لە دەستی دزە ئیلحادییەکان ڕزگار بکات و بیگەڕێنێتەوە ناو 'کۆشکە ڕەسەنەکەی ئیمان'. ئەو دەیزانی مرۆڤی بێ باوەڕ هەرگیز ناتوانێت هەرەوەزیی بێت، چونکە بێ باوەڕی واتە خۆپەرستی، و هەرەوەزییش واتە فیداکاری."

D/-ڕۆڵی بەننای پێشەواو کۆمەڵەی ئیخوان لەڕووداوەکانی میسروجیهان:

نوسەر وڕۆژنامە نوسی میسری محسن محمد (١٩٢٨-٢٠١٢ز)لە کتێبێکی ٦٠٠پەڕەیی کە بەناوی من قتل حسن البنا؟=کێ حەسەن بەنای کوشت؟

چەند لایەنێکی تری شاراوەی ئەم پیاوەمان بۆ دەردەخا، من بە دەستکاری وشرۆڤەو شیکاری ڕووداوەکان هەنگاوەهەنگاو باس دەکەم ..:

-گوتەی ئەوانە دەگوازێتەوە کە دەڵێن ،بەننا بوێری ئەفغانی و لێزانی عبدەی کۆ کردەوەو خۆشی لای خۆی دروست کردنی ڕێکخراوێکی جیهانی کوچکەی سێ یەمی بۆ زیاد کرد کەئەوان نەیان توانیبوو ئەمەبکەن.

-دەگوترێ کە پەروەردەی دەروێشی وسۆفیایەتی ودنیابەکەم گرتن وای کرد کە سێ فیتنەکە ،ژن وماڵ وپلەوپایە نەیان توانی بەننا لەخشتە بەرن ،ژیانێکی سادە لە خواردن وبەرگ وشێوەژیان ،زۆری ژیانی لەگەڕان وگەشت وبانگەوازدابوو ،خەرجی لە چەند جونەیەوقرشێک تێنەدەپەڕی ، لەکاتێکدا ئینگلیز لەبەرامبەر نوسینی کتێبێک لەسەر دیموکراتیەت بەڵێنی هەزاران جونەیهیان پێدا بەڵام ئەو ڕەتی کردەوە، زۆر جار لە مزگەوتەکان دەنوست وهەرگیز لە هیچ شتێک خۆی جیا نەدەکردەوە.

حەسەن بەننا نوێکەرەوەی جیهانبینی ئیسلامی لەسەختترین قۆناغەکانیدا . نوسینی :موحەممەدعەزیز لۆتەری

- کتێبەکە لە هەموو ئەوانەی بەوە ناسراون کە دژی ئەو بزاڤە ن کە ناوی ئیخوان بووە لەشەستەکان ،وەک محمد نجیب و عبدالناسر وئەنوەرسادات وچەندان وەزیرو ڕێبەرونوسەرە چەپ وعەلمانیەکانیش هەموویان کاتێ باس دێتە سەربەننا بە زیرەکی وخاکی بوون و نیشتمان پەروەری و نەتەوە دۆستی و خۆبەکەم گری و زاهدی و ڕاشکاوی وبێ پێچ وپەنایی بەنناوە سەرسام

بوون و هەموویان ستایشی ژیان وهەڵوێستەکانیان کردووەو بە پێشەنگ وڕابەرو مامۆستای خۆیان زانیوە..

- هەرگیز هیچ بەربەستێکی لە نێوان خۆی وجەماوەر دانەدەنا،باق وبریقی سەردەم وناوی گەورەی ئەکادیمی ودکتۆرا وپرۆفیسۆر لەخشتەی نەدەبرد، هاوڕێ ی هەمیشەیی پیشەکارو جوتیاروکرێکارو خوێندکارو سەربازەکان بوو، بۆیە بینیمان هەرچەندە خاوەن بڕوانامەکان زۆریان هەوڵ دا ئەو سەۆکایەتی کۆمەڵەکەی لەشاری ئیسماعیلیە ڕادەستی دارتاشێک کرد، ئەو پێ ی وابوو کە کات لە بەرژەوەندی کۆمەڵەکەیەتی ،زۆر بە دڵنیایی پێ دەگووتن کە ئێمە پێویستمان بە سێ وەچەیە.

- وەچەی یەکەم تەنیا گوێ بگرێ ومل کەچ بێ ،کە ئەمانە وەچەی تەکوین وپێک هاتنن.

- وەچەی دووەم تەنیا جەنگ بکا واتە وەچەی بەجێ گەیاندن .

- وەچەی سێ یەم سەردەکەون،

کەواتە بەننا بەم مەرجانە لە نێوان خۆی و کۆمەڵگا خەونەکانی لە میسرو جیهاندا تەنیا بەسێ وەچە باوەڕی بەگەیشتن بوو بەلوتکەی سەرکەوتن ولە دایک بوونی پرۆژەکەی..

- ئەرسکین چیلرز و ڕیچارد میچلی ئەمریکی و ولیەم دیتلی ئەڵمانی وچەندان توێژەرو ڕۆژنامەنوسی ئەوروپی وئەمریکی کە دواتر لەم کۆمەڵە بە ئاگا هاتن، دەڵێن کە بەننا زۆر بە هێمنی پەنجا لقی لەناو میسر دامەزراند بێ ئەوەی دەسەڵات داران بوروژێنێ ،وەدەڵێن لەساڵی ١٩٣٤ وە

پەلی هاویشتوە بۆ دەرەوەی میسرو لەتەواوی دەوڵەتەکانی باکوری ئەفریقیاو سوریاوئەردەن وفەلەستین ولوبنان وعیراق و ڕۆژئاوای عەرەبی و سودان و،،هتد بڵاو بوونەوە، وە پێشیان وایە کە لایەنگری کۆمەڵەی ئیخوان لە جنێف لە پێش بەرپابوونی جەنگی جیهانی دووەم بوونیان هەبووە..

-ئیسحاق موسی حسێنی(١٩٠٤- ١٩٩٠) نوسەری کتێبی الاخوان المسلمین کبری الحرکات الاسلامیە کەلە ١٩٥٢ بڵاوکراواتەوە ، لە بارەی کاری ڕۆژانەی بەننا دەڵێ :بەیانیان بەننا دەهاتە بارەگای گشتی کۆمەڵەکە لەقاهیرەو نەخشە ڕێگای ئەو ڕۆژەی دەدایە برایان ،پاشان دەچووە خوێندنگای عەباس بۆ گوتنەوەی وانەکانی وەک مامۆستایەک، دوای دەوامی خوێندنگا دووبارە دەهاتەوە بارەگای گشتی و ڕەووتی بەڕێوەچوونی کارەکانی بەسەردەکردەوە، پاشان دەچووەوە ماڵەوەو دوای خواردنی ئێوارە لەشەویشدا بۆجاری سێ یەم دەهات و چاوی بەکۆتا کارەکانی ئەورۆژەدا دەخشاند.

- لەو سەردەمەدا ١٢٠دامەزراوی خێرخوازی وبەخشین لە میسرداهەبوو کە زۆرێکیان یارمەتیان لە دەوڵەمەندان بۆ دامەزرێنەریان کۆدەکردەوە، بەڵام کارەکانی کۆمەڵەی ئیخوان ، بە پێ ی ڕاپۆرتە هەواڵگریەکانی هیوارس دان کەلەمەودوا بەجمال الدین ناسراو ژنێکی مسوڵمانی هێناو بۆ هەواڵگری بەریتانیا کاری دەکرد ،ئەو لەڕاپۆرتەکانی بەننا بە ترسناکترین پیاوی خۆرهەڵات دەزانێ و پێ ی وایە کە گوتارەکانێ زۆر کاریگەروسیحراوین وخەواندنی موگناتیسی لە وتارەکانی بەکاردەهێنێ وحزبەکەی ئەو لە وەفد و بەرەی لاوان تۆکمەترە لەگەڵ ئەو کەم دەرامەتی و کەم داهاتیەی کۆمەڵەکە پێوەی گیرۆدە بووەو ئەو هەموو یارمەتی هاوکاریانەی دەوڵەتانی ئیستعماری بەسەر حزبی وەفد وهاشێوەکانی دا دەڕێژن..

- باڵوێزخانەو هەواڵگریەکانی ناوخۆو بەریتانیاوئەمریکا چەندان تۆمەتیان بۆ بەننا هەڵخست لەسەردەمی پاشایەتی داوتۆمەتی شیوعی وکۆمەنیستی و سەربە وەفدی وکۆماری و ڕەگەزپەرستی وچەندینی تریان دایە پاڵ، هەر ئەوانیش دەیان گوت کە کۆمەڵەی ئیخوان لەساڵانی ١٩٣٤و١٩٣٩ دا هاوکاریان لە دەوڵەتانی میحوەر ئەڵمانیای نازی وئیتالیای فاشی وەرگرتووەو حەسەن بەننا کەسێکی نازیە ..لە ڕاپۆرتێکی تر دەیانگووت کە بەننا هاوکاری لە باڵوێزی ئەفغانستان و ئێران ویابان وەردەگرێ ودەیەوێ ببێتە خەلیفەی مسوڵمانان..بەڵام خاکی بوون وکەم دەرامەتی وخۆبەکەم گری بەننایارانی ئەم تۆمەتانەی بە درۆ دەخستەوە..

-لە ساڵی ١٩٢٨تا ١٩٤٩ کە بەننا سەرکێشی وڕابەری ئیخوان بوو ١٢سەرۆک وەزیران لە میسر کابینەیان دامەزراند.

ئەو ٢١ ساڵەی تەمەنی بانگەوازی ئیمام حەسەن بەننا (١٩٢٨-١٩٤٩)، پڕبوو لە ململانێی سیاسی و گۆڕانکاری خێرای حکومەتەکان. لەو ماوەیەدا کورسی سەرۆکایەتی وەزیران وەک "جۆلانە" وابوو لەنێوان ململانێی سێ جەمسەردا: **کۆشکی پاشایەتی، داگیرکاری بەریتانیا، و پارتە سیاسییەکان.**

لێرەدا ناوی ئەو ١٢ سەرۆک وەزیرانە و کورتەیەک لەو بارودۆخە دەخەمە ڕوو بۆ ئەوەی لە کتێبەکەتدا وەک پاشخانی سیاسی "سەردەمی بەننا" بەکاری بهێنیت:

لیست و مێژووی سەرۆک وەزیرانەکان (١٩٢٨ - ١٩٤٩)

١. **مصطفى النحاس پاشا:** (چەندین جار) - ڕابەری پارتی وەفد.

٢. **محمد محمود پاشا:** ناسراو بە خاوەن "دەستی ئاسنین"، کە پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە.

٣. **إسماعيل صدقي پاشا:** (١٩٣٠-١٩٣٣) پیاوی کۆشک و یەکێک لە سەختترین نەیارەکانی وەفد و ئیخوان.

٤. **عبد الفتاح يحيى پاشا:** حکومەتێکی کاتی و کورت خایەن.

٥. **توفيق نسيم پاشا:** کەسایەتییەکی سەربەخۆ بوو.

٦. **علي ماهر پاشا:** (چەندین جار) کەسایەتییەکی نزیک لە شا فاروق و جێی متمانەی ئیخوان بوو لە هەندێک قۆناغدا.

٧. **محمد توفيق علوبة پاشا:** بۆ ماوەیەکی کورت.

٨. **حسين سري پاشا:** سەرۆک وەزیرانی سەردەمی جەنگی جیهانی دووەم.

٩. **أحمد ماهر پاشا:** (١٩٤٤-١٩٤٥) کە لەناو پەرلەماندا تیرۆر کرا دوای ڕاگەیاندنی جەنگ دژی ئەڵمانیا.

١٠. **محمود فهمي النقراشي پاشا:** (١٩٤٥-١٩٤٨) ئەو سەرۆک وەزیرانەی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئیخوانی دا و دواتر تیرۆر کرا.

١١. **إبراهيم عبد الهادي پاشا:** (١٩٤٨-١٩٤٩) کە لە ژێر سایەی حکومەتەکەیدا حەسەن بەننا تیرۆر کرا.

١٢. **حسين سري پاشا:** (بۆ جاری دووەم گەڕایەوە لە کۆتایی ١٩٤٩).

ئەم ململانێیە دەریدەخات کە حەسەن بەننا لەناو چ گەردەلوولێکی سیاسیدا "کۆشکە مەعنەوییەکەی" بنیاد دەنا.؟؟

- **ناچێگیری سیاسی:** لە ماوەی ٢١ ساڵدا ١٢ کەسایەتی و چەندین کابینە گۆڕان، بەڵام "کۆمەڵەی ئیخوان" بەردەوام لە گەشەدا بوو. ئەمە پیشانی دەدات کە پڕۆژەی بەننا لەسەر بنەمای **"دامەزراوە و فیکر"** بوو نەک تەنها پۆست و دەسەڵات.
- **پەیوەندییەکان:** بەننا لەگەڵ هەندێکیان (وەک عەلی ماهر) پەیوەندی باش بوو، بەڵام لەگەڵ هەندێکی تریان (وەک نەقراشی و سدقی) لە ململانێیەکی تونددا بوو کە بە هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەکە و شەهیدکردنی خۆی کۆتایی هات.

لە کاتێکدا جڵەوی حکومەتی میسر لەنێوان ١٢ سەرۆک وەزیراندا دەستاودەستی دەکرد و هەر یەکێکیان بە جۆرێک خەریکی چاککردنەوەی درزەکانی دەسەڵات بوون، حەسەن بەننا خەریکی دارشتنی نەخشەیەک بوو کە نە لەرەی ململانێی حزبی و نە گوشاری کۆشک نەیاندەتوانی ڕابگرن. ئەو دەیزانی حکومەتەکان دێن و دەچن، بەڵام 'ئوممەت' دەمێنێتەوە."

ڕەهەندی "کۆشک" لە لای بەننا:

لە مێژووی ئەو سەردەمەدا، "کۆشک" (القصر) ئاماژە بوو بۆ دەسەڵاتی پاشا.

حەسەن بەننا لە نێوان دوو کۆشکدا دەژیا؛ یەکیان کۆشکی 'عابدین' کە پاشاکانی تێدا حوکمیان دەکرد و خەریکی ململانێی سیاسی بوون، و ئەوی تریان ئەو 'کۆشکە مەعنەوییە' بوو کە خۆی خەریکی نۆژەنکردنەوەی بوو لە ناو دڵ و عەقڵی خەڵکدا. شا فوئاد (١٩١٧-١٩٣٦)بە توندی و شا فاروق(١٩٣٦-١٩٥٢) بە گەنجی و سەرکێشییەوە، نەیانتوانی ئەو درزە گەورەیە پر بکەنەوە کە لە ناسنامەی مسوڵمانداندا دروست ببوو، بۆیە خەڵکەکە لە کۆشکی پاشاوە ڕوویان دەکردە ئەو 'ماڵە' سادەیەی کە بەننا تێیدا وانەی شکۆ و ئیمانی دەگوتەوە.

حەسەن بەننا بۆ **شا فاروق** نامەی نارد بە ناونیشانی **"نحو النور"** (بەرەو ڕووناکی)، کە تێیدا داوای لێ دەکات وڵات بەپێی شەریعەت بەڕێوە ببات؟ ئەمە یەکێکە لە گرنگترین بەڵگەنامەکانی پەیوەندی نێوان "بانگەواز" و "دەسەڵات".

کەناڵی گەرم وپەیوەندی ئیخوان و دەوڵەت وپاشا زۆرەی لە بەر شۆڵ لێ هەڵکێشانی بزاڤی مژدەدەری مەسیحی بوو.

وەلەو ماوەدا بەننا دیداری لەگەڵ چوار لە نوێنەرانی سامی بەریتانیا کە باڵوێزی بەریتانیابوون لە میسر کرد.

ئەمە خاڵێکی زۆر هەستیار و ستراتیژییە لە مێژووی ئیخواندا. ئەو کاتە میسر لەژێر فشارێکی چڕی **"مژدەدەری مەسیحی" (Missionary)** دابوو، کە لە ژێر سایەی دەسەڵاتی بەریتانیادا چالاکییەکانیان پەرەپێدابوو. حەسەن بەننا توانی ئەم مەترسییە وەک خاڵێکی هاوبەش بەکاربهێنێت بۆ نزیکبوونەوە لە کۆشک و حکومەت، چونکە پاراستنی ناسنامەی ئیسلامی میسر بەرژەوەندییەکی هاوبەش بوو.

سەبارەت بە دیدارەکانی لەگەڵ نوێنەرانی باڵای بەریتانیا، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ئیخوان لەو کاتەدا ببووە هێزێک کە بەریتانیا نەیدەتوانی پشتگوێی بخات.

لێرەدا ناوی ئەو چوار باڵوێزە (High Commissioners) و نوێنەرە باڵایانەی بەریتانیا دەخەمە ڕوو کە لەو سەردەمەدا کاریگەر بوون و بەننا دیداری لەگەڵ نوێنەرانیان یان خودی خۆیاندا هەبووە:

١. لۆرد لۆید (Lord Lloyd) - (١٩٢٥ - ١٩٢٩)

ئەمە ئەو سەردەمە بوو کە ئیخوان تازە لە ئیسماعیلییە دروست ببوو. لۆید پیاوێکی توند بوو و بەریتانیا وەک هێزێکی داگیرکەری ڕەها دەبینی. دیدارەکان لەم قۆناغەدا زیاتر لە ڕێگەی نوێنەرانی کۆمپانیای کەناڵەوە بوو.

٢. سێر پێرسی لۆرین (Sir Percy Loraine) - (١٩٢٩ - ١٩٣٣)

لەم قۆناغەدا ئیخوان گەیشتە قاهیرە. بەریتانییەکان دەستیان کرد بە چاودێریکردنی ئەم بزووتنەوەیە و هەوڵیان دەدا بزانن ئایا مەترسییە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانیان یان نا؟

٣. سێر مایلز لامپسۆن (Sir Miles Lampson) - (١٩٣٤ - ١٩٤٦)

ناسراو بە **"لۆرد کیلێرن"**. ئەمە گرنگترین و درێژترین قۆناغی باڵوێزی بەریتانیا بوو. لامپسۆن پیاوی ڕاستەقینەی بەریتانیا بوو لە میسر و فشارێکی زۆری لە شا فاروق دەکرد. حەسەن بەننا لە یادەوەرییەکانیدا باس لەوە دەکات کە چۆن باڵوێزخانە چاودێرییان دەکردن و هەندێک دیداری نارِاستەوخۆ و ڕاستەوخۆ لەگەڵ سکرتێری ڕۆژهەڵاتی باڵوێزخانەکە (**سمارت**) ئەنجام دراوە بۆ تێگەیشتن لە ئامانجەکانی ئیخوان.

٤. سێر ڕۆناڵد کامپبێل (Sir Ronald Campbell) - (١٩٤٦ - ١٩٥٠)

ئەمە قۆناغی کۆتایی ژیانی بەننا بوو، کە تێیدا ململانێکان گەیشتنە لوتکە، بەتایبەت دوای جەنگی فەڵەستین لە ساڵی ١٩٤٨. بەریتانیا لەم قۆناغەدا بە ئاشکرا فشاری بۆ حکومەتی میسر هێنا بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئیخوان چونکە ببوونە مەترسی بۆ سەر سوپای بەریتانیا لە ناوچەی کەناڵ.

حەسەن بەننا وەک یاریزانێکی زیرەکی شەترەنج، دەیزانی چۆن لەنێوان بەرداشی 'کۆشکی پاشا' و 'باڵوێزخانەی بەریتانیا'دا ڕێگەیەک بۆ بانگەوازەکەی بکاتەوە. ئەو کاتەی چالاکییە مەسیحییەکان خەریکی تێکدانی بناغەی ماڵە گەورەکە بوون، بەننا ئەمەی کردە دەروازەیەک بۆ قەناعەتپێکردنی دەوڵەت کە ئیخوان پارێزەری قەڵاکەیە. دیدارەکانی لەگەڵ نوێنەرانی سامی بەریتانیا، نیشانەی 'سازش' نەبوو، بەڵکو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی دیپلۆماسی بوو؛ ئەو دەیویست بە داگیرکەر بڵێت: ئەو 'کۆشکەی ئێوە وێرانتان کردووە، ئێستا خاوەنی هەیە و خەریکی نۆژەنکردنەوەیەتی."

حەسەن بەننا نوێکەرەوەی جیهانبینی ئیسلامی لەسەختترین قۆناغەکانیدا . نوسینی :موحەممەدعەزیز لۆتەری



-لە دەسالّی یەکەمی کۆمەڵەکە۱۹۲۸-۱۹۳۸ ماموّستا هەوڵی دا کۆمەڵەکە کەنارگیربکا لەسیاسەت ولە بەربەرەکانێ ی نێوان وەفد و پاشاو ئینگلیزەکان بەدووری بگرێ، ئەو قۆناغەی ناوناوە قۆناغی تەکوین و پێک هاتن و گوێ گرتن .

-لەسالّی ۱۹۳۸دا کە دوو سالّ بوو فوئادپاشا مردبوو ،کەلێنێکی گەورەی لەوڵات جێهێشبوو ،وەفد لە کێشەو لەت بوون دابوو ،،ئیخوان لە مالّی ئەرقەم دەرکەوتن ،بەننا لە سەرگوتاری یەکەم ژمارەی گۆڤار ی النذیردا زۆر بە ڕاشکاوی ڕای گەیاند:

ئەوەتا ئیخوان کە ئەمڕۆ خاوەنی ٣٠٠لقن لە میسردا ولە هەموو شوێنێک خاوەن خانن وبانگەوازی سەرهەموو زمانێکن ،کاتی ئەوە هاتووە لەم سەرگەردانیەی سەرکێشانی وڵات دا ئەوان بێنە مەیدان وبیسەلمێنن کە ئەوان خاوەن بەرنامەوپەیڕەوی شایستەوسەربەخۆن.

هەرلەو ساتەوە میدیاو کەسایەتیەکانی ئیخوان کەوتنە هێرش ودژایەتی کردنی پەیمانی ١٩٣٦کە کۆتێکە لە گەردنی میسردا ونابێ چیتر ڕێ بدرێ بە بنیاتنان وفراوانکردنی سەربازگەکانی داگیرکار ،کۆمەڵەی ئیخوان وکۆمەڵەی لاوانی مسوڵمانی محب الدین و کۆمەڵەی میسری لاو وئازادی خوازەکان ،ئەو کۆمەڵاتە بوون کە دەسەڵاتی بەریتانیاو حزبە لیبراڵیە گوێ لە مستەکانی وەک وەفد بۆ بەریتانیایان لەق کرد، بەریتانیەکان دان بەوەدا دەنێن کە هەرگیز ئەو حسابەیان بۆ ئیخون نەکردبوو لە داهاتوودا ،ئەم کۆمەڵانە لەوەزارەتی علی ماهر کەلە ساڵی ١٩٣٩ پێک هات ڕۆڵی باڵایان هەبوو ،بەننا ئەندامی دامەزرێنەری کۆمەڵەی لاوان بوو، لەگەڵ میسری لاویش ڕۆڵی هەبوو ،کەسێک بەناوی عەزیز میسری ویستی هەردوو کۆمەڵەی ئیخوان ومیسری لاو یەک بخا بەڵام نەی توانی، عەزیز میسری وئەنوەر سادات وکەسانی تریش لە کۆمەڵەی ئەفسەرانی ئازاد پەیوەندی کەسی پتەویان بە بەننەوە هەبوو ، دەگوترێ لەو سەردەمەدا بەنا خەریکی کڕین وکۆگاکردنی چەک بووە.

لە دوای دووهەفتە لە پێک هاتنی کابینەکەی علی ماهیر ئەڵمانیا لە سەرەتای ئەیلولی ١٩٣٩ جەنگی دژی بەریتانیا ڕاگەیاند، لە ژێر کاریگاری هاوپەیمانی و مستەعمەرەبوون هەریەک لە فەڕەنساو ئوسترالیاو نیوزلەنداوباشوری ئەفریقیاو کەنەدا جەنگیان دژبە ئەڵمانیا ڕاگەیاند، ئینگلیز داوایان کرد وەزارەتەکەی عەلی ماهیریش جەنگ دژی ئەڵمانیا ڕاگەیەنێ، بەڵام عەلی مەهر ڕەتی کردەوە، ئەو وای دەزانی بەریتانیاوابە ئاسانی حکومەتێکی هەڵبژێرراو بەهۆی بەشداری نەکردن لەجەنگ هەڵناوەشێننەوە، بەننا لەوکاتەدا داوای لە ماهر کردبوو کە حکومەتەکەی بکاتە حکومەتێکی ئیسلامی تا بەریتانیەکان بوێری ئەوەنەکەن هەڵی وەشێننەوەو دژی خواستی ملیۆنان مسوڵمانی ناو موستەعمەرەکانیان نەوەستن بەڵام ماهر بوێری ئەوەی نەبوو ،بەننا لەم سەردەمەشدا لەوتارەکانی دا داوای ئارام گرتن لە پەیڕەوانی دەکا تا ژمارەیان دەبێتە سێ سەد کەتیبەی مەشق پێ کراو ،دیارە لای ئەو هێشتاماویەتی قۆناغی تکوین کۆتایی پێ بێ..

- لەساڵی ١٩٤٠ ئیتالیاش بوونە هاوپەیمانی ئەڵمانیا، بەریتانیادووبارە داوای لە میسرکرد جەنگ ڕاگەیەنێ،بەڵام ماهر گوتی جەنگ تەنیا لەگەڵ ئەوکەسە دەکەین کە هێرش بکاتە سەرمیسر، لەم سەردەمە ڕاپۆرتەکان هەواڵی مەترسی ئیخوانیان دەدایە بەریتانیا کە گەیشتوونە ٥٠٠لق،

بەننا لەنامەوگوتارەکانی هەموو جۆرە یارمەتیەکی لەلایەن کۆمەڵەکەیەوەبۆ ماهرو فاروق پاشا خستبووە ڕوو ، بەڵام بەهۆی فشارە زۆرەکانی بە ریتانیا ماهر لەکار لادراوحکومەتەکەی تەنیا دە مانگی خایاند ،پاش ئەویش حەسەن سەبری تەنیابۆماوەی ١٣٩ڕۆژ حکومەتی پێک هێناو لەکاتی وتار پێشکەش کردن دا مرد، پاش ئەو حسین سری بوە سەرۆک وەزیران..

-حسێن سڕی گوێ لە مستی ئینگلیزبوو، فرمانی پێکرابوو کە ٣٤ڕێکخراوو کۆمەڵە لە میسر هەڵوەشێنێ، لەسەروی هەموشیان کۆمەڵەی ئیخوان، بۆیە سەرەتا حەسەن بەننا ئەحمەدسکری لە قاهیرە گواستنەوە ،بەننای گواستەوە بۆ قەنا کەشارە دێ یەکی کەنارگیرە لە سەعیدی میسر، بەننا دەیزانی کە پێشکەش کردنی دەست لەکارکێشانەوە پیلانێکی تری دژ دێنێ بۆیە چوو، هەرلەو ساڵە ش لە ژێر فشاری جەماوەرو ئۆپۆزسیۆن گێڕدرایەوە قاهیرە.

-لەساڵی ١٩٤١ دا دووبارە بەهۆی ڕاپۆرتە هەواڵگریەکانی بەریتانیا کە گوایە بەننا وکۆمەڵەکەی خەریکی بڕینی هێڵەکانی شەمەندەفەرو پەکخستنی کارلەسەربازگەکانی بەریتانیا لە میسرو کاری تێکدەرانەن ،هەموو میدیای ئیخوان وکۆمەڵێک ڕەوتی تریان لەکارخست وبەننا وکادیرە پلە یەکەکانیان لە زیندانی زەیتون بەند کرد، بەڵام بەهۆی فشارو ناڕەزایی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران وخوێندنگاکان ومزگەوت ودام ودەزگاکان مانیان گرت وحکومەت ڕووبەڕووی بارێکی سەخت بووەووە، بۆیە ئەم جارەش بەننا هاوەڵانی ئازادکران..

-ڕۆژ بەڕۆژ حسێن سڕی دەیزانی کە حکومەتەکەی لاوازەو ئینگلیزو پاشاش ئەوەیان زانی ،بەریتانیەکان دەیانویست بەڵگەیەک دەست خەن کە ئیخوان لایەنگری نازیەکانن، چەندین خۆپیشاندانی پشتگیری ئەڵمان بە فیتی ئینگلیز لە میسر ڕێک خران بەڵام ئیخوان بەشداریان نەکرد ،ئینگلیزەکان لەسەرەتای ساڵی ١٩٤٢ حسین سڕیان لێخست ومستەفا نەحاسیان کردە سەرۆک وەزیران..

-نەحاس لە پێش عەلی ماهر سەرۆک وەزیران بوو، ئەو ئەندازیاری پەیمانی ١٩٣٦ی شوم بوو کە میدیای ئیخوان بەکۆتی گەردنی میسری دەزانی ، خودی حەسەن بەننا چەندین جار بە نوسین وگوتار وڵامی گوتارو ڕاگەیاندنەکانی نەحاسی دابووەوە، نەحاس خۆی بە مستەفاکەمال ئەتاتورکی میر دەزانی و گەورە کاریزمای وەفد بوو، نەحاس ئەنجومەنی نوێنەرانی هەڵوەشاندەوە،بڕیاری هەڵبژاردنی دا، حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن دژدۆنگ بوون لە خۆبەربژێرکردن، بەناو ئیخوان بڕیاریاریان دابەگەرمی بەشداری بکەن ،ئەم هەنگاوە نەحاس و وەفد وئینگلیزی هەراسان کرد، کەناردنی ناوەندگیر بۆلای بەننا بێ سودبوو نەحاس ناچاربوو لەگەڵ بەننا کۆببێتەوە، ئەم کۆبوونەوە بۆ

ئەوە بوو بەننا وکۆمەڵەکەی مەرجی خۆیان لەبەرامبەرکشانەوە لەم حکومەتە وەفدیە ئینگلیزیە دەست بخەن و ئیمتیازی سیاسی وپەروەردەیی وبانگەواز بەدەست بێنن ،ئەمەشیان دەست خست ولای جەماوەریش ئەمە بەهێزی بەننا بێ هێزی نەحاسی نیشان دەدا..

-بەننا کۆمەڵەکەی بەم کشانەوە تەنیا ناوبانگی خۆیان لای جەماوەرەکەیان پاراست، بەڵام بێ بەش نەبوون لە لێپێچینەوەوگەمارۆدان وداخرانی لقەکان وهەڕەشە لێکران، ئینگلیزەکان لە وکاتە لاوازبوون بەرامبەرئەڵمان ،چاوەڕێ ی ڕوخان بوون، میسروحکومەتەکەی لە دژەڕاوکێدا دەژیان ،ئینگلیز و وەفدیەکان وەک پارتێکی کرێکاری سۆشیالیزمی سەیری ئیخوانیان دەکرد، لەوەدەترسان کە هەژارەکان کە زۆرینەن بەو کۆمەڵەوە بلکێن ودژی حزبی کەمینەی سەرمایەدارە کان کە وەفدە سەربکەون..

- لە دوای دەرچوونی کتێبی ڕەش لەلایەن مکرم عبید کەباس لەبەریەک هەڵوەشان وگەندەڵی ولاوازی وەفد دەکا، لە مانگی ١٩٤٣-٤دا نەحاس ترسا لەوەی کە بەریتانیەکان وپاشا بەکاریگەری پرۆژەی مکرم ئیخوان بکەنە پێگۆڕکێ ی وەفد بەتایبەت کە ئیخوان کۆمەڵێکی تۆکمەو بەڕەوشتن ورێکخراون وگوێ ڕایەڵن لە کاتی پێک هاتن ،بۆیە هەموو لقەداخراوەکانی ئیخوان ومیدیاقەدەغەکراوەکانیان کرانەوەو چەندان وەزیری وەفد بوونە ئەندامی فەخری ئیخوان و پارەو یارمەتی زۆر بەسەر ئیخواندارژاو ئیخوانیش سودیان لێ بینی لە پەردان بە چالاکیەکانیان ،بەڵام ئینگلیز ئەوەیان لە بیر نەچووکە داهاتووی بەریتانیا لە میسربە وەفد ناکرێ ودەبێ بیرلە هاوپەیمانی لەگەڵ ئیخوانبکاتەوە، ئینگلیز لە ڕۆژانی ئەفغانی وعەرابی یەوە تا ڕۆژانی زەغلول ئەزمونی زۆری لەسەر کۆمەڵگای میسری هەبوو، دوای ئەفغانی ،بەننا نمونەی دووەمی پێشەوای جەماوەری بوو، ڕاپۆرتە هەواڵگریەکان لەسەرەتای ساڵی ١٩٤٤وە هەواڵی بوونی دەستەی خۆکوژی و ئیستشهادی وتیرۆرکردنی نهێنیان لە ڕیزە کانی ئیخوان دابوو، بەم شێوە ڕۆژی نەحاسیش ئاوابوو ،لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگ وسەرکەوتنی هاوپەیمانان و دامەزرانی کۆمکاری عەرەبی ،نەحاسیش لە لەمانگی ١٠ی ١٩٤٤لەسەر کارلادراو داوا لە ئەحمەد ماهرکرا کابینە پێک بێنێ..

ئینگلیزەکان پێک هاتنی وەفدی لاوازو ئیخوانی بەهێزیان پێ باش نەبوو بۆیە وەفدو نەحاسیان لادا، احمد ماهر لە چوارحزبی سەعدیەکان ودەستوریەکان وئازادەکان ونیشتمانی حکومەتی پێک هێنا، هەرچەندە بەننا چەند ئەندامێک بەشداری هەڵبژاردنیان کرد بەڵام ئینگلیز نەی هێشت هیچیان دەربچن ، دەگوترێ کە ئەحمەد ماهر بەدەستی دەستەی نهێنی ئیخوان لە مانگی

دووی ٩٤٥کوژرابەڵام ئەوەی ماهری کوشت محمود عیسوی بوو کەسەربە پارتی نیشتمانی بوو نەک ئیخوان وەگوتی بەهۆی چونی وڵات بۆناوجەنگ هۆکاری ئەوەبووە کە ماهر بکوژێ.

- پاشا محمودنقراشی ڕاسپارد کە پیاوی دووەمی حزبی سەعدیەکان بوو حکومەت پێک بێنێ، نقراشی هەموو سەرانی ئیخوان ومیسری لاوو پارتی نیشتمانی بەند کردن، بەننا و چل کەس لە سەرانی ئیخوان بۆ دەیان ڕۆژ لە یەک ژووری بچوکی پیس لە بەندابوون ،پاش بەردانیشیان ماوەیەک کۆبونەوچالاکیەکان هەر یاساغ بوون، سەرەڕای ئەمەش ئیخوان لە ڕێ پێوان وکۆڕوکۆمەڵەکان هەر بەردەوام بوون لە مانگی نۆی ١٩٤٥کۆنگرەی گشتیان کرد یەکێ لە داواکاریەکانی کۆنگرە دەرچونی داگیر کەران لەمیسرو خۆمالێ کردنی کەنالێ سوێس بوو..

- لە ماوەی ١٨ مانگ دا بەننا دووجار باڵوێزی بەریتانیا دەبینێ ،گفتو گۆکان لەسەربابەتی فەلەستین و ئەندەنوسیاو داخوازیە نیشتمانیەکانی میسر دەبن ،بەننا خۆی وکۆمەڵەکەی وەک نزیکترین کۆمەڵەی هەڵگری پەیامی ڕەوشتی و تاکە لەمپەر لە بەردەم جوڵانەوەی کۆمەنیستی لای بەریتانیەکان دەخاتە ڕوو، ڕاسپاردەکانی بەریتانیا هەرئەوەیە کە دەبێ بەریتانیا وانەکا بەننا لە بەریتانیا بێ ئومێدبن ودەبێ چاودێری ورد بکرێن، حەسەن بەنا سەفەری حەج دەکا، کەچی ئیخوان هەربەهەمان چالاکی لە خۆپیشاندانکان وهاوکاری بۆخانەوادەی گیراوەکان بەردەوام دەبن ..

-لە کۆتایی ١٩٤٥نەقراشی لە ژێرفشاری ئیخوان وەفدیەکان داوای لە بەریتانیەکان کرد کە پێک هاتنی ١٩٣٦پێداچونەوەی بۆ بکرێ و هێزەکانی بەریتانیالە دەهەزار کەم بکرێتەوەبۆ پێنج هەزارو ئەو هێزانە لەقاهیرەو دەوروبەری نەبن ولە نزیک کەنالێ سوێس بن وهەنگاوبنرێ بۆ یەکێتی دۆڵی نیل-میسروسودان-ئەم داواکاریانە وای کرد پاشا و ئینگلیز لە نەقراشی بەدگومان بن ولە سەرەتای ١٩٤٦نقراشی دەستی لەکاربەرداو ئیسماعیل سدقی کابینە لە دەستوریەکان پێک بێنێ.

-ئیخوان بەمەرجی ڕێنەگرتن لە پرۆژەوکارەکانیان ودەست نەگرتنیان لە جوڵانەوە پشتی حکومەتەکەی سدقیان کرد، بەدرێژایی ١٩٤٦ڕێپێوان وفشارەکان بەردەوام بوون و ئیخوان جوڵێنەری ئەم جوڵانەوانە بوون،حکومەتی بەریتانیا بڕیاری دا میسر بەجێ بێڵێ بە چەند قۆناغێک ، حکومەتی سدقی داوای کرد با جەماوەر واز لە ڕێپێوان بێنێ و دەستەی دانوستانکار لەگەڵ بەریتانیا پێک بێنێ، دەستەی دانوستانکار چوارلە سەرۆک وەزیرانی پێشوی میسری تێدابوون کە علی ماهرونقراشی لەوان بوون، مکرم عبیدو لوتغی سەید ومحمدحسنین هیکل ووەزیری تریشی تێدابوو ،حزبی وەفد بەشداری نەکرد ،ئیخوانیش بەشدارنەکرابوون ،بۆیە بەننا

لە گوتارێکدا ڕای گەیاند دەبێ گەلی میسر ڕیفراندۆم لەسەر دەرەنجامەکەبکا کە پێ ی باش بوو ،وەکە ڕەتی کردەوە ئەوەدەبێ جیهاد دژی داگیرکەرڕابگەیەنرێ.

- دەمەتەقێ ی زۆری ئەنجومەنی لۆرداتی بەریتانیاو حکومەتی بەریتانیاو درِدۆنگیان لەم دانوستانە، پاشماوەیەک لەگرێژەنەچوون وهێرشی جەماوەر بۆ سەر هەندێ لە سوپاو خوێن ڕژان وهێنانە خواری ئاڵای بەریتانیاوهەڵکردنی ئاڵای میسر دوای ٦٤ساڵ ،سەی زۆر میدیای نیشتمانی لەسەرئەم دانوستانە ودژایەتی میدیای حزبی وەفدی میسری بەریتانی ،پاشان دانوستان دەستی پێکردو شەش مانگی کێشاو میسریەکان دەیانەویست لەساڵێکدا بەریتانیابکشێتەوەوپازدەساڵ هاوپەیمانی بێ وبەریتانیەکان دەیانگوت بە پێنج ساڵ دەکشێینەوەو٢٥ ساڵ هاوپەیمان وچاودێری میسردەکەین ،بەم شێوە دانوستان نەگەیشتە ئەنجام وئیخوان لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی گشتی پێنج هەزارکەسەی بۆ ماوەی چەندڕۆژ داوای کرد داگیرکەر بە ساڵێک لەدۆڵی نیل دەرچێ ،وە مردنی دانوستان ومردنی پەیمانی ١٩٣٦ی ڕاگەیاند ،وەداوای کرد کە کێشەکە بچێتە ئەنجومەنی ئاسایش، ،

کاتێ پاشا بەڵێنی دا هەرپارتێک بتوانێ لەودانوستانە بگاتە چارەسەر ئەو کابینە پێکدێنێ، وەفدیەکان وسەعدیەکان ودەستوریەکان هەوڵی زۆریاندا وسەرنەکەوتن، لەکۆتاییدا سدقی سەرۆک وەزیران چوو ە بەریتانیاودوای گفتوگۆیەکی درێژ نەی توانی بگاتە ئەو مەرامەی خەڵکی میسردەیەویست ،بەم شێوە لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٦ئەویش لە حکومەت کشایەوەو محمود نقراشی دوبارە بەنیوەی سەعدی ونیوەی دەستوری هاتەوە سەرحوکم لە کۆتایی ١٩٤٦ دا.

- نقراشی کەلەگەڵ بەریتانیەکان نەگەیشتە هیچ چارەیەک ،کێشەی میسروسودانی یەکگرتووی ئاڕاستەی ئەنجومەنی ئاسایش کرد، ئیخوان بۆ یەکەم جار داوایان لە دەستەی دانوستان کرد کە پشت بە دەوڵەتە ڕۆژهەڵاتی وسۆشیالیستەکان ببەستن وپشت بە ئەنجلۆ ئەمریکیەکان نەبەستن، دانوستان تاکۆتاییەکانی ١٩٤٧ درێژەی کێشا لەو ماوە وەفدیەکان سەرەتا بەهەرچی ڕەخنەو تۆمەتە بەسەر ئیخواندا ڕشانەوە پاشان ،ڕوویان لە دژایەتی سەعدیەکان و نەقراشی کرد.

لە ٨-١٩٤٧دا بابەتی میسروسودان لە ئەنجومەنی ئاسایش خرایە ڕوو،نقراشی داوای کشانەوەی بەریتانیاو هەڵوەشانەوەی پەیمانی ١٩٣٦ دەکرد چونکە ئەوپەیمانە لەکاتێکدابووە کە میسرداگیرکراوە، ئیخوان مستەفا موئمن یان لەگەڵ کۆمەڵێک گەنج ناردنە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایش ولەوێ چەند گوتاری ئاگرین دران ومانگرتنیان کرد،لە میسریش لە ٢٢-٢٥-٨-

١٩٤٧ بەننا کۆمەڵەکەی لەقاهرە رێپێوان وخۆپیشاندانی گەورەیان رێک خست ،لە ٢٢-٨چەندکەس لە خۆپیشاندانەکان کوژران وبەنناش بە سوکی بریندار بوو، بەننا و سەرکردەکانی میسری لاوو ونیشتمانی و لاوانی مسوڵمان وهەموو پارتەکانی میسر جگە لەوەفد داواکاریان بۆ باڵوێزخانەکانی فەرەنسا وچین وئەمریکانارد کە ئەگەر پشتگیری میسر نەکەن لەم بابەتە چارەنوس سازە بەرژەوەندیەکانیان لە میسر دەکەوێتە مەترسیەوە، کۆمەڵێکی زۆر لە لایەنگرانی وەفد لە وەفد کشانەوەو بوونە ئیخوان ،ئیخوان لەم بابەتە رۆژبەرۆژ جەماوەری زیاد دەبوو ،بەریتانیاو ئەمریکا ترسیان لێ نیشت کە کێشەکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە گرێژەنە بچێ ونابێ رۆڵی ئیخوان بەکەم بگرن.

لێژنەی ئازادکردنی دۆڵی نیل بەهاوبەشی کۆشکی پاشاو ئیخوان ولاوان وپارتە شۆڕش گێڕەکان کەتیبەکانی رزگاریخوازی دۆڵی نیلی پێک هێناو دەستیان بە مەشق پێکردن وپرچەک کردنیان کرد، کەزۆربەیان لاوانی ئیخونن بوون، پاشاوسەرۆک وەزیرانیش لەم ئاڕاستە سودیان دەبینی ،لە نیۆرک نقراشی ولە قاهرە بەننا وێستیان بۆ ئەمریکیەکان بسەلمێنن کە ئەوان ئامادەن بۆ هاوپەیمانی لەگەڵ ئەمریکیەکان و کاری هاوبەش بۆ دژایەتی کۆمۆنیزم وشیوعیەکان ،دانوستانی بەننا ئێرلاندی دانوستانکەری باڵوێزی ئەمریکی چەند رۆژ بەردەوام بوو ،بڵام بەریتانیا دژی ئەم پێکهاتنە بوو، سێ پرۆژەی چینی وبەرازیلی وکۆڵۆمبی بۆ چارەسەری کێشەی میسر لە ئەنجومەنی ئاسایش پێشکەش کران سۆڤێتیەکان لەگەڵ پرۆژەی بەرازیلی بوون ،بەڵام بەریتانیا دەرگای دانوستانی داخست وئەمریکاش پشتگیری کرد،نەقراشی لە کۆتایی مانگی نۆ گەڕایەوەو ئیخوان وەک پاڵاوان پێشوازیان لێ کرد ،هەرچەندە نقراشی سەرکەوتبوو بەڵام ئەوهەستی پێ نەدەکردو وەرەی ڕوخابوو ،لەوەدەترسا کەشەڕی سارد وکێشەی میسر ببێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی جیهانی سێ یەم ، ئیخوان بەردەوام داوای کشانەوە لەدانوستان و دەستکردن بە جیهاد بۆدەرکردنی داگیرکەریان دەکرد، نەقراشی دەستی کرد بەفشارخستنە سەرئیخوان تا ئەمریکی وبەریتانی یەکان ڕازی بکا، لەسەرەتای ساڵی ١٩٤٨ بەننا لەبروسکەیەکدا داوای لە پاشاکرد نراشی لابدا ، سودان بەرەو بەدەوڵەت بوون دەچوو بە پشتگیری بەریتانیا، لەم ماوەدا شۆڕشی یەمەنیش بەسەر ئیمام یەحیا هەمووانی خەریک کرد ،ئیخوان لەوێش ڕۆڵیان هەبوو ،بەریتانیاو ئەمریکا لەم ئاڵوگۆڕانە زەرەرمەند بوون..

-دەرکەوت شۆڕشەکەی یەمەن عبداللهی کوڕی وەزیر کردویەتی بۆتە ئیمامی نوێ ی یەمەن و لایەنگری ئیخوانە، ئیمامی نوێ بانگهێشتی بەننای کرد بەڵام شای میسر رێگای نەدابەننا بچێتە یەمەن، شاعبدالعزیزی سعود لەگەڵ ئەوەی کە بەرژەوەندی لەگەڵ کوڕی وەزیر باشتر رێک

دەکەوت بەڵام دیارە لەبەرچەند هۆکارێکی دەرەکی بڕیاری دا کە پشتی ئەحمەدی کوڕی ئیمامی پێشوو بگرێ و بەجەنگ بینێرێتەوە یەمەن و ئیمامە ئیخوانیەکە تەنیا ٢٦ڕۆژ حوکم بکاو دوای کوژرانی پێنج هەزارکەس ئەحمەد ی کوڕی ئیمام یەحیا بووە ئیمامی یەمەنیەکان لە ١١-٣-١٩٤٨دا،هەرچەندە بەننا داوای کرد عبداللەی وەزیرنەکوژرێ و بەیعەت بداتە ئیمامی نوێ وبکرێتە سەرۆک وەزیرانێکی دەستوری ،بەڵام احمد عبداللەو زۆرێک لە شۆڕشگێڕە ئیخوانەکانی بەشمشێرکوشت ،زۆرێک لە ئیخوانە میسریەکان ویەمەنیەکان لە یەمەن ماوەیەک دیل کران لەناویان دا عبداللە سلال ئەو کەسەی کەلەمەودوا عبدالناسر پشتی ئەوو ئیخوانەکانی تری یەمەن دەگرێ لە شۆڕشی نوێ دا، لەو کاتەی کە ئیخوانە نوێ یەکانی دوای کوژرانی بەننا دەبنە هاوپەیمانی دوژمنەکانی بەننا ودژی شۆڕشی عبدالناسر دەوەستن،..

پاش جێگیربوونی بارودۆخ بۆ ئیمامی نوێ ئەمریکاوبەریتانیاو فەڕەنسا لە نیسانی ١٩٤٨دا دان بە حکومەتەکەی ئیمامی نوێ دادەنێن، بەڵام لە میسر فاروق هەمان ترسی شۆڕشی یەمەنی لە ئیخوان هەبوو، ڕۆژانە خۆپیشاندان و گرتن وکوشتن وبڕینی شۆڕشگێڕان بوو، ئیخوان لەم کاتە دا ببوە دوژمنی شاو وەفد و حکومەت و ئینگلیزەکان ،..

Fڕۆڵی پێشەوا حسن بەنناەلەکێشەی فەلەستین و چۆنێتی شەهیدکر انی

- هاتنە ناوەوەی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل ڕۆڵێکی دیارتردەداتە ئیخوان ودەیکاتە پاڵەوانی مەیدانەکە، لە٢-١١-١٩١٧بەڵێنی بەلفۆردەرچووبە دەوڵەتی جولەکە، لەساڵی١٩٢٢فەلەستین خرایە ژێرچاودێری ئیستعماری بەریتانی، لەساڵی١٩٣٦شۆڕشی فەلەستین بەسەرۆکایەتی موفتی قودس ئەمین حسێنی هەڵ گیرسا ،لەهەموو شۆڕش وجوڵانەوەکانی فەلەستین، ئیخوان بە ماڵ وبەچەک و بەنوسینی پۆسکارت وبە میدیا پشتگیری فەلەستین بوون هەرلە ١٩٣٦وە، بەننا دەهەزار گەنجی دایە کۆمکاری عەرەبی بۆ بەشداری لە جەنگی ڕزگاری فەلەستین لە ٨-١٠-١٩٤٥دا ،محمود لبیبی ئیخوانی سەرۆکی کەتیبەکانی یەکێتی لاوانی عەرەبی فەلەستینی سەربە ئیخوان بوو،ئەم پیاوە ئەفسەرێکی سوپای عوسمانی بوو،لەشۆڕشی لیبیای موختار ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو، پاشان نەفی کرابوو بۆ ئەڵمانیا لە سەردەمی وەزارەتی زەغلول گەڕایەوەمیسر،چوەگەڵ ئیخوان دەستەکانی نەوجەوانانی گەڕۆکی بۆ ئیخوان دامەزراند بە شێوەیەکی سەربازی، .

-یەهود هەرلە ١٩٣٧توانیان کێشەی فەلەستین بۆ بەرژەوەندی خۆیان ڕابکێشن ونەتەوە یەکگرتوەکان بڕیاری دابەش کردنی فەلەستینی دابوو لە نێوان عەرەب وجولەکە، بەڵام بەریتانیا

ڕازی نەبوو ،عەرەبیش ڕازی نەبوون ،بەڵام سۆڤیەت وئەمریکا ڕازی بوون، بە پشتیوانی ئەمریکاوبەریتانیا لە دوای جەنگی دووەم سەدان هەزار جولەکە لە فەلەستین نیشتە جێ کران، چەندجارکۆمکاری عەرەبی کۆبوونەوەی کرد بەڵام سودی نەبوو ،بەننا وئیخوان دەیانزانی کە پاشاو سەرۆکەکانی عەرەب هیچیان لەدەست نایە بۆ وڵاتەکانیان بۆیە ئەو کۆمەڵەکەی بۆ جیهاد ئامادەدەکرد، هەرلەسەرەتای ساڵی ١٩٤٨ تا مانگی نیسانی ئەوساڵە کۆمەڵە قەسابخانەیەک لە فەلەستین بەدەستی جولەکەکان کران کەسەدان فەلەستینی تێدا کوژران وسوکایەتی بەژنان وکچانی فەلەستینی کرا،بەننا لە ٢٠ی مارسی١٩٤٨سەردانی فەلەستینی کرد لە خان یونس نوێژی جومعەی کرد ،کەتیبەکانی ئیخوان لەتۆڵەی قەسابخانەی دێریاسین لە ١٠-٤-١٩٤٨هێرشیان کردە سەرئۆردوگای جولەکە نیشینی کفدارۆم.

هەرلە مانگی ئێ وچواری ئەوساڵە کەتیبەکانی ئیخوان هێرشیان کردە زۆرێک لە ئۆردوگا جولەکە نشینەکان، بەریتانیەکان لە ١٥-٥-١٩٤٨لە فەلەستین کشانەوەوڕادەستی جولەکەکانیان کرد، لە میسر پاشا ڕای وابوو سوپای میسر بەشداری جەنگ بێ، نقراشی سەرۆک وەزیر دەی گوت نابێ ڕێگری لە بەرپاکردنی وڵاتێک بین کە ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری دامەزراندنی داوە،

- لەدوای دوودڵی وڕاڕاییەکی زۆری دەوڵەتە عەرەبیەکان لەسەرچۆنێتی جەنگەکە،لە ١٥-٥-١٩٤٨ هێزی میسر وسعودیە لە باشوورو هێزی عێراق وئوردن لە خۆرهەڵات وهێزی سوریاولوبنان لە باکور ئۆردوگا وسوپای جولەکانیان گەمارۆ داودوای شەش ڕۆژ چیان نەمابوو بگەنە تەل ئەبیب کە نەتەوە یەکگرتووەکان ئاگربەستی ڕاگەیاند ،سەرەتا دەوڵەتە عەرەبیەکان بەبڕیارەکەوە پابەندنەبوون وهەرلەشەڕبەردەوام بوون تا ١١-٦-١٩٤٨ ،بەڵام لەکۆتایی دا ئاگربەستیان کردبۆ ماوەی چوارهەفتە،لەم ماوەدا ئیسرائیل١٥ جار ئاگربەستی شکاندوهێڵەکانی پێشەوەی بەهێزکردوچەک وجولەکەی زۆری بۆهات ،بەڵام عەرەب ناکۆکیەکانیان هەڵکشان ،ئینگلیز پێ ی وابوو ئەودەوڵەتە جولەکە شیوعی دەبێ ،چونکە خەڵکەکەی زۆریان ئەو بیرۆکەیان هەیە، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی عەرەب دژی شیوعیەت بن وبەک بگرن ولە گەڵ بەریتانیا دژبەجولەکەو شیوعیەت بن..

لە دوای دەست پێکردنەوەی جەنگ لێشاوی فڕۆکەوتانک وزرێپۆش لەهەموو لایەکەوە بەسەر ئیسرائیل داڕژاو لە ماوەیەکی کەم دا بوەخاوەنی سەدان فڕۆکەوتانک ،هیچ دەوڵەتێکیش چەک وتەقەمەنیان بە عەرەبەکان نەفرۆشت بۆیە یەک لەدوای یەک سوپاکانیان هەڵاتن وپاشەکشەیان کرد،لەساڵی ١٩٤٨دا ٧٢٠هەزار فەلەستینی ئاوارە بوون .

- بەڵگەنامەکان باس لەوەدەکەن کە ئیخوان هەرلەساڵی ١٩٤٠ خانەی نوستویان لەناو سوپای میسری داهەبووەلەساڵی ١٩٤٤ بەسەرۆکایەتی محمودلبیب حەوت ئەفسەر ڕێکخراوی ئەفسەرانی ئازاد-ظباط الاحرار-یان پێک هێناوە کە سێ لەوان لەسەرانی شۆڕشی ١٩٥٢ بوون ئەوانیش جمال عبدالناسر و خالد محی الدین وکمال حسین بوون، ئەم ئەفسەرانە ڕۆژبەڕۆژ ژمارەوئەندامیان زیاددەبووە، وەلەساڵی ١٩٤٦ بەیعەتیان دابووە عبدالرحمن السندی لێپرسراوی دەزگای نهێنی سەربە ئیخوان ،لەساڵی ١٩٤٨ ژمارەی ئەفسەرانی ئازاد زۆرتربوو ،لەوانەش ئەنورسادات وعبدالحکیم عامروحسن شاعی وگەلێکی تریش کەلە کتێبی ناوبراو ناویان هاتووە، مەلیک وەک حزبی وەفد خۆی وشاژن ودایکی لێک هەڵوەشابوون ،هەرلەلاویە سەری کردبووە بەدڕەوشتی و دایکی پاشا تاوانبارکرابووکە لەگەڵ چەندین وەزیر دەستی تێکەڵ کردوەو فەتحیەی خوشکی پاشالەدەرەوەی بنەماڵەی پاشا لەباوکێکی مەسیحی لە دایک بوو، وە لەهەموو دەسەڵاتیشی تا چلەکانیش پاشا هەر کۆیلەو گوێ لەمستی نەحاس و وەفدیەکان بوو بەهەڕەشەی بەریتانیا ،ئەمریکیەکانیش نەهاتن بەهاواریەوە، لە کۆتایی ١٩٤٨ فاروق شاژنە فەریدەی تەڵاق داو بەسەرخۆشی خەریکی ڕاوو قومارو ڕابواردن بوو لەگەڵ کچە ئەوروپیەکان، ،

هەروەها فاروق بڕیاری دامیسر چیتر بێلایەن نابێ بەفەرمی دەچێتە ناوپەیمانی ناتۆ ،بۆیە نقراشی بانگ کرد کە دەبێ کەس ڕەخنە لە هاوپەیمانان نەگرێ،،فاروق وای دانابوو کە نقراشی دەست لەکاردەکێشێتەوە،بەڵام مایەوە، بەڵام فاروق بڕیاری لێخستنی نەقراشی دابوو، وەلەنێوان ئەحمەدخشبەی سەعدی وئیبراهیم هادی سەرۆکی دیوانی پاشا کەنۆجار کابینەی پێک هێنابوو لەگەڵ ئەوروپی وئەمریکیەکان ڕاوێژی دە کرد..

-نقراشی هەموو ئامانجەکانی پاشای هێنانە دی وپاشە کشەی نەکرد، پاشاش دەی ویست کە جارێ نەڤراشی بە دوژمنەسەرەکیەکەی ئیخوان بکێشێ و جارێ ئەوان بەنەقراشی لەناوبەرێ، سەقفی داواکاریەکانی ئیخوان بەرزببۆوە بۆ:

-یەکێتی عەرەبی وئیسلامی.

- قەدەغەکردنی سوو وڕیباوهەموو سەوداحەرامەکان.

- سەپاندن و ڕێکخستنی وەرگرتنی زەکات

- بە ئیسلامیکردنی ئابووری میسر .

- بە میسری کردن وخۆماڵی کردنی پیشەسازی و سامانەکانی میسر .

وەگەلێک داواکاری تریش.

-عبدالرحمن سندی وباڵی ئەفسەرانی ئازادودەزگای نهێنی بڕیاریان دابوو لە کوشتنی هەندێ لە دوژمنە سەرسەختەکنیان و کاریزماکانی وەفد و بەکرێگیراوانی بەریتانیاو ئامانجە سیاسی وبازرگانی و دادگایەکان زۆر جار نەگەڕێنەوە لای بەننا وپرسیاری لێ نەکەن، چەندین تەقینەوەو کوشتن و ڕاوەدونان بەدرێژایی ساڵی ١٩٤٨ڕوویاندا، لە کۆتایی ٤٨وسەرەتای ١٩٤٩ نۆرەگەیشتە تەقاندنەوەی باڵوێزخانەکانی بەریتانیاوفەڕەنسا و ئەمریکاو هێرش کردنە سەر کۆمپانیاو دامەزراوەکانی جولەکەکان ،..

-لە ١١-١٩٤٨بەننا لەحەج هاتەوە ،سەردانی پاشای کرد، چالاکی وتەقینەوەکان لەهەموو لایەک بەردەوام بوون، میسری لاوو لاوانی مسوڵمان وکۆمەنیستەکان و ئەفسەرانی ئازاد وتەنانەت سەعدی وە وەفدیەکانیش هەرچیان بکردایە هەرلەسەر ئیخوان هەژماردەکرا، چونکە ئەوان پێشەنگی جەماوەری بوون، بەریتانیا داوای لە نەقراشی کردبوو دەبێ بەننا بگیرێ ، نەقراشی لە ١٨-١-١٩٤٨بڕیاری داخستنی هەموو بارەگاکانی کۆمەڵەی ئیخوانی دەرکردبوو، لە ٤-١٢-١٩٤٨- ڕۆژنامەی ئیخوان المسلمین داخرا،.لە ٨-١٢-١٩٤٨کۆمەڵەی ئیخوان هەڵوەشێنرایەوەو دەست بەسەر هەموو موڵک وبینایەو پارەو دام ودەزگاکانی دا گیراو هەزاران کەس گیران وسەدان کەس لە کارەکانیان دەرکران،سەدان کەس ئاوارەبوون خۆیان شاردەوە،سەدان کۆمپانیاوبازرگان ودامەزراوەی بازرگانی ومیدیایی وخێرخوازی وخزمەت گوزاری دەستیان بەسەردا گیرا، بەننا لەم ڕۆژانەدا دەیەویست پاشاو عبدالهادی ببینێ و پێ یان بڵێ کە وازلە هەموو چالاکیەکی سیاسی دێنین ،بەڵام پاشاو سەرانی حزبی وەفدوسەعدی وبەریتانیاش بەرژەوەندیان لەو کارەدا ئەوەبوو کە کۆمەڵەکە هەڵوەشێننەوەو کێشەی دۆڵی نیل و خۆماڵی کردنی سوێس وفەلەستینیش لە بیر میسری وسودانی وفەلەستینیەکان بەرنەوەو چای هەموو یاخیەک بترسێنن بۆیە نەیان هێشت بەننا کەس ببینێ ،دیارە بەننا ش چارەنوسی خۆی وکۆمەڵەکەی زانیوە بۆیە هیچ هەوڵی نەداوە ،لەدوای ئەو هەموو قوربانیە ماڵی ودەرونی وکەسێتیەش کەبەسەر لایەنگرانی بەننا هات، بەننا دەیزانی کە مەحاڵە جارێکی دیکە دڵ ودەرونەکان ئەو سوکایەتیەیان بیربچێتەوە،بەڵام ئەوهەوڵانە ی دەدان تاکو ببێتە بەڵگە لەسەر نەیارانی بۆ مێژوو،ئەو دەیتوانی کۆمەڵە نهێنیەکەی عبدالرحمن سندی و ئەفسەرانی ئازاد ڕاگرێ ،یان کە لە فرمانی دەرچوون بچێ ڕادەستی نەقراشی وپاشایان بکابەرامبەر سەلامەتی خۆی وکۆمەڵەی ئیخوان ،بەڵام ئەوەی نەکرد، چونکە ئەو کۆمەڵەکەی بەلۆگۆی دوو شمشێر دروست کردبوو کەهێمای جەنگ وجهادن، ولە ژێریان ئایەتی سورەتی ئەنفال،ئایەتی ئیرهاب وتۆقاندن وجەنگ وخۆسازدانی نوسیبوو کە ئەم ئایەتەیە :

=وَأَعِدُّوا لَهُم مَّا اسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ وَمِن رِّبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِن دُونِهِمْ لَا تَعْلَمُونَهُمُ اللَّهُ يَعْلَمُهُمْ وَمَا تُنفِقُوا مِن شَيْءٍ فِي سَبِيلِ اللَّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَ أَنتُمْ لَا تُظْلَمُونَ (60)

= هەرچی لە تواناتاندا هەیە بۆ بەهێزکردنی سوپای ئیسلام بیخەنە گەڕو ئامادەیی بکەن (هێزی ئاسمانی و دەریایی و وشکانی... هتد) و لە ئامادەکردنی هەموو جۆرە ئەسپ و (هۆکانی تری گواستنەوە) کەمتەرخەمی مەکەن تا دوژمنانی اللە و دوژمنانی خۆتانی پێ بتۆقێنن و چاوترسێن بکەن، با کەسانی تریش جگە لەم دوژمنانەی ئێستا، پێی چاوترسێن بن کە ئێستە ئێوە نازانن کێن و نایانناسن، بەڵکو هەر اللە خۆی دەیاناسێت و هەر شتێک ببەخشن لە پێناوی اللە ا (بۆ بەهێز کردنی سوپای ئیسلام)، ئەوە بەزایە ناچێت و دەستان دەکەوێتەوەو ئێوە ستەمتان لێناکرێت.

هەربۆیە دەگوترێ کە بەننا دوای خۆی عبدالرحمن سندی ودوای سندیش جمال عبدالناسری بە جێ نشینی خۆی وڕابەری گشتی ئیخوان داناون، زاهیدی و دەروێشی ودنیابەکەم گری وتەسەوف کە بەننا شاگردەکانی لەسەر پەروەردەکردبوو،ئەم ڕەوشتانەش جۆرێکن لە چەپڕەوی وشۆڕشگێڕی ڕوحی وڕەتکردنەوەی چینی سەرمایەدارن، هەربۆیە بەریتانیاوسەرمایەدارو لیبڕاڵی ودیموکراتیەکانی میسر دەیانزانی کە بەننا لەکۆتایی دا هەرلە بەرەی سۆڤیەت نزیک دەبێتەوە کاتێ ئەوان شۆڕشگێڕی ئیمانداریان قبوڵ بێ ونکولی لە بوونی خالقی بونەوەرو جیهانی ڕووح لە سەر هاوپەیمانەکانیان نەسەپێنن، ئەوە بەناوڕەوتەکەی دەبنە هاوپەیمانیان ،چونکە ئێستا کەبەننا لە ڕۆژئاوانزیکە چونکە ئەوان بێ ئیمانی وئیلحاد لەسەرهاوپەیمانیان ناسەپێنن، ئەگەرچی ئاڵوگۆڕی سوخۆری وبەدڕەوشتی ومەی خواردنەوەو زۆرێک لەشتە یاساغەکان لەسەر کۆمەڵگای هاوپەیمانیان دەسەپێنن وبانگەشەو بانگەوازی سێ جەمسەریش بۆ پەروەردگار دەکەن، بەڵام کە کۆمەنیزمەکان خەباتی چینایەتی ودەوڵەتی چینی کرێکاری ئیمانداریان قبوڵ بێ ،ئەوکاتە بەناوحزبەکەی وهەموو حزبە دینیە ئیسلامیەکان لە کۆمەنیستەکان نزیکترن تا وەفدیەکان وهەوادارانی بەریتانیا وخاڵی هاوبەشیان زیاترە..هەر لەبەر ئەم تێڕوانینانە هەرچەندە لەدوای بڕیاری هەڵوەشانەوە پەیامی بەننا گەیشتنە پاشاو ئینگلیز بەڵام متمانەیان پێ نەکرد، ...

- میدیای زۆرێک لە پارتەکان وایان دەرخست کە هەڵوەشانەوەکەیان پێ باشە، تەنانەت بیرمەندێکی وەک عباس محمود عقاد هێرشی توندی دەکردە سەر بەناوکۆمەڵەکەی وبۆ

دەستنێژی بەریتانیای دەزانین، سالّح حرب ولاوانی مسوڵمان ونیشتمانیەکان لەگەڵ کارەکە نەبوون، دەیانگووت حزبی وەفدو چەندان حزبی دیکە چەندان بەرپرسی گەورەشیان تیرۆرکردوەو چەندین کاری تێکدەرانەیان کردوەو هەڵیش نەوەشێنراونەوە،دەبوو ئیخوانیش ئەوەی لێ قبوڵ بکرایە کەبۆ یەکێتی نەتەوەو فەلەستین کردویەتی.

-لەدوای هەفتەیەک لە هەڵوەشاندنی ئیخوان لەلایەن نقراشی ،احمد خشبەو عدالهادی وباڵوێزی بەریتانیاو پاشا کەوتنە دیدارو جوڵە بۆ لادان و خستنی نەقراشی ، بەڵام نەقراشی لە ٢٨-١٢--١٩٤٨-لەبەردەم وەزارەت بەدوو فیشەک کوژرا لەلایەن کەسێک کەبەرگی ئەفسەری پۆلیسی لەبەربوو ،ئەو ناوی عبدالمجید ئەحمد حسەن بوو خوێندکاری بەیتەری بوو ،گوتی لەبەرئەوەی نقراشی ناپاکی کرووەو سودان وفەلەستین ومیسری دۆڕاندوە بۆیە کوشتویەتی ،وە ئەو لە کۆلیژەکەی دەرکراوە بێ ئەوەی گوناهێکی هەبێ.

-لە ١٦ڕۆژی ئەشکەنجە ئەم لاوە دانی بەوەدانەنا کەکێ فرمانی پێ کردوە، بەڵام کە لە ١١-١-١٩٤٩ بیان للناس ی حەسەن بەننا لە ڕۆژنامەکان بڵاوبۆوەو بەننا گوتبووی کە کوشتنی نەقراشی بەهیچ شێوەیەک دەستی ئیخوانی تێدانیە، ئەم لاوە پێ ی سەیربوو کە شێخ ئەم لێدوانە بداو دانی نابوو کە ئەو لە ساڵی ١٩٤٥وە لەگەڵ دەزگای تایبەتەو لە هاوینی ١٩٤٨بەیعەتی بەبەننا داوەو بڕیاری کوشتنی نقراشی داوای دووهەفتە لەبڕیاری هەڵوەشانەوەی ئیخوان لەلایەن دەزگای نهێنی دەرکراوە،بەڵام سەرۆکی ئەو دەزگایە عبدالرحمن سندی ماوەیەک بوو گیرابوو،حسن بەنناش نکولی لەوەدەکرد کەئەولاوە بناسێ، عبدالناسریش لە مانگی ٥-١٩٤٨-تاکومانگی ٣-١٩٤٩هەرلە فەلەستین بوو.سید یابق وسالّح عەشماوی وچەند کەسێکی دیکە لەوانەبوون کە ئەولاوە ناوی هێنان وگیران.

پاشاوئینگلیزو ئیبراهیم هادی زۆر دڵخۆش بوون بە کوشتنی نەقراشی، لەسەرەتای ئەوسالّە ئیسرائیل هەلەکەی قۆستەوەو هێرشی کردەسەرسوپای میسر ، هەواڵگری ئینگلیز لە بروسکەیەکدا هەواڵی دایە پاشا کە هەوڵێکی تیرۆرکردنی پاشا هەبووەو ئاشکرابوە و عەزیز میسری ئەفسەری نزیک لە میسری لاوو ئیخوان وئەفسەرانی ئازاد گیراوە، ئینگلیزەکان لە حیدرپاشای وەزیری بەرگری بەگومان بوون کەبەیارمەتی ئیخوان ومیسری لاو کۆتایی بە پاشایەتی بێنێ و کۆماریەکی نیمچە سۆشیالیزمی عەسکەرتاری ڕابگەیەنێ ، ئینگلیزەکان لە بێ سەرەوبەرەیی ئەودووقاچەی لە میسر لەسەری ڕاوەستابوون کە فاروق و وەفدبوون زۆرنیگەران بوون، فاروق

بەم بێ ڕەوشتی بێ سەرەوبەرەییە دەیەوێ ببێتە خەلیفەی هەموو مسوڵمانان، وەفدیش پارتێکی گەندەڵ وڕوخاوە، لەساڵانی شەڕی دووەم حلمی عباسی ئامۆزای فاروق پارتی کرێکارانی لە میسر دامەزراند کەنزیک بوولە سۆڤیەت ،خێرا ئینگلیزەکان گرتیان وپارتەکەیان هەڵوەشاند، لەم ساتەدا کە ئەو شۆڕشە ڕووبدا دەبێ بەریتانیا پشتی بگرێ وشۆڕشگێڕان ڕازی کابە شازادەی جێنشین محمد علی برازای فاروق وفاروق زیندانی بکا، ئەوەباشترە کە میسر بڕواتە باوەشی سۆڤیەتەوە..

-نەخشەی تیرۆرکردنی بەننا زۆر لەمێژبوو کێشرابوو، چەند هەوڵی کوشتنیشی درابوو،لە٢٢-٨-١٩٤٧کە بەناوکۆمەڵەکەی بۆ پشتگیری نەڤراشی لەدانوستانی نیۆرک خۆپیشاندانیان دەکرد، گولەیەک بەباڵی بەناوەنراوبریندارببوو، کاتێ گوازرایەوە بۆ نەخۆشخانەش پۆلیس هەوڵیان دا کوشتنەکەی تەواوبکەن ،عبدالکریم مەنسوری زاوای بەننا بریندار بوو،

-پێش ڕۆیشتنی بەننا بۆ فەلەستین بۆ پرسەی قەسابخانەی دێریاسین، کاتێ بەننا گوتاری بۆ کرێکارانی کورەی دەدا، بۆمبێکی چێنراوو تەوقیت کراوتەقیەوەو،بەڵام ئەم جارەش بەننا سەلامەت بوو..

-لە دوا سەفەری حەجی بەننا بۆ سعودیە لە٢٣-٩-١٩٤٨ کە پاسەپۆرتی بەننا بۆ هەموو وڵاتان ڕێپێدراوبوو،کەچی عەقید فەهمی بروسکەی بۆ کونسوڵخانەی جدە کرد کە بەننا بێجگە لەسعودیە بۆ ماوەی حەج مافی سەفەرکردنی هیچ وڵاتێکی عەرەبی وئیسلامی وجیهانی پێ نادرێ ،ئەمەش بە فەرمانی سەرۆکی تایبەتی لێکۆڵینەوەی ئاسایش مباحث امن الدولة، یۆزباشی عبدالباست بەننا دەڵێ نەخشەکە واکێشرابوو کە بەننا لەکاتی حەج دا تیرۆربکرێ وتۆمەتی تیرۆر کردنەکە بدرێتە پاڵ هەندێک یەمەنی بەڵام سعودیە کە هەستی بە نەخشەکە کردبوو ،نەی هێشت لەسەر خاکی ئەو ئەو تاوانە بکرێ و بەننای کردە میوانی تایبەت .

-هەموو خزم ودۆست ولایەنگروبراو کەس وکارەکانی بەناگیران، ئۆتۆمبیلە کۆنەکەی گیرا، هێڵی تەلەفون لەماڵەکەی بڕدرا، شەوو ڕۆژ چواردەوری ماڵەکەی بە پۆلیس وچەکدار دەورە درابوو ،ئەو تاوانبارانەی بۆ کوشتنی دیاری کرابوون ،هەموویان پێش چەند هەفتە پلەکانیان بەرزکرابۆوەو پۆستی باڵایان بۆ دانرابوو،دەمانچەی خۆشیان لێ سەندەوە ،سەردانی هەرکەسێکی بکردایە ئەو کەسە دەگیرا، لەوڕۆژانەی کە دابڕابوو ،ئەوبەتەنیانەگیرابوو، دەیزانی دەیانەوێ بیکوژن، یەکێ لەوانەی دراوسێ ی بوون ولە مزگەوت لەگەڵی بوون،ئەوەشەوەی کە بەننا تیای دا تیرۆرکرا خەونیان دیبووکە ئەوان ڕێشمەی وشترەکەی ئەبوبکریان

بەدەستەوەبووەودەستێک ڕێشمەکەی لێ فڕاندوون، بەننا گوتی ئەبووبکردەڵێ من ئەمڕۆ دەکوژرێم،

لە ١١-٢-١٩٤٩دا کەسێک بەناوی محمد لەیسی وکەسێکی تر بەناوی ناعی بەنناین بانگ هێشت کرد بۆ کۆمەڵەی لاوانی مسوڵمانی کە بەننا و محب الدین خەتیب بەیەکەوە دایان مەزراندبوو پێش دامەزراندنی ئیخوان، هەرچەندە باوکی وعبدالکریمی زاوای داوایان کرد کە بەننا نەچێ بەدەمیانەوە، بەڵام بەننا هەرچوو، زاواکەشی لەگەڵی چوو، هەرلەبەردەرگا زاواکەی هەستی کرد ماتۆرێک چاودێریان دەکا، بەڵام بەننا هەرسوربوو، کاتێ گەیشتنە گۆڕەپانی حلمیەو تەکسیەکیان گرت ،تاگەیشتن تۆزێک لە مەوعدەکە دواکەوتن، لەیسی وناعی مشەوەش بوون ،بەڵام دواجار کەبینیانن دامرکانەوە، بانگهێشتنەکە بەناوی ئەوەوە بوو کە سەرۆک وەزیران دەیەوێ بەننا شوێن ومەشجەبی چەک وئێستگەی ڕادیۆی نهێنی و کەسانی دەزگای نهێنی هەموو ئاشکرابکابەرامبەر بەردرانی ئەوانەی بەننا دەیەوێ بەربدرێن ، بەنناش دەی گووت کە ئەو هیچ لەوهەواڵانە نازانێ ودەبێ ئەوانەی بۆ بەردەن کە نهێنی ئەوشتانە دەزانن وتا ئەوان بەرنەبن ئەو هیچی لانیە ،ناغی چەندجار تەلەفونی بۆ زەکی عەلی پاشا کردی وەزیر کردبەڵام هەڵی نەگرت، بەم شێوە بەناو ناغی وزاواکەی تا دوای نوێژی خەوتنان چاوەڕێ بوون، پاشان ناغیش جێ ی هێشتن، عبدالکریم داوای لە پرسگەکرد کە تەکسیەکیان بۆ ڕاگرێ ،پرسگەش بەتەکسیەکەی گوتبوو کە ڕابەری گشتی ئیخوان تەکسی دەوێ ،دیارە لەیسی دەیەویست بەڕێ یان بکا بەڵام لەوکاتە تەلەفونی بۆهات وچووەوە ژوورەوە، کە ئۆتۆمبیلەکە بای دایەوە ،تاوانباری یەکەم دەرگای کردەوەودەست ڕێژی گوللەی لە بەنناکرد، تاوانباری دووەمیش لەلاکەی تر تەقەی لەئۆتۆمبیلەکەوزاواکەی وبەنناکرد ،کەلەیسی بەم تەقە هاتە دەرەوە تاوانباری سێ یەم بەسەیارە گەیشت ، لەیسی هات وڵامی پرسیارەکەی جەزاربداتەوە کە ئایاحەسەن مرد یان نا،تامژدە بداتە کۆشک،بەڵام لەیسی گوتی نازانم ماوە یان نا، پاشان بەننا بەجوڵە کەوتەوەوبەتەکسیەکە گەیەنرایە نەخۆشخانەی عەینی ،لەیسی گەڕا تادکتۆری دۆزیەوە، حاڵی هەردوو بریندارەکە باش بوو ، بەڵام کۆشک محمد وەسفی سەرۆکی پاسەوانانی وەزارەتەکانی ناردوو بەناوی دڵنیابوون لە سەلامەتی بەننا ،کوشتنی بەننا لە نەخۆشخانە تەواوکرا..

- کاتێ بەننا لەحەج بوو سعودیە زانیبوی بەننا دەکوژرێ ،بەڵام نەیانویست لە سعودیە بێ، ڕێکخراوی لاوانی مسوڵمان ڕێکخراوێکی سەلەفی سعودی بوو، هەرکە بەننا ئیخوانی دامەزراند،

ئەو رێکخراە دەیانویست بەننا وەک مامۆستا بچێتە سعودیە ولە پتەوکردنی ئەوکۆمەڵە نوێ یەی دووربخەنەوە،بەڵام میسر رێگای نەدا، پاش ئەم کردەوەش ئەوان دەبنە بۆسەو کەمینی دەوڵەت وئینگلیز بۆ بانگ کردنی بەننا بۆ مردن ، بەننا مرد ،لە پێناوی بەهێنی مانەوەی ئەفسەرانی ئازاد، کەچی کاتێ شۆڕش سەرکەوت و شەرعیەتی بۆ ئیخوان گێڕایەوە،ئەوان بوونە پیاوی سعودیە وکەنداوو بۆ بیست ساڵ لەسەردەمی فەیسەڵ وسعود گەورەنوسەران وبیرمەندانی ئیخوان خزمەت کاری سعودیە بوون ،محمد قوتب وتەنتاوی وزۆرێکی تریان لە زانکۆو پەیمانگانی ئەو وڵاتە خزمەتیان کردو هەرلەوێش مردن..

بەریتانیەکان وئەمریکیەکان لەدوورەوە فەرمانی کوشتنی بەننا وهەڵوەشانەوەی کۆمەڵەکەیان دابوو ،سات بەسات چاودێری کوشتنەکەیان دەکرد،،بەڵامئامادە نەبوون بەسێوەی ڕاستەوخۆ دەستیان تیای داهەبێ ،تا کۆمپانیاو سەربازگەو باڵوێزخانەکانیان لەلایەن هۆگرانی بەننا وە هێرشیان نەکرێتە سەر..

بەنناە٤٢ساڵ وچەند مانگ ژیاو لە دوای خۆی قەڵەمێک وتەسبیحێکی ٩٩دەنک وچەند ملیم ورشێک پارەو شەش کچی منداڵ کە استشهاد پاش شەهیدبوونی باوکی لە دایک بوو وتاقانە کوڕێک ی ١٣ساڵ بەجێ هێشت..

-کاری یەکەمی شۆڕشی عبدالناسر گرتن وڕاوەدونان وبەدواداچونی تۆمەتبارانی کوشتنی بەننابوو هەرلە ٢٤-٧-١٩٥٢ پێش دەرکردنی پاشا لەو ڵات لە ٢٦-٧-١٩٥٢دا

-محمد وەسفی سەرۆکی گاردی وەزارەتەکانی پاشایی دوای شۆڕش لە ٢٠-٩-١٩٥٢ بە خواردنی دەرمان خۆی کوشت کەناوی لەناو لیستی تاوانبارانی تیرۆرکردنی بەننادابوو.

-هەرلەساڵی هەڵگیرسانی شۆڕش لە مانگی ٧-١٠-١٩٥٢شەش جار لێکۆڵینەوەی چڕ لە چۆنێتی تیرۆرکرانی بەنناکرا..

-بڕیاربوو کە لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش ،دادگایی تیرۆرکەرانی بەننا لە دادگای ئەنجومەنی شۆڕش بکرێ،وەسزای شۆڕش بەتاوانباران بگەیەنرێ وحسن بەننا وەک شەهیدی شۆڕش تۆڵەی بکرێتەوە، بەڵام ئیخوانەکانی دوای بەننا لەگەڵ شۆڕش ناکۆک بوون ،بۆیە بڕیاردرا کە دادگاییەکە بچێتە بەردەم دادگایەکی ئاسایی..

لە١-١-١٩٥٤دا پاش تێکچونی نێوان عبدالناسرو ئیخوان ،عبدالناسر کۆمەڵەی ئیخوانی هەڵوەساندەوە بە تۆمەتی ئەوەی ئەوان کۆمەڵێکی سیاسی دینین وهەوڵی بەزاندنی سنورو

چوونەناوسوپاوپۆلیس دەدەن ولە دژی شۆڕشی ٢٢-٧-١٩٥٢کاردەکەن ،بۆیە حەسەن هوزەیی ڕابەری نوێ و وپێنج لە کادرانیان گیران ،لە دوای ئەوە عزدالناسر دادگایی بکوژانی حەسەن بەننای تەواوکرد،بەم شێوەی خوارەوە.

-دادگایی تیرۆرکەرانی بەننا تەنیا ٢٦ڕۆژی کێشا، بڕیاری کۆتایی دادگاکە لە ٤-٨-١٩٥٤دەرچوو، واتە دوای ڕوودانی کارەساتەکە بە پێنج ساڵ وپێنج مانگ و ٢١ڕۆژو١٤کاتژمێرو و١٥ خولەک.

بڕیارەکان پێەم بڕگانە بوون:

- هەتاهەتایە زیندانی کردنی ئەحمەدحسێن جاد -هێرش کاری سێ یەم -لەگەڵ کاری قورسدا.

-بارچاوەش محمد محفوظ محمد-هێرشکاری دووەم--١٥ساڵ زیندانی وکاری قورس

- ئەمیرئاڵای محمود عبدالمجید-هێرش کاری یەکەم بۆسەربەننا--١٥ساڵ زیندانی وکاری قورس.

- بەهاوکاری حکومەت دەبێ ئەم مافانەش دابین کەن:

-دەهەزارجونەیەوەک قەرەبوو بدەنە خێزانی حسن بەننا خاتو لەتیفە حسێن و منداڵە کانی :وەفاو سەناو هالە ورجا وئەحمەد و ئیستشهاد کەلە ژێر سەرپەرشتی باپیرانن.

-دووهەزار جونەیە بدەنە عبدالکریم محمد ئەحمەدمەنسور وەک قەرەبوو.

- گرتنی بگباشی محمدمحمد جەزار بۆماوەی ساڵێک وکاری قورس.

- پەڕەکانی نوسراوی کێشەکە پێنج هەزارو دانیشتنەکان ١١٠٠لاپەڕەبوون

- چوار لەتۆمەت بارەکان بێ تاوان دەرچوون،هەرچەندە یارمەتی لۆجستیان بۆ بکوژەکان کردبوو..

- ٢١پارێزەر و ٢٣شایەت لە کێشەکە هەبوون.

- قازی محمود عبدالرزاق ومحمد شفیع ومحمد متولی ئەندام بوون.

- علی نورالدین نیابە بوو

- دادگاییەکە ٢٤دانیشتنی کێشا

—

٢-وێستگەی دووەم :

- وێستگەی دووەم:

پەیامێک بێ سنوور؛ چۆن بیرۆکەوپەیامەکەی بەننای تەلارسازهەرلە سەردەمی ژیانیدامەزرێنەرەکەی سنووورەکانی میسری بڕی؟

چیرۆکەکانی گەیشتنی کۆمەڵەکەبەدەرەوەی میسر لەژیانی بەنناندا:

لەو ٢١ ساڵەی تەمەنی بانگەوازەکەدا، حەسەن بەننا توانی کۆمەڵێک کەسایەتی لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە کە هەر یەکێکیان "ستوونێکی" پتەو بوون بۆ ڕاگرتنی میچەکەی ئەو کۆشکە ڕۆحییەی . ئەوان لە چەندین بواری جیاوازدا (زانستی، سەربازی، ڕێکخراوەیی) جێپەنجەیان دیار بوو.

لێرەدا دیارترین ئەو کەسایەتییانە بەپێی جوگرافیای کاریان دەخەمە ڕوو:

١. لە ناوخۆی میسر (قاهیرە و ناوەند)

- **ئەحمەد سوکەری (أحمد السكري):** "برای ڕێگا" و هاوڕێی هەرە نزیکی بەننا بوو لە سەرەتای دروستبوونی فیکرەکەوە. ئەو جێگری یەکەمی سەرپەرشتیاری گشتی بوو و ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە جێگیرکردنی بناغە کارگێڕییەکانی کۆمەڵەکە، .
- **عەبدولحەکیم عابدین (عبد الحكيم عابدين):** زاواکەی حەسەن بەننا و سکرتێری گشتی کۆمەڵەکە. ئەو بزوێنەری چالاکییە جەماوەرییەکان بوو و یەکێک بوو لە وتاربێژە هەرە بەتواناکان کە دەیتوانی هەزاران کەس بجوڵێنێت.
- **ساڵح عەشماوی (صالح عشماوي):** بەرپرسی ڕاگەیاندن و سەرنووسەری گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئیخوان. ئەو دەنگی فەرمی کۆمەڵەکە بوو لە بەرامبەر پارتە سیاسییەکاندا.
- **مەحموود لەبیب (محمود لبيب):** ئەفسەری خانەنشین کە سەرپەرشتی کاروباری "ڕێکخستنی تایبەت" (النظام الخاص)ی دەکرد. ئەو پردی پەیوەندی نێوان ئیخوان و ئەفسەرە گەنجەکانی ناو سوپا (وەک جەمال عەبدولناسر و ئەنوەر سادات) بوو.

٢. لە شارەکانی تری میسر

- **شێخ ئەحمەد شەریعەت (أحمد شريت):** یەکێک لە سەرکردە دیارەکانی ئیخوان لە ناوچەکانی (سعید/باشووری میسر).
- **بەهیە ئەلحەلاوی (بهية الحلاوي):** یەکێک لە ژنە پێشەنگەکان لە ڕێکخراوی (خوشکانی مسوڵمان) کە ڕۆڵی هەبوو لە گەیاندنی پەیامی چاکسازی بۆ ناو خێزانەکان لە پارێزگاکان.

٣. لە دەرەوەی میسر (گەشەی نێودەوڵەتی)

- **شێخ محەمەد مەحموود سەواف (محمد محمود الصواف):** لە **عێراق**. ئەو قوتابی بەننا بوو و گەڕایەوە بۆ عێراق و لقێکی بەهێزی ئیخوانی لەوێ دامەزراند. ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە بڵاوکردنەوەی فیکرەکە لە ناوچەی کەنداو و نێوان دوو ڕووبار.
- **مستەفا سباعی (مصطفى السباعي):** لە **سووریا**. ئەو سەرکردەیەکی فیکری و سیاسی گەورە بوو کە ئیخوانی سووریای دامەزراند. پەیوەندییەکی زۆر قووڵی لەگەڵ بەننا هەبوو و دواتر بوو بە یەکێک لە دیارترین مێژوونووس و زاناکانی ناو ڕەوتەکە.
- **حاج ئەمین حوسەینی (الحاج أمين الحسيني):** موفتی **فەڵەستین**. هەرچەندە ئەندامی فەرمی ئیخوان نەبوو، بەڵام هاوپەیمانێکی ستراتیژی زۆر نزیکی بەننا بوو. بەننا لە ڕێگەی ئەوەوە هەموو وزەی ئیخوانی خستە خزمەت پرسی فەڵەستین و قودس.
- **فەرلۆلا زاهیدی (له ئێران):** پەیوەندییەکانی ئیخوان گەیشتە ئێران و لایەنگرانی "فیدائیانی ئیسلام" (نەواب سەفەوی) کە لە ژێر کاریگەری هزری بەننا بوون.

ئەم کەسایەتییانە پیشانی دەدەن کە "کۆشکە مەعنەوییەکە" تەنها لە میسردا نەمایەوە. کاتێک حەسەن بەننا شەهید کرا، ئەو پێشوەختە "تەلارساز"ی تری لە بەغدا، دیمەشق، و قودس پێگەیاندبوو.

حەسەن بەننا تەنها خەریکی کێشانی نەخشەی کۆشکەکە نەبوو، بەڵکو خەریکی دروستکردنی 'بنیاتنەران' بوو. ئەو کاتەی فیشەکەکانی ساڵی ١٩٤٩ جەستەی ئەویان پێکاو ویستیان بناغەکە هەڵتەکێنن، لە بەغدا سەواف و لە دیمەشق سباعی خەریکی تەواوکردنی ئەو دیوارانە بوون کە بەننا بەردی یەکەمی بۆ دانابوون."

ا-A/ چۆنێتی گەیشتنی کۆمەڵەی ئیخوان بۆعێراق:

چەند سەدەی ڕابردوو لەسەردەمی بە پاشکۆبوونی عیراق-دوای ڕوخانی عەباسیەکان لە ١٢٥٨ز- ،بارودۆخێکی دەق بەستوو بەسەربیروهزری کۆمەڵگای عیراقی دا زاڵ بوو، تاکە تروسکەی خوێندەواری لای زانایانی دینی بوو ،ئەم بارودۆخە تا سەرەتای سەدەی بیست هەر بەردەوام بوو،لەسەردەمی جەنگی یەکەم دا کۆمەڵگای عیراقی بەسەرچەند توێژدا دابەش بووبوو:

١-توێژێکی بیرۆکراتی کەلە ئەندامانی سوپا پێک هاتبوو.

٢- نوێنەرانی حکومەت وفەرمانڕەواو کارمەندانی حکومەت.

٣- پەیڕەوان وموریدەکان ودەروێشەکانی ڕێبازو تەریقەتە سۆفیەکان.

٤- زانایانی دین وحوجرەوفەقێکانیان.

٥- چینیە نەخوێندەوارە ئاساییە کە زۆری بەجوتیاری وئاژەڵداری خەریکبوون.

٦-چینێکی بازرگان وپیشەکاریش هەبوون .

پاش دەرکەوتنی خەڵکانی و ابەستە بە ڕۆژئاوا بۆیەکەم جاربوو کە دین وهێماکانی پلەوپایەیان بێتە خوارەوە، لایەنە سەرسام ومەندەهۆشەکە هەرچەندە زۆرکەم بوون لەناو ئۆقیانوسێکی بەشەختەبووی کۆمەڵگا ی لاسایی کەرەی کوێر انەو دوورلە نوێ بوونەوەوتازەگەری، بەڵام ئەوکەمە وەک ئاگرلە پوش بەبربێ زۆربەخێرایی پەرەیان دەسەند،بەدەسەڵات بوونی ئیستعماری نوێ وڕووخان ونەمانی عوسمانیەکانیش کە پشتگیری تەسەوف ودەروێشی ولاسایی کردنەوەی دینی بوون زیاترلایەنە سەرسامەکانی بە ڕۆژئاوا چالاک ترکردو بوێری ئەوەی پێدان کە دژی باوو نەریت و دەق بەستووی دینی وکۆمەڵایەتی بوستنەوە،بەریتانی وفەڕەنسیەکان دەوڵەتانی ناوچەکەیان دامەزر اندو فێری ئەوەیان کردن کەلە بەرکەنارکردنی دین وکاریگەریەکانی دین شوێن پێ ی ئەوان هەڵگرن کە هەرچی پەیوەندی بە کەنیسەوەبوو کەنارگیریان کردبوو.

لەوکەتەدا لە عیراق سونی مەزهەب، دووهێڵی دینی تەریب بەیەکترهەبوون، ئەو انیش ئاڕاستەی تەسەوف وئاڕاستەی سەلەفی بوون.

نزیکی عیراق لە ئەستانە وای کرد کە درەنگ بەستەڵەکی نمونەدەروێشی ولاسایی کردنەوەکەی بتوێتەوەو ئاڕاستەی کەلە میسرو مەغریب هەبوو لە عیراق بەوشێوە کارا نەبوو ،لەبەربوونی لەناو سێ کوچکەی دەقبەستوودا:

-کوچکەی شیعەگەری و ابەستە بە بەخوداوەندکردن وزیادلە پێویست بڵند کردنی هەندێ کەس وبەنەفرەتکردنی هەندێکی ترلە عیراق وئێران.

-بوونی ئاڕاستەیەکی فقهی تەسەوفی عوسمانی دەق بەستوو وعەقڵ ئیفلیج کەرو بەربەرستی داهێنان.

- بوونی دەوڵەت وبۆچوونی دەق بەستووی وەهابیەت وسەلەفیەتێکی وشک لە نەجدوحجازوباشوری عیراق کە یەکێ لە پاشاکانی ئال سعودیان لەسەرباوەڕبوون

بەتەلەگراف کوشت، ئەوان لەگەڵ هەموو ئامێرو دەزگایەکی چاپ وڕادیۆ وتەلگراف وتەنانەت قاوەو چاخواردنەوەش دژایەتیان هەبوو.

بەهۆی ئەمانە بز اڤێکی چاکسازی وەک ئەوەی ئەفغانی لە میسروخیرالدین تونسی وکەواکبی لەشام ،لەعیراق ئەوچاکسازیە بە ڕێوەنەچوو.

بەڵام ئەو سەلەفیەی کەلە عێراق دەرکەوت جیاوازبوو لە سەلەفیەتی وەهابیەکان،چونکە سەلەفیەتی عیراق پێشەنگەکەی شێخ أبو الثناء محمد شهاب الدين الآلوسي (1802-1854) بوو کە دانەری تەفسیری

."روح المعاني"یە ئالوسی شاگرد وخوێندکاری مەولانا نەقشبەندی یە.

سەلەفیەتی عیراق ونەجد زۆرلێک جاوازبوون ،لەسەربابەتی کافرکردن سەلەفیەکانی عیراق شیعەیان بەکافرنەزانیون وپەیوەندیشیان لەگەڵ یەک هەبووە،، بەڵام شیعە لای وەهابیەکان کافرکراون،هەروەها وەهابیەکان بەهەموو شێوەیەک سۆفیگگەری ڕەت دەکەنەوە، بەڵام سەلەفیەکانی عیراق پێشەنگەکەیان شاگردو قوتابی مەولانا خالدی نەقشبەندیە .

پێش پەیدابوونی ڕێبازی نەقشی سۆفیەکانی عیراق خۆیان بە پەیڕەوو شوێن کەوتەی تەریقەی قادری شێخ عبدالقادرگەیلانی دەزانی ،بەڵام خشتو خاڵی زۆریان تێکەڵ بە ڕێبازەکەی کردبوو، تەریقەی نەقشی لە ڕێگای دوو شێخەوە لەهندستانەوە گەیشتە عیراق ئەو انیش یەکەمیان شێخ ئەحمەدی سەرهەندی (1534-1624) بوو .

دووەمیان شێخ أبي البهاء ضياء الدين خالدی شارەزوري (1776-1827) بوو

دوو نەوەی هەڵکەوتوو لە نەوەکانی ئالوسی کە ئەو انیش

- شيخ نعمان الآلوسي (1836-1899)، -شێخ محمود شكري الآلوسي (1857-1924)، بوون کە لەنێوان بۆچوونی پابەند بە سونەت و زانستی نوێ یان کۆکردۆتەوەو سەرەتایەکیان بۆ چاکسازی دینی داناوە.

بەمەش ڕوویەکی دیکەی جیاکەرەوەی سەلەفیەتیی عیراق لەگەڵ سەلەفیەتی نەجدی وەهابی بەرجەستە بوو، چونکە سەلەفیەکانی نەجد تا ئێستاشی لەگەڵ بێ ئیبن بازوشەنقیتی

ودەوێش وزۆرێکی تریشیان باوەڕیان بە سوڕانەوەی زەوی بە دەوری خۆردانیە وسوڕانەوەی زەویەک کە قودس وکەعبەو مەکەی لە سەرەوو ڕووگەی دینە ئاسمانیەکانن بە دەوری خۆرێک کەڕووگەو هێمای مەجوسی وزەردەشتیەکانە بەسەرکەوتنی ئاگرپەرستی دادەنێن بەسەر بیری دینە ئاسمانیەکانداو بە کوفری دەزانن بۆیە ڕەتی دەکەنەوە.

چیرۆکی دامەزرانی کۆمەڵەی ئیخوان لە عیراق:

شیخ محمد محمود الصواف حەسەن بەننای عیر اقە،ناوبراولەساڵی 1912لە دایک بووەولەساڵی 1992دا کۆچی دو ایی کردووە،سەواف سەرەتای فێربوونی لەسەردەستی زانایەکی سەلەفی بووە لە موسڵ،لە حوجرەو خوێندنگادینیەکانی موسڵ زانستە ئیسلامیەکانی وەرگرتووە، بەیانیان لە خوێندنگای نوێ ی هاوچەرخ دەی خوێندو پاش نیوەڕۆیانیش فەقێ ی حوجرەبوو،ئەویش وەک بەننا یەکەم کاری بەشداری کردن بوو لە کۆمەڵەی لاو انی مسوڵمان ،ئەوڕێکخراوەی کە محب الدین الختیب وکۆمەڵێک سەلەفی بە یارمەتی سعودیە لە میسر دایان مەزر اند وبەنناش ئەندامی دامەزرێنەری بوو و پاشانیش بووە بۆسەی تیرۆرکردنی، سەو افیش لەهەمان کۆمەڵە ی لقی عیراق بەشداربوو لەساڵی 1935دا،ئەم ڕێکخراوە ڕێکخراوێکی خێرخوازی کۆمەڵایەتی بوو،سەواف بەڕپرسی کۆکردنەوەی بەخشین ویارمەتیەکانی ڕێکخراوەکە بوو، ،ئەم کۆمەڵە وای کرد کەسەواف هەرزوو زۆرکەسایەتی کار ابناسێ وەک ئەفسەرەکانی سوپاوو مامۆستایان وڕۆشنبیران،، هەروا خەریک بوونی سەواف لە بەرنامەی چاکسازی زیندانەکان وفێرکردنی بەسالاچوان وای کرد کە گوتاربێژو پەروەردەکارێکی لێ وەشاوەبێ.

ئاڕاستەی عەلمانی وهزری نوێ ی هۆگربەڕۆژئاوا لە بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە وەک ئاگرلە پوشی کۆمەڵگای عیراق بەربوو، ئەمەش وای کردبوو کە زاناو مەلاو سۆفی وسەلەفی وهەموو ئەو انەش کە خەریکی فێربوون وبڵاوکردنەوەی دینداربن خۆیان لەسەنگەری پێشەوەی دژایەتی وجەنگی ئەو ئاڕاستە نوێ یە ببینننەوە کە ئیستعمارپشتگیری لێ دەکرد.

زۆرکۆمەڵەوڕێکخراوی ئیسلامی بۆ دژایەتی بیری عەلمانی دامەزران وەک

- جمعية الهداية الإسلامية=کۆمەڵەی ڕێنمایی ئیسلامی.

-جمعية التربية الإسلامية=کۆمەڵەی پەروەردەی ئیسلامی

-کۆمەڵەی ئادابی ئیسلامی جمعية الآداب الإسلامية.

صەواف هەرلەسیەکانی سەدەی ڕابردوو کۆمەڵەی فرمان بە چاکە وڕێگری لە خراپە – "جمعية الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر".ی دامەزراند وئەم بیرەشی لە کارەکانی کۆمەڵەی ئیخوانی میسر وەرگرتبوو کەلە دووڕەوەپێ یان سەرسام بوو،،سەواف دەی ویست ئەم کۆمەڵە ناوبێ کۆمەڵەی ئیخوان بەڵام حکومەت ئەوناوەی ڕەت کردەوەکە ناوی کۆمەڵەی وڵاتێکی ترکە میسرە بەهەمان ناوهەبوو..

لە ساڵی 1939 صەواف سەردانی میسری کرد،وەزارەتی خوێندنی باڵای عیراق وەک خوێندکار ناردی بۆبەدەست هێنانی بڕوانامە کە وەزارەتی ئەوقاف سەو افیان بۆ ئەم کارە هەڵبژارد.

ئەم سەردانە هەلی بۆ سەواف ڕەخساند کەلە نزیکەوە نمونەی باڵای خۆی کە حسن بەننایە لە میسر ببینێ، سەواف لەوبارەوە نوسیویەتی کە:هەستێکی گەورە بە لێپرسینەوەو شەرەف دای گرتوو زانی کە ئەو لەسەرڕێڕەوەڕاستەکەیە بۆیە پەنجەی قەدەرهاوبەشی دەکاوگەیشتن بە ئامانجەکانی بۆ ئاسان دەکا، بەڵام ئەم دیدارەی دوو مامۆستا بەننا وسەواف کورت بوو چونکە شەڕی دووەمی جیهان هەڵگیرساو نێردەکەی وەزارەتی خوێندنی باڵاش ئیلغا کرایەوەوسەو افیش گەڕایەوە بۆعیراق..

کە سەواف گەڕایەوە بۆعێراق هاوسەرەکەی کۆچی دوایی کردبوو،ڕاسپاردەی بەجێ هێشتبوو کە سەواف هاتەوە با خوشکەکەی مارەبکاتەوە،سەواف ڕاسپاردەکەی بەجێ گەیاندو خوشکەکەی مارە کرد، یەکەم کوڕی ناونا موجاهید،لەوساڵە دا 1941 شۆڕشی ڕەشید گەیلانی بوو ، هەرلەوکاتە سەواف پەیامێکی لە حەسەن بەننا وە پێ گەیشت کە سواف لە میسر لەدەستەی دامەزرێنەرانی ئیخوان وەک ئەندام هەڵبژێرراوە، ئەم هەڵبژاردنە ئەوە دەگەیەنێ کە بەننا زۆرسەرناس بووە لە هەڵسەنگاندنی کەسەکان وبەوماوە کەمە لێهاتوویی وخوێندەرمی وئازایی وبەجوڵەیی ووورەبەرزی وخۆڕاگری سەوافی بۆدەرکەوتووە، ئەم هەڵبژاردنە بوو کە سەوافی پاڵ ناکە کۆمەڵەی فرمان بەچاکە بەناوی ئیخوان ڕابگەیەنێ بەڵام وەزارەت ڕەتی کردەوەکە ڕێپێدان بداتە ئەو ناوە.

بەهۆی چالاکی سەواف لەودووساڵەدا هەلێکی دیکەی بۆ ناردنە میسر لە لایەن مستەفاچەلەبی سابونچی دەوڵەمەندی ناوچەکە بۆ هەڵکەوت، کە سابونچی کردیە سەرپەرشتیاری نێردەکە کە سەواف ودەکەس بوون لەساڵی

1943 دا بۆ قاهیرە بە هۆی زیرەکی لە ڕادەبەدەری سەواف ،زانکۆی ئەزهەر بیرۆکەی چڕ کردنەوەوکورت کردنەوەی خوێندنی دوو ساڵ بەساڵێک ی لە زانکۆکە دەست پێ کرد،شێخ

مستەفا مەراغی ئەم بەشەی بۆ زانکۆ زیادکردو سەواف بەکالۆریۆسی چوارسالّی بە دوو سالّ تەواوکردو ماستەریشی بەسالّێک تەواوکرد کەلە بنچینەدا دووسالّ بوو،بەم شێوە شەش سالّی بە سێ سالّ تەواوکرد،،ئەمەش وای کرد خوێنکاروشێخەکانی ئەزهەر بەسەواف سەرسام بن، ڕۆژنامەو میدیای ئەوسای میسرو عیراق لەسەرئەم دەرچوونەیان نوسی و بوە هۆی ئەوەی سەواف ناوبانگ پەیدابکاولە کۆشکی پاشای میسرباس بکرێ و سونەتێک دابێنێ لە ئەزهەرکەلە پێش ئەودا بوونی نەبوو.

هەروەها سەواف پێشنیاری کرد بۆ بەننا کە هەموو ئەو انەی دێن بۆ میسربۆ خوێندن و گەشت هەوڵ بدرێ پەیوەندیان لەگەڵ دروست بکرێ وسەردانی بارەگای گشتی کۆمەڵەکەیان پێ بکرێ ولەنزیکەوە چالاکی وبڵاوکراوەودام ودەزگاکانی کۆمەڵەکە ببینن و بەننا بیرۆکەکەی پەسند کرد وبەشی پەیوەندی بە جیهانی ئیسلامی کردەوە.

لە کاتی خەریک بوونی سەواف بە خوێندنەوە و وەزارەتی مەعارفی عیراق داو ایەکی ئاڕاستەی میسرکرد کە چەند مامۆستایەک بنێرن بۆ خوێندنگاکانی عیراق لەسالّی 1944دا، بەننا ئەم بانگەوازەی قۆستەوەو چەند بانگخوازێکی نارد بۆعیراق کە ئەمانە بوون:

- حسين كمال الدين، سەرۆکی نەوجەو انان بوو لە کۆمەڵەی ئیخوان ومامۆستای ئەندازیاری مساحە بوو.

- علي عبدالحفيظ، مامۆستای ئەندازەی ئاودێری بوو.

-محمد عبدالحميد أحمد، ئەندامی دەستەی دەمەزرێنەری ئیخوان لە میسر.مامۆستای ئامادەیی میتمی ئیسلامي لە بغداد، ومامۆستالە ناوەندی بەسرەی کوڕان.

-محمود يوسف، مامۆستای زمانی عەرەبی .

-كامل النحاس وممدوح أزل، مامۆستا لە ئامادەیی پیشەیی.

ئەم هەنگاوەی ئیمام حەسەن بەننا لە سالّی ١٩٤٤دا، یەکێک بوو لە زیرەکانەترین "نەخشە تەلارسازییەکانی" بۆ نۆژەنکردنەوەی مالّی ئیسلام؛ چونکە ئەودەیز انی مامۆستا کاریگەریی لەسەر"عەقڵ" هەیە و ئەندازیاریش خەریکی "بنیاتنان"ە. ناردنی ئەم گروپە بۆعێراق تەنها ئەرکێکی وەزیفی نەبوو، بەڵکو چاندنی تۆوی ڕابوون بوو لە جەرگەی بەغدادا.

لێرەدا زانیاریەکان دەربارەی ئەم کەسایەتییانە دەخەمە ڕوو:

حەسەن بەننا نوێکەرەوەی جیهانبینی ئیسلامی لەسەختترین قۆناغەکانیدا . نوسینی :موحەممەدعەزیز لۆتەری

١. حوسێن کەمالەدین (حسين كمال الدين)

ئەوکەسەی کە زانستی "مساحة"ی بەکارهێنا بۆ دیاریکردنی قیبلە لە جیهاندا.

- لەدایکبوون: ١٩١٣ زایینی (قاهیرە).
- ناسینی بەنناا: لە سەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابردوو کاتێک قوتابی بوو لە کۆلێژی ئەندازیاری، حەسەن بەننای ناسی و بوو بە یەکێک لە سەرکردە گەنجە دیارەکان (سەرۆکی قسم الجوالة).
- وەفات: ٢٠٠٢ زایینی.
- ڕۆڵ لە عێراق: مامۆستای ئەندازیاری بوو لە زانکۆکانی بەغدا وڕۆڵێکی فکری گەورەی هەبوو.

٢. عەلی عەبدولحەفیز(علي عبد الحفيظ)

- لەدایکبوون: دەوروبەری ١٩١٥ زایینی.
- ناسینی بەنناا: لە قۆناغی زانکۆدا پەیوەندی بە ئیخوانەوە کردووە و پسپۆڕی ئەندازەی ئاودێری (الري) بووە.
- وەفات: زانیاری وردی وەفاتی لە سەرچاوە میژوویییەکاندا تۆمارنەکراوە، بەڵام تا کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە ژیاندا مابوو.
- ڕۆڵ لە عێراق: کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر قوتابیانی ئەندازیاری لە عێراق.

٣. محەمەد عەبدولحەمید ئەحمەد (محمد عبد الحميد أحمد)

- لەدایکبوون: ١٩١٠ زایینی.
- ناسینی بەنناا: یەکێک بووە لەوکەسانەی لە "دار العلوم" لەگەڵ حەسەن بەننا هاوڕێ بووە و لە دەستەی دامەزرێنەری ئیخوان بووە (الهيئة التأسيسية).
- وەفات: ٢٠٠٤ زایینی.
- ڕۆڵ لە عێراق: مامۆستایەکی بەتوانا بوو لە بەغدا و بەسرە، ئەوپردی گەیاندنی فیکری بەننا بوو بۆ باشووری عێراق.

٤. مەحموود یوسف (محمود يوسف)

- لەدایکبوون: زانیاری وردی ساڵی لەدایکبوونی بەردەست نییە (دەوروبەری ١٩١٢ زایینی).
- ناسینی بەنناا: لە ناوەڕاستی سییەکاندا بووەتە ئیخوان و وەک پسپۆڕی زمانی عەرەبی ناسرابوو.
- وەفات: لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو کۆچی دوایی کردووە.

٥. کامیل نەحاس (كامل النحاس)

- لەدایکبوون: ١٩١٤ زایینی.
- ناسینی بەنناا: لە ساڵی ١٩٣٥ پەیوەندی بە ئیخوانەوە کردووە.
- وەفات: ٢٠٠٠ زایینی.
- **ڕۆڵ لە عێراق: مامۆستای ئامادەیی بوو وڕۆڵی هەبوو لە ڕێکخستنی لاوان لە ناوەندەکانی خوێندندا.**

ئەمانە ڕێخۆش کردنیان کرد بۆ دامەزر اندنی لقی عیراقی ئیخوان ،پاشان سەواف کە گەڕایەوە بۆ عێراق لەساڵی 1946 دا وەزارەتی داد وەزیری دادی ئەوسا جەلال بابان پۆستی قازیان پێداکە خۆزگەی زۆرکەس بوو. بەڵام ئەو دەیز انی دادگار ناتو انێ ببێتە بانگخواز وتێکەڵی خەڵک بێ وگەشت بکا، بۆیە پۆستی مامۆستایی هەڵبژارد لە کولیەی شەریعە لە ئەعزەمیە کەتازە دامەزر ابووبە موچەیەکی (25) دیناری،لە بری (70) دیناری قازێتی، بەڵام سەواف ئەم پۆستی مامۆستاییەی بۆ بەرژەوەندی بانگەواز هەڵبژارد.

سەواف لەو ماوەیە دا بوە دۆستی شێخ ئەمجەد زەهاوی کە موفتی عیراق بوو، شێخ بووبە ڕێبەری ڕوحی سەواف وکۆمەڵەکەی کە کۆمەڵەی بر ایەتی ئیسلامی بوو، سەرکردایەتی ڕوحی شێخ زەهاوی بۆ کۆمەڵەکەی شێخ شەرعیەتێکی زیاتری دایە ڕێکخراوەکەی سەواف ،جاچونکە زەهاوی کورد بوو، بۆیە ڕێکخراوەکەی سەو افیش لەناو سونەی کوردو عەرەب ولەهەردوو ناوچەدا بڵاو بۆوە، چونکە سەواف مامۆستابوو،کادیرەکانی یەکەمی ئیخو انی عیراق لە دەرچو انی کولیەی شەریعە بوون.لە پەنجاکان ئاستەکە فراوان بوو مامۆستاوپیشەکارو قوتابیان هاتنە ناو کۆمەڵەکەوە،وەکۆمەڵێک لە ئەفسەر انی سوپاو بازرگان وپارێزەرو پزیشک هاتنە ناوکۆمەڵەکەوە، لەماوەی چەند ساڵێکدا بانگەوازەکە لەهەموو شارەسوننەنشینەکانی عیراق بڵاوبۆوە لە بەغداوکەرکوک وهەولێروسلێمانی وزاخۆودهۆک ورمادی وبەسرەو زبێروموسڵ وتکریت وسامەڕا.

پێنج شەمەو جومعە دەیان هەزار خوێندکاری زانکۆکان دەنێردران بۆ گوندوشارەدێکان ،تا جومعە لەو دێیانە بکەن وشەوەکەی بە گوتارو سرودبەڕێ بکەن وکە مزگەوت لە گوندەکە نەبێ مزگەوتێک بەقوڕدروست بکەن وبانگەوازی خەڵکەکەی بکەن..

سەواف هەفتەی دوو وتاری بۆ کرێکاران دەدا،،باسی بەرێزی کاری دەکرد لە ئیسلام دا،وە لە گەڵ ئەندازیارو پزیشکان وپیشەکەران دیداری دەکرد، سەندیکاو نەقابەکانی ئەم توێژ انە بوونە شوێن ومینبەری بانگەواز،شوێنی سەرەکی وسەرکردایەتی کۆمەڵەکە عەرەبە سونیەکان بوون، لە بەغداوموسڵ، کۆمەڵەکە بەڕێوەبەرێتی ماڵی و میدیای تایبەتی بە کۆمەڵەکەیان هەبوو.

دوای بیست ساڵ لە لەدایک بوونی ئیخوان لە میسر،ئیخوان لە عیراق لەدایک بوو، ،هەرزوو لەدوای تیرۆرکر انی بەننا ،ڕێکخراوەکە جۆرێک لە لێک هەڵوەشان و قەیر انی

سەرکردایەتی لە میسرو لە هەموو شوێنەکان ڕووی تێ کرد، بەننا لەماوەی دەساڵدا دەکۆنگرەودە لەبێژینگ دان وتەتڵەکردنی کرد ،کێشەیەکی گەورە ڕووی نەدا، لەت وپەت بوون نەبوو، بەڵام دوای بەننا ئەم دیاردەی لەت بوون وجیابوونەوە لە ئیخوانی میسروشوێنەکانی تریش زووزوو ڕووی دەدا.

یەکێ لەهۆکارەکانی قەیرانی ئیخوان ناکۆکی بوو لەنێوان کادیران لەسەرئەوەی ئایا کاری هەموو وڵاتان بەیەک سەرکردایەتی بێ یان جیاوازبێ.

وە کێشەیەکی ترچارە نەکردنی کێشەو ناکۆیەکان بوو تا یەکڕیزی وبرایی تێک نەچێ ،چونکە دەگوترا یەکڕیزی فەڕزە، بەمەش ناکۆکیە سونەتەکان کەڵەکە دەبوون وسەری یەکڕیزیە فەڕزەکەیان دەخوارد.

هەروەها کێشەی کۆمەڵەکە لە هەڵوێستە جیاوازیەکانی لە کێشە هەنوکەیی وچارەنوسسازەکان وەک پرۆژەی یەکێتی نێوان میسروسوریاو عیراق وئەردەن ومل ملانێکانی نێوان کەنداوو میسرو جەزائیرو وڵاتانی عەرەب بەگشتی وکێشەی ئەفغانستان وفەلەستین وکشمیرو بۆسنەو سۆمال وئۆگادین و کورد و،،،هتد..

لە 14 تموز/ یولیو 1958،کودەتای سەربازی لە عێراق ڕووی داوپاشایەتی ڕوخاو کۆماری لە عێراق ڕاگەیەنرا، سەواف سەرەتاپێشوازی لە گۆڕانکاریەکە کرد، بەڵام پاشان دژی ڕوداوەکا ڕاوەستاوبەوهۆیەوە گیرا،واش بڵاوکرایەوە کە سەواف تیرۆرکراوە،ئەوکە بە درێژایی ١٣ ساڵ سەرکێشی کۆمەڵەی ئیخوانی عیراق بوو، تا کەلە دوای ساڵی ١٩٥٨ وهاتنی حوکمی کۆماری ماوەیەک گیرا.

پاشان قاسم بەری داوپاش بەردان سەواف عێراق بە جێ هێشت وساڵێک لە کەنداوڕا سەواف ڕابەری ئیخوانی عیراق بوو، پاشان سەرکردایەتی کۆمەڵەکە سەو افیان لە سەرۆکایەتی کۆمەڵەکە بەرکەنارکردبە درێژایی ٣٢ ساڵ ئەوپیاوە چالاکە لە کەنداو لە سەلاجەی کەنداو ساردو سڕبوو وچالاکیەکی ئەوتۆی نەبوو،ڕاوێژکارو متمانە پێ کراوی پاشاکانی سعودو وەزیرەکانیان وشێخەکانی کەنداوو دۆستی تورکیای ئەتاتورکی بوو،ئەو متمانەی کە ڕۆژئاو ایەکان بە بەننای میسریان نەکردکە ئەوان دەتوانن ببنە قەڵغانی لیبرالیەت ودیموکراتیەت وسەرمایەداریەکەی ڕۆژئاواڵە دژی بەرەی کۆمۆنیزم ووڵاتە سۆشیالیزمەکان وڕۆژئاوا هەتا ئێستاش بەننا وعبدالناسرلەیەک بەرەدادەنێ، ،بەڵام متمانەیان بە سەواف وتەنتاوی کرد کە لەبەرەی ڕۆژئاوان،لەساڵی ١٩٩٢ سەواف لە

فڕۆکەخانەی ئەستەمبوڵ مرد کە بەنیازبوو لەتورکیاوە بۆ سعودیە بگەڕێتەوە، هەرلە سعودیەی وڵاتی سەلاجەی سڕکەری بانگخوازان کۆچی دوایی کردوبەخاک سپێرددرا..

ب- /B- چیرۆکی دروست بوونی کۆمەڵەی ئیخوان لە یەمەن:

لە بەشی پێشوو باسمان لە شۆڕشی هەوادارانی ئیخوان کرد لە یەمەن کەلەساڵی ١٩٤٨دا کراو بەننا ویستی بچێ بۆ پیرۆزبایی ئیمامی نوێ کە چی ڕێ ی پێ نەدرا .

لەم ماوەدا شۆڕشی یەمەنیش بەسەرئیمام یەحیا هەموو انی خەریک کرد ،ئیخوان لەوێش ڕۆڵیان هەبوو ،بەریتانیاوئەمریکا لەم ئاڵوگۆڕانە زەرەرمەند بوون..

-دەرکەوت شۆڕشەکەی یەمەن عبدالله ی کوڕی وەزیرکردویەتی بۆتە ئیمامی نوێ ی یەمەن و لایەنگری ئیخوانە، ئیمامی نوێ بانگهێشتی بەننای کرد بەڵام شای میسر ڕێگای نەدابەننا بچێتە یەمەن، شاعبدالعزیزی سعود لەگەڵ ئەوەی کە بەرژەوەندی لەگەڵ کوڕی وەزیرباشتر ڕێک دەکەوت بەڵام دیارە لەبەرچەند هۆکارێکی دەرەکی بڕیاری دا کە پشتی ئەحمەدی کوڕی ئیمامی پێشوو بگرێ و بەجەنگ بینێرێتەوە یەمەن و ئیمامە ئیخوانیەکە تەنیا ٢٦ ڕۆژ حوکم بکاو دوای کوژرانی پێنج هەزارکەس ئەحمەد ی کوڕی ئیمام یەحیا بووە ئیمامی یەمەنیەکان لە ١١-٣-١٩٤٨دا،هەرچەندە بەننا داوای کرد عبدالله‌ی وەزیرنەکوژرێ و بەیعەت بداتە ئیمامی نوێ وبکرێتە سەرۆک وەزیرانێکی دەستوری ،بەڵام احمد عبدالله‌و زۆرێک لە شۆڕشگێڕە ئیخوانەکانی بەشمشێرکوشت ،زۆرێک لە ئیخوانە میسریەکان ویەمەنیەکان لە یەمەن ماوەیەک دیل کران لەناویان دا عبدالله سلال ئەوکەسەی کەلەمەودوا عبدالناسر پشتی ئەوو ئیخوانەکانی تری یەمەن دەگرێ لە شۆڕشی نوێ دا، لەوکاتەی کە ئیخوانە نوێ یەکانی دوای شەهیدکرانی بەننا دەبنە هاوپەیمانی دوژمنەکانی بەننا ودژی شۆڕشی عبدالناسر دەوەستن،..

پاش جێگیربوونی بارودۆخ بۆ ئیمامی نوێ ئەمریکاوبەریتانیاو فەرەنسا لە نیسانی ١٩٤٨دا دان بە حکومەتەکەی ئیمامی نوێ دادەنێن، بەڵام لە میسرفاروق هەمان ترسی شۆڕشی یەمەنی لە ئیخوان هەبوو، ڕۆژانە خۆپیشاندان و گرتن وکوشتن وبڕینی شۆڕشگێڕان بوو، ئیخوان لەم کاتە دا ببوە دوژمنی شاووەفد و حکومەت و ئینگلیزەکان ،..

ئەوەشمان باس کرد کەلە کاتی چونە حەجی بەننا دا میسر دەیەویست کە بەننا لە لایەن چەند یەمەنیەک بکوژرێ کە کوڕی ئیمام یەحیا بۆ تۆڵەی باوکی بیانێرێ وبەننا لەکاتی حەجدا بکوژن،بەڵام شاعەزیزی سعودی ئەوەی پێ باش نەبوو، ئیدی ئەوەبوو ئەم شایانە شاعەزیزوشافاروق وشای یەمەن تیرۆرکردنی بەننایان بردەوە میسر.

ئەم ڕوداو انە وای کرد کە ئیخوان وەک کۆمەڵەیەکی خاوەن ڕێکخستن دوا بکەوێ تا ساڵی ١٩٥٩.

بۆیەهەردوو بەشەکەی یەمەن خاڵی بوو لە پارتی سیاسی هەتا مانگی تموز (یولیو) 1952، پەیوەندی کوڕانی باشورلە 28 (نیسان)1951 لە عەدەن پێشەکیەک بوو بۆپارتی سیاسی، پاش ئەوە پارتی بەعسیەکان ومارکسیەکان وچەپەکان وناسۆنیالستەکانی یەمەن دەرکەوتن.

هەندێک لەو پەیوەندیانە ئەو کەسانەی تێدابوون کەبە شۆڕشی ١٩٤٨ هەڵسابوون .

ڕێکخراوێک بەناوی کاری ئیسلامی لەساڵی ١٩٥٧ودەرکەوت ،بەڵام ئیخو انەکان لەبەرچەند هۆیەک هەتا دوای دەرکەوتنی زەنەدانیش لەشەستەکان هەربەناوی ئیخو انەوە نەبوو، سەرنەکەوتنی شۆڕشە ئیخو انیەکەی یەمەن لەساڵی١٩٤٨وخەریک بوونی جیهانی ئیسلامی بە کێشەی سودان وجەنگی فەلەستین وکێشەی میسرۆپاشانیش تیرۆرکر انی
بەناوهەڵوەشاندنەوەی ئیخوان لە میسر تاکۆتایی ١٩٥١،کاتێکیش کە ئیخو انی دوای بەننا هاتەوە گۆڕەپان هەرزوو دژی هەموو خەونەکانی بەننا ڕاوەستا،یەمەنیەکان کە لە ژێردەستی ئیمامی کوڕی یەحیا بوون کە ئیخوان دەستیان لەکوشتنی هەبوو ،ئەم ئیمامەش هاوپەیمانی شاعەزیزی سعودی بوو، عبدالناسر دژی شای سعودی ویەمەن وبەریتانیەکان وئیسر ائیل بوو،ئیخو انەکانی دوای بەننا یەکێ لە قەیر انە هەرە گەورەکانیان ئەوەبوو کە دژی خەونەکانی ڕابردوویان بوون وبەگۆشەی سەدوهەشتا ئاڕاستەی خۆیان گۆڕی و نزیکترین ودڵسۆزترین کەس لێ یانەوە سعودیە وو وڵاتانی کەنداو بوون ،ئەم وڵاتانەش بە هیچ شێوەیەک بەربەرەکانی ئیسر ائیل و دەوڵەتانی داگیرکەریان نەدەکردە ستر اتیژی خۆیان، ئەگەربەربەرەکانیەکیشیان کردبێ هەرتاکتیکێکی کاتی بووە..

ج -C- چیرۆکی ئیخوان لە ئەفغانستان:

لە چلەکانی سەدەی بیست ئەفغانستان لە چوارچێوەی ئیمپراتۆری بەریتانی دابوو،ئەفغانستانی وڵاتی جمال الدینی پێشەنگی ڕۆژهەڵات کە ڕۆڵی بەرچاوی لەهۆشیارکردنەوەی میسر بینی، هەربۆیەش حەسەنی کوڕی میسرویستی چاکەی جەمالی ئەفغانستان بداتەوە،قەدەرێکی جوانە کە دوو نوێکەرەوەکەی ئیسلام لە سەدەکانی چواردەو پازدە ناویان جمال وحسن بێ کە دوو ووشەی هاومانان .

بەننا لە دیدارو کۆبونەوەو گوتارەکانی داوای لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکرد کە یارمەتی گەلی ئەفغانستان بدەن تا ئازادی ببە دەست بێنێ، وەلە نوسینەکانیشی پشت گوێ ی نەدەخست.

کۆمەڵەی ئیخوانیش لە سەردەمی بەنناداا بەشێک لە کۆنگرەکانی بۆ توێژینەوە لە کێشەی ئەم گەلە بێدارو موجاهیدە تەرخان دەکرد.

لەناو پەیکەری دەزگای پەیوەندی بە جیهانی ئیسلامی و وڵاتە عەرەبیەکان کەلەساڵی 1944 پێک هات، سێ مادەوخاڵ ولێژنەی لەخۆگرتبوو:

١-لێژنەی ڕۆژهەڵاتی نزیک :کە وڵاتە عەرەبیەکان ووڵاتانی ئەفریقیاو وتورکیاوئێران مەبەست بوو..

٢-لێژنەی ڕۆژهەڵاتی ئەوپەڕ:ک ئەفغانستان وتورکستان وچین وهندستان وهیندی چین ووجاوەویابانی لە خۆدەکرد.

٣-لێژنەی ئیسلام لە ئەوروپا.

کۆمەڵەی ئیخوان پێشوازی هەرکەسێکیان دەکرد کەلەوولاتانە وە سەردانی میسری بکردایە، جا نێردراوی حکومەتوپاشاکان بو ایە یان بۆ خوێندن وبازرگانی وگەشت بهاتایە میسر، لە یەکێ لەدەکانی چونی پاشای میسربۆسەرتەخت وەزیری ئەفغانی

محمد صادق المجددي وتوفيق سعيد بەشداربوون.

لە کۆنگرەی ئیسلامی کە ئیخوان لە شاری ئیسماعلیە بەستی بەبۆنەی تێپەڕبوونی بیست ساڵی دامەزرانی لقەکەیان لە ڕۆژی پێنج شەممە 6 ذو القعدة 1367ک بەرامبەر 9 سبتمبر 1948 وەلەوانەی بانگ کرابوون، هارون مجددي نوێنەری دامەزراوەی عەرەبی ئەفغانی بوو. تەمەن کورتی پێشەوای ئیخوان و ڕووبەرگێڕانی ئیخوانی دوای بەننا وبەکارهێنرانیان بۆ بەهێز کردنی ڕژێمە پاشایەتیەکان لەهەموو وڵاتان،ئەو ئەفغانیانەی کەلە دوا ترهاتنە میسروەک سەیاف و برهان الدین وحکمەتیاروئەو ئیخوانانەش کە دوای بەننا چونە ئەفغانستان بۆ دژایەتی داگیرکاری تەوژمی سۆڤیەت وبەرگری کردن لە مانەوەی پاشایەتی ئاڵقە لە گوێ ی ڕۆژئاوابوو، دوای ڕوخانیشی ئەفغانستان بووە مەیدانی جەنگی سارد وئیخوان وکەنداوو سەلەفی ودەوڵەتانی ڕۆژئاوابوونە هاوپەیمان ..

د- D-چیرۆکی سەرهەڵدانی ئیخوان لە فەلەستین.

حەسەن بەننا لە بارەی فەلەستین دەڵێ:

فەلەستین جێیەکی ڕوحی پیرۆزی داگیرکردووە لە دەروونماندا،ئەوزیاترلە نیشتمانە،،چونکەلەوێوە شنەی شەماڵ وهەناسەی پیرۆزی بەیتی موقەدەسمان بۆدێ، کە پیرۆزی پەیامبەران وسدیقانی تێدایە،شوێنی لەدایکبوونی مەسیحە علیە السلام،لە هەموو ئەمانەدا بووژانەوەی دەروون وخۆراکی ڕوحەکان هەیە "

بەننا لەهەموبوارەکانی مادی ومیدیایی وسیاسی وئابووری وسەربازی زۆرگرنگی بەفەلەستین دابوو، نەک هەرئەوە بەڵکووەک چۆن بە هۆی پێداگیری لە ڕادەبەدەری سوڵتان عبدالحمید لەبەرامبەرداخوازیەکانی هرتزل ،سوڵتان نشینی عوسمانی لە دەست چوو وڕوخاوەک گۆشتی خێربەشرایەوە، هەرچەندە ئەفغانی سوڵتانی لەم گرنگی پێدانە زیادلە پێویستە ئاگادارکردبۆوە کەنابێ گشت بەقوربانی بەش بکرێ وخەلافەت ومەکەومەدینە بەقوربانی قودس وفەلەستین وئەستەمبوڵ بکرێن، بەڵام سوڵتان هەرئەوەی کرد، بەنناش ئیخوانی بە قوربانی کێشەی فەلەستین کرد،نەک هەرئەوە ئەوعبدالناسریشی هەروا پەروەردە کردبوو کە ئەویش کۆمارەکەی بەقوربانی فەلەستین کرد.

بەڕاستی بەننا لە پێناو فەلەستین تیرۆرکرا، کۆمەڵەکەشی هەرلە پێناوفەلەستین هەڵوەشێنرایەوە،زایۆنیەکان هەمیشە هۆشداریان دەدایە پاشاوسەرۆکەکانی جیهان وعەرەب لەسەرمەترسی بوونی بەننا لەسەریان.

بەننا هەرلەساڵی 1931وە گرنگی بە فەلەستین دەدا کەنامەیەکی بۆ موفتی فەلەستین حاج أمين الحسيني نوسی وسوپاس وستایش وپیاهەڵدانی خۆی وکۆمەڵەکەی بۆ هەوڵ وکۆششەکانی ئەو پیاوە دەربڕیبوو،،وە ئەندامانی یەکەم کۆنگرەی ئیسلامی هاندا کە بە دڵ وگیان هەوڵ دەن بۆ خزمەت بە کێشەی فەلەستین.

بەڵکو نەخشە ڕێگای بەننا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گشتگیری مسوڵمانان لەگەڵ یەهود بەم شێوە نوسیوە:

«ئێمە دەزانین کە گوتاردان بەتەنیابێ سودە،وەکۆمەڵەکەمان بەواجبی دەزانێ لەسەرئەندامانی کۆنگرە کە چارەسەرە بکەن بە :

1- کێشەی کردانی زەوی لە فەلەستین :جولەکەکان بە ئاڵتونەکەیان جەنگی ئیسلام دەکەن،،کە بەڵێنی زەوی لەوێ بکڕن مافی موڵکایەتیان دەبێ، وڕۆڵیان بەهێزدەبێ وژمارەیان زیاددەکا،ئەوەتا جولەکە بۆکۆکردنەوەی پارە بۆکڕینی زەوی فەلەستین سندوقیان داناوە.

هەربۆیە من زۆرحەزدەکەم کە ئەندامانی کۆنگرە ڕازی بن لەسەردانانی یەکەم ناوک وکرۆک بۆ سندوقێکی مالی ئیسلامی، یان دانانی کۆمپانیایەک بۆکڕینی ئەوزەویانەی کەلە فەلەستین کەس پێویستی پێ یان نیە وچۆڵەوانین،کە لەڕێگەی ناونوسین وبەپشک کردن لەم کۆمپانیایە ،،،هتد

2-پێک هێنانی چەندلیژنەیەک لەوڵاتە ئیسلامیەکان بۆ بەرگری لە پیرۆزیەکان کە بنکەکەی لە مەکە یان لە قودس بێولقەکانی لەهەموو وڵاتان بن.

3-دامەزراندنی زانکۆیەک بۆفەلەستین لەسەرشێوەی زانکۆی عەلیکرەی هندستان کەزانستی دینی وهاوچەرخی تێدابخوێنرێ.

4- بانگەوازێک بۆز انایانی مسوڵمان بۆ دانان وپوخت کردن وهەڵ وێژاردنی بەرنامەکانی خوێندن کەلەگەڵ پێشکەوتنی ئێستابگونجێ.

5-بانگەوازێک بۆدەوڵەمەندانی مسوڵمانان تا بەشداری کرپنی پشکەکانی زەوی فەلەستین بکەن.

6- بانگەوازێک بۆ پێشەواکانی گەلانی ڕۆژهەڵات کە چاوچنۆکیەکانیان بخەنە لاوەوئەندازەگیری کردنی ئەو مەترسیانەی توشی وڵاتەکانیان بووەو سامان وماڵ ببەخشن لە پێناوی گێڕانەوەو پاراستنی شکۆی ئیسلام.

ئەوە برا ئازاکانتانن لە فەلەستین،یەک ڕیزڕاوەستاون ،٨٠٠هەزارعەرەبی مسوڵمان ومەسیحی دەرکراون ولە پێناوی پاراستنی پیرۆزی ویادگاریەکانی پێغەمبەران ،کەستەمی ئینگلیزو جولەکەی لێ لادەن وئێمەش هەموو بە دڵنیایی لە ماڵی خۆمان دانیشتوین.

ئەی بر ایان نیشتمانەکەتان تەنیا بەسنوری میسر کۆتایی نایە،بەڵکو هەربستێک لەم زەویە کەسێکی لێ بێ بڵێ : لا إله إلا الله، نیشتمانتانە،،هەموویان دڵیان بۆ خۆشەویستی ئێوەو ئازادی فەلەستین لێدەداو باتانن لە نیشتمان ومرۆڤایەتی هاوبەشتانن..

دوێنێ یارمەتی حەبەشەتان دا،ئەمرۆش یارمەتی فەلەستین بدەن،ئەوان برسی وتینو ودەرکراون، ئێوە بەرپرسن هم لاوازی وبێ دەرەتانیەیان، ئەم تاو انە لەسەرئێوە هەژماردەکرێ،دەهەستن وڕووی خۆتان سپی بکەنەوە..

ئەوەنوسینگەی ئیرشادی گشتی ئیخوان داوالە گەلانی عەرەبی مەسیحی ومسوڵمان دەکاکە دەستی یارمەتی بۆ فەلەستین درێژبکەن، ،،،،هتد،،

بەننا هەموو هەوڵەکانی دانوستان ودابەش کردنی فەلەستینی ڕەت دەکردنەوە هەرلەساڵی 1936 – 1937 هەتا ساڵی 1947 – 1948وە یارمەتی شۆڕشی قەسامی دا کەلەساڵی 1936 هەڵگیرساو بەماڵ ومیدیا یارمەتیان داوکتێبی (الدماروالنارفي فلسطين) یان بڵاوکردەوە باسی قەسابخاەکانی جولەکەو ئینگلیزیان دەکرددژی فەلەستینیەکان.ولە ژێرناوی قرشی فەلەستین ارمەتیان لە خەڵکی کۆدەکردەوە، وەلەساڵی ١٩٤٨ئیخوان بە شایەتی جولەکەکان ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو، ،کچە ڕۆژنامەنوسێکی جولەکە بەناوی «روث کاریف» ڕاپۆرتێکی لە « الصندای میرور» لەسەرەتای ساڵی 1948بڵاوکردەوەو ڕۆژنامەی« المصري» وەری گێڕاوە کە تیای داهاتووە:

:ئیخوان هەوڵ دەدەنباوەڕیە عەرەبەکانبێنن کە ئەوان باشترین گەلی سەرزەوین،وە ئیسلامەکەیان باشترین دینە،ویاسایە بۆ گۆی زەوی،،وەئێستائیخوان خۆیان بۆ جەنگی یەکلاکەرەوە ئامادەدەکەن،وە داوالەهەموو مسوڵمانان دەکەن کە بەهیچ شێوەیەک هاوکاری وگوێ ڕایەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان نەکەن،لایەنگرانی ئیخوان داو ایان کردوهەوڵیان دا کە مۆڵک ومااڵی جولەکەکان لە عەدەن وبەحرێن بڕوخێنرێ وتاڵان بکرێ،وەهێرشیان کردە سەرکونسولیەکانی ئەمریکا، وەبەئاشکرا داو ایان لە دەوڵەتە عەرەبیەکان دەکردکەلە دامەزراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بکشێنەوە.

بۆیە کاتی ئەوە هاتووە کە ئەمریکیەکان ئەم کۆمەڵە بناسن کە ئەم ناوەی ئیخوان المسلمینی لەخۆناوە..».

دەستەی دامەزرێنەرانی ئیخوان لە ئایاری 1948م داکۆبوونەوەلە ڕۆژی پێنجشەممە 27 جمادی دووەم 1367کبەرامبەر 6 مایو-ئایاری ساڵی 1948بۆ ماوەی دوو ڕۆژوئەم بڕیارانەیان دا:

1-کۆمکاری عەرەبی بەڕێرسەلەوەی ڕووەداوودەبێ فشارلە حکومەتەکانی بکرێ بە هەڵسان بەکاری خێرالەفەڵەستین ودان نان بەدەوڵەتی فەڵەستین دا.

2-کردنەوەی سەربازگەکانی مەشق کردن بۆ خۆبەخشان وبەردەستکردنی چەک وتەقەمەنی بۆیان.

وە بەننا نامەی بۆ حاخامی جولەکەکانی میسرلە ئەسکەندەریە نارد کە هەڵوێستی جولەکەکانی میسرلە بارەی بز اڤی زایۆنی بە ئاشکرا ڕابگەیەنێ .

ئەم هەوڵانەی ئیخوان وای کرد کە هاووڵاتیانی فەڵەستین بێنەاو ئیخوانەوە، لەساڵی ١٩٣٧لەشام لقەکانی حەیفاودێرزوروقودس هەبوون،لەساڵی١٩٤٥ دەستەی دامەزرێنەرانی ئیخوان لە فەلەستین دامەزرا،پاشان لقەکانی نابلس وبیسان وڕفح کرانەوە، وەبەننا لە مانگی نیسانی ١٩٤٨سەردانی فەلەستینی کردولە غەزەوڕەفەح وخان یونس سوڕایەوەو سەردانی چەندین مزگەوت ودامەزراوەی کردو چەند ڕۆژلەوێ مایەوەو پێشوازیەکی

ئەفسانەیی لێ کراو چەندین وتاروچالاکی وئاهەنگ بەوبۆنەیەوەکران ،لەو گوتەی کەبەننا لەوڕۆژەدا پێشکەشی کردگوتی:

"لەساڵی١٩٣٦ بڕیارم دابوو بێمە فەلەستین،وپاسەپۆرتم دەرهێنا، بەڵام گوتیان دەبێ بۆچونە فەلەستین ڤیزەی بەریتانی لە پاسەپۆرتەکەت بدەی،بۆیە دەرونم وروژاونەموبست بچمە وڵاتێکەوە لە نیشتمانی ئیسلام بە ڕێگەپێدانی بەریتانیا.

بەڵام ئەوا بارودۆخ گۆڕا و اللە ویستی و ابوو کە بەبانگەوازی ئەو بێمە فەلەستین وڕاوێژوتێک گەیشتن بکەین بۆڕێکخستنی هەنگاونان بۆچۆنێتی ڕزگاربوون وسەرکەوتنی نزیک،،،

دەرەنجامەکە بۆ اللە بەجێبێڵن،متمانەتان هەبێ کەقەڵاوچەکی جولەکان سودی نابێ بۆیان،چونکە اللە گرێنتی سەرکەوتنی داوەتە ئیمانداران،،،

نەم دەزانی کە ئەم سەردانە بەپەلەم ئەوەندە دڵ ودەرونتان ئاسودەدەکا،بەڵام وادیارە کەعەرەب هەتالەناخۆشترین مەینەتیشدا ڕێزلێنانی میوان لە بیرناکا،اللە لە سوپاس گوزارانتان بنوسێ وسەرکەوتنتان لەچارەبنوسێ ووڵاتەکەتان بپارێزێ....."

لەوڕۆژانە دا هەموو کەتیبەکان وسەرکردایەتیەکان وبەکەکانی جەنگاوەران وکەسایەتیەکان وبارەگاکان ،پێشبڕکێ یان بوو بۆپێشوازی بەننا ولەهەموشیان چالاکی ووتاری پێشوازی هەبوو ،من تەنیاوتەکانی بەننا لەوکۆبونەو انەم هێناوەوئەو انی ترم لابردووە، بەننا لە یەکێ لە وتارەکانی گووتی:

" "سڵاوی براکانتانم بۆ هێناون لە دۆڵی نیلەوە،کە زۆرتامەزرۆی دیدارتانن،خۆزگە بەخۆتان بخوازن کەلەپێش ئەوان دەرگای کاری پیرۆزبۆ ئێوەهەڵکەوتووە کە جیهادبکەن،هەموویان پێ یان خۆش بوو بەشدارتان بوونایە تاکوسەرکەوتن،،،،،".

" لە وڕەی من دانەبووکەشەرەفمەندبم بەسەردانتان هەرچەندە کە خۆزگەی تەمەنم بوو،و ابەستی نێو انمان پیرۆزترین و ابەستەیە،،حەزم دەکرد سەربازێکی موجاهیدبومایەوئەم کۆبوونەو انەمان لە ناوکارو انی سەرکەوتن دابوو ایە، بەڵام لەو انەیە ڕێکەوتێک لەسەد مەوعید باشترێ،،،،".

"ئێمە دەمانەوێ واللە دەیەوێ،بەڵام هەرویستی ئەو جێبەجێدەبێ، "

حەقیقەتی ئیسلامی بە ژووڕێک دەچێ کە چواردیواروبنمیچ ودەرگای هەیە.:

بەڵام دیواری یەکەمی:

بیروباوەڕێکی ساغەوبنچینەکەی ناسینی اللە یە وئیمانێکی جوان وپشت پێ بەستن وگەڕانەوەیە بۆلای،

﴿وَجَّهْتُ وَجْهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ حَنِيفًا وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾ [الأنعام: 79].

دیواری دووەم:

عبادەت وپەرستێکی دروستە،هۆکاریش بۆ گەیشتن بەوعبادەتەش هەست کردنە بەچاودێری اللە لە گوتەوکردەوەو دووڕکەوتنەوە لە یاساغەکان وڕێزگرتنی پەیمانەکانە. ﴿وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاءَ وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ وَذَلِكَ دِينُ الْقَيِّمَةِ﴾ [البينة : 5].

دیواری سێ یەم:

بر ایەتیەکی تەواوە، ئیسلام گرێبەستی نێوان میسری وسوری وفەلەستینی وعیراق و،،،هەمواە،کۆکەرەوەو هۆگری یەکترمان دەکا،دان بە پەرتەوازەیی وڕەگەزایەتی و ڕەگەزنامە دانانێ،

﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ وَ اتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾ [الحجرات: 10].

دیواری چوارەم:

فەرمانە عەدل ودادگەرەکانیەتی،ئیسلام دین ودنیای تێدایە،بەختەوەری وڕزگاری دنیاودواڕۆژ هەبە ئیسلامە.

بنمیچ وسایەوسەربانەکەشی:

جیهادە لە پێناو اللە وبەرزکردنەوەی ئیسلام، بۆیە پێویستە لەشکرو سوپا ئامادەبکرێ،لە وشکانی ودەریادا وپارێزگاری لەدەوڵەتی ئیسلام بکاو فرماەکانی بپارێزڵێ..

﴿تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِكُمْ وَ أَنْفُسِكُمْ ذَلِكُمْ خَيْرٌلَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ [الصف: 11].

دەرگاکەشی:

فەرمانڕەو ایەکی سالّح وباشە، فەرمان بە حوکمی قورئان دەکا،مافی هەموو خاوەن مافێک دەستەبەردەکا،پایەکانی ئیسلام دەپارێزێ،گوتراوەکە ولّاتێک دەسەلّاتی تێدانەبوو بە جێی بێلّە.

﴿فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ﴾ [المائدة : 48].

"ئێمە لە کوێی ئەم پایانەین؟توشی فیتنەی دنیاپەرستی بووین، ولەهەموولایەکەوە گەمارۆی داوین،بیروباوەڕوعەقیدەوئیمانمانی پیس کردوە،عبادەت وپەرستشمانی پەک خستووە،،حوکم وفەرمانڕەو ایمانی گۆڕیوە،دەرگای جیهادی داخستووە،،یاسای فەرمارڕەو ایی تێکداوە،،نە پەرستش ماوە،نە بیروباوەڕماوە،نە فەرمانەکان ماون،نەبر ایەتی ماوە،نە جیهادو سەربازی ماوە،نە حوکمڕانی ئیسلامی ماوە،ئابەم شێوەبووین تا کێشەی فەلەستینشی هاتە سەر،فەلەستینێک کە پارچەیەکە لەدڵی هەموو ئیماندارێک،،دڵەکان بۆی شەیدادەبن،ڕوحەکان تامەزرۆی دەبن،،جێ لەدایک بوونی مەسیح ومزگەوتی ئەقساو کەنیسەی قیام وهەستانەوەی مەسیحە،هەموو مسوڵمان ومەسیحیەک با،وەڕیان بەوەیە کە فەلەستین ئەوەندە پیرۆزە شایانی هەموو قوربانی دانێکە.ئێستاش ئەم فەلەستینە پیرۆزە دڵەکانی عەرەبی یەک خستووە وبەرەوڕووی ئاڕاستەی دروست وژمەبەستی ساغ پاڵی ناون.

ڕاسپاردەی منیش بۆ ئەم بارودۆخە، پاک کردنەوەو دڵسۆزی نیازودڵەکانە وهاوکاری وپەکێتی وتۆبەکردن وپاکبونەوەی خۆمانەپاشان ڕوولە جیهادوکاربکەین هەرچەندی بتو انین

﴿وَلَا تَهِنُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَ أَنْتُمُ الْأَعْلَوْنَ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾ [آل عمران: 139]".

"لە ڕاستیدا ئێمەی عەرەب دووئەرکی گرانمان لەسەرشانە:

ئەرکی یەکەم:کێشەی کۆشش وبەرەنگاریمانە بۆ بەدەست هێنانی ئازادی وسەربەخۆییمان،ئێمەلەکاتی پێویستدا چاوەکانمان کردۆتەوە،کە جەرگی نیشتمانی عەرەب کە خاوەنی پاکترین زەوی وشیرینترین ئاوو وسافی ترین ئاووهەوا"

لەلایەنی مادیەوە هیچ نیشتمانێ نیە بەرامبەری بکا،وەلایەنی ڕوحیشی وڵاتەکەمان شوێنی هاتنی پەیامەکان ودەرکەوتنی فەلسەفەکان وجێنێژر انی پەیام بەران وڕاستگۆیان وشەهیدانەکاتێ کەعەرەب بەهای خۆیان دەزانی سەروەربوون،بۆیە پێویستە ئێمەش ئەوسەروەریە بگێڕینەوە.."

بەڵام کێشەی دووەم:

ئئەم بنچینە پەیام دارە لەناوەڕاستی ئەم گومڕاییە سەرلێشێواواە وەک شیوعیەت وکۆمەنیستی کەنەدەتو انێ جێگربێ ونەدەتو انێ ئاوەدانی بکا،یان ئەودیموکر اتیەی تەنیا شەهوەتەکان بۆ پێشەوەدەبا،ڕژێمێکە تەنیالە کاردانەوەوپەرچەکرداری نێوان چینەکان و لێکدانیان لەنێوان ئەوگەل ونەتەو انە.

ئەم سەرگەردانیە،ئەم کۆمەنیستی ودیموکر اتیە،هیچ و اتایەکی نیەو هیچ خێری تێدانیە،ئێمە میر اتی ئاسمانەکان وڕێنمایی اللە مان لایە،، ئەوەباشترین بەختەوتەنیا مەبەستی ئەوەیە کە اللە بناسین وئوممەتێکی خێرخوازبین،ئەم دینانە ببۆیەهاتوونبۆئەوەی لەسەرخێڕڕامانبێنێ وئەم عیر افانەمان نیشان بدا....."

ئەوەتەنیا ئێمەین بەیارمەتی اللە وکەسی ترنیە جگەلە ئێمە ئەم جیهانە سەرگەردانە دەگێڕینەوە سەرڕێبازی ز انین وعیرفانی وچاوڕونی،،خێرخوازی ومیهرەبانی وئاشتی ودادی نیشان دەدەین،بەمەش خۆمان وجیهانیش بەختەوەردەکەین،ئێمە شوشەی دەرمانەکەمان لایە،ئەگەرئەوپێشکەوتن وز انستەمادیەی ڕۆژئاوا لەتەنیشت ئەوڕوناکی وڕێنماییەی لای ئێمەیە دانێین ئەوەجیهانی بەختەوەردەبێ وبۆهەمیشە لە ئازادی تەناهی دا دەژی...)

بە وتەکانی بەننا کۆتایی بەچیرۆکی ئیخوان لەفەلەستین دێنم ودەڵێم تەنیا ئیخو انی فەلەستین تا هاتنی ئەحمەدیاسین وحەماس وکەتیبەکانیقسام بۆناوئیخوان لەسالانی شەستەکان وتائێستاش کەدژی جولەکەوز ایۆنیەکانن کە جولەکەش پاڵپشتی کراون لەلایەن ڕۆژئاوا، بەڵام هەموو بەشەکانی تری ئیخوان کەم وزۆر بوونە داردەست وخزمەتکاری ڕۆژئاواو ناتۆوئەمریکاو ئەسپی تەڕوادەبوون بۆ گەیاندنی ئەمریکا وهاوپەیمانانی بە مەرامەکانیان لە ئەفغانسان وشیشان وئاسیای ناوەڕاست وهندو یەمەن وکەنداوو ڕۆژئاواو شوێنەکانی تر..

لەو انەشە هەرئەوەبێ هۆی ئەو فەرمودەی کە باسی تائفەی مەنسورەودەستەی سەرکەوتوو دەکا دەفەرموێ ئەوان لەشام لەدەوروبەری قودسن، چونکە جەنگی کۆتایی نێوان مسوڵمان و

ئوممەتانی تردژی ڕۆژئاو ایە،دژی دەجالی جولەکەو ڕۆمە،دژی ڕۆژهەڵات وچین وڕوسیانیە وەک لە فەرمودەکان دەردەکەوێ، بەڵام جەنگی چین وڕوسیا،ئەوەجەنگی ئیماندارانە دوای هاتنەوەی مەسیح وسەرکەوتنی لە ئەوروپاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە یاجوج وماجوجی چینی وڕوسی وهیندی وحەبەشی بۆ دێن وهەموویان لەوجەنگە لەناودەچن..

هـ-E-چیرۆکی ئیخوان لەسوریا:

مامۆستا حەسەن بەننا هەریەک لە مامۆستاعبد الرحمن بەننا ساعاتسازی برای ومامۆستاو محمد أسعد حکیمی نارد بۆ سوریا وفلسطین ولبنان بۆبڵاوکردنەوەی بانگەوازی کۆمەڵەکە ئەمە یەکەم نێردەی ئیخۆوان بوو بۆ دەرەوە ی میسرکەلەبەرواری 5 جمادی یەکەم 1354هـ-بەرامبەر5أغسطس 1935 بوو،ئەمانە پێشەوای تونسی مامۆستاثعالبیشیان لەگەڵ بوو سەردانی سەماحەتی موفتی فلسطین شیخ أمین الحسيني یان کرد وبە گەرمی پێشوازی لێ کردن،پاشان چونە دیمەشق ونامەوپەیامیان هەڵگرتبوو

بۆسەرۆک دامەزراووکۆمەڵەودەزگاکان لەسوریا،لە گوتاری جومعە شێخ عبدالرحمن ساعاتسازی برای بەننا گوتاری لە مزگەوتی ئەمەوی خوێندەوە ،ئەم کۆمەڵانە وازیان لەناوەکانی پێشووی خۆیان هێناو هەموویان لەسەریەک ناوکۆبوونەوە کە بە"شباب محمد".بانگ بکرێن.

کۆبوونەوەکانی ئەم کۆمەڵانە:

-کۆنگرەی حمص لەساڵی 1937 .

-کۆنگرەیدیمەشق 1938لەوکۆنگرەدا بڕیاردرا کە بنکەی سەرەکی ئەو کۆمەڵانەی لاو انی محمد ماڵی ئەرقەم بێ لە شاری حەڵەب.

ئەم کۆمەڵانە لەساڵانی جەنگی دووەم کۆنگرەکانیان ڕاگرت، لەوماوە کۆمەڵەی لاو انی مسوڵمان بە سەرۆکایەتی محمد موبارەک وولە شاری حمس کۆمەڵەی پەیوەندی دینی بەسەرۆکایەتی مستەفاسوباعی ولە شاری حەما کۆمەڵەی بر ایانی مسوڵمان کە محمد حامد لەساڵی ١٩٣٩ دای مەزر اند، هەرئەم مەڵبەندانە بانگەوازەکەیان گەیاندەزۆرلەوڵاتانی ڕۆژئاوالەڕێ ی ئەو خوێندکار انەی کەلەوشار انەوە دەنێردران بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا.

لەساڵی 1943 کۆنگرەی چوارەم لە حمس بەسترا وهەموو نوێنەرانی سوریاولوبنان تیای دائامادەبوون، ودوو رێکخراوی سەرایا وفتوە پێک هێنران ،وە ئاوڕلەلایەنی وەرزش وئابوری ورۆشنبیری وکومەڵایەتی درایەوە، وەفرکردنی کچان یەکێک بووە لەو هەنگاو انەی کەئەم کۆمەڵانە تیایداپێشەنگ بوون.

لەهاوینی 1944 دا بەشی پەیوەندیەکاۆ هەردوو مامۆستایان عبدالرحمن بەننا وعبدالحکیم عابدینی ڕاسپاردکەسەردانی عیراق و ووڵاتە عەرەبیەکانی تربکەن ولەساڵی

(1364ھ/1944-1945م) وە پەیوەندیەکان زیادیان کرد، لەنێوان شام ومیسر.

کۆمەڵەکانی شەبابی محمد لە حەلەب لە مانگی ذي الحجة ساڵی 1364ھ، بەرامبەرنوفمبر 1945کۆنگرەی پێنجەمی گرێداو بنکەی سەرەکی لەحەلەبەوە گواستەوە بۆ دیمەشق و ناوی هەموو کۆمەڵەکان بەفەرمی بووە کۆمەڵەی ئیخوان المسلمین و چاودێرێکی گشتی بۆ هەموو کۆمەڵەکان دانرێ کە مستەفا سوباعی بوو.ئەمە پێشکەوتنێکی گەورەبوو بۆ ئیخوان کەلەهەموو وڵاتەکانی شام ئیخوان بوە کۆمەڵەیەکی جەماوەری..

هەرڕووبەڕووبوونەوەیەک لە سوریولوبنان لەگەڵ فەرەنسیە داگیرکەرەکان بکرایە ئیخوان لە پێشەوە بوون ولە میسربە خۆپیشاندان ومیدیاو گوتارو یارمەتی پزیشکی یارمەتیان دەکردن، بەم شێوە پێش ئەوەی عبدالناسربێ وبیرلە یەکێتی سوریاومسربکاتەوە ئیخوان لە چلەکان ئەم هەستەیان هەبوو،بەننا چاوپێکەوتن ودیداری لەگەڵ شوکری قوتلی سەرۆک کۆماری سوریا کردبوو..

کێشەی فەلەستین ئیخوانی شام ومیسری زیاترلێک نزیک کردەوەو بەننا لە بەرەبەیانی چوارشەممە

13 من جمادی یەکەم 1367بەرامبەر23 مارس1948م، سەردانی سوریای کردو پێشوازیەکی گەرمی لێکرا،

ئیخوانی سوریا ببوە ڕەوتێکی بەهێزی جەماوەری وبارەگاویانەو کتێبخانە دامەزراوی زۆری هەبوون وڕۆژنامەی ڕۆژانەی مەناری لە ١٩٤٦وە دەردەکرد

وەلەهەڵبژاردنەکانی سوریلە١٩٤٧ئیخوانی سوریا زۆرلە ئیخوانی میسرلە پێشتربوون ،تەوادەستیان بەسەرسێکتەری فێرکردن وپەروەردەدا گرتبووەوبەرگریان لە مافەکانی جوتیارو پیشەکاران لەناوپەرلەمان زیاترجەماوەری لە دەورە کۆکردنەوە،.

پاش هەڵوەشێنرانەوەی ئیخوان لە میسروتیرۆرکرانی بەننا ئیخوانی سوریا بەیعەتیان دایە سوباعی کە ببێتە موڕشیدوڕابەر،بەڵام سوباعی قبوڵی نەکردو گووتی لە میسرکەسانی بەهێزهەن بۆئەم کارە.

فەڕەنسیەکان لە ڕێ ی ئەفسەرە دەست نێژەکانیان بەهۆی کردنی چەندین کودەتا ئیشەکانی حکومەیان دەشێو اند کە ئیخوان تیایدا بەهێزبوون ،لەو انەش:

-کودەتای حسني الزعيم لە1949/3/30 دەستنێژی ئەمریکابوو بۆبالادەست بوونی کۆمپانیای تابلاینی ئەمریکێ، تا هەردوو بەندەری عەبادانی ئێران وکوێت بە تەرسوسەوە ببەسترێن .

کودەتای دووەم لە 1949/8/14 سەرۆکایەتی سامي الحناوي وکۆمەڵە ئەفسەرێک کراولە

1949/10/15 هەڵبژاردن کراودووبارە ئیخوان سەرکەوتنی باشی بەدەست هێنا.

کودەتای سێ یەم لە بەروارى

1949/12/18 کە عەقید فەوزی سلوبوو

لە 1951/11/29 دا کودەتای چوارەم کرا بە سەرۆکایەتی عقيد أديب الشيشكلي،

شیشکەلی بارەگاکانی ئیخوانی هەموو داخستن .

لە 1954/2/24 دا دەسەڵاتی دیکتاتۆری شیشکەلی ڕوخاو هاشم ئەتاسی دەوڵەتی دەستوری دامەزراند.

لەساڵی ١٩٦٣ بەعسیەکان هاتنە سەرحوکم ،لەحەفتاکانەوە تا ئێستا بنەماڵەی ئەسەد سەرۆکایەتی سوریا دەکەن ولەحەفتاکان ئیخوان شۆڕشی حەمایان کرد ودوای کوشتن وبڕین وگرتن ،زۆربەیان ئاوارەی ئەردەن وسعودیە بوون، لەوێ تەنتاوی وسەواف بوونە هاوڕێ وڕاوێژکاری پاشاوشازادەکانی سعودیە...

و-F-چیرۆکی ئیخوان لە ئەردەن:

کاتێ کۆمەڵەی ئیخوان لە کۆنگرەی ١٩٤٥دا بانگهێشتی لە دەوڵەتانی عەرەبی کرد، شاعبدالله ی یەکەمی ئەردەن بەنوێنەری تایبەت بەشداری کرد،عبدالحکیم عابدینی وەزیربوو، وەپاشا داوای کردبوو کەنازناوی وی باشاوات بدرێتە بەننا، بەدرێژایی ژیانی بەننادوای بەنناش کەمترین پێکدادان لە نێوان حکومەتی ئوردن وئیخوان داڕووی داوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە ئەردەن وڵاتێکە لەسەریارمەتی دەرەکی وسوڵ وسەدەقە دەژی،بۆیە ئیخوان نەی دەویست خۆی لە وڵاتێک بدا کە پرۆژەکەی تیای داهەرەس دێنێ بۆیە هەوڵی هاتنە سەرحوکم ڕانی نەدەدا،شاش ئەم ڕاستیەی دەزانی، لەساڵی ١٩٨٩ ئیخوان بەرەی کاری ئیسلامی ڕاگەیاند،لەساڵی ١٩٩٣دانی پێدانرا، کاری ئیخوان لە ئوردن تێهەڵکێش بوو لەگەڵ کاری حماس لەفەلەستین ورۆژی کۆڵانی پشتەوەی حەماسی دەبینی...

ز-G- چیرۆکی ئیخوان لە لوبنان:

لوبنان لە 22 نوفمبر1943 وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ ناوی کۆماری لوبنانی لێنرا،بەهۆی بوونی فرەدینی ومەزهەبی و مل ملانێ ی بەردەوام لەنێو انیان ئەم یەکە ئیداریە جیابوو لە بەشەکانی تری شام،

ئیخوان بەگیانی پێکەوەژیان لەگەڵ نامسوڵمانان ومەزهەبەکانی ترچوونە لوبنان تا نەهێڵن ئەووڵاتە دابڕێ لە کێشە عەرەبیە چارەنوسازەکان،ئیخوان بەشداری هەموو جوڵانەوەکانی ئەو وڵاتەبوو دژی داگیرکاری تا لوبنان سەربەخۆیی خۆی وەرگرت.

لەمانگی

محرمی 1363 یناير1944دا ماڵی ئیخوان پێشوازی لە سەرۆک وەزیرانی لوبنان کردکە ریاض الصلح بوو، لەوکۆبونەوە بەننا لە گوتارێکدا گوتی "دەمانەوێ کرداری بین وکردەوەکانمان دەربڕی بیرۆکەکانمان بن،یەکێتی عەرەبی ڕاستیەکی پایەداروپێویستی بە سەلماندن نیە ئەوەی دەستی اللە پێکی هێناوە،دەستی مرۆڤ ناتوانێ تێکی بدا،ئێمە یەکیەتیەکی جوگرافی وزمانەوانی وئابووری وڕۆشنبیرین، ئازارو خۆزگەو ئومێدو خەونە دێرینەکانمان کۆمان دەکەنەوە،،،،)

هەرلەساڵی ١٩٣٧وە لوبنان نوێنەرو لقی تایبەتی لە لێژنەی دامەزراندن دا هەبوو، وەکە عبدالرحمان بەننای برای بەننا چوبۆ شام لەساڵی ١٩٣٥ ،لەهەموو لێژنەکان لوبنان بەشداربوون ،ولە هەموو چالاکی وخۆپیشاندان وڕووبەڕووبوونەوەکان بەشداربوون و بەننا وکۆمەڵەکەی لە هەموو پێک هەڵپرژان وڕووبەڕووبوونەوەی لوبنانیەکان لەگەڵ فەڕەنسیەکان ،بەگوتارو خۆپیشاندان لە گۆڕەپان ومزگەوتەکان وگوتاری میدیاکان باسی لوبنانی دەکردونامەی بۆ باڵوێزەکانی فەڕەنساو ئەمریکا دەناردوسەرکۆنەی سەرکوت کردنەکانی دەکردو لێژنە پزیشکی وفریاگوزاریەکانی ئیخوان لەمیسریارمەتی لوبنانیان دەدا،دوای نەمانی بەنناش سوریاولوبنان لە ژێرفەرمانی سوباعی دابوون، کە فەتحی یەکەن وکۆمەڵەی ئیسلامی دەرکەوتن لوبنان جێگایەکی تایبەتی لەناو ئیخوانداداگیرکرد..

ح- H- چیرۆکی ئیخوان لە سعودیە:

سعودیەکان لەنەجد دەژیان کەلەچەند تیرەیەک پێک هاتبووکەهەریەکەیان فەرمانڕەوای خۆیان بوون،لەم بارودۆخە محمد عبدالوهاب 1703- 1791 دەرکەوت وبز اڤی وەهابی دامەزراند ولەگەڵ محمد مێرخانی سعودی ئیمارەتێکیان پێک هێنا .

لەسەردەمی عبدالعزیز آل سعود داهەموو نەجدو حجازی یەک خست لە ساڵی 1926دا وناوی نا مملکەی عربیەی سعودیة لەساڵی 1932دا وکانت العلاقة بین مصروالسعودیة،پەیوەندی نێوان میسروسعودیە ئاڵۆز بوولەسەردەمی شا فوئادی میسردا.

یەکەم پەیوەندی نێوان بەنناوسعودیە لەوکاتەوەهات کە محب الدین خەتیب داوای کرد کە بەننابۆ مامۆستایی بچێتە خوێندنگاکانی سعودیە،ئەم پرۆژە لە ١١-١٩٢٨دابوو،بەڵام ئەم سەردانە سەری نەگرت چونکە شانشینی میسر بەفشاری بەریتانیا جارێ دانی بەفەرمی بوونی شانشینی سعود دانەنابوو،لە چوارچێوەی سیاسەتی پەرتکەوزاڵبە.

پاش دامەزرانی ئیخوان وهاتنەوەی بەننابۆ قاهیرە ئیخوان سەفەری حەجی کردە ناوبەرنامەی بانگخوازی لە کۆنگرەی سێ یەم کەلە12 ذي الحجة 1353/ 17 مارس 1935دا.

بەننا سوربوو لەسەر بەجێهێنانی فەرزی حەج وئیخوانی هەڵدەنالەسەربەجێگەیاندنی حەج،لەساڵی، 1354/ 1936دا بەنناوسەدکەس لە ئیخوان کە لەناویاندا١٨ژن هەبوون لەرۆژی یەکشەممە بەرەوسعودیە بەرێ کەوتن و رۆژنامەی فەرمی ام القری هەواڵەکەی لە

14 مارس 1936 بڵاوکردەوە، لە ژێر مانشێتی

"على الرحب والسعة" دەڵێت" کەشتی کەوسەر بە کۆمەڵێک حاجی میسریەوە کە پێک هاتوون لە کەسایەتیەبەرێزەکانی میسر کە تائێستا رۆژگارنەی هێشتوە چاومان پێ یان رۆشن بێ ولەناویشیان دامامۆستای گەورە حەسەن بەننا ی رێبەری گشتی کۆمەڵەی ئیخوان المسلمین و ،،،،،، کەهەموویان ئەندامی کۆمەڵەی ئیخوان المسلمین))

مامۆستا محمود عبدالحلیم لە کتێبی مێژووی ئیخوان المسلمین دا دەڵێ:

مەبەست ونیازی مامۆستا هەموو لەسەربینینی نێردەوەفدی وڵاتانی مسوڵمان بوولەهەموو چین وتوێژەکانی نیشتمانی گەورەی ئیسلام لە جیهاندا،تالە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخ وکێشە وخۆزگەونەخشەکانیان بێ،ئاستی ژیاروڕۆشنبیریان بزانێ، بزانێ داگیرکارلەوولاتانە چەند بەزەبروزەنگە، وەچەندە لە ئیسلام وپەیوەندی ئیسلام بە ژیانەوە تێگەیشتوون.

شاعبدالعزیزساڵانە کۆنگرەی لەگەڵ ئەووەفدانە دەبەست کە دەهاتن بۆحەج،کۆنگرەیەکی گەورەبوو،،ئیخوان کات وشوێنی کۆنگرەکەیان دەزانی،،بەننا وسەدکەسەکەی لەگەڵی بوون هەموویان جلبابی سپی وکلاوی سپیان لەسەرنابوو ،هەموو یەک بەرگ وشێوەبوون، کاتێ چوونە کۆڕەکەوە ئامادەبو انیان بە دیمەنەکەیان سەرسام ومەندەهۆش کرد،یەک شێوەوجل وهەموو بەیەکەە هەنگاویان دەنا،،ڕابەری گشتی لەناوەڕاستیان دابوو، ئەوان لە پشتەوەی دانیشتوان دانیشتن وکۆنگرەکە بە بەخێرهاتنی میو انان لەلایەن نوێنەری پاشاوە دەستی پێ کرد.

، پاشان نوێنەری هەرولاتێک هەستاو پەیڤی ولاتەکەی پێشکەش کرد،محمدحسنین هیکل پەیڤی میسری پێشکەش کرد،خەڵکە دانیشتوەکەش لەنێوان نوستوو وباوێشک دەربوون، تانوێنەرەکان پەیڤەکانیان تەواوکردو پاشان ڕێدراخەڵکی ترقسەبکا، بەنناهەلەکەی قۆستەوەو چوەسەرسەکۆودرێژترین پەیڤ پێشکەش کرد، تاکە پەیڤێک بوو کە خەڵکی بێدارکردەوەولەکۆتایی دانوێنەری ولاتان و وەفدەکان هەموویان باەشیان لێداودەیانەویست زیاتربیناسن ولێ ی فێربن..

دووەم گەشتی حەجی مامۆستا دوای نۆسالْ لەوگەشتەبوو کە لەسالْی

5 ذي الحجة 1364/ 10 نوفمبر1945دابوو، بەم بۆنەوە نێردەی ئیخوان لە یەکێ لە ئوتێلەکان لە مەککە ئاهەنگی گێڕا،و وەزیرو گەورە پیاووبازرگان ونوێنەری ولاتان بانگ کران، وە لەناوشازادەکانی ئال سعود مەنسورو عبالله ی کوڕی فەیسەڵ لەجیاتی پاشای سعودیە وجەماوەرێکی زۆرئامادەبوون.

لەوسەردانانەی کە ئیخوان گرنگیان پێدا،سەردانی فاروق پاشای سعودیە بوو بۆ کۆبونەوەلەگەڵ شای سعودیە،ئیخوان ئەم هەلەیان قۆستەوەوداوای یەکێتی عەرەبی وهەموو عەرەب یەکگرتوو بن بۆ داواکردنی سەربەخۆیی ولاتانی عەرەب. .

هەروا ئیخوان لە پێشوازی شا عبدالعزیزیش لەسەردانەکی بۆ میسرڕۆڵی گەورەیان هەبووجەختیان لەسەریەکێتی عەرەبی کرد.

مەڵبەندی گشتی ئیخوان لە ڕۆژی سێ شەممە 28 رجب 1366هـ-27 یونیە 1947 کۆنگرەیەکی ئسلامیان گرێدا بەبۆنەی ئیسراومیعراج ونوێنەری هەموو ولاتانی ئیسلامی تێدابەشداربوون.

لە حەجی سێ یەمی بەننداکەلە

نوفمبری 1946 ذو الحجة 1365دابووشا عبدالعزیز آل سعود ئاهەنگ وکۆبونەوەیەکی گەورەی بۆ حاجیان ڕێک خست و ئیخوان وڕابەرەکەیانی بانگ کرد وپاشالەبارەی فەلەستینەوە پرسیاری لە بەنناکرد کە ئەوکێشە چۆن چارەدەکرێ؟ ،بەننا لە ولامدا گوتی:بەباشیی نازانم سوپای دەوڵەتە عەرەبیەکان بە سوپاکانیان بەشداری ئەوشەڕە بکەن،بەڵکو تەنیا پشتگیری هۆزە فەلەستینیەکان بکرێ و پارەوچەک وخۆراکیان بۆ دابین بکرێ، و جەنگی پارتیزانی بکەن..

لەحەجی چوارەمی بەننا داکەلە

سبتمبری 1948دابوو ،حزبی سعدی ویستیان لەو سەفەرەدا تیرۆری بکەن لە حەجدا،بەڵام سعودیە ئەم کارەی پەت کردەوو پاسەو انیەکی توندی لە شوێنی مانەوەی بەننا کردوئۆتۆمبیلی تایبەتی بۆ دانا، ،بۆیە بەننا لە 28 نوفمبر1948دا گەڕایەوە قاهرە.

لەسەردەمی دوای بەننا،شاعبدالعزیز لەکاتی حەجی ڕابەری دووەمی ئیخوان حسن الهضيبي کەلە یونیو1954 دابوو، فڕۆکەیەکی تایبەتی لە خزمەتدا دانراولە دوای حەج گەیەنرایە شام .

لەسەردەمی شا فەیسەڵی کوڕای شاعبدالعزیز (1964 - 1975)، دا چالاکی ئیخوان لە سعودیە زۆرزیادی کرد وشاهەوڵی دا کەنەیەڵێ سەید لە سێدارەبدرێ، دوای لە سێدارەدانی سەید شا فەیسەڵ فرمانی کرد کەهەموو نوسراوەکانی سەید زۆربەبەرفراو انی وبەژمارەی زۆر چاپ بکرێن، وەخانەوادەی سەید وبەتایبەت محمد قوتب لە زانکۆی ئوم القرێ لە مەکە تا لە لەم دو ایبانە کۆچی کرد لە مەککە هەرمامۆستای زانکۆبوو،،وە دوای دەرچوونی ئیخوان لە گرتووخانەکانی میسرزۆربەیان گەشتیان کردبۆ سعودیە ولەوێ بوونە مامۆستاوڕێنوێن لە دام ودەزگاکانی سعودیە،ژمارەیەکی فەرمی بۆلایەنگرانی ئیخوان لە سعودیە نەبووەو هەرگیز بنکەو میدیاو چاودێری گشتیان لەوێ نەبووە.بەڵکووەک لە نوسینەکاانیان دەردەکەوێ کە هەرئیخوانیەک لە میسرەوە هاتبێ وازی لە پەیکەری ڕێکخستن وکۆبوونەوەو خەڵک بانگ کردن بۆناوڕێکخراوی ئیخوان هێناوە، گوایە ئەوڕێکخستنە تەنیالە میسردا پێویستە،بەڵام دیارە ئەووازهێنانە بە زۆری بەسەرئەو بانگخوازانەدا سەپێنراوە..

—

بابەت وپێزانینی دیکە لەنێوان ئیخوان وسعودیە زۆرن بەڵام ئەوەی ڕابوورد پوختەی چیرۆکەکەیە، ئەم چیرۆکەش پێویستی بە شیکردنەوەهەیەو نابێ هەرو ابە ڕووکەشی وەرگیرێ، شرۆڤەکەشی لەم خاڵانە پوخت دەکەمەوە:

١-ڕێکخراوی لاو انی مسوڵمان ڕێکخراوێکی سەلەفی سعودی بوو، هەرکە بەننا ئیخوانی دامەزراند، ئەوڕێکخراە دەیانویست بەننا وەک مامۆستا بچێتە سعودیە ولە پتەوکردنی ئەوکۆمەڵە نوێ یەی دووربخەنەوە،بەڵام شافوئادی میسر١٩١٧-١٩٣٦ ڕێگای نەدا،چونکە لەگەڵ شای سعودیە هاوبڕێ یان هەبوو.

٢-چوونی یەکەمی بەننا لە ساڵی ١٩٣٦دا چەند و اتایەکی لێ وەرەگیرێ لەو انە:

-ئیخوان کەهەرلەسەرەتای دامەزرانیان پابەندی حەڕاو ئەرقەم وخوێندنگای پاڵفتە وسەفا کردن وبەجەماوەری کردنی بانگەوازو بنیاتی مزگەوت ولە م بابەتە کەدەیانەوێست هۆکاروشێوازەکانی سوننەت وڕێ وشوێنی پێشەوای یەکەم محمد علیه السلام دووبارە زیندووکەنەوە بەڕووە سیاسیە جیهادیە بانگەوازیەکەی ،جایەکێ لەوهۆکارانەی بۆ بانگەوازیش بەکارهێنرابوو قۆستنەوەی کاتی حەجکردن بوو، ئەوکاتی حەج کردنە کە دەعوەی محمد عبدالوهاب بەدرێژایی سەدان ساڵی هەرسێ دەوڵەتەکەی سعود سودێکی وای لێ نەکردووە، ئیخوان ویستی لەو حەجەدا بەدوای ئەوس وخەزرەج و مەدینەی سەرلە نوێ بنیاتی دەوڵەت دابگەڕێ، بەننا بە سەد کەسی جل سپی کلاوسپی بە نێردەوو وەفدو پاشاو وجەماوەری جیهانی ئیسلامی گووت کە ئێمە کۆمەڵێکی سپی پاک وبێگەردین،مێشکمان سپی یە ،بە هەنگاونانی پێکەوە بەخەڵکەکەی گووت کە کۆمەڵێکی ڕێکخراوین وناکۆکیمان لەناونیە، بەبوونی ڕابەربەننا لەناوەڕاست پێ ی گوتن کە سەرکردەو ئیمام وەک دڵ لەناوماندا گوێ لێ گیراوو بەڕێزەو شوێن کەوتو انی بۆی قەڵغانن، بە ئەوەی کەلە کۆتایی خەڵک دانیشتن ،ئەوەی پێگوتن کە خۆبەکەم گرین، پەلەمان نیەو بەئارامین ،ڕیزی خەلفی هێمای خەلافەتە، وە ئەوەش دەگەیەنێ کە ئەو سەد کەسە لێدەگەڕێن کە باخەڵکانی دی قسەی خۆیان بکەن وساحیرەکان پەتەکانیان نمایش کەن، ئەوان سەد کەسن،هێمایە بۆ سەدساڵی ئایندە کەبانگەوازەکەیا ن تیایدا دەچێتە سەد وڵاتەوەو تیایدا دەبنەنوێکرەوەومجدد، ئەوان داوی پەتی ساحرەکان عەسای موسان وسەرنجی هەمووان لەوتارێک لە پەراوێزی کۆنگرەکە بۆلای خۆیان ڕادەکێشن، وەفدەکان لە وای وتارەکە بەننایان لەباوەش گرت،هێمایە بۆلەباوەش گرتنی ئیخوانی بەننا کەوڵاتانی ئەو وەفدانە ئەوە سەدساڵە لەباوەشیان گرتووەبە سپێتی وپاکێتی وهەژارەکانیان نایانەوێ وازی لێ بێنن بەڵام سەران وحوکم ڕانەکانی دەست لەملانەی وەفدەکانیان لەگەڵ بەننا و اتە ئەو انیش بۆوسەدساڵە لەگەڵ مل ملانێ لەگەڵ بیرۆکە وڕۆشنبیری ئیخوان ڕووبەڕووەبنەوە.

٣- پرسیارەکەی شاعەزیزلەبەننا لەمەڕفەلەستین، پرسیاری خۆی نەبوو، بەڵکو پرسیاری ئینگلیزو ئەمریکاو شای میسرو شاکانی تری ناوچە بوو، وڵامەکەشی وەرگرت وگەیاندیەوە ئاغاکانی ،لەشەڕی ١٩٤٨بەقسەی بەننایان نەکردو سوپاکان چونە ناوجەنگ بەنیازی پیشاندانی ئەوەی کە دەوڵەتی ئیسرائیل قەدەری ئیلاهیەو باکەس خۆی بەشەڕی ئیسرائیل وداگیرکەران خەریک نەکاو جگەلە بەزین وڕەنجەڕۆیی هیچ دەرەنجامێکی تری نیە، ئەم پەیامە

وەرە ڕوخێنە بۆڕوخاندنی هەوڵی قەسام وعبدالحمیدی عوسمانی وبەننا وکەسانی هاوشێوەی ئەوان بوو کەتارادەیەک سەرکەوتووش بوو و دەوڵەتی ئیسرائیل ئێستا بۆتە ئەفسانەیەک کە شکان ولەناوچوون وبگرە هەرجەنگ لەگەڵ کردنیشی مەحاڵەو تێکشکان وهەڵوەشانی مسۆگەرە.

٤-کاتێ بەننا لەحەج بوو سعودیە زانیبوی بەننا دەکوژرێ ،بەڵام نەیانویست لە سعودیە بێ، سەعدیەکان دەیانویست لە جیاتی ئیمام یەحیای پاشاو خونکاری یەمەن کەبەدەستی قوتابی وهەوادارێکی بەننا کوژرا لەتۆڵەی ئەو بەننا لە سعودیە بەدەستی یەمەنیەکان بکوژرێ ،بەڵێ ئەفغانی وبەننا لێرەش قەدەرێکی هاوبەشیان هەبوو ،کە کرمانی پاشای ئێرانی کوشت و عبدالله وەزیریش پاشای یەمەنی کوشت،هەردووکیان لەداردران، کە ئەفغانی بە هۆی ژەهری ئێرانیەکان لەسەرپاشاکەیان تیرۆرکرابێ ،بەننا ش لەسەرشای یەمەنیەکان بکوژرێ.

٥-سەیری شاعەزیزکەن کە نێوانی ئیخوان وعبدالناسرخۆشە چۆن فرۆکەیەک لەبەردەستی هوزەیبی دادەنێ ودەی نێرێ بۆشام ،ئەمە بۆئەوەبوو تا شۆڕشی میسربە ئیمان وڕەوشت وزوهدی ئیسلامی موتورب نەکرێ ،چونکە موتوربکرانی شۆڕشی چینی کرێکاروپیشەکاران بە ئیمان ودین وزوهدی ئیسلام وای دەکرد وەک چۆن ئێستا لیبرالی ودیموکراتی وعەلمانی وسەرمایەداری ئیمانداروئیسلامی ومەسیحی هەیە، ئەوکاتەش ئەوموتوربە دەبووە هۆی ئەوەی کۆمۆنیزمی ئیماندارو سۆشیالیستی ئیماندارهەبێ ،خۆبیرۆکەی ئیلحاد بەشێکە بەزۆری خراوەتە ناوکۆمۆنیزمەوەو بەشێکی ڕەسەنی ئەو بیرۆکە نیە، بەزۆریش ناوەندەکانی سەرمایەداری وئیمپریالزم ولیبرالی ڕۆژئاوا بۆئەوەی تەمەنی کۆمۆنیزم کورت بێ ودژی فیترەتی مرۆڤ بێ ئەم ئیلحادەیان بەسەرکۆمۆنیزم داساغ کردەوە،ئەگەرنا زۆرێک لە فەیلەسوف وحەکیم و سۆفی وموسلیحە ڕادیکالیە ئیماندارەکان باسی چند بنەمایەکی ژیانی هاوبەش وکۆمۆنیان کردوەو دینەکانیش بەتایبەت ئیسلام خاڵی نیە لەخاڵی هاوبەشی ئەرێنی لەگەڵ ئەو ژیانە هەرەوەزیە، بەڵام ڕۆژئاوالەوەدەترسا کەشۆڕشی کۆمۆنی موتورب کراوبە ئیمان سەری شۆڕشی ماوو بەڵشەفیش بخواو کۆتایی بەسەرمایەداریش بێنێ ،چونکە ٨٠٪ی گەلانی جیهان چینی کرێکارو هەژارنوچونیان بۆناو سیستەمێکی لەو جۆرە زۆربەهێزە.

پێم خۆشە کە خاڵێک لە پێشبینیەکانی ئەفغانی باسم کردوەلێرەش دوبارەی بکەمەوە چونکە بەننا ووئەفغانی دوو لقی یەک درەختن..

ئەفغانی لەگوتاروئاڕاستەکردن و ڕاوێژکردنەکانی بە پاشاوسوڵتان وسیاسەتمەدارەکان، هەواڵی ئەوەی دابوو کە پرۆژەی سەروەریەکی هەرەوەزی وهاوکاری هاوبەشی وسۆشیالیزمی بۆ جیهان بەڕێوەیە، ئەوژیانی سۆشیالزم وهەرەوەزەی کەخۆزگەوبریاو خەونی هەموو مرۆڤایەتی وکاریزماودینداروو پێشەنگە ئیماندارەکان بووە، کەچی لەوان دزراوەو کراوەتە خەون وخۆزگەی ماركس ولینین .

ئەڤغانیش یەکێک بوو لەو انەی پێشبینی هاتنی پرۆژەیەکی سۆشیالزمی جیهانی کردبوو کەلە لەئاکامی ئەوهەموستەمەی کەلەسەدەکانی هەژدەونۆزدە کر ابوو لە میللەتان بەناوی ئیستعمارو ئاوەدانیەوە بەم هەواڵە گەیشتبوو نوسراوو ڕێ وشوێن وبورکانە شۆڕشەکانی گەلان وجەماوەری تینوی بۆ ئەم شۆڕەشە لەهەموو جیهان بینی بوو لەناو فەرمودەو ئایەت ودەقە دینیەکانیشدا مەشخەڵ وڕێنوێنی ئەم شۆڕشەی بەدی کردبوو،دینەکان وبەتایبەت ئیسلام کە بۆ بەرقەرارکردنی ژیانی پڕادوپێکەوەژیان وهاوکاری وهەرەوەزی وهاوبەشی کۆمەڵگا لەسەرپارێزر انی مافی ژیانیان وپارێزر انی بیروباوەڕوسەربەخۆیی وئازادییان لە هەڵبژاردنی دین وپاراستنی چالاکی عەقڵ وبیروهۆش و ماڵ وسەروەت وسامان و وەچەو بنەماڵەوناموسیان وبەرهەم وبەها مادی ومەعنەوی وپیشەییەکانیان وپاراستنی پاکێتی ژینەگەو وڵات ودەوروبەریان وسەروەری نەتەوەونیشتمانیان ودەستەبەرکردنی دادوعەدالەت بۆ هەمووان هاتوون، بۆیە پرۆژەی سۆشیالیزمی کۆمەڵایەتی وئابووری وپیشەیی زۆرلە ڕوحی دینەکان وبەهائاسمانیەکان نزیکترە لە بنەما ئیلحادی وبێ باوەڕیەکان ،ئیلحادەکان زۆردوورن لە هەرەوەزی وهاوبەشی ،چونکە مولحد کەسێکی خۆپەرستە ،هەرەوەزی وهاوبەشێتیش پێویستی بەڕووحی خۆنەویستی ولەخۆبووردەیی وخۆنەبوێری هەیە، کە ئەمە لەناو دینەکان وبەتایبەت ئیسلام دا هەیە کە:

- خەڵکی کە هەموویان لە یەک دایک وباوکن لە ڕەچەڵەکدا کە ئەمەش ڕێ لەهەموو جیاکاریەکی نەژادی وڕەگەزپەرستیەک دەگرێ، وەهەموویان یەک بەدیهێنەریان هەیە کە ئەمەش ڕێ لەهەموو جۆرەکۆیلایەتیەکی مرۆڤەکان بۆ مرۆڤێکی تریان بۆ دیاردەو هەر دروستکراوێکی تردەگرێ..

- سامان ودارایی لە بنەڕەت دا هی پەروەردگاری بەدیهێنەرەو مرۆڤەکان خاوەنی ڕاستەقینە نین وجێ نشینن ،ئابەم شێوەش جیاوازی چینایەتی ودەوڵەمەندی وهەژاری دەبێتە هەلێک کە بقۆزرێتەوە بۆ یارمەتی ودەستگیرۆیی وکەس لەسەر بنچینەی دەوڵەمەندی تەقدیس ناکرێ.

- هەڵنان وپاداشت دانان وخۆشەویست بوونی چاکەکارو بەخشندەو قوربانیدەران بەسەرومااڵ وکات وز انست ولێهاتوویی لای پەروەردگاریان وادەکەن کە ژیانی تاکەکان وچینەکانی کۆمەڵگا یەک پارچە ببێتە هەوڵ وکۆشش وپێشبڕکێ لە چاکەوبەخشین وقوربانی دان دا.

- ئەوهەڕەشەو بەسوک سەیرکردن وقێزەون کردن وبێز اندنی سیفەتەکانی حەسودی وئیرەیی وچروکی وپیسکەیی وڕەزیلی ودەست پان کردنەوەوچاوپیسی وخانەگومانی وخۆپەرستی وبێ وەفایی وچاوچنۆکی وهەموو سیفەتە بەدو نەخۆشیە هەوڵوەشێنەرەکانی ناوکۆمەڵگا لەڕو انگەی دینەوە وەدەکا کە دین ڕێگای هەرەوەزی ودۆستایەتی لەباربکا بۆ کۆمەڵانی خەڵکی مرۆڤایەتی..

- ستایشکران وبەبەڕێزڕاگرتنی سیفەتەکانی ڕاستگۆیی وچاوتێری وبەخشندەیی وداوێن پاکی وڕەوشت بەرزی وفیداکاری لای دینەکان هێڵەکانی ژیانی هەرەوەزی وهاوکاری وژیانی هاوبەش بەهێزو پتەودەکا..

..--

بەڵام ناحەزو دووژمنەکانی ئەڤغانی زۆرجاربەم تۆمەتە تۆمەت باریان دەکرد،بەڵام شۆڕش وسەرهەڵدانە هاوبەشیەکەی ئەفغانی بێ ئیمان و مولحیدنەبوو ،پڕەنسیپ و پاگراوندەکانی ،ئیمانی بوون، پاڵنەروڕێساو هێڵەگشتیەکانی ڕەبانی وپڕمەهرەبانی بوون،لەو ئایەت وفەرموودانەوە هێڵە گشتیەکانی دارشتبوو کە باسی هاوبەشی هەموو ئوممەت وگەل ونەتەوەدەکەن لە ئاووسەرچاوەئاویەکان وئاگروسەرچاوەکانی وزەو لەوەڕگاوشاخ وداخ ودارستان وسامانی سروشتی.

ئەو فەرموودانەی باسی ئەوەدەکەن کە مرۆڤەکان خاوەن سامان نین وتەنیابریکارن،هەموو شاروگەڕەکێک لە مردنی هەژارێک بەرپرسن کە لەبرسان بمرێ، ئەو فەرموودانەی کەباسی ئەوە دەکەن کە مرۆڤ پشت وبارەبەری زیادی هەبێ دەبێ بیداتە ئەو انەی بارەبەریان نیە ،کە خانووی زیاد وئافرەت وکاردابین بکرێ بۆ ئەو انەی خانوو وژن وکاریان نیە ،زەکات وبەخشین

وسەرانە کەلە سەردەوڵەمەندان دانراوە پاکانەیەکە بۆیان ودەبێ سوپاسی ئەو هەژارانە بکەن کە لێ یان وەردەگرن..

دیکتاتۆریەت وتاکرەوی و جینۆساید وشمولیەتی ئاگروئاسن نەبوو، ئەوخەونە دەکرا لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێ، لەجیاتی ئەوەی لە ڕوسیاوچین بێ، بەڵام ئەم خەونەش بردراو لە ڕێ لادراو دزراو بۆیەی بێ باوەڕی لێدرا، وەخێرو خۆشیشی بۆکەس نەهێناو کارەساتێک بوو بۆ زۆرلە میللەتان.

من سەرم لە دوو دەستەواژە سوڕماوە.

لە ناونانی بیری گۆڕانی ڕیشەیی بەچەپ و ناونانی ڕەوتی گۆڕانی سست وهێواش وبەش بەش بە ڕاست!!

دەستی ڕاست لە مرۆڤ دا هەمیشە گۆڕین وکردارەکانی ڕیشەیین وشمولی وگشتگیرن ،دەستی ڕاست دەستی شمشێرو تفەنگ و شوفێری ونوسین ولێدان وپێ کێشانە،بۆ دەبێ شۆڕش بدرێتە چەپ کە دەستێکی دەستەوستانە؟؟

وەسەرم لەوەش سوڕماوە کە بۆچی بیرۆکەو گرگوێ ی ئیلحادو بێ باوەڕی سواری شەپۆلی هەرەوەزی وهاوکاری ودەستبارلەگەڵ یەککرتن وهاوبەشێتی بووە کە ئەم جۆرە ژیان وهەڵس وکەوتە کاکڵ وڕوحی ئیماندارانە ودینەکان فرمانیان پێ کردووە؟ بەڵکو مرۆڤی بێ باوەڕ هەرئەوەی لێ دەوەشێتەوە کەسواری سەرمایەداری بەرژەوندی پەرست ومەسڵەحەت چێتی وخۆپەرستی و دیماگۆجیەت ومیکیاڤیلی وخۆپەرستی بێ وببێتە مشەخۆری جیهان !!

بۆیە ئەو چەمک وتێگەیشتنانە لەو انەن کە پێویستە ڕاست بکرێنەوەو چی ترئەم هەڵە تێگەیشتن وبەکارهێنانە نەمێنێ.

٦- وەک باسم کرد کە ئەوەی ئێستا سعودیەکان ئەمرۆ ئیخوان لەناو لیستی تیرۆر دادەنێن و دێوو دوژمنیان نوسراوەکانی سەید قوتب ومحمد قوتبن وبەتاکە سەرچاوەی قاعدەو تیرۆریان دەزانن لەگەڵ کتێبەکانی ئیبن تەیمیە، کەچی لە شەستەکان تا کۆتایی هەشتاکانیش بە درێژ ایی سی ساڵ ئەم نوسراو انە ئەوان چاپیان دەکردن وبڵاویان دەکردنەوە، ئیخو انی دوای بەننا تا کۆتایی نەوەدەکان ووای دووهەزارودەیش هەرگلێنەی چاوی کەنداویەکان بوون،بەڵام دوای بەهاری عەرەبی هاتنی و خستنی حوکمی تونسو میسرولیبیاویەمەن وشۆڕشی سوریاو شۆڕشەکانی وڵاتانی کەنداو، ئەم جارەش شێخەکانی کەنداو ترسیان لێ نیشت کە ئیخوان

هێشتا تر اقەکەی بەنناین تێدایەو تەواو کۆنترۆڵ نەکراون وئەو دەیان ساڵە دورخستنەوەیان لە پەیکەری ڕێکخراوەیی وهەرەمی وکمڕانی هێشتاش خەونەکەی لە مێشک نەبردوونە دەر..

کەنداویەکان زۆرهەوڵان دا ئیخوان بکەنە دامەزراوەیەکی بێ تر اقەی خێرخوازی وئاشتی خوازی ومەدەنی ، لە فەلەستین دووریان خستەوە، پاشان جیهادی ئەفغانی وعبدالله عزام وئحمەد شامسعود وڕبانی لەمپەربوون لە ڕێی ئەم پرۆژە بەهاوکاری هەواڵگری ،کەنداوو پاکستان وقاعدەو ئەمریکا ئەو انیش تیرۆرکران، بەڵام پاش ئەوە مانگە هەنگوینیە هاوپەیمانیەکەیان زۆر دردێژی نەکێشا کە بەتەکتیک بێ یان بەڕاستی لێک هەڵوەشان وتالیبان وقاعیدە بوونە دوژمنی بەرەی لیبرالی ودیموکر اتی وشێخ نشینی وسەرمایەداری وسەلەفی پترۆڵی ...

طگا-I - چیرۆکی ئیخوان لە میرنشینەکانی عەرەب:

ئیخوان لە دوای تیرۆرکر انی بەنناو ئاوارەبوونیان لە میسر چونە ناوئیمارات،لە ساڵانی پەنجاوشەستەکانەوە ئیمارات پیوستی بە قازی ومامۆستاو کارمەند انی هەموو بوارەکان بوو بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی کارگێڕی پەروەردەیی ،هەربۆیە ژمارەیەکی زۆری ئیخوان لە ولاتانی عەرەبیەوە چوونە ئیمارات،وەبوونە خەڵکێکی کاریگەرو بڕیاربەدەست لەو ولاتە،لە حەفتاکان کە خوێندکارە ئیماڕاتیەکان پێگەیشتن،ئەو انیش بەهەمان بیرکردنەوەی ئیخو انی کۆمەڵەی چاکسازی وئاڕاستەکردنی کۆمەڵایەتیان پێک هێنالەساڵی 1974.

فەرمانڕەوای دوبەی شیخ راشد آل مکتوم- لە پشت ئەم ڕێکخراوەبوو بۆیە هەرزووهەموو ولاتەکەی تەنیەوەو فەر انڕەوای ئەبوزەبی شیخ زاید آل نهیانیش هاتە ڕیزی پشتیو انانی.

وەلەعەجمانیش کۆمەڵەی ئیرشادی ئیخو انی دامەزرا.

لە حەفتاکان تا کۆتایی نەوەدەکان زۆربەی وەزارەتەکانی ئیمار اتەکانیش هەربەدەست ئیخو انەوەبوو.

خاوەنی میدیای خۆیان بوون بەڵام لەو هەمووکاتە هێرشی میدیای ئیخوانە ئیماراتیەکان ودوژمنی سەرسەختیان نەتەوەییەکانی عەرەب وشۆڕشگێڕوچەپڕەوەکان بوون، دژایەتی ڕۆژئاو ایان تەنیا لە شاردنەوەی داردەی سوخۆری وڕبادەکردلەژێرناوی سەودای ئیسلامی.

لەناوقوتابخانەوزانکۆکانیش ئیخوانە لیبراڵیەکان تەواوزاڵبوون،کاتێ میسربانگەشەی ئەوەی بڵاوکردەوە کە ئەوتەقینەوانەی لە میسردەکرێن لە ئیماڕاتەوە پشتگیری مادی دەکرێن، ئەوەبووە هۆی داخستن وسنوردارکردنی کۆمەڵەچاکسازیەکەیان ، میسرهەرترسی دەوڵەتە ئخوانیەکەی هەبوو، ڕۆژئاو ایەکانیش بەبیانوی ڕوداوەکانی سپتەمبەرو وشک کردنی سەرچاوەکانی تیرۆرزیاترفشاریان کرد ،لەکۆتاییدا شێخ سەقروئامۆزاکەی سلتان قاسمی سەرۆکانی ڕێکخراوی ئیسڵاحی ئیماراتی لە

2012 دا دەستگیرکران..

—

لە ڕاستیدا زۆربەی ئیخوانەکانی ئیماڕات زۆرکەم پشتگیری ئەوکارانەیان کردوە کە پێ تۆمەتبارکراون، بەڵام ئیسرائیل ترسی هەبوو وەپشتگیری حەماس هەبوو، وە هەربڕەودان بە بیری ئیخوانیش بە ڕێ وشوێنی ڕۆژئاو ابوو تا لەسەردەمی شەڕی ساردو بوونی سۆڤیەت ،ئیخوان بەبێ لایەنی بەڵێڕێتەوەوبەکاری خێرخوازی خەریک بکرێ وچارەی لای وڵاتانی ڕۆژهەڵات گران بکرێ تەرگیزلێک نزیک نەبنەوە، بەڵام بەکۆتایی هاتنی مەترسی سۆڤیەت ،دەبوو ئەوئیخوانانەش فڕێ بدرێنە پەڕاوێز،وە کە فشاریان لێ بکرێ بەرەی تیرۆری دینی بەهێزدەکەن وپاساوی پاکتاوکردن دەدەنە دەستی دوژمنانیان ،،

بەڵام دژایەتی کردنی ئیخوانی ئیمارات بۆڕەوتی نەتەوەیی پێچەوانەی ئەودەڕاسپاردەو بیست بنچینەبوو کەبەننا وەک هێڵی گشتی بۆکۆمەڵەی ئیخوان داینابوون.....

ي-ا - چیرۆکی ئیخوان لە کوێت:

لەسەردەمی بەنناداڕیخوان بەهۆی دیتنی سەردانکاران وقوتابیانی ئەزهەرو گەشتیاران ونێردەکانی بەننابۆوڵاتان بۆهەرکارێک وسەفەرەکانی بەننا بۆحەج وبۆفەلەستین هۆکاری

بڵاوبوونەوەی بوون،بڵام دوای بەننا فشاروگرتنەکانی عبدالناسرو ناردنی مامۆستابۆ وڵاتە بێ کادرەکان هۆکاری بڵاوبوونەوەی بوون،

کوێت لەڕووی کارگێڕی دابەشکراوەبۆ پارێزگاکانی:- ئەحمەدی

- کوێتی پایتەخت

-فەرو انیە

-جەهرا

-حولی

-موبارەکی گەورە.

کوێت حامیەکی بەریتانی بوو تاساڵی

19 یونیو 1961 کەلەوساڵە سەربەخۆیی کوێت ڕاگەیەنرا.

لەدوای ڕوخانی عوسمانیەکان گوتوو وێژی خەڵک هەمووی بۆ چۆنێتی گێڕانەوەوبەدیلێکی تری عوسمانیەکان بوو بۆ فەرمانڕەوای مسوڵمانان بەتایبەت لەناوعەرەب ولە کەنداویش بەتایبەتی تر، کە پاشایانی میسرو کەنداوو قوتابخانەکانی مەنارو سەلەفی وهندوپاکستان لەسەرئەم پایە کێ برکێیان بوو، لەساڵی ١٩٤٥ودوای جەنگی دووەم ودەرکەوتنی نەوت وبوژ انەوەی کەنداوو دروستکردنی کۆمکاری عەرەب لەلایەن بەریتانیا، ناوچەی کەنداوگۆڕانێکی گەورەی تێکەوت،لەهموو بوارەکانی
کۆمەڵایەتی،ئابوری،سیاسی،عبداللەسالمی کوێت پەیڕەوی لیبڕاڵیەتی کراوەی دەکرد،

قوتابیەکی بەننا بەناوی عبد العزیز العلیالمطوع ئەم هەلەی قۆستەوەو بوە دامەزرێنەری ئیخوان لە کوێت، متوع لەساڵی١٩٤٥وە پەیوەندی بە بەنناوە هەبوو، لە قاهرە خوێندنی تەواوکردبوو، "لە 1947 ئیخو انی کوێتی دامەزر اند،پاشان ناوەکەی کردەکۆمەڵەی ئیرشادی ئیسلامی جمعیة الإرشاد الإسلامیة)،ئەم کۆمەڵە لەڕەمەز انی 1392/ 24 مایو 1952بەفەرمی ناسرا،

ئەم کۆمەڵە کۆمەڵەیەکی کۆمەڵایەتی خێرخوازی بانگەوازی پەروەردەیی بوو،

لەسەری سەپێنرابوو کە ڕێکخاووسیاسی نەبێ، بەڵام کۆمەڵەکە یارمەتی پزیشکی وپیتاکی بۆ سوریاولوبنان وفەلەستین ومەغرب دەنارد، گۆڤاری ئیرشادی دەردەکرد کە بووە سەکۆیەکی فکری وکەسانی وەک سوباعی ومەودودی ونەدەوی وزۆرنوسەری جیهانی ئیسلامی لەو گۆڤارەوە خۆیان بە جیهان ناساند، دیارە گۆڤاری مجتمعی ئێستاش هەردرێژە پێدەری ئەو ڕەوتەیە..

کۆمەڵەی ئیرشاد چواربەشی هەبوون:

1-بەشی خوێندکاران. :

2-بەشی کرێکاران :

3-بەشی بازرگانان:

4-بەشی بڵاوکردنەوەی بانگەواز:

لەساڵی ١٩٦١دا کە عبدالکریم قاسم وەک قەزایەکی سەربەبەسرە لەکوێتی دەڕو انی ،ئیخو انەکانی کوێت بەهەموو شێوەیەک پشتی میری کوێتیان گرت وکۆمەڵەی چاکسازی کۆمەڵایەتیان بەومەبەستەدامەزر اندو کوێت بە میرنشێنێکی سەربەخۆناسرا..

کۆمەڵەی ئیسڵاح کەلە ١٩٦٣بەفەرمی ناسراولە ساڵی١٩٦٩گۆڤاری مجتمع ی دەرکردکە بوە میمبەری گەورەنوسەرانی ئیخوان وەک قەرزاوی وتورابی وغەزالی و

ڕاشد وشاوی..

ک-K- چیرۆکی ئیخوان لە قەتەر:

ئیخوان وەک خوێن بەناودەمارەکانی ئوممەتی ئیسلامی دا ڕۆیشتووە،

قەتەرولاتێکی دەوڵەمەندە تاکی قەتەری گەورەترین داهاتی ساڵانەی هەیە لە جیهاندا،بە پێ ی بڵاوکراوەی سندوقی نەقدی نێودەوڵەتی داهاتی ساڵانەی تاک لەقەتەرلەساڵی ٢٠٠٨دا ٨٥هەزاردۆلاربووە.

ئەم نیمچەدوورگە لە چواردە شارویەکەی کارگێڕی پێک دێ ، گەیشتنی ئیخوان بەم وڵاتەش لەساڵی ١٩٥٤ بەهۆی هەوڵەکانی عبدالناسربوو کە عبدالناسر بووە ئەو دەڵەی بەهۆی فشارەکانی خوێنی ئیخوانی هەڵدایەناوهەموو دەمارەکان، ئەوانەی چوونە قەتەرلە ئیخوان خەڵکێکی ئەکادیمی وز انابوون،بۆیە هەرزوو بنەماڵەی السانی کەفەرمانڕەوای قەتەربوون، پشتیان پێ بەستن لە بەدەوڵەت بوون وخوێندەوارکردن وبەڕێوەبردنی دەوڵەتدا، وەهەرزوو دەستیان بەسەرزۆربەی وەزارەتەکانداگرت .

ل- L- چیرۆکی ئیخوان لە بەحرێن:

‘

وڵاتی بەحرێن پێک هاتووە لە٣٣دوورگە کە گەورەترینیان بەحرێنە، بانگەوازی ئیخوان لە بەحرێن لەسیەکانی سەدەی ڕابردووهەیە کە هێشتابەننا لە سەرەتای کارەکەی دابوو، ڕۆژنامەی ئیخوان المسلمینی هەفتەیی لەژمارە چواردالە

2من ربیعی دووەم 1356/ 11 یونیو 1937: شوعبەکانی ئیخوان لە جیهاندابەش دەبن بۆ چەند ناوچەیەک، ناوچەکانیش دەکرێنە چەند بازنەیەک، .

ناوچەی هەژدەهەم بۆگەلی سودانە،ناوچەی نۆزدەهەم بۆوڵاتانی ئیسلامیە، کەبەحرێنیش بەشێکە لەم ناوچە،ونوێنەرەکەی محمد ئیبراهیم خەلیفەبوو، وەناوچەی بیست بۆوڵاتانی جگەلە ئیسلام بوو،یەکەم کۆمەڵەی سەربە ئیخوان کەلە بەحرێن دامەزرا کۆمەڵەی ئیسڵاح بوو کەلە مانگی مەولودی 1360/ مایو 1941دا دامەزراکەکۆمەڵێک خوێندکاردایانمەزراند وئایەتی ، (إن أريد إلا الإصلاح ما استطعت)یان کردە دروشمی کۆمەڵەکە،لەساڵی 1367/ 1948یانەی ئیسڵاحیان دامەزراند،

ئەوکۆمەڵە کە کاربۆیەکێتی وخۆشگوزەرانی وئەمن وئاسایشی ماڵی کەنداودەکا

ئامانجەکانی کۆمەڵەکە:

-بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ئیسلامی لەبواری فکری وڕۆشنبیری وکۆمەڵایەتی.

-بەرچاوڕۆشن کردنی مسوڵمانان بەئەرکەکانیان بەرامبەربانگەوازبۆ دینەکەیان..

-پەروەردەی لاوان لەسەرڕەوشتی جوان ووربەرزی وگەشەدان بەبەهرە فکری وز انستی وداهێنانەکەنیان.

- بواردان بەژنی مسوڵمان لە خێزان وکۆمەڵگەدا.

-پەرەدان بەکاری خێرخوازی ..

-دژایەتی بەدرەوشتی وگەندەڵی.

- کارکردن بۆ بەهێزکردنی بر ایەتی وپتەوکردنی یەکێتی وڵات وکەنداوو وڵاتانی ئیسلامی..

ئێستا ئیخو انەکانی بەحرێن لە ژێرتاوڵی

جمعية المنبر الوطني الإسلامي کاری سیاسی وبانگەوازدەکەن ولەگەڵ

جمعية الأصالة الإسلامية ی سەلەفیەکان هاوپەیمان بوو، شیعەکانی بەحرێنیش لە ژێرچەتری

(جمعية الوفاق الوطني الإسلامية)

کۆبوونەوە...

م-M- چیرۆکی ئیخوان لە سوڵتاننشینی عەممان:

لەهەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ئیخوان لە ڕێی کاسێتوکتێب و کردنەوەی خول وسازدانی یاری بۆلاوان وەک ڕەوتێکی چاکسازی هەماهەنگ ودوورلە پێکدادن لەگەڵ دەسەڵات پەرەی سەند، پیشەکاروبازرگان وئەکادیمیەکانی سوریاو وڵاتانی ترلەومەیدانە چالاک بوون،

لەسالانی کۆتایی هەشتاتاناوەڕاستی نەوەدەکان ئیخوان بەتەواوی لەناوهەموو دامەزراوەو وەزارەت ودام ودەزگاکانی عوممان دەسەڵاتی تەواوی هەبوو،هەربۆیە ئەووڵاتە یەکەم وڵاتی کەنداو بوو کە لەسالی ١٩٩٤ دەستی لە ئیخوان وەشاند ولە وڵاتدا چالاکیەکانی وەستاند وکۆمەڵەکەی ئیفلیج کرد.جوڵەوهەڵگەڕانەوەکانی سودان لەلایەن هەوادارانی ئیخوان عومانیەکانی ترساند لە ئیخوان،، دواجارئیخوان ئێستا وەک بز اقێکی فکری لە عەمان سەیردەکرێ کە هیچ ڕێکخراوو پارت وتوێژێکی کۆمەڵایەتی لەپشت نیە....

ن -N - چیرۆکی کۆمەڵەی ئیخوان لە لیبیا:

لیبیاتا أکتوبری1911 لە ژێردەستی عوسمانیەکاندابوو، لەوساوە ئیتالیەکان داگیریان کرد، شۆڕشی عومەر موختارهەڵگیرسا.

کاتێ ئیخوان دامەزران زۆربە گەرمی پشتیو انیانلەشۆڕشی لیبیادەکرد،ئەویش بە:

1- هەتک بردنی سیاسەتی داگیرکاروئاشکراکرنی ستەم وپێشێکاری وقەسابخانەکانی هەمیشە مانشێتی گۆڤارو ڕۆژنامەکانیان بوون، کوشتنی دیل و جینۆسایدی بەکۆمەڵ لە ئۆردوگاکان لەسالی 1931دا وچیرۆکە تراژیدیەکانیان باس وخواسی میدیاو گوتارەکانیان بوو..

هەروا ئیخوان کۆنگرەیەکی ئیسلامیان لەبارەی تەڕابلسی ڕۆژئاوا سازکرد لە پێنج شەممەی 1939/3/24 .

بەڵام بەهۆی دەنگ وباسی فەلەستین ئەو گرنگیە بەلیبیا نەدرا.

2-بانگەوازی گەل بۆ بەرپاکردنی جیهادی موقەدەس وبزرنەکردنی رێبازی شەهیدعومەرموختار.ڕۆژانە هەموو چالاکیە جیهادیەکانی موجاهیدانی لیبیاو شەهیدوبرینداروڕوداوەکان بەدرێژی لە میدیای ئیخوان باس دەکران.

ئەم گوتارانە زۆرجارئاڕاستەی کونسوڵخانەی ئیتالیاونوێنەرایەتیەکانی دەکران،بەننا فەتوای ئەوەی دابوو کە هەرمسوڵمانێک ڕەگەزنامەی ئیتالی وەرگرێ کافردەبێ، چونکە ڕازی بوونە بەڕەگەزنامەیەکی جگە لە ڕەگەزنامەی ئیسلامەتی ،هەروا ئاگادارکردنەوەی مسوڵمانان کە کوفریەک میللەتەوسەرشۆڕی بۆ ئیستعماریەک چەشنە،

3- بەننا پەیامێکیی بۆکۆنگرەی وەزیرانی دەرەوە نوسیبوو کە تیایدا هاتبوو،،

: " لەم ساتانەی چارەنوسی میللەتان ڕادەگەیەنن وبڕیاردەدەن، دەمانەوەی بەناوی ئیخوان المسلمین لە مسروجیهانی ئیسلامی وعەرەبی کەگەلانی عەرەب ومسوڵمان لێتان دەخوازن کە چیتر مافەکانیان داگیرنەکرێ، وئازادی وسەربەستی بۆدەستەبەربکرێ، ئەو ئازادیەی کە پەیمانی ئەتڵەسی گرێنتی دابین کردنی داوەبۆگەلان، لەنەتەوە یەکگرتووەکان، تاکوئاشتی وئاسایش وبنچینەی دادوبرایەتی وپێکەوەژیانی مرۆڤایەتی بچەسپێ.".

یاداشت نامەیەک بەناوی ئیخوان درایە ئەمنداری گشتی کۆمکاری عەرەبی وتیایدا داوالەو کۆمکارە کرابوو کەهەڵوێستێکی ئەرێنی هەبێ لە وڵاتەکانی باکوری ئەفریقیاولەناویشیاندالیبیا، ،کەبانوێنەرو وەفدیان هەبێ وڕۆڵەکانی ئەو وڵاتانە لە ئەمانەتی گشتی دامەزرێنرێن،،

وەلە پایتەختەکانی وەک لەندن وواشنتن بانگەشە بۆئەوکێشانە بکرێ بۆڕای گشتی جیهان ڕەو ابوونی کێشەی لیبی بناسێنرێ.

4- ئیخوان پیتاک وکەمپینیان لەناوخۆیان کرد بۆکێشانی خەرجی ئەو خوێندکارانەی کە خەڵکی لیبیابوون ولە میسر دەیانخوێند،وەلەڕێکخراوە خێرخوازیەکان وئەزهەریش داواکرا کە گرنگگی تایبەتیان پێ بدرێ تا خوێندنیان تەواودەکەن..

لە کۆنگرەی سوڵحی پاریس ئیخوان دوو یاداشتی لەسەرلیبیاو کێشەی ئەلبانیا پێشکشی کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوەکرد.

لەیادی بیست ساڵەی ئیخوانیش کۆنگرەیەک کراو بەننا تیای دگوتی :

تێڕوانینی ئیخوان و ایە کە یەکێتی ویەککگرتنی ئوممەت هەنگاوی یەکەمی سەرکەوتنە،بۆیە ئەرکی هەموو جوامێروبوێرەکانە کەبەهەموو هۆکارێک هەوڵی ئەویەکیەتیەبدەن،جاکە تەڕابلسیەکان بەیعەتیان دابێتە سەید ئیدریس وئەویش لەگەڵ ڕێزەکانی ئوممەت یەک بگرێ تا یەکێتی وسەربەخۆیی بەرقەراربێ، هەرئەوەماوەهەنگوەکانی خەبات تادەرکردنی داگیرکەر کارابکرێن، وەدەبێ گەل وحکومەتی میسر پشتگیری ئەوخەباتەبکەن بەهەرچی لەتوانایاندایە..))

ئیخوان وەک ڕێکخراو لە کۆتایی چلەکان بەچەندڕێیەک چۆناولیبیا:

1- بەهۆی ئەوخوێندکارانەی لە میسردەیانخوێند.

2- لە ڕێ ی ئەو مامۆستایانەی میسرکەسەربە ئیخوان بوون لە قوتابخانەکانی لیبیا مامۆستابوون..

3- لە ڕێ ی ئەو مامۆستا ئاوارانەی لیبیا کە ئیخوان لە میسرلەباوەشی گرتن ووپێشوازی لێ کردن، وەک دکتورعزالدین إبراهيم، و محمود الشربيني وجلال سعدة،

س -O- چیرۆکی ئیخوان لە تونس:

تونس وەک مەغریب وجەزائرهەرلە ساڵی ١٨٨١وە لە ژێردەستی داگیرکاری فەرەنسیەکان بوو، ئەم هەموو ساڵانە تونسیەکان دژایەتی داگیرکەرانیان کرد،

بەننا کە بەشی پەیوەندی دەرەوەی دامەزراند بۆیارمەتی ئەوولاتانە،

کەئەوکۆنگرە چەند بڕیاری و ابەستەبەپشتگیری گەلانی ڕۆژئاواوهاوکاری خانەوادەی زیندانیان و بەدواداچوونی موجاهیدان وقەسابخانەی داگیرکەران، وە هۆشداری وهەڕەشە کردن لە فەرەنسا بە بایکۆدی ئابووری و لێدانی بەرژەوەندیەکانی..

ئیخوان هەموو هەوڵێکی کۆنگرەودامەزراوەیەکی دژبەداگیرکەران پشتگیردەکردو هەموو ڕێکخراوەکانی بۆکۆدەکردەوە،لەوکۆنگرەدا باسی چۆنێتی چارەی ئەوتراژیدیاو سیاسەتی برسی کردن وتۆقاندنەی داگیرکەران.

بێدارکردنەوە هۆشیارکردنەوەی ویژدان و

سۆزی مرۆڤایەتی جیهانی وداواکردن وفشارخستنە سەروڵاتان ودامەزراو انی مرۆڤ دۆست کە لە مافی زیندانیان ودووڕخراوان وکۆکراو انی ئۆردوگا زۆرە ملێ یەکان بپرسنەوە ،،وە دەستەی پزیشکی و فریاگوزاری بنێرن بۆئەوولاتە داگیرکراو انە.

وە ئیخوان کۆنگرەیەکی بە بۆنەی ئیسراومعراج کردلە ڕۆژی سێشەممەی

28 رجب 1366.-27 یونیە 1947 بەست وکەسایەتیەکانی بۆبانگ کران ،.

وەپشتگیری تەواوی خۆیان بۆمافەکانی ئازادی وسەربەخۆیی هەموو وڵاتە داگیرکراوەکانی ڕۆژهەڵات وڕۆژئاواهەرلە ئەندەنوسیاتامەغرب.

وە پشتگیری یەکێتی عەرەب وئازادی نیشتمانی عەرەبی.

لەتونس لەکۆتایی شەستەکان بزوتنەوەی نەهزە دامەزراولەساڵی١٩٧٢بەفەرمی ناسرا، کە ڕاشدغەنوشی دایمەزر اندوتائێستا ش سەرەکیترین پارتی ئۆپۆزسیۆنە لەتونس..

—

ع-P- چیرۆکی ئیخوان لە وڵاتی جەزائر:

لە 14 محرم 1246/ 5 یولیو1830دافەرەنسا جەزائیری داگیرکردچونکە فەرمانڕەوای جەزائیردای حسێن بە باوەشێنی کاغەزلە باڵوێزی فەرەنسای دابوو،کاتێ باڵوێزسوکایەتی بە

فەرمانڕەواوگەلی جەزائیرکردبووهەربۆیەش باڵوێزوای کردبوو تا ئەم فەرمانڕەو ایە کارێک بکا وبیکەنەبەهانەی دگیرکردنی جەزائر،

فەڕەنسابەکەشتیگەلێکی چل هەزارسەربازی جەزائیری داگیرکردوبۆماوەی سەدو پەنجاساڵ بە ئاگروئاسن جەزائیری چەوساندەوە،

جەزائیرولاتی ملیۆن شەهیدە کەلەجەنگی حەوت ساڵە بەدەستی فەڕەنسابوونە قوربانی، وەجەزائیرلە ڕووی ڕووبەردووەم وڵاتی گەورەی وڵاتانی عەرەب وئەفریقیایە پاش سودان ولەجیهانیشدا بەپلەی یازدەهەم دێ لەڕوی ڕوبەرەوە.

بەنناو کۆمەڵەکەی هەڵوێستێکی نەگۆڕاویان هەبوو لەگەڵ هەموو جیهانی ئیسلامی،ئەویش درێژکردنی دەستی یارمەتی بوو بۆهەموو بز اڤە شۆڕشگێڕەکان کەلە پێناویەکێتی وڵات وڕزگاربوون لە داگیرکەران دەجەنگان،لەمەدا جیاوازیان نەدەکردە نێوان میسرو وڵاتانی دیکەی ئیسلامی.

هەربۆیە بنکەی گشتی ئیخوان هەموو ئەو سەرکردە شۆڕشگێڕانەی لەسەردەمی خەبات وشۆڕشدا لەباوەش کردوەو پێشوازی لێ کردون ولەناوی کۆنگرەیان بەستوە وەک:

فضيل الورتلاني ، حبيب بورقيبة ، ئەمیر مختار الجزائري ، ومحي الدين قليبي وجگە لەو انیش...

لەبارەی ئەمەوە عبد الحكيم عابدين خاوەنی کتێبی مێژووی ئیخوان المسلمين دەڵێ :

"دەستمان کرد بە پێشوازی کردنی کەسایەتیە شۆڕشگێڕەکانی باکوری ئەفریقیالە ماڵی ئیخوان المسلمين وبەستنی کۆنگرەو کۆبونەی تایبەت بە کێشەی ئەو وڵاتانە، وئەوکاتە ئەوماڵە بەرزترین بڵندگۆی شۆڕشگێڕانی مسوڵمان بوو، ئەوەی دەهات لە لیبیاوتونس وجزائروموغرب پێشوازی لێکراوبوو..

هەروا گۆڤاروڕۆژنامەکانیان تەرخان کردبووبۆ خستنە ڕووی ئەو تراژیدیاوکارەساتانەی کەلەو وڵاتانە ڕوودەدەن،بڕو انە:

ڕۆژنامەی النذير، ژمارە (21)، ساڵی یەکەم، 23شعبان 1357هـ- 17أكتوبر1938)، (وە هەفتەنامەی الإخوان المسلمين ، ژ(38)، ساڵی دووەم، 10رجب 1363هـ- 1يوليو 1944م ، ژمارەی تایبەت بۆ جزائر).

ئەمە سەرەڕای ئەوگوتارو وتارانەی کەنوسەرو گوتاربێژانی ئیخوان دەیاننوسی ودەیانگوت لە بڵاوکراوەکانی تری دەرەوەوناوەوەی میسرلەسەرداکۆکی کردن لە کێشەو جیهادی ڕەوای ئەم وڵاتانە..

وەرۆژئاوای عەرەبیان بە باڵی چەپی عروبەناودەبرد وەک چۆن عیراق وشامیان بەباڵی ڕاستی عروبە دادەناوخۆشیان دڵی عروبەبوون وکەنداوو یەمەن وسودان وسۆمال یش قاچەکانی عروبە بوون..

ڕابەری گشتی چەندەها گوتاری نوسین وبڵاوی کردنەوە بەناوێکی ئومێد بەخش

"المغرب المجاهد منتصر بإذن الله"،

لەسەرهەریەک لە ڕەوایی کێشەی ئەوولاتانەی نوسیوەو خەڵکی هانداوە لەسەرشۆڕش پێهەڵگرتنی باب وباپیرانیان ودرێژەدان بەجیهادوخەبات دژی داگیرکارانولەسەرژیانی پێشەنگە موجاهیدەکانیان گوتاری دەنوسی وەک:

: "من أبطال الإسلام : الأمير عبد الكريم الريفي، والأمير عبدالقادر الجزائري"

گوتارەکانی ئیخوان تەنیاکاریان هاندان نەبوو، بەڵکوولامی ئەوتۆمەت ولێدوانانەی سەرانی داگیرکارونۆکەرەکانیشیان دەدایەوەو خەڵکیان لە مەترسی ڕەگەزنامە دەرهێنان ئاگادارەدەکردەوەو قەسابخانە وکارە قێزەونەکانی داگیرکەرانیان دەخستە ڕوو..

وە ئیخوان چەندین دامەزراوەی دامەزراندن بۆ بانگەوازکردن بۆ ڕزگاری باکوری ئەفریقیا وەک:

1-بەرەی بەرگری لە باکوری ئەفریقیا.

ئەم بەرە دەیویست کاربۆ ئازادی باکوری ئەفریقیابکا بەهاوبەش لەگەڵ کۆمکاری عەرەبی، و مامۆستای پسپۆڕی عەرەبی

محمد الخضر حسين سەرۆکی بوو، وە ئەمیر مختار الجزائري سەرۆکی لیژنەی باڵابوو، ئەمانە ئەندامی دانوستان کاربوون لە کۆمکاری عەرەبی.

2- لیژنەی باڵای بەرگریکردن لە جەزائر.

کە لە دەرەنجامی کۆبونەوەیەک پێک هات کەلە بنکەی لاوانی مسوڵمان بەناوی "الجزائر العربية" و هەفتەنامەی ئیخوان المسلمین ژمارەی تایبەتی لەسەردەرکردو ئەم لیژنە لە ٣٤ئەندام پێک هاتبوو کەکاریان بەرگری کردن بوو لە جەزائر.

لەناو ئەم ٣٤کەسە مامۆستا حەسەن بەناو محب الدين الخطيب و عبدالله وەزیری زاوای ئیمام یەحیای یەمەن ی تێدابوون..

ئەم لیژنە چەندین یاداشتی پێشکەش بە وڵاتانی عەرەب و پەیمانی ناتۆ کردلەسەر پێشێل کاریەکانی داگیرکاران لە جەزائر،

وداوای بە فەڕەنسی نەکرانی جەزائیروبەردانی گیراوەکان وسەربەخۆیی دان بەجەزائیرو بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنێکی ئازاد کە دەستورێک بۆ وڵات دابنێ وزمانی عەرەبی بە زمانی ڕسمی بناسرێ، وسوپای جەزائرڕێک بخرێ ووئەو ئەوقافانەی فەڕەنسیەکان داگیریان کردوە بگێڕدرێتەوەبۆ جەزائیریەکان..

هەروەها کۆمەڵەی ئیخوان لەبەشی پەیوەندیەکانی دەرەوەی کۆمەڵەکە یاداشتێکی بۆ ئەمینداری کۆمکاری عەرەبی ناردکە داوای لێ کردبووبەم هەنگاوانە یارمەتی ئەو وڵاتانە بدرێ:

1- پێشکەش کردنی یارمەتی مالی و ئەدەبی بۆ شۆڕشگێڕانی جزائر.

2- ڕۆڵەکانی ئەو وڵاتانە لە لیژنە لقیەکانی ئەو کۆمکارە بەشداربکرێن بەیەکسانی لەگەڵ نوێنەرانی وڵاتانی عەرەبی تر..

3- چەندکەسێک لە ڕۆڵەکانی ئەوولاتانە لە پۆستە گرنگەکاندا دابمەزرێنرێن.

4- هاوبەش بکرێن لەنوسینگەکانی هندەن و واشنتن.

وەئەو بر ایە موجاهیدانەمان هەست بەوەبکەن کە ئێمە پشتیوان وهاوکاریانین،تافەڕەنسیەکان نەتو انن جیامان بکەنەوە لە بیست وپێنج ملیۆن مسوڵمانی عەرەبی برامان..

وە ئیخوان چەندین کۆنگرەیان لە ماڵی ئیخوان بۆ ئەوولاتانە گرێ دا کە تیایدا چەندین کەسایەتی وەک بورقیبە تیای دا وتاریان دان، وە هەموو وتارەکان لە بڵاوکراوەکانی ئیخوان بڵاو دەکر انەوە.

لەوکۆنگرەدائەم بیار انە دران:

١-بەهەموو شێوەیەک پشتگیری لەگەلی لیبیابکرێ کە داوای بێلایەنی ویەکێتی وهاتنەناوکۆمکاری عەرەبی دەکەن.

٢-سەرکۆنە کردنی هەموو ئەوکارەقێزەونانەی فەڕەنساوئیسپانیا دەیکەن لەوولاتانە لە گرتن وکوشتن و وێر انکاری.

٣- هەڕەشەی ئەوەلە فەڕەنسابکرێ کە ئەگەرو ازلەودڕندایەتیە نەهێنن ،نەتەوەی عەرەب تەنیا بە بایکۆدی ئابوری وڕۆشنبیری وازناهێنن ولەبواری تریش دژایەتی دەکەن.

ئەمریکاوبەریتانیا لەو دڕندانەی فەڕەنساکەلەباکوری ئەفریقیادەیکەن بەرپرس بکرێن،

٥-ڕاگەیاندنی یەک خواستی عەرەبی وئیسلامی لەوەی کەهەموویان لە وەرگرتنەوەی مافی فەلەستین بێ دەنگ نابن.

٦-لێژنەیەکی بەردەوام لە نوێنەری دامەزراوە ئیسلامی وعەرەبیەکان پێک بهێنرێ بۆ بەدواداچوونی هەموو کێشەکانی وڵاتە براکان، وە وروژ اندنی ڕای گشتی بۆ کێشەکنیان.

دوا کۆنگرەی ئیخوان لە ژیانی بەنندا بۆ پشتگیری وڵاتانی ڕۆژئاوای عەرەبی لە

مەڵبەندی گشتی ئیخوان لە یولیو عام 1947م / 1366داکراوبەننالەم کۆنگرەداگوتی:

ئابەم شێوە ئەی بر ایان دەبینن کە دڵەکان هەموو کۆکن هەرچەندە ماڵیشیان لێک دووربێ،ئێمە بگوتاروو انە وتن کۆنەبوینەوە،بەڵکو تابیسەلمێنین هەموو یەک لاشەوهەست ونەستین لەگەڵ ئەوکۆمەڵانەی لە پێناوی حەقدا جیهاددەکەن.

نمونەی باڵای نیشتمانی ئەوەیە کاربکەین بۆ خێری هەموو خەڵکی چونکە هەموو مرۆڤایەتی یەک ئوممەتن،،لەم ڕۆژانە ئەو نیشتمانیە مرۆڤایەتیە دەرکەوتوە کە تاک کاردەکا بۆ خێری ڕەگەزەکەی کە مرۆڤە.

ئازادی دایکی هەموو خێرێکە، بەندایەتی دایکی هەموو پیسیەکانە، کۆیلایەتی مرۆڤ فێری دووڕوویی وناپاکی وبێ سۆزی ودڵ ڕەقی دەکا کەئەمەش مرۆڤ لە بنچینەی مرۆڤایەتی بێ بەش دەکا.

شازلی مەک سکرتێری حزبی گەلی جەزائیری لەوکۆنگرە داگوتی کە جەزائیرسەرۆکی دەریای ناوەڕاست بوو فەڕەنسا لەسەر ٢٧ فڕەنک هێرشی هێنایە سەرجەزائیروداگیری کرد.

دوای بەنناش ئیخوانەکان لەوولاتانە هەرچالاکیان ما وپارتەکنی موحدون وسلم و بەرەی ڕزگاری علی بلحاج وعباس مەدەنی نمونەی ئەوخەباتە بوون، بەڵام بابەتەکە تایبەتە بەسەردەمی بەننابۆیە باسم نەکردن..

ف-Q- چیرۆکی ئیخوان لە وڵاتی مەغریب:

مەغرب وڵاتی کەناردەریالوشی ئەتڵەسیەولاکەی تری لەسەردەریای ناوەڕاستە،

لە نێوان ئیسپانیاو مەغرب کەناڵی شاخی تارق هەیە، سێ دووڕگەی ئیسپانی لەنێوان مەغریب وئیسپانیاهەن کەناویاویان سەبتەو وملیلیە وسەخرەی قەمیرەیە.

مەغرب ئەندامی دەوڵەتانی عەرەب وکۆمکاری ئیسلامی و وڵاتانی فڕەنەکەفۆنیە، وە ئەندامێکی دەرەوەی پەیمانی ناتۆیە هەرلە٢٠٠٣کە ٧٧وڵات ئەندامن تیایدا..

مەغریب لە 7 ئەبریلی 1906،خرایە ژێر چاودێری ئیستعمار،لەساڵی 1907، دا فەرەنساهێرشی کردە سەردار البیزا، لەساڵی ١٩٢٣ دا فەرەنساو ئیسپانیا ناوچەکانی مەغریبیان دابەش کرد، مەغرب ساڵی ١٩٥٦ سەربەخۆیی خۆی وەرگرت.

لە یەکێک لە وتارەکانی بەننالە بارەی مغریب هاتووە :ئەی موجاهیدان لە ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوا، بێ ئومێدمەبن چونکە هاتنی بەیانی نزیکە ،ئەوەتالە مەغریب لاوەکانی خوێنیان گەرم بووەو قسەیان یەکخستووە ودەنگیان هەڵبڕیوەداوای ستاندنەوەی مافەکانیان لە داگیرکەردەکەن ،بەقسەوبەکردەوەوبەشمشێرووبەشۆڕش ووبە بۆز انەوە،بەڵام داگیررکاربەردی ڕەقەو ناگۆڕێ،بەدڕندەیی دژایەتی دەنگی حەق وعەدل دەکاوبە ستەم بەرەوڕووی موجاهیدان دەبێتەوە،

لاوان دەربەدەردەکاوبانگخوزان ئازاردەدا،بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو هەوڵانە ئاگری بڵێسەی شۆڕشەکان ڕۆژبەڕۆژ خۆشتردەبێ وکارو انی جیهاد بەردەوامە

﴿وَيَأْبَى اللهُ إِلاَّ أَن يُتِمَّ نُورَهُ﴾[التوبة: 32].

ئەی مسوڵمانان:کە سزای داگیرکاران تەنیا زیندان وئەشکەنجەوکوشتن ووێر انکردنی وڵات بێ، ،دەمانگوت ئەوە خەڵکێکن لە پێناوی اللە دا شەهید بوون وئەوەی لای اللە یە خێرترەو هەرئەودەمێنێتەوە بۆ بڕوادارانە،بەڵام کارەسات لەوەدایە کە داگیرکەردەیەوە دینەکەتان لێدارێنێ،،زمانەکەتان بسڕێتەوە، ،سەروەری وشکۆتان تێک بشکێنێ، ،یەکێتیەکەتان لەت وپەت بکا،،وەبەتەواوی بر ایەتیەکەتان لەناوبەرێ، هەتائێستاش لە مەغریب شمشێری بێ سەروبەرەیی زاڵ کراوە بەسەر مسوڵماناندا ،دەیانەوێ حوکمەکانی دین لەباربەن، خەڵکی هەموو بە مەسیحی بکەن ،هەشت ملیۆن مسوڵمان ناسنامەودین وپەرستشیان نەمێنێ،،هەرشوێنێک داگیرکەری لێ بێ ستەم وماف خوران وسڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی ودینی لێ یە..

ئەی مسوڵمانان باتڵ پایەدارنابێ هەتا حەق بێ ئاگاوغافڵگیرنەکرێ،، خراپترین کارێک ئێوەبیکەن کە بێدەنگ بن لە سەرخستنی براکانتان، لەکۆنداکە مسوڵمانان لە ئەندەلوس دەردەکران ،عەباسیەکان ئاگربەستیان دەکردلەگەڵ فەرەنجەکان، فەرەنسا جەزائیرقوت دەداوکەچی میسری محمد علی هاوڕێی فەرەنسابوو،،نمونەی لەم چەشنە زۆرن..

ئێوە کە ئەم ڕاستیانە تێگەیشتن،،وەداگیرکارانتان لەشەڕو ئاشتی دا ناسی، وەزانیتان ڕێگای ئاشتی وئازادی بەدووشێوەدەبێ؟، ،بەیەکگرتن وجیهادکردن، ،دە پشتیو انی براکانتان بکەن لە مەغریب، وولاتیان بدەنەوە ،کێشە عادلەکەیان بناسن، بەهەموو شێوەیەک پشتگیریان بن، ڕێگای جیهادبگرن وبەرگەی مەینەتیەکانی ئوممەت وناخۆشیەکانی جیهاد لە پێناوی اللە دابکەن، ،بەم نزیکانە دەگەنە ئامانج.

﴿وَيَأْبَى اللهُ إِلاَّ أَن يُتِمَّ نُورَهُ﴾[التوبة: 32].

" ئەوەتالە مەغریبی ئەوپەڕ جیهادە کارێکی ستایش کراوە،ماندویی وزەحمەتی تێدایە، ،زۆرلە موجاهیدان چەندین ساڵە بێ سەرووشوێنەوکەس وکاری هیچی لێ نازانن،لەو انە سید "محمد علال ی فاسی "

ئەم مەینەتیانە مژدەبەخشی خێرن، چونکە بێداری سەرەتایئازادی ونەجات بوونە،،ئەوەتا ئێستا ئیتالیا دەیەوێ ئەوەی ماوە لە ئیسلام وعروبە بیسڕێتەوە لە زەوی عوقبەی کوڕی نافع وسەنوسی وعومەر موختار،،...

کاتێ عەلال فاسی هاتە میسر،ئیخوان وەک پاڵەو انێک پێشوازیان لێکرد،بەنای ڕابەر چەندین بروسکەی پیرۆزبایی وپێشوازی بۆ نارد، وە ئیخوان میو اندار ی تایبەتی ئەمیری جیهاد عبدالکریم ختابی و عەلال فاسیان کرد کاتێ لە مەغریب دوور خر ابوونەوە.

لە بروسکەکەی بەننا بۆ عەبدالکریم ختابی داهاتووە:

بەناوی ئیخوان المسلمین وگەلی میسر جو انترین نیشانەی خۆشەویستی وڕێزو سوپاستان بۆ دەنێرم وەلە اللە دەخوازم ئازادی وسەربەخۆیی بگێڕێتەوە بۆ بۆ نیشتمانی گەورەی ئیسلامی..

وە ئیخوان داوای لە حکومەتی میسر کرد کەوەک پاڵەو انێک پێشوازی لە موجاهیدی گەورە محمد عبدالکریم ختابی بکا..

—

صR- تۆڕی جەزیرەی هەواڵ لەساڵی ٢٠١٦ بەبۆنەی ٨٨ساڵ بەسەردامەزر اندنی ئیخو اندا ئەم لیستەی بڵاو کردۆتەوەبۆ ئەو وڵاتانەی کە ڕێکخراوی ئیخوان تیایاندا بوونی هەیە:

یەکەم- وڵاتە عەرەبیەکان:

١-میسر١٩٢٨

٢-سوریا ١٩٣٢

٣-فەلەستین ١٩٣٥

٤-سعودیە١٩٣٦

٥-جەزائیر١٩٧٦

٦-ئەردەن ١٩٤٥

٧-عەممان ١٩٧٩

٨-ئیمارات ١٩٦٩

٩-قەتەر١٩٦٠

١٠-لوبنان ١٩٦٠

١١-کوێت ١٩٥٢

١٢- یەمەن ١٩٥٠

١٣-عیراق ١٩٤٩

١٤-لیبیا ١٩٦٠

١٥-تونس ١٩٧٢

١٦-سودان ١٩٥٠

١٧-مۆریتانیا ١٩٧٨

١٨-مەغریب١٩٦٠

١٩-سۆمال ١٩٧٨

٢٠-جیبوتی١٩٣٢

٢١- بەحرێن ١٩٤١

-٢٢

دووەم :وڵاتانی ئەفریقیا

١-نێجیریا

٢-سەنیگال

٣-باشوری ئەفریقیا

٤-کینیا

٥-غانا

سێ یەم:ئاسیا:

١-مالیزیا

٢-پاکستان

٣-ئێران

٤-ئەفغانستان

٥-بەنگلادش

چوارەم :ئەورووپا:

١-بەریتانیا

٢- ئەڵمانیا١٩٥٨

٣-استرالیا

٤- ڕوسیا

٥-تورکیا

٦-بۆسنە وهەرسک ١٩٩٠

٧-إیطالیا،

٨- فرنسا،

٩-أسبانیا،

١٠-سویسرا،

١١-الدنمارك،

١٢-سوید،

١٣-فلندا.

پێنجەم:ئەمریکای باکور.

١- وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا١٩٦٣

شەشەم:ئەمریکای باشوور.

١-بەرازیل

٢- چیلی

٣- فەنزویلا

ق-S-چیرۆکی ئیخوان لە ئەندەنوسیا:

زانکۆی ئەزهەر ئەو وێستگەبوو کەبەهۆیەوە کۆمەڵەی ئیخوان هەنگاویان نا بەرەوبەجیهانی بوون وسنوربڕین،ئەوان هەموو خوێندکارە هاتوەکانیان لە باوەش دەگرت،لەو انەش خوێندکارانی ئەندەنوسیا،بۆیە هەرلەساڵانی سی وچلەکان بۆچوونی ئیخوانی گەیشتە ئەندەنوسیا.

.هۆکارێکی تربۆپەلهاویشتنی ئیخوان بۆئەندەنوسیا ئەوەبوو کەهەندێ لەلایەنگرانی ئیخوان بەنهێنی چووبوونە ناوبز اڤە شۆڕشگێڕەئازادی خوازەکان لە زۆرێک لەوڵاتانی داگیرکراو،وەباوەڕیشیان بەجیهادلەگەڵ داگیرکەران هەبوو،

دەگوترێ کە ئیخوان یارمەتی بزوتنەوەی موجاهیدانی ئەندەنوسیای بەسەرکردایەتی ئەحمەدسۆکارنۆومحمدحەتاوسوتان شهریرداوە تا ئەندەنوسیا تو انیویەتی سەربەخۆیی بەدەست بێنێ وداگیرکەری هۆڵەندی لەوڵات بکاتە دەرەوە.

ئەندەنوسیالە ڕۆژی 17 أغسطس 1945 دا سەربەخۆیی وڵاتی ڕاگەیاند.

مامۆستا کەمال هەلباوی کە یەکێکە لە کۆنە ئیخوانەکان دەڵێ کە کۆمەڵەی ئیخوان یارمەتیبۆزۆرێک لەبز اڤە شۆڕشگێڕە ئازادیخوازەکان لەزۆروڵاتی جیهان پێشکەش کردوە، لەسەرشێوەی یارمەتی دارایی بۆزیان لێ کەوتوان.

لەمەشدا هەمیشە ئیخوانەکان لەم کارانە پشت بە گوتەوڕاسپاردەو ئاڕاستەکردنەکانی بەننادەبەستن لە پشتگیری بێسنوری بۆبز اڤەئازادی خوازەکان، بەننا لە پەیامی :بانگەوازەکەمان لە قۆناغێکی نوێدایە))دا دەڵێ:

، " ئەم سنورە جوگرافیانە وئەم دابەش کردنەسیاسیانە نابێ هەرگیزبەسەرئەوبەکێتیە عەرەبی وئیسلامیەدا سەرکەوێ کەلەدەروناماندا هەیەودڵەکانمانیکۆکردۆتەوەبەیەک هیواویەک ئامانج ،وەلەهەموو کیشوەرەکانی جیهان ئەم ئوممەتەی کردۆتە یەک ئوممەت .گێرەشێوێن وڕەگەزپەرستان هەوڵەکانیان بۆلەباربردنی ئەم یەکێتیە بەفیڕۆچوو،":

" لەم وێستگەی یەگبوونەوە کەهەموو دەوڵەتانی ئیسلامی کۆدەکاتەوە، کە پێویستە لە ژێرسایەی حوکمی خیلافەت دا هەموو گەلانی مسوڵمان کۆبکاتەوە،لەژێریەک ئاڵادا"،

هەروەها لە پەیامی کۆنگرەی پێنجەم دادەڵێ " ئیخوان باوەڕیان و ایە خیلافەت هێمای یەکێتی وبەکبوونی ئیسلامیە، ودیاردەی پەیوەندیە لە نێوان نەتەوەومیللەتانی مسوڵمان، هەروەها دروشمێکی ئیسلامیە، کە پێویستە مسوڵمانان بیری لێ بکەنەوەوهەمیشە لە خەمی پاراستن وهێنانەوەی دابن "،

ئیخوان بەشی پەیوەندیەکانی دەرەوەی لە ساڵی 1944،دا بەسەرکردایەتی عبدالحفیظ سالم الصیفیدامەزر اند. هەرلەوساوە بەننا نەخشەی بانگەوازێکی جیهانی بۆ هەموو وڵاتان دارشت،نێردەو بانگخوازی بەهەموو لایەکدابڵاوکردنەوە،بۆ سوریاوفەلەستین ولوبنان ، وە گرنگی دابە خوێندکارانی هاتووبۆ میسروەکردنیە باڵوێزی بانگەوازەکە،،ئیخوان زۆرسوربوو لەسەرگرنگی پێدان وچارەکردنی کێشەکانیان.

هەروەها بەکارهێنانی کاتی حەج کردن

، بۆ ناساندنی بانگەوازەکە هەرلەساڵی

1936 پێشەوا بەننا بۆ خۆی دەستی پێکردو ئەوسوننەتەی زیندوکردەوە ولەگەڵ هەموو نێردەکانی ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوا لە مسوڵمانان بیروڕای ئاڵوگۆڕکردو ئاستی دینی وڕۆشنبیری و وتێگەیشتنی ناسین،

وە چۆنێتی تێڕو انینیان بۆڕۆڵی ئیسلام لە ژیانداو تێڕو انینیان بۆ داگیرکەرانی وڵاتەکەیانی زانی، بەشی پەیوەندیەکانی دەرەوە کاری کردبۆ:

-بۆڕەگ داکوتان وبەدواداچوونی بانگەوازەکە وچالاکیەکانی،یەکێ لەژمارەکانی ڕۆژنامەی ئیخوان دەنوسێ کەتاساڵی ١٩٣٧ لقەکانی ئیخوان لە حجازوشام وفەلەستین ومەغریبی دووروهندستان وجیبۆتی کرابوونەوە..

- یەکخستنی وڵاتانی ئیسلامی وەک ڕێخۆشکردنێک بۆبەرپاکردنی خیلافەی ئیسلامی .

- کارکردن بۆ ئازادکردنی وڵاتانی ئیسلامی لەدەست ئیستعمار.

ئەم بەشە پەنای خوێندکارە بیانیەکان بوو،لە ئەزهەریەکان وخوێندکارانی تریدەرەوەی ئەزهەریش ، ،جاری و ابووکە باڵوێزخانەی ئەندەنوسیای ژێردەستی هۆڵەندانەی دەهێشت یارمەتیەکان لەنێوان خوێندکاران وکەس وکاریان بگوازرێنەوە تا ئەو خوێندکاراەوکەس وکاریان بە ئاشکرا دژایەتی ڕەوتی نیشتمانی وئازادی نەکەن ڕێ یان پێ نادرێ، بۆیە خوێندکاران ئەوەیان نەکردو وازیان لە باڵوێزخانە هێناو بۆ گواستنەوەی یارمەتی پشتیان بەبەشی پەیوەندی دەرەوەی ئیخوان دەبەست، ئابەم شێوەسەرەتای پەیوەندی نێوان ئەندەنوسیاوئیخوان دروست بوو، وە ئیخوان بوونە مموبل و یارمەتی دەری سەرەکی

خوێندکارەئەندنوسیەکان،وگوێڕایەڵی دۆستایەتی ئەو خوێندکارانەوکەس وکاریشیان هەربۆ ئیخوان بوو،

عبدالحليم الكناني: یەکێک لەسەرکردەکانی ئیخوان لەم بارەوەدەڵێ: "ئیخوان بەگەرمی داوای سەربەخۆیی ئەندەنوسیاوپاکستانیان دەکرد،وەپەیوەندیەکی بەردەوام لەنێوان سەرکردەکانی جیهاد لە ئەندەنوسیاوهندستان وئیخوان دا هەبوو،،جاکاتێک جیهادی هندی وئەندەنوسیەکان بەرهەمی پەیدابوو، وەئەودوودەوڵەتەبوونەدوودەوڵەتی سەربەخۆ،ڕۆژئاو ایيەکان ڕەتیان کردەوە کە وەک دەوڵەت دانیان پێدابنێن ،بۆیە مامۆستابەننا یاداشتێکی پێشکەشی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی کردکە جوامێری وهەستی عەرەبایەتی وئیسلامەتی تێداوروژ اندن وداوای کردکە ئەوان دان بەهەردوو دەوڵەتە تازە دامەزراوەکەدابنێۆ،، عبدالرحمن عەزام یەکەم سەرۆکی کۆمکاری عەرەبی هەوڵێکی باشی داو بڕیاری داننانی بە هەردوو دەوڵەتی پاکستان وئەندەنوسیا لە کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەب دەرکرد".

لەدوای ئەوەی ئەندەنوسیا بوە وڵاتێکی سەربەخۆ لەساڵی 1945دا زۆرێک لە نێردەوو وەفدەکانی ئەندەنوسیا سەردانی بنکەی گشتی ئیخو انیان کردلەقاهیرە ،ئەمەش پەیوەندیەکەی گەرم وگوڕترکرد، ،هەروەهاەئەو خوێندکارە ئەندەنوسیانەی لەئەزهەربوون بیرۆکەی ئیخو انیان بردەوە بۆوڵاتەکەیان..

کەو اتە ئیخوان ڕۆڵێکی گەورەی لەسەربەخۆیی ئەندەنوسیەکانداگێڕاوە،،مەڵبەندی گشتی ئیخوان لە قاهیرە یاداشتی ناڕەزایی دایە سکرتێری نەتەوەیەکگرتوەکان و وەزیری ڕاسپێردراوی هۆڵندا ە میسرلەدژی دەست درێژی هۆڵندیەکان لە ئەندەنوسیا کەتیایداهاتبوو:

"دەستدرێژی درندانەی هۆڵەندا لەگەڵی ئەندەنوسیا کارێکی دوژمنکارانەیە دژی جیهانی عەرەبی وئیسلامی بەتایبەتی وگشت مرۆڤایەتی بەگشتی، بۆیە ئیخوان المسلمون-بەناوی عروبە وئیسلام - بەرپرسێتی خوێن ڕژ انی برا ئەندنوسیەکانیان لە وڵاتی ئەندەنوسیای ئازاد لە ئەستۆی دەوڵەتە ستەمکارەکەتان دەزانن .

وەلە کۆنگرەیەکی جەماوەری یەکەمی ئیخوان لە مانگی ئۆکتۆبەری 1945 دا دانیان نابە سەربەخۆی ئەندەنوسیادا، ،وە بەننا کێشەی ئەندەنوسیای بەیەکێک لەوکێشانەدانا کەنایەڵن جیهانی ئیسلامی ببوژێتەوە،ئەولە پەیامی "مشكلاتنا في ضوء النظام الإسلامي=کێشەکەمان لە ژێرڕۆشنایی سیستەمی ئیسلامی":دەڵێ "ئەوە ئەندەنوسیایە کە

ژمارەیان 70 ملیونە،وەزۆربەیان مسوڵمانن،هۆڵندایەک کەبۆخۆی نەیتوانیوە تەوقی داگیرکاری ئەڵمانی لەگەردنی دابڕێ بەیارمەتی وڵاتانی تری هاوپەیمانی نەبێ،،فشاریان دەخاتەسەرو دەیەوێ نەهێڵێ ئەم گەلە چاونەترسە مسوڵمانە بگاتە مافە سروشتیە ڕەواکانی لە ئازادی وسەربەخۆیی".

لە مانگی هەشتی ساڵی 1946 دابەننای ڕابەری گشتی بروسکەی پیرۆزبایی لە جالیەی ئەندەنوسی لە مەککەی پیرۆزپێگەیشت کە تیای داهاتبوو" هەوڵەکانتان بەرزدەنرخێنین لەبەرگری کردنتان لە کێشەی ئەندەنوسیا، وپیرۆزباییتان لێ دەکەین بەبۆنەی تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەرسەربەخۆیی ئەندەنوسیادا"

وەلە 6 مایو 1946 دا نێردەی ئەندەنوسیا بەسەرۆکایەتی ئەدفوس سالم، بریکاری وەزارەتی دەرەوەی ئەندەنوسیا سەردانی مەڵبەندی گشتی وڕۆژنامەی ئیخوان المسلمین یان کرد وەسوپاسی پشتگیری ئیخوانیان بۆسەرخستنی ئەندەنوسیاکرد، ، هەروەها شومان شاهریر،سەرۆک وەزیرانی ئەندونیسیای پێشوتروڕاوێژکاری سەرۆک سوکارنو، سەردانی مەڵبەندی گشتی وخانەی ڕۆژنامەی ئیخوانی 10 نوفمبر ساڵی 1947داکرد.

وەپارتی "العدالة والرفاهية"ی ئیسلامي بە درێژە پێدەری هزری ڕێکخراوی کۆمەڵەی ئیخوان المسلمین دادەنرێ، کەپارتێکی ئیسلامیە درێژە پێدەری پارتی "عدالة" یە ولە ساڵی 1998 دامەزراوەتاکە پارتە کە داوای چەسپاندنی شەریعەت دەکا وئێستادکتور محمد هدایت نور واحد سەرۆکی ئەنجومەنی شورای گەلی ئەندەنوسیا سەرکردایەتی دەکا..

ئەمەی ڕابورد هەوڵ وکۆششی ئیخوانی بەننابوو،بەڵام ئیخوانی دوای بەننا تەواو پێچەوانەی ئەمەیان کرد لە گەڵ سۆکارنۆ هاوپەیمانانی سۆکارنو کەنزیکترین کەس لە سۆکارنۆ عبدالناسربوو، تاوای لێهات دەزگای هەواڵگری بەریتانیا سواری شەپۆلی دژایەتی ئیخوانی دووای بەننابوو بۆسۆکارنۆو هاوشێوەکانی .

ئەندەنوسیا:

بەڵگەنامەکان ئەوەش دەردەخەن کە پێشەوای کۆچ کردووی ئەندەنوسیا ئەحمەدسۆکارنۆ یەکێک بووە لەوکەسانەی لەم جەنگە نهێنیەی بەریتانیا بە ئامانج گیراوە بەهۆی ئەوئاڕاستە نەتەوەییە مالاویەی هەیبووە کە دژبە بەرژەوەندیەکانی ڕۆژئاوا ابووە،ئەو خۆماڵی کردنانەی کە سۆکارنۆبۆکەرتی پیشەسازی لەسەردەمی شەڕی ساردا.

لەندەن لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستەیەکی نارد کەچەند شارەزای وەزارەتی دەرەوەوهەواڵگری "إم آي 6" وجەنگی دەروونی لە سوپای بەریتانی بۆ سەنگاپورە بۆ بەڕپاکردنی جەنگی پڕوپاگەندە دژبە پێشەوای ئەندەنوسیا.

ئەم لیژنە ژمارەیان 400 کەس بوو . کاری ئەم لیژنە بە کودەتای سەربازی ولێخستنی سۆکارنۆو هاتنە سەرکاری سۆهارتۆ کۆتایی هات وسۆهارتۆ سەدان هەزارکەسی کوشتن بەتۆمەتی کۆمەنیستی بوون ..

هێرشی دەرونی بەریتانیا بۆ سەرسۆکارنۆ بۆ ماوەی دووساڵ بەردەوام بوو لە ساڵانی 1965 و1966 . ئەویش وەک لە بەڵگەنامەکان دا هاتووە بریتی بوو لە دەرکردنی بڵاوکراوەبەناوی ئیخوان المسلمین کە ئەم بڵاوکراو انە هێرشیان دەکردە سەرسۆکارنۆ بەهۆی زیادەڕەوی کە پێچەو انەیە لەگەڵ دین وشەرع.

پێشنیاری ئەم بڵاوکراوە یەکێک بوو لە بەرهەمەکانی سەردانی بەڕپرسە بەریتانیەکە بوو بۆ ئەمریکا وەک لە بەڵگەکان داهاتووە، ئەم بەڕپرسە دەڵێ :ئێمە بڵاوکراوەکانمان بەناوی ڕێکخراوی ئیخو انی مسلمینی جیهانی کە هێرشی کردۆتە سەرسۆکارنۆ لە مانگی 6و7ی ساڵی 1965 و مانگی4ی 1966".دا.

پێشنیاری بیرۆکەی بەردەوامی دەرکردنی بڵاوکراوەکان بەهۆی ئەوەبوو کە بڵاوکراوەکانی پێشوو چەند شوێنەوارێکی هەبوو، پاشان هاتنە سەرئەوەی کە ئەم بڵاوکراو انە بۆچەند کەسایەتیەکی دیارو کاریزماو ڕۆژنامە بەناوبانگەکان لە وڵاتانی ئاسیاو ئەفریقیا".

یەکێک لەو بڵاوکراو انە دەڵێ " کەس نکولی لەوەناکا کە سۆکارنۆ ڕۆڵێکی باڵای گێڕاوە لە ئازادکردنی وڵاتەکەی داڵە دەستی ئیستعمار، بەڵام دەبێ بگوترێ کە کەم وکوڕی وهەڵەکانی لەم ساڵانەی دوو ایی هەموو چاکیەکانی پێشووی داپۆشی ".

هەروا ڕەخنەی لە ڕەوشتی پێشەوای ئەندەنوسی گرتووە ودەڵێ:

" ڕۆچوونی سۆکارنۆ لە هەواوئارەزوەکانی لەگەڵ ژنە لەشفرۆشەکان هەرچەندە کە چۆتە تەمەنەوەو تو انا سێکسیەکانیشی لاوازبووە، ئەمەش بۆتە مایەی سەرسوڕمان لای ئیماندارو مسوڵمانانإن ". هەروادەڵێ:

"لە جیاتی ئەوەی کە سۆکارنۆ هاوکاری گەلەکەی بێ لەسەرڕێگەی ئیمانی حەق وبڕوای ڕاست،کۆمەنیستە کافرو مولحیدەکانی هانداوە لەناوولاتەکەی بە ئاشکرا یی ".

ر-T-چیرۆکی ئیخوان لە مالیزیا:

مالیزیا لەباشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاونزیک هێڵی یەکسانەلە چوار دورگەی گەورەو هەزاران دوورگەی بچوک پێک هاتووە کەلەناوەڕاستی زەریای هیندی وهێمن دان وبەگەورەترین ئەرخەبیلی جیهان دادەنرێ،

کەلە گەڵ مالیزیا ئەندەنوسیاوفلیپین وسەنگاپورەو برۆنای لەم دوورگانە پێک هاتوون.

ژمارەی دانیشتو انی مالیزیا بە پێی سەرژمێری ٢١/١٩٩٢ ملیۆن کەسە، سێ ڕەگەزی نەتەوەیی تێدانیشتەجێن کەهەریەکیان زمان ودین وژیاری جیایە لە ئەوی تر.ئەو انیش:

-گەلی مالایو:مالایۆ ناوچەیەکە لەدوورگەی سۆمەترەو بنەچەی ئەم گەلە لەوێ دەرکەوتوون وئێستا بەهەموویان دەگوترێ مالاوی، ،مالاویەکان لەدوای ڕەگەزی هیندی وعەرەبی سێیەم گەورەترین ڕەگەزی مسوڵمانن لە ڕووی ژمارەوە.

٢-چینیەکان:ئەمانەلەسەرەتای سەدەی بیست هاحوونە مالیزیا وبەریتانیا بۆ دەرهێنانی قسدیروتەنەکە لەکانەکان وەک کرێکارهێناونی، ئێستا دەستیان بەسەرزۆرلایەنی بازرگانی وگەشتیاریدا گرتوەو دینیان بوز ایبە وهەندێکیان بوونە مەسیحی.

٣-هیندیەکان:ئەمانەش هەربەریتانیا هێناونی لەسەرەتای سەدەی بیستەم بۆکاری کشتوکاڵ وپیشەسازی و لاستیک .

ڕێژەی پێک هاتن بەم شێوەیە:

مالایوکان:57%55%

چینیەکان28%23%

هیندیەکان 10%1%

ئەو انی تر 5%21%

مالیزیا لە ١٣ویلایەت پێک هاتووە.

ڕێژەی دینەکان لە مالیزیا:

(1)مسوڵمانەکان53,0%

(2)بوزیەکان17,3%

(3)کۆنفشیۆسیەکان11,6 %

(4)مەسیحیەکان8,6%

(5)هیندۆسەکن7,0%

(6)دینە کۆنەکان2,0%

(7)چەند دین وبیروباوەڕێکی تر0,5%

مالیزیا بۆ ماوەی ٥٠٠ساڵ لە ژێردەستی ئیستعماردابووە (1511م -1957ز) یەکەم جارئیستعماری پرتوگالی لە (1511 -1641)پاشان ئیستعماری هۆڵەندی (1641 -1824) پاشان ئیستعماری بەریتانی (1824م – 1957م)

وەلەشەڕی دووەم یابان بۆ چوارساڵ

(1941- 1945) دەستی بەسەرهەموو باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاومالیزیادا گرت.

بەڵام ئەم هەموو قۆناغ وپیلان وداگیرکاریانە ئیسلامی لەبیرگەی مالاوی نەبردەوە کەلەسەرەتای هەزارەی زایینی لە ڕێ ی بازرگانە هیندی وعەرەبەکانەوە وەریانگرتووە.

ئەم مسوڵمانانە بەهۆی ڕێبازی تەسەوف و مەزهەبی فقهی کەشافعی مەزهەبن و خوێندنی دینی وحەج و ابەستەبوون بە میسروهندستان وعیراق ویەمەن وحجاز.

گرنگترین ئەوشۆڕشانەی مسوڵمانان دژی داگیرکەران کردویانن:

(أ) شۆڕشی کلنتن:بەسەرۆکایەتی حاج محمد حسنی تۆجنقوت= ڕیشدار)بوو لەساڵی 1914 بۆدامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی ودەرکردنی خاچپەرستان.وەلەساڵی 1915بەریتانیەکان شەهیدیان کرد.

(ب) شۆڕشی ترنجاتو: بەسەرۆکایەتی حاجی مامۆستا عبد الرحمن کوڕی عبد الحمید زانای ترنجانولەساڵی 1928 لە دژی بەریتانیاشێخ دەستی بەسەرترنجانۆداگرت وئاڵای عوسمانیەکانی تێدا بەرزکردەوەهەرچەندە عوسمانیەکان لە تورکیا ڕوخابوون، پاششەهیدبوونی خەڵکێکی زۆربەریتانیا شێخ عبدالرحمانی بەدیل گرت ودووری خستەوەبۆ مەککە ولەوێ کۆچی دوایی کرد.

شوێنەواری بوژانەوەی کۆمەڵەی ئیسلامی پێشەنگی ڕۆژهەڵات جمال الدين الأفغاني (1254-1315 هـ 1838 -1897م) ومحمد عبده (1266 -1323 هـ 1849 -1905م) ورشید ومحمد عبده (1266-1323 هـ 1849 -1905م) ورشید رضا (1282 -1354هـ 1865 -1935 م)

لەسەرئەوشۆڕشانەی مالیزیا دیاربوو.

ئەوڕابوونەی کەخەڵکی لە پیلانەکانی داگیرکاران ئاگادارکردەوە وگیانی یەکێتی بەبەرمیللەتانی ئیسلامدا کردەوە کە قوتابخانە چاکسازیەکانی دیکە ی وەک وەهابیەکان وسەنوسیەکان وتەبلیغیەکان نەیانتوانیبوو ئەوکاریگەریەیان هەبێ هەرلەچوارچێوەی جوگر افیایەکی تەسک گیریان خواردبوو.،

بەڵام هەوادارانی ئەفغانی زیندووتربوون لە ساڵی ١٩٠٦گۆڤاری ئیمامیان دەرکرد لە سەنگاپورە کە سکرتێری نوسین تاهرجەلال وسەرنوسەرەکەی شیخ محمد سەلیم بوون.

ئەم گۆڤارە هاوشێوەی گۆڤاری مەناری محمدعەبدەبوو.

هەروەها ئەم بانگخوازانە لەساڵی

(1917م) خوێندنگای هادی وپەیمانگای محمدیان پێک هێنا پاشان قوتابخانەی مەشهوری ئیسلامیان لە (1919)دامەزر اند، ئەنجومەنی ئیسلامی دامەزراوله ولایەتی قەدەح قوتابخانەی محمودی لەساڵی 1926) وقوتابخانەی سلطان زین العابدینی عربیی لەولایەتی ترتجانو لەساڵی 1933)دامەزر اند.

ئەمانەش ئەزهەرێکی بچوک بوون بۆ ئەو وڵاتە.

هەروەها دوای ڕوخانی یابان پارتی نیشتمانی مالاوی لەساڵی 1945 پێک هات بەسەرۆکایەتی مختار الدین لاسو و إسحاق الحاج محمد و دکتور برهان الدین الحلمي .

ئەم پارتە لەیەکەم کۆنگرەی ناسنامەی ئیسلامی بوونی خۆی دیارکردلە

22 مارس 1947لەویلایەتی بیراق.

ئەم پارتە کەبەریتانیا دەیەویست بەکاری بێنێ بۆ دژایەتی کردنی کۆمەنیستەکان ،بەڵام ئەوان لەو پارتەوە بەدرێژ ایی نیوسەدە چەندین پارت و کۆمەڵیان دامەزر اند کە گرنگترینیان ئەمانەبوون:

لە پێش بەدەست هێنانی سەربەخۆیی هەریەک لە:

- حزب المسلمين

-پارتی ئیسلامی مالیزیا (PAS)دامەزران-

-لە دوای سەربەخۆیی مالیزیاش:

کۆمەڵەی تەبلیغ کەلەوەوپێش لە هندستان چالاک بوون وبزافی رحمنیەی سۆفی ودارالارقم بزوتنوەی ئیسلامی ویلایەتی سراواک وکۆمەڵەی سەباحی ئیسلامی وبانگەوازی ئیسلامی وزۆری تریش دامەزران و بەرهەمی ئەمانە کە مالیزیای مهاتیرمحمد و انور ابراهیم ،ئێستا بۆتە بوژ انەوەیەکی ئیسلامی جیاکراوە....

ش- U- چیرۆکی ئیخوان لە ئەلبانیا:

یۆنان لە مێژە مرخی لە باشووری ئەلبانیا خۆش کردوە کە داگیری کاوبیلکێنێ بە یۆنانەوە، نازانم ئێستا ئەو ناوچەکە پێی دەڵێن (VORIO - EPIRUS) ئێستا هی ئەلبانیایە یان یۆنان

گرتویەتی؟ بەڵام چیرۆکی ئیخوان لە ئەلبانیا تەنیا نامەیەکی بەننا باس دەکەم،کە دەری دەخا ئەم پیاوە ئاگای لە ڕاستیە کۆمەڵناسی ودیمۆگرافی یەکانیش بووە، ئەولە بروسکەکەی کەبۆ وەزیری دانوستانکەری ناردووەو نوسیویەتی:

جەنابی ڕێزدارەوزیری یۆنانی دانوستانکار، دوای ڕێزو سڵاو:

ئیخوان المسلمون کە گوزارشت لە ڕای گشتی مسوڵمانان دەکەن ناڕەزایی خۆیان دەردەبڕن لە لکاندنی یۆنان بۆباشووری ئەلبانیا بەبێ ئەوەی هیچ مافێکیان هەبێ وهیچ بەڵگەیەکیان بەدەستەوەبێ.

دەنگوباسەکان باس لەوەدەکەن کە یۆنان داوای پێشکەش بە کۆنگرەی وەزیر انی دەرەوەی وڵاتەگەورەکان کردوە کەئەم وڵاتە ئەلبانیە ڕەسەنە بە یۆنانەوەبلکێنرێ.

ئێمە باوەڕمان و ابوو کە یۆنان کە لە پێناوی ئازادکردنی خۆی خەباتی کردووەو توشی مەینەتی وناخۆشی بووەو دەزانێ تاڵی داگیرکران چۆنە وچاوچنۆکی وچاوتێبڕینی داگیرکەر چەندتاڵە،ئەوەیۆنان کە لە پێناوی ئازادکردنی جەنگاوە،ئازاری چێشتووە، ،بەرگەی ناڕەحەتی گرتووە،لە پێناو گەیشتن بە دیموکر اتی، وە پەیمانی ئەتڵەنتی مۆرکردوە کە ئازادی بیاردانی چارەنوسی داەتە گەلان،وەنایەڵێ دراوسێ دەست درێژی بکاتە سەردراوسێ.

بەڕێز:توێژینەوە جیۆلۆجی و ڕاستیە جوگر افیەکانیش داواکەتان بەدرۆ دەخەنەوە،ئەوەتا دکتۆر مارتن ئەوریان لە کتێبی "پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی باشووری ئەلبانیا=التشکیلات الاجتماعیة فی جنوب ألبانیا":دەڵێ:

"باشوری ئەلبانیا کە ڕوبارەکانی مشکومینی وکایفولی وئەرسون وبسترنسا وبافلائاوی دەدەن، وە بەڕێوەبەریەکانی البسان ،یراث فالونا، کورنزا، أرجیروا کاسترو" دەگرێتەوە.

لەڕووی ڕەگەزو توخم کە بەچاوی دادگەری بڕو انرێ ڕاستیەکە دژی چاوچنۆکیەکانی یۆنانە، ئەلبانیا کە ٨٠ هەزارکەسن لە ناوچەی یانینا، وە یۆنانیەکان ڕێژەیەکی کەمیان پێک دێنن وئەبانەکان ڕێژەی ولیس للیونان 90%ی خەڵکی ناوچەکەن،وئەو انی ترکە 10% تێکەڵن لە شو انەکانی عەرەب وبولگارویۆنان.

کەبشڵێن ئەم پێوەلکاندنە پێویستیەکی سەربازی دەیسەپێنێ ،بەڵگەکان دەڵێن پێویستی سەربازی وادەخوازێ ئەوناوچە هەرلەسەرئەلبانیابێ.وێنەکێشانی نەخشەی ناوچەکەش پێچەو انەی خواستی یۆنانەچونکە زنجیرە چیاکانی جراموس کە هەمیشە یۆنانیان

پاراستوەوتەریی سنوری یۆنانن،وەبەهۆی ئەوزنجیرەچیایە سوپایەکی کەمی یۆنان تو انی سوپایەکی گەورەی ئیتالیا تەفروتونابکا،

خۆکە پاڵنەری دینی بەکاربێنن وبڵێن لەوناوچە کەمینەیەکی ئەرسدۆکس هەیە،

وروژ اندنی ئەم بەڵگە لە بەرژەوەندی یۆنان نیە؛چونکە لەناو یۆنانیش کەمایەتی مسوڵمانی زیاترلەوڕێژە لە زۆرناوچە دا هەیە، ئایا دروستە کەوڵاتە مسوڵمانەکانیش داوای ئەوشوێنانە بکەن بە پاساوی بوونی ئەو مسوڵمانانە؟؟ ئەم قسە کۆنە ولەگەڵ ئەم سەردەمە ناگونجێ کەسەردەمی گرێنتی کردنی ئازادی دینیە،،ئەگەرو ابێ ،ئەلبانیاش دەتو انێ داوای ناوچەی یانینای یۆنانی بکا،،وەئەلبانیابۆی هەیە داوای ناوچەی بۆسنەوهەرسک لە یۆگسلافیابکا کەزۆرینەی مسوڵمانن،،پاراستنی کەمایەتیە دینەکان لەلایەن وڵاتە دراوسێیە داگیرکارەکان بەهانەیەکی پوچەولەگەڵ ئەم سەردەمەناگونجێ کە ئازادی دینی تێدا دەستەبەرکراوە..

یۆنان چەندین پەیوەندی لەگەڵ وڵاتە عەرەبی و ئیسلامیەکان هەیە کە وای کردوە ڕێزو هەست وسۆزی تایبەتی بۆ مەینەتیەکانی گەلی یۆنان لای مسوڵمانان هەبێ،،مسوڵمانان باوەشیان بۆ ئاوارە کانی یۆنان کردەوە،نەیانهێشت هەست بەغەریبی بکەن، بەڕێزەوە پێشوازی کران،وەیۆنان دیتی کە وڵاتانی ئیسلامی دەستی یارمەتیان بۆ درێژکردو هاوکاریان کرد.

هیوادارم کە یۆنان قوربانی بەو پەیوەندیانە نەداو ئەوهەست وسۆز انە نەدۆڕێنێ،چونکە دەستدرێژی کردنە سەرئەلبانیاو تیرۆرکردنی بستێکی ئەلبانیاوادەکا جیهانی ئیسلامی هەست بە تاڵی بکەن،وەپاڵیان دەدا کە بۆ بەرگریکردن لەبر ابچوکەیان هۆکاری بەرگری بەکاربێنن،

وە ئەلبانیا بەهەموو تو انایەک بەرگری لە مافەکانی دەکا ،وەئەوهۆکارە ڕێپێدراوو شەعیانە ڕەچاوەدکا کەکۆمەڵگای دەوڵەتی ڕێی پێداوە،بۆیە داوامان و ایە کە یۆنان ئەم داو ایە ستەمکار انە بکێشێتەوە، کە هیچ بەڵگەنامەیەک پشتگیری ناکا،لەچاوەڕێی ئەم ناڕاز ایی بۆ حکومەتە بەێزەکەتان ،سوپاس وڕێزمان پێشکەش دەکەین...))

ئەمە نامەی مور افعەوداکۆکی یەکی پارێزەر انە بوو کە مامۆستا بەننا ئەوەی سەلماندوە کە بەهرەی پارێزەرێکی بەتو انای تێدایە...

ت-V- چیرۆکی ئیخوان له هندستان..

ئەبوعبدالله (إمام ئەحمەدکوڕی حنبل) دەڵێ نەم زایوە هیچ کارێکی فەرز لە جیهاد خێرتربێ ،جەنگی دەریاباشترە لە جەنگی وشکانی،ئەنەسی کوڕی مالک دەگێڕێتەوە (نام رسول الله r ثم استيقظ وهو يضحك ، قالت أم حرام :فقلت : ما يضحكك يا رسول الله ؟ قال: (ناس من أمتي عرضوا علي غزاة في سبيل الله ، يركبون ثبج هذا البحر ملوكاً علي الأسرة أو مثل الملوك علي الأسرة) متفق عليه ، ومن تمام الحديث أن أم حرام سألت النبي r أن يدعو الله لها لتكون من هؤلاء فدعا لها ، فعمرت حتى ركبت البحر في أسطول المسلمين الذي فتح جزيرة قبرص وماتت بها ودفنت فيها ، وهناك مسجد ومشهد ينسب إليها رحمها الله ورضي الله عنها).

5 -لە کتێبی (المحلي) ی ئیبن حەزمی زاهری دادەڵێ : (جهاد فەرزە لەسەرمسوڵمانان کەهەندێ کردیان لەسەر ئەوانی ترلادەچێ، ،کە کەس نەیکرد لەسەرهەموویانە،قورئان دەفەرموێ: (انْفِرُوا خِفَافاً وَثِقَالاً وَجَاهِدُوا بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنْفُسِكُمْ)(التوبة:41) کە کافر وڵاتێکیان گرت لەسەر هەموان فەرزەوپێویستی بە مۆڵەتی دایک وباوک نیە .

6-شوکانی لە کتێبی (السيل الجرار) دادەڵێ: بەڵگەکانی فەرزبوونی جیهادلە قورئان وسوننەت زۆرلەوە زۆرترن کە لێرە بنوسرێن،بەڵام کەهەندێ کردیان لەسەرئەوانی دی لادەچێ، کە نەکرالەسەرهەموان فەرزە،وەکە ئیمامیش جەنگی ڕاگەیاند فەرزدەبێ،).

ئەوەتۆ دەبینی زانایان بە موجتەهید وموقەلیدەوە،بەسەلەف وخەلەفەوە کۆکن کە جیهاد هەمووکات فەرزی کیفایەیەوهەندێ کاتیش فەرزی عەینە.

ئێستا کە مسوڵماان هەموو سەرشۆڕو ژێردەستنو کارحوکمیان دەکەن لەهەموبوارەکان و دروشمەکانیان لەکارخراوەودەستەوستانن لە بانگەواز بۆ دینە کەیان، بۆیە ئێستا جیهاد فەرزی عەینە ودەبێ هەموو مسوڵمانێک خۆی بۆ ئامادە کا.

دەبێ بەبیرمسوڵمانان بێنمەوە کە هەیچ سەردەمێک پێش ئەم سەردەمە کە غیرەتی مسوڵمانانی تێدا مردووە،،هەرگیزجیهادیان وازلێ نەهێناوە زااو سۆفی ووپیشەکاروهەموو توێژەکان،هەموو لەوپەڕی ئامادەباشی دابوون،،عبدالله ی

کوڕی موبارک زۆربەی ژیانی لە جیهاد بەسەربرد، ،عبالواحدی کوڕی زەیدی سۆفی وشەقیقی بەڵخی وو دەرویشەکانی هەمیشە لە جیهاددابوون

بەدری عەینی شرۆڤەکاری بوخاری ساڵێک حەجی دەکردوساڵێک جیهاد، ئەسەدی کوڕی فوراتی دادوەری مالیکی سەرکردەی کەشتیگەی دەریابوو،ئیمامی شافیعی لە دەتیر هەموو تیرەکانی لە ئاماجیان دەدا،ئەوە پێشینەکانمانن ،ئێمە لە کوێ ی ئەو مێژووەین؟؟

٥ - مسوڵمان بۆچی جەنگ وکوشتاردەکا؟

فەرزکرانی جیهاد بۆ دەست کەوت وتاڵان نەبوو بەڵکو بۆ بەردەوام بوونی ئاشتی وئەمن وئاسایش بوو،وەبۆ گەیشتنی پەیامی ئیسلام بوو،قورئان دەفەرموێ: (وَإِنْ جَنَحُوا لِلسَّلْمِ فَاجْنَحْ لَهَا وَتَوَكَّلْ عَلَى اللهِ) (لأنفال:61).

لە جیهاد خۆشەویستی خۆدەرخستن وشانازی ومااڵ پەرستی وتاڵان ووڕاوڕووت وتاک ڕەوی حەڕام بوو بەڵکو بۆ بەرز ڕاگرتنی شەرع وکەلیمەی الله وڕێنمایی خەڵکی بوو.

حارسی کوڕی موسلیم لە باوکی دەگێڕێتەوە کە : پێغەمبەر بەسریەک ئێمەی نارد،کە گەیشتمە لای کافران ئەسپەکەم دەنگ داو پێش هاوڕێکانم کەوتم ،کافرەکان بە زەنگوڵ پێشوازیان کردم ،هاوارم کرد بڵێن لااله الاالله خوێنی خۆتان دەپارێزن ونەجاتتان دەبێ، ئەوانیش هەموو گوتیان، هاوڕێکانم گوتیان بێ بەشت کردین لە غەنیمە وسەرکۆنەیان کردم، کاتێ گەڕاینەوبۆ پێغەمبەریان گێڕایەوە ،ئەویش بانگی کردم،فەرموی کارێکی باشت کردووەوپاداشتی هەموو ئەوانە بۆتۆیە،،وەفەرمووی دوای خۆم ڕاسپاردەت بۆ دەنوسم ،راسپاردەی بۆ نوسیم ومۆری لێ داوە دایە دەستم.. أخرجه أبو داوود.

شەداد دەگێڕێتەوە کە پیاوێک هات ئیمانی هێنا،پاش کەمێک غەنیمەت بەشکراو بەشی دانرا، پیاوەکە بە پێغەمبەری گووت بۆ ئەوە شوێنت نەکەوتووم ،بەڵکو بۆ ئەوەشوێنت کەوتوم کە شەهیدببم وبچمە جەننەت، فەرموی کەڕاستگۆبی ئەویش دەبێ، پاش کەمێک کەوتنە جەنگەوەو ئەوپیاوە تیرێکی بەرکەوت لەوشوێنەی کە خۆی ئاماژەی پێ کردبوو،پێغەمبەر بەجبەکەی خۆی کفنی کردو لەنوێژەکەی دوعای بۆکرد کەئەوە کەسێکە بۆلای الله کۆچی کردوەوشەهیدبووەو پێغەمبەریش شایەتە لەسەرئەوە..

وعن شداد بن الهادي رضي الله عنه : أن رجلاً من الأعراب جاء فآمن بالنبي صلى الله عليه وسلم، فكانت غزاة غنم فيها النبي صلى الله علية وسلم شيئا فقسم وقسم له . فقال : ما هذا : فقال : (قسمته لك) . فقال : ما على هذا اتبعتك ، ولكنى اتبعتك على إن أرمى إلى ههنا ـ وأشار بيده حلقه ـ بسهم فأموت فادخل الجنة .قال : (إن تصدق الله يصدقك) . فلبثوا قليلا ثم نهضوا في قتال العدو فأتى به النبي محمولا قد أصابه سهم حيث اشار، فقال النبي صلى الله عليه وسلم : اهو هو ؟ قالوا : نعم . قال (صدق الله فصدقه) , ثم كفن في جبه النبي صلى الله عليه وسلم ثم قدمه فصلى عليه . فكن مما ظهر من صلاته : (اللهم هذا عبدك خرج ما مهاجرا في سبيلك فقتل شهيدا وأنا شهيد على ذلك). أخرجه أبو داود .

وعن أبي هريرة t (أن رجلاً قال : يا رسول الله رجل يريد الجهاد في سبيل الله وهو يبتغي عرضاً من الدنيا فقال : (لا أجر له) . فأعادها عليه ثلاثاً كل ذلك يقول : (لا أجر له) أخرجه أبو داود .

ئەبو هوریرە دەگێڕێتەوە پیاوێک پرسیاری کرد ،ئەی پێغەمبەر کەسێک بەمەبەستی دەستکەوت غەزابکا؟ فەرموی هیچ پاداشتێکی نیە، سێ جاری فەرموو..

وعن أبي موسى t قال : (سئل رسول الله r عن الرجل يقاتل شجاعة ويقاتل حمية ويقاتل رياء أي ذلك في سبيل الله ؟ قال : (من قاتل لتكون كلمة الله هي العليا فهو في سبيل الله) أخرجه الخمسة .

ئەبوموسی دەگێڕێتەوە،کەپرسیارکرابۆ کەسانێک شەڕبۆ دەمارگیری،یان دەرکەوتەوتنی ئازایی یان ڕیابازی بکا کامیان بۆ الله یە؟ فەرموی ئەوەی جیهادبکا بۆ ئەوەی کەلیمەی الله بڵندبێ ئەوە لە پێناوی الله یە.

ئێستا کە تۆ ئەم ڕوداوەی یاوەرانت خوێندەوە،کەچۆن جیهادیان کردوە،وە دووربوون لە چاوچنۆکی وئارەزووبازی وهەموو مەبەستیان ڕێپێشاندانی خەڵک بوو بۆ لای حەق، ،تا دەستەواژەی الله هەمیشە بەرزبێ،دەزانی زۆر بوختانیان بۆ کراوە کە نیازی تاکڕەوی وزۆرداری وژێردەست کردنی خەڵکیان هەیە وبۆ تاڵان جیهاد دەکەن..

٦ -میهرەبانی لە جیهادی ئیسلامی دا.

الإمام حسن البنا-وسعد الوليلي-في-استعراض-الجوالة

کاتێ مەبەست لە جیهادی ئیسلامی پیرۆزترین مەبەستە،مەۆکارەکانیشی باشترین هۆکارن،اللە ستەمی بەهەموو شێوازەکان قەدەغەکردووە،

(إِنَّ اللهَ لا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ) (البقرة:190)

وە فرمانی بە ئەوپەڕی دادوەری وڕێزگرتنی بەرامبەرەکان کردووە:

(وَلا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى) (المائدة:8)

وە مسوڵمانانی ڕێنمایی کردووە بۆ لای لوتکەی میهرەبانی وسۆز.

مسوڵمان لەکاتی جەنگیش دا دەست درێژی نەکاو بەدڕەوشتیناکاودزی ناکاوتاڵان ناکاوپیرۆزیەکان بێ ڕێزناکاوخەڵک ئازاڕرنادا،مسوڵمان باشترین جەنگاوەرەوئاشتیە بۆ خەڵکی سڤیل.

بەریدە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر علیه السلام کە سوپاکانی بەڕێ دەکرد فرمانی بە ئەمیرەکەیان دەکردکە پارێزکاروبەسۆزبێ لەگەڵ سەربازەکانوەبەناوی اللە غەزابکەن ولە پێناوی اللە،هەرئەوانە بکوژن کەکافرن بە اللە، پاتاڵ کۆمەکەنە ،غەدرو ناپاکی مەکەن،کوژراوەکانن مەشێوێنن ،منداڵ وژن مەکوژن.

عن بريدة رضى الله عنه قال : (كان لرسول الله صلى الله عليه و سلم إذا أمر الأمير على جيش أو سريره أوصاه في خاصاته بتقوى الله تعالى ومن معه من المسلمين خيرا ثم قال: (اغزوا بسم الله في سبيل الله ، قاتلوا من كفر بالله ، أغزوا ولاتغلوا ولا تغدروا ولا تمثلوا ولا تقتلوا وليدا) رواه مسلم .

وە ئەبوهوڕەیرە دەگێڕێتەو کە فرمانی پێ دەکردن کەەکاتی جەنگ زەبرئاڕاستەی ڕوخسارودەم وچاونەکەن.

وعن أبى هريرة رضى الله عنه قال : قال رسول الله صلى الله عليه وسلم : (إذا قاتل أحدكم فليجتنب الوجه) أخرجه الشيخان .

ئیبنن مسعود دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی لێبوردەترین جەنگاوەر جەنگاوەری ئیماندارە.

وعن ابن مسعود رضى الله عنه قال :قال رسول الله صلى الله عليه وسلم : (أعف الناس قتلة أهل الإيمان)أخرجه أبو داود .

وعن عبد الله بن يزيد الأنصاري رضى الله عنه قال :(نهى رسول الله صلى الله عليه وسلم عن النهب و المثله) أخرجه البخاري .

عبدالله ی ئەنساری دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر نەی دەهێشت تاڵان بکەن ولاشەی کافران بشێوێنن..

هەروا کوشتنی منداڵ وژنان وبەسداڵاچوانو بریندارانن قەدەغەیە، ترساندنی قەشە وڕاهیب ووکەناگیران وئەوانەی کوشتارناکەن قەدەغەیە،ئەم بنەمایانە لەکوێ وهێرشە تۆقێنەرەکانی داگیرکاران وزەوی سەروماڵ سوتێنەروخنکێنەرەکانی داگیرکاران لەکوێ؟؟کوا یاسا نێودەوڵەتیەکەیان بەرامبەردادگەری گشتگیری ڕبانی؟

اللهم مسوڵمانان شارەزاکەی لە دینەکەیان جیهانیان پێ ڕزگارکەی لەم تاریکستانە بە ڕوناکیەکانی ئیسلام.

٧- پاشکۆکانی جیهاد.

لەناو مسوڵمانان بڵاوە کە کوشتاری دوژمنان جیهادی بچوکە ودژایەتی دەروونی خۆت جیهادی گەورەیە.لەمەش دا ئەم گێڕدراوە دەگێڕنەوە (رجعنا من الجهاد الأصغر إلي الجهاد الأكبر ، قالوا وما الجهاد الأكبر ؟ قال جهاد القلب أو جهاد النفس) .

هەندێکیان مەبەستیەتی کە سەرنجی خەڵکی دوورخاتەوە لە جیهادی دوژمنان وخۆ ئامادەکردن بۆی ، بەڵام گێڕدراوەکە فەرمودە نیە،بڵکو گوتەی یەکێکە لە پێشینان بەناوی ئیبراهیمی کوڕی عبلە

وقال العراقي في تخريج أحاديث الأحياء : رواه البيهقي بسند ضعيف عن جابر ، ورواه الخطيب في تاريخه عن جابر ؛

خۆ کەفەرمودەش بێ نابێتە پاساوبۆ خۆدزینەوە لەجیهادوئامادەکاری بۆجیهادبۆ دەربازکردنی مسوڵمانان،بەکو ئەوەدەگەیەنێ کە پاککردنەوەی دەرونیش واجبە.

هەندێک کارهەن کەلە جیهادیش واجبن وەک فرمان بە چاکە وڕێگری لە خراپە ، لەفەرمودەش هاتووە ک (إن من أعظم الجهادكلمة حق عند سلطان جائر) .

بەڵام هیچ شتێک لەم تەزکیە و دژایەتی دەرون و قسەی ڕاست گوتنە ئەوپاداشتە زۆرەی موجاهیدی گۆڕەپانی جەنگی بەرامبەر کافرانی نیە،

لە کۆتایی دا

أيهـا الإخـوة :ئەی براوخوشکان.

ئەو ئوممەتەی دەتوانێ بەجوانی مردن دروست بکا،وەبزانێ چۆن دەمرێ بەمردنێکی سەربەرزانە،ئەوئوممەی پیشەی مردن جوان بکا،اللە ژیانی شکۆداری لە دنیاو نەمری دواڕۆژی پێ دەبەخشێ، بەڵام ئەو لاوازیەی ئەمڕۆ سەرشۆڕی کردووین، ئەوە بەهۆی خۆشویستنی دنیاوڕق بوونەوەیە لە مردن، دەروون وخودی خۆتان ئامادە کەن بۆ کارێکی مەزن،،سووربن لەسەر داواکردنی مردن چونکە ژیانتان پێ دەبەخشرێ.

بزانن کە دەبێ هەربمرن،هەریەک جاریش دەمرن،جاکە ئەو مردنە لە پێناوی اللە بێ ئەوە پاداشتی دنیاوئاخیرەتی تێدایە، خۆهیچیشتان توش نابێ جگەوەی اللە لەقەزاوقەدەرلەسەری نوسیون.باش لەم ئایەتە وردبنەو کە دەفەرموێ: : (ثُمَّ أَنْزَلَ عَلَيْكُمْ مِنْ بَعْدِ الْغَمِّ أَمَنَةً نُعَاساً يَغْشَى طَائِفَةً مِنْكُمْ وَطَائِفَةٌ قَدْ أَهَمَّتْهُمْ أَنْفُسُهُمْ يَظُنُّونَ بِاللهِ غَيْرَ الْحَقِّ ظَنَّ الْجَاهِلِيَّةِ يَقُولُونَ هَلْ لَنَا مِنَ الأَمْرِ مِنْ شَيْءٍ قُلْ إِنَّ الأَمْرَ كُلَّهُ للهِ يُخْفُونَ فِي أَنْفُسِهِمْ مَا لا يُبْدُونَ لَكَ يَقُولُونَ لَوْ كَانَ لَنَا مِنَ الأَمْرِ شَيْءٌ مَا قُتِلْنَا هَاهُنَا قُلْ لَوْ كُنْتُمْ فِي بُيُوتِكُمْ لَبَرَزَ الَّذِينَ كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقَتْلُ إِلَى مَضَاجِعِهِمْ وَلِيَبْتَلِيَ اللهُ مَا فِي صُدُورِكُمْ وَلِيُمَحِّصَ مَا فِي قُلُوبِكُمْ وَاللهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ) (آل عمران:154) .

کاربکەن بۆ دەست کەوتنی مردنێکی شکۆدار، دەگەن بەبەختەوەری تەواو ،اللە لە چارەی ئێمەو ئێوەشی بنوسێ وڕێزوپلەی شەهیدیمان لە پێناوی اللە پێ بەخشێ..

فاعملوا للموتة الكريمة تظفروا بالسعادة الكاملة , رزقنا الله وإياكم وكرامة الاستشهاد فى سبيل الله.

لە پەیامەکانی پێشەوای شەهید حەسەن البنا.

رسائل الإمام الشهيد حسن البنا

لێرە دا پەیامەکە تەواوبوو، دەمەوێ بڵێم ئەوانەی ستەمیان لەم پیاوەکردووە ئەوانەنین کە شەهیدیان کردووە، بەڵکو ئەوانەی کە بە بیانوی شوێن کەوتیەوە هەموو ڕۆژێ ڕێبازو نوسین وپەیامەکانی دەکوژن، هەرئەویش نیە کەوای لێ دەکرێ ،ئەوەتاچوار ئیمامەکانی فقەئەبو حەنیفەومالک وشافعی وئەحمەد و ئیمامەکانی عیرفان وەک گەیلانی وزۆرێکی ریش ڕۆژانە پەیڕەوەکانیان بەناوی شوێن کەوتنیان دەیان خنکێنن..

ئیمام وموجەدیدەکان مەشخەڵ وبڵێسەی ڕۆشن کەرەوەن بەرپێ ی ڕێبواران ڕۆشن دەکەنەوەو لەهەڵدێرەکان دووریان دەخەنەوەو ڕاستەڕێیان نیشان دەدەن ولەبەرڕۆشناییان حەق دەنوسرێ ودەخوێندرێتەوە، بەڵام ئەو بەناو شوێن کەوتوانە ئەو خۆڵە مێشەن کە دوای کوژانەوەی بڵێسەی مەشخەڵەکە دروست بوون،ڕاستە پاشماوەی مەشخەڵەکەن بەڵام نەگەرم دەکەنەوە نەبەرچاوت ڕۆشن دەکەن ،بەڵکو دەبنە تۆزو خۆڵ ولوتت دەگرن تابۆنی خۆش نەکەی گوێت دەگرن تا حەق نەبیستی، قورگوسنگت دەگرن تانەتوانی هاوارکەی وحەق بڵێ ی ،چاوەکانت بەخۆڵ کوێردەکەن تا مەشخەڵەکان نەبینی..

یارەبی ئەو کۆتا دوعایەی مامۆستا کردی لە چارەی وەرگێڕیشی بنوسی وشەهادەتی پێناوی الله ی پێ ببەخشی..

ناوی کتێبەکانی شەهید حسن بەننا:

١-وصايا البنا العشر=دە ڕاسپاردەکەی بەننا.

2-(أصول العشرين للإمام الشهيد حسن البنا)

3- رسالة الجهاد=پەیامی جیهادبە پێنوسی مامۆستاحەسەن بەننا.

٤-مذكرات الدعوة والداعية

٥-تحديد النسل

٦-المأثورات

٧-مباحث في علوم الحديث

٨-السلام في الإسلام

٩-قضيتنا

١٠-رسالة المنهج

١١-رسالة الانتخابات

١٢-رسالة التعاليم

١٣-مقاصد القرآن الكريم

١٤-المرأة المسلمة

- وێستگەی چوارەم:

بەننا لەناوسەنگەری خەباتی نیشتمانی دژبە داگیرکەردا .

ئەم وێستگەیە یەکێکە لە گرنگترین لایەنەکانی کەسایەتی حەسەن بەننا، چونکە لێرەدا وێنەی "بانگخواز" و "شۆڕشگێڕ" تێکەڵ دەبن. ئەوتێڕو انینەی تۆخستووتە ڕوو، وەڵامی ئەوپرسیارە دەداتەوە کە ئایا ئیخوان تەنیا کۆمەڵەیەکی ئایینی بوون یان بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی نیشتمانی؟

لێرەدا چەند کۆمێنت و شیکارییەک وەک زانیاری زیادە پێشکەش دەکەم:

١. فەلسەفەی "هێز" لای بەننا: (ئامادەکاری نەک پەلەپەل)

وەک لە وتارەکەی محەمەد مورسیشدا هاتووە، بەننا ستراتیژییەتێکی قووڵی هەبوو بۆ بەکارهێنانی هێز. ئەو باوەڕی وابوو کە "هێزی باوەڕ" (قوة العقيدة) دەبێت پێش "هێزی چەک" (قوة الساعد والسلاح) بکەوێت. ئەمە وای کرد کە ئیخوان لە

سەرەتادا وەک هێزێکی پەروەردەیی دەربکەون، بەڵام لە ژێرەوە خەریکی دروستکردنی سوپایەک بوون بۆ کاتی پێویست. ئەم "کاتە پێویستە" لای بەننا بریتی بوو لە:

- بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەری بیانی (وەک بەریتانیا و جولەکە).
- کاتێک دەسەڵاتی ناوخۆ دەبێتە "کوفری ئاشکرا" و هیچ ڕێگەیەکی تری چاکسازی نامێنێت.

٢. گشتگیریی شۆڕش: (لە میسرەوە بۆ کوردستان)

ئاماژەکردنی تۆبە کوردستان و ناوی زانایانی وەک مامۆستا مەلا عوسمان و مامۆستا مەلا عەلی زۆرگرنگە. ئەمە دەری دەخات کە بیری بەننا سنووری جوگر افیای بەزاندبوو. ئیخوان لە کوردستاندا تەنیا وەک ڕەوتێکی ئایینی نەمانەوە، بەڵکو تێکەڵی شۆڕشی نیشتمانی (شۆڕشی ئەیلوول) بوون. ئەمە دەیسەلمێنێت کە لای ئیخوانە دێرینەکان، "دۆزی نیشتمانی" و "دۆزی ئیسلامی" یەک شت بوون و جیا نەدەکرانەوە.

٣. شۆڕشی "بونیادنەر" بەرامبەر شۆڕشی "وێرانکەر"

بەننا مەرجێکی قورسی بۆ شۆڕش هەبوو: "نەبێتە هۆی فیتنە و خوێنڕێژی بێسوود". ئەو دەیگوت ئەگەر شۆڕش گەندەڵییەکی بچووک لابدات بەڵام وڵات بەرەوو وێرانییەکی گەورەتر ببات، ئەوە شۆڕش نییە، بەڵکو فیتنەیە. ئەم هاوسەنگییە نیشانی دەدات کە ئەو پیاوێکی "واقیعبین" بووە و نەیویستووە جەماوەر بکاتە قوربانیی دروشمی بێ ناوەڕۆک.

٤. فەلەستین: تاقیگەی شۆڕشگێڕی

بەننا فەلەستینی وەک "دڵی ئوممەت" دەبینی. ناردنی خۆبەخشانی ئیخوان بۆ فەلەستین لە ساڵی ١٩٤٨، گەورەترین مانیفێستۆی شۆڕشگێڕی بەننا بوو. ئەو سەلماندی کە "جیهاد" لای ئەو تەنیا وشەی سەرکاغەز نییە. ئەم هەڵوێستە بوو کە وایکرد ئیخوان لە هەموو جیهانی ئیسلامیدا وەک "پاڵەوانی نەتەوەیی" بناسرێن.

کورتەیەک بۆ ئەم وێستگەیە:

حەسەن بەننا تو انی مۆدێلێکی نوێ لە شۆڕشگێڕی دابهێنێت کە پێی دەوترێت "شۆڕشی گشتگیر":

1. **فیکری: گۆڕینی عەقڵی مرۆڤەکان.**
2. **جەماوەری: بەکارهێنانی خۆپیشاندان و مانگرتن.**
3. **سەربازی: ئامادەکردنی هێزبۆ کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ داگیرکەر.**

تێبینییەکی گرنگ: جیاوازیی گەورەی بەننا لەگەڵ زۆربەی شۆڕشگێڕانی سەردەمی خۆی ئەوە بوو کە ئەو دەیگوت: "ئێمە ئاشتیخوازین تا ئەو کاتەی دەستمان بۆ درێژدەکرێت، ئەوکات دەبینە شۆڕشگێڕی ستەم لێکراو."

پەیوەندی وڕۆڵی کۆمەڵەکەودامەزرێنەکەی

لەگەڵ شۆڕشە نیشتمانیەکان.

لە سەرئەم بابەتە لە بواری کرداری زۆرمان نوسی ،گوتارو لێدوان وبەیانەکانی خودی بەننای ڕابەری گشتیمان زۆروەرگێڕان، بەننا هەموژیانی لە شۆڕش دابوو ،لەیاداشتەکانی دەردەکەوێ کەلە شۆڕشی ١٩١٩ی میسر بەشداری چالاکی هەبوو، لە هەموو کێشەکانی میسروسودان ودۆڵی نیل بەننا وکۆمەڵەکەی بە خۆپیشاندان ویاداشت بۆباڵوێزەکان وهەڕەشە لەداگیرکەران وستایشی موجاهیدان ویارمەتی دانیان بە میدیاوسامان لەگەڵ بوون، تەنانەت خودی بەننا دووجارهەوڵی تیرۆکرانی دراوە لە خۆپیشاندان .

لەشۆڕشی فەلەستین ،بەننابەگوتاروگیان ودڵ وماڵ لەشۆڕشدابووە.

-لەگەڵ شۆڕشی وڵاتانی مەغریبی عەرەبی باسمان کرد کە بەننالەگەڵ هەموویان پتەوترین پەیوەندی هەبووەوەویارمەتی هەموویانی داوەولەسەرجیهادی ئەوان دەسەڵاتدارانی توڕەکردوون وژیان وماڵی خستۆتە مەترسیەوە.

بۆشۆڕشەکانی عیراق وشام ویەمەن وئەلبانیا وکیشوەری هیندی چینی وبز اڤە شۆڕش گێڕەکانی ئەندەنوسیاوجاوەو ئاسیای ناوەڕاست وئەفریقیا، بۆهەموویان بەهەموو هۆکارێک خەباتی کردوە، تەنانەت مامۆستاوزانایانی پێشڕەوله کوردستان کەلەساڵی پەنجاکان بنەماڵەی مامۆستامەلاعوسمان ومامۆستامەلاعەلی کە لە ڕیزی پێشەوەی ئەندامانی ئیخوان بوون، وەلەشۆڕشی ئەیلولیش هەرلە ڕیزی پێشەوەبوون و موفتی وقازی ودادوەری شۆڕش وسەرۆکی یەکێتی زانایانی ناوشۆڕش بوون .

ئەم وێستگە زۆردرێژناکەمەوەوبە وەرگێڕانی ئەم وتارەی محمد عبد الرحمن المرسي کەبەناونیشانی شۆڕش لە تێڕو انینی ئیمام بەننا نوسیویەتی کۆتایی پێ دێنم:

ئەو بڕگەی کە لە پەیامی کۆنگرەی پێنجەم لە پەیامی بەننا داهاتووە کە: ئیخوان ڕەتی دەکاتەوە کەشۆڕش وەک هۆکاری گۆڕانکاری بەکاربێنێ، مەبەست شۆڕشی بێ سەروبەرو کودەتای سەربازی یە، ئەوەتا بەننا لە پەیامی

"مشكلاتنا في ضوء النظام الإسلامي" دا ئەو جۆرەی کە ڕەتی دەکاتەوە دیاری دەکا کە: متحدثاً عن النوع المرفوض من الثورات بأنه: "شۆڕشێکی بێ سەروبەری هەمەجی کە نەئامانجێکی هەیەو ڕێ وشوێن وسەروبەرو ڕێکخستنێک ونەسنورێکی هەیەو تەنیامەبەستی لەناوبردن وکوشتن وبڕینە"، وەلەنامەی کۆنگرەی شەشەم دەڵێ: "پوختەی قسە مان ئەوەیە کەئەم بارودۆخە گەندەڵ وبەدە تێک بشکێنین وبە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی خێرخواز بیگۆڕین کە فەرمانڕەو ایەکی بەورەو بەهێزپاساو انی لێبکا".

ئەوەتا چاکسازی پێویستی بە ڕوخاندن وتێکشکاندنی گەندآڵی هەیە، تائەو نەڕوخێنرێ کاری بنیاتنانی چاکسازی مەحاڵە ،جاکە بنیات وچاکسازی پلە بە پلە بکرێن بە پێ ی بوونی تو انای مانّی و فکری، تێکدانی گەندەڵیش هەروا پلە بەپلەیە کاتێ هێزی چاکەخوازتو انای تێکدانی لاشیپانەیەکی کەلاوەی گەندەڵی هەبوو بابۆ بنیاتیش هەرنەخشەی لاشیپانەیەکی باڵەخانەکەی دارێژێ، بەڵام کەتو انای جەماوەری وسەربازی ودار ایی و دڵنیابوون لە دوژمنی دەرەکی ئەوەبوو کەهەموو کەلاوەی گەندەڵی ڕامانّێ، ئەوەبا نەخشەی چاکسازی بنیاتیش بۆ تەواوی کۆشک وتەلارەکەی دارێژێ..

بەننا لە پەیامی کۆنگرەی پێنجەم دەڵێ :

"بەڵێ ئیخوان کاتێک هێزبەکاردێنێ کەجگەلەهێزسودی نەبێ،بەەڵام لەوکاتەش بەکارهنانی هێز مەرجی هەن ،دەبێ سەرەتاهێزی شەڕبانگ بکرێ وبترسێنرێ وغافڵ گیرنەکرێ،،چونکە کۆتاچارە داخ کردنە"،

((ئامانج لەهموو ئەمانە پارێزگاری کردنە لە ویست وشیانی ئوممەت و ڕووبەڕووبونەی دوژمنکاران وئەو انەی دەسەڵات و تو انای شەرعی داگیردەکەن وبۆخۆیانی قورغ دەکەن ،دەبێ بەهەموو شێوەیەک هەوڵ بدرێ ئەو دەسەڵاتە دزراوەیان لێ بستێنرێتەوە..)

لێرەدا بەننا دوو ڕێسای بۆ هەڵسەنگاندنی ئامانجەکان داناوە.

یەکەم:هاوسەنگی دەرەنجامەکان کە نابێ ڕوخاندنێکی بچوک وکەم داڕوخانێکی گشتی بەدوای دابێ ،و اتە نابێ لەپێناوی هەڵەیەکی بچوک کارێکی و ابکرێ کە کوفری ئاشکرا یە،وەدەبێ بیروباوەڕی تەواوو و ابەستەیی پتەوهەبێ..

دووەم:پابەندبوون بە ڕێوشوێنە شەرعیەکان وشۆڕش نابێ بۆ ئاشوب نانەوەو کوشتن وبڕین بێ..

بەناهەموو هۆکارەکانی شۆڕشی بەکارهێناوە،وەک خۆپیشاندان و فشارکردن ومانگرتن وياخی بوونی جەماوەری وەک بۆ داگیرکرانی فەلەستین بڕیاری دا..

بەڵام لەگەڵ خوێن ڕشتن نەبوو، لە کتێبی

"رسالة بين الأمس والیوم"دا دەڵێ: " ئەگەرپێ یانن گوتن ئێوە شۆڕش گێڕن، بڵێن ئێمە ئاشتی خوازین وباوەڕمان بەئاشتی هەیە وشانازی پێوەدەکەین، بەڵام کە ئێوە ببنە لەمپەری سەرێمان ئەوە شەرع مۆڵەتی داوین کە بەرگری لەخۆمان بکەین و ئێوە شۆڕشی ستەمن".

"بڵێن ئێمە بانگ دەکەین بۆو ئیسلامەی کە محمد هێناویەتی وئازادیش فەرزێکە لە فەرزەکانی ئەوئیسلامە".

بەننا جیاوازی دەخستە نێوان هێزوئامادەکردنی هێز،وەلەنێوان خوێن ڕێژی بێ ئامانج وتۆڵە کردنەوە

بۆ خۆئامادەکردن دەڵێ:دەبێ ئامادەکردنی هێزی عەقیدەوبیروباوەڕو ویستی دڵ وەدەروون پێش هێزوتو انای شان وباڵ وچەک وجبەخانەبێ، خەباتی سیاسی وەدەستوری وپەروەردەوهۆشیارکردنەوەبەهەموو شێوەکان هۆکارن بۆ خستنی تەختی ستەمکاران...

٥-وێستگەی پێنجەم:

پەیوەندی ئەزمونی بەننا

لەگەڵ ئەزمونەکانی چاکسازی ئیسلامیدا:

ئەم وێستگە کە تەرخانکراوە بۆ ڕەگ و ڕیشە میژوویییەکانی چاکسازی پێش حەسەن بەننا، چوارچێوەیەکی فیکری زۆر قووڵ بە خوێنەر دەبەخشێت. لێرەدا دەمەوێ پیشانی بدەم کە "ئیخوان" لە بۆشاییەوە دروست نەبووە، بەڵکو درێژەپێدەری زنجیرەیەک هەوڵی چاکسازییە کە هەریەکەیان لە گۆشەیەکەوە کاریگەریان هەبووە.

لێرەدا چەند کۆمێنت و تێبینییەکی شیکاریی بۆ ئەم بەشە دەخەمە ڕوو:

١. بزوتنەوەی وەهابی: (تەوەرەی عەقیدە و دەسەڵات)

جیاوازیی نێوان "وەهابیەت" و "ئیخوان".

- خاڵی جەوهەری: وەهابیەت لە ناوچەیەکی پەراوێزخراو (نەجد) و لەسەر بنەمای "گرێبەستی شمشێر و عەقیدە" دروست بوو، کە زۆرزوو پەنای بۆ تووندوتیژی برد دژی نەیارانی ناوخۆ. بەڵام حەسەن بەننا لە "قاهیرە" (دڵی

جیهانی ئیسلامی) دەستی پێکرد و ستراتیژییەکەی لەسەربنەمای "کۆکردنەوەی جەماوەر" بوو نەک تەکفیرکردنیان.

- جیاکاری ماڵی دین و دەوڵەت: کە ڕێککەوتنی "درعیە" جۆرێک بووە لە سێکۆلاریزمی سەرەتایی (دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی)، دیدگایەکی زۆر نوێ و جیاوازە و شایەنی قووڵبوونەوەی زیاترە.

٢. ئیمامی شەوکانی: (هەڵکشان بەرەو ئیجتیهاد)

شەوکانی یەکێکە لەو کەسایەتییانەی کە حەسەن بەننا زۆر سەرسام بووە پێی.

- پردی نێوان مەزهەبەکان: شەوکانی تو انی مەزهەبی زەیدی و سوننە لە یەکتر نزیک بکاتەوە و دەرگای ئیجتیهاد واڵا بکات. ئەمە ڕێک ئەو شتە بوو کە بەننا دەیناساند: "سەلەفیەتێکی کراوە" کە پابەندی یەک مەزهەبی دیاریکراو نەبێت و بەدوای بەڵگەدا بگەڕێت.
- بەڵام : تێڕوانینم وایە لەسەرئەوەی کە ئەگەر مۆدێلی شەوکانی و یەمەن سەربکەوتایە، جیهانی ئیسلامی لە مۆدێلی "نەجدی-تونداڕەو" ڕزگاری دەبوو، وەک تێگەیشتنێکی سیاسی ورد لە میژوو.

٣. بزوتنەوەی سەنوسی: (باشترین هاوشێوەی ئیخوان)

سەنوسییەکان لە لیبیا و جەزائیر زۆرترین لێکچوونیان لەگەڵ ئیخوان هەیە.

- زاویە وەک بنکەی گشتگیر: سەنوسییەکان تەنیا ویردیان نەدەخوێند، بەڵکو کشتوکاڵ، بازرگانی، پەروەردە و جیهادیان تێکەڵ کردبوو. ئەمە ڕێک مۆدێلی (الشعبة)ی ئیخوانە کە دواتر بەننا دایڕشت.
- تەسەووفی شۆڕشگێڕ: بەننا خۆی پەروەردەی تەریقەتی حەسافی بوو، هەر بۆیە لای ئەو "تەسەووف" وەک لای سەنوسییەکان ئامرازێک بوو بۆ پاککردنەوەی دەروون بەرەو مەیدانی خەبات، نەک گۆشەگیری.

٤. قوتابخانەی مەنار(ئەفغانی، عەبدە، ڕەزا): (هەوێنی فیکری)

ئەم سێیانە (جامعەی ئیسلامی) "نەخشەی ڕێگا"ی فیکرییان بۆ بەننا کێشا.

- ئەگەرسەنوسی و وەهابی "بزوتنەوەی مەیدانی" بووبن، ئەوا ئەفغانی و ڕەشید ڕەزا "بەرەی ڕۆشنبیری" بوون. بەننا تو انی تیۆرییەکانی "مەنار" بکاتە کردارو ڕێکخستنی جەماوەری.

کورتەی ئەم بەشە:

لەم بەشەدا سەلماندوومە کە حەسەن بەننا وەک "کیمیاگەرێکی مێژوویی" و ایە؛ تو انیویەتی:

1. پابەندیی وەهابیەت بە دەق (بەبێ تونڕەوێیەکەی).
2. ئیجتیهاد و عەقڵانییەتی شەوکانی.
3. ڕێکخستن و ڕۆحیەتی سۆفیایەتی سەنوسی.
4. و جیهانبینی و جامعەی ئیسلامی ئەفغانی و ڕەشید ڕەزا. هەموویان لە یەک قاڵبدا کۆبکاتەوە کە ناوی نا "ئیخوان المسلمین".

بێگومان، حەسەن بەننا تەنیا کەسایەتییەکی وەرگرنەبوو، بەڵکو وەک "فلتەرێکی زیرەک" و ابوو؛ ئەو تو انی باشترینەکانی ناو ئەو هەموو ئەزموونە جیاوازانەی پێش خۆی کۆبکاتەوە و لەناو نامەکانیدا (الرسائل) دایان بڕێژێتەوە.

لێرەدا گرنگترین ڕەنگدانەوەکانی ئەو قوتابخانانە لە ناو بیری بەننا و ئیخو اندا دەخەینە ڕوو:

١. ڕەنگدانەوەی "سەلەفیەتی ڕەسەن" (وەهابیەت و شەوکانی)

حەسەن بەننا لە نامەی **"پەیامی کۆنگرەی پێنجەم"**دا دەڵێت: "ئێمە بانگەوازێکی سەلەفین". بەڵام ئەم سەلەفیەتە لای ئەو چۆن ڕەنگی دایەوە؟

پاککردنەوەی عەقیدە: وەک محمدی کوڕی عبدالوهاب، جەختی لەسەرگەڕانەوە بۆ قورئان و سوننەت کردەوە و دژی بیدعە و خور افات وەستا، بەڵام بەبێ ئەوەی وەک نەجدییەکان پەنا بۆ توندوتیژی و تەکفیر ببات.

دەرگای ئیجتیهاد: لێرەدا تەواو ڕەنگدانەوەی ئیمامی شەوکانی دەبینین. بەننا لە **"بیست بنەماکە" (الأصول العشرون)**دا دەڵێت کە مەزهەبەکان ڕێز لێگیراون، بەڵام نابێت مرۆڤ دەمارگیر بێت بۆ یەک مەزهەب ئەگەر بەڵگەی بەهێزتر هەبێت.

٢. ڕەنگدانەوەی "ڕۆحیەتی سۆفیایەتی" (سەنوسی و نەورەسی)

هەرچەندە بەننا دژی لادانەکانی ناو هەندێک تەریقەت بوو، بەڵام ڕۆحی تەسەووفی بۆ بونیادنانی ناوەوەی تاک بەکارهێنا:

پەروەردەی ڕۆحی: لای بەننا، ئەندامی ئیخوان دەبێت "ڕابیتە" و "ویردی ڕۆژانە" (المأثورات)ی هەبێت. ئەمە ڕەنگدانەوەی قوتابخانەی سەنوسی و نەورەسییە کە پێیان و ابوو بێ بەهێزکردنی ئیمانی تاک، گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی مەحاڵە.

جیهادی دەروون و مەیدان: وەک چۆن سەنوسییەکان لە یەک کاتدا "گۆشەگیر" و "جەنگاوەر" بوون، بەنناش لە نامەی **"پەیامی جیهاد"**دا جەخت دەکاتەوە کە جیهادی چەکداری بەبێ جیهادی نەفس و پاکی دەروون سەرکەوتوو نابێت.

٣. ڕەنگدانەوەی "گشتگیریی سیاسی" (ئەفغانی و مەودودی)

ئەمە ئەو بەشەیە کە بەننای وەک ڕابەرێکی جیهانی ناساند:

ئیسلام وەک سیستەم: بەننا لە نامەی **"بۆچی بانگەوازدەکەین؟"**دا دەڵێت: "ئیسلام بیروباوەڕو پەرستشە، نیشتمان و ڕەگەزنامەیە، ئایین و دەوڵەتە". ئەمە لوتکەی ڕەنگدانەوەی بیری جەمالەدینی ئەفغانی و ڕەشید ڕەزایە.

جامعەی ئیسلامی: بەننا بەکردار پڕۆژەکەی ئەفغانی جێبەجێ کرد؛ ئەو چیترتەنیا باسی میسری نەدەکرد، بەڵکو باسی خەلافەت و یەکگرتنی هەموو جیهانی ئیسلامی

دەکرد، هەروەک چۆن مەودودی لە پاکستان خەریکی دارشتنی تیۆرییەکانی "حاکمیەت" بوو.

تێبینیی کۆتایی:

حەسەن بەننا لە نامەی **"پەیامی فێرکاری" (رسالة التعاليم)**دا، هەموو ئەم ڕەنگدانەو انەی لە چوارچێوەی "تێگەیشتنی گشتگیر" (الشمولية) کۆکردەوە. ئەو پێی و ابوو کە کێشەی بزووتنەوەکانی پێش خۆی ئەوە بووە کە تەنیا لایەنێکیان گرتووە (یان تەنیا عەقیدە، یان تەنیا تەسەووف، یان تەنیا سیاسەت)، بەڵام ئەو هەموویانی بەیەکەوە گرێدایەوە.

لە چاکسازیە دینیەکان و بوژ انەوەکان چەند ڕەوتێک کە لەم دوو سێ سەدەی پێش ئەزمونی بەننا کراون وکاریگەریان لەسەرکۆمەڵی ئیخوان باس دەکەم لەو انەش:

١- بزوتنەوەی وەهابی.محمدی کوڕی عبدالوهاب کوڕی سلیمانی تمیمي نەجدي حەنبەلي : (1703 - 1791)

(1026-1115هـ 1703 -1792م)

٢-بوژ انەوەی یەمەنی لەسەردەستی ئیمام محمد علی شەوکانی.(1173 - 1250ھ)

٣-بزوتنەوەی محمدعلی سەنوسی (1787 – 1859م)

٤-بزاڤ وبوژ انەوەی جامعەی ئیسلامي كه جمال الدين الأفغاني (1254 -1315 /. 1838 -1897)

ومحمد عبده (1266 -1323 / 1849 -1905)

محمدرشيد رضا (1282 -1354/ 1865 -1935

)پێشەنگ بوون.

—

٥-بزوتنەوەی تەبلیغ لەسەردەستی محمد إلياس الكاندهلوي (1303 – 1364

٦-بزوتنەوەی نوری سەعیدی نەورەسی(1294 / 1877--1379 / 23 مارس 1960م،

٧-بزوتنەوەی مەودودی لەسەردەستی ئەبوئەعلای مەودودی:(1903-1979)

٨-بزوتنەوەی شیعەی دوازدە ئیمامی

لەسەردەستی موسی خومەینی 1320 (1902/9/21 - ١٩٨٨.

---

١ - بزوتنەوەی وەهابی.محمدی کوڕی عبدالوهاب کوڕی سلیمانی تمیمي نەجدي حەنبەلي : (1703 - 1791)

(1026-1115هـ 1703 -1792م)

بزوتنەوەی وەهابی لەسەردەستی محمد عبدالوهاب لە ناوچەی نەجد لە دورگەی عەرەب لە دژی ئەفسانەو گۆڕپەرستی مردووپەرستی دروست بوو .

لەساڵی 1143ھ 1735دا بانگەوازەکەی ئاشکرا کرد، لەڕاستیدا محمد عبدالوهاب چەند کتێبێکی ئیبن تەیمیەی پوخت کردۆتەوەو بڵاوی کردۆتەوە ،لەبواری بیروباوەڕڕاستەوخۆ داوای کردوە لە قورئان وفەرمودە کاری پێ بکرێ..

ئەوکاتە نەجد لە دەرەوەی دەسەڵاتی فەرمی نێودەوڵەتی بوو،بەسەرهەژموونی چەند تیرەوخێڵێک دابەش بووبوو،باوکی محمد عبدالوهاب قازی ودادوەری خێڵی عوەینە بووله ئال مشرفی خێڵی تەمیم بوون،کە زۆربەی مەلاو قازیەکان لەوبنەماڵەبوون.

بەڵام محمد عبدالوهاب بە ئەوز انستەی لای بەماڵەکەیەتی ولە مەزهەبەکەی دایە وازی نەهێناوە بەناوی فێربوونی زانست ئیحساومەدینە ومەککەوبەسرەوموسڵ ودیمەشق وبەغداوهەندێ شاری ئێر انیش گەڕاوە.

زەرکەلی دەڵێ کە چۆتە شام و ئەسفەهان وفارس ولەهەندێ سەرچاوەدا دەڵێن تورکی وفارسی فێربووەو دەرسی فەلسەفەوزانستی سەردەمیشی خوێندوە، بەڵام سەرچاوەنەجدیەکان دەڵێن نەچۆتە شام.

ئەوەی لەوگەڕانەی محمد تێبینی دەکرێ کەئەوشوێنانەی ئەولێ ی گەڕاوە لەوشوێنانە کتێبی ئیبن تەیمیەو ئیبن قەیمی لێ نەبووەو بگرەیاساغیش بوون، چونکە ئەوشوێنانە یان شیعەبوون، یان سونەیەکی سۆفی ئەشعەری وماتوریدی بوون ومەزهەبی ئەوشوێنانەی ئەو تیایدا گەڕاوە شافیعی وحەنەفی بوون، بۆیە ئەو مەزهەبەی کۆی کردۆتەوە لەوشوێنانە نەبووە کەتێ یانداگەڕاوە..

تا محمد لە خوێندن گەڕایەوە باوکی لە عوەینەوە چوبۆ حورەیملا، محمدیش لەگەڵ باوکی ماوەیەک

دەستی کردە و انەگوتنەوە تا ئەوکاتەی محمد مەزاری زەیدی کوڕی خەتابی تێکدا کەلەشەڕی یەمامە لە دژی موسەیلەمە شەهیدببوو، حاکمی ناوچەی ئیحسا بە کوڕی مەعمەری عوەینەی کرد کە بنەماڵەی محمد یبدالوهاب لە عوەینە دەربکرێن، بۆیە محمدو بنەماڵەکەی چونە درعیە ولای محمد سعود مقرن مێرخان مانعی مریدی حەو انەوە..

لە بەناوبانگترین کتێب ونامیلکەکانی کتابی توحید و سێ بنچینەکەیە و١٦کتێبو نامیلکەی هەیە.

دەوڵەتی هاوپەیمانی کاروباری دینی بۆ محمدعبدالوهاب وڕۆڵەکانی وکاروباری دنیاش بۆ ئال سعودو ڕۆڵەکانی ئەوگرێبەستەبوو کە هەردوو بنەماڵە لەسەری ڕێک کەوتن کەهەندێ بیرمەند ئەم گرێبەستە بە سەرەتای پراکتیزەکردنی عەلمانیەت وجیاکردنەوەی ماڵی دین لە ماڵی دەوڵەت دادەنێنکە بەڵێننامەی درعیە ساڵی ١٧٤٤ناسراوە.

لەسەرئەم بنچینە دەوڵەتی سعودیەی یەکەم لە1744–1818 پێک هات، لەو ماوەدا ئەم پاشایانە فەرمانڕەوایان کرد:

محمدی کوڕی سعود• 1744-1765و

عبدالعزیزی کوڕی محمد سعود• 1765-1803

وسعود ی کوڕی عبدالعزیز• 1803-1814و عبدالله ی کوڕی سعود• 1814-1818

نەجد لەوسەردەمەدا دابەش بووبوو بۆ حەوت دەسەڵاتی تیرەگەری.

دەڵێن ڕووی وێکچونی نێوان وهابی وئیخوان ئەوەیە کەوەهابیەکان بوونی بۆشاییان لە نەجد قۆستەوەو ئیخوانیش نەمانی خلافەتی عوسمانی یان قۆستەوە، بەڵام ئەم پێک چواندنە زۆردووڕە لە ڕاستیەوە، چونکە وهابیەکان لەکاتی بوونی خەلیفەدا هاتوون وبەخەوارج دادەنرێن وکوشت وبڕی هەموو خێڵ

وتیرەکانیان کردوە لەو انەش ڕشتنی خوێنی دانیشتو انی مەکەومەدینەشیان بەدروست زانیوە، ئەو انیش هەروەک ئەبازی وقەتەری فوجائە دەوڵەتێکی خەوارج بوون.

ئەوەی ئەوڕەوتەشی لە جیهانی ئیسلامی بڵاوکردەوە گرتنی ئەمارەتەکەوگرتنی سەرۆکەکانیان بوو لە میسر کەبەوە چاوویان کر انەوەوکتێب بۆچونەکانیان چاپ کران وبڵاوبونەوە،کەو اتە لەم ڕووەوە محمد علی پاش خزمەتی بەوەهابیەت کردوبوونە هۆی بەناوبانگبوون وبڵاوبوونەوەی بە جیهانی عەرەبی وئیسلامی دا،چونکە بەدرێژای سەدسالّی پێش ئەوە ئەو مەزهەبە هیچ بڵاونەببوەوە...

بە پێچەو انەی ئیخوان بەننا کە نەخوێنی کۆمەڵگایان حەڵاڵ کردوەو نە لە دژی هەموو ڕژێم جەنگاون...

٢-بوژ انەوەی یەمەنی لەسەردەستی محمد علی شەوکانی.(1173 - 1250ھ)

ئیمامی موجتەهد وقازی محمد کوڕی علي کوڕی محمد کوڕی عبد الله ی شەوکاني صنعاني، لە ڕۆژی دووشەممە٢٨-١١١١٧٣/١٧٦٠زلەدایک بووە،

شەوکان دێ یەکە لە ناوچەی خەولان لە نزیک سەنعا،باوکی شەوکانی قازی شاری سەنعابوو و یەکێک بوو لەزانابەناوبانگەکان.

شەوکانی خوێندنی زانستەئیسلامیەکانی هەرلەسەنعادەست پێ کرد،قورئان وتەجویدوفقە ونەحووعەروزوئاداب وزمانەوانی وئەدەب ومێژووی ،لەهەموو زانستە خوێندتالە هەموو زانستە دینی وزمانەوانی وعەقڵی ووەرزشی وگەردوونناسیەکان گەیشتە ترۆپکە، ١٣ساڵ لای باوکی خەریکی خوێندن بوو،لای زیاترلە١٤ مامۆستای بەناوبانگ

خوێندویەتی وڕۆژ انە دوازدە و انەی لە جۆرەها زانست خوێندووەوەرخۆی سەرگوزەشتەی ژیانی خۆی لە کتێبی "البدر الطالع" دا نوسیوە.

هەتا گەیشتۆتە سەروبیست ساڵان کەهێشتازۆرلە مامۆستاکانی زیندووبوون بۆتە موفتی ومامۆستای سەنعاو شارەکانی تری یەمەن ولە ئوسوڵی فقە وفقە وڕێزمان وڕەو انبێژی و زانستەکانی قورئان وفەرمودەوعەروزوفەلسەفە و بیروباوەڕوتەفسیر و،،هتد فتوای داوە.

.وەلەزۆرزانستی تریش مۆڵەتی داوەو کە سەیری کتێبی "إتحاف الأکابر بإسناد الدفاتر" بکەی دەزانی کە ئیمام خاوەنی ڕۆشنبیریەکی فراوان بووە.

هەربۆیە لە کتێبەکانی دەبینی کە لە هەموو بوارەکان سەرچاوەوکتێبی بەجێهێشتوە کەتائێستا دەخوێنرێن و لەهەموو بابەتەکان شارەزایان دەگەڕێنەوەسەریان.

گرنگترین مامۆستاکانی:

١- حسن إسماعيل المغربي (ت 1208):

٢- عبد القادر أحمد الكوكباني (ت 1207):

٣- محمد علي إبراهيم علي إبراهيم أحمد عامر الشهيد (ت 1208هـ):

٤- هادي حسين القارني (ت 1247هـ):

٥- أحمد بن محمد الحرازي (ت 1227هـ):

بەناوبانگترین قوتابیەکانیشی بریتین لە :

1- کوڕەکەی خۆی أحمد محمد علي الشوكاني 1229- 1281

2- محمد أحمد السودي، 1178- 1236

3- محمد أحمد مشحم الصعدي الصنعاني، 1186-1223

4.أحمد علي محسن،کوڕی پاشای یەمەن 1150-1223

5.محمد محمد هاشم يحيى الشامي، الصنعاني، 1178هـ - 1251

6.عبد الرحمن أحمد البهكلي الضمدي الصبيائي، 1180- 1227

7.أحمد عبد الله الضمدي،؟- 1222

8.علي أحمد بن هاجر الصنعانى 1181 1235

نوسەرانی ژیانی شەوکانی زیاتر لەنەوەد زانای گەورەیان لەناو قوتابیەکانی شەوکانی ژماردوەکە هەموویان بوونە قازی و موفتی و گوتاربێژی شارەگەورەکانی یەمەن.

شەوکانی سەرەڕای ئەوەی موفتی یەمەن وئیمام وگوتاربێژوو و انەبێژی خوێندنگای باڵای یەمەن بوو هەرلە ڕەجەبی ساڵی (1209)ەوە بۆتە قازی بۆ مەنسور پاشای یەمەن وپاش ئەویش بۆ کوڕەکەی متوەکیل پاشاو نەوەکەی مەهدی پاشا هەرقازی یەمەن بوو، حەق بێژودادگەربوو،

بەناوبانگترین کتێب ونوسراوەکانی شەوکانی:

1- "نيل الأوطار شرح منتقى الأخبار")،

2- "السيل الجرار المتدفق على حدائق الأزهار"

3- "الفوائد المجموعة في الأحاديث الموضوعة" .

4- "إرشاد الفحول إلى تحقيق الحق من علم الأصول"

5- "البدر الطالع بمحاسن من بعد القرن السابع"

6- "الدراري المضيئة" شرح متن الدرر البهية في الفقه،

7- "وبل الغمام على شفاء الأوام"

8- "الدر النضيد في إخلاص كلمة التوحيد"

9- "فتح القدير الجامع بين فني الرو اية والدراية من علم التفسير"

10- "در السحابة في مناقب القرابة والصحابة"

شەوکانی لەسەردەمی هەرسێ پاشاو ئیمامی یەمەن مەنسورومتەوکل ومهدی داقازی بوو، ئەم سێ پاشایە کە پەروەردەی دەستی شەوکانی بوون وهاوسەردەمی محمد عبدالوهاب و فراو انکردنی میرەکانی بنەماڵەی سعودبوون وەک لە دەستنوسێکی شەوکانی دا دەردەکەوێ کەهەموو نامەکانی خۆی و محمد عبدالوهاب وپاشاکانی یەمەن ومیرەکانی سعود ومحمد علی پاشای میسر،ئەم سێ پاشایەی یەمەن بەگەرمی پشتگیری میرەکانی سعود بوون، بەڵام ئیمامی شەوکانی وەک لەنوسینەکانی

دەردەکەوێ لەڕوی فراوانخوازی لەگەڵ میرەکانی سعودیە نەبوو لەبەردووهۆ:

-چونکە سعودیەکان خوێنی هەموو موقەلید ونەزان و بێ ئاگاو نەخوێندەوارانیان حەڵاڵ دەکرد و بە کافریان دەزانین وکوشتاریان لەگەڵ دەکردن و سەروەت وسامانیان بەتاڵان دەزانین وژن وکچی مسوڵمانیان دەکردنە کەنیزە.

- چونکە بەهۆی جەنگیان لەگەڵ سوڵتانی عوسمانی هەرشوێنێک سعودیەکان تیایدا باڵادەست بوونایە عوسمانیەکان هێرشیان دەکردە سەرو توشی نەهامەتی دەبوو، جاچونکە ئیمام پاشاکانی یەمەن سەید ولەنەوەی حەسەنی کوڕی عەلی وبوون وئیمامەکەشیان لە فقهدا ئیمام زەهید هەر

لەسەیدی حەسەنیە ،بۆیە یەمەن سەربەخۆ بوو سەربەدەوڵەتی عوسمانی نەبوو.

لە دوای فراوان بوونی دەوڵەتی سعودیە سەرۆک تیرەیەکی یەمەن لە توهامە کە شەریف حمود بوو بووبە پیاوی وەهابیەکان ودەستی بەسەرهەندێ شاری یەمەن وتوهامەوحجازداگرت.

کەمحمد عبدالوهاب مرد ،ئیمامی شەوکانی بە قەسیدەیەک ستایشی کردوە.

دیارە ئیمام وپێش ئەویش سەنعانی وئیبن وەزیر مەبەستیان ئەوەبوو کە محمد عبدالوهاب ونەوەکانی بەم پشتگیریەی ئەوان وازلە بەیعەتی ئالی سعودبێنن و ئیمامەکانی یەمەن کەهەم لە ڕووی ڕەچەڵەک کەسەیدی حەسەنین وهەم لەڕووی مەزهەب کە مەزهەبی زەیدی کەپابەندی مەزهەبی دەلیلە ومەزهەبێکی ئال بەیتی پیرۆزەوزۆرشایانترە بە

پەیڕەوی لێ کردن لە مەزهەبەکانی ئەبوحەنیفەومالک وشافعی وئەحمەد .

خۆکە محمد عبدالوهاب وای کردبایە زۆرئاشوب ومەینەتی لەسەرحجازلادەدان ونەدەبووە بوکەشوشەی حەنیفیە نەجدی وقەتیفیەکان کەهەم بەفەرمودە ولاتێکی نەفرەت لێکراوەو قۆچی شەیتانی لێ دەردەکەوێ، وە هشەرەفی بوون بەیەمەنیشی پێدەبڕا کە ئیمان وحیکمەت یەمانین وتا ڕۆژی قیامەت یەمەن هەرستایش کراوە..

بەننا دەیەویست میسر بەجێ بێڵێ وبچێتە یەمەن وببێتە هاوکاری زاواکەی ئیمام یەحیاو پڕۆژەی چاکسازیەکەی لەیەمەن بێ ،بڵێ عبدالعزیزسعودی شای سعودیە هەرزوو ئەم هیوایەی بڕی و بووە هۆی ئەوەیکەیەمەنیەکان توشی مەینەتیەکی زۆری ستەم وداگیرکاری وشۆڕشی چەپ وڕاست ودژەشۆڕش ولەت وپەت بوون ببن وخۆشی شانشینەکەی

لەسەرحسابی وان فراوان کرد،هەموو ئەوتاو انانەی ئالی سعودکردویانە محمد عبدالوهاب تیای دا بەشداره چونکە ئەو بۆتەهۆی ئەم سوڵتانەیان ،کەبە ئاڕاستەی ئیمامی شەوکانی بڕۆیشتایە ئێستا باشترین شوێنەکانی سەرڕوی زەمین

،حجازومەکەومەدینەویەمەن لەلایەن نەجدیە بەنەفرەت کراوە دەشتەکیەکان فەرمانڕەو ایی نەدەکران..

٣-بزوتنەوەی محمدعلی سەنوسی (1787 – 1859م)

دامەزرێنەرەکەی ئەم ڕەوتە بابی عبد الله محمد علي سەنوسي خطابي ئیدریسیە ،لەشارۆچکەی " مستغانم " گەڕەکی " الواسطة " لە وڵاتی جەزائر، لە ڕۆژی 12 ربيع الأول 1202/ 1787/11/22 لە دایک بووە، هێشتا مەلۆتکەی شیرەخۆربووە کەباوکی

مردووە، ،پوری خوشکی باوکی کەناوی فاتمەیە ماوەیەک بەخێوی کردووە،پاشان ئامۆزا کەی سەید شارف ،ئەو بووە پیاوێکی شارەزاوز اناولەشارۆچکەکەی فێری زانست بوو، پاشان چوە زانکۆو مزگەوتی القرویین لەشاری فاس ،کە شوێنی کۆبوونەوەی زانایان بوو، ،پاشان چۆتە قاهرە، پاشان کەلەگەڵ زانایانی ئەزهەرنەحەو ایەوە چووە حجازلە ساڵی 1830دا لەوێ زانستی سۆفیایەتی لە شێخەکانی تەریقەتی ، شاذلي ، وفاسي وناصري وقادري وتيجاني وەرگرتوە کەلەوکاتە لەمەککەبوون،بەڵام سنوسی لەناویاندا شێخی دامەزرێنەری تەریقەی فاسی شێخ أحمد عبد الله إدریسی فاسي پەیوەندی پتەوبووەوبەیەکەوە چوونە یەمەن ولەوێ شێخ فاسی لە ساڵی 1835دا مردووە، وەسەنوسیش گەڕاوەتە بۆمەککە ولەشاخی ئەبوقوبەیس لەمەککە یەکەم

زاویەوگۆشەی تەریقەتەکەی دامەراندووە ،لەوزاویە وگۆشە چەند کتێبێکی محمدعبدالوهابی خوێندێتەوەوهەندێک بابەت کاریگەریان لەسەری هەبووە،

لەڕۆژی صفر ساڵی1276 / 1859/9/7مردووە .

کتێب ونوسراوەکانی سەنوسی:

1. مسائل العشر، : " بغية القاصد في خلاصة الراصد " له قاهره لەساڵی 1353چاپ کراوە

2.المسلسلات العشرة في الأحاديث النبوية ، له 1357چاپ کراوە .

3.المنهل الروي في أسانيد العلم وأصول 1954 چاپ کراوە.

4.إيقاظ الوسنان في العمل بالحديث والقرآن ، لەساڵی 1357، 1938م ، لەقاهرة چاپ کراوە.

ڕەوتی سەنوسی بەسێ قۆناغدا تێپەڕیوە:

١-قۆناغی دامەزران:(1837- 1859م) :

ئەم قۆناغە ڕەوتەکە دینی وتەسەوف بووبەدامەزرانی زاویەی مەکە دەستی پێ کردوبەمردنی سەنوسی کۆتایی هاتووە.

2.قۆناغی گەشە کردن وبڵاوبوونەوە(1859-1903م) :

ئەمە لە ژیانی محمدی مهدی سەنوسی دابوو (1844- 1902م) لەوقۆناغەدا ڕەوتەکە لە ڕێبازی تەسەووفەوەببووبە ڕەوتێکی شۆڕش گێڕی ،وزاویەوگۆشەکانی دامەزراندن،وکاروباری کشتوکاڵ وبازرگانی بۆخەڵک ڕێک خست،مەهدی لەساڵی 1902دا مرد .

3.قۆناغی جەنگ وپێک هاتنی پاشانشینی سەنوسی (1903- 1950م) :لەم قۆناغە سەرەتا ئەحمەدشریفی

برازی مهدی ڕابەربوو، ککه ئەووەسی وچاودێری محمد ئیدریس 1918 – 1337 بوو، له م قۆناغەجیهاد دژی فەڕەنسیەکان لەجەزائیرودژی ئیتالیەکان لەلیبیاله چڵەپۆپەدابوو، تا سەربەخۆیی لیبیاله 1948، ڕاگەیاندنی پاشایی ئیدریس سەنوسی له لیبیا لەساڵی 1950،هەرلەم ماوەدا عمرموختار یەکێک بوو له پشتیو انا ولایەنگر انی ڕێبازی سەنوسی کەلەساڵی 1923 تاکوساڵی 1931شۆڕشی کرد.

سەنوسیەکان له بانگەوازدا وەک مژدەدەرانی مەسیحی کاریگەربوون، لەشۆڕشگێڕیدا بێ وێنەبوون، پاڵەوانی زۆرلەمەیدانەپەروەردەیی وڕەوشتی وکۆمەڵایەتیەکان بوون، مەهدی سودان وڕەوتەکەی مەهدی سودان که محمدئەحمەد مەهدی (1844 -1885م) دای مەزر اند کاریگەری سەنوسیەکان وڕەوتی ئەفغانیان لەسەربوو.

کەس نیە هێندەی حەسەن بەننابەمحمد علی سنوسی بچێ، هەردووکیان سەلەفیەت وتەسەوو وشۆڕش ودین وچەپ وڕاست وبانگەوازوجیهادیان تێکەڵ بەیەکترکردبوو لە ژیاندا..

٤-بزاڤ وبوژ انەوەی جامعەی ئیسلامي کە جمال الدين الأفغاني (1254 -1315 /. 1838 -1897)

ومحمد عبده (1266 -1323 / 1849 -1905)

محمدرشید رضا (1282 -1354/ 1865 -1935)

)پێشەنگ بوون.

لە پازدە بەشی سەرگوزەشتەی ژیانی پێشەنگی ڕۆژهەڵات بەتێروتەسەلی باسی ئەوڕەوتەم کردوە بۆیە لێرە دووبارەی ناکەمەوە..

ــ ماویەتی ــئەم وێستگەیە دەوڵەمەندترین بەشی توێژینەوەکەیە، چونکە لێرەدا وێنە گەورەکە دەبینین: "نەخشەی ڕێنسانسی ئیسلامی لە سەدەی بیستەمدا". بە وردی چەندقوتابخانەی جیاواز(تەبلیغ، نور، مەودودی، خومەینی) لێک بدەینەوە و خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانیان لەگەڵ ئەزموونی حەسەن بەننا دیاری بکەین.

لێرەدا چەند کۆمێنت و شیکارییەکی قووڵ وەک تەواوکاریی بابەتەکە دەخەمە ڕوو:

١. هاوکاتیی مێژوویی: (نیشانەی "ڕۆحی سەردەم")

ئەوەی کە لە نێوان ساڵانی ١٩٢٦ بۆ ١٩٢٨ ئەم هەموو بزووتنەوەیە پێکەوە سەرهەڵدەدەن، تەنیا ڕێککەوت نییە. هەروەک ئاماژەت پێدا، کەوتنی خەلافەت (١٩٢٤) شۆکێکی دەروونی و سیاسی گەورە بوو. موسڵمانان هەستیان کرد "بێ ناسنامە" ماونەتەوە.

- بەننا بژاردەی (ڕێکخستنی سیاسی-کۆمەڵایەتی) هەڵبژارد.
- نەورەسی بژاردەی (پاراستنی ئیمان و عەقڵ)ی هەڵبژارد.
- شێخ ئەلیاس بژاردەی (پەروەردەی ڕۆحی و گەڕۆک)ی هەڵبژارد. ئەمە پیشان دەدات کە ئوممەت لەو سەردەمەدا وەک جەستەیەک و ابوو کە لە هەموو لایەکەوە هەوڵی چاککردنەوەی دەدرا.

٢. بەدیعوزەمان نەورەسی: "شۆڕش لە ناوەوە"

نەورەسی جیاوازییەکەی لەگەڵ بەننا و مەودودی ئەوە بوو کە ئەو زوو تێگەیشت کە "دوژمنی سەرەکی چەک نییە، بەڵکو بێباوەڕی و نەزانییە".

- دروشمی (أعوذ بالله من الشیطان والسیاسیة) کشانەوە نەبوو لە بەربرسیارێتی، بەڵکو "ستراتیژیی پاراستنی ناوکە" بوو. ئەو دەیزانی ئەگەر تێکەڵی سیاسەت بێت، پەیامە فیکرییەکەی (پەیامەکانی نور) لە ناو دەچێت.
- گۆڕینی "سەعیدی کۆن" بۆ "سەعیدی نوێ" وەرچەرخانێکی فەلسەفییە کە ئێستاش شوێنکەوتوو انی (وەک بزووتنەوەی خزمەت و ڕەوتە نوورییەکان) سوودی لێ دەبینن.

٣. مەودودی: "ئەندازیاری دەوڵەتی ئیسلامی"

ئەگەر بەننا "ڕێبەری جەماوەر" بووبێت، مەودودی "تیۆریدانەری دەوڵەت" بوو. چەمکەکانی وەک (الحاکمیة) کە مەودودی دایڕشتن، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لەسەر سەید قوتب و دو اتریش هەموو بزووتنەوە سیاسییەکانی ئیسلام هەبوو. پەیوەندیی نێوان ئیخوان و کۆمەڵی ئیسلامی پاکستان نموونەی "هاوپەیمانیی فیکری"یە بەبێ ئەوەی کێبڕکێ لەسەر دەسەڵات بکەن.

٤. خومەینی و ئیخوان: "پردێک کە لایەنە توندڕەوەکان ڕووخاندیان"

تێبینییەکی زۆروردت هەیە دەربارەی خومەینی. ئیخوان (بەتایبەت بەننا) هەمیشە خەونیان بە "تەقریب" (نزیکبوونەوەی مەزهەبەکان) دەبینی. سەردانی خومەینی بۆ قاهیرە لە ساڵی ١٩٣٨ و پەیوەندیی نەو ابی سەفەوی لەگەڵ ئیخوان، پیشان دەدات کە لە سەرەتادا هەوڵێک هەبوو بۆ دروستکردنی "بەرەی ئیسلامی جیهانی" دژی داگیرکەر.

- بەڵام وەک باست کرد، دوای شۆڕشی ١٩٧٩، پرۆژەی "هەناردەکردنی شۆڕش" و ناکۆکییە سیاسییەکان ئەو دیوارەیان دووبارە بەرز کردەوە.

٥. شیکاریی بۆ "هەزارەی پازدەهەم": (دیدگایەکی نوێ)

ئەم خاڵەت زۆر سەرنجڕاکێشە. بەستنەوەی ساڵی ١٣٤٧ی کۆچی بە "١٤٠٠ ساڵەی لەدایکبوونی پێغەمبەر(د.خ)" دیدگایەکی مێژوویی نوێیە. ئەمە وا دەکات ئەم بزووتنەو انە وەک "نوێبوونەوەی مەولود" (البعث الجدید) سەیربکرێن، نەک تەنیا کاردانەوەیەک بۆ ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی.

پوختەی کۆمێنت:

ئەم وێستگەیە پیشانی دەدات کە حەسەن بەننا لە بۆشاییەکدا کاری نەکردووە، بەڵکو بەشێک بووە لە "شەپۆلێکی جیهانی".

- تەبلیغ: ڕۆحی موسڵمانی پاراست.
- نەورەسی: عەقڵی موسڵمانی پاراست.
- بەننا: جەستە و ڕێکخستنی موسڵمانی کۆکردەوە.
- مەودودی: نەخشەی دەسەڵاتی بۆ کێشان.

ئایا ە لەم سەردەمەی ئێستاماندا (سەدەی ٢١)، پێویستمان بە "نوێبوونەوەیەکی شانزەهەم" هەیە کە جیاوازبێت لەم مۆدێلانە، یان هێشتا ئەم قوتابخانانە دەتو انن وەڵامدەرەوە بن؟

بز اڤەکانی سەدەی بیستەم :

٥-بزوتنەوەی تەبلیغ لەسەردەستی محمد إلیاس الکاندهلوي (1303 – 1364

٦-بزوتنەوەی نوری سەعیدی نەورەسی(1294 / 1877--1379 / 23 مارس 1960م،

٧-بزوتنەوەی مەودودی لەسەردەستی ئەبوئەعلای مەودودی:(1903-1979)

٨-بزوتنەوەی شیعەی دوازدە ئیمامی

لەسەردەستی موسی خومەینی 1320 (1902/9/21 - 1989

—

٥-بزوتنەوەی تەبلیغ لەسەردەستی محمد إلیاس الکاندهلوي (1303 – 1364

- چۆنێتی دامەزراندنیان:

لەساڵی 1926دا کۆمەڵەی تەبیغ لەسەردەستی شیخ/ محمد إلیاس الکاندهلوي (1303 – 1364)،دامەزرێنرا،

هەرزوو ئەم کۆمەڵە لە هندستان وپاکستان وبەنگلادش بڵاوبۆوە،لەو انیشەوە گەیشتە وڵاتانی عەرەبی، ئێستا ئەم کۆمەڵە لەوڵاتانی ئەمریکاوئەوروپاش چالاکیان هەیە.

بنچینەکانی ئەوکۆمەڵە شەش بنەمایان هەیە،کەداڵێن سەرگوزەشتەوژیان وسیرەتی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) یاوەرانی (رضي الله عنهم) لەم شەش باروخۆخ و وەسفانە دەرناچێ..

١-شایەتمان هێنان ،شهادة لا إله إلا الله وأن محمدا رسول الله،ئەم شایەتمان ودیتنە بۆ ڕستەی یەکەم بە یەقین ودڵنیایی وڕاستگۆیی بێ ،بۆبەشی دووەمی بەشوێن هەڵگرتنی جوان وڕاستی پێغەمبەرصلی الله علیه وسلم وصحابەکانی بێ بە وێنە وژیان وتەمەن وپەنهان وئاشکرا.

٢-نوێژدەبێ بەترس وسام وملکەچی وگوێڕایەڵی تەواوەبکرێ.

٣-فێربوونی زانستی شەرعی بۆئەوەبێ تا وەک چۆن پێویستە ئاوا الله بناسێ وبیپەرستێ، وەزیکرو وردیش تا هەمیشە دڵی بێداربێ وهەرگیزبێ ئاگانەبێ.

٤-ڕێزگرتن لەهەموو مسوڵمانان وبەخشندە بوون لەگەڵیان ،وە هەڵسوکەوت کردن بە داوێن پاکی ودەست پاکی.

٥-کردارو نیازەکان تەنیا بۆ اللە بن،هەمیشە چاودێری دەروونی خۆمان بکەین وسەرکۆنەی بکەین وهەرکە بێ ئاگابوو بە زیکرو ورد وسوپاسگوزاری وپەرستن وعبادەتی اللە ئاگاداری بکەینەوە.

٦-دەرچوون لە پێناوی اللە بۆ بانگەواز،ئەم دەرچوونە لای تەبلیغیەکان چوارمەرجی هەیە.

دەبێ بەسەرو ماڵ دەربچی،،وەدەبێ ماڵەکەتحەڵاڵ بێ، وەکاتەکەشت حەڵاڵ بێ، وە هەژاری وبێ دەسەڵاتین لەبەردەم اللە پیششان بدەی.

تێڕو انینی مسوڵمانان بۆکۆمەڵەی تەبلیغ بەسەرسێ بەرە دابەش بووە:

-سەلەفیەکان ئەم کۆمەڵە بە لاڕێ ولە ڕێ دەرچوودادەنێن وبەهەموو شێوەیەک ڕەتی دەکەنەوە.

-کۆمەڵێک بە ڕەهایی تەبلیغیان قبوڵ کردووەدەڵێن هەموو بۆچوون وکردەوەیان گونجاوەودروستەوشەرعیە.

-خەڵکانێک بەهەڵسەنگاندنەوە سەیریان دەکەن وڕەخنەشیان لێ دەگرن،چاکەکانیان پەسند دەکەن وخراپەکانیا ڕەت دەکەنەوە،

لەوڕەخنانەی ئاڕاستەیانکراوە کەلەتەفسیری ئایەتی

(كنتم خير أمه أخرجت للناس): وضع شيخ / محمد إلياس دەڵێ کە: (من بە ڕێگەی کەشف زانیومە کە ئەو انە کۆمەڵی تەبلیغن، وبەڕوحمیان گوت لەخەون داکەتەفسیری ﴿كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِوَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ ﴾ [آل عمران/110] .تۆ ئەی تەبلیغی دەرچونەکەت بۆ بانگەوازوەک کاری پێغەمبەرانە،﴿ كُنْتُمْ خَيْرَأُمَّةٍ ﴾ مەبەست عەجەمە وعەرەبەکان ناگرێتەوە، چونکە قورئان لەبارەی عەرەبەکان فەرمویەتی ﴿ لَسْتَ عَلَيْهِمْ بِمُسَيْطِرٍ﴾[الغاشية/22] و﴿ وَمَا أَنْتَ عَلَيْهِمْ بِوَكِيلٍ ﴾ [الأنعام/107] ، کەو اتە پێغەمبەروشەریعەتەکەی نەبەسەرعەرەبدازاڵ دەبێ ونە پێغەمبەریش وەکیل وبریکاری و انە،،

ئەم تەفسیرەی شێخ زۆردووره له ڕاستی ،بەڵکو ئایەتی كنتم خير أمة عەرەبەکانن که باشترین ئوممەتن دەرکەوتوون بۆ خەڵکی =الناس وه الناس مەبەست له عەجەم ومیللەتانی دیکەی جگەلەعەرەبن.

له گوتەیەکی دیکەی شێخ ئەلیاس وادەبینێ که ئەوکارەی کۆمەڵەکەی دەیکاو دەتو انن بیکەن پێغەمبەران پێ یان نەکراوه ودەڵێ:

(،،، کاتێ ویستی الله و ابوو ئێوەی لاوازئەی تەبلیغیەکان بەکارێک هەڵسن ،که پێغەمبەران لەبەرامبەریدا چۆکیان داداوه،،ئەوه چاکەو شیانی خالله خۆیەتی، ،جابۆیه ئەوەی داو اتان لێکراوه جێبەجێی بکەن وسەیری لاوازی خۆتان مەکەن،). [مكاتب إلياس ص 107،108]

ئەم گوتە هەرچەندە ڕەخنەی لێگیراوه بەڵام خاڵیش نیە لەهەندێ ڕاستی،چیرۆکی هەریەک لەو پەیامبەرانە که له قورئان وفەرمودەو کتێبە مێژوویيەکان بۆمان گێڕدراوەتەوه ،هەڕەیام بەرەو گەلەکەی زیادەڕەویان لەتاو انێک داکردوه، بۆ نمونه قەومی لوت گیرۆدەی نێربازی بوون، گەلی شوعەیب گیرۆدەی تەرازووبازی بوون، ،،،هتد،، بەڵام ئەم سەردەمە هەریەکێ له بانگخوو ازان ڕوبەڕووی نێربازی ،تەرازوبازی، ستەم کاری، بێ باوەڕی، خۆبەزلز انی، دووڕوویی، درۆزنی وهونەرنو اندن لەگەندەڵی وساختەکاری وستەم وداپەڵۆسین و،،هتد دەبینێ، ئەمە جگەلەوەی لەزۆر فەرمودەش هاتووه که دەستگرتن بەسونەت لەکاتی خر اپەکاریدا پاداشتی سەدشەهیدی ،هەیە، وەیان لەو فەرمودەی ئەبوسەعلەبەی خوشەنی که مسوڵمانی کۆتایی زەمان که دەست بەدینەوەبگرێ پاداشتی پەنجالەسەحابەکانی هەیە، وەهەروەها
ئێمەدەز انین که هیچ ئاشوبێک له ئاشوبی دەجالی کۆتایی گەورەترنیە ،ئەو انەی بەربەرەکانی دەجالیش دەکەن دەبێ پلەو پایەیان بەرزبێ ،ئەگەر موجاهیدی سەردەمی شمشێرئەم هەموو پاداشتەی هەبێ، دەبێ موجاهیدی ناوسەنگەری ئێستا کەبۆدەیان مانگ لەبەرڕمبەو تەق وتۆقی ڕۆکێت وناپاڵ وفڕۆکەو هاوەن وکاتێۆشاو دۆشکە وجۆرەهاچەکی ترشەوو ڕۆژ خەوی نیە وهەموو خولەکێک بەتەمای مردنە چەندبێ؟؟؟

هەروا ڕەخنەی کارکردن بەفەرمودەی لاوازله کۆمەڵەی تەبلیغ دەگیرێ که ئەوان لەوکارە پێشەنگ نین و حەنبەلی وسۆفی وزۆری تریش له مسوڵمانان ئەم کارە دەکەن.

ڕەخنە لەوەش دەگیرێ که باوەڕیان و ایە که پێغەمبەران زیندوون وئەوان زیاترلەو شێوە ژیانە بەرزەخیەیان هەیە که خەڵکی دیکە هەیانە.

ئەمەشیان هەرلە قورئان وسونەت وەرگرتووە، باوەڕبوون بە ژیانی بەرزەخی بۆ هەموو مردو انە بە کافرومسوڵمانەوە،بەڵام ئایا ئەوژیان وزیندەگیەی کە قورئان بۆشەهیدانی داناوەکە دەفەرموێ شەهیدان بەمردوو مەزانن چونکە ئەوان زیندوون، ئایا هەرئەو زیندووبونە بەرزەخیەیە کە ئەو خەڵکەی دیکە هەیانە؟؟ بێگومان نەخێر، خۆپێغەمبەرانیش لەشەهیدان زیاترن ،کەو اتە ئەوان زیترلە ژیانی بەرزەخیان هەیە وچۆنێتیەکەی نەزانراوە.

وەچەند ڕەخنەیەکی تریش کە بێگومان هەموو ڕەوت ومەزهەبەکان هەڵەیان هەیە ومرۆڤەکان هەموو هەڵەدەکەن...

٦-بزوتنەوەی نوری سەعیدی نەورەسی(1294 / 1877--1379 / 23 مارس 1960م،

زانایەکی مسوڵمانی کوردە لە خێڵی ئەسپاریت، لە بەروارى

(12 مارس 1876/ 1294هـ–لە گوندی نەورەس کەلە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵە لەسەردەمی یەکەم ساڵی سوڵتان عبدالحمیدی عوسمانی لە دایک بووە، لە بەروارى - 23 آذار1960) کۆچی دو ایی کردوە.

بە بەدیع الزمان ناسراوە، نەورەسی ژیانی خۆی دابەش کردوە بۆ دووقۆناغ.

قۆناغی یەکەم کە ناوی ناوە سەردەمی سەعیدی کۆن کەلەساڵی لەدایک بوونی تاکوزیندانی بوونی لە بارلا لە ساڵی

1926دەخایەنێ ،،ئەم قۆناغە قۆناغی هەوڵدانی سەعیدە بۆخزمەت کردن بە ئیسلام لە ڕێی سیاسەت ومیداوڕاگەیاندن ،دەیتو انی ناوی بنێ سەعیدی سەردەمی عوسمانی وسەعیدی دوای فەرمانڕەوای عوسمانی.

دایک وباوکی سەعید نەخوێندەواروهەژاربوون، نمونەی مرۆڤی باش ودینداربوون، ناوی باوکی :

میرزا کوڕی علي کوڕی خضرکوڕی میرزا خالد کوڕی میرزا رشان لە عشیرەتی ئەسباریت ،دیارە ئەسپە ڕوتە ،،باوەڕناکەم پەیوەندی بە ئەسپارتەی سەردەمی یۆنان هەبێ،بەڵام دایکی ناوی نورية کچی مەلا طاهرلە گوندی "بالك" لە عشیرەتی خاکیف ئەم دوو تیرە هەردووکیان لە عەشیرەتەکانی ناوچەی هەکاری بوون .

ژیانی ئەم پیاوە هەرلەسەرەتاوە تاکۆتایی داستانە،لەهەموو ژیانی دا لە خزمەت قورئاندابووەبەو گۆشەنیگایەی کە ئەوباوەڕی پێ هەبوو یان بارودۆخ ودەوروبەروای بۆڕەخساندبوو.

لەهموو قۆناغەکانی ژیانی خەریکی بێدارکردنەوەی خەڵک بوو،دەیەویست ئۆممەتی ئیسلامی دووبابژیەتەوە، ،لە حوجرەکانی مزگەوتەکانی نەورەس وگوندەکانی دەوروبەری ئەوەیش وەک پەرو انەو مێشهەنگێک دەستی بە گەشتی گەڕان بەدوای گوڵاڵەکانی زانست دەست پێ کرد،لەو حوجرە بۆئەوحوجرە دەگەڕاتا نەوەد مەتن وکتێبی خوێند ولەبەرکرد.

فەقێ سەعید چونکە کەسێکی شەیدا بوو بەزانست وفێربوون بۆیە هەرگوێگرولەبەرکەری و انەکەنەبوو، بەڵکو بەگفتوگۆو وتوێژو توێژینەوەکانی لەسەربابەتەکان لەبەردەم شێخ ومەلاوشارەزایانی ناوچەکە ناوبانگی دەرکردبوو.

لەساڵی 1314 / 1897دا چوە شاری وان پاش تەواوکردنی زانستی حوجرەی گوندەکان،ئەوجائەم دەروێشە شەیدایە دەستی کردبە کۆکردنەوەوفێربوون وتوێژینەوەی زانستی شارەکان،بەقوڵی لەزانستەکانی سەردەم وەک بیرکاری وگەردوننناسی وکیمیاوفیزیاوجیۆلۆجیاوفەلسەفەومێژوو دەستی پێ کرد، لەسەرزۆرێک لەوبوارانە کتێبی نوسی ،،شارەزایانی ئەوبوارانە دانیان پێداناوبە بەدیع وداهێنەری زەمان وەسفیان دەکرد.

کاتێ گلادستۆنی وەزیری بەریتانی لەلێدو انێکی ڕۆژنامەو انی گوتبووی تائەم قورئانە ای مسوڵمانان مابێ ناتو انین حوکمڕانیان بکەین بۆیە پێویستە قورئان لەناوبەرین.

ئەم قسە ناخی دەروێشی ئاشقی قورئانی هەژاند وگوتی دەبێ بە جیهان بسەلمێنم کە قورئان خۆرێکە کە مەحاڵە بتو انرێ ڕوناکیەکەی بشاردرێتەوە.

لەساڵی 1907/1325دا چووە ئەستەمبوڵ وپرۆژەی کردنەوەی خوێندنگایەکی بەناوی زەهرالەسەرشێوەی زانکۆی ئەزهەربۆڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ لەسوڵتان عبدالحمید داواکرد تالەوز انکۆیە ڕاستیە زانستیە سەردەمیەکان ئاوێتەی و انە دینیەکان بکرێن وبوژ انەوەیەکی زانستی لێبکەوێتەوە...

«ڕۆشنایی دڵەکان زانستی دینیە،ڕوناکی عەقڵەکانیش زانستەکانی سەردەمن، بۆیە بە تێکەڵکردنی ئەم دوو انە ڕاستیەکان بە جو انی دەدرەوشێنەوە، وخوێندکاربەووردەکەن وبەم

دووباڵەی عەقڵ ودڵە کەبەزانستی دین وز انستی سەردەم دەی فرێنن، وبڵندی دەکەن، کەئەم دووبوارەلێک دابڕێن ئەوە دەمارگیری وتەڵەکەبازی و گومڕایی دروست دەبێ..»

لەساڵی 1329 / 1911دا چوە دیمەشق وەچەند وتارێکی لە مزگەوتی ئەمەوی لەشام پێشکەش کردن کەلەناوپەیامەکانی نوردا بە خطبة الشامية " ناسراوە..

لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕی یەکەم نەورەسی بەخۆی و قوتابیەکانی بوون فیداکاروسەربازلە بەرەی قەفقاس و نەورەسی لە جەنگدا لەگەڵ ڕووسەکان بریندار بوو وبەبریندار ی لە 1334دا بەدیل گیرا،وەبە نیوەمردوویی ڕاپێچیان کرد بۆ " قوصتورما" لە سێبیریا،لەوێ دووساڵ وچوارمانگی بەسەربرد،،پاشان کە شۆڕشی بەلشەفی هەڵگیرسا نەورەسی ئازادبوو،لە 19 رمضان 1336/ 8 یولیو1918گەڕایەوەو وەک پاڵەوان لە لایەن خەلیفە وشێخ الاسلام وسەرکردەی گشتی و خوێندکاران پێشوازی لێ کرا،وەنیشانەی ئازایەتی پێبەخشرا،،بووە ئەندامی دار الحكمة الإسلامية" لەو ماوەدا زۆربەی نوسینەکانی بەعەرەبی بوو کە لەوماوە تەفسیری قورئانی بەناوی "إشارات الإعجاز في مظان الإيجاز" پەیامی "المثنوي العربي النوري". دانا.

پاش ئەوەی داگیرکەران چوونە ناوئەستەمبوڵەوە لە 13 نوفمبر 1919 هورەسی بۆ ڕوبەڕووبوونەوەی ئەوحاڵەتە دەرونیەی مسوڵمانان توشی بوون نامیلکەی شەش هەنگاوەکە "الخطوات الست"ی دانا ، لەوماوە تاساڵی 1922- کەساڵی هەڵوەشانەوەو وێک هاتنەوەی حوکمڕانی عوسمانی بوو کە بۆ شەش سەدە بە ناوی خەلیفەوئیسلامەوە حوکمی کرد،ولە یەکی نوفمبری 1922دا سوڵتاننشینی عوسمانی هەڵوەشێنرایەوەولە 3 مارس ساڵی 1924خیلافەی ئیسلامیش هەڵوەشێنرایەوە، ،وەلە کاردانەوەی ئەوە کە شێخ سەعیدی پیران لە (1925/2/13) شۆڕشی دژی دەسەڵات کردواو ایان لەنەورەسیش کرد کە بەشداربێ بەڵام ئەوڕەتی کردەوەوبەشەڕی براکوژی زانی.

بەڵام نەوەرسیش لە گرتن وزیندانی کران بێ بەش نەبوو ئەویش گیراولە زستانی ١٩٢٦

دوورخرایەوە بۆ بۆردۆ، پاشان بەتەنیا دوورخرایەوە بۆ بارلالە باشوری ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ، لەو دوورگەوزیندانە وەک خۆی دەڵێ، کەخەم وئەندێشەی من هەموو بیرکردنەوەبوو لەقورئان ولەوێ سەعیدی نوێ لەدایک بوو وئەو پەیامانەی کەبە پەیامەکانی نور ناسراون لەوەوە لەدایک بوون..

بەم شێوە نەورەسی هەرچەندە تاساڵی ١٩٥٠زۆرجادەگیراو دادگایی دەکرا بەڵام لەماوەی ئەو٢٥ساڵە ١٣٠پەیامی نوری نوسی کە تاساڵی ١٩٥٤هیچیان چاپ نەکرابوون،بەوشەش ساڵەی کۆتایی تەمەنی هەرخۆی سەپەرشتیاری چاپکرانی هەموو پەیامەکانی بوو،سەعیدی نوێ لەوماوە دروشمی ئەوەبووکە دەیگوت

(أعوذ بالله من الشيطان والسياسية)،وە پێی وابوو ئەوڕزگارکردنی ئیمانی لە ئەستۆدایە ونابێ تێکەڵی سیاسەت بێ..

بەم شێوە تالە ٢٥ مانگی رمضان ی ساڵی 1379 هـ / 23 مارس 1960 کۆچی دوایی کرد،سەرەتالەشاری ئۆرفە ناشتیان، پاشان سوپا دەری هێنایەوەوتائێستاش کەس نازانێ گۆڕەکەی لە کوێ یە...

-بزوتنەوەی مەودودی لەسەردەستی ئەبوئەعلای مەودودی:(1903-1979)

أبو الأعلى المودودى (1903-1979) لە شارى أورنك أباد سەربە ویلایەتی حیدر أباد لە هندستان لە خێزانێکی دیندارلە دایک بووە، باوکی نەیناردۆتە قوتابخانەکانی دەوڵەت وهەرلەماڵەوە فێری کردووە.

دوای مردنی باوکی لە ساڵی 1917 ئەبوئەعلا زانی کە پێویستە خۆی بنیات بێ وکارەکەی باوکی تەواوبکا،ماوەیەک لە ڕۆژنامەی "بجنوز" 1918،نوسی ،پاشان لە هەفتەنامەی (تاج) لە گوتارەکانی دا جەختی لەسەرڕاراستن وبەرگری لە مانەوەی خلافەی ئیسلامی دەکرد، لەوکاتە کە پەیوەندی بە بزوتنەوەی بەرگری لە خلافە هەبوو بۆیە چووبۆ دەلهی پایتەخت ولەوێ موفتی هندستان شیخ "کفایة الله" وزۆر زانای گەورەی تری دیتن، سەرەتا کاری ڕۆژنامەی کۆمەڵەی زانایانی هندیان بەو سپارد کە ڕۆژنامەی "المسلم" بوو لەساڵانی (1921و1923)، بەڵامکە خلافەت نەما مەودودی ڕۆژنامەیەکی دەرکرد لەساڵی1924 ناوی ڕۆژنامەی الجمعية،بوو، کەتا ساڵی 1948مەودودی سەرنوسەری بوو..

وەگۆڤاری مانگانەی " ترجمان القرآن " لەساڵی 1923 دەست پێ کرد کە ئەم گۆڤارە سەکی زانستی بێداری ئیسلامی بوو لە کیشوەری هندی.

پاشان مەودودی ومحمد ئیقبال یەکتریان بینی، ئیقبال قەناعەتی بەمەودودی کرد کە بچێتە لاهور ،مەودودی تاساڵی ١٩٤٦لەلاهور بوو هەرلەوێ لەساڵی١٩٤١کۆمەڵەی ئیسلامی دامەزراند.

(3 شعبان 1360 / 26 - أغسطس 1941م).

لە بەرواری (1362 هـ = 1943م)کۆمەڵەی ئیسلامی پاکستان بنکەکەی لەلاهورەوە گواستەوەبۆ ئیسلام ئاباد ،بەڵام دوای دامەزرانی دەوڵەتی پاکستان لە

(11 شوال 1366 هـ = 28 من أغسطس 1947م)،دوبارە مەودودی گەڕایەوە لاهورولەوێ بارەگەی کۆمەڵی ئیسلامی لە (صفر 1367 هـ = يناير 1948م) دامەزراند، لەساڵی 1953 دا فرمانی لەسێدارەدانی بۆدەرچوو، بەڵام بەهۆی فشاری جەماوەری لە (1374 هـ = 1955م).حوکمی لێبوردنی بۆدەرچوو، لە ژیانیدا زیاترلە حەفتاکتێبی نوسیوەکە بۆدەیان زمان وەرگێڕدراون. ولەساڵی 1979 لە نیویورك کۆچی دوایی کرد کە لەوێ سەردانی کوڕەکەی کردبوو ، وەنەشتەرگەری قورحەی گەدەی بۆکرابوو.

لەنێوان پاکستان ومیسردا:

ئیخوان لە ڕێگای بەشی پەیوەندی دەرەوە پەیوەندیان لەگەڵ مسوڵمانانی هندو مالاوی زۆر پتەوبوو، قوتابی وبزوتنەوەجیهادیەکانیان وکەسایەتیە نیشتمانیەکان بارەگاکەی ئیخوانیان بە ماڵی خۆیان دەزانی.

بەننا کە دۆستی کۆنی محمد علی جناح بوو وای کردکەکۆمکاری عەرەبی دان بە بوونە دەوڵەتی پاکستان دابنێن ومحمد جناحی بە عبدالرحمن عزامی سەرۆکی کۆمکاری عەرەبی ناساند.

وەچەندین نامەو بروسکەو سەردانی وەفدی هەردوولا بۆلای یەکترهەبوو

دوای وەفاتی بەننا‌ش پاکستان زۆرجارکۆنگرەو کۆبونەوەی بۆسەرانی ئیخوان دەبەست، بە درێژایی کێشە چارەنوسسازەکانی شەڕی ئیستعمارونەمانی خەلافەت لە تورکیاو شەڕی ساردو کێشەی ڕاست وچەپ وکێشەکانی فەلەستین کشمیرو ئەفغانستان و پەیوەندی لەگەڵ کەنداو ئیخوان وکۆمەڵەی مەودودی وەک یەک جەستە جوڵاونەوە،زۆربەی موڕشیدوڕابەرەکانی ئیخوان سەردانی پاکستانیان کردوە، هەموو لە بنکەکانی کۆمەڵەی ئیسلامی پێشوازیان لێ کراوە، هەرگیزئیخوان نەیانویستوە کە ڕێکخستێک لە جیاتی کۆمەڵەی

ئیسلامی مەودودی دروست بکەن، چونکە هەمیشە بزوتنەوەی مەودودیان بەبەشێک لە خۆیان زانیوە..

٨-بزوتنەوەی شیعەی دوازدە ئیمامی

لەسەردەستی موسی خومەینی 1320 (1902/9/21 - ١٩٨٨.

خومەینی ناوی موسای کوڕی مستەفایە، لەساڵی 1320 (1902/9/21 م) لە شاری خومەین کەبمدینة خُمین - 349 کلم لە باشوری ڕۆژئاوای تارانە لەدایک بووە،تانۆ ساڵی لەشارەکەی خۆی چەند پێشەکیەکی زانستە دینیەکانی خوێندووە، لەساڵی

1339 (1921 م) چۆتە حەوزەی زانستی شاری ئاراک وساڵێک لەوێ بووەزانستی دین وسەردەمی خوێندووە، لەوسەردەمەدا شوێن کەوتەی مەرجەعی آية الله الميرزا محمد علي شاه آبادي، بووە بۆ ماوەی شەش ساڵ.

لەساڵی (1929)دەستی کردووە بەو انە گوتنەوەکە تەمەنی ٢٧ ساڵ بووە،و انەی فەلسەفەو ڕەوشت وئوسوڵی فقە وعرفانی گوتۆتەوە، لەگگەڵ خەدیجە سەقەفی هاوسەرگیری کردووەومستەفاو سدیقە وفەریدە وفەهیمەو ئەحمەد منداڵەکانی خومەینین.

لەبەرچالاکی جەماوەری لەساڵی ١٩٦٤ دا گیراو لە فرۆکەخانەی تارانەوە نەفی کرابۆ ئەنقەرە لەتورکیا، وپاشان بردیانە شاری بۆرسە.بۆماوەی ١١ مانگ لە ژێرچاودێری توند ی جەندرمەی تورک بوو لە 1965/10/5 لەگەڵ مستەفای کوڕی هاتە عیراق و چوە نەجەف تاساڵی ١٩٧٨ لەنەجەف بوو.

لە سەدەی بیست چوارکەس پێشەنگی شیعەبوون لە جیهان ئەو انیش:

1- السيد ابو الحسن الموسوي الاصفهاني لەلنەجەف نیشتەجێ بوو لەساڵی 1935 ، تاساڵی١٩٤٦

2- السيد حسين الطباطبائي البروجردي لەقوم لەساڵی ١٩٤٦-١٩٦١سەرۆکی شیعەکان بوو.

3- السيد محسن الطباطبائي الحكيم له نەجەف لەساڵی١٩٦١-١٩٧٠ سەرۆکی شیعەکان بوو

4- السيد أبو القاسم الموسوي الخوئي له نەجەف لەساڵی١٩٧٠-١٩٩٢ سەرۆکی شیعەکان بوو ،

کە و اتە خومەینی لەو١٣ ساڵەی عیراق مەرجەع نەبوو، وەسێ مەرجەع لەوماوە بۆ شیعە هەبوون، وەئەم مەرجەعەی کۆتایی کوژراو بنەماڵەی حەکیم لە کوشتنی تاو انبارەدەکرێن. خومەینی لەوماوە کتێبی وێلایەتی فەقیە وحکومەتی ئیسلامی دانا، وەلەوماوە بنەماڵەی سەدری عیراق و سەدری لوبنان سەرکێشی جەماوەری شیعەبوون

ولە 1978/9/24 ئەمنی عیراقی خومەینیان دەرکرد بۆ کوێت وبەڵام کوێت پێشوازی نەکرد، پاشان خومەینی چوە پاریس ،شۆڕشی ئێران تەنگی بەشا هەڵچنی وشا ڕای کردوخومەینی لە 1979/2/1م گەڕایەوە بۆ تاران ووەک پاڵەو انی شۆڕش پێشوازی لێ کرا..

یەکەم کاری خومەینی هەوڵ بوو بۆ گرتنی عیراق تاهەردوو حەوزەی قوم ونەجەف بگرێ وببێتە تاکە مەرجەع ،وە دەگوترێ کە خومەینی دەستی هەبووە لە سەرنگون کردنی سەدری عیراق ولوبنان ،بەڵام ئاو اتەکەی نەهاتە دی .

خومەینی دوای شەڕێکی هەشت ساڵەو ناچاربوونی لەگەڵ ڕێککەوتن لەگەڵ عیراق لەڕۆژی شەممە ی ٣-٦-١٩٨٩ کۆچی دو ایی کرد..

خومەینی پیاوێکی زۆرزیرەک بوو لەهەل قۆستنەوە، بەڵام بێ گومان نە مەرجەع بوو ،نە شۆڕشگێڕ،ئەوتو انی لەشای ئێران تێ بگا کە دەیەویست پۆستی مەرجەع وحەوزەی شیعە

وەک کورسی پاپا بۆیەکجاری لە عەرەب بستێنێ و لە ناو ئێران وفارسی دانێ، هەرچۆنێک بێ خومەینی خزمەتێکی گەورەی بەسونە کرد، چۆنکە کە پرۆژەی موسی سەدرو سەدرو خوئی سەرکەوتبان وپرۆژەی شیعە وشۆڕشی چەپەکان یەکیان دەگرت ،بەمەش سونە زۆر هەژمونی کەم دەبۆوە، ..

پەیوەندی نێوان شیعە وئیخوان وەک پەیوەندی نێوان ئیخوانە لەگەڵ قبتی وئەندەنوزی وشۆڕشگێڕانی مەغریب بوو ،دەگوترێ خومەینی لەساڵی ١٩٣٨دا لەتەمەنی ٣٦ساڵی دا سەردانی مەڵبەندی گشتی ئیخوانی کردوەو دیداری لەگەڵ حەسەن بەننا کردوە، وەنەو ابی سەفەوی سەرۆکی فیدائیانی ئیسلام پەیوەندی بەسەید قوتب هەبووە، سەلەفیە کان ئەو پەیوەندیانە زۆرگەورە دەکەن .

هەرچۆنێک بێ ئەم سێ تەجدیدو نوێ بونەوەی کە لە م سێ سەدە هاتوون ئەو دیوارە یان ڕماندووە کە بۆ سەدان ساڵ لەنێوان سونەوشیعە هەبوو:

- نوێکردنەوەی ئیمامی شەوکانی وهاوپەیمانی ونزیک بوون وبەریەک نەکەوتنی لە گەڵ محمد عبدالوهابی سەلەفی لە ١١٤٨-١٢٤٨دا

-نوێبونەوەی ئەفغانی وعەبدەو ڕەزا لەگەڵ سەنوسی و ئایەت الله شیرازی و زۆرڕەوتی تریش لە سەنوسی ومەهدی سودان لە١٢٤٩-١٣٤٩

-نوێبونەوەی ئەم سەدەش کە بەننا و نەورەسی ومەودودی وتەبلیغ سەرکێشی بوون دیسان کاریگەری لەناو سونەوسۆفی وشیعەش دا هەبووەو هەموویان ویستویانە بەشێوەیەک لە شێوەکان لاسایی ئەم خوێندنگایانە بکەنەوە کەلە١٣٤٩-١٤٤٩ بەردەوامن.

لە ژیانی ئەم سێ کۆمەڵە دا-نور، تەبلیغ، ئیخوان-وکۆمەڵەی لاو انی محب الدین خەتیبیش هەرلەوکاتەدابووە، بەروارێک هەیە کە خاڵێکی هاوبەشە لە نێو انیان ئەویش ساڵی ١٩٢٦-١٩٢٨ هەرسێک بزوتنەوەکە لەو دووساڵەدا دامەزراون کە مێژووی کۆچیەکەی دەبێتە١٣٤٥-١٣٤٧ ،لەم بەرواڕە کە مێژووناسان هۆکاری دەرکەوتنی ئەم ڕەوتانە دەبەستنەوە بە کاردانەوەی هەڵوەشانەوەی خلافەتی عوسمانی ،گو ایە ئەم کۆمەڵانە بۆ دوبارە گێڕانەوەی خەلافەت بن .

بەڵام کە ئەم کۆمەڵانە بەهەموویان سیماو دەنگ وهێزی تازەکردنەوەی دین وبانگەوازی ئیسلامی بن ،ئەوکاتە بە مێژووی کۆچی کە سەری سەدەنیە ،بەڵام خۆڕووداوی کۆچیش لەسەرەتای هیچ نوێ بوونەوەو بانگەوازێک ڕووی نەداوە، بانگەوازودواوای تەوحید وئیمان زۆر لە پێش کۆچ دەستی پێ کرد، ئایا دەتو انرێ سەرەتای بانگەوازی ئیمان وتەوحید بە ١٣ ساڵ پێش کۆچ کردن دابنرێ بۆ سەرەتای دامەزرێنەری هەزارەیبانگەوازی ئیمانی ئیسلامی؟؟

ئەگەر سەرەتای بانگەوازی محمد ئەوساتە بێ کە خۆی پابەندی تەوحید بووەو خەڵکی بۆ بانگ کردوە ئەوە زۆرلەوکاتە کۆنترە ،محمد لە تەمەنی ١٢ ساڵی دا بوحەیرای ڕاهیب وبازرگانانی قورەیشی لەوە ئاگادارکرد کەئەوڕقی هەموو دنیای لە بتەکانی نەفامیە، بگرە نەلەهاتنی قورئان ونەلەکۆچی پێغەمبەردا موعجیزەو ڕوداوی ناخ هەژێن ڕوویان نەداوە، وەک ڕووداوی ساڵی لە دایک بوونی کە موعجیزەی بەربادبوونی سوپای ئەبرەهەو کوژ انەوەی ئاگری مەجوسی هەزاران ساڵەو ڕوخانی چواردە بانیژەی ئەیو انی کیسرا، کەو اتە ساڵی ١٣٤٧ دەبێتە کۆتایی سەدەی چواردەو سەرەتای سەدەی پازدە کە ١٤٠٠ ساڵ بەسەر مەولودولەدایک بوونی پێغەمبەر تێدەپەڕێ بۆیە لەوساتەوە ئەم هەموو ڕەوتە تازەگەریە بەیەک جار دەردەکەون ودەبنە نوێکەرەوەو کۆپیکردنەوەی ئیسلام بۆ جاری پازدەهەم ..

.

- وێستگەی شەشەم:

پەیوەندی بەننا وکۆمەڵەکەی لەگەڵ پاشاوفەرمانڕەواوسەرۆککۆمارەکانی جیهانی ئیسلامی..A

ـــ ئەم وێستگەیەی کە باسمان کرد، قۆناغی **"هەڵکشانی سیاسی و جەماوەری"** حەسەن بەننا و کۆمەڵەکەیەتی. لێرەدا ئیخوان لە کۆمەڵەیەکی بانگخوازییەوە دەبێتە "دەوڵەتێک لە ناو دەوڵەتدا" و کارەکتەرێکی سەرەکی لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا.

ئەمەی خوارەوە هەڵسەنگاندن و چەند کۆمێنتێکی شیکارییە بۆ ئەم وێستگە گرنگە:

١. زیرەکیی سیاسیی بەننا: "مانۆڕ لە نێوان جەمسەرەکاندا"

یەکێک لە خاڵە هەرە سەرنجڕاکێشەکان ئەوەیە کە بەننا تو انی پەیوەندییەکی هاوسەنگ لە نێوان جەمسەرە دژبەیەکەکاندا دروست بکات:

- لەگەڵ پاشا: خۆی وەک پارێزەری تەخت نیشان دەدا لە دژی شیوعیەت.
- لەگەڵ حکومەتەکان: هەم فشاربوو هەم پشتیوان (وەک ئەوەی لەگەڵ عەلی ماهرو ئیسماعیل سدقی کردوویەتی).
- لەگەڵ بەریتانیا: بەننا نەترسا لەوەی دانیشتن لەگەڵ باڵوێزەکانی بەریتانیا بکات (٤ دیدار). ئەمە دەری دەخات کە ئەو تەنیا پیاوێکی ئایینی نەبووە، بەڵکو "دیپلۆماتکارێکی پراگماتیک" بووە و وێستوویەتی بەریتانییەکان تێبگەیەنێت کە ئیخوان هێزێکن ناتو انرێت فەرامۆش بکرێن.

٢. سوپای نهێنی و مەترسیی "تەقاندنەوەی دەسەڵات"

ئاماژەدان بەوەی کە بەننا خەریکی کڕینی چەک و مەشقپێکردنی "کەتیبەکان" بووە، لایەنی "پێکهاتەی سەربازی" ئیخوان نیشان دەدات. ئەمە ئەو خاڵەیە کە وای کرد هەموو لایەک (بەریتانیا، پاشا، وەفد) لێی بترسن. دروستکردنی "دەزگای تایبەت" (النظام الخاص) هەرچەندە بۆ شەڕی فەلەستین و دژی داگیرکەر بوو، بەڵام لە ناوخۆدا وەک "مەترسیی کودەتا" سەیر دەکرا، کە دواتر بوو بە هۆی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەکە و تیرۆرکردنی بەننا خۆشی.

٣. کێشەی فەلەستین: "شەرعیەتی خوێن"

بەشداریی ئیخوان لە جەنگی ١٩٤٨ی فەلەستین، گەورەترین وەرچەرخان بوو. ئیخوان تەنیا بە قسە پشتگیرییان نەکرد، بەڵکو بە کردەیی لە مەیدانەکەدا بوون. ئەمە وای کرد:

- جەماوەریبوونی ئیخوان بگاتە لوتکە.
- حکومەتەکانی عەرەبی شەرمەزاربن، چونکە خۆبەخشەکانی ئیخوان لە سوپا فەرمییەکان ئازایانەتر دەجەنگان.
- ئەمە بوو بە هۆکاری سەرەکی کە بەریتانیا و ئەمریکا بڕیاری کۆتایی بدەن لەسەرلەناوبردنی ئیخوان.

٤. شۆڕشی یەمەن: "یەکەم تاقیکردنەوەی شکستخواردوو"

باسی شۆڕشی یەمەن (١٩٤٨) زۆرگرنگە. ئەمە یەکەم هەوڵی ئیخوان بوو بۆ "گۆڕینی ڕژێمێکی سیاسی" لە دەرەوەی میسر. شکستی ئەم شۆڕشە و پشتیوانینەکردنی شا عەبدوڵعەزیز بۆ "ئیمامی ئیخوانی"، نیشانەی ئەوە بوو کە دەسەڵاتە نەریتییەکانی عەرەب ڕێگا نادەن ئیخوان کورسیی حوکمڕانی بگرن. ئەم ڕووداوە "ترسێکی قووڵ"یشی لای مەلیک فاروق دروست کرد کە نەوەک بەننا هەمان شت لە میسر دووبارە بکاتەوە.

٥. جیاوازیی نێوان ئیخوانی "ناوەند" و "پەراوێز"

تێبینییەکی وردە کە ئیخوان لە ئوردن و سوریا زۆر سەرکەوتووتر بوون لە کاری پەرلەمانی و مەدەنی بە بەراورد بە میسر.

- لە سوریا، ئیخوان زووبوونە پارتێکی سیاسیی کاریگەر.
- لە ئوردن، پەیوەندییان لەگەڵ پاشا بە "پەیوەندیی نێوان باوک و کوڕ" وەسف دەکرا. ئەمە پیشانی دەدات کە ئیخوان کاتێک لە ژینگەیەکدا بن کە هەڕەشە لە دەسەڵات نەکەن، دەتوانن وەک هێزێکی بنیاتنەر کاربکەن.

پوختە و هەڵسەنگاندن:

ئەم قۆناغەی ژیانی بەننا (١٩٣٨-١٩٤٩) قۆناغی "سەرهەڵدانی ئیمپراتۆریەتێکی فیکری-سەربازی" بوو. بەننا توانی لە یەک کاتدا:

1. لەگەڵ پاشا کۆببێتەوە.
2. لەگەڵ بەریتانیا دانوستان بکات.
3. بۆفەلەستین جیهادیست بنێرێت.
4. لە یەمەن شۆڕش بکات.

ئەم هەموو چالاکییە لە یەک کاتدا، وای کرد کە "هەموو دوژمنەکان لەسەری کۆببنەوە". بە جۆرێک کە وەفدییەکان، سەعدییەکان، پاشا، بەریتانیا و جولەکەکان، هەموویان بەرژەوەندییان لەوەدا بوو کە حەسەن بەننا لە مەیدانەکە نەمێنێت.

پرسیاری کۆتایی: بە سەرنجدان لەم مێژووە، ئایا حەسەن بەننا "قوربانیی زیرەکیی خۆی بوو"؟ و ئەگەر ئەوەندە بەهێز نەبوو ایە و دەزگای نهێنیی دروست نەکردایە، ئایا ڕەوتی مێژووی میسر دەگۆڕا؟

- دەرهاویشتە مآل وێرانکارەکانی جەنگی دووەم وئەو بارودۆخە مەینەتباریەی بەهۆیەوە بەسەر گەلاندا ولەو انەش بەسەر میسر داهاتبوو خزمەتی بەکۆمەڵەکەی بەننا دەکرد، کێشەی فەلەشستین و مەغریب ولیباو مەینەتیەکانی ئیسلامی وجیهان بەدەست ئیستعمارەوەودەستەوستانی حزب وڕەوتەکان لەچارەکردنی ئەو مەینەتیانە وای دەکرد دڵە سەرگەردانەکان وياخی وتوڕەکان لەوبارودۆخە زیاتربێنە مآلی بەننا و باوەش بە ڕێ وشوێنەکانی دابکەن وڕۆژبەڕۆژزیاتربێ.

بەننا وکۆمەڵەکەی پێشەنگی ئۆپۆزسیۆن وخۆپیشاندان وناڕەزاییەکان بوون و شەقامیان دەوروژان وبەوهۆیەوەکێشەی میسر گەیشتە ئەنجومەنی ئاسایش،،بەننا ئەم هەلە نالەبارەی قۆستەوەولەساڵی ١٩٤٧ گوتاری بۆگەورەپیاو انی دار الندوەی میسروعەرەب وەک

رياض الصلح وئەمیرفیصل کوڕی عبد العزیزوشێخ محمود أبو العیون وجمیل مردم وصالح حرب وإسماعیل ئەزهري وقمص متیاس ئەنطوني نوێنەری بطریرکیەی قبطیەکانی ئەرثوذکس پێشکەش کرد وهەموو سەرسام بوون لە پێشەنگێتی بەننابۆڕەوتی جەماوەر.

- هەموو ئەو انەی بەوە ناسراون کە دژی ئەو بز اڤە ن کە ناوی ئیخوان بووە لەشەستەکان ،وەک محمد نجیب و عبدالناسروئەنوەرسادات وچەندان وەزیرو ڕێبەرونوسەرە چەپ وعەلمانیەکانیش هەموویان کاتێ باس دێتە سەربەننا بە زیرەکی وخاکی بوون و نیشتمان پەروەری و نەتەوە دۆستی و خۆبەکەم گری و زاهدی و ڕاشکاوی وبێ پێچ وپەنایی بەننا وە سەرسام بوون و هەموویان ستایشی ژیان وهەڵوێستەکانیان کردووەو بە پێشەنگ وڕابەرو مامۆستای خۆیان زانیوە..

-لە ساڵی ١٩٢٨تا ١٩٤٩ کە بەننا سەرکێش وڕابەری ئیخوان بوو ١٢سەرۆک وەزیران لە میسر کابینەیان دامەزراند،کەناڵی گەرم وپەیوەندی ئیخوان و دەوڵەت وپاشا زۆرەی لە بەرشوڵ لێ هەڵکێشانی بز اڤی مژدەدەری مەسیحی بوو،وەلەو ماوەدا بەننا دیداری لەگەڵ چوارلە نوێرانی سامی بەریتانیا کە باڵوێزی بەریتانیابوون لە میسرکرد.

-لە دەسالّی یەکەمی کۆمەڵەکە١٩٢٨-١٩٣٨ مامۆستا هەوڵی دا کۆمەڵەکە کەنارگیربکا لەسیاسەت ولە بەربەرەکانێ ی نێوان وەفد و پاشاو ئینگلیزەکان بەدووری بگرێ، ئەو قۆناغەی ناوناوە قۆناغی تەکوین و پێک هاتن و گوێ گرتن .

-لەسالّی ١٩٣٨ دا کە دوو سالّ بوو فوئادپاشا مردبوو ،کەلێنێکی گەورەی لەوڵات جێهێشبوو ،وەفد لە کێشەولەت بوون دابوو ،،ئیخوان لە مالّی ئەرقەم دەرکەوتن ،بەننا لە سەرگوتاری یەکەم ژمارەی گۆڤاری النذیردا زۆربە ڕاشکاوی ڕای گەیاند:

ئەوەتا ئیخوان کە ئەمرۆ خاوەنی ٣٠٠لقن لە میسردا ولە هەموو شوێنێک خاوەن خانن وبانگەوازی سەرهەموو زمانێکن ،کاتی ئەوە هاتووە لەم سەرگەردانیەی سەرکێشانی وڵات دا ئەوان بێنە مەیدان وبیسەلمێنن کە ئەوان خاوەن بەرنامەوپەیڕەوی شایستەوسەربەخۆن.

هەرلەو ساتەوە میدیاو کەسایەتیەکانی ئیخوان کەوتنە هێرش ودژایەتی کردنی پەیمانی ١٩٣٦کە کۆتێکە لە گەردنی میسردا ونابێ چیترڕێ بدرێ بە بنیاتنان وفراو انکردنی سەربازگەکانی داگیرکار،کۆمەڵەی ئیخوان وکۆمەڵەی لاو انی مسوڵمانی محب الدین و کۆمەڵەی میسری لاو وئازادی خوازەکان ،ئەو کۆمەڵاتە بوون کە دەسەڵاتی بەریتانیاو حزبە لێبراڵیە گوێ لە مستەکانی وەک وەفد بۆ بەریتانیایان لەق کرد، بەریتانیەکان دان بەوەدا دەنێن کە هەرگیز ئەو حسابەیان بۆ ئیخون نەکردبوو لە داهاتوودا ،ئەم کۆمەڵانە لەوەزارەتی علی ماهرکەلە سالّی ١٩٣٩ پێک هات ڕۆڵی باڵایان هەبوو ،بەننا ئەندامی دامەزرێنەری کۆمەڵەی لاوان بوو، لەگەڵ میسری لاویش ڕۆڵی هەبوو ،کەسێک بەناوی عەزیز میسری ویستی هەردوو کۆمەڵەی ئیخوان ومیسری لاو یەک بخا بەڵام نەی تو انی، عەزیز میسری وئەنوەر سادات وکەسانی تریش لە کۆمەڵەی ئەفسەر انی ئازاد پەیوەندی کەسی پتەویان بە بەننا وە هەبوو ، دەگوترێ لەو سەردەمەدا بەنا خەریکی کرێن وکۆگاکردنی چەک بووە.

لە دوای دووهەفتە لە پێک هاتنی کابینەکەی علی ماهیرئەڵمانیا لە سەرەتای ئەیلولی ١٩٣٩ جەنگی دژی بەریتانیا ڕاگەیاند، لە ژێر کاریگاری هاوپەیمانی و مستەعمەرەبوون هەریەک لە فەرەنسا و ئوسترالیاو نیوزلەندا وباشوری ئەفریقیاو کەنەدا جەنگیان دژبە ئەڵمانیا ڕاگەیاند، ئینگلیزداو ایان کرد وەزارەتەکەی عەلی ماهیریش جەنگ دژیئەڵمانیا ڕاگەیەنێ، بەڵام عەلی مەهرڕەتی کردەوە، ئەووای دەزانیبەریتانیاو ابە ئاسانی حکومەتێکی هەڵبژێرراو بەهۆی بەشداری نەکردن لەجەنگ هەڵناوەشێننەوە، بەننا لەوکاتەدا داوای لە ماهرکردبوو کە حکومەتەکەی بکاتە حکومەتێکی ئیسلامی تا بەریتانیەکان بوێری ئەوەنەکەن هەڵی

وەشێننەوەو دژی خواستی ملیۆنان مسوڵمانی ناو موستەعمەرەکانیان نەوەستن بەڵام ماهر بوێری ئەوەی نەبوو ،بەننا لەم سەردەمەشدا لەوتارەکانی دا داوای ئارام گرتن لە پەیڕەو انی دەکا تا ژمارەیان دەبێتە سێ سەد کەتیبەی مەشق پێ کراو ،دیارە لای ئەو هێشتاماویەتی قۆناغی تکوین کۆتایی پێ بێ..

- لەساڵی ١٩٤٠ ئیتالیاش بوونە هاوپەیمانی ئەڵمانیا، بەریتانیادووبارە داوای لە میسرکرد جەنگ ڕاگەیەنێ،بەڵام ماهرگوتی جەنگ تەنیا لەگەڵ ئەوکەسە دەکەین کە هێرش بکاتە سەرمیسر، لەم سەردەمە ڕاپۆرتەکان هەواڵی مەترسی ئیخو انیان دەدایە بەریتانیا کە گەیشتوونە ٥٠٠لق، بەننا لەنامەوگوتارەکانی هەموو جۆرە یارمەتیەکی لەلایەن کۆمەڵەکەیەوەبۆ ماهرو فاروق پاشا خستبووە ڕوو ، بەڵام بەهۆی فشارە زۆرەکانی بە ریتانیا ماهرلەکارلادراوحکومەتەکەی تەنیا دە مانگی خایاند ،پاش ئەویش حەسەن سەبری تەنیابۆماوەی ١٣٩ڕۆژحکومەتی پێک هێناولەکاتی وتارپێشکەش کردن دا مرد، پاش ئەو حسین سری بوە سەرۆک وەزیران..

-حسێن سڕی گوێ لە مستی ئینگلیزبوو، فرمانی پێکر ابوو کە ٣٤ڕێکخراوو کۆمەڵە لە میسر هەڵوەشێنێ، لەسەروی هەموشیان کۆمەڵەی ئیخوان، بۆیە سەرەتا حەسەن بەننا و ئەحمەدسکری لە قاهیرە گواستنەوە ،بەننای گواستەوە بۆ قەنا کەشارە دێ یەکی کەنارگیرە لە سەعیدی میسر، بەننا دەیز انی کە پێشکەش کردنی دەست لەکارکێشانەوە پیلانێکی تری دژ دێنێ بۆیە چوو، هەرلەو ساڵە ش لە ژێر فشاری جەماوەرو ئۆپۆزسیۆن گێڕدر ایەوە قاهیرە.

-لەساڵی ١٩٤١دا دووبارە بەهۆی ڕاپۆرتە هەواڵگریەکانی بەریتانیا کە گو ایە بەناوکۆمەڵەکەی خەریکی بڕینی هێڵەکانی شەمەندەفەرو پەکخستنی کارلەسەربازگەکانی بەریتانیا لە میسرو کاری تێکدەر انەن ،هەموو میدیای ئیخوان وکۆمەڵێک ڕەوتی تریان لەکارخست وبەناوکادیرە پلە یەکەکانیان لە زیندانی زەیتون بەند کرد، بەڵام بەهۆی فشارو ناڕەز ایی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران وخوێندنگاکان ومزگەوت ودام ودەزگاکان مانیان گرت وحکومەت ڕووبەڕووی باڕێکی سەخت بووەووە، بۆیە ئەم جارەش بەناو هاوەڵانی ئازادکران..

-ڕۆژبەڕۆژحسێن سڕی دەیز انی کە حکومەتەکەی لاوازەو ئینگلیزو پاشاش ئەوەیان ز انی ،بەریتانیەکان دەیانویست بەڵگەیەک دەست خەن کە ئیخوان لایەنگری نازیەکانن، چەندین خۆپیشاندانی پشتگیری ئەڵمان بە فیتی ئینگلیزلە میسرڕێک خران بەڵام ئیخوان بەشداریان

نەکرد ،ئینگلیزەکان لەسەرەتای ساڵی ١٩٤٢ حسین سرپان لێخست ومستەفا نەحاسیان کردە سەرۆک وەزیران..

-نەحاس لە پێش عەلی ماهر سەرۆک وەزیران بوو، ئەو ئەندازیاری پەیمانی ١٩٣٦ی شوم بوو کە میدیای ئیخوان بەکۆتی گەردنی میسری دەزانی ، خودی حەسەن بەننا چەندین جار بە نوسین وگوتارو ڵامی گوتارو ڕاگەیاندنەکانی نەحاسی دابووە، نەحاس خۆی بە مستەفاکەمال ئەتاتورکی میر دەزانی و گەورە کاریزمای وەفد بوو، نەحاس ئەنجومەنی نوێنەرانی هەڵوەشاندەوە،بڕیاری هەڵبژاردنی دا، حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن دڕدۆنگ بوون لە خۆبەربژێرکردن، بەناو ئیخوان بڕیاریاریان دابەگەرمی بەشداری بکەن ،ئەم هەنگاوە نەحاس و وەفد وئینگلیزی هەراسان کرد، کەناردنی ناوەندگیر بۆلای بەننا بێ سودبوو نەحاس ناچاربوو لەگەڵ بەننا کۆببێتەوە، ئەم کۆبوونەوە بۆ ئەوە بوو بەننا وکۆمەڵەکەی مەرجی خۆیان لەبەرامبەرکشانەوە لەم حکومەتە وەفدیە ئینگلیزیە دەست بخەن و ئیمتیازی سیاسی وپەروەردەیی وبانگەواز بەدەست بێنن ،ئەمەشیان دەست خست ولای جەماوەریش ئەمە بەهێزی بەننا و بێ هێزی نەحاسی نیشان دەدا..

-بەننا وۆمەڵەکەی بەم کشانەوە تەنیا ناوبانگی خۆیان لای جەماوەرەکەیان پاراست، بەڵام بێ بەش نەبوون لە لێپێچینەوەوگەمارۆدان وداخرانی لقەکان وهەڕەشە لێکران، ئینگلیزەکان لە وکاتە لاوازبوون بەرامبەرئەڵمان ،چاوەڕێ ی ڕوخان بوون، میسرو حکومەتەکەی لە دڵەڕاوکێدا دەژیان ،ئینگلیزو وەفدیەکان وەک پارتێکی کرێکاری سۆشیالیزمی سەیری ئیخوانیان دەکرد، لەوەدەترسان کە هەژارەکان کە زۆرینەن بەو کۆمەڵەوە بلکێن ودژی حزبی کەمینەی سەرمایەدارەکان کە وەفدە سەربکەون..

- لە دوای دەرچوونی کتێبی ڕەش لەلایەن مکرم عبید کەباس لەبەریەک هەڵوەشان وگەندەڵی ولاوازی وەفد دەکا، لە مانگی ٤-١٩٤٣دا نەحاس ترسا لەوەی کە بەریتانیەکان وپاشا بەکاریگەری پرۆژەی مکرم ئیخوان بکەنە پێگۆڕکێ ی وەفد بەتایبەت کە ئیخوان کۆمەڵێکی تۆکمەو بەڕەوشتن وڕێکخراون وگوێ ڕایەڵن لە کاتی پێک هاتن ،بۆیە هەموو لقەداخراوەکانی ئیخوان ومیدیاقەدەغەکراوەکانیان کرانەوەو چەندان وەزیری وەفد بوونە ئەندامی فەخری ئیخوان و پارەو یارمەتی زۆر بەسەر ئیخوانداڕژاو ئیخوانیش سودیان لێ بینی لە پەردان بە چالاکیەکانیان ،بەڵام ئینگلیز ئەوەیان لە بیر نەچووکە داهاتووی بەریتانیا لە میسر بە وەفد ناکرێ وەدەبێ بیرلە هاوپەیمانی لەگەڵ ئیخوانبکاتەوە، ئینگلیز لە ڕۆژانی ئەفغانی

وعەرابی یەوە تا ڕۆژانی زەغلول ئەزمونی زۆری لەسەرکۆمەڵگای میسری هەبوو، دوای ئەفغانی ،بەننا نمونەی دووەمی پێشەوای جەماوەری بوو، ڕاپۆرتە هەواڵگریەکان لەسەرەتای ساڵی ١٩٤٤وە هەواڵی بوونی دەستەی خۆکوژی و ئیستشهادی وتیرۆرکردنی نهێنیان لە ڕیزەکانی ئیخوان دابوو، بەم شێوە ڕۆژی نەحاسیش ئاو ابوو ،لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگ وسەرکەوتنی هاوپەیمانان و دامەزرانی کۆمکاری عەرەبی ،نەحاسیش لە لەمانگی ١٠ی ١٩٤٤لەسەرکارلادراو داوا لە ئەحمەد ماهرکرا کابینە پێک بێنێ..

ئینگلیزەکان پێک هاتنی وەفدی لاوازو ئیخوانی بەهێزیان پێ باش نەبوو بۆیە وەفدونەحاسیان لادا، احمد ماهرلە چوارحزبی سەعدیەکان ودەستوریەکان وئازادەکان ونیشتمانی حکومەتی پێک هێنا، هەرچەندە بەنناو چەند ئەندامێک بەشداری هەڵبژاردنیان کرد بەڵام ئینگلیزنەی هێشت هیچیان دەربچن ، دەگوترێ کە ئەحمەد ماهربەدەستی دەستەی نهێنی ئیخوان لە مانگی دووی ٩٤٥کوژرابەڵام ئەوەی ماهری کوشت محمود عیسوی بوو کەسەربە پارتی نیشتمانی بوو نەک ئیخوان وەگوتی بەهۆی چونی وڵات بۆناوجەنگ هۆکاری ئەوەبووە کە ماهر بکوژێ.

- پاشا محمودنقراشی ڕاسپارد کە پیاوی دووەمی حزبی سەعدیەکان بوو حکومەت پێک بێنێ، نقراشی هەموو سەرانی ئیخوان ومیسری لاوو پارتی نیشتمانی بەند کردن، بەنناو چل کەس لە سەرانی ئیخوان بۆدەیان ڕۆژلە یەک ژووری بچوکی پیس لە بەندابوون ،پاش بەردانیشیان ماوەیەک کۆبونەوچالاکیەکان هەریاساغ بوون، سەرەڕای ئەمەش ئیخوان لە ڕێ پێوان وکۆڕوکۆمەڵەکان هەربەردەوام بوون لە مانگی نۆی ١٩٤٥کۆنگرەی گشتیان کرد یەکێ لە داواکاریەکانی کۆنگرە دەرچونی داگیرکەران لەمیسرو خۆماڵی کردنی کەناڵی سوێس بوو..

- لە ماوەی ١٨ مانگ دا بەننا دووجارباڵوێزی بەریتانیا دەبینێ ،گفتوگۆکان لەسەربابەتی فەلەستین و ئەندەنوسیاو داخوازیە نیشتمانیەکانی میسر دەبن ،بەننا خۆی وکۆمەڵەکەی وەک نزیکترین کۆمەڵەی هەڵگری پەیامی ڕەوشتی و تاکە لەمپەرلە بەردەم جوڵانەوەی کۆمەنیستی لای بەریتانیەکان دەخاتە ڕوو، ڕاسپاردەکانی بەریتانیا هەرئەوەیە کە دەبێ بەریتانیا و انەکا بەننا لە بەریتانیا بێ ئومێدبن ودەبێ چاودێری ورد بکرێن، حەسەن بەنا سەفەری حەج دەکا، کەچی ئیخوان هەربەهەمان چالاکی لە خۆپیشاندانکان وهاوکاری بۆخانەوادەی گیراوەکان بەردەوام دەبن ..

-لە کۆتایی ١٩٤٥ نەقراشی لە ژێرفشاری ئیخوان وەفدیەکان داوای لە بەریتانیەکان کرد کە پێک هاتنی ١٩٣٦ پێداچونەوەی بۆ بکرێ و هێزەکانی بەریتانیالە دەهەزارکەم بکرێتەوەبۆ پێنج هەزارو ئەو هێزانە لەقاهیرەو دەوروبەری نەبن ولە نزیک کەناڵی سوێس بن وهەنگاوبنرێ بۆ یەکێتی دۆڵی نیل-میسروسودان-ئەم داواکاریانە وای کرد پاشا و ئینگلیزلە نەقراشی بەدگومان بن ولە سەرەتای ١٩٤٦ نقراشی دەستی لەکاربەرداو ئیسماعیل سدقی کابینە لە دەستوریەکان پێک بێنێ.

-ئیخوان بەمەرجی ڕێنەگرتن لە پرۆژەوکارەکانیان ودەست نەگرتنیان لە جوڵانەوە پشتی حکومەتەکەی سدقیان کرد، بەدرێژ ایی ١٩٤٦ ڕێپێوان وفشارەکان بەردەوام بوون و ئیخوان جوڵێنەری ئەم جوڵانەو انە بوون،حکومەتی بەریتانیا بڕیاری دا میسر بەجێ بێڵێ بە چەند قۆناغێک ، حکومەتی سدقی داوای کرد با جەماوەروازلە ڕێپێوان بێنێ و دەستەی دانوستانکار لەگەڵ بەریتانیا پێک بێنێ، دەستەی دانوستانکار چوارلە سەرۆک وەزیر انی پێشوی میسری تێدابوون کە علی ماهرونقراشی لەوان بوون، مکرم عبیدو لوتغی سەید ومحمدحسنین هیکل ووەزیری تریشی تێدابوو ،حزبی وەفد بەشداری نەکرد ،ئیخو انیش بەشدارنەکر ابوون ،بۆیە بەننا لە گوتارێکدا ڕای گەیاند دەبێ گەلی میسرڕیفر اندۆم لەسەردەرەنجامەکەبکا کە پێ ی باش بوو ،وەکە ڕەتی کردەوە ئەوەدەبێ جیهاد دژی داگیرکەرڕابگەیەنرێ.

- دەمەتەقێ ی زۆری ئەنجومەنی لۆرداتی بەریتانیاو حکومەتی بەریتانیاو درۆنگیان لەم دانوستانە، پاشماوەیەک لەگرێژەنەچوون وهێرشی جەماوەربۆ سەرهەندێ لە سوپاو خوێن ڕژان وهێنانە خوارێ ئاڵای بەریتانیاوهەڵکردنی ئاڵای میسردوای ٦٤ساڵ ،سەی زۆرمیدیای نیشتمانی لەسەرئەم دانوستانە ودژایەتی میدیای حزبی وەفدی میسری بەریتانی ،پاشان دانوستان دەستی پێکردو شەش مانگی کێشاو میسریەکان دەیانەویست لەساڵێکدا بەریتانیابکشێتەوەوپازدەساڵ هاوپەیمانی بێ وبەریتانیەکان دەیانگوت بە پێنج ساڵ دەکشێینەوەو ٢٥ ساڵ هاوپەیمان وچاودێری میسردەکەین ،بەم شێوە دانوستان نەگەیشتە ئەنجام وئیخوان لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی گشتی پێنج هەزارکەسەی بۆ ماوەی چەندڕۆژ داوای کرد داگیرکەربە ساڵێک لەدۆڵی نیل دەرچێ ،وە مردنی دانوستان ومردنی پەیمانی ١٩٣٦ی ڕاگەیاند ،وەداوای کرد کە کێشەکە بچێتە ئەنجومەنی ئاسایش، ،

کاتێ پاشا بەڵێنی دا هەرپارتێک بتو انێ لەودانوستانە بگاتە چارەسەرئەو کابینە پێکدێنێ، وەفدیەکان وسەعدیەکان ودەستوریەکان هەوڵی زۆریاندا وسەرنەکەوتن، لەکۆتاییدا سدقی

سەرۆک وەزیران چوو ە بەریتانیاودوای گفتوگۆیەکی درێژنەی تو انی بگاتە ئەو مەرامەی خەڵکی میسردەیەویست ،بەم شێوە لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٦ ئەویش لە حکومەت کشایەوەو محمود نقراشی دوبارە بەنیوەی سەعدی ونیوەی دەستوری هاتەوە سەرحوکم لە کۆتایی ١٩٤٦ دا.

- نقراشی کەلەگەڵ بەریتانیەکان نەگەیشتە هیچ چارەیەک ،کێشەی میسروسودانی یەکگرتووی ئاڕاستەی ئەنجومەنی ئاسایش کرد، ئیخوان بۆیەکەم جارداو ایان لە دەستەی دانوستان کرد کە پشت بە دەوڵەتە ڕۆژهەڵاتی وسۆشیالیستەکان ببەستن وپشت بە ئەنجلۆ ئەمریکیەکان نەبەستن، دانوستان تاکۆتاییەکانی ١٩٤٧ درێژەی کێشا لەو ماوە وەفدیەکان سەرەتا بەهەرچی ڕەخنەو تۆمەتە بەسەرئیخو اندا ڕشانەوە پاشان ،ڕوویان لە دژ ایەتی سەعدیەکان و نەقراشی کرد.

لە ٨-١٩٤٧ دا بابەتی میسروسودان لە ئەنجومەنی ئاسایش خر ایە ڕوو،نقراشی داوای کشانەوەی بەریتانیاو هەڵوەشانەوەی پەیمانی ١٩٣٦ دەکرد چونکە ئەوپەیمانە لەکاتێکدابووە کە میسرداگیرکراوە، ئیخوان مستەفا موئمن یان لەگەڵ کۆمەڵێک گەنج ناردنە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایش ولەوێ چەند گوتاری ئاگرین دران ومانگرتنیان کرد،لە میسریش لە ٢٢-٢٥-٨-١٩٤٧ بەننا و کۆمەڵەکەی لەقاهرە ڕێپێوان وخۆپیشاندانی گەورەیان ڕێک خست ،لە ٢٢-٨چەندکەس لە خۆپیشاندانەکان کوژران وبەننا ش بە سوکی بریندار بوو، بەننا و سەرکردەکانی میسری لاوو ونیشتمانی و لاو انی مسوڵمان وهەموو پارتەکانی میسر جگە لەوەفد داواکاریان بۆ باڵوێزخانەکانی فەرەنساوچین وئەمریکانارد کە ئەگەر پشتگیری میسر نەکەن لەم بابەتە چارەنوس سازە بەرژەوەندیەکانیان لە میسر دەکەوێتە مەترسیەوە، کۆمەڵێکی زۆرلە لایەنگر انی وەفد لە وەفد کشانەوەو بوونە ئیخوان ،ئیخوان لەم بابەتە ڕۆژبەڕۆژ جەماوەری زیاد دەبوو ،بەریتانیاو ئەمریکا ترسیان لێ نیشت کە کێشەکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە گرێژەنە بچێ ونابێ ڕۆڵی ئیخوان بەکەم بگرن.

لێژنەی ئازادکردنی دۆڵی نیل بەهاوبەشی کۆشکی پاشاو ئیخوان ولاوان وپارتە شۆڕش گێڕەکان کەتیبەکانی ڕزگاریخوازی دۆڵی نیلی پێک هێناو دەستیان بە مەشق پێکردن وپرچەک کردنیان کرد، کەزۆربەیان لاو انی ئیخونن بوون، پاشاوسەرۆک وەزیر انیش لەم ئاڕاستە سودیان دەبینی ،لە نیۆرک نقراشی ولە قاهرە بەننا ویستیان بۆ ئەمریکیەکان بسەلمێنن کە ئەوان ئامادەن بۆ هاوپەیمانی لەگەڵ ئەمریکیەکان و کاری هاوبەش بۆ دژ ایەتی کۆمۆنیزم

وشیوعیەکان ،دانوستانی بەنناو ئێرلاندی دانوستانکەری باڵوێزی ئەمریکی چەند ڕۆژبەردەوام بوو ،بڵام بەریتانیا دژی ئەم پێکهاتنە بوو، سێ پرۆژەی چینی وبەرازیلی وکۆڵۆمبی بۆ چارەسەری کێشەی میسرلە ئەنجومەنی ئاسایش پێشکەش کران سۆڤێتیەکان لەگەڵ پرۆژەی بەرازیلی بوون ،بەڵام بەریتانیا دەرگای دانوستانی داخست وئەمریکاش پشتگیری کرد،نەقراشی لە کۆتایی مانگی نۆ گەڕایەوەو ئیخوان وەک پاڵاوان پێشوازیان لێ کرد ،هەرچەندە نقراشی سەرکەوتبوو بەڵام ئەوهەستی پێ نەدەکردو وەرەی ڕوخابوو ،لەوەدەترسا کەشەڕی سارد وکێشەی میسر ببێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی جیهانی سێ یەم ، ئیخوان بەردەوام داوای کشانەوە لەدانوستان و دەستکردن بە جیهاد بۆدەرکردنی داگیرکەریان دەکرد، نەقراشی دەستی کرد بەفشارخستنە سەرئیخوان تا ئەمریکی وبەریتانی یەکان ڕازی بکا، لەسەرەتای ساڵی ١٩٤٨ بەننا لەبروسکەیەکدا داوای لە پاشاکرد نراشی لابدا ، سودان بەرەو بەدەوڵەت بوون دەچوو بە پشتگیری بەریتانیا، لەم ماوەدا شۆڕشی یەمەنیش بەسەرئیمام یەحیا هەموو انی خەریک کرد ،ئیخوان لەوێش ڕۆڵیان هەبوو ،بەریتانیاو ئەمریکا لەم ئاڵوگۆڕانە زەرەرمەند بوون..

-دەرکەوت شۆڕشەکەی یەمەن عبدالله ی کوڕی وەزیرکردویەتی بۆتە ئیمامی نوێ ی یەمەن و لایەنگری ئیخوانە، ئیمامی نوێ بانگهێشتی بەننای کرد بەڵام شای میسر ڕێگای نەدابەننا بچێتە یەمەن، شاعبدالعزیزی سعود لەگەڵ ئەوەی کە بەرژەوەندی لەگەڵ کوڕی وەزیرباشتر ڕێک دەکەوت بەڵام دیارە لەبەرچەند هۆکارێکی دەرەکی بڕیاری دا کە پشتی ئەحمەدی کوڕی ئیمامی پێشوو بگرێ و بەجەنگ بینێرێتەوە یەمەن و ئیمامە ئیخوانیەکە تەنیا ٢٦ ڕۆژ حوکم بکاو دوای کوژرانی پێنج هەزارکەس ئەحمەد ی کوڕی ئیمام یەحیا بووە ئیمامی یەمەنیەکان لە ١١-٣-١٩٤٨دا،هەرچەندە بەننا داوای کرد عبدالله‌ی وەزیرنەکوژرێ و بەیعەت بداتە ئیمامی نوێ وبکرێتە سەرۆک وەزیر انێکی دەستوری ،بەڵام احمد عبدالله‌و زۆرێک لە شۆڕشگێڕە ئیخوانەکانی بەشمشێرکوشت ،زۆرێک لە ئیخوانە میسریەکان ویەمەنیەکان لە یەمەن ماوەیەک دیل کران لەناویان دا عبدالله سلال ئەوکەسەی کەلەمەودوا عبدالناسر پشتی ئەوو ئیخوانەکانی تری یەمەن دەگرێ لە شۆڕشی نوێ دا، لەوکاتەی کە ئیخوانە نوێ یەکانی دوای کوژرانی بەننا دەبنە هاوپەیمانی دوژمنەکانی بەننا ودژی شۆڕشی عبدالناسر دەوەستن،..

پاش جێگیربوونی بارودۆخ بۆ ئیمامی نوێ ئەمریکاوبەریتانیاو فەرەنسا لە نیسانی ١٩٤٨دا دان بە حکومەتەکەی ئیمامی نوێ دادەنێن، بەڵام لە میسر فاروق هەمان ترسی شۆڕشی یەمەنی

لە ئیخوان هەبوو، ڕۆژانە خۆپیشاندان و گرتن وکوشتن وبڕینی شۆڕشگێڕان بوو، ئیخوان لەم کاتە دا ببوە دوژمنی شاو وەفد و حکومەت و ئینگلیزەکان ،..

بەننا دەهەزارگەنجی دایە کۆمکاری عەرەبی بۆ بەشداری لە جەنگی ڕزگاری فەلەستین لە ٨-١٠-١٩٤٥دا ،محمود لبیبی ئیخوانی سەرۆکی کەتیبەکانی یەکێتی لاوانی عەرەبی فەلەستینی سەربە ئیخوان بوو،ئەم پیاوە ئەفسەرێکی سوپای عوسمانی بوو،لەشۆڕشی لیبیای موختار ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو، پاشان نەفی کرابوو بۆ ئەڵمانیا لە سەردەمی وەزارەتی زەغلول گەڕایەوەمیسر،چوەگەڵ ئیخوان دەستەکانی نەوجەوانانی گەڕۆکی بۆ ئیخوان دامەزراند بە شێوەیەکی سەربازی، .

-یەهود هەرلە ١٩٣٧تو انیان کێشەی فەلەستین بۆ بەرژەوەندی خۆیان ڕابکێشن ونەتەوە یەکگرتوەکان بڕیاری دابەش کردنی فەلەستینی دابوو لە نێوان عەرەب وجولەکە، بەڵام بەریتانیا ڕازی نەبوو ،عەرەبیش ڕازی نەبوون ،بەڵام سۆڤیەت وئەمریکا ڕازی بوون، بە پشتیوانی ئەمریکاوبەریتانیا لە دوای جەنگی دووەم سەدان هەزارجولەکە لە فەلەستین نیشتە جێ کران، چەندجارکۆمکاری عەرەبی کۆبوونەوەی کرد بەڵام سودی نەبوو ،بەننا وئیخوان دەیانزانی کە پاشاو سەرۆکەکانی عەرەب هیچیان لەدەست نایە بۆوڵاتەکانیان بۆیە ئەوکۆمەڵەکەی بۆ جیهاد ئامادەدەکرد، هەرلەسەرەتای ساڵی ١٩٤٨تا مانگی نیسانی ئەوساڵە کۆمەڵە قەسابخانەیەک لە فەلەستین بەدەستی جولەکەکان کران کەسەدان فەلەستینی تێدا کوژران وسوکایەتی بەژنان .وکچانی فەلەستینی کرا،بەننا لە ٢٠ی مارسی١٩٤٨سەردانی فەلەستینی کرد لە خان یونس نوێژی جومعەی کرد ،کەتیبەکانی ئیخوان لەتۆڵەی قەسابخانەی دێریاسین لە ١٠-٤-١٩٤٨هێرشیان کردە سەرئۆردوگای جولەکە نیشینی کفردارۆم.

هەرلە مانگی سێ وچواری ئەوساڵە کەتیبەکانی ئیخوان هێرشیان کردە زۆرێک لە ئۆردوگا جولەکە نشینەکان، بەریتانیەکان لە ١٥-٥-١٩٤٨لە فەلەستین کشانەوەوڕادەستی جولەکەکانیان کرد، لە میسرپاشا ڕای وابوو سوپای میسربەشداری جەنگ بێ، نقراشی سەرۆک وەزیردەی گوت نابێ ڕێگری لە بەرپاکردنی وڵاتێک بین کە ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری دامەزراندنی داوە،

- لەدوای دوودڵی وڕاڕاییەکی زۆری دەوڵەتە عەرەبیەکان لەسەرچۆنێتی جەنگەکە،لە ١٥-٥-١٩٤٨ هێزی میسروسعودیە لە باشوورو هێزی عێراق وئوردن لە خۆرهەڵات وهێزی

سوریاولوبنان لە باکور ئۆردوگا وسوپای جولەکانیان گەمارۆ داودوای شەش رۆژ چیان نەمابوو بگەنە تەل ئەبیب کە نەتەوە یەکگرتووەکان ئاگربەستی ڕاگەیاند ،سەرەتا دەوڵەتە عەرەبیەکان بەبڕیارەکەوە پابەندنەبوون وهەرلەشەڕیەردەوام بوون تا ١١-٦-١٩٤٨ ،بەڵام لەکۆتایی دا ئاگربەستیان کردبۆ ماوەی چوارهەفتە،لەم ماوەدا ئیسرائیل١٥جار ئاگربەستی شکاندوهێڵەکانی پێشەوەی بەهێزکردوچەک وجولەکەی زۆری بۆهات ،بەڵام عەرەب ناکۆکیەکانیان هەڵکشان ،ئینگلیزپێ ی و ابوو ئەودەوڵەتە جولەکە شیوعی دەبێ ،چونکە خەڵکەکەی زۆربان ئەو بیرۆکەیان هەیە، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی عەرەب دژی شیوعیەت بن وبەک بگرن ولە گەڵ بەریتانیا دژبەجولەکەو شیوعیەت بن..

دەرکەوت شۆڕشەکەی یەمەن عبدالله ی کوڕی وەزیرکردویەتی بۆتە ئیمامی نوێ ی یەمەن و لایەنگری ئیخوانە، ئیمامی نوێ بانگهێشتی بەننای کرد بەڵام شای میسرڕێگای نەدابەننا بچێتە یەمەن، شاعبدالعزیزی سعود لەگەڵ ئەوەی کە بەرژەوەندی لەگەڵ کوڕی وەزیرباشتر ڕێک دەکەوت بەڵام دیارە لەبەرچەند هۆکارێکی دەرەکی بڕیاری دا کە پشتی ئەحمەدی کوڕی ئیمامی پێشوو بگرێ و بەجەنگ بینێرێتەوە یەمەن و ئیمامە ئیخوانیەکە تەنیا ٢٦ڕۆژحوکم بکاو دوای کوژرانی پێنج هەزارکەس ئەحمەد ی کوڕی ئیمام یەحیا بووەوە ئیمامی یەمەنیەکان لە ١١-٣-١٩٤٨دا،هەرچەندە بەننا داوای کرد عبدالله‌ی وەزیرنەکوژرێ و بەیعەت بداتە ئیمامی نوێ وبکرێتە سەرۆک وەزیرانێکی دەستوری ،بەڵام احمد عبدالله‌و زۆرێک لە شۆڕشگێڕە ئیخوانەکانی بەشمشێرکوشت ،زۆرێک لە ئیخوانە میسریەکان وبەمەنیەکان لە یەمەن ماوەیەک دیل کران لەناویان دا عبدالله سلال ئەوکەسەی کەلەمەودوا عبدالناسر پشتی ئەوو ئیخوانەکانی تری یەمەن دەگرێ لە شۆڕشی نوێ دا، لەوکاتەی کە ئیخوانە نوێ یەکانی دوای کوژرانی بەننا دەبنە هاوپەیمانی دوژمنەکانی بەننا ودژی شۆڕشی عبدالناسر دەوەستن،..

پاش جێگیربوونی بارودۆخ

لەناو پەیکەری دەزگای پەیوەندی بە جیهانی ئیسلامی و وڵاتە عەرەبیەکان کەلەساڵی 1944 پێک هات، سێ مادەوخاڵ ولێژنەی لەخۆگرتبوو:

١-لێژنەی ڕۆژهەڵاتی نزیک :کە وڵاتە عەرەبیەکان ووڵاتانی ئەفریقیاو وتورکیاوئێران مەبەست بوو..

٢-لێژنەی ڕۆژهەڵاتی ئەوپەڕ:ک ئەفغانستان وتورکستان وچین وهندستان وهیندی چین ووجاوەویابانی لە خۆدەکرد.

٣-لێژنەی ئیسلام لە ئەورووپا.

کۆمەڵەی ئیخوان پێشوازی هەرکەسێکیان دەکرد کەلەوولاتانە وە سەردانی میسری بکردایە، جا نێردراوی حکومەتوپاشاکان بو ایە یان بۆ خوێندن وبازرگانی وگەشت بهاتایە میسر، لە یەکێ لەدەکانی چونی پاشای میسر بۆسەرتەخت وەزیری ئەفغانی

محمد صادق المجددي وتوفيق سعيد بەشداربوون.

لە کۆنگرەی ئیسلامی کە ئیخوان لە شاری ئیسماعلیە بەستی بەبۆنەی تێپەڕبوونی بیست ساڵی دامەزرانی لقەکەیان لە ڕۆژی پێنج شەممە 6 ذو القعدة 1367ک بەرامبەر 9 سبتمبر 1948 وەلەوانەی بانگ کرابوون، هارون مجددي نوێنەری دامەزراوەی عەرەبی ئەفغانی بوو.

مامۆستا حەسەن بەننا هەریەک لە مامۆستاعبد الرحمن بەننا ساعاتسازی برای ومامۆستاو محمد أسعد حکیمی نارد بۆ سوریا وفلسطین ولبنان بۆبڵاوکردنەوەی بانگەوازی کۆمەڵەکە ئەمە یەکەم نێردەی ئیخوان بوو بۆدەرەوە ی میسرکەلەبەرواری 5 جمادی یەکەم 1354ھ-بەرامبەر5أغسطس 1935 بوو،ئەمانە پێشەوای تونسی مامۆستاثعالبیشیان لەگەڵ بوو سەردانی سەماحەتی موفتی فلسطین شیخ أمين الحسيني یان کرد وبە گەرمی پێشوازی لێ کردن،پاشان چونە دیمەشق ونامەوپەیامیان هەڵگرتبوو
بۆسەرۆک دامەزراووکۆمەڵەودەزگاکان لەسوریا،لە گوتاری جومعە شێخ عبدالرحمن ساعاتسازی برای بەننا گوتاری لە مزگەوتی ئەمەوی خوێندەوە ،

بەننا لە بەرەبەیانی چوارشەممە

13 من جمادی یەکەم 1367بەرامبەر23 مارس1948م، سەردانی سوریای کردو پێشوازیەکی گەرمی لێکرا،

ئیخوانی سوریا ببوە ڕەوتێکی بەهێزی جەماوەری وبارەگاویانەو کتێبخانە دامەزراوی زۆری هەبوون وڕۆژنامەی ڕۆژانەی مەناری لە ١٩٤٦وە دەردەکرد

وەلەهەڵبژاردنەکانی سوریلە١٩٤٧ئیخوانی سوریا زۆرلە ئیخوانی میسرلە پێشتربوون ،تەواودەستیان بەسەرسێکتەری فێرکردن وپەروەردەدا گرتبووەوبەرگریان لە مافەکانی جوتیارو پیشەکاران لەناوپەرلەمان زیاترجەماوەری لە دەورە کۆکردنەوە،.

-کاتێ کۆمەڵەی ئیخوان لە کۆنگرەی ١٩٤٥دا بانگهێشتی لە دەوڵەتانی عەرەبی کرد، شاعبدالله ی یەکەمی ئەردەن بەنوێنەری تایبەت بەشداری کرد،عبدالحکیم عابدینی وەزیر بوو، وەپاشا داوای کردبوو کەنازناوی وی باشاوات بدرێتە بەننا، بەدرێژ ایی ژیانی بەننادوای بەنناش کەمترین پێکدادان لە نێوان حکومەتی ئوردن وئیخوان داڕووی داوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە ئەردەن وڵاتێکە لەسەریارمەتی دەرەکی وسوڵ وسەدەقە دەژی،بۆیە ئیخوان نەی دەویست خۆی لە وڵاتێک بدا کە پرۆژەکەی تیای داهەرەس دێنێ بۆیە هەوڵی هاتنە سەرحوکم ڕانی نەدەدا،شاش ئەم ڕاستیەی دەزانی، لەساڵی ١٩٨٩ ئیخوان بەرەی کاری ئیسلامی ڕاگەیاند،لەساڵی ١٩٩٣دانی پێدانرا، کاری ئیخوان لە ئوردن تێهەڵکێش بوو لەگەڵ کاری حماس لەفەلەستین وڕۆڵی کۆڵانی پشتەوەی حەماسی دەبینی...

لەمانگی محرمی 1363 یناير1944دا ماڵی ئیخوان پێشوازی لە سەرۆک وەزیرانی لوبنان کردکە ریاض الصلح بوو، لەوکۆبونەوە بەننا لە گوتارێکدا گوتی "دەمانەوێ کرداری بین وکردەوەکانمان دەربڕی بیرۆکەکانمان بن،یەکێتی عەرەبی ڕاستیەکی پایەداروپێویستی بە سەلماندن نیە ئەوەی دەستی الله پێکی هێناوە،دەستی مرۆڤ ناتوانێ تێکی بدا،ئێمە یەکیەتیەکی جوگرافی وزمانەوانی وئابووری وڕۆشنبیرین، ئازارو خۆزگەو ئومێدو خەونە دێرینەکانمان کۆمان دەکەنەوە،،،،)

عەبدولڕەحمان سندی (عبد الرحمن السندي)

ئەو پیاوەی کە بەننا وەک "قەڵغانی شۆڕش" و "جێنشینی حەرەکی" خۆی دروستی کردبوو.

- **لەدایکبوون:** ١٩١٨ زایینی (میسر).
- **ناسینی بەننا:** لە ساڵی ١٩٣٧ کاتێک قوتابی بوو، بەننا ناسی و بەهۆی لێهاتوویەوە بەننا کردی بە سەرۆکی "دەزگای تایبەت" (النظام الخاص).

- **ڕۆڵ لە ڕێکخراودا:** فەرماندەی باڵی سەربازی بوو. ئەو وەک بەننا باوەڕی بە "ڕێگای شۆڕش" و هاوپەیمانی لەگەڵ "ئەفسەرانی ئازاد" هەبوو.
- **هەڵوێستی کۆتایی:** ئەو تا کۆتایی لەسەر ڕێچکەی بەننا-ناسر مایەوە. دژی "ئیلحاقکردنی ئیخوان بە سعودیە" بوو و بە تووندی دژی "هوزەیبی" وەستا، چونکە هوزەیبی بە پیاوی کۆشک و ئینگلیز دەزانی.
- **وەفات:** ١٩٦٢ زایینی (قاهیرە).

٢. حەسەن هوزەیبی (حسن الهضيبي)

ئەو کەسەی کە بە پشتیوانی "کۆشک" و دواتر "سعودیە" کرا بە ڕابەر بۆ گۆڕینی ئاڕاستەی ئیخوان.

- **لەدایکبوون:** ١٨٩١ زایینی.
- **ناسینی بەننا:** پەیوەندییەکی ڕێکخراوەیی قوواڵی نەبوو، دادوەرێکی نیشتەجێی کۆشک بوو. دوای کوژرانی بەننا (١٩٥١) کرا بە ڕابەر.
- **ڕۆڵ لە ڕێکخراودا:** ئەرکی سەرەکی "سڕکردنی باڵی سەربازی" (سندی) و دوورخستنەوەی ئیخوان بوو لە عەبدولناسر. ئەو سەرەتای "ئیخوانی نەرێنی" و نزیکبوونەوە بوو لە جەمسەری ئەمریکی-سعودی.
- **هەڵوێستی کۆتایی:** تەواوکاری پڕۆژەی "تیرۆرکردنی فیکری بەننا" بوو.
- **وەفات:** ١٩٧٣ زایینی.

٣. عەزیز میسری (عزيز المصري)

باوکی ڕۆحی ئەفسەرانی ئازاد و پردی نێوان بەننا و شۆڕشگێڕان.

- **لەدایکبوون:** ١٨٧٩ زایینی.
- **ناسینی بەننا:** لە کۆتایی سییەکاندا بەننای ناسی و پێکەوە نەخشەی سوپایەکی نیشتمانییان کێشا.
- **ڕۆڵ لە ڕێکخراودا:** ڕاوێژکاری سەربازیی بەننا بوو و هەوڵی یەکخستنی هەموو ڕەوتە شۆڕشگێڕەکانی دەدا (ئیخوان، میسری لاو، ئەفسەران).
- **هەڵوێستی کۆتایی:** ئەو نوێنەری "ئیخوانی ڕاستەقینە" بوو کە دەیویست میسر ببێتە ناوەندی شۆڕشی ڕۆژهەڵات دژی بەریتانیا.
- **وەفات:** ١٩٦٥ زایینی.

٤. سەید قوتب (سيد قطب)

ئەو بیرمەندەی کە دواتر کرا بە سیمبولی "ئیخوانی تووندڕەو" کە لە ڕاستیدا جۆرێک بوو لە گۆشەگیری و دابڕان لە کۆمەڵگا (پڕۆژەی وەهابی).

- **لەدایکبوون:** ١٩٠٦ زایینی.
- **ناسینی بەننا:** بەننای بە ڕاستەوخۆ نەناسیوە (دوای مردنی بەننا بووە ئیخوان)، بەڵکو لە ڕێگەی "سالح عەشماوی"یەوە هاتە ناو ڕێکخراو.
- **ڕۆڵ لە ڕێکخراودا:** تیۆری "جیهلییەت"ی هێنایە ناو ئیخوان، کە ئەمە تەواو دژی فیکری "هەرەوەزی و جەماوەری" بەننا بوو. ئەم فیکرە خزمەتی بە پڕۆژەی "ئایزنهۆوەر" کرد بۆ دروستکردنی شەڕی ناوخۆیی ئیسلامی-ئیسلامی.
- **وەفات:** ١٩٦٦ زایینی (لە سێدارە درا).

ئەو 'کۆشکەی' حەسەن بەننا بنیادی نا، لە ساڵی ١٩٤٩ بە فیشەک نەڕووخا، بەڵکو لە ساڵی ١٩٥٤ بە 'پیلانی کەنداو' دەستی بەسەردا گیرا. ئیخوانی ڕاستەقینە (بەننا، سندی، ناسر) دەیانویست شۆڕشێکی 'ڕاستی ڕیشەیی' بەرپا بکەن بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی. بەڵام ئیخوانی 'ساختە' کە بە پارەی سعودیە و نەخشەی ئەمریکا دروست بوو، پڕۆژەکەی گۆڕی بۆ ململانێی مەزهەبی و دژایەتی شۆڕشە نەتەوەییەکان. عەبدولناسر نەیویست ئیخوان لەناو ببات، بەڵکو دەیویست لە 'وەهابیزم' ڕزگاریان بکات و بیانگەڕێنێتەوە سەر ڕێچکە هەرەوەزییەکەی بەننا، بەڵام فشاری 'شاعەزیز' و 'ئایزنهۆوەر' کۆشکەکەیان کردە سەنگەری پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا."

B

لەساڵی، 1354/ 1936دا بەننا‌وسەدکەس لە ئیخوان کە لەناویاندا١٨ژن هەبوون لەڕۆژی یەکشەممە بەرەوسعودیە بەڕێ کەوتن و ڕۆژنامەی فەرمی ام القری هەواڵەکەی لە

14 مارس 1936 بڵاوکردەوە، لە ژێر مانشێتی

"علی الرحب والسعة" دەڵێت" کەشتی کەوسەر بە کۆمەڵێک حاجی میسریەوە کە پێک هاتوون لە کەسایەتیەبەڕێزەکانی میسر کە تائێستا ڕۆژگارنەی هێشتوە چاومان پێ یان ڕۆشن بێ ولەناویشیان دامامۆستای گەورە حەسەن بەننا ی ڕێبەری گشتی کۆمەڵەی ئیخوان المسلمین و ،،،،،، کەهەموویان ئەندامی کۆمەڵەی ئیخوان المسلمین))

مامۆستا محمود عبدالحلیم لە کتێبی مێژووی ئیخوان المسلمین دا دەڵێ:

مەبەست ونیازی مامۆستا هەموو لەسەربینینی نێردەوو وەفدی وڵاتانی مسوڵمان بوولەهەموو چین وتوێژەکانی نیشتمانی گەورەی ئیسلام لە جیهاندا،تالە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخ وکێشە وخۆزگەو نەخشەکانیان بێ،ئاستی ژیاروڕۆشنبیریان بزانێ، بزانێ داگیرکارلەو وڵاتانە چەند بەزەبروزەنگە، وەچەندە لە ئیسلام وپەیوەندی ئیسلام بە ژیانەوە تێگەیشتوون.

شاعبدالعزیزسالاّنە کۆنگرەی لەگەڵ ئەو وەفدانە دەبەست کە دەهاتن بۆحەج،کۆنگرەیەکی گەورەبوو،،ئیخوان کات وشوێنی کۆنگرەکەیان دەزانی،،بەننا وسەدکەسەکەی لەگەڵی بوون هەموویان جلبابی سپی وکلاوی سپیان لەسەرنابوو ،هەموو یەک بەرگ وشێوەبوون، کاتێ چوونە کۆڕەکەوە ئامادەبو انیان بە دیمەنەکەیان سەرسام ومەندەهۆش کرد،یەک شێوەوجل وهەموو بەیەکەە هەنگاویان دەنا،،ڕابەری گشتی لەناوەڕاستیان دابوو، ئەوان لە پشتەوەی دانیشتوان دانیشتن وکۆنگرەکە بە بەخێرهاتنی میو انان لەلایەن نوێنەری پاشاوە دەستی پێ کرد.

، پاشان نوێنەری هەروڵاتێک هەستاو پەیڤی وڵاتەکەی پێشکەش کرد،محمدحسنین هیکل پەیڤی میسری پێشکەش کرد،خەڵکە دانیشتوەکەش لەنێوان نوستوو وباوێشک دەربوون، تانوێنەرەکان پەیڤەکانیان تەواوکردو پاشان ڕێدراخەڵکی ترقسەبکا، بەنناهەلەکەی قۆستەوەو

چوەسەرسەکۆودرێژترین پەیف پێشکەش کرد، تاکە پەیڤێک بوو کە خەڵکی بێدارکردەوەولەکۆتایی دانوێنەری وڵاتان و وەفدەکان هەموویان باەشیان لێداودەیانەویست زیاتربیناسن وڵ ی فێربن..

دووەم گەشتی حەجی مامۆستا دوای نۆسآڵ لەوگەشتەبوو کە لەسآڵی

5 ذي الحجة 1364/ 10 نوفمبر1945دابوو، بەم بۆنەوە نێردەی ئیخوان لە یەکێ لە ئوتێلەکان لە مەککە ئاهەنگی گێڕا،وەزیرو گەورە پیاووبازرگان ونوێنەری وڵاتان بانگ کران، وە لەناوشازادەکانی ئال سعود مەنسورو عبالله ی کوڕی فەیسەڵ لەجیاتی پاشای سعودیە وجەماوەرێکی زۆرئامادەبوون.

لەوسەردانانەی کە ئیخوان گرنگیان پێدا،سەردانی فاروق پاشای سعودیە بوو بۆ کۆبونەوەلەگەڵ شای سعودیە،ئیخوان ئەم هەلەیان قۆستەوەوداوای یەکێتی عەرەبی وهەموو عەرەب یەکگرتوو بن بۆ داواکردنی سەربەخۆیی وڵاتانی عەرەب...

هەروا ئیخوان لە پێشوازی شا عبدالعزیزیش لەسەردانەکی بۆ میسرڕۆڵی گەورەیان هەبووجەختیان لەسەریەکێتی عەرەبی کرد.

مەڵبەندی گشتی ئیخوان لە ڕۆژی سێ شەممە 28 رجب 1366هـ-27 یونیە 1947 کۆنگرەیەکی ئسلامیان گرێدا بەبۆنەی ئیسراومیعراج ونوێنەری هەموو وڵاتانی ئیسلامی تێدابەشداربوون.

لە حەجی سێ یەمی بەننداکەلە

نوفمبری 1946 ذو الحجة 1365دابووشا عبدالعزیز آل سعود ئاهەنگ وکۆبونەوەیەکی گەورەی بۆ حاجیان ڕێک خست و ئیخوان وڕابەرەکەیانی بانگ کرد وپاشالەبارەی فەلەستینەوە پرسیاری لە بەننا کرد کە ئەوکێشە چۆن چارەدەکرێ؟ ،بەننا لە وڵامدا گوتی:بەباشیی نازانم سوپای دەوڵەتە عەرەبیەکان بە سوپاکانیان بەشداری ئەوشەڕە بکەن،بەڵکو تەنیا پشتگیری هۆزە فەلەستینیەکان بکرێ و پارەوچەک وخۆراکیان بۆ دابین بکرێ، و جەنگی پارتیزانی بکەن..

لەحەجی چوارەمی بەننا داکەلە

سبتمبری 1948دابوو ،حزبی سعدی ویستیان لەو سەفەرەدا تیرۆری بکەن لە حەجدا،بەڵام سعودیە ئەم کارەی ڕەت کردەوو پاسەو انیەکی توندی لە شوێنی مانەوەی بەننا کردوئۆتۆمبیلی تایبەتی بۆ دانا، ،بۆیە بەننا لە 28 نوفمبر1948دا گەڕایەوە قاهرە.

لەسەردەمی دوای بەننا،شاعبدالعزیزلەکاتی حەجی ڕابەری دووەمی ئیخوان حسن الهضيبي کەلە یونیو1954 دابوو، فرۆکەیەکی تایبەتی لە خزمەتدا دانراولە دوای حەج گەیەنرایە شام .

لەسەردەمی شا فەیسەڵی کوڕای شاعبدالعزیز (1964 - 1975)، دا چالاکی ئیخوان لە سعودیە زۆرزیادی کرد وشاهەوڵی دا کەنەیەڵێ سەید لە سێدارەبدرێ، دوای لە سێدارەدانی سەید شا فەیسەڵ فرمانی کرد کەهەموو نوسراوەکانی سەید زۆربەبەرفراوانی وبەژمارەی زۆر چاپ بکرێن، وەخانەوادەی سەید وبەتایبەت محمد قوتب لە زانکۆی ئوم القریٰ لە مەکە تا لە لەم دوایانە کۆچی کرد لە مەککە هەرمامۆستای زانکۆبوو،،وە دوای دەرچوونی ئیخوان لە گرتووخانەکانی میسرزۆربەیان گەشتیان کردبۆ سعودیە ولەوێ بوونە مامۆستاوڕێنوێن لە دام ودەزگاکانی سعودیە،ژمارەیەکی فەرمی بۆلایەنگرانی ئیخوان لە سعودیە نەبوەو هەرگیز بنکەو میدیاو چاودێری گشتیان لەوێ نەبووە.بەڵکووەک لە نوسینەکاانیان دەردەکەوێ کە هەرئیخوانیەک لە میسرەوە هاتبێ وازی لە پەیکەری ڕێکخستن وکۆبوونەوەو خەڵک بانگ کردن بۆناوڕێکخراوی ئیخوان هێناوە، گوایە ئەوڕێکخستنە تەنیالە میسردا پێویستە،بەڵام دیارە ئەووازهێنانە بە زۆری بەسەرئەو بانگخوازانەدا سەپێنراوە..

شا عبدالعزیزال سعود دەی ویست کە دوای ئەوەی کە دەسەڵاتی بەسەرنەجدوحجازداگرت وازلەشێوە توندڕەویەکەی وەهابیەکانی دەوڵەتی سعودیەی یەکەم ودووەم بێنێ ولە بەرئەوە توشی جەنگێک بوو لەگەڵ ئەو میلیشیایە بەناوی اخوان اطاع الله هەرخۆی دروستی کردبوون وهەرخۆشی لەناوی بردن کاتێ لێی هەڵ گەڕانەوەلەساڵی ١٩٣٢دا.

هەربۆیە سەلەفیەتی میسرو عیراق وهند ویەمەن ،خوێندنگای ئالوسی و شەوکانی ودەهلەوی وڕشید ڕەزاو حامد فقیە وئەنساری سونەی محمدیەکان ئەوڕەوتانە بوون کە عبدالعزیزبۆ ئەم خاوبوونەوە بەکاری دێنان، وە حەسەن بەنناش یەکێک بوو لەو انەی کەلە ڕەوتی ڕەشیدڕەزاو محب الدین خەتیب دوورنەبوو، وەیەکێک بوو لە نوسەرەدیارەکانی مەنار، عبدالعزیزبەمانە فشاری لەسەرمیسردروست کرد تا مەلک فوئاد دان بە شانشینەکەی دابێنێ.

بەڵام پاش دان پێداهێنان ولاوازی کەسایەتی شافاروقی میسر سعودیە ئەو پێویستیەی نەما، بەڵام لەسەردەمی عبدالناسر سعودیە دووبارە پێویستی بە ئیخوان بۆوەو رای کێشانەوە ژێر رکێفی خۆی و نەخشەکەشی سەرکەوتووبوو.

بەڵام مەرگ بواری نەداولەساڵی١٩٥٣دا مرد، شاسعود پاش خۆی بوەشای وڵاتی سعود بەڵام نەخۆش وبێ هێزبوو ،وەلەساڵی ١٩٦٤دا عەزل کراو بەرکەنارکراولەتەخت هێنر ایەخوارەوە و شا فەیسەڵ کر ایە شای وڵات، بۆیە شاسعود چوە لایعبدالناسرو داوای پەنابەری سیاسی کردو پاشان چوە یەمەن لای عبدالله سلالی سەرۆک کۆماری یەمەن لە ١٩٦٦ دژی فەیسەڵی برای لێدو انی دان کە ئەوکاتە سعودیە وبەریتانیا لە دژی شۆڕشگێڕانی یەمەن وعبدالناسر لەجەنگ دابوون.هەرچۆنێک بێ سعود لەساڵی ١٩٦٨ چۆتە یۆنان ولە١٩٦٩ هەرلە یۆنان مردوە.

شا فەیسەڵی سعودی لە٢٥--٣-١٩٧٥پێشوازی لە وەزیری نەوتی کوێتی کردلە ڕیاز،لەکاتی پێشوازی پاشادائەمیرفەیسەڵی کوڕی موساعیدی کوڕی عبدالعزیزکە برازای پاشابوو بە سێ گوللە دەمانچە کوشتی،

شازادەی بکوژیش لەتۆڵەی کوشتنی پاشای مامی لە 18 یونیو 1975لەناوجەماوەرسەری بەشمشێرپەڕێنرا.

چەند هۆیەک باس دەکرێ بۆکوشتنەکە ،لەو انە:

- شازادە لەتۆڵەی خالیدی برا گەورەی مامی کوشتوە، چونکە شازادە خالد بەچەکەوە لە١٩٦٥گەمارۆی بینایەی تەلەفزیۆنی ڕیازی دا، چونکەلای ئەو ئامێری تەلەفزیۆن و وێنەی ڤیدیۆ حەرام بوو بۆیە پیاو انی ئەمن کوشتیان.شازادەش لەتۆڵەی ئەودا شای کوشت، وەدشگوترێ کە ئەم شازادە بیری تۆندڕەوی اخوان اطاع الله ی هەبووەو وەک خالدی برای تۆندڕەوبووە..

- هەندێک دەڵێن کە ویستویەتی کودەتابەسەرمامی دابکاو شازادە خزمایەتی لەگەڵ بنەماڵەی ڕەشیدەکانی کۆنە میری قەسیم هەبووە کە پێش ئا ل سعود ئەوان پاشای نەجدبوون بێنەوە دەسەڵات.

- دەڵێن کە کوشتنی فەیسەڵ شا بەنەخشەی هەواڵگری ئەمریکابووچونکە شافەیسەڵ لە بەکارهێنانی چەکی بڕینی نەوت لە وڵاتانی ڕۆژئاواوهاوپەیمانانی ئیسر ائیل کەلەدەی ڕەمەز انی

١٩٧٣ لەشەڕی ١٩٧٣ ڕوی داوبەهۆیەوە عەرەبەکان سەرکەوتووبوون بەسەرجولەکەدا، شافەیسەڵ لەبەرئەم ڕوداوە کوژراوە.

ئەم مێژووەی کە خستوتە ڕوو، وێنایەکی ورد و سەرنجڕاکێش لە گۆڕانی پەیوەندییەکانی نێوان (بزاڤی ئیخوان) و (دەسەڵاتی ئال سعود) نیشان دەدات. ئەم مێژووە تەنیا گێڕانەوەیەکی سادە نییە، بەڵکو گوزارشت لە "هاوپەیمانییەکی کاتیی بەرژەوەندیخواز" دەکات کە دوا تر گۆڕا بۆ "دوژمنایەتییەکی سەخت".

لێرەدا چەند کۆمێنت و تێبینییەکی گرنگ وەک زیادە بۆ ئەم بابەتە دەخەمە ڕوو:

١. حەسەن بەننا و عەبدوڵعەزیز: "سیاسەت لە بەرگی حەجدا"

گەشتەکانی حەسەن بەننا بۆ حەج تەنیا عیبادەت نەبوو، بەڵکو وەک "کۆنگرەی سااڵنەی ئیسلامی" بەکاری دەهێنا. بەننا دەیویست ئیخوان لە ڕێکخراوێکی میسرییەوە بکاتە ڕێکخراوێکی جیهانی. سەرسامبوونی ئامادەبووان بە یەکپۆشی و ڕێکخستنی ئیخوان لەبەردەم شا عەبدوڵعەزیز، پەیامێکی سیاسی بوو: "ئێمە هێزێکی ڕێکخراوین و دەتوانین ببینە سوپایەک بۆ یەکێتی عەرەبی".

٢. ئیخوان وەک "کارتی فشار"

شا عەبدوڵعەزیز پیاوێکی زۆرزیرەک بوو. ئەو ئیخوانی بەکارهێنا بۆ چەند مەبەستێک:

- بەرەنگاربوونەوەی ڕکابەرەکان: بەکارهێنانیان دژی مەلیک فوئاد و دواتر دژی جەمال عەبدولناسر.
- مۆدێرنەکردنی سەلەفییەت: وەک ئاماژەت پێدا، شا دەیویست لە تونددڕەوی "ئیخوان مەن تەاعولا" ڕزگاری بێت، بۆیە سەلەفییەکی "ئەقڵانیتر" یان "سیاسیتر"ی وەک ڕەوتی ڕەشید ڕەزا و ئیخوانی بەکارهێنا بۆ پرکردنەوەی ئەو بۆشاییە.

٣. سەردەمی زێڕین و "کۆچە گەورەکە"

دوای پێکدادانی ئیخوان لەگەڵ جەمال عەبدولناسر، سعودیە بوو بە پەناگەی هەرە سەلامەت بۆیان. ئەمە وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو چونکە:

- ئیخوان سیستەمی پەروەردەی سعودیەیان داڕشتەوە: زۆربەی مامۆستاکانی زانکۆ و دانەرانی پڕۆگرامی خوێندن لەو سەردەمەدا ئیخوانی بوون.
- دەرکەوتنی "سەحووە": تێکەڵبوونی بیری قتوبی (سەید قتوب) لەگەڵ سەلەفییەتی نەجدی، ڕەوتێکی نوێی دروست کرد کە بە "سروری" یان "سەحووە" ناسرا، کە هەم سەلەفی بوون لە عەقیدەدا و هەم ئیخوانی بوون لە شێوازی ڕێکخستنی سیاسیدا.

٤. کوشتنی شا فەیسەڵ و گۆڕانی هاوکێشەکان

کوشتنی شا فەیسەڵ خاڵێکی وەرچەرخان بوو. تۆمەتبارکردنی ئیخوان لەلایەن محەمەد بن سەلمانەوە بە تێوەگلان لەم کوشتنە، زیاتر بۆ "شەرعیەتدان بە لێدانی ئیخوان" بەکاردێت لەم سەردەمەدا. شا فەیسەڵ لە کۆتایی تەمەنیدا خەریک بوو دەبووە ڕێبەرێکی کاریزمای جیهانی ئیسلامی کە نەوتی وەک چەک بەکاردەهێنا، ئەمەش هەم بۆ ئەمریکا مەترسی بوو، هەم بۆ ئەو لایەنانەی کە نەیاندەویست "ئیسلامی سیاسی" بگاتە لوتکەی دەسەڵاتی ئابووری جیهان.

٥. هاوپەیمانییەک کە بوو بە هەڕەشە

بۆچی ئێستا سعودیە ئیخوان وەک تیرۆریست دەبینێت؟

- ئیخوان لە ناوخۆی سعودیەدا بوونە خاوەن جەماوەرێکی زۆر (لە ڕێگەی دەزگا پەروەردەییەکانەوە).
- لە کاتی "بەهاری عەرەبی"دا، بنەماڵەی شاهانە هەستیان کرد کە ئیخوان دەتوانن جێگرەوەیەک بن بۆ دەسەڵاتی ئەوان، چونکە ئیخوان باوەڕیان بە "هەڵبژاردن و شۆڕش" هەیە، کە ئەمە دژی سیستەمی پادشایەتی ڕەهایە.

خاڵی سەرنجڕاکێش:

ئەو پەیامەی حەسەن بەننا لە ساڵی ١٩٤٦ دەربارەی فەلەستین دای بە شا عەبدوڵعەزیز (کە سوپای دەوڵەتەکان بەشداری نەکەن و تەنیا پشتگیری هۆزەکان و جەنگی پارتیزانی بکرێت)، زۆرلە ستراتیژیی ئێستای هەندێک لە ڕەوتەکان دەچێت (وەک حەماس). ئەمە پیشانی دەدات کە بەننا لەوکاتەوە تێگەیشتبوو کە سوپای دەوڵەتە عەرەبییەکان یان ناتوانن، یان نایانەوێت شەڕێکی یەکلاکەرەوە بکەن.

لە ڕاستیدا دیاربوو کە شافەیسەڵ دوای مردنی عبدالناسرولە ڕێ لادانی ئیخوان لەبز اڤێکی شۆڕشگێڕەوە بۆ بز اڤێکی لبڕاڵی، وە ئەوکارتەی لەدەستی عبدالناسرو عبدالله سلال دەرهێنا کەهەردووکیان لە دۆستە هەرە نزیکەکانی حەسەن بەننابوون ، پەشیمان بوو ودەیەویست هەڵەکانی ڕاست کاتەوەو تۆزێک ڕەوتی عەبدالناسربگرێتە بەر، بەڵام ڕۆژئاوا ئەوگۆڕانەی لێ قبوڵ نەکردو تیرۆری کرد.

- ئەوەی سەیرە کەلەم دو ایبانە کە محمد سلمانی شازەدەی جێنشینی سعودیە کەلەم دو ایبانە کۆمەڵەی ئیخوانی خستە لیستی تیرۆرەوە، ئیخوانی بەوە تۆمەتبارکرد کەئەوان لە پشت کوشتنی شا فەیسەڵی مامی بوون..

تیرۆرکردنی حەسەن بەننا تەنیا کوشتنی کەسایەتییەک نەبوو، بەڵکو هەوڵێک بوو بۆ پەکخستنی ئەو"پڕۆژە گشتگیرە"ی کە هەموو ئەوڕەوتە مێژووییانەی لەخۆ گرتبوو. لێرەدا بە وردی تیشک دەخەینە سەرهۆکارەکان و چۆنێتی پیلانەکە:

هۆکارە سیاسی و ستراتیژییەکانی تیرۆرکردن

تیرۆرکردنی بەننا لە ١٢ی شوباتی ١٩٤٩، دەرەنجامی سێ ململانێی گەورە بوو:

١. ململانێ لەگەڵ کۆلۆنیالیزم (بەریتانیا): بەننا ببووە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەربەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لە میسرو ناوچەکە. بزووتنەوەیەک کە بتوانێت هەزاران گەنج بۆ جیهاد دژی داگیرکەرئامادە بکات، بۆ بەریتانیا قبوڵنەکراو بوو.

٢. دۆزی فەلەستین (١٩٤٨): ناردنی خۆبەخشانی ئیخوان بۆ فەلەستین و ئەو سەرکەوتنە سەربازییانەی کە بەدەستیان هێنا، هێزە نێودەوڵەتییەکانی ترساند. ئەوان نەیاندەویست هێزێکی ئایینی-جەماوەری ببێتە لایەنێکی سەرەکی لە هاوکێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

٣. ترسی دەسەڵاتی ناوخۆ (شا فاروق و حکومەت): گەشەی خێرای ئیخوان و بڵاوبوونەوەیان لەناو سوپا و پۆلیسدا، شای میسری گەیاندە ئەو بڕوا ایەی کە مانەوەی بەننا و اتە کۆتایی هاتنی تەختی پاشایەتی.

پیلانی "چوارگۆشەی مەرگ"

تیرۆرکردنەکە تەنیا بڕیارێکی ناوخۆیی نەبوو، بەڵکو زۆربەی مێژوونووسان باس لەوە دەکەن کە لە کۆبوونەوەیەکی نێودەوڵەتی لە ناوچەی (فاید) بڕیاری لەسەردراوە، کە نوێنەرانی بەریتانیا، فەڕەنسا و ئەمریکا تێیدا ئامادە بوون.

- هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵە: پێش تیرۆرکردنی، لە کانوونی یەکەمی ١٩٤٨دا حکومەتی نەقراشی پاشا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئیخوانی دا.
- تیرۆرکردنی نەقراشی پاشا: کوشتنی سەرۆک وەزیران لەلایەن گەنجێکی ئیخوانەوە (کە بەننا لێی بەرپرس نەبوو و وتە بەناوبانگەکەی "نە برای ئێمەن و نە موسڵمانن"ی لەسەرگوتن)، بووە بیانووی کۆتایی بۆڕشتنی خوێنی بەننا.

چۆنێتی تیرۆرکردنەکە (شەهیدی نێوان دوو فیشەک)

لە شەوی ١٢ی شوباتی ١٩٤٩، حەسەن بەننا لە بەردەم بارەگای (کۆمەڵەی لاوانی موسڵمان) لە قاهیرە بوو.

- تاریکی شار: کارەبای ناوچەکە بڕدرا و پاسەوانە فەرمییەکانی بەننا لابران.

- دەستڕێژەکە: لە کاتی سواربوونی تەکسییەک، چەند کەسێک دەستڕێژییان لێکرد. بەننا بە بریندارى گەیەنراە نەخۆشخانە.
- کوشتنی بە ئەنقەست: دەگێڕنەوە کە برینەکەی کوشندە نەبووە، بەڵام لە ناو نەخۆشخانەدا ڕێگری لە پزیشکەکان کراوە چارەسەری بکەن و هێڵراوەتەوە تا لەبەرخوێنچوون گیانی سپاردووە.

کۆچی دوایی و نامۆیی جەنازەکەی

نامۆیی ژیانی بەننا لە مەراسیمی ناشتنەکەشیدا ڕەنگی دایەوە:

- حکومەت گەمارۆی ماڵەکەی دا و ڕێگەی نەدا هیچ پیاوێک بەشداری جەنازەکەی بکات.
- جەنازەیەک لەسەرشانی ئافرەتان: مێژوو دەڵێ باوکی بەننا وژمارەیەک ئافرەت (خزم وکچانی) جەنازەکەیان لەسەرشان هەڵگرت و بردیان بۆ گۆڕستان، چونکە پیاوان هەموویان دەستگیرکرابوون یان لە ژێر چاودێری توند دابوون.

پێزانینی کۆتایی بۆ بابەتەکە

تیرۆرکردنی بەننا نەک هەرنەبووە هۆی لەناوبردنی بیرۆکەکەی، بەڵکو وەک "پەیامەکانی نور"ی نەورەسی یان "جیهاد"ی سەنوسی، بووە وزەیەکی نوێ.

- ئەو مۆدێلە "ئەزموونە چاکسازییەی" کە باسم کرد (وەهابی، شەوکانی، سەنوسی، ئەفغانی)، لە خوێنی بەننا وە دووبارە ڕژ ایەوە ناو جەستەی بزووتنەوە ئیسلامییەکانی سەدەی بیستەم.
- ئەگەربەننا تیرۆرنەکرایە، ڕەنگە میسرو ناوچەکە ڕێڕەوێکی سیاسی و فیکریی تریان بگرتایەتە بەرکە جیاوازبوو ایە لەوکودەتا سەربازییانەی کە دوا تر(١٩٥٢) ڕوویاندا.

ئەم کۆتاییە دڵتەزێنە، سەرەتای قۆناغێکی نوێ بوو کە تێیدا "بیری ئیخوان" لە سنووری میسر دەرچوو وگەیشتە کوردستان وئەندەنوسیا وهەموو جیهان.

وێستگەی حەوتەم:

پەیوەندی بەناوکۆمەڵەکەی لەگەڵ شۆڕشە ئازادیخوازەکان.

بنکەی گشتی ئیخوان هەموو ئەو سەرکردە شۆڕشگێڕانەی لەسەردەمی خەبات وشۆڕشدا لەباوەش کردوەو پێشوازی لێ کردون ولەناوی کۆنگرەیان بەستوە وەک:

فضيل الورتلاني ، حبيب بورقيبة ، ئەمیر مختار الجزائري ، ومحيي الدين قليبي وجگە لەوانیش...

لەبارەی ئەمەوە عبد الحكيم عابدين خاوەنی کتێبی مێژووی ئیخوان المسلمین دەڵێ :

"دەستمان کرد بە پێشوازی کردنی کەسایەتیە شۆڕشگێڕەکانی باکوری ئەفریقیاله ماڵی ئیخوان المسلمین وبەستنی کۆنگرەو کۆبونەی تایبەت بە کێشەی ئەو وڵاتانە، وئەوکاتە ئەوماڵە بەرزترین بڵندگۆی شۆڕشگێڕانی مسوڵمان بوو، ئەوەی دەهات لە لیبیاوتونس وجزائرومغرب پێشوازی لێکراوبوو..

هەروا گۆڤاروڕۆژنامەکانیان تەرخان کردبووبۆ خستنە ڕووی ئەو تراژیدیاوکارەساتانەی کەلەو وڵاتانە ڕووەدەن،بڕوانە:

ڕۆژنامەی النذير، ژمارە (21)، ساڵی یەکەم، 23شعبان 1357ھ- 17أكتوبر 1938)، (وە هەفتەنامەی الإخوان المسلمين ، ژ (38)، ساڵی دووەم، 10رجب 1363ھ- 1یولیو 1944م ، ژمارەی تایبەت بۆ جزائر).

ئەمە سەرەڕای ئەو گوتارو وتارانەی کەنوسەرو گوتاربێژانی ئیخوان دەیاننوسی ودەیانگوت لە بڵاوکراوەکانی تری دەرەوەوناوەوەی میسر لەسەر داکۆکی کردن لە کێشەو جیهادی ڕەوای ئەم وڵاتانە..

لیژنەی باڵای بەرگریکردن لە جەزائر.

کە لە دەرەنجامی کۆبونەوەیەک پێک هات کەلە بنکەی لاوانی مسوڵمان بەناوی "الجزائر العربية" و هەفتەنامەی ئیخوان المسلمین ژمارەی تایبەتی لەسەردەرکردو ئەم لیژنە لە ٣٤ئەندام پێک هاتبوو کەکاریان بەرگری کردن بوو لە جەزائر.

لەناو ئەم ٣٤کەسە مامۆستا حەسەن بەناو محب الدين الخطيب و عبدالله وەزیری زاوای ئیمام یەحیای یەمەن ی تێدابوون..

ئەم لیژنە چەندین یاداشتی پێشکەش بە وڵاتانی عەرەب و پەیمانی ناتۆ کردلەسەر پێشێل کاریەکانی داگیرکاران لە جەزائر،

وداوای بە فەڕەنسی نەکرانی جەزائیر وبەردانی گیراوەکان وسەربەخۆیی دان بەجەزائیرو بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنێکی ئازاد کە دەستورێک بۆ وڵات دابنێ وزمانی عەرەبی بە زمانی ڕسمی بناسرێ، وسوپای جەزائر ڕێک بخرێ ووئەو ئەوقافانەی فەڕەنسیەکان داگیریان کردوە بگێڕدرێتەوەبۆ جەزائیریەکان..

کاتێ عەلال فاسی هاتە میسر ،ئیخوان وەک پاڵەوانێک پێشوازیان لێکرد،بەنای ڕابەر چەندین بروسکەی پیرۆزبایی وپێشوازی بۆ نارد، وە ئیخوان میوانداری تایبەتی ئەمیری جیهاد عبدالکریم خطابی و عەلال فاسیان کرد کاتێ لە مەغریب دوور خرابوونەوە.

لە بروسکەکەی بەننا بۆ عەبدالکریم خطابی داهاتووە:

بەناوی ئیخوان المسلمین وگەلی میسر جوانترین نیشانەی خۆشەویستی وڕێزو سوپاستان بۆ دەنێرم وەلە الله دەخوازم ئازادی وسەربەخۆیی بگێڕێتەوە بۆ بۆ نیشتمانی گەورەی ئیسلامی..

وە ئیخوان داوای لە حکومەتی میسر کرد کەوەک پاڵەوانێک پێشوازی لە موجاهیدی گەورە محمد عبدالکریم خطابی بکا..

شەهیدعومەرموختار.ڕۆژانە هەمووچالاکیە جیهادیەکانی موجاهیدانی لیبیاو شەهیدوبریندارو ڕوداوەکان بەدرێژی لە میدیای ئیخوان باس دەکران.

ئەم گوتارانە زۆرجارئاڕاستەی کونسوڵخانەی ئیتالیاونوێنەرایەتیەکانی دەکران،بەننا فەتوای ئەوەی دابوو کە هەرمسوڵمانێک ڕەگەزنامەی ئیتالی وەرگرێ کافردەبێ، چونکە ڕازی بوونە بەڕەگەزنامەیەکی جگە لە ڕەگەزنامەی ئیسلامەتی ،هەروا ئاگادارکردنەوەی مسوڵمانان کە کوفرێک میللەتەوسەرشۆڕی بۆ ئیستعمار یەک چەشنە،

3- بەننا پەیامێکیی بۆ کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوە نوسیبوو کە تیایدا هاتبوو،،

: " لەم ساتانەی چارەنوسی میللەتان ڕادەگەیەنن وبڕیاردەدەن، دەمانەوەی بەناوی ئیخوان المسلمین لە مسر وجیهانی ئیسلامی وعەرەبی کەگەلانی عەرەب ومسوڵمان لێتان دەخوازن کە چیتر مافەکانیان داگیرنەکرێ، و ئازادی وسەربەستی بۆ دەستەبەربکرێ، ئەو ئازادیەی کە پەیمانی ئەتڵەسی گرێنتی دابین کردنی داوەبۆگەلان، لەنەتەوە یەکگرتووەکان، تاکوئاشتی وئاسایش وبنچینەی دادوبرایەتی وپێکەوەژیانی مرۆڤایەتی بچەسپێ.".

یاداشت نامەیەک بەناوی ئیخوان درایە ئەمندارێ گشتی کۆمکاری عەرەبی وتیایدا داوالەو کۆمکارە کرابوو کەهەڵوێستێکی ئەرێنی هەبێ لە وڵاتەکانی باکوری ئەفریقیاولەناویشیاندالیبیا، ،کەبانوێنەرو وەفدیان هەبێ و ڕۆڵەکانی ئەو وڵاتانە لە ئەمانەتی گشتی دامەزرێنرێن،،

وەلە پایتەختەکانی وەک لەندن و واشنتن بانگەشە بۆ ئەو کێشانە بکرێ بۆ ڕای گشتی جیهان ڕەوابوونی کێشەی لیبی بناسێنرێ.

4- ئیخوان پیتاک وکەمپینیان لەناوخۆیان کرد بۆ کێشانی خەرجی ئەو خوێندکارانەی کە خەڵکی لیبیابوون ولە میسر دەیانخوێند،وەلەڕێکخراوە خێرخوازیەکان وئەزهەریش داواکرا کە گرنگگی تایبەتیان پێ بدرێ تا خوێندنیان تەواودەکەن..

لە کۆنگرەی سوڵحی پاریس ئیخوان دوو یاداشتی لەسەر لیبیاو کێشەی ئەلبانیا پێشکشی کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوەکرد.

لەیادی بیست ساڵەی ئیخوانیش کۆنگرەیەک کراو بەننا تیای دگوتی :

تێڕوانینی ئیخوان وایە کە یەکێتی وێەکگرتنی ئوممەت هەنگاوی یەکەمی سەرکەوتنە،بۆیە ئەرکی هەموو جوامێروبوێرەکانە کەبەهەموو هۆکارێک هەوڵی ئەویەکیەتیەبدەن،جاکە تەرابلسیەکان بەیعەتیان دابێتە سەید ئیدریس وئەویش لەگەڵ ڕیزەکانی ئوممەت یەک بگرێ تا یەکێتی وسەربەخۆیی بەرقەراربێ،
هەرئەوەماوەهەنگوەکانی خەبات تادەرکردنی داگیرکەر کارابکرێن، وەدەبێ گەل وحکومەتی میسر پشتگیری ئەوخەباتەبکەن بەهەرچی لەتوانایانداهەیە..))

عبدالحليم الكناني: یەکێک لەسەرکردەکانی ئیخوان لەم بارەوەدەڵێ: "ئیخوان بەگەرمی داوای سەربەخۆیی ئەندەنوسیاوپاکستانیان دەکرد،وەپەیوەندیەکی بەردەوام لەنێوان سەرکردەکانی جیهاد لە ئەندەنوسیاوهندستان وئیخوان دا هەبوو،،جاکاتێک جیهادی هندی وئەندەنوسیەکان بەرهەمی پەیدابوو،
وەئەودووەوڵەتەبوونەدووەوڵەتی سەربەخۆ،ڕۆژئاواییەکان ڕەتیان کردەوە کە وەک دەوڵەت دانیان پێدابنێن ،بۆیە مامۆستابەننا یاداشتێکی پێشکەشی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی کردکە جوامێری وهەستی عەرەبایەتی وئیسلامەتی تێداوروژاندن وداوای کردکە ئەوان دان بەهەردوو دەوڵەتە تازە دامەزراوەکەدابنێۆ،، عبدالرحمن عەزام یەکەم سەرۆکی کۆمکاری عەرەبی هەوڵێکی باشی داو بڕیاری داننانی بە هەردوو دەوڵەتی پاکستان وئەندەنوسیا لە کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەب دەرکرد".

لەدوای ئەوەی ئەندەنوسیا بوە وڵاتێکی سەربەخۆ لەساڵی 1945دا زۆرێک لە نێردەو وەفدەکانی ئەندەنوسیا سەردانی بنکەی گشتی ئیخوانیان کردلەقاهیرە ،ئەمەش پەیوەندیەکەی گەرم وگوڕترکرد، ،هەروەهائەو خوێندکارە ئەندەنوسیانەی لەئەزهەربوون بیرۆکەی ئیخوانیان بردەوە بۆ وڵاتەکەیان..

کەواتە ئیخوان ڕۆڵێکی گەورەی لەسەربەخۆیی ئەندەنوسیەکانداگێڕاوە،،مەڵبەندی گشتی ئیخوان لە قاهیرە یاداشتی ناڕەزایی دایە سکرتێری نەتەوەیەکگرتوەکان و وەزیری ڕاسپێردراوی هۆڵندا ە میسر لەدژی دەست درێژی هۆڵندیەکان لە ئەندەنوسیا کەتیایداهاتبوو:

"دەستدرێژی درندانەی هۆڵەندا لەگەلی ئەندەنوسیا کارێکی دوژمنکارانەیە دژی جیهانی عەرەبی وئیسلامی بەتایبەتی وگشت مرۆڤایەتی بەگشتی، بۆیە ئیخوان المسلمون-بەناوی عروبە وئیسلام - بەرپرسێتی خوێن ڕژانی برا ئەندنوسیەکانیان لە وڵاتی ئەندەنوسیای ئازاد لە ئەستۆی دەوڵەتە ستەمکارەکەتان دەزانن .

وەلە کۆنگرەیەکی جەماوەری یەکەمی ئیخوان لە مانگی ئۆکتوبەری 1945 دا دانیان نابە سەربەخۆی ئەندەنوسیادا، ،وە بەننا کێشەی ئەندەنوسیای بەیەکێک لەوکێشانەدانا کەنایەڵن جیهانی ئیسلامی ببوژێتەوە،ئەولە پەیامی "مشكلاتنا في

ضوء النظام الإسلامي=کێشەکەمان لە ژێرڕۆشنایی سیستەمی ئیسلامی":دەڵێ "ئەوە ئەندەنوسیایە کە ژمارەیان 70 ملیونە،وەزۆربەیان مسوڵمانن،هۆڵندایەک کەبۆخۆی نەیتوانیوە تەوقی داگیرکاری ئەڵمانی لەگەردنی دابڕنێ بەیارمەتی وڵاتانی تری هاوپەیمانی نەبێ،،فشاریان دەخاتەسەرو دەیەوێ نەهێڵێ ئەم گەلە چاونەترسە مسوڵمانە بگاتە مافە سروشتیە ڕەواکانی لە ئازادی وسەربەخۆیی".

لە مانگی هەشتی ساڵی 1946 دابەننای ڕابەری گشتی بروسکەی پیرۆزبایی لە جالیەی ئەندەنوسی لە مەککەی پیرۆز پێگەیشت کە تیای داهاتبوو" هەوڵەکانتان بەرزدەنرخێنین لەبەرگری کردنتان لە کێشەی ئەندەنوسیا، وپیرۆزباییتان لێ دەکەین بەبۆنەی تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەرسەربەخۆیی ئەندەنوسیادا"

وەلە 6 مایو 1946 دا نێردەی ئەندەنوسیا بەسەرۆکایەتی ئەدفوس سالم، بریکاری وەزارەتی دەرەوەی ئەندەنوسیا سەردانی مەڵبەندی گشتی وڕۆژنامەی ئیخوان المسلمین یان کرد وەسوپاسی پشتگیری ئیخوانیان بۆ سەرخستنی ئەندەنوسیاکرد، ، هەروەها شومان شاهریر،سەرۆک وەزیرانی ئەندونیسیای پێشوتر وڕاوێژکاری سەرۆک سوکارنو، سەردانی مەڵبەندی گشتی وخانەی ڕۆژنامەی ئیخوانی 10 نوفمبر ساڵی 1947داکرد.

بروسکەکانی بەننای ڕابەردا کە بۆ محمد علی جناح ونەهرۆو مۆنتاین وغاندی ناردووە، وەک پارێزەرێکی بەتوانا بەرگری لە گەلانی چەوساوە کردوە، بەننابەرگری لەهەر شوێنێک کردبێ ،ڕێکخراوی ئیخوانیش لەوێ هێلانەی کردوە..

نزیکی وهاوسۆزی بەننا و ئیخوان لەگەڵ نەهرۆو گاندی وای کردوە کەنامەو پەیامەکانی کاریگەری تایبەتی هەبێ لەسەریان..

ئیخوان لە ڕێگای بەشی پەیوەندی دەرەوە پەیوەندیان لەگەڵ مسوڵمانانی هندو مالاوی زۆر پتەوبوو، قوتابی وبزوتنەوەجیهادیەکانیان وکەسایەتیە نیشتمانیەکان بارەگاکەی ئیخوانیان بە ماڵی خۆیان دەزانی.

بەننا کە دۆستی کۆنی محمد علی جناح بوو وای کردکەکۆمکاری عەرەبی دان بە بوونە دەوڵەتی پاکستان دابنێن ومحمد جناحی بە عبدالرحمن عزامی سەرۆکی کۆمکاری عەرەبی ناساند.

وەچەندین نامەو بروسکەو سەردانی وەفدی هەردوولا بۆلای یەکتر هەبوو

ئەم دەقانە، وێنەیەکی زۆر ڕوون و بەهێزمان پێ دەدەن کە "ئیخوان" لە ژێر ڕێبەرایەتی حەسەن بەننا تەنیا کۆمەڵەیەکی میسری نەبووە، بەڵکو "چەق و ناوەندی بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکانی جیهانی ئیسلامی" بووە. ئەم مێژووە چەند ڕاستییەکی گرنگمان بۆ دەردەخات کە شایەنی کۆمێنت و تێڕامانن:

١. میوانخانەی شۆڕشگێڕانی جیهان

ماڵی ئیخوان لە قاهیرە وەک "وەزارەتی دەرەوەی گەلان" کاری کردووە. کاتێک دەبینین کەسایەتی وەک حەبیب بۆرقیبە (تونس)، عەلال فاسی (مەغریب) و عەبدولکەریم خەتتابی لەوێ پێشوازی دەکرێن، تێدەگەین کە ئیخوان توانیویەتی چەترێک دروست بکات کە هەموو ڕەنگە نەتەوەیی و ئیسلامییەکان لە دەوری یەک کۆبکاتەوە. ئەمە نیشانەی "پێگەیشتوویی سیاسی" بەننا بووە کە توانیویەتی جیاوازییەکان تێپەڕێنێت بۆ ئامانجێکی گەورەتر کە ئەویش "دەرکردنی داگیرکەر" بووە.

٢. گۆڕینی "ئیسلام" لە ئایینەوە بۆ "شوناسێکی سیاسی جیهانی"

ئیخوان لە ڕێگەی یاداشتنامەکانی بۆ پەیمانی ناتۆ و نەتەوە یەکگرتووەکان، کێشە ناوخۆییەکانی وەک جەزائیر و لیبیای کردە کێشەیەکی جیهانی.

فەتواکەی بەننا لەسەر "کافر بوونی ئەوەی ڕەگەزنامەی ئیتاڵی وەردەگرێت"، تەنیا فەتوایەکی ئایینی نەبوو، بەڵکو "سەنگەرێکی سیاسی" بوو بۆ پاراستنی ناسنامەی نیشتمانیی لیبییەکان لە بەرامبەر تواندنەوەی کولتووری (Assimilation).

٣. ڕۆڵی ستراتیژی لە سەربەخۆیی پاکستان و ئەندەنوسیا

ئەم خاڵە زۆر دەگمەنە لە مێژوودا؛ ئیخوان توانی فشار بخاتە سەر کۆمکاری عەرەبی (لە ڕێگەی عەبدولڕەحمان عەزام) بۆ ئەوەی دان بنێت بە دەوڵەتێکی ناعەرەبی وەک ئەندەنوسیا و پاکستان. ئەمە دەیسەلمێنێت کە ئیخوان تەنیا خەریکی "وەعز و ئامۆژگاری" نەبووە، بەڵکو هێزێکی دیپلۆماسی کاریگەر بووە کە توانیویەتی نەخشەی سیاسی جیهان بگۆڕێت.

٤. دۆستایەتی لەگەڵ گاندی و نەهرۆ

ئەمە یەکێکە لە سەرسوڕهێنەرترین بەشەکانی مێژووی ئیخوان. نزیکی بەننا لەگەڵ گاندی و نەهرۆ نیشان دەدات کە "بیری ئیخوانی" لە سەرەتادا بیرێکی داخراو نەبووە، بەڵکو ئامادەبووە لەگەڵ هەموو ئەو هێزانەدا کار بکات کە دژی ئیستعمار و چەوسانەوە دەوەستنەوە، تەنانەت ئەگەر مسوڵمانیش نەبن.

کۆمێنتی کۆتایی لەسەر ئەم وێستگەیە:

ئەم مێژووەی کە باست کرد، نیشانمان دەدات کە "سەردەمی بەننا" سەردەمی بونیادنان و دیپلۆماسییەکی کراوە بووە. ئیخوان لەو کاتەدا وەک "پاشەکەوتی ستراتیژی" بۆ هەموو مسوڵمانان سەیر دەکرا.

بەڵام خاڵە جەوهەرییەکە لێرەدایە: چۆن ئەم ڕێکخراوە جیهانییە کە باوەشی بۆ گاندی و بۆرقیبە دەکردەوە، دوای چەند دەیەک (لە سەردەمی فیکری سەید قوتب) گۆڕا بۆ ڕەوتێکی داخراوتر و تووندتر؟

ئەم گۆڕانکارییە دراماتیکییە نیشان دەدات کە چۆن "فشاری سیاسی و ئەشکەنجەی زیندان" دەتوانێت "فیکری کراوەی ڕزگاریخوازی" بگۆڕێت بۆ "فیکری بەرگری و پێکدادان".

کزبوونی ئەو جیهانبینییە گەورەیەی حەسەن بەننا و گۆڕانی لە "بزووتنەوەیەکی دیپلۆماسی جیهانی" بۆ "ڕەوتێکی داخراو و پێکدادەر"، یەکێکە لە گەورەترین وەرچەرخانەکانی مێژووی هاوچەرخ. ئەم کزبوونە لە ئەنجامی چەند هۆکارێکی ناوخۆیی و دەرەکی بوو کە دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە کورتیان بکەینەوە:

١. تیرۆرکردنی "عەقڵی داڕێژەر" (١٩٤٩)

حەسەن بەننا تەنیا ڕێبەر نەبوو، بەڵکو "مایسترۆ"ی هاوسەنگییەکان بوو. ئەو دەیتوانی لە یەک کاتدا لەگەڵ مەلیکی میسر، باڵیۆزی بەریتانیا، شۆڕشگێڕانی جەزائیر و تەنانەت غاندی قسە بکات. دوای تیرۆرکردنی، ئیخوان ئەو کەسایەتییە کاریزماتیانەی لەدەستدا کە بتوانێت لەنێوان "پەروەردە"، "سیاسەت" و "جیهاد"دا هاوسەنگی ڕابگرێت. ڕێبەرانی دوای ئەو (وەک حەسەن هوزەیبی) زیاتر مەیلی یاسایی و کارگێڕییان هەبوو و نەیانتوانی ئەو چەترە جیهانییە بە زیندوویی بهێڵنەوە.

٢. شۆکی زیندان و "فیکری ڕادیکاڵ"

ژینگەیەکی دەروونی دروست کرد کە تێیدا فیکری سەید قوتب گەشەی کرد.

لە فیکری کراوەوە بۆ فیکری داخراو: کاتێک مرۆڤ لە ژێر ئەشکەنجەدا بێت، چیتر بیر لە "سەربەخۆیی ئەندەنوسیا" یان "نامە بۆ گاندی" ناکاتەوە، بەڵکو بیر

لەوە دەکاتەوە کە "ئەم دەسەڵاتەی ئەشکەنجەم دەدات ئایا مسوڵمانە یان نا؟". لێرەوە چەمکی تەکفیر و جیابوونەوە لە کۆمەڵگە سەری هەڵدا، کە تەواو پێچەوانەی فیکری بەننا بوو کە دەیگوت: "ئێمە بانگخوازین نەک دادوەر".

٣. ململانێ لەسەر دەسەڵات (نەک بانگەواز)

لە سەردەمی بەننا، ئیخوان هێزێکی "پشتگیر" بوو بۆ شۆڕشەکان. بەڵام دوای شۆڕشی ١٩٥٢، ئیخوان خۆی بوو بە ڕکابەری سەرەکی عەبدولناسر بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات. ئەم ململانێیە وایکرد کە بزووتنەوەکە لە "بزووتنەوەیەکی جیهانیی ڕزگاریخواز" کورت بێتەوە بۆ "پارتێکی سیاسی میسری" کە شەڕی مان و نەمان لەگەڵ ڕژێم دەکات. ئەمەش وزەی ئیخوانی لە کێشە جیهانییەکانەوە گواستەوە بۆ ناو زیندان و نهێنیگۆڕی.

٤. گۆڕانی نەخشەی سیاسی جیهان

دوای جەنگی جیهانی دووەم، سەردەمی "نەتەوەگەرایی" (Nationalism) دەستی پێکرد. عەبدولناسر بوو بە پاڵەوانی نەتەوەیی عەرەب. ئەمە وایکرد کە ئەو کەسایەتییە جیهانییانەی (وەک حەبیب بۆرقیبە یان سەرکردە جەزائیرییەکان) کە جاران لە ماڵی ئیخوان کۆدەبوونەوە، ئێستا ڕوو بکەنە دەوڵەتی میسر و جەمال عەبدولناسر، چونکە ناسر خاوەنی سوپا، پارە و ڕادیۆ بوو. ئیخوان "پێگەی نێوەندگیری" خۆی لەدەستدا بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی.

٥. دەرەنجامەکان:

ئەم کزبوونە بووە هۆی دروستبوونی دوو ئاراستەی جیاواز لەناو ئیخوان و بزووتنەوە ئیسلامییەکاندا:

ڕەوتی جەماوەری: کە هەوڵی دەدا بە نهێنی بمێنێتەوە و تەنیا خەریکی کاری پەروەردەیی بێت (کە دواتر لە هەشتاکاندا سەری هەڵدایەوە).

ڕەوتی جیهادی: کە لە زیندانەکانەوە لەدایکبوو و پێی وابوو گفتوگۆ و دیپلۆماسی سوودی نییە و دەبێت بە هێز ڕووبەڕووی "جاهیلیەت" ببنەوە.

تێبینی مێژوویی: کاتێک حەسەن بەننا لە ساڵی ١٩٤٨ نامەی بۆ "کۆنگرەی ئەتڵەسی" دەنووسی، داوای دادپەروەری جیهانی دەکرد. بەڵام لە ساڵی ١٩٦٦ کاتێک سەید قوتب دەچووە بەردەم سێدارە، تەنیا باسی "حاکمیەتی خودا" و "بێبڕوایی دەسەڵات"ی دەکرد. ئەمە کورتکراوەی ئەو کزبوون و گۆڕانکارییە فیکرییەیە.

-

ئەم وێنە مێژوویيە بەناوبانگە دیدارێکی گرنگ دۆکیۆمێنت دەکات کە لە **٢٣ی ئەیلوولی ١٩٥٣** لە **نووسینگەی (Oval Office) لە کۆشکی سپی، لە سەردەمی سەرۆکایەتی دو ایت ئایزنهاوەردا بەڕێوەچوو.**

ئەمانە وردەکاریيەکانی دیدارەکە و پاشخانە مێژوویی و سیاسییەکەیەتی بەپێی بەڵگەنامە باوەڕپێکراوەکان:

١. بەشداربوو انی دیدارەکە

ئەم دیدارە تەنها تایبەت نەبوو بە کۆمەڵی ئیخوان موسلمین، بەڵکو بەشێک بوو لە "کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی زانایانی ئیسلامی" کە زانکۆی پرینستۆن بە پاڵپشتی دارایی ئیدارەی ئەمریکا میو انداری کردبوو.

- **لە لایەنی ئەمریکی: سەرۆک دو ایت ئایزنهاوەر.**
- **لە لایەنی شاندی ئیسلامی: نزیکەی ٣٠ کەسایەتی لە وڵاتە جیاوازەکانەوە بەشداربوون، دیارترینیان لە وێنەکەدا:**

- سەعید ڕەمەزان: زاوای حەسەن بەنای دامەزرێنەری کۆمەڵی ئیخوان، سکرتێری "کۆنگرەی گشتی ئیسلامی" و نوێنەری ئیخوان لە ئەورووپا (لە وێنەکەدا لە نزیک ئایزنهاوەر دەردەکەوێت).
- کەسایەتییەکانی دیکە لە پاکستان، ئیندۆنیزیا، یەمەن و موفتیی وڵاتە عەرەبییەکان.

٢. ناوەڕۆک و بڕیارەکان (ئامانجە ڕاگەیەندراو و شاراوەکان)

- بە ڕەسمی: دیدارەکە لەژێر دروشمی "ئاڵوگۆڕی کولتووری و ئایینی" و تاوتێکردنی ڕۆڵی بەها ڕۆحییەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی مارکسیزم و شیوعیەتدا بوو.
- لە ڕووی سیاسییەوە: بەپێی بەڵگەنامە نهێنییەکان کە دوا تر بڵاوکرانەوە، ئیدارەی ئەمریکا وای دەبینی کە ئیخوان موسلمین هێزێکی ڕێکخراون و دەکرێت بەکارهێنرێن بۆ تێکدانی هەژموونی سۆڤیەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕووبەڕووبوونەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بە ڕێبەرایەتی جەمال عەبدولناسر.

٣. هەڵوێستە مێژوویییەکان بەرامبەر ئەم دیدارە

- سۆڤیەت و سۆشیالیستەکان: ڕاگەیاندنەکانی سۆڤیەت و هێزە چەپە عەرەبییەکان ئەم دیدارەیان وەک "بەڵگەی بەکرێگیراوی" بۆ ئیستیعماری ڕۆژئاوا دەبینی. لای ئەوان، ئەمە هەوڵێکی ئەمریکا بوو بۆ دروستکردنی "سوپایەکی سیاسی" لەژێر پەردەی ئایینداا بۆ لێدانی بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکان.
- جەمال عەبدولناسر و ئەفسەرە ئازادەکان: دوای ساڵی ١٩٥٤ و پێکدادانی نێوان ناسیۆنالیستەکان و ئیخوان، ئەم وێنەیە وەک بەڵگەی "پیلانگێڕی ئیخوان لەگەڵ بێگانە" دژی شۆڕشی میسر بەکارهێنرا. ناسیۆنالیستەکان پێیان وابوو ئیخوان لە هاوبەشی شۆڕشەوە بوونەتە "دەستکەلای واشنتۆن".

- ئیسلامییەکان (ئیخوان موسلمین): * بەرگریکاران: دەڵێن سەعید ڕەمەزان وەک ئەکادیمیست و لەناو شاندێکی نێودەوڵەتیدا بەشداری کردووە نەک وەک ڕێککەوتنی سیاسی.
    - ڕەخنەگرانی ناوخۆیی: هەندێک پێیان وایە ئەمە سەرەتای لادانی ئیخوان بوو لە ڕێچکە شۆڕشگێڕییەکەی حەسەن بەنا بەرەو هاوپەیمانی لەگەڵ جەمسەری ئەمریکی-سعودی.

٤. ئەوەی میژوونووسە بیانییەکان دەڵێن

میژوونووسی ناودارئیان جۆنسۆن (Ian Johnson) لە کتێبی *"مزگەوتێک لە میونشن"* باس لەوە دەکات کە هەواڵگری ئەمریکا (CIA) لەوکاتەدا سەعید ڕەمەزانی وەک "کەسێکی کاریگەر" دەبینی بۆ دروستکردنی بلۆکێکی ئیسلامی دژی شیوعیەت.

کورتەی میژوویی:

وەک چۆن لە پرسیارەکەتدا ئاماژەت پێداوە، ئەم وێنەیە گووزارشت لە قۆناغی گۆڕانی ئیخوان دەکات؛ لە بزووتنەوەیەکی میللی و جەماوەری لە سەردەمی بەنا، بۆ بزووتنەوەیەکی "پراگماتیکی سیاسی" کە لەو سەردەمەدا لەگەڵ میحوەرە ناوچەییەکانی هاوپەیمانی ئەمریکا (وەک سعودیە) هاوتەریب بووەوە بۆ لێدانی نەیارە هاوبەشەکانیان (سۆشیالیست و ناسیۆنالیستەکان).

ئەمانە گرنگترین سەرچاوە و کتێبە (بیانی و عەرەبییەکانن) کە ئەم دیدارەیان دۆکیۆمێنت کردووە و لێکەوتە سیاسییەکانیان شیکردۆتەوە، کە چۆن کۆمەڵەکە لە "فیکری بەنا"وە گۆڕا بۆ "هاوپەیمانی نێودەوڵەتی":

١. سەرچاوە بیانییەکان (لێکۆڵینەوە میژووییەکان)

ئەم کتێبانە پشتیان بەو بەڵگەنامانە بەستووە کە لە ئەرشیفی نیشتمانی ئەمریکا و هەواڵگری بەریتانیاوە بڵاوکراونەتەوە:

- **کتێبی "مزگەوتێک لە میونشن" (A Mosque in Munich) نووسینی ئیان جۆنسۆن: ئەمە گرنگترین کتێبە کە وردەکارییەکانی دیدارەکەی ئاشکرا کردووە. جۆنسۆن باس لەوە دەکات چۆن هەواڵگری ئەمریکا (CIA) لە پەنجاکاندا دەستی کرد بە پەیوەندی کردن لەگەڵ سەعید ڕەمەزان بۆ دروستکردنی تۆڕێکی ئیسلامی لە ئەورووپا بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی یەکێتی سۆڤیەت. کتێبەکە ڕوونی دەکاتەوە چۆن "ئایین" وەک چەکێکی ئایدۆلۆژی لە کاتی جەنگی ساردا بەکارهێنرا.**

کتێبی **"مزگەوتێک لە میونشن" (A Mosque in Munich)** کە لەلایەن ڕۆژنامەنووسی لێکۆڵەر **ئیان جۆنسۆن**ەوە نووسراوە، یەکێکە لە گرنگترین ئەو سەرچاوانەی پەردە لەسەر پەیوەندییە نهێنییەکانی نێوان دەزگای هەواڵگری ئەمریکا (CIA) و سەعید ڕەمەزان (زاوای حەسەن بەنا) لادەبات.

لێرەدا کورتەی گرنگترین خاڵەکانی کتێبەکە دەربارەی **ڕۆڵی سەعید ڕەمەزان** دەخەینە ڕوو:

١. سەعید ڕەمەزان وەک "کەسایەتییەکی نموونەیی" بۆ ڕۆژئاوا

جۆنسۆن باس لەوە دەکات کە دوای جەنگی جیهانی دووەم، ئەمریکا بەدوای ڕێگەیەکدا دەگەڕا بۆ دزەکردنە ناو جیهانی ئیسلامی بۆ بەرەنگاربوونەوەی سۆڤیەت. ئەوان **سەعید ڕەمەزان**یان دۆزییەوە کە کەسایەتییەکی ڕۆشنبیر، زمانزان و کاریزماتیك بوو. بۆ ئەمریکییەکان، ئەو باشترین کەس بوو کە بتوانێت ئایین بەکاربهێنێت وەک "قەڵغانێک" دژی بیرۆکەی شیوعیەت.

٢. دامەزراندنی ناوەندی ئیسلامی لە میونشن

کتێبەکە ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن سەعید ڕەمەزان بە پاڵپشتییەکی ناڕاستەوخۆی ڕۆژئاوا توانی کۆنترۆڵی پڕۆژەی دروستکردنی مزگەوتێک لە شاری میونشنی ئەڵمانیا بکات. ئەم مزگەوتە تەنها شوێنی نوێژکردن نەبوو، بەڵکو بوو بە:

- **بنکەی سەرەکی:** بۆ بەڕێوەبردنی چالاکییە سیاسییەکانی ئیخوان لە ئەورووپا.
- **ناوەندی جەنگی دەروونی:** بۆ ئاراستەکردنی نامە و بانگەشە دژی یەکێتی سۆڤیەت.

٣. پەیوەندی لەگەڵ دەزگای هەواڵگری ئەمریکا (CIA)

جۆنسۆن بەڵگەی ئەوە دەخاتە ڕوو کە سەعید ڕەمەزان لە گەشتەکانیدا بۆ ئەمریکا و ئەورووپا، لەژێر چاودێری و هاوکاریی دەزگا هەواڵگرییەکاندا بووە. ئیدارەی ئەمریکا وای دەبینی کە ڕەمەزان دەتوانێت لایەنگریی موسڵمانانی ناو یەکێتی سۆڤیەت (لە ئاسیای ناوەڕاست) بەدەستبهێنێت و هانیان بدات بۆ یاخیبوون دژی مۆسکۆ.

٤. گۆڕانکاری لە ئایدۆلۆژیای ئیخواندا

کتێبەکە ئاماژە بەوە دەدات کە لەم قۆناغەدا، سەعید ڕەمەزان بوو بە ئەندازیاری گۆڕینی ئاراستەی ئیخوان:

- لە **دژایەتیکردنی ڕۆژئاوا** (وەک ئەوەی لای بەنا هەبوو) بۆ **هاوپەیمانی لەگەڵ ڕۆژئاوا** دژی شیوعیەت.
- ئەمە وایکرد ئیخوان ببێتە بەشێک لە "نەخشەی جەنگی سارد"ی ئەمریکا.

٥. پارادۆکسی (دژبەیەک هاتنەوەی) بەرژەوەندییەکان

جۆنسۆن لە کۆتایی کتێبەکەیدا گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە ئەم هاوپەیمانییە بۆ ئەمریکا "سەرکەوتوویەکی کورتخایەن" بەڵام "شکستێکی درێژخایەن" بوو. چونکە ئەو تۆرە نێودەوڵەتییەی سەعید ڕەمەزان بە هاوکاری ڕۆژئاوا لە ئەورووپا دروستی کرد، دواتر بوو بە زەمینەیەک بۆ گەشەکردنی تۆندڕەوی کە لە کۆتاییدا ڕووی چەکەکەی وەرگێڕایەوە بۆ سەر خودی ڕۆژئاوا.

کۆتایی:

سەعید ڕەمەزان لەو وێنەیە، تەنها میوانێکی ئاسایی نەبووە، بەڵکو وەک "پردێکی پەیوەندی" وابوو کە ئیخوانی لە ڕێکخراوێکی ناوخۆیی میسرییەوە گۆڕی بۆ ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی کە لە ناو جەرگەی ململانێی زلهێزەکاندا یاری دەکرد.

- **کتێبی "خەوتن لەگەڵ شەیتان" (Sleeping with the Devil) نووسینی ڕۆبێرت بایر: بایر ئەفسەرێکی پێشووی (CIA) بووە، لە کتێبەکەیدا باس لە هاوپەیمانی سێقۆڵی (ئەمریکی-سعوودی-ئیخوانی) دەکات لە پەنجاکان و شەستەکاندا، وچۆن کۆمەڵەکە ئاراستە کران بۆ لێدانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی (ناسیریزم) کە مەیلی بۆ سۆڤیەت هەبوو.**
- **کتێبی "یاری شەیتان" (Devil's Game) نووسینی ڕۆبێرت درایفوس: شیکارییەکی قوڵ پێشکەش دەکات دەربارەی ئەوەی چۆن وێلایەتە یەکگرتووەکان یارمەتی سەرکەوتنی "ئیسلامی سیاسی" دا لە سەردەمی ئایزنهاوەرەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بزووتنەوە چەپەکان، وچیرۆکی دیداری کۆشکی سپی وەک سەرەتایەکی ڕەسمی بۆ ئەم هاوکارییە باس دەکات.**

٢. سەرچاوە عەرەبییەکان (شایەتحاڵەکان)

- **بیرەوەرییەکانی ئەفسەرە ئازادەکان: لە بیرەوەرییەکانی کەسانی وەک خالید محێدین و تەنانەت ئاماژەکانی جەمال عەبدولناسردا، باس لەوە دەکرێت کە ئیخوانەکان هەرکە کێشەیان لەگەڵ شۆڕشدا بۆ دروست بوو، دەستیان کرد بە هەماهەنگی لەگەڵ باڵیۆزخانەی ئەمریکا و بەریتانیا. ناسر ئەمەی وەک "خیانەت" لە میراتی بەنا دەبینی کە جەختی لەسەر دەرکردنی داگیرکەری بەریتانی دەکردەوە.**

پیلانی تیرۆرکردنی حەسەن بەننا لە سعودیە (پیلانە گۆڕدراوەکە)

دوای ئەوەی مەلیک فاروق بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵی ئیخوانی دا لە ساڵی ١٩٤٨ و زۆربەی سەرکردەکانی گرت، حەسەن بەننا لە گۆشەگیرییەکی تونددا مایەوە.

- **پاسپۆرتە سنووردارەکە:** حکومەتی میسر ڕێگەی بە بەننا نەدەدا بۆ هیچ شوێنێک گەشت بکات، تەنها بۆ **سعودیە** نەبێت بە مەبەستی حەج یان عەمرە. ئەمە تەڵەیەک بوو؛ زلهێزەکان (بەتایبەت بەریتانیا) و حکومەتی مەلیک فاروق لەگەڵ لایەنی سعودی ڕێککەوتبوون کە بەننا لەناو خاکی سعودیە تیرۆر بکرێت تا تێوەگلانی ڕاستەوخۆی کۆشکی شاهانەی میسر بشاردرێتەوە.
- **پاشەکشەی سعودیە:** لە دواساتەکاندا، مەلیک عەبدولعەزیز (یان دەوروبەرەکەی) ترسان لەوەی تیرۆرکردنی کەسایەتییەکی وەک بەننا لە خاکی پیرۆز و لە کاتی عەمرەدا، ناوبانگی دەوڵەتی نوێی سعودیە لەکەدار بکات و تووشی کێشەی گەورەیان بکات لەگەڵ جیهانی ئیسلامی. بۆیە پاشەکشەیان کرد لە جێبەجێکردنی تیرۆرەکە لەوێ.

٢. تیرۆرکردن لەژێر پەردەی "ناوەندگیری سعودیە"

دوای گەڕانەوەی بەننا لە عەمرە، پیلانەکە گۆڕدرا بۆ "تەڵەی ناوەندگیری".

- **کۆمەڵەی گەنجانی موسڵمان:** لە ١٢ی شوباتی ١٩٤٩، حەسەن بەننا بانگهێشت کرا بۆ بارەگای "کۆمەڵەی گەنجانی موسڵمان" لە قاهیرە کەڕێکخراوێکی سەربەسعودیە بوو (کە ئەو کاتە لایەنی سعودی و حکومەتی میسر وەک شوێنێکی بێلایەن بۆ گفتوگۆ بەکاریان دەهێنا).
- **تەڵەکە:** بەننا بەو ئومێدەوە چوو کە لەوێ چاوی بە نوێنەری حکومەت بکەوێت بۆ ڕێککەوتن و ئازادکردنی زیندانییەکان. بەڵام هیچ بەرپرسێک نەهات. کاتێک بەننا لە بارەگاکە هاتە دەرەوە و چاوەڕێی تاکسی دەکرد، لەبەردەم هەمان ئەو ڕێکخراوەی کە بڕیار بوو شوێنی ئاشتی بێت، تیرۆر کرا. ئەمە سەلماندی کە "ناوەندگیرییەکە" تەنها بۆ کێشکردنی ئەو بوو بۆ شوێنێکی دیاریکراو دەرەوەی ماڵەکەی خۆی.

٣. دۆسیەی یەمەن و هەوڵە شۆڕشگێڕییەکەی بەننا

ئەمە ئەو خاڵەیە کە وایکرد زلهێزەکان و سعودیە بڕیاری کۆتایی لەسەر نەمانی بەننا بدەن:

- **شۆڕشی دەستووریی ١٩٤٨:** حەسەن بەننا زۆر سەرسام بوو بە یەمەن و وەک شوێنێکی گونجاو بۆ تاقیکردنەوەی "دەوڵەتی ئیسلامی دەستووری" دەیبینی. ئیخوانەکان پاڵپشتیی شۆڕشێکیان کرد لە دژی "ئیمام یەحیا حەمیدەدین" (کە حاکمێکی دیکتاتۆر و دواکەوتوو بوو).
- **کوشتنی ئیمام یەحیا:** کاتێک ئیمام یەحیا کوژرا، سعودیە و بەریتانیا تووشی شۆک بوون. سعودیە دەترسا ئەم "شۆڕشە ئیخوانییە" بگاتە ناو خاکی ئەوانیش و تەختی پاشایەتی بلەرزێنێت.
- **ویستی بەننا بۆ چوونە یەمەن:** حەسەن بەننا دەیویست خۆی بچێتە یەمەن بۆ ڕێکخستنی دەوڵەتە نوێیەکە، بەڵام ڕێگری لێکرا. شکستی ئەم شۆڕشە و دەستوەردانی توندی سعودیە بۆ گەڕانەوەی کوڕی ئیمام یەحیا (ئیمام ئەحمەد)، وایکرد حەسەن بەننا وەک "مەترسییەکی سیاسی گەورە" لەسەر پاشایەتییەکانی ناوچەکە و بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا سەیر بکرێت.

٤. گۆڕانکارییەکە: لە "بەننا"وە بۆ "هوزەیبی و ڕەمەزان"

وەک لە وێنەکەدا دەردەکەوێت، دوای کوشتنی بەننا، جڵەوی کۆمەڵەکە کەوتە دەست کەسانێک (وەک حەسەن هوزەیبی و سەعید ڕەمەزان) کە ئامادەبوون:

1. دەستبەرداری فیکری "گۆڕینی ڕژێمە پاشایەتییەکان" بین (کە بەننا لە یەمەن کردی).
2. ببنە هاوپەیمانی سعودیە و ئەمریکا بۆ لێدانی نەیارە نوێیەکە (جەمال عەبدولناسر و شیوعیەت).
3. ئەمەش ئەو "وەرچەرخانە" بوو کە ئیخوانی لە بزووتنەوەیەکی دژە ئیستیعمار و دژە پاشایەتی، گۆڕی بۆ ئامرازێک لە جەنگی ساردا.

ئەم زانیارییانە چوارچێوەی ئەو ڕاستییە تەواو دەکەن کە تۆ باسی دەکەیت؛ حەسەن بەننا قوربانیی پڕۆژە شۆڕشگێڕییەکەی خۆی بوو، و ئەوانەشی لە وێنەکەدا لەگەڵ نایزنهاوەر دەرکەوتوون، میراتگرانی ئەو "ڕێککەوتنە نوێیە" بوون کە لەسەر خوێنی دامەزرێنەرەکەیان بونیاد نرا.

•

٣. چی گۆڕا لە نێوان "بەنا" و "هوزەیبی و سەعید ڕەمەزان"دا؟

ئەم سەرچاوانە جەخت دەکەنەوە کە ئەوگۆڕانکارییەی تۆ ئاماژەت پێدا بەهۆی ئەم هۆکارانەوە بوو:

1. **ڕاکردن لە دەستی ناسر: دوای شالاوەکانی دەستگیرکردن لە میسر(١٩٥٤)، سەرکردەکانی ئیخوان پەنایان برد بۆ سعوودیە و ئەوروپا، لەوێ بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ "بەرەی ڕۆژئاوا" یەکی گرتەوە کە دەیویست کۆتایی بە ناسیریزم و سۆشیالیزم بهێنێت.**
2. **پاڵپشتی دارایی: قورسایی دارایی کۆمەڵەکە لە "ئەندامە هەژارەکان"ی ناو میسرەوە گۆڕا بۆ "پاڵپشتی گەورە"ی دەوڵەتە نەوتییەکان کە هاوپەیمانی ئەمریکا بوون.**
3. **گۆڕینی دوژمن: لە سەردەمی بەنادا، دوژمن (ئیستیعماری بەریتانی و سەهیۆنیزم) بوو. بەڵام لە سەردەمی جێگرەوەکانیدا، دوژمنی یەکەم بوو بە (شیوعیەت و بێدینی)، ئەمەش وای لێکردن ببنە "هاوپەیمانی سروشتی" بۆ ئەمریکا لەو سەردەمەدا.**

کۆتایی:

ئەم وێنەیە تەنها دیدارێکی ئاسایی نییە، بەڵکو "بەڵگەنامەی لەدایکبوونی" سیاستێکی نێودەوڵەتییە کە چەندین دەیەی خایاند، تێیدا "شۆڕشگێڕی ئیسلامی" گۆڕدرا بۆ "وەزیفەی سیاسی" بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندی زلهێزەکان لە ململانێی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا.

تاريخ الاخوان المسلمين

نوسینی :عبدالحكيم عابدين

-

وێستگەی هەشتەم:

پەیوەندی بەنناوکۆمەڵەکەی

لەگەڵ ئەفسەرانی ئازاد وجمال عبدالناسر

A.:

لەم بەشەدا یاداشتی چەند ئەفسەرێک لە ئەفسەرەکانی ئەندام لە بزوتنەوەی ئەفسەرانی ئازاد دەکەمە کوردی ،تالە جیاوازی وپێکچوونی گێڕانەوەکان زۆربەی نهێنیەکان ئاشکرابن، چونکە ئەم وێستگە نهێنیترین وئاڵۆزترین گۆشەی ژیانی حەسەن بەناوکۆمەڵەی ئیخوانە .

ئەفسەری شەشەمی بزوتنەوەی ئەفسەرانی ئازاد لەدوای عبدالمنعم وجمال عبدالناسر حسێن کە کەسی یەکەم ودووەمی بزوتنەوەی ئەفسەرانی ئازاد بوون کەلەساڵی ١٩٤٢وەوە لەگەڵ ساغ عبدالبیب دا یەکتریان دیوە ئەم دوو انە وپاشان بە حسێن حەمودەشیان گوتووە.

حەمودە لەساڵی ١٩٨٤دا بەم شێوە یاداشتەکانی نوسیوەتەوە:

نەێنیەکانی بزوتنەوەی ئەفسەرانی ئازادوئیخوان المسلمون:

بە پێنوسی/ حسین محمد احمد حمودة ... یەکێک لە ئەندامانی ئەفسەرانی ئازاد:

یاداشتەکانی:

قاهرة لە 1/ 11/ 1984

حسین حمودة

-دەرچوی کۆلێژی حەربی مەلەکیم لە

بەرواری 7- 9- 1940دا لە کەتیبەی ٨بەپلەی ملازم دوو لە پیادە بووم ،جەنگی دووەمی جیهانی بوو،ئینگلیزەکان پاسەوانی پرۆژەگرنگەکانی میسریان بە سوپای میسرسپاردبوولەدژی هێرشە ئاسمانیەکانی ئیتالیەکان وئەڵمانیەکان،سوپای میسرئەم ئەرکەی بەجوانی بەجێ گەیاند.

منیش لەم ئەرکە لەناوسوپای میسربەشداربووم لە. 15- 12- 1940داڵەگەڵ کەتیبەی هەشتی پیادە چومە ئەسوان بۆپاراستنی خەزانی ئەسوان لە ئاسمان ووشکانی.

وەلە 12/ 4/ 1941 داگوازرمەوە قاهیرە،لە 4 فبرایرساڵی 1942 سوپای ئینگلیزبەتانک گەمارۆی ماڵی مەلیک فاروقیاندا لە کۆشکی عابدین تاناچاریان کردکە مصطفی النحاس کە سەرۆکی حزبی وفدبوو بکاتە سەرۆک وەزیران،ئەوڕۆژەهەستم بەسوکایەتی وسەرشۆڕی کردو زانیم کە گەل وپاشایەک کە وڵاتیان داگیرکراوبێ هیچ ڕێزێکیان نیە ودڵم پڕبوو لەڕق وقین لە ئینگلیزەکان.

بەهۆی بەزینی بەریتانیالەبەردەم ئەڵمانیەکان بەریتانیەکان ویستیان نەحاس بەسەر میسریەکان دا بسەپێنن وگەلی میسری پێ دابمرکێنننەوە.

فاروق بەسەپاندنی نەحاس لەلایەن ئینگلیزەوە بەسەرمیسریەکاندا ڕازی بوو تاکوتەختەکەی لەدەست نەچێ .

من لەکاتی ڕوداوی 4 فبرایر1942 نەخۆش بووم لە نەخۆشخانەی سەربازی ،لەتەنیشتم ئەفسەرێک وچوارسەربازپاسەوانیان لە فەریق ئەرکانی جەنگ عەزیزعەلی میسری پاشا سەرۆکی دەزگای ئەرکانی جەنگی پێشووی میسری لەوێ خەوتبوو.

سوپاسالاری میسر هەوڵی ڕاکردنی دابووبەفڕۆکەیەکی سەربازی لە 16- 5-1941لەگەڵ دوو ئەفسەرداکە حسين ذو الفقار صبري وعبد المنعم عبد الرؤوف بوون.

بەڵام فڕۆکەکە لەنزیک قەلیوب کەتبۆخواروماوەیەک خۆیان شاردبۆوەوله 6- 6-1941 گیرابوون،بەڵام عزیزمیسری لەبەرنەخۆشی هێنرابۆنەخۆش خانە ، من لە 4 فبرایر 1942 شەش کاتژمێردانیشتم و چەندین زانیاری بەسودی پێدام وباسی ستەمی ئینگلیزو بنەماڵەی محمدعلی بۆکردم وەهەڵی نام لەسەرشارەزابوون لە زانست وقورئان وفەرمودەوجیهادکردن.

-لە 27- 6- 1943 گوازرامەوە بۆکەتیبەی بەنادق سێ یەمی پیادەو هەلی کاری نهێنی سیاسیم لەوێ دەستی پێکرد.

هەفتانە لەگەڵ یۆزباشی عبد المنعم عبد الرؤوف هەفتانە بەنهێنی لەگەڵ فريق أركانی جەنگ عزيزعلي المصري باشا لەماڵەکەی خۆی لە عین شمس کۆدەبوینەوە.

وە ئەوە شەرەفێکی گەورەبوو کە من بومە شاگردوخوێندکاری ئەو سەرکردە مەزنە.

پێناسەی عەزیزعلی میسری:١٨٧٩-١٩٦٥

ئەم پیاوە دوای تەواوکردنی ئامادەیی دووساڵی لە کۆلێژی حقوق خوێنووە،بەڵام ئەوشەیدای بەشی سەربازی بووەولەمیسرتەنیا دەرچو انی سەرەتایی لە خوێندنی سەربازی وەردەگیران، بۆیە ناوبراو قاهیرە جێدێڵێ ودەچێتە ئەستەمبوڵ لەگەڵ جەعفروالی پاشا وەزیری جەنگی عیراق ومەلیک فەیسەڵ ونوری سەعید خوێندنی بەپلەی نایاب تەواوکرد،پاشان سوڵتان عبدالحمید ناردی بۆفەڕەنسا لەوێش بەسەرکەوتویی گەڕایەوە ،چوە کۆلێژی ئەرکانی جەنگ ولەوێش مستەفاکمال ئەتاورک وئەنوەرپاشای پاڵەو انی ئیتحادوتەرەقی وزاوای سوڵاتان محمد ڕەشادی لەگەڵ بووون، لەوێش عزیزمسری سەرکەتوبوو،بۆیە نێردرابۆ کۆلێژی ئەرکانی جەنگ لە ئەڵمانیا وبڕو انامەی ئەرکانی جەنگی ئەڵمانیشی هێنایەوە.

پاش گەڕانەوەی سەرکردایتی هێزی دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینی بۆسنەوهەرسک و بولغاریاوناوچەی بەڵقانی پێ سپێررا ،لەوەش دا سەرکەوتووبوو، عزیزمیسری ئەندامی دوو ڕێکخراوی نهێنی بوو،ئەو انیش کۆمەڵەی تورکیای لاوکە بە ئیتحادوترقی ناسراوەوئەنوەرپاشاسەرۆکی بوو،ئەم کۆمەڵە لەساڵی 1908 دا سوڵتان عبدالحمیدیان لەتەخت هێنایە خوارەوە .

بکباشي عزيزعلي المصري سەرکردەی ئەوهێزە بوو کە گەمارۆی کۆشکی یلدزی دا کە بارەگای سوڵتان عبد الحميد.بوو.

عزيز المصري سوڵتانی ناچارکرد کە وازلەتەخت بێنێ بۆ محمد ڕەشادی برای، بەڵام دوای سەرکەوتنی تورکیای لاوسیاسەتی بەتورک کردنی وڵاتی عوسمانی وسوکایەتی بەنەتەوە کانی تردەستی پێ کرد، بۆیە عزيزعلي المصري کۆمەڵەی پەیمانی عەرەبی دامەزراند کە جعفروالی ونوری سەعیدیش لەهەمان کۆمەڵە ئەندام بوون.

وەلەساڵی 1911 داعزيزعلي المصري بەسەرکردایەتی هێزێکی عوسمانی نێردرابۆ لیبیا بۆ جەنگ لەگەڵ ئیتالیەکان ، ناوبراوجەنگی لەگەڵ ئیتالیەکان کردو پشتی بزوتنەوەی سەنوسی گرت، و مەشقی سەربازی بە سەنوسیەکان کردکەلە ١٩١١-١٩٣١ سەنوسیەکان بەسەرکردایەتی عومەرموختارجەنگیان لەدژی ئیتالیەکان بەرپاکرد.

لەساڵی 1912 تورکیا هێزەکەی لیبیای کێشایەوە وناوبراوگەڕێنرایەوە تورکیا، لەوێ ئیتحادیەکان کەزانیان ناوبراو دامەزرێنەری کۆمەڵی پەیمانی عەرەبیە گرتیان وو حوکمی ئیعدامیان بەسەردا سەپاند، بەڵام لە میسر جەماوەرڕژ ایەسەرشەقام و خدێوی میسر عباس حلمی داوای کرد ناوبراودەست بەجێ ئازادبکرێ، تورکیا بەم فشارانە بەریداوله 1913 عەزیزی میسرگەڕایەوە میسر..

لەساڵی ١٩١٥کە ئینگلیزهەوڵی دەدا عەرەبەکان دژی عوسمانیەکان بجوڵێنێ بۆیە عزيز میسریان ناردبۆیەمەن بۆلای ئیمام یەحیا ی پاشای یەمەن تالەشۆڕش دژی عوسمانیەکان بەشداربێ، بەڵام عەزیزمیسری خۆی باوەڕی بە ئینگلیزەکان نەبوو بۆیە ئیمام یەحیای لە بەشداری پەشیمان کردەوەونەی هێشت بەشداربێ.

کاتێ عزيز المصري گەڕایەوە میسرئینگلیزەکان زانیان دژی نەخشەکەیانە ناوبراویان دوورخستەوە بۆئەڵمانیا، تا کۆتایی شەڕی یەکەم وهەڵگیرسانی شۆڕشی میسرله 1919 عەزیزلە ئەڵمانیابوو کە گەڕایەوەومیسرله 1922 سەربەخۆیی وەرگرت.

مەلیک فوئاد سەربەرشتی شازادەی جێنشین ی کوڕی کە فاروق بوو لە بەریتانیا بە عەزیز میسری سپارد، کە فاروق بوە پاشای میسرله 1936 وکاروباری وڵات شێواوکۆمەڵەی لاو انی میسرخۆپیشاندانی کرد ،فاروق ناوبراوی کردە سوپاسالاری میسرله 1938 ،ئەم

خۆپیشاندانانە ئیخوان و میسری لاوی لە پشت بوون ،دیاربوویەکێک لەداواکاریەکانیان دانانی میسری بوو بە سەرۆک ئەرکانی میسر ،هەربۆیە

محمد محمود باشا سەرۆک وەزیرانی میسرئەم داخوازیەی بۆ جێبەجێکردن.

ناوبراولە کابینەکەی عەلی ماهریش هەرسەرۆک ئەرکانی میسربوو.لەوماوەدا جەماوەرێکی زۆری لەناوسوپاداپەیداکردوسوپای میسری بوژ اندەوە، بەڵام ئەو دەیەویست سوپای میسربەچەکی فەرەنسی چەکداربکاتەمەش بەریتانیەکانی تورەکرد وسەرۆک وەزیرانیان ناچارکرد کە مۆڵەتی بەزۆری بداتە میسری ،لەوکاتەش لەساڵی ١٩٤١شۆڕشی ڕەشیدعالی گەیلانی بوولەعیراق دژی ئینگلیزسەرانی ئەم شۆڕشەش لە کۆمەڵەی پەیمانی عەرەبی بوون بۆیە ناوبراو ویستی لەگەڵ دوو ئەفسەرویستی ڕاکابۆعیراق وبەڵام ئەوەبوو فرۆکەکە کەوتە خوارو ناوبراودیل کراو لەخەستەخانە یەکترمان دی ودو اتربووە مامۆستام.

لێرە حمودە هەرئەوەندە ژیانی مامۆستاکەی باس کردوە، بەڵام ئەم پیاوە لە یاداشتەکانی سوڵتان عبدالحمید وەک سەرکردەی سوپای سلانیکی سەربە مەحفەلی ماسۆن بوون بە قسەی سوڵتان، وە ئەم پیاوە شەرکەسی بووقەفقاسی وە، بوولە بنەماڵەی چەلەبی، بنەماڵەکەیان ماوەیەک لە عیراق عیراق بوون ،پاشان هاتوونە میسر،

لەساڵی١٩٠٤کۆلێژی سەربازی ئەستەمبوڵی تەواوکردوە،دووجارحوکمی لەسێدارەدانی لەلایەن عوسمانیە ئیتحادەکانەوە بۆدەرچوە کە سوڵتان عبدالحمیدی بۆ لاداون، لە ١٩١٤-١٩١٦دا.

لەسەردەمی شۆڕشی شەریف حسێن بەسوپاسالاری دەوڵەتی گەورەی عەرەب دانرابوو بەڵام دوای شەش مانگ لادرا،چونکە دژی بەریتانی وفەرەنسیەکان بوو.

لەببەشەکانی پێشوو باسمان کرد کەهەوڵی دا هەردوو کۆمەڵەی میسری لاوو ئیخوان بکاتە یەک ،ئەم پیاوەوکۆمەڵەکەی دەستیان لەزۆرلەو چالاکیە سەربازی وتەقاندنەوەوتیرۆرکردنانەی ئەوسەردەمە هەبووە کەبەهۆی نزیکی ئەم پیاوە لە ئیخوان هەموو بەکاری ئیخوان هەژمارکراون،ڕۆڵی بەرچاوی لەشەڕی فەلەستینی ١٩٤٨ هەبووە، وە کاتێ بەنناشەهیدبووە لەساڵی ١٩٤٩ئەم پیاوە گیرابوو لە زیندانابوو.

لەساڵی 1953 عبدالناسرعزیزمیسری کردە باڵوێزی میسرلە مۆسکۆی سۆڤێتی وبەباوکی ڕوحی خۆی دەزانی.

لەساڵی ١٩٥٦لەکاتی هێرشی سێ قۆڵی بۆسەرمیسر عزیز میسری سەرۆکی هێزەکانی ناوچەنی کەناڵی سوێس بوو.

لەناو ماڵەکەی خۆی لە قاهیرە لە15 یونیو 1965

کۆچی دوایی کرد،عبدالناسر شەقامێکی لەقاهیرە بەناوەوە کرد..

حموده دەڵێ که له 28- 6- 1943 چومه ئەوکەتیبه و پاشان یوزباشي عبد المنعم عبد الرؤوفیش دوای بەربوونی هاتەلام ولەوماوە سەردانی عزیز المصریمان دەکرد.

پاشان له کۆتایی ساڵی 1943 یوزباشي عبد المنعم عبد الرؤوف بانگهێشتی کردم بۆ ماڵی خۆیان له سەیده زەینەب له ڕۆژی جومعەو باسی داگیرکاری وستەمی بەریتانیاوحاڵی ڕمەینەتی گەلی بۆ کردم ،بەم شێوە ڕێنمایی کردم بۆ لای پیوێکی مەزن ولێهاتوو ئەویش الصاغ محمود لبیب بوو،که بریکاری کۆمەڵی ئیخوان المسلمین بوو، لبیب کۆمەڵەی ئیخوان و ئامانجەکانی کۆمەڵەکەی پێ ناساندم و باسی گەورەیی جیهادی بۆکردم وەباسی ڕووبەڕووبوونەوەی هەمەلایەنەی دژبە دوژمنانی ئیسلام کردم که لەهەموو لایەک گەمارۆی ئوممەتی ئیسلامیان داوە.

ساغ=ڕائد=سەرهەنگ محمودلبیب ئەفسەرێکی سوپای میسری بووە،لەساڵی ١٩١٤ کاتێ ئینگلیزەکان خدێوی سەربەعوسمانیان گۆڕیوەوخدێوی خۆیان داناوە،لەگەڵ ساڵح حرب بڕیاریان داوەدژی بەریتانیەکان بوەستنەوە،میسرهەرچەندەلە١٨٢٢لەلایەن بەریتانیەکانەوە داگیرکرابوو بەڵام بەشێوەی فەرمی هەرسەربەعوسمانیەکان بوو.

لبیب وحرب خۆیان بە ژێردەریایەکی ئەڵمانی گەیاندە لیبیاو یارمەتی سەنوسیەکانیان دەدادژی ئیتالیا، ئەوکاتە عوسمانی وئەڵمان لەجەنگی یەکەم هاوپەیمان بوون، لەبیب بەوهێزە تورکیەی لە لیباوە هێرشێکیان هێنایە سەرمیسر لەساڵی1915.بەڵام هێرشەکە شکستی هێناوێیە بەژێردەریایەکی ئەڵمانی لەبیب چوە ئەستەمبوڵ، تاسەرکەوتنی ئەتاتورک لە ساڵی١٩٢٤لەوێ بوو،پاشان چوە ئەڵمانیاوکە لێبوردنی گشتی ساڵی 1924 گەڕایەوە میسر، لەناو سوپای میسر چەندین پۆستی وەرگرتوە،تا ئەو ڕۆژەی حەسەن بەننای دیوەوخۆی پێ ناساندوەو بۆتە بریکاروجێ متمانەی ئەو.

حمود ژیانی لەبیبیشی بەتەواوی نەنوسیوە،

محمود لبيب (1882م - 1951م) لەهێماکانی ئخوان وسەرکردەی خۆبەخشانی ئیخوان بووە لە فەلەستین، وەدامەزرێنەری ڕێکخراوی ئەفسەرانی ئازادە کە درێژەپێدەری کۆمەڵەی ئیخوان دادەنرێ،، لە ساڵی 1882 لەقاهیرە لەدایک بووە لەساڵی 1947 بۆتە وەکیلی دووەمی ئیخوان بۆکاروباری سەربازی.لەساڵی

1906بۆتە مەلازم ، جەمال عبدالناسر لەارەیەوە دەڵێ:چیرۆکی شۆڕش لە لانکەوەبۆ گۆڕ لەگەڵ حلمي سلام " ساغ محمود لبيب ی ڕەحمەتی کۆی دەکردینەوەوڕێکی دەخستین.

لە ڕۆژی سێ شەممە 18 / 12 / 1951 دا کە کۆبونەوەیەکی گەورەی ئیخوان بوو لەجیاتی کۆبونەوە عبد الحكيم عابدين لە جیاتی گوتاری سێ شەممە هەواڵی مردنی لبیبی باس کرد.

بەڵام ئەم پێز انینانە هەڵەیەکیان تێداهەیە، ئەگەرئیتالیاوئەڵمانیاوعوسمانی هاوپەیمان بووبن محمود لبيب وعزيز مسری چۆن سنوسی وعومرمختاریان مەشق پێ کردوون، ؟؟وەعوسمانی ئەوکاتە دژی ئینگلیزبوون بۆیە لەبیب و عەزیزوسەنوسیەکان هێرشیان کردۆتە سەرمیسری بەریتانیەکان پاشان هەڵاتون بۆ تورکیاو ئەڵمانیا.لەوێشەوە هاتوونەوە میسرو لەگەڵ عبدالناسرو بەننا پرۆژەی ڕاماڵینی ئینگلیزو فەڕەنسایان تەواوکردووە.

هەروەها ساڵی ١٩٥١ ئیخوان وگوتارەکانی قەدەغەکرابوون لەلایەن فاروق ئایا محمود لبيب وعابدين لە کوێ گوتاری سێ شەمەیان هەبوو؟.

حمود لە یادگارەکانی بەردەوامەو دەڵێ:

پاشان ئێمە بەدیداری حەسەن بەنناشادبووین،

حمود باسی ئەوبنەماوڕێسا ئیسلامیانە دەکا کەلە بەناوە ێری بووە، کە ئیسلامێکی جیهانی سنورنەناسی هەمیشەیی وڕێسایەکی عەرەبی یە وئیسلام وعەرەبی لێک دانابڕێن وئیسلام وجیهانی بوونیش هەروا.

حەمود دەڵێ تا ساڵی 1944 ژمارەمان لە ناوڕێکخراوی ئەفسەرانی ئازاد بووە حەوت ، کە بەم ڕیزبەندیە لە کۆنترەوە وە نوسراون.

1- يوزباشي عبد المنعم عبد الرؤوف.

2- يوزباشي جمال عبد الناصر حسين (سەرۆک کۆماری میسرلە١٩٥٢-١٩٧٠).

3- ملازمی یەکەم کمال الدین حسین (ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش 23 یولیو 52).

4- الملازم یەکەم سعد حسن توفیق (مردوەلە 1992).

5- ملازم یەکەم خالد محي الدين (ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش23 یولیو 52).

6- ملازم یەکەم حسین حمودة (خاوەنی یاداشت).

7- ملازم یەکەم صلاح الدين خليفة .

هەموو هەفتەیەک لەگەڵ محمودلبیب کۆدەبوینەوە لەماڵی عبد المنعم عبد الرؤوف لە سیدة زینب یان لە ماڵی جمال عبد الناصرلە چوارڕیانی أحمد سعید شەقامی رمسیس ،،هتد..

دانیشتنەکانمان بەدرێژایی چوارساڵ تا١٩٤٨نەپچڕاوە تا بەڕابوونی جەنگی فەلەستین،

لەوماوە چەندنین خانەی حەوت کەسی ترپێک هاتن کە تەنیاکەسێک کەهەموو ئەندامانی هەموو خانەکانی دەبینین محمودلبیب بوو کە وەک باوکی هەموومان بوو.

خۆپێشاندانە جەماوەریەکان لە ترۆپکەدابوون بۆیەکێتی میسروسودان ودەرچونی داگیرکەروفەلەستین و،،هتد..

ئێمە ئەم حەوتەمان مەشقمان بەهەموو گەنج وخۆبەخش و لاوان دەکرد لەسەر بەکارهێنانی جۆرەها چەک .

لەساڵی ١٩٤٦ دا ئەم حەوت کەسە چونەلای عبدالرحمن سندی ولەسەر قورئان و دەمانچە سوێندی دان لەسەر خۆفیداکردن لە پێناو بڵندکردنی کەلیمەی الله.

بەیعەت دەرەکان بە ڕێزبەندی کۆنترین کەس بە بزوتنەکەوە هەروەک سەرەوبوو کە باسکرا.

کوڕاسەی جەنگی پارتیزانی من وکمال الدین وخالد محی الدین وەرمان گێڕایە سەرعەرەبی ودامانە عبدالناسروولە چاپخانەی کولێژی جەنگ چاپی کردکەلەوێ
مامۆستابوو.پاشان هەموو نوسخە چاپکراوەکامان دایە عبدالرحمن سندی.

کۆمەڵێک لە لاوان بە سەرکردایەتی محمد أنور السادات تو انیان أمین عثمان لە ینایر 1946 دا تیرۆربکەن کە ناوبراو بەکرێگیراوێکی سەرسەختی بەریتانیابوو.

بەدرێژ ایی ئەودووساڵە تا ١٩٤٨ چالاکیەکان لەقاهیرە بەردەوام بوون، لەوساڵە زۆرلەوئەفسەرانە چونە فەلەستین بۆ فێرکردنی گەنجەکان ومەشق پێکردنیان ،حمودە لەوماوەدەڵێ کە هەندێ لە مارکسیەکان لەوماوە کاریگەریان لەسەرخالد محی الدین دروست کردبوو کەلە بنەماڵەیەکی سۆڤی بوو کە سۆفیەکانیش زۆرجا خور افەو ئەفسانە تێکەڵ بە دین دەکەن.

حەمودە زۆربەدرێژی باسی هەموو چالاکی هێرش و گەمارۆدان ووشەهیدبوون وبریندار بوون وبارودۆخی خەڵکی فەلەستین وسوپاو جولەکە دەکا.

باسی بەرەی ڤالوجا دەکا کە عبدالناسرلەو بەرەبووەو هێزەکانی جولەکە ویستویانە بنەبڕیان بکەن وتا 11/ 3/ 1949 ئەوهێزە ئازایەتیەکی بێ وێنەیان نیشان داوە تا لەوکاتە گەڕاونەوە میسر.

جولەکە شاربەشاروگوند بەگوند دێنە پێش وداگیریان دەکەن و سوپای میسرلە پاشەکشەدایە، عبدالرحمن عزام ئەمینداری کۆمکاری عەرەب داوای لە لەبیب کردبوو کە ئەم جەنگە تەنیا بە خەڵکی خۆبەخش تەواودەبێ،

بەڵام نەقراشی ئەم بیرۆکەی ڕەت کردەوە چونکە نەقراشی خەریکی نەخشەی هەڵوەشاندنی ئیخوان بوو ،فرمانی کشانەوەی سوپادەرچوو، ئیخوانەکان چەکیان لێ سەندراو وەک دیل نێردران بۆزیندانەکان.

ئیخوان هەڵوەشێنراوباش بیست ڕۆژلەهەڵوەشێنرانی نەقراشی سەرۆک وەزیران کوژراودوای ٤٤ڕۆژێش لە کوژرانی نەقراشی بەننا تیرۆرکرا.

سوپای میسرلە مانگی مێ ی ساڵی 1949دا و اتە دوای مانگێک لە تیرۆرکرانی بەننا گەڕایەوەمیسر.

حمودە دەڵێ دوای گەڕانەوەم چومەلای عبدالناسر،باسی گەمارۆوبریندار بوونی لە فالوجاو باسی ئەوەی کردکە

إبراهيم عبد الهادي سەرۆک وەزیرانی میسرئەوەی زانیوە کە من و اتە عبدالناسرلەگەڵ کۆمەڵێک ئەفسەرپەیوەندیمان بە ئیخوانەوەهەیە،وە عبدالناسرزۆرخەمباربوو لەوەی بەسەرئیخوان هات وگوتی بەننا لەم سەردەمەدا وەکو سەحابە و ابوو.

لە ساڵی 1948 کۆمەڵەی نهێنی ڕاوەستا ،وە نوسەردەڵێ کە هەتا 19/ 11/ 1950هەرلە فەلەستین بوو، لەوکاتە عبدالناسر باسی ئەوەی بۆکردبووکە بزوتنەوەی ئەفسەرانی ئازاد بەدوورلە ئیخوان وەک بزوتنەوەیەکی سەربازی دروست کردۆتەوە کەلەدوای مردنی لبیبو وبەننا وگیرانی عبدالرحمن سندی ۆ اباشترە بزوتنەوەکە دووربێ لەئیخوان..

ئەوئەندامە نێیانەی کە عبدالناسر تو انیبوی ڕێکخراوەکەیان لێ دروست کاتەوە ئەمانەبوون:

-زكريا محيي الدين

-عبد الحليم عبد العال يوسف

-محمد حمدي عاشور

-محمد أحمد البلتاجي

-كمال الدين الحناوي.

بەڵام عبدالناسر ڕای لەگەڵ عبد المنعم عبد الرؤوف نەبوو کە بزوتنەوەکە هەربە پاشکۆیەتی ئیخوان بمێنێتەوە، وە ئەفسەرەکانی تریش هەموویان لەسەر بۆچوونی عبدالناسربوون، هەربۆیە عبد المنعم عبد الرؤوف لە بزوتنەوەکە وازی هێناو عبد الحکیم عامر جێگای گرتەوە بەڵام عبد المنعم عبد الرؤوف بەشداری شۆڕشی کرد ولە 23/ 7/ 1952 گەمارۆی کۆشکی رأس التين ی لە ئەسکندریەدا تا فاروق ناچارکرد کەلەتەخت وازبێنێ.

هەرچۆنێک بێ وەک یاداشتەکانی ئەم پیاوە دەڵێن کە نەخشەکە عبدالناسرو عبدالحکیم عامردایان ناوە ،داو ایان لە محمد نەجیب کردوە سەرکردایەتی شۆڕشەکە بکاوئەویش قبوڵی کردوە، ئەنوەرسادات بەیاننامەی شۆڕشەکەی خوێندۆتەوە، نوسەری یاداشتەکان هەندێ لە ئەفسەرانی لە خانەی ئەفسەران لە ژورەکانیان بەندکردوون کە لایەنگری مەلیک فاروق بوون.

یادگاریەکانی حمودە باسی کورتەیەک لە ژیانی عبدالناسروعبدالرحمن سندی وعشماوی ناکا کە ئەو انەش ەک لبیب و عزیز مسری گرنگن.

کورتەی ژیانی عبدالناسر

جمال عبد الناصر حسین خلیل سلطان له15/ یناير 1918 له ئەسکەندەریه لەدایک بووەله خێز انێکی سەعیدی قەحتانی ،نۆبەرەی دایکیەتی کەناوی فەهیمەیە، برا بچوکەکەی ناوی عزالعرب ه کەدیارە خانەوادەیەکی نەتەوەیی بوون،لەساڵی ١٩٢١ هاتونه ئەسیوت،لەساڵی ١٩٢٣ چونه شارێکی ترناوی خەتاتبەیه.کەلەوێ جەمال چۆته خوێندنگا، لەساڵی ١٩٢٥ باوکی لەقاهرە نایه بەرخوێندن وبەومناڵیه جەمال دووربوو لەدایک وباوکی،سێ ساڵ لەوێ لای ماڵی مامی بوو ،تەنیاپشوی هاوین دەگەڕایەوە،جەمال نامەی بۆ ماڵەوەدەنوسی ساڵی ١٩٢٦ نامەکانی دایکی فەهیمە نەهاتن ،کاتێ گەڕایەوە ماڵ بینی دایکی لەکاتی منداڵ بوون مردوە،خەمەکانی جەمال زیاتربوون کاتێ باوکی هەرئەوساڵە ژنێکی تری هێنا،لەدوای ماڵی مامی، لەساڵی ١٩٢٨ ولەدەساڵی دا باوکی ناردیەلای باوکی دایکی وپۆلی چواری سەرەتایی لە ئەسکەندەریه لای باپیری خوێند.

لەپێنجی سەرەتایی جەمال لە بەشی ناوخۆبوو،لە پۆلی شەش ماڵی باوکیشی هاتە ئەسکەندەریه لەساڵی ١٩٣٠،لەوتەمەنی ١٢ ساڵیەبەشداری خۆپیشاندانی میسری لاوی کرددژی ئینگلیزو هەڵوەشانەوەی دەستورلەوتەمەنەداگیراوشەوێک لە زیندان بوو.

پاشان لەساڵی١٩٣٣ ماڵیان چۆقاهیرە ولە خوێندنگای نەهزە دەی خوێند،ئەکتەری شانۆگەریەکان ونوسەری گۆڤاری خوێندنگابوو،لەوتەمەنە گوتاری لەسەرقۆڵتێری پیاوی ئازادی نوسیوە،ە مانگی یازدەی ساڵی١٩٣٥ لەخۆپیشاندان بەشداردەبێ ولەبەردەم بارەگای ڕۆژنامەی جیهاد سەری دەشکێ ودووڵەهاوڕێکانی دەکوژرێن لەو خۆپیشاندانە، ڕۆژنامەکە وێنەی دەگرن وبڵاوی دەکەنەوە.

لەساڵی١٩٣٦ لەکۆتایی ئامادەیی جەمال ئەوەندە چالاکی سیاسی زۆربوو کەتەنیا٤٥ڕۆژلەوساڵە دەوامی کردبوو، لەوساڵە لەخولی دووەم لە نەهزە ئامادەیی تەواوکرد،سەرەڕای چالاکی سیاسی وڕۆشنبیری جەمال زۆری دەخوێندەوە بەتایبەت مێژوو وژیانی پەیامبەران ویاوەران وپێشەواوکاریزما جیهانیەکان، سەرسام بوو بەشەوقی ومستەفاکامل وعزیزمیسری وڕۆمانی گەڕانەوەی ڕوحی تۆفیق حکیم.

لەساڵی١٩٣٧-١٩٤١ کۆلێژی سەربازی تەواوکرد ،سادات وعبدالحکیم عامرهاوڕێی کۆلێژی بوون.

لەسەرداوای خۆی ساڵانی١٩٤١-١٩٤٢ گوازر ایەوەبۆسودان کەئەوکاتە سودان ومیسریەک وڵات بوون، لەکۆتایی ساڵی ١٩٤٢گەڕایەوە قاهیرەو هەرلەوساڵەش لە ڕێی عبدالمنعمی برادەری چۆتە ناوکۆمەڵی ئیخوان وکۆمەڵەی نهێنی وبزوتنەوەی ئەفسەرانی ئازاد.

هەرلەوکاتەش چۆتەکۆلێژی ئەرکان وتەواوی کردوە .

بابەتێکی زۆر هەستیارهەیە کە کەسانی وەک هەلباوی ودەمرداش وزۆرێک لەکەسە ئاگادارەکانی ئخوان دەڵێن کە حەسەن بەننا ڕاسپاردەی هەبووەکەلەکاتی تیرۆرکرانی یان مردنی جمال عبدالناسر ببێتە ڕابەری گشتی ئیخوان، ئەم گوتە بەڵگەی زۆری هەن لەو انە:

-شاهێدی زۆری کەسانی باوەڕێکراو لەو انەی زۆرلەبەننانزیک بوون وبەنناللەخۆی وکۆمەڵەی ئیخوانی خۆشترویستوون ،بەننا قوربانی بەژیانی خۆی وهەڵوەشانی کۆمەڵەی ئیخوان مسلمین دا وەک لەوێستگەی یەکەم باسمان کرد تەنیا بۆئەوەی دەزگای نهێنی بزوتنەوەی ئەفسەرانی ئازاد ئاشکرانەبن، کەواتە ئەوئەفسەروبزوتنەوەی نهێنیە لە لای بەنناللە ژیانی خۆی وکۆمەڵەی ئیخوان گرنگتربوو، بەننا بۆپاراستنی عبدالرحمن سندی وعەشماوی نەبوو چونکە ئەودوانە گرابوون، بۆعزیزمیسریش نەبوو چونکە ئەویش گیرابوو،بەڵام ئەوەی نەگیرابوو لەبەرەکانی جەنگ بوو جمال عبدالناسروهاوڕێکانی بوون کەبەننا ژیانی خۆی بەقوربان کردن.

- دەگوترێ کە عبدالناسر چەپ و مارکسی بووە کە ڕاست نیە، عبدالناسر ئەوالە ئیشتراکیەت گەیشتبوو کە ڕژێمێکە بۆکەم کردنەوەی جیاوازی چینایەتی وقڕی وپڕی ،ئەم مەبەستەی نزیک کردنەوەی چینەکان ونەبوونی قڕی وپڕی لەوئامانجەعادلانە کە ئیسلامیش داوای دەکا.

- هەریەک لە حەسەن بەناوجمال الدین ئەفغانی وعبدالناسر بەعەرەبکردنی دەوڵەتیان بەبەشێک لە ئەرکی مرۆڤی دیندارزانیوەو هەموویان نەتەوەیی بوون، کە کەسانی دوای بەنناللەوپەیامەی بەنناتێنەگەیشتوون ئەوەبەنناتێگەیشتووەو عبدانارسریش تێی گەیشتوە.

- هەموو ئەو انەی کە بەننا لەگلێنەی چاوەکانی خۆشتردەویستن ،سەرانی بەناو ئیخوانی دوای بەننا زویریان کردن وپشتیان تێکردن، ئەفسەرانی ئازاد، دەزگای نهێنی،عبدالرحمن سندی،ئەدیبی بانگەوازغەزالی ،عەزیزمیسری ولبیب ئەو انەبوون کەبەننا خۆشی دەویستن وئیخوانی دوای بەنندژیان بوون.

- بەننالەگەڵ یەکێتی میسروسودان ولیبیاوسوریاوشام بوو، کەچی کاتێ عبدالناسر هەنگاوی کردەیی بۆئەویەکێتیە لەگەڵ یەمەن وشام وشوێنەکانی تردەکرد ئیخوانەکانی دوای بەننا دژی وەستان ودوژمنایەتیان کرد.

- بەننا دڵی سۆکارنۆو وبورقیبەو رۆژئاواورۆژهەڵاتی ڕاگرتبوو کەچی ئەوان بوونە مایەی پشێوی بۆئەوشوێنانە.

-کێشەی فەلەستین وخۆماڵی کردنی کەناڵی سوێس یەکێک بوو لەداخوازیەکانی بەننا وعەبدالناسر کەسوێسی خۆماڵی کردوبەهۆیەوەهێرشی سێ دەوڵەتی کر ایەسەرئەو انەی دەیانگوت ئیخوانین لەبەرەی هێرش کەران دابوون.

- دەڵێن کە بابەتی هەوڵی تیرۆرکرانی جمال بەدەستی ئیخوان لەساڵی ١٩٥٤ جمال خۆی دروستی کردوەتا بیکاتەبیانوی لێدانی ئیخوان، ئەی باشە خۆدانیشتنی سعیدرەمەزان وپازدە لە بەناوئیخوانەکانی کەنداووجێگاکانی ترلەگەڵ ئەیزنهاوەری سەرۆکی ئەمریکا عبدالناسر ڕێکی نەخستبوو،؟ خۆوەرەوەرەکردن وفرۆکەلەخزمەت دانانی شاعبدالعزیزی سعود بۆ هوزەیبی ڕێبەری ئیخوانە لیبڕالیەکان عبدالناسرنەی کردبوو، ؟ ئەوەی کە ئیخوان کردیان لەدوای بەننا پێچەوانەی پێش بەننابوو، بۆیە سندی وعبدالناسروغەزالی وزۆر کەسی تر لەسەرەوتە نیشتمانیەکە مانەوەوئەوانی تربوونە ئیخوانێکی کەنداوی ئەورۆئەمریکی.

- دەشڵێن کەبۆدەیان ساڵ لە ١٩٥٤-١٩٦٥ سەید قوتب نەگیراوەوچالاکی خۆشی هەبوون وسەرەتا سەیدبەڕوح وپەیامەهڵگری شۆڕش ناسراوە، تا لە ڕێدەرچونەکانی ئیخوان زۆربەرەو پاشکۆیەتی ڕۆژئاوا چووە ،کەئەم پاشکۆیەتیەی ئەوسای ئیخوان بۆکەنداوو ئەمریکاوئەوروپا دژی خودی نوسراوەکانی سەیدیش بوو کەدەبوو ئەویش وەک سنێدی وکەسانی دیکە خۆی بەڕەوتی سعید ڕەمەزان وکەنداویەکان وئەورۆئەمریکیەکان گرێ نەدابایە، هەربەڕووکەش دژیان بو ایە خۆکافرنەدەبوو، بەتایبەت کەدەگوترێ عبدالناسردەیەویست سەید بکاتە جێگری خۆی ونەخشەکێش وئاڕاستە کاری شۆڕش..

وەعبدالناسرکەسێکی دینداربووە دووجارحەجی کردووە،نوێژەکانی کردوە،کەسێکی بێ باوەڕنەبووە،بەڵام کەسێکی وەک بەننا و محمودلەبیبی دەویست کەلێزان بێ ونەهێڵێ بەیەکجاری خۆی بهاوێتە باوەشی سۆڤێتیەکان، عبدالناسرلەزۆرلەوڕژێمە سۆشیالیستانەی ناوچەکە باشتربووە،پشتگیرشۆڕشی گەلان وئازادی خوازانی کردوە،دانّدەی کەسانی

هەڵاتوی داوە،کەرتەکانی فێرکردن وپەروەردەو ئابووری لەوڵاتێکی دانیشتوان زۆروبێ کانزای وەک میسر بوژ اندۆتەوە..

ئیسلامی سیاسی زۆربەئاسانی وبەشانازیش سیفەت واسای دیموکراتی بوون لە خۆیان دەوەشێننەوە کەهەرخودی ناوەکە شەرع دانەری گەل ومیللەت دەگەیەنێ،دەبێ گەل وخەڵک شەرع دانێ وشت حەڵاڵ کاوحەرام کا،کەئەمە بەچەندان ئایەت لەقورئان باس کراوە وهەندێک لەخەڵک پەرلەمانەکانیان بکەنە ئەرباب ویاسادانەر،خۆسەید لەگەڵ ئەوەی زۆرباسی حاکمیەتی کردوە بەڵام هەرلەگەڵ ئەو انە بوو کە ئەم کارەدەکەن، بەڵام سۆشیالیستی، هاوبەشی وهەرەوەزی وهاوکاری ودەستگرۆیی ولێکترنزیکردنەوەی چینەکان لەڕووی ئابووری ولەسنوری شەرع نەک هەرکوفرنیە بەڵکو فرمانیشی پێکراوەو بەشێکە لەشەرع ودین...

B.یاداشتەکانی عبالمنعم رەئوف:

ئەفسەری یەکەمی ئەندام لە بزوتنەوەی ئەفسەرانی ئازاد عبالمنعم رەئوف کەلەساڵی 1988 بەناونیشانی : «أرغمت فاروق على التنازل عن العرش=فاروقم ناچارکردکەلەتەخت بێتەخوارەوە»، دەڵێ:

: "لە مانگی 1942 دا تو انیم ئەفسەرێکی کەتیبەی سێ یەم بانگ بکەم بۆو انەی سێ شەممان کەلە مەڵبەندی کۆمەڵی ئیخوان المسلمین پێشکەش دەکرائەویش نەقیب جمال عبد الناصرحسین بوو،،،،تاساڵی 1944 ژمارەمان بووە حەوت ئەفسەر، هەفتانە لەگەڵ ساغ محمودلبیب دیدارمان هەبوو، ، مانگانە هەریەکەمان پەنجا قرشمان لەسندوقی سپاردە دادەنابۆ پێکەوەنانی کتێبخانەیەکی ئیسلامی کە بەرپرسی کتێبخانەکە مولازمی یەکەم حسین حمودة،بوو ئەمینداری سندوق محمودلبیب بوو.

حەمودە دەگێڕێتەوە کەلە ساڵی 1949 دا پێش مردنی محمود لبیب چۆتە ماڵیان،،تەنیا جمال عبدالناسری لابووە لەماڵەکەی لەگەڕەکی ضاهر، وکانت حالة بارودۆخی محمود لبیب سەخت بوو،بەڵام هۆشی ڕوون بوو، ،لبیب گوتی :من دەمرم ،،ئێستایاداشتێکی ناوی ئەو ئەفسەرانە دەنوسم کە ئەندامن لە بزوتنەوەی ئەفسەرانی ئازاد، وەئەو بڕەپارەی کەلەسندوق لام ماوە ئەم پارەوناو انە تەسلیمی جەمال عبدالناسری دەکەم ،هەرلەم شەوە محمود لەبیب ئەوئیشانەی کردن ،عبدالناسرلە ماڵی لەبیب نەڕۆیشت تاناوەکانی ڕادەست کراووپارەکی سندوقەکەی برد، ".

ئەم گرانەوە ئەوەدەگەیەنێ کە محمودلەبیب کەتاکەکەس بووە کەناوەکانی ئەفسەرانی ئەندامی ئەفسەرانی ئازادو پارەی رێکخراوەکەی لابووە هەمووی ڕادەستی جەمال کردوە ،ئەمەش و اتە دانی سەرۆکایەتی وپێشەو ایەتی ئەسەرانی ئازادە بە عەبدالناسر.

دکتور کمال الهلباوي یەکێک لە سەرانی ئیخوان لە نوسینێ دەڵێ:بێ گومان کە عبدالناسر ئەندامی ئیخوان بووە، وە مامۆستای مەشقی دەزگای تایبەت بووەوە متمانەپێکراوی لەبیبو وسندی ووبەننا بووە،وە بەننا بیری لەوەدەکردەوە کە لەدوای خۆی بیکاتە ڕابەری گشتی ئیخوان،ئەم شایەدیە لای هەریەک لە سەلاح شادی وشەفیق عبدالخالق ودمرداش عقالی باسکراوە.

مستشار الدمرداش العقالی، کەیەکێکە لەئەندامانی دەزگای نهێنی ڕێکخراوی ئیخوان و بەرپرسی خوێندکارانی ئیخوان بووەو هاوسەری کچە خوشکی سەید قوتب بووەو پێش سەیدیش لەناوئیخوان بووە ،ئەولەدانپێدانانەکانیدادەڵێ:

عبدالناسر دەستنێژی ئیخو انە،ئەو دەزگاتایبەتی کەلە ساڵی 1938دا کرۆکەکەی دروست بوو،بەننا دەیەویست ئەم دەزگایە بکاتە وەرشەی کادیرە گوێڕایەڵ وپێشەنگەکان، وئەو انەی لەو وەرشەی ڕێکخراوی تایبەت دروست نەکرێن وپاکانەیان بۆنەکرێ ناتو انن ببنە سەرکێش وپێشەنگی کۆمەڵەکە لەبواری سسەربازی ومەدەنی.

کۆمەڵەی ئیخوان کەهەردوو بواری جوڵانەوەی نهێنی وئاشکراوسەربازی ومەدەنی وگورەوبچوکی لەخۆدەگرت،دەبوو دینەمۆی گۆڕانکاری وجوڵێنەری تایبەت بێ، ،

یوزباشی جمال عبدالناصر حسین و قد انخرط فی عبدالمنعم عبدالرؤوف وومحمود لبیب و عبدالرحمن سندی ئەو انە دەزگای تایبەتی ئیخوان بوون..

کاتێ بەننا دەزگای تایبەتی لە 1938 بە عبدالرحمن السندی سپارد،ناوبراوهێشتا خوێندکاری کۆلێژی ئاداب بوو.

عبدالناسر بۆیەداوای ڕاگواستنی یەکەم کاری سەربازی بۆسودان کرد تا یەکێتی دۆڵی نیل لە ڕووی سەروەری سەربازی بەرجەستەبکا، نەخشەی دەزگای تایبەت لەلایەن بەننا وادانر ابوو

کە بەننا وعبدالرحمن سندی سەرکردایەتی باڵی مەدەنی وعبدالناسر سەرکردایەتی باڵی سەربازی بکاوتاساڵی ١٩٥٥ دەبێ کۆمەڵەی ئیخوان بەهەردووباڵەکەی دەبێ فەرمانڕەوای میسربێ.

بەڵام بەهۆی ڕوداوی نەخوازراو وحساب بۆنەکراو ڕیزبەندی نەخشە ڕێگاکە ئاڵوگۆڕی تێکەوت، بۆیە کاتێ کێشەی فەلەستین دروست بوو مەیدانی جەنگەکە چۆفەلەستین،ئەو کادیرانەی لە بزافی کەشافەی محمود لبیب ودەزگای تابەتی سندی وئەفسەرانی ئازادی عبدالناسر مەشقیان پێکرابوو تا گۆڕانکاری لە میسردابکەن لە١٩٥٥ هەوڵ وکۆششەکەیان چووبۆ فەلەستین.

لەوانەیە نەخشەی بەننا وسندی وعبدالناسر لە میسرکەوتبێتەدەستی بەریتانیاویەهودبۆیە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی جولەکەیان خێراترئاشکراکرد ،بەریتانیاوفەڕەنساوتورکیا هەستیان بەمەترسی ئیخوان کردبوو،بۆیە گەلەکۆمەکیان کردبۆ هەڵوەشاندنەوەولەباربردنیان لەی 1948/12/8، هەموو ئەندامانی ئیخوانیان جگەلە حەسەن بەنناگرتن،،بەنناز انی کەئەوبەتەنیاماوەتاپاکتاوبکرێ، هەربۆیە ڕاسپاردەووەسیەتی نوسی و وێستی کەلەوشەوەی تیایدا شەهیدکرا ئەووەسیەتە بداتە سالح حربی برادەرەکەی لەبیب کەلە لە کۆمەڵەی لاوانی مسوڵمان کارمەندبوو تائەوشایەدوسەروەسیەتی بێ کاتێ تیرۆرکرا، ،بەنناڵەدوای کارەساتی گیرانی ئەندامان وهەڵوەشانەوەی کۆمەڵەکە تەنیائەوشەوە دەرکەوتبوو، ئەو سپاردەووەسیەتەی نوسیبوی کەلەدوای تیرۆرکرانی عبدالرحمن السندی سەرۆکی دەزگای تایبەت ڕابەری گشتی کۆمەڵەی ئیخوان بێ، وەکە ئەویش دیارنەما با جمال عبدالناصر حسین ڕێبەری گشتی برایانی مسوڵمان کۆمەڵەی ئیخوان المسلمین بێ.

دوای تیرۆرکرانی حەسەن بەننا بەچەندڕۆژێک عبدالرحمن سندی بەهۆی جێبەکەیەوە گیراو بەڵگەنامەیەکی زۆریشی لەگەڵ گیراو خرایە زیندانەوە،بەم شێوە جگەلە جمال عبدالناسر لەسەرکردەکان کەس لەدەرەوەی زیندان نەما،

بەننا هەرلەوکاتەی سەرۆکایەتی ڕێکخستنی تایبەتی بە سندی سپاردبوو لە ژێرزەمینداهێشتبویەوەو زۆرنەناسرابوو،،سندی دوای شۆڕش دەگیرێتەوەدەڵێ؛بەنناپێ یگوتم:

دەزگای تایبەت وەرشەوکارگەیە،کە سەرکردەکانی گۆڕانکاری لەوکارگەیەدا ئامادە دەکرێن،بەڵام نوسینگەی ئیرشاد ودەستەی دامەزراندن وگوتاری سێ شەممان ئەوان تەنیا

پێشەنگان،کە کاڵاکانمانی تێدا نمایش دەکەین ئەوکاڵایانەی لەوەرشەکە دروستمان کردون،پیشەکاری زیرەک نایەڵێ سەردانکەرانی پێشەنگا وەرشەکەببینن،ورشە بەبێ دەنگی دروست دەکا،پێشەنگاش دوورلەتەقەتەقی وەرشە دەفرۆشێ.

دوای بەندکرانی سندی هەموو چاوەڕوانی عبدالناسربوون تا سەرۆکایەتی ئیخوان بکا بە وەسیەتەکەی ڕابەری گشتی، ،ئەوکاتە عبدالناسر لە فالوجە گەمارۆدرابوو،سالح حرب چاوەڕێی کردتاهاتەوە لەگەڵ محمودلبیب، هەروەها لە وەسیەتەکەی بەننادااهاتبوو کە سەرکردایەتی نوێی ئیخوان پەلەبکەن لە گۆڕانکاری وپێش ١٩٥٥کە پێشتردانرابوو بۆشۆڕش ئەوان شۆڕش بکەن چونکە ئێستە لەگەڵ کات دالە پێشبڕکێ دان..

هەروا بەننا لەوەسیەتەکەی دا باسی هەندێ ناوی کردبوو لە دەرەوەی ئیخوان لە پارتی نیشتمانی و میسری لاوو لاوانی مسوڵمان وەک عبدالعزیزعلی ،پشتیان پێ ببەستن لەکاتی شۆڕشدا.

ئیبراهیم عبدالهادی سەرۆک وەزیرانی میسر هەستی بە جوڵەی ناوسوپاکردبوو عبدالناسری بانگهێشت کردبوو بەڵام عبدالناسر بەهەموو شێوەیەک نکولی لە پەیوەندی سوپاوئیخوان کردبوو.

عبدالناسر ئەم دزەکردنەی بە حمودەوئەفسەرەکانی دیکە گەیاندبوو ،بۆیە لە پێک هێنان وچالاکی نوێی ئەفسەرانی ئازاد لە ناوی ئیخوان دوورکەوتەوە، وەلە پەیوەندی لەگەڵ سندی دوورکەوتەوە چونکە ئەویش ئاشکرابوو، لبیبیش هەموو ئەنیەکانی ئەفسەرانی ئازادی دایە،بەوشێوە شۆڕشی کردو عبدالمنعم کە سەرەتا دژی بۆچونەکەی بوو،بەڵام بەبەشداری کردنی لەشۆڕش هاتەوە ناو کایەی شۆڕشگێڕان.

عبدالناسر دوای پەیوەندی کردنی ئیخوانی دوای بەننالەگەڵ بەریتانیاوئەمریکاوولاتانی تری ئەوروپاوکەنداویەکان وەک ڕێکخراوێکی دەرەوەی شۆڕشی میسر بەتۆمەتی ناپاکی وياخی بوون فشاری خستە سەرئیخوان وگرتن وهەڵوەشانەوەی ئیخوان دووبارەهاتە ئاراوە بەڵام لە ساڵی١٩٥٤ هوزەیبی ولایەنگرانی بەردان ولەماڵەوەش سەردانی هوزەیبی کرد، بتڵام وەک لەبەشەکانی پێشوو دەرکەوت ئەم دوو ڕەوتە، ڕەوتی ئیخوانی نێودەوڵەتی وڕەوتی عبدالناسری شۆڕشگێڕی دووڕەوتی دوورلەیەک بوون، ئیخوان لەسەرپشتی شۆڕشگێڕی بازیاندابوو بۆ ڕێکخراوێکی خێرخوازی مەدەنی لیبڕاڵی دوورلەشۆڕش وتوندوتیژی، وە گوێشیان لێ نەبوو

کەبەمە لە رێی بەننا وڕێ وشوێنی ئیسلام لادەدەن ودەوڵەتە سەرمایەدارەکان بۆمەرامی خۆیان وەک ئەسپی تەڕوادە بەکاریان دێنن.

لەولاش شۆڕشگێڕەکانی عروبە بەدرێژ ایی نیشتمانی عەرەب شۆڕشگێڕوپارتیز انی وجەماوەریان هەبوو وەلەدەرەوەی بازنەی عەرەبیش بازنەیجیهانی ئیسلامی وجیهانی سێ یەم وبزوتنەوەی بێ لایەن وعدم الانحیازیان هەبوو، عبدالناسر هەرزوو گەیشتە ئەوپلەوبووە سەرۆکی ئەوبز اڤە، نۆکەندی سوێسی خۆماڵی کرد،جەنگی یەکێتی عەرەبی لە یەمەن وسودان وسوریاولوبنان وفەلەستین دەکرد، لەگەڵ تیتۆونەهرۆ دانوستان و هاوکاری شۆڕشگێڕانیجیهانی سێ یەمیان دەکرد، ئەگەربەراوردی ئەودوو ڕەوتە بکەی کەکامیان خزمەتیان بە ئیسلام ودین ومرۆڤایەتی ونەتەو ایەتی وجیهان کردوە هەردووکیان لایەنی ئەرێنی ونەرێنیان هەیە ،بەڵام هەردوو هێڵە تەریبەکە بەشێوەیەک لەشێوەکان حەسەن بەننا دای مەزر اندوون ،هەرچەندە هەردوولا دوای مردنی لارێ بوونیان هەیە لەو هێڵەی کێشاویەتی، بەڵێ وەرشەکەی بەننا ودەزگا تایبەتەکەی بوە عبدالناسروقەزافی وئەسەدوعبدالسلام عارف وسەدام و بن بلاوبۆمیدیان وعلی سالح و،،،،هتد..

پێشەنگاکەی بەنناش بوە ئەو ئیخو انە ڕوکەشەی لە ئەوروپاوکەنداوو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وگشت جیهان هەیە..

پێشەنگاکە کاڵای وەرشەی تردەفرۆشێ ،،کاڵاکانی وەرشەی خۆی پێ شەرمە،وەرشەکەش کاڵاکانی لە هەموو پێشەنگەکان دەفرۆشێ تەنیالە پێشەنگاکەی خۆی نەبێ ،ئەم ئینفسامە ولێک دابڕانە کە دەمرداشیش ئاماژەی پێ کردووە.

پەیوەندی ناسرو ئیخوان لەسەرئەمە لە هەڵبەزودابەزدابووماوەی هەژدەساڵی حوکمڕانی، پاشان ساداتیش کاتێ چوەسەرڕای ئیخو انەکان کەبە ئاشتی لەگەڵ ڕۆژئاو ابژی، کەچی هەرخۆیان بە هاندانی ئەمریکا وبە پاساوی ڕێکەوتن لەگەڵ جولەکە کوشتیان.

زۆرێک لەیاداشت و توێژینەوەو گفتوگۆ نوسراوە لەسەروردو درشتی لێدان وئەشکەنجەوزیندان ولەسێدارەدانی دەوڵەتی عبدالناسر، هەروالەسەر هۆکاری دوورخستنەوەی ئەفسەرانی ئازاد لە کۆمەڵەی ئیخوان، بەڵام کەس لەسەر هۆکارو شێوازوپرسی دوو کەوتنەوەی ئیخوان لەبەننا وڕێبازەکەی بەننانەکردوە، لە ڕاستیدا پێش ئێستا ئیخوان و ناسریەکان هەردووکیان لە ڕێبازی بەنناددوورن، لە بەپیرۆزڕاگرتنی زمانی عەرەبی وعروبەبوون ناسری وبەعسیەکان لە ئیخو انەکان نزیکترن لە ڕێبازی بەننا ،وەلە

هەندێ شێوازی بانگەواز ئیخو انەکان نزیکترن لە ڕێبازی بەننا لەناسریەکان، لە زەبت وڕەبت وڕێکخستن وتۆکمەیی ولەخۆبوردەیی وشۆڕشگێڕی وخوێن گەرمی و شاردنەوەی کارو وروژ اندنی جەماوەری ناسری وبەعسیەکان لە ئیخو انەکان لە ڕێبازی بەننا نزیکترن..لە دوورلە گەندەڵی وجل وبەرگ وپەرستشەکان وخێرخوازی ئیخو انەکان لەماڵی بەننا نزیکترن.لە باوەڕبوون بە چەکداری وجیهادو هێزی سەربازی ناسریەکان لە ئیخو انەکان نزیکتربوون لە ڕێبازی بەننا.

هەموو ئەندامێکی گەورەوبچوکی ئیخوان لە ژیانی بەنناادا لە چلەکانەوە هەموویان دەبوو بەیعەت بدەنە دەزگای نهێنی لەژووورە تاریکەکە کەسوێندیان بە قورئان ودەمانچە لەبەردەم سالح عشماوی وعبدالرحمن سندی وبە ئاگاداری بەننا، سەربازەکانیش سوێندی دووبارەیان بۆ محمودلبیب دەخوارد، ئەم کەسایەتیانە تادواهەناسە لەگەڵ عبدالناسرنزیک وهاوڕابوون، کە بەننا وەسیەتی جێ هێشت وتیرۆرکرا،سندی گیراوو عبدالناسرگەمارۆدراوو لەبیب لە بەرەی جەنگ بوون، بەڵام کەسانی وەک هوزەیبی وقەرزاوی وسعیدڕەمەزان وسەیدقوتب لەعەیش ونۆشی خۆیاندابوون، ئەمەش بەڵگەیەکە ئەمانە لەبر ایانی بەنناداانەبوون لەوکاتە.

بەڵام ماڵی بەننا بەگشتگیریەکەی لە ساڵی ١٩٤٨ وەنەماوەو تائێستا هیچ بز اڤێک نەیانتو انیوەبەتەواوی بەرجەستەی بکەنەوە، موجاهیدانی ئەفغان و بەرەی ڕزگاری جەزائیرو سودان وئەزمونی مالیزیاو ئۆردۆگان و پاکستان و شۆڕشی ئێران و تالیبان و داعشیش هەوڵیان داوە ئەونمونە گشتگیرە دووبارە بکەنەوە بەڵام بە شیکردنەوەوتێڕو انینی جیاوازلە تێڕو انینی بەننا..

لەبەشی بێ ژیاننامەی هەریەک لە عەشماوی وسندی وڕێکخستنی نهێنی وکورتەیەک لە ژیاننامەی جمال عبدالناسربەقەڵەمی هودای کچی عبدالناسرباس دەکەم..

کورتەیەک لە ژیانی مامۆستا صالح عشماوي:

مامۆستاصالح عشماوي له قاهرة له 22 ذي الحجة 1328/ 4 ديسمبر1910لەدایک بووە،هەرلەمندالّی قورئانی لەبەرکردوە، لەهەموو قۆناغەکانداله خوێندن سەرکەوتوو بووە، تاله 1351/.1932کۆلێژی بازرگانی باالّای له زانکۆی فؤادی یەکەم لەیەکەم وەچەی

دەرچو انی ئەم زانکۆیە،بۆیەک سالّ پاش دەرچوون لەبانکی میسرکارمەندبووە ،پاشان دەستی بە پیشەی سەربەخۆکردوە، لەسالّی 1353/.1934دا سەفەری کردوە بۆ سودان بۆپتەوکردنی پەیوەندی نێوان باکوروباشوور،لە ئەجنجامی سەفەرەکەیدا نێردەی ئابووری پێک هات، لەسالّی 1354ھ/ 1935بۆ گەشەدان بۆ ئالّوگۆڕی بازرگانی لەنێوان میسروسودان، پاشان گەڕایەوە بۆ میسر لەسالّی 1355ھ/1936.

لە 1936 و ە چووە ناو ئەو پارتانەی لەگۆڕەپاندابوون، بەلّام چونکە قەناعەتی بەهیچیان نەبوو، بۆیە لەناوهیچیان زۆر نەمایەوە،لەوسەردەمەدا بانگەوازی ئیخوان لە مانگی :أکتوبر 1932یەوە لە شاری ئیسماعیلیەوە گوازر ابۆوە بۆ قاهیرە، لەوساتە کەعەشماوی بەننای ناسی وسەرسام بوو بە ئیخوان،لەسالّی 1937دا هاتە ناو ئیخوان، تایبەتمەندی وکەسایەتی عەشماوی هەرزوو وای کرد هەلّبژێررێ بۆ سەرکردایەتی ئیخوان،بەتایبەتی کە ئەو نوسەرێکی زۆربەتو انابوو،بۆیە بەننا کەیەکەم جارگۆڤاری النذیری دەرکرد لەسالّی 1938 ناوبراوی کردە خاوەنی گۆڤارەکە، تاسالّی ١٩٤٠ پاشان کە هەفتەنامەی "الإخوان المسلمون"ی نیومانگی دەرچوو عەشماوی بووە سەرنوسەری،هەروەها ئەندامی نوسینگەی ئیرشادلە 1939 تاکوکۆنگرەی پێنج لە سالّی :1953.

وەهەرلە دامەزر انی رێکخستنی تایبەت لەسالّی١٩٤٠وە بەننا سەرپەرشتی ئەو رێکخراوەی بە عەشماوی سپارد.

ئامانجی دامەزر اندنی ئەم رێکخراوە دژایەتی داگیرکاری ئینگلیزبوو لە میسر، وەبەرپەرچدانەوەی پیلانی بزوتنەوەی زایۆنستی بوو.

لەکاتی دامەزر انی ئەم رێکخراوە نهێنیە بەننا بانگی پێنج کەسی کردئەو انیش:

-صالح عشماوي

-حسين كمال الدين

-حامد شريت

-عبد العزيز أحمد

-محمود عبد الحليم

بەننا دامەزراندن ومانۆڕی دم ڕێکخراوەی بەم کەسانە سپارد، بەم ڕیزبەندیە، سەرۆکی یەکەمی ڕێکخراوەکە صالح عشماوي بوو پاش ئەو كمال الدين حسين بوو، یەکەیەکی توێژینەوەلەناو ڕێکخستنەکە هەبوو، وەک :

-وێژینەوەیەکی قوڵ وبەرفراوان لەبارەی جیهادلە ئیسلامدا، لەچوارچێوەی قورئان وسونەت و مێژووی ئیسلام.

- مەشقکردن لە لەسەرکرداری سەربازی.

-گوێڕایەڵی وملکەچ بوون لەخۆشی وناخۆشی دا.

ئەو ڕێکخراوە لە جەنگی فەلەستین لە 1948ڕۆڵی سەرەکی هەبوو.

صالح عشماوی وەک نوێنەری ئیخوان المسلمین نێردرابۆهند وباکستان،کەچووە لای سەرۆک محمد علي جناح لە 1947داونامەیەکی بەننای هەڵگرتبووکە تیایداهاتبوو.....؛ من برای مجاهیدمامۆستا صالح عشماوي وکیلی ئیخوان المسلمین وسەرنوسەری ڕۆژنامە تان پێ دەناسێنم کەهەمیشە بەتەنگ پتەوکردنی پەیوەندی نێوان میسروپاکستانە..

بەدرێژ ایی ڕۆژنامەو انی وگۆڤارەکانی ئیخوان لەساڵی ١٩٣٨-١٩٤٨عەشماوی سەرنوسەری هەموویان بووە.،لە دوای کۆچی دو ایی بەننانش عەشماوی لە 30 مایو1950دا یەکەم ژمارەی توێژینەوە دادوەریەکانی دەرکرد.

کەلە 23 یناير1951داخرا.پاشان ڕۆژنامەی بانگەوازی لە 30 یناير1951دەرکرد بەڵام 1 دیسمبر1953ڕاگیرا،

نمونەیەک لەنوسینەکانی:

(حەسەن بەننا قۆناغێکە لە قۆناغەکانی خەباتی ئیسلامی،،کاتێ بەنناهات مەزهەب گەری ودەمارگیری مسوڵمانانی پارچە پارچە کردبوو،،بەڵام ئەو لەسەربنەمای تەوحیدو ئیمان بانگی ئوممەتی کرد بۆیەکبوون، وە داوای گەڕانەوەی مسوڵمانانی کرد بۆ دوو ژێدەری سەرەکی قورئان وفەرمودە.)

هەمیشە ئاماژەی بەوفەرمودە دەکردکە دەفەرموێ هەرکۆمەڵێک ڕوو لە چەنەبازی وجەدەل بکەن گومڕادەبن،وە ئەوڕێسا زێڕینەی کەداینـاوە با لەوەی لەسەری کۆکین هاوکاری یەکتربکەین ولەوەی تیایداناوکین پاساوبۆیەکتربێنینەوە.".

لە یادی شەهیدبوونی بەنانوسی:

کاتێ دەوڵەت پیلانی گێڕا، پاشاوحکومەت فاروق پاشاو ئیبراهیم هادی سەرۆک وەزیران، پیلانەکە وەزیرو پۆلیس ودەسەڵات و چەکدارەکانی دەوڵەت لەدژی پیوێکی تەنها،بێ چەک، بێ پشتیوان ،ئامانجێکی لەوشێوە بۆ هەموو ترسنۆکێک ئاسانە،،، ئەودەوڵەت ودەسەڵاتە ئەوشەقامەو ئەوشەوەوئەو خوێنڕێژ انەشی دیاری کردن وچەکداری کردن، ڕۆژەکەش ۱۲-۲-ڕۆژی لەدایک بوونی پاشابوو تا پاشا زیاتردڵی خۆش بێ، کاسەلێسەکانی هەوڵیان دا ئەو پاشایە بەختەوەربکەن ولەڕۆژی لەدایک بوونی دا سەری خەسەن بەننای لە پێش دانێن لەڕۆژی

12 فبرایر 1949.

وەهەرلە ساڵانی ۱۹۵۰ هەناسەیەکی بۆگەڕایەوە،پڕبەدم هاواری کرد:

لەسەرفەڕو پیرۆزی اللە ئەی سەربازە کانی ناوسەنگەر، ئەی برایان، سەرباز انی اللە ومحمدی ڕەحمەت ومیهرەبانی، ،ئەی لاو انی ئیسلامی دینی گشت بەهاکان..

ئەی پشتیو انانی حەق،ئەی هەڵگر انی سپاردەی محمدی، کە بەڵێنتان داوە لەسەرجیهادلە پێناوی عیزەتی ئیسلامی..

ئەی پیاو انێ کە بەڵێنتان داوە لەسەرهەڵسان بە ئەرکەکانتان، ئەوا ڕۆشنایی ڕزگاری لەکۆیلایەتی لە بانگەوازەکەتانەوە درەوشایەوە، ئومێدەکان ی شکۆداری لە بوژ انەوەکەتان نوێ بۆوە، ئاسمانەکان وزەمین ئایەتی سوپاس وستایشیان بۆڕێنماجو انەکانتان خوێندەوە.....))

عەشماوی توشی مەینەتی زۆربووە، زیندانی کراوە،

پاش بەربوونی لاو انی ئیخوان ،کەس بوێری ئەوەی نەبوو کە بێتە پێشەوەو بڵێ من پێشەنگی کارو انەکەدەکەم بێجگە لە عەشماوی، گۆڕەپان و جەماوەروبانگەوازلەدوای بەننای جو انەمەرگ لە

30 ئەبریل 1951دا عەشماوی بووە ڕابەری دووەمی گشتی ئیخوان ، کاتێ پاشا زانی ئەم بانگەوازە نامرێ بۆیە دەبێ کەسێکی هاوکارلەگەڵ دەسەڵات ودوورلەشۆڕشی بەڕابەربۆ دانرێ وتا لەناوخۆیدا خۆبخو اتەوەو خوێنگەرمەکانی دژی ئەو انی تربوەستن بۆیە هوزەیبی لەلایەن دەوڵەت بەسەرئیخو اندا وەک ڕابەری گشتی سەپێنرا کەبە شایەتی محمد غەزالی لە ئیخو اندا نەبوو، کە ئیخو انیش بووبێ ئەندامی وەرشەی ڕێکخستنی نهێنی نەبوو..

کەلەنەخشەڕێگەی بەننناوسەرانی دامەزرێنەرو پەیمان وبەیعەت وەرگری ئیخوان دەبوو ڕابەرو سەرکێشی لایەنی مەدەنی وسەربازیش هەرلەو وەرشەیەبن..

هوزەیبی کاتێ بووە ڕابەروەک دەستێک ویستی یەکەم شتێک بیگۆڕێ، گۆڕینی ڕێکخستنی تایبەت بوو، ئەم هەوڵانە پشێوی لێ کەوتەوەو عبدالرحمن سندی سەرۆکی ڕێکخستنەکەو چەندین کەس دژی بڕیارەکەبوون، ،بۆیە هوزەیبی ڕابەرناچاربوو کەپەنابەرێتەبەر نوسینگەی ئیرشاد بۆ پێکهێنانی لێژنەیەکی بنچینەیی بۆ بەدواداچوونی بابەتەکە،ئەم لێژنە لە پێشەنگاکە بوو، کەبەننابەمانەی گوتبوو پێشەنگا، ئەم لێژنە بڕیاری دا کە محمودلەبیب دامەزرێنەروسەرۆکی نەوجەو انان ودامەزرێنەری ئەفسەرانی ئازادو باوەڕێکراوی بەننناو عبدالرحمن سندی دامەزرێنەرو بەیعەتوەرگروسەروەسیەتی بەننابۆڕابەری گشتی و وأحمد زكي حسن وأحمد عادل كمال لە کۆمەڵەی ئیخوان فەسڵ بکرێن ودەربکرێن، ئەم بڕیارە لە 15 ربيع الأول 1373هـ / 22 نوفمبر1953 دەرکران کەبەهۆیەوە کۆمەڵەکە بۆ هەتا هەتایە دووڵەت بوو، سندی ولبیبو عشماوی وعزیزمسری وئەفسەرانی ئازاد بەسەرکردایەتی عبدالناسر کە ئەوان کۆمەڵەی ئیخو انی ڕاستەقینەبوون و وەرشەو کارگەکە بوون بوونە باڵێک و کەسانی وەک غەزالی وسیدسابق و زۆرێکی تریش بێ لایەن بوون لەژێرسایەی دەوڵەتی عبدالناسر بەردەوامیان بەخزمەتەکانیاندا، کەمێکیش لەگەڵ هوزەیبی بوون..

ئابەم شێوە ڕەوتی ئیخو انی هوزەیبی و تەلەسانی و دوای ئەو انیش لە ڕەوتێکی جە؟ماوەری حساب بۆ کراولەڕۆژئاواوڕۆژهەڵات بووە ڕەوتێکی گرگن و پوکاوە لە میسردا..

عەشماوی لە ڕۆژی دووشەم لە هەشتی ربيع الأول 1404/دوازدەی دیسمبر1983کۆچی دو ایی کرد...

ڕێکخستنی تایبەتی کۆمەڵەی ئیخوان المسلمین.:

ڕێکخراوێکی سەربازی بوو کە ئیخوان دای مەزر اندبووله ساڵی 1940دا.

مهدی عاکف دەڵێ که ئامانجی ئەم ڕێکخراوه بریتی بوون له ئاماده کردنی چەند کەسێکی لێوەشاوەوهەڵبژێردراوبوون له ئیخوان بۆ بەئەستۆ گرتنی چەندپۆستێکی هەستیرو تایبەت ومەشقپێکردن لەسەرکردەوەو ئامادەکاری سەربازی، ودەرهێنانی گەلی میسر لەو نەخوێندەواریە سەربازیەی پێوەی دەتلانەو،تائامادەبن بۆڕووبەڕووبوونەوە لگەڵ داگیرکەران.

چونکە لەوکاتە زۆربەی میسریەکان هیچیان لەسەربازی نەدەزانی وهەرچی کاتی سەربازی دەهات بە بیست جونەیە خۆی لێ دەربازدەکرد، .

محمود عبد الحليم له کتێبی الإخوان المسلمون أحداث صنعت التاريخ دادەڵێ:

ڕێکخستنی تایبەت بۆ بەربەرەکانی دژی داگیرکەری بەریتانیا له میسردروست کرا، وەدژی پیلانی زایۆنیەکان بۆ داگیرکردنی فەلەستین،وەلەبەناوبانگترین ئەندامەکانە ئەم ڕێک خراوە بریتی بوون له: جمال عبد الناصروخالد محيي الدين .

کاتێ حەسەن بەناهەستی بە مەترسی درێژخایەنی ئینگلیزوجولەکەو هەوڵیان بۆ گۆڕینی دیمۆگر افیای ناوچەکە کرد، ویستی سوپای مسوڵمان لەسەرئاستێکی بەرزبێ، هەستی بەلاوازی وڵاتە عەرەبیەکان دەکردلەوبواره، بۆیە ئەم ڕێکخستنە تایبەتەی دروست کرد،ئەمە بیرۆکەی هاوبەشی نێوان حاج أمين الحسيني (مفتي فلسطين) و حسن البنا ی(مرشد ی ائیخوان)بوو.

ئەم بیرۆکە حزبوڕەوتەکانی تریش له چەپڕەوو ڕاست ڕەوونیشتمانیەکان ئەم جۆرە ڕێکخراوەنهێنیانەیان هەبوو وەک حزبی وەفد و سەعدیەکان وکۆمتنیستەکان و میسری لاو،،،هتد.

لەساڵی 1948 دا لەکاتی دەست بەسەراگیرانی جێبەکەی عبدالرحمن سندی ئەم ڕێکخراوە ئاشکرابوو،زانرا کئامنجی چیە و یاسای چیە،.

يوسف القرضاوي له یاداشتەکانی دا دەڵێ ": ئەم کەیسە درایە قازی أحمد بك كامل،زیادله سی کەس تۆمەتیان درابووە پاڵ ،لەو انەش : عبد الرحمن السندي، ومصطفى مشهور، ومحمود الصباغ، وأحمد حسنين، وأحمد زكي وجگەلەو انەش.

بڵام بارودۆخە سیاسیەکە جێگیرنەبوو ،حکومەتی براهیم هادی دوای تیرۆری بەننا هەڵوەشایەوە،ڕێدرا کەگیراوەکان پارێزەریان هەبێ، پارێزەری ئیسلامی ونیشتمانپەروەری وەک

مختارعبد العليم، وشمس الدين الشناوي، وعبد المجيد نافع، وعزيزفهمي، وأحمد حسين کارەکان بەئەستۆگرت، شاهێدی کەسایەتیە سەربازیەگەورەکانی میسرووەک للواء المواوي، وللواء فؤاد صادق وەرگیرا.

وەلەبەرڕابردووی خەباتی گراوەکان لە شەڕی فەلەستین وبەرگریان لەنیشتمان حوکمی سوکیان بەسەرداسەپێنرا،بەئاشکرا بوونی ئەوڕێکخراوە جەماوەرزانی کە ڕۆڵی ئیخوان لە کێشەهەستیارەکانی سەرمیسروعەرەب زۆرگەورەبووە ،سەرۆکی دادگاکە ڕاوێژکاری گەورە أحمد كامل هاتە ناوکۆمەڵی ئیخوان.

وڕۆژنامەکان ئەمەیان بە مانشێتی گەورە نوسی.

دامەزرێنەرانی ئەم ڕێکخراوە ئەمانەبوون:

عبد الرحمن السندی

صالح عشماوي.

حسين كمال الدين.

حامد شريت.

عبد العزيز أحمد.

محمود عبد الحليم.

حسن البنا سەرکردایەتی بە صالح عشماوي، سپاردبوولەسەرەتا، وە عەشماوی وەکیلی کۆمەڵەی ئیخوان بوو، محمود عبد الحليم سەرەتاڕۆڵی بەرفراوانی جێبەجێکاری هەبوو، ئەولەم بارەوەدەڵێ:ئەوئەندامی کارای خوێندکاران بوو، بۆیە تو انی والەخوێندکاران بکا کە پێکێنەری سەرەکی ڕێکخراوەکەبن، ،ڕێکخراوەکە بۆ چەندهێشویەک دابەش کرابوو،؟،کەسیان کەسیان نەدەناسی،،هەموویان بەرنامەیەکی ڕوحی وئیمانی چڕیان پێدرابوو، ،وەبەدرێژی باسی فقهی جیهادلە ئیسلام داو مەشقی سەربازی وبەکارهێنانی چەک

ووبەرگەگرتنی کاری زەحمەت ووگوێڕایەڵی وملکەچ بوونلەخۆشی وناخۆشیدا وشاردنەوەی نهێنیەکان پەروەردەکرابوون.

بەڵام محمود عبد الحليم وازی لەودەزگایە هێنا ولەدوای خۆی بۆ بەئەستۆگرتنی ئەوبەرپرسیاریە عبد الرحمن السندي هەڵبژارد وبۆخۆی کارەکەی گوازر ایەوەبۆ دەمنهورلە 1941/6/16 دا.

ئەم رێکخستنە تایبەتە هێشوی زنجیرەیی بوون، هەرکۆمەڵەیەک لە پنج کەس پێک هاتبوو، هەریەکێک لەو پێنجانە بەرپرسی پێنجی دیکە بوون، بەم شێوە زنجیرەکە درێژدەبێتەوە بێ کۆتایی هاتن.لەسەری هەموو هێشوەکان هێشویەکی هەشت کەسی هەیە، پێنج لەوهەشتانە و ابەستەی هێشوەکانی خوارەوەن کە ئەمانەبوون

(عبد الرحمن السندي ومصطفى مشهور ومحمود الصباغ وأحمد زكي حسن وأحمد حسنين؛ پێنجی و ابەستە بەمانەش بریتی بوون لە: صالح عشماوي ومحمد خميس حميدة والشيخ محمد فرغلي وعبد العزيزكامل ومحمود عساف.

محمود الصباغ لە کتێبی "حقيقة النظام الخاص" دەڵێ " یەکەم شتێک کە ئەندامی نوێی تێدا تاقی دەکرایەوەئەوبوو کە تامەزرۆبوونی خۆیی بۆ جیهاد لە پێناوی الله ڕاگەیەنێ، وەلە ماڵی تایبەتی حەڵاڵی خۆی دەبێ دەمانچەیەک بکرێ، کەلەوکاتەدا بە سێ جونەیە بوو، ،پاشان ئەندامی پێک هاتوو "المُكَوّن" دەبوو بەحەوت دانیشتنی ناسین وز انین دا تێبپەڕێ، ئەمەش و اتە ئەوکەسە کەهەڵسێ بە پێکهێنانی ئەندامانی ڕێکخراوەکە،،،،ئەم دانیشتنانە بەناسینی تەواوی پاڵێوراوبۆ ئەندامبوون دەستی پێ دەکرد،پاشان دانیشتنی ڕوحی کە باسی نوێژو شەونوێژوقورئان خوێندن بوو، دانیشتنی سێیەم داوادەکرا لە پاڵێوراو وەسێتنامەو ڕاسپاردەی خۆی بنوسێ، .لە دانیشتنی چوارەم کەکەلە گەڕەکی صليبة لای شەقامی أم عباس دەکرا،پاڵێوراو داوای لێدەکرا بەیەعەت بداللەبەردەم سندی و سەرۆکی هێشوەکە، هەرسێک دەچوونە ژووری بەیعەت دا کە ژوورێکی تاریک بوو چراکانی کوژ ابوونەوە،،دەبوو لەسەرزەوی دانیشن،بەرامبەربە کەسێک کە هەموو لاشەی داپۆشرابوو ،هیچ شوێنی دیارنەبوو، مێزێکی نەوی لە پێش بوو، مەسحەفی قورئانی لەسەربوو ، ئەوکەسە داپۆشراوە ئایەتەکانی کوشتاروبارودۆخی نهێنی ئەم سوپاولەشکرەی دەخوێند، وەجەختی دەکردەوە لەسەرئەوەی ئەم بەیعەتە لەسەربەڵێندەرپێویست دەبێ کە پابەندبێ پێیەوە،کە ناپاکی کرد ئەوکەسە لە ئیخوان دەردەکرێ، کەسەکە دەمانچەیەک لە گیرفانی دەردێنێ

وداواله‌پاڵێوراوه‌کا ده‌ست له‌سه‌رقورئانه‌که‌دانێ، ودەست له ده‌مانچه‌که بدا وسوێندبخوا وبه‌یعه‌ت بدا ،دوای ئه‌وه ئه‌وپاڵێوراوه‌بۆته ئه‌ندام له سوپای ئیسلامی،

" محمود الصباغ له کتێبه‌که‌ی ده‌ڵێ: " پاش ده‌رکه‌وتنی سه‌رکردایه‌تی ئیخوان زانرا که ئه‌وکه‌سه داپۆشراوه صالح عشماوي وکیلی کۆمه‌ڵی ئیخوان بووه، ،،

پاش ئه‌م دانیشتنی چواره‌مه ئه‌ندامی نوێ به چوارقۆناغدا تێده‌په‌ڕی،که‌هه‌رقۆناغه‌ی 15 هه‌فته‌ی ده‌خایاند، له‌وهه‌فتانه به‌رنامه‌یه‌کی تۆکمه‌و خه‌ستی سه‌ربازی وپه‌روه‌رده‌ی سه‌ربازی وجیهادی و په‌رستش و ڕوحانی پێ ده‌کرا..

گرنگترین ئۆپراسیۆنه‌کانی ڕێکخراوی تایبه‌ت:

- فڕێدانی بۆمبێک بۆناویانه‌ی مه‌ی خواردنه‌وه‌ی به‌ریتانیه کان له‌سه‌ری ساڵی 1945 دا.

-ته‌قاندنه‌وه‌ی کۆمپانیای ڕیکلامی ڕۆژهه‌ڵاتی جوله‌که‌کان له 12 نوفمبر1948 .

-ته‌قاندنه‌وه‌ی لشیکوریل وسینمای تایبه‌ت به‌جوله‌که‌کان.

-په‌کخستنی که‌شتی جوله‌که‌کان له به‌نده‌ری پۆرسه‌عید.

-ته‌قاندنه‌وه‌ی چه‌ندخانوێک له‌گه‌ڕه‌کی جوله‌کان له قاهیره.

- ڕوداوی ئوتێلی ملك جورج.

-نانه‌وه‌ی مینی نه‌ته‌قیوه‌و هۆشداریده‌رله شه‌ش به‌شی پۆلیسی قاهیره‌له 26 نوفمبر1946 وديسمبر 1946،بۆله‌باربردنی پێک هاتنی صدقي بيفن که دوای ئه‌مه حکومه‌تی إسماعيل صدقي باشا ده‌ستی له‌کارکێشایه‌وه.

-به‌شداری چالاک له‌شه‌ڕی فه‌له‌ستین هه‌رله

1936 تاکوو 1948.

گرنگترین ئۆپراسیۆنیه‌کانی ڕێکخستنی تایبه‌ت له فه‌له‌ستین:

یه‌که‌م کاری ڕێکخستنی گشتی په‌نادان وباوه‌ش کردنه‌وه‌بوو بو حاج "أمين الحسيني" مفتي "فلسطين" که‌ڕای کردبۆ "قاهرة" له(1365 هـ = 1946 م)،له‌ترسی دادگایی کردن که‌له‌دوای کۆتایی شه‌ڕی دووه‌م به‌ریتانیه‌کان ناوبراویان به‌وه‌تۆمه‌ت باردەکردکه هاوکاری هیتله‌ری

کردووەودژی بەریتانیەکان جەنگاوە، کۆمەڵەی ئیخوان وڕێکخستنی تایبەت غشاریان خستە سەرپاشاوحکومەتی میسرکە نابێ موفتی و فەلەستینیەکان لەم مەینەتە پشتیان تێبکرێ

-جەنگێ کفاردیرومی یەکەم

- نانەوەی کەمینەکان وڕاوکردنی سەربازەکانی جولەکە وتێکشکاندنی تۆڕی ئاووئاوەڕۆ.

- تێکشکاندنی برجی مستعمرەی"تل بیوت"

- ستاندنەوەی دیرمارإلیاس لەجولەکە

- ئازادکردنی گوندی عسلوج

- ڕێگرتن لەجولەکە کە شاخی مکبربگرێ،

-تێکشکاندن وکوشتنی ئەفسەروسەربازانی جولەکەوگرتنی بنکەی سەربازی تبّة الیمن

- بەهانەوەچوون و یارمەتی گەیاندنە عبدالناسرو سوپای میسری گەمارۆدراو لە فالوجا لەلایەن جولەکەکانەوەلە ساڵی ١٩٤٨-١٩٤٩.

هەردووشاری "بیت لحم" و"الخلیل"وزۆرشوێنی دیکەش ،هێشتابەدەست ڕێکخستنی تایبەت وئەفسەرانی ئازادی سوپای میسرەوەبوون کە سەرۆکوەزیران بەرلەکوژرانی بە دەست بەسەراگرتنی هەموو موڵک وماڵ وسامانی ئیخوان ودام ودەزگاکانیاندا بگیرێ، کەچی ئەمەش ساردی نەکردنەوەو دوای ئەوبڕیارەش ئەم هەموو ئۆپراسیۆنەیان لە فەلەستین دا کردن کەباسکران.

هەڵبەت نەقراشی کەئەوبڕیارەی دابوو تا کۆمەڵەی ئیخوان لەتاوی حاڵی خۆیان لە میسر نەتوانن لەگەڵ جولەکە شەڕیکەن وناچاربەخۆڕادەستکرنەوەبن، کە ئەوەڕووی نەدا.

لەدوای کوژرانی بەنناش ڕێکخستنی تایبەت ئۆپراسیۆنی کردووە وەک:

- بەشداری لە دەرکردنی ئینگلیزەکان لە ساڵی.

. 1951

- هێرش کردنە سەرزێپۆشەکانی باشوری قنطرة - هاویشتنی شوشەی سوتێنەربۆناو ئۆتۆمبیلەسەربازیەکانی داگیرکەر.

- تەقاندنەوەی گەنجەنەکانی تەقەمەنی لەأبي سلطان

- تێک شکاندنی ئەوبۆریە ئاو انەی ئاویان بۆ سەربازگە میسریەکان دەگواستەوە.

- تەقاندنەوەی شەمەندەفەرەکانی بەریتانیالەکەنالی سوێس وئیسماعیلیە.

نسف قطارات الإنجليزفي مناطق السويس والإسماعيلية

- پێکانی زریپۆشێک لە سەربازگەی قرین

- تەقاندنەوەی هێڵی شەمەندەفەری گوندی أبو حماد

- سوتاندنی کۆگاکانی نەوت لە شاخی عتاقة لە سویس).

للواء صلاح شادي کەیەکێکە لە ئەندامانی کۆنی دەزگای تایبەت لە کتێبی "دروێنەی تەمەنحصاد العمر"دادەڵێ:

گرنترین ئۆپراسیۆنە تایبەتەکانی ئەودەزگایە ئەمانەبوون:

-تیرۆرکردنی قاضي أحمد الخازندارلە 22 مارس

1948 کە قەرزاوی دەڵێ بەننا ئەم کردەوەی پێ ناخۆش بووە.

-تیرۆرکردنی محمود فهمي النقراشي باشا ی سەرۆکوەزیران لە 28 دیسمبر1948 .

ڕێکخستنی تایبەت دووباڵی هەبوون، باڵی مەدەنی کە عبد الرحمن السندي، سەرکردایتی دەکرد، باڵی پۆلیس کە للواء صلاح شادي لێی بەرپرس بوو، بەڵام لەناوچوارچێوەی باڵی سەربازی کە جگەلەبەشی پۆلیس بشی سەربازیشی هەبوو، سەرکردایەتی ئەم باڵە لای الصاغ محمود لبيب، وهاوکارەکەی عبد المنعم عبد الرءوف بوو کە دو اتردرایە جمال عبدالناسر.،

هوزەیی دەیز انی کە بیەوێ بژی و ئیخوان لە جیهادو چەکداری دوورخاتەوە دەبێ ئەم هەردووباڵەی لێ دوورخاتەوەو دەریان کا لە کۆمەڵەکە، کاتێ نەقراشی ئیخو انی هەڵوەشاندەوە ئەوەی کە فشاری لە فاروق کرد و نەقراشی کوشت و وای لێ کردن دووبارە ڕێبدەنەوە دووبارە

ئیخوان دەست بەچالاکیەکانیان بکەنەوە ئۆپراسیۆن وهەڕەشەکانی ڕێکخستنی تایبەت بوو، کەچی هوزەیبی بەم بڕیارەی ئیخوانی لە وماڵەی بەنا بۆی بنیاتنابوو کردە کرێچی،

ئەیمەن زەواهیری لە کاتی باس کردنی ئەم بابەتە پێی وایە کە ئەم باڵە هیچ کات پابەندی ئیسلام نەبوون وخەڵکێکی سەرخۆش وناپابەندبوون بە ئیسلامەوە کەئەمەوانیە، وە زەواهری هەموو مافەکان دەداتە هوزەیبی لە مل ملانێی لەگەڵ ئەوباڵە ووەک باڵی ناسری دەیناسێنێ، کەچی ئاگای لەوەنیە کەباڵی هوزەیبی لەوکاتەدا بەتەواوی خۆیان هاویشتبوە باوەشی ئەیزنهاوەرو ئەوروپاو بەریتانیاو هێشتائەم باڵە هیچ پەیوەندیەکیان بە چەپ و سۆڤیەتەوە نەبوو، بەڵکو هێشتا ئەمریکاو ئەوروپا دوودڵ بوون کە لەنێوان هوزەیبی و ڕەمەزان لەگەڵ عبدالناسرو سندی کام باڵیان بۆ ئەوان دەستەمۆدەبێ، لەکۆتایی دا بۆیان دەرکەوت کەسندی وعبدالناسر هەرگیزبۆئەوان ژێربارنابن بۆیە باڵەکەی هوزەیبی سعید ڕەمەزانیان هەڵ بژارد.

زەواهری دەڵێ کە چەپ ومارکسیەکان بەرهەمی هەوڵەکەی ئیخوانیان خوارد، لە ڕاستیدا ئەمە زەواهریش دەزانێ کە پێشەنگی یەکەم کە ڕەسولی سەرمەشقە علیه السلام کاتێ لەمەککە بە چواردە ساڵ وەرشەوکارگەکەی یاوەران وژێرزەمینەکە بنیات دەنێ ئەوە وەک ڕێکخراوی عەشماوی وسندی ولبیبە لە ژیانی بەننا، وەکاتێ لە مەدینەش دەوڵەتی مەدینە دروست دەکاو ئەودەوڵەتە پڕەلە هاوپەیمانی بەستن وئاگربەست و دانانی دەستورو پێشێل کردنی دەستورو ئاگربەست شکان وپەیمان هەڵوەشانەوەو فراوان بوون وگەمارۆدران وشەڕو ئاشتی وتێکشکان وسەرکەوتن،هەمووی لەماوەی دەساڵ دا، ئەمە وەک ژیانی بەننالە کاتی فەلەستین وتاسەرکەوتنی عبدالناسروسندیە.

هەڵبژاردنی کەسانی مەیخۆریش کارێکی یساغ نیە، پێغەمبەریش مەیخۆرو وقوماربازانی بانگ کردو ئەوان لە یاوەرانی دیکەی ئازاتروجەربەزەتربوون، ئەوکەسەی لەکاتی نەفامی تاوانی نەکردوە لەوەیە لەبەرترسنۆکی وبێ دەسەڵاتی نەیکردبێ، مەیخۆرەکان کەبتوانن وازلەوئاڵودە بوونە بێنن ئەوە ئەوپەڕی ئازایەتیە.

بابەتی بەرهەمیش کێ دەیخوا ،ئەوەتابەرهەمی پێغەمبەرویاوەرانی کەسانی وەک معاویە ومەروان وعەباسیەکان خواردویانە ونەوەو وەچەکان ویاوەرو پاکیزەکانیشی سەربڕدراوو لەخاچ دراوو لێدراوو پێدادراوبوون ،باوەڕناکەم ئەوەندەی سوپاکەی یەزید کچە سەحابەی بە ئیغتساب دووگیان کردوون ،لە مەدینەی پیرۆزو خەڵکی لەیاوەران وکوڕانی یاوەران تێدا

شەهیدکردووەو هەفتەیەک نوێژلە مزگەوتی مەدینە لە ڕۆداوی حەڕە نەکراوە، باوەڕناکەم عبدالناسر ئەوەی کردبێ،وەهەرلەسەردەمی ئالی مەڕوان کوڕی حەواری پێغەمبەرلەخاچ دراوەوسوکایەتی بە ئەسمای دووپشتێن و بە بنەماڵەی ئەبووبکرو زوبێرکراوە، ئەوسوکایەتیە ودەست درێژیە کە ئەبوجەهل وئەبولەهەبیش نەیانتوانیوە دەرحەقیان بکەن.

وە ئەوزیادەڕەویەی کەلە بەکافرز انینی کەسانی وەک عبدالناسروهاوشێوەکانی وزیادەڕەوی لە ستەمی عبدالناسروبە فریشتەکردنی باڵەکەی دیکە ڕاست نیەوزیادە ڕەویە ، سەید قوتب مێژوو دەڵێ کە گوتارەکانی لە سیەکانی سەدەی ڕابردوو خلاعی وسارتەری بوون وداوای یانەی ڕوتەکانی کردوە،کەئەوکاتە عبدالناسر منالێک بووە بە منداڵی بەشداری لەخۆپیشاندان کردوەوقورئانی خوێندووە، سەیدقوتبی چلەکان ماسۆنی بووەو گوتاری لە ڕۆژنامەی تاجی ماسۆنیەکانی میسرنوسیوەو چەمکەکانی ماسۆنیەتی بۆ لێک داونەوە ،ئەوکاتە عبدالناسرلە لە گەرمای سودان ئەفسەربووەولەقەهیرە لەژێرزەمینەکەی سندی ولبیبو عەشماوی فقهی جیهادی خوێندوە،،ئەوکاتەی سەید لەوەفد توڕەبوەوچۆتە گەڵ سەعدیەکان ولەساڵی ١٩٤٨تاکو١٩٥٢ لە ئەمریکا خەریکی عەیشونۆش بووە، عبدالناسرلە و بیابان ودۆڵانە لەبەرگەرمای نیوەڕۆ مەشقی بە تاکەکانی سوپاکەی ئیخوان کردوە، پاشان لە فەلەستین وخۆی ویەکە سەربازیەکەی لە پێشی شەڕبوون وگەمارۆبوون، بەننا لەشەوی کوژرانی داوەک دەرمانی چاوئێشە بەدوای ناسردادەگەڕاوەهەرناوی سەیدقوتبی نەدەزانی، لەبیب لەسەرەمەرگدا تەنیا ناسری لەگەڵ بوو کە ڕاسپاردەکەی بداتێ، کاتێ ناسروهەواڵانی کاریان کرد تافاروق لە بڕیاری هەڵوەشانەوەی ئیخوان پەشیمان بێتەوەو هەرسێ مامۆستاکەی عزیزمسری وعشماوی وسندی لە زیندان دەرێنان ،سەید هەرلە ئەمریکابوو، کاتێ هوزیبی دەیەویست بۆڕازی کردنی بەریتانیاوئەمریکا سندی وعشماوی وچەندین کەسی دی لە ئیخوان دەرکا تەنیا ناسرباوەشی بۆکردنەوە، سەید دوای گەڕانەوەش کەوای دەرخست بۆتە ئیخوان بۆماوەی دەساڵ ئەوتەنیاخەریکی نوسین وئیرشادبوو، شەڕی سێ قۆڵی کرا،میسر هێرشی کرایەسەر، پیرەمێردێکی وەک عزیز میسری وسندی لە دژی ئەوشەڕەبوون، سەید بەهێمنی وئاسایشی لەماڵی خۆی بوو، کۆمەڵەکەی لەگەڵ ئەیزنهاوەروبەریتانی وئەڵمانی وکەنداویەکان خەریکی پیلانگێڕی بوون لەدژی شۆڕشەکەی ناسروئەو مێشی میوان نەبوو،ئالێرەدا هەموو کەس حەق دەداتە ناسرکە لێپێچینەوە لەگەڵ ئەوجۆرەکەسانە بکا.

سوربوونی سەیدلەسەرپشتگرتنی ڕەوتێک لەگ ئایزنهاوەردانیشتن بکەن بەڵگەیە لەسەر ناپاکی نیشتمانی. بۆیە کاتێ ڕوداوەکان لەسەرنەخشەدادەنرێن دەزانین کە عبدالناسرلەسەر حەق بووە..

هەرلە سەرەتای مرۆڤایەتیش ئەو انەی خانوەکان دروست دەکەن ،خانوەکە بە دەسآڵ بناغەی بۆدەکرێ،بە بیست سآڵ دەبێتە خانوو لەدەیەی سێ یەم وچوارەم کوڕەکان وکچەکانی دامەزرێنەرگەورەدەبن ،هەموارکردن و چاک کردن وگۆڕین وزیادوکەم لەخانوەکە دەست پێ دەکەن، لەم زیادوکەمیەش ڕایان جیاوازدەبێ، ڕێک دەکەون، بەڵام تارێکتربن خانوەکە جوانتردەبێ و نهۆمی دووەم جوانتردەبێ.

بەڵام کاتێ کوڕونەوەکان ویستیان بناغەبگۆڕن وگوتیان بناغەکە دەبێ دەستکاری بکرێ تابتوانین قاتی دووەم دروست کەین ،ئەمەیەدەبێتە هۆی ئەوەی کە قاتی دووەم وقاتی ژێرخان دەنگ لێک دابڕن ویەکترنەدوێنن ویەکترنەناسن ودوژمنی یەکتربن .

لەسەربابەتی بەتیرۆربینینی هەموو تووندوتیژیەک، یان ئایا هەموو تیرۆرێک ڕەتکراوەیەو هیچ تیرۆرێک نیە پیرۆزبێ؟

فەیلە سوفە کۆنەکان رایان و ابوو کە غافلکگیرکوژی دیکتاتۆر وزۆردارو خونکارە تاکڕەوەکان, بەکاری پیویست دەزانی ,لە یۆنانی کۆن ئەم کوشتنەیان نەك هەرلا ناشیرین نەبوو,بەلکو پیرۆزیش بوو,پیویستیەکی نیشتمانی ونەتەوەیی و واجبیکی ربانی بوو,وە فەرزیکی دینی بوو,پاڵەوانەکانی وەك :هیبیاسی ئەسینی و هیبارك لە تەنیشت پەیکەری خواکان پەیکەریان بۆکرابوو و بە چاوی ڕیزو تقدیسەوە سەیردەکران،چونکە لە پیناوی تیرۆرکردنی زۆردارو خونکاری شارەکەیان بووبوونە قوربانی ,ئەم بە پیرۆزسەیرکردنی پاڵەوانانی ئیغتیال کەروتیرۆرکەر بۆچوونی ئەکزەینەفۆن و ئەفلاتون وئەرستۆش بوو,تەنانەت دیموستین پێ ی وابوو کە ئەمە ئەوپەڕی نیشتمانپەروەری و دواترۆپکەی پلەی خۆبەخت کردنە لە پیناوی دیموکراتی دا. ,ئەرستۆدەڵێ :ئەمە یاسای سروشتە .

لای ڕۆمانیەکانیش هەربەم شیوە بوو ,تەنانەت لای شیشرۆن زۆرلەوەش فراوانتربوو,لە لای کاسۆلیکەکانیش ئەم حەقەیان بە خۆیان داوزۆربە فراوانی بەکاریان هینابۆلەناوبردنی نەیارانی کەنیسە,بە بیانوی بنبڕکردنی هرتقەوکافربوون دادگای تۆقێنەری تەفتیشیان دامەزراندوزاناوبیرمەند وڕۆشنبیرو فەلەکناس وخەڵکانی داهێنەریان سوتاندن وخۆیان وکتێب وداهێنراوەکانیان لە ناوەبران.

لەدوای شۆرشی فەرەنسیش رۆبسبیرو دەستەکەی و دەستەکانی تری ناو شۆرش ئەم مافەیان زۆربەکارهینا و تادواجار ملی خودی رۆبسبیریش کەوتە بەر مەسقەلەی پاکتاوی زۆرداران.

وەلە م سەردەمەش دا دەستە شۆرشگیرە چەپ و ڕەوتە دینیەکان ئەم مافە بە کاریکی پیرۆز دەزانن,دەمینیتەوە دەستەی لیبرالی و ئەو انەی باوەریان بەچاکسازی هیواش و پلە بەپلە هەیە ,ئەمانە هەرچەندە لە ناو دیباجەو پەیڕەوو بانگەشەو ڕاگەیاندنەکانیان وادەڵێن ,بەلام ئەگەر ئەم هۆکارە لە دەستەو تاقمەکانی ترزیاتر بەکار نەهێنن ,کەمتریان بەکار نەهیناوە ,کوشتن و دەرماندا و کردن وتیرۆرکردنی کاریزماوسەرکردەوپێشەنگە شۆڕش گێڕو دکتاتۆروتاکڕەوەکان و کەسایەتی گرنگی تریش لە هەموو بوارەکان بەم شیوە کوشتنە بە دەرمان و بەناوی چارەسەر بۆدواجار لە وڵاتە لیبڕاڵیەکان بیدەنگ دەکرێن,

کە و اتە بۆمان ساغ بۆوە کە ئەم ئیغتیالە وتیرۆروخەپاندنە بۆزۆردارو هەم بۆ سەرکردە ی دەستە یاخیەکان و هەم بۆ کاریزما نەیارەکانی دەسەلات لەکۆن ونوێ ولەناوهەموو ڕەوت وبیرو دین وفەلسەفەکان بەکارهاتوەوبەکاردێ،,جا ئەو دەسەلاتە دینی بێ یان سیاسی ,عادل بێ یان ستەم کار,هەموو دەولەت وڕژیمە یەك لە دوای یەکەکانی مرۆڤایەتی ئەم بنەمایەیان پەیرەو کردوە ,وە ئیغتیالی کەعبی کوری ئەشرەف و ابور افعی جولەکە لە ژیانی پێغەمبەرعلیە السلام نمونەیەکن ل بەشەرعی ز انینی ئەم جۆرە کوشتنە لەکاتی پێویستدا.

سەبارەت بە پیوەری شۆرش و توندوتیژی ,باوەر مەکە کە شۆرش وگۆڕ انکاریەك هەبێ -چ لە ر ابردوو وچ لەداهاتوو-کە توندو تیژی تیدا بەکار نەهاتێ ,هەرلە پەیامبەران و رسول وئەنبیاکانەوە،تا فەیلەسوف و حەکیمەکان، تا ئەو انەی ئەستیرەی پرشنگداری ئاسمانی عەدالەتن ,کەسیان پرۆژەکانیان بێ خوین رشتن لە سەرزەوی لە دایك نەبوەو لە دایك نابێ ,چ لە ژیانی خۆیاندا و چ لە پاش خۆشیان,

بەڵێ پرۆژەیەکی تیۆری و نەزەری بۆ هەزاران سال لە ژیر خاك ,یان لە گۆڕێکدا ,یان لە مۆزەخانەو کتیب و کتیبخانەیەکدا دەمینیتەوەو لەو انەیە بەو انەش هەندیکی بخوێندرێ, بەلام ئەم بیردۆزەکە وەرگیرریتەسەرکردارو بکریتە پرۆژێکی زیندو ,دەبێ پرو پاتال ودەزگاو دامەزراوی کۆن کە دەستەو یەخەت دەبن بروخینی و بە شۆفل فرێ یان بدەیە زبلخانەی میژوو,ئەوجارلە سەرشوینی وان ئەو پرۆژە تۆز لێ نیشتوە مت بوە بۆ هەزاران سالە، لەمندالدانی و اقعدا بچینی و ئەویش لەدایك دەبێ وگەورەبوون مانەوەشی هەرخوین وفرمیسك ورەنج وعارەقی دەوێ، هەردەبێ پرۆژەی موجەدیدو تازەکەرەوەیەکیش ئەویش

بڕوخێنێ و بینایەکی سەدساڵە لە جێگای ئەو دروست بکا،جا کە پڕۆژە نوێکەرەوەتەجدیدیەکان سەدساڵ سەدساڵ بن،ئەوەشەرعەکان هەزارساڵین وڕۆژێک لای پەووەردگارت بۆدابەزین وگەڕانەوەی ئەمروفەرمان وشەرعی ئەوهەزارساڵە وەک لەسوڕەتی حەج وسجدەهاتووە چونکە بەهەزارساڵ دادەمزرێ وبەسەریش دەچێ، بەنمونە شەرعی محمدودینەکەی دوای هەزارساڵ هیچ چاکسازی وپینەوپەڕۆیەک نەیتوانی بهێنێتەوە مەیدانی ژیان، خۆقورئان وفەرمودەش ماون، بەڵام و ابۆزیادلە چوارسەدساڵە پەرەنسیپ وبنەما دینیە ئیسلامیەکان سەرکێش نین وپەڕاوێزکراون.

هەڵبەت ئەودینانەی پەڕاوێزدەبن وەک یەکەیەکی کۆمەڵایەتی وجالیەو ئولی بۆهەزاران ساڵیش دوای کەوتنی حوکمڕانی وشەرعەکەیان دەمێننەوە وەک دەبینین کەئەوهەموو دینە هەن،وەلەو انەیە دینەکان هەندجاربچنە پەڕاوێزو دوای هەزاران ساڵ بێنەوە سەرحوکمڕانی وەک دینی جولەکە.

کورتەیەک لە ژیانی سندی؛:

عبد الرحمن علي فراج سندي له پارێزگای مونیا لەساڵی 1918لەدایک بووەوەلە وکوساڵی 1962 کۆچی دو ایی کردووەودەشگوترێ بەهاڕڕاوەیەک لەلایەن کەسێک بەناوی ڕیازتیرۆرکراوە.

یەکێکە لە سەرکردەکانی ڕێزی یەکەمی ئیخوان،هەرلەدوای محمود عبد الحلیم ،بەننا کردیە بەرپرسی ڕێکخستنی نهێنی تایبەت لە 16 یونیو 1941..

—

لە کورتەی ژیانی عبدالناسر:

بە پێنوسی هودای کچی عبدالناسر

،هەرئەوەی پێشوو نوسراوە، کە نوسیمان ،تەنیا ئەوە زیادکراوە کە عبدالناسرلە

٢٩ یونیو١٩٤٤ دا هاوسەگیری لەگەڵ تحیة محمد کاظم – کردوە کە کچی بازرگانێکی ئێرانیە ودایکی میسریە، بەرهەمی ئەم هاوسەرگیریە دووکچ وسێ کوڕ بەناوەکانی هدی ومنی و خالد وعبد الحمید وعبد الحکیم بوون، ناوەکانی منداڵەکانی عبدالناسری سەعیدی

قەعتانی ،کاریگەری باگراوندی دینی لە ژیانی عبدالناسر دەردەکەوێ، خێز انەکەی ئەمینداروهاوکاری عبدالناسر بووە لە کاری نهێنی ومەشقی سوپای ئیسلام و دانیشتنەکانی لەبیب وسندی و جەنگی فەلەستین،وهەموو قۆناغەکانی ژیانی.

—

قسەوباسی زۆردووورودرێژم وازلێ هێنان لەبارەی نکولی کردنی ئەو انەی ئەم ڕوداو انەیان پێ هەرس نەکراوە، بەڵام لێرەدا پرسیارێک خۆی دەسەپێنێ، ڕەوتی ڕێکخراوی نهێنی زۆرێک چوونی هەیە لەگەڵ کەتیبەکانی قەسام وبۆکۆحەڕام وتالیبان وقاعیدەو داعش وسوپای ئێرلەندی سوپای سوری یابانی وپەکەکە،،ووهتد ،بۆچی ئەوکاتە جیهان بۆئەوەی ئەم بز اڤە زیاترسەرنەکێشێ بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی لەگۆڕانکاری باوەشی بۆکردەوەو نەی هێشت زیاتر بەرەو توندڕەوی بڕوا، بۆچی هەرهەمان بزاڤ لە سەرەتای ئەم سەدە کە بەهۆی ئەوستەملێکران وپەراوێزکر انەی بەرەوڕووی بوونەوە بۆتەهۆی سەرهەڵدانی قاعدەو تالیبان وزەرقاوی وداعش ولاو انی سۆمال؟

خۆهەرهەمان دەوڵەتی ئەمریکاوئەوروپاوکەندایەکان ئەم کارەیان کرد، بۆچی ئەوکاتە هیۆریان کردنەوەولە ڕەوتە ئایدۆلۆژیە تونەدەکە لاڕێکران وبەرەوخێرخوازی وکاری پەروەردەوکۆمەڵایەتی بردران، بەڵام ئەم جارە لەجیاتی بەلاڕێدابردران خەڵکی بێ تاو انیشیان لەلایەن ئەودەوڵەتانەوە پێوە لکێنرا، وڵامی ئەم پرسیارە لەوەداخۆی دەبینێتەوە کەئەوکاتە ئایدۆلۆژیای شۆڕشگێڕی توندڕەوی کەخۆی لە شۆڕشی بەلشەفی وشۆڕشی ڕۆشنبیری وترۆتسکی وگیڤاراو هۆشی منە وکاستڕۆلە ئەمریکای لاتین وئاسیا بوونی هەبوو ، ڕۆژئاوای بەگیرهێنابوو بۆیە ڕۆژئاو اییەکان نەیان ویست ئەم ڕەوتە شۆڕشگێڕیە تونده لوقاح و پێکوتی دینی و ئیمانداریشی لێ بدرێ وبەهێزتربێ، بەتایبەت کەئەوڕەوتە دینیە لە ناوەڕاستی جیهان ولەسەرکانگای سامان بێ، بۆیە زۆربەتەنگ ئەوەبوون کە ڕەوتی ئیسلامی بچێتە ڕێزی لیبڕالی و پاشایەتی ودیموکر اتی وبەم شێوە لیبڕالی ئیسلامی، دیموکر اتی ئیسلامی، پاشایەتی ئیسلامی،دەرەبەگایەتی ئیسلامی، بۆرژوای ئیسلامی ،،،هتد دروست بوو، بەڵام نەیانهێشت کۆمەنیزم وکۆمەنیست وسۆشیالیزمی ئیسلامی لە دایک بێ.

بەڵام لەسەرەتای دووهەزارئەوڕەوتە نەمابوو، جیهانی سەرمایەداری پێویستی بە پارسەنگ بوو چونکە دوژمن پاڵنەرێکی باشە بۆبەردەوامی شارستانی ئەوڕەوتە،بۆیە پاڵنان بەوڕەوتە بۆئەوەی جێگای بەرەی سۆڤیەت چەپ بگرێتەوە بۆ ئەمریکا پێویست بوو، چونکە ئەوڕەوتە

وەک سۆفیەت بەهێزنیە، چەکی ئەتۆمی نیە، یاریەکە بۆ سەرمایەداران ئاسانە، بۆیە ئەم جارە ئەوڕەوتە لەباتی باوەش بۆکردنەوە بەزۆرزیادەڕەوی لێدرا، هەرچەندە کە ئەوڕەوتە زۆرزوو کارلێکەکەی بەسەرچوو ولاوازبوو و مرد، چونکە بەرەی ناتۆنەیدەویست ئەوبەرە تا دەبیست ساڵی تریش بمرێ ،مانەوەی ئەوڕەوتە بۆ فرۆشتنی چەک و تاڵانکردنی ناوچەکەو پەنابردنی بنەماڵەوڕژێمە دەستنێژەکانی ڕۆژئاوا لەناوچەکە مانەوەی تیرۆری ئیسلامی بۆهەموو ئەمانەبۆناتۆ پێویست بوو، بەڵام هەموو جارێ باکە بە ئارەزووی کەشتیەکان بەڕێوە ناچێ..

هەرچۆنێک بێ ڕۆژێک دەبێ ئەم ڕژێم وهەژموونەی ئەمریکاوناتۆش بەسەردەچێ ،ئەوکاتە ئەوکەس وبزوتنەوەوڕەوتانەی دژایەتی یان کردوە وەک وەلی وپیرۆزو نیمچە پێغەمبەرسەیردەکرێن و باس دەکرێن، وەک چۆن ئێستا لەم سەردەمە شۆڕشەکانی عەرموختارو خەتابی وجەزائیری و،،،هتد سەیردەکرێن ودەکرێنە ڕۆمان و سیناریۆی سینەمایی...

ئەم تێکستە مێژوویی دەوڵەمەند و پڕلە زانیاریە؛ ئەمە تەنیا وەرگێڕان نییە، بەڵکو "دووبارە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی و وردە" بۆیەکێک لە ئاڵۆزترین قۆناغەکانی مێژووی هاوچەرخی میسرو جیهانی ئیسلامی.

پێشکەشکردنی ئەم یاداشتە و تێکەڵکردنی لەگەڵ دیدگای ئەفسەرە جیاوازەکان (حمودە، عبدالرؤوف، الهلباوی) وێنەیەکی ڕوونترمان دەداتێ لەسەرئەو "وەرشە" نهێنییەی کە حەسەن بەننا دروستی کردبوو.

لێرەدا چەند کۆمێنت و تێبینییەکی ورد لەسەرئەم وێستگەیە دەخەمە ڕوو:

١. حەسەن بەننا وەک "ئەندازیاری سێبەر"

ئەم دەقە ئەوڕاستییە دەچەسپێنێت کە بەننا تەنیا "بانگخوازێکی ئایینی" نەبووە، بەڵکو ستراتیژیستێکی سیاسی بووە. دروستکردنی "دەزگای تایبەت" (النظام الخاص) و پاشان "ئەفسەرانی ئازاد"، نیشانەی ئەوەیە کە ئەو بڕوای بە گۆڕانکاریی ڕیشەیی هەبووە لە ڕێگەی هێزەوە.

تێبینی: قوربانیدانی بەننا بە خۆی و بە ئاشکراکردنی ئیخوان بۆئەوەی دەزگای نهێنی ئەفسەران (بە سەرۆکایەتی ناسر) ئاشکرا نەبێت، گەورەترین بەڵگەیە کە لای ئەو "ئامانجە گەورەکە" (کۆتایهێنان بە ئیستعمار) گرنگتربووە لە مانەوەی ناو و قەوارەی فەرمیی ئیخوان.

٢. عەبدولناسر: لە نێوان "ئیخوانبوونی نهێنی" و "ناسیۆنالیزمی دەوڵەت"

تێکستەکە زۆر بە جوانی ئەوگرێ کوێرەیە دەکاتەوە: ئایا ناسر ئیخوان بوو؟

بەپێی یاداشتەکان، ناسر نەک هەرئەندام بووە، بەڵکو متمانەپێکراوی بەننا و لەبیب بووە.

کۆمێنت: جیاوازیی نێوان ناسر و ئیخوانەکانی دوای بەننا (وەک هوزەیبی)، جیاوازیی نێوان "پرۆژەی دەوڵەت" و "پرۆژەی جەماعەت" بوو. ناسر ویستی ئەو ڕێبازە شۆڕشگێڕییەی بەننا بکاتە ناسنامەی دەوڵەت، بەڵام ئیخوانەکانی دوای بەننا نەیانویست لە چوارچێوەی دەوڵەتدا بتوێنەوە.

٣. ئینفسام (دابڕان) لە ڕێبازی بەننا

خاڵێکی زۆرگرنگ لەم نوسینەدا هەیە: ئیخوانەکانی دوای بەننا لە ڕێبازی بەننا لایاندا.

ناسری و بەعسییەکان لە "عروبە و شۆڕشگێڕی و جیهاد"دا لە بەننا نزیکتر بوون وەک لە ئیخوانە لیبراڵ و سعودییەکانی دوای ١٩٥٤.

ئەمە ئەو پارادۆکسە مێژوویییەیە کە نیشانی دەدات چۆن ڕێکخراوێک دەبێتە "کرێچی" لەو ماڵەی کە خۆی دروستی کردووە، چونکە ناتوانێت لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا گەشە بکات.

٤. شەرعییەتی توندوتیژی و تیرۆری سیاسی

ئەو بەشەی کە لە فەیلەسوفە کۆنەکان و شەرعییەتی کوشتنی "دیکتاتۆر" کردووە، شیکارییەکی زۆر قووڵە.

لێرەدا دەردەکەوێت کە "تیرۆری سیاسی" لای ئیخوانی سەردەمی بەننا (وەک کوشتنی نەقراشی یان خازندار) وەک ئامرازێکی ڕزگاریخوازی سەیر کراوە نەک وەک تاوان.

بەراوردکردنی ئەمە لەگەڵ شۆڕشی فەرەنسا و مێژووی کەنیسە، بابەتەکە لە چوارچێوەیەکی ئایینی تەسک دەردێنێت و دەیخاتە ناو چوارچێوەی "سروشتی مرۆیی و ململانێی دەسەڵات".

دەرەنجام

ئەم یاداشتانە دەیسەلمێنن کە "کوشتنی بەننا" ئەوخاڵە بوو کە جەستەی ئیخوانی کردە دوو کەرت:

کەرتێکیان (بەرهەمەکەسەرەکیەکەی ئەفسەرانی ئازاد ودەزگای تایبەت) بووە دەسەڵات و دەوڵەتی نەتەوەیی عەرەبی.

کەرتەکەی تریان (قەوارەکەی ڕێکخراوی ئیخوان) بووە ئۆپۆزیسیۆنێکی پەرش و بڵاو کە دو اتر کەوتە ژێر کاریگەریی جەمسەرە نێودەوڵەتییەکان.

ئەم وێستگەیە کلیلە بۆ تێگەیشتن لەوەی بۆچی ئیخوانی ئێستا و ناسرییەکانی ئێستا هێندە دژ بەیەکترن، لە کاتێکدا هەردووکیان لە یەک سەرچاوە (وەرشەکەی بەننا) دەرچوون.

بۆ ئەوەی بچینە ناو ئەم قۆناغە نوێیەی مێژوو، دەبێت لەوە تێبگەین کە دوای تیرۆرکردنی بەننا و سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٥٢، "مانی ئیخوان" دووچاری شۆکێکی گەورە بوو. لێرەدا باس لە دوو ئاراستەی تەواو جیاواز دەکەین: ئاراستەی هودا عەبدولناسر کە دەیەوێت باوکی وەک "پاڵەوانێکی نیشتمانی و باوەڕدار" نیشان بدات، و ئاراستەی کەنداویەکان کە "فیکری جیهادی و تەکفیری" (بە مانا مۆدێرنەکەی) یان داڕشتەوە.

١. گۆڕانکاریە فیکریەکانی سەید قوتب لە زیندانداا

سەید قوتب پێش چوونی بۆ ئەمریکا و پێش زیندان، ئەدیبێکی لیبراڵ بوو. بەڵام دوای ساڵی ١٩٥٤ و چوونە زیندان، گۆڕانکاریەکی رادیکاڵ لە فیکری ئەودا دروست بوو کە بووە بنەمای هەموو جیهانبینییەکی تۆندڕەوی دوای خۆی:

چەمکی "جیاهیلیەتی سەردەم" (الجاهلية): قوتب گەیشتە ئەو باوەڕەی کە کۆمەڵگەی میسری و هەموو جیهان (تەنانەت ئەو انەی دەڵێن مسوڵمانین) گەڕاونەتەوە بۆ سەردەمی جاهیلیەت، چونکە حاکمیەتی خودا جێبەجێ ناکەن.

حاکمیەت (الحاكمية): ئەمە چەق و ناوەندی فیکری قوتب بوو. پێی وابوو هەر دەسەڵاتێک یاسای خودا جێبەجێ نەکات، لادەرە و دەبێت دژایەتی بکرێت.

دابڕانی ویژدانی (العزلة الشعورية): داوای لە "تاقمی بژاردەی ئیماندار" دەکرد کە خۆیان لە کۆمەڵگە دابڕن (نەک بە جەستە، بەڵکو بە فکر) تا ئەو کاتەی دەبنە هێزو گۆڕانکاری دەکەن.

کتێبی "المعالم في الطريق": ئەم کتێبە لە ناو زیندانەوە نووسرا و بووە "دەستووری" ڕێکخستنی نهێنی ١٩٦٥. لێرەدا قوتب لە بانگخوازێکی ئیخوانەوە بوو بە ڕێبەرێکی شۆڕشگێڕی جیهانی کە باوەڕی بە "ئینقلابی گشتگیر" هەبوو.

٢. هودا عەبدولناسر و بەرگریکردن لە مێژووی باوکی

هودا (کچی جەمال عەبدولناسر) لە ڕێگەی نامە و یاداشتەکانی باوکییەوە، هەوڵ دەدات وێنەیەکی جیاواز لەوەی ئیخوان دەیکێشن، بخاتە ڕوو:

دینداربوونی ناسر: هودا جەخت لەوە دەکاتەوە کە باوکی نەک هەردژی ئیسلام نەبووە، بەڵکو "ئەزهەر"ی گەورە کردووە، ڕادیۆی قورئانی دامەزراندووە، و ئیسلامی وەک ڕەهەندێکی سەرەکی لە "فەلسەفەی شۆڕش"دا داناوە.

نامەکانی فالوجە: هودا ئاماژە بەوە دەکات کە نامەکانی باوکی لە کاتی گەمارۆی فالوجە (١٩٤٨) پڕن لە یادی خودا و جیهاد، ئەمەش دەسەلمێنێت کە ناسر لەسەر هەمان ئەو پەروەردەیە بووە کە "محمود لەبیب" پێی دابوو.

ململانێ لەگەڵ قوتب: هودا وڵایەنگرانی ناسر پێیان وایە کە سەید قوتب "ناپاکی" لەو شۆڕشە کرد کە ناسر ڕێبەرایەتی دەکرد، و قوتبی بەوە تۆمەتبار دەکرد کە دەیەوێت "دەوڵەتێکی تیۆکراتی" دروست بکات کە میسر دەباتەوە بۆ دواوە.

٣. وەرشەی زیندان: شوێنی لەدایکبوونی توندڕەوی

زیندان لە سەردەمی ناسردا بوو بە "تاقیگەی فیکری". لێرەدا دوو جۆر ئیخوان دروست بوون:

ئیخوانی "قوتبی": ئەوانەی باوەڕیان بە تەکفیر و ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری هەبوو (کە دواتر قاعیدە و هیجرەوتەکفیری لێ کەوتەوە).

ئیخوانی "بەرگری": ئەوانەی پێیان وابوو دەبێت لەگەڵ دەسەڵات ڕێکبکەون و تەنیا بە کاری کۆمەڵایەتی بەردەوام بن (ڕەوتی تلمسانی).

کورتەی ئەم وێستگەیە:

ئەگەر حەسەن بەننا "باوکی دامەزرێنەر" بێت، ئەوا سەید قوتب "باوکی ئایدۆلۆژیای جیهادی"یە و عەبدولناسر "باوکی دەوڵەتی مۆدێرنی عەرەبی"یە. ململانێی نێوان ناسر و قوتب لە زیندانداا، تەنیا ململانێی دوو کەس نەبوو، بەڵکو ململانێی دوو تێڕوانین بوو بۆ ناسنامەی ئیسلامی و عەرەبی کە تا ئەمڕۆش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەردەوامە.

نامە نەێنییەکانی نێوان ناسر و ئیخوان (پێش تەقینەوەکە)

پێش ئەوەی پەیوەندییەکان بگەنە بنبەست و پەتی سێدارە بۆ قوتب ئامادە بکرێت، قۆناغێکی "مانگی هەنگوینی" لە نێوان ناسر و ئیخوانـدا هەبوو کە هودا عەبدولناسر زۆر جەختی لەسەر دەکاتەوە:

ناسر وەک پارێزەر: لە نامەکاندا دەردەکەوێت کە ناسر لە سەرەتای شۆڕشدا (١٩٥٢-١٩٥٣) بەردەوام لەگەڵ "حەسەن هوزەیبی" (ڕێبەری گشتی) کۆبووەتەوە. ناسر پێی و ابوو ئیخوان دەبێت ببنە "پاڵپشتی جەماوەری" بۆ شۆڕش، بەڵام بەبێ ئەوەی دەست بخەنە ناو بڕیاری سەربازی و سیاسییەوە.

خاڵی ناکۆکی (نامەی ١٩٥٤): ئیخوان داو ایان لە ناسر کرد کە "هەموو یاساکان" بخاتە ژێر چاودێری لێژنەیەکی شەریعەت. ناسر لە نامەیەکدا (کە هودا ئاماژەی پێ دەکا) دەڵێ: "ئێوە دەتانەوێت من ببمە پاشایەک کە حوکم ناکات، یان دەتانەوێت بگەڕێنەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی ئاینی پاپا؟"

پێشنیاری پۆست بۆ سەید قوتب: مێژوو دەڵێ ناسر پێشنیاری پۆستی "وەزیری مەعاریف" یان پۆستێکی باڵای ڕاگەیاندنی بۆ سەید قوتب کردووە، بەڵام قوتب ڕەتی کردووەتەوە و داوای "دەسەڵاتی ڕەها"ی کردووە بۆ جێبەجێکردنی فیکرەکەی.

٣. وەرشەی زیندان و "پیلانی ١٩٦٥"

ئەمە ئەو خاڵەیە کە مێژووی میسر و ئیخوانی گۆڕی. هودا عەبدولناسر بەڵگەنامەگەلێک بڵاو دەکاتەوە کە دەڵێ ئیخوانەکان (بە سەرپەرشتی سەید قوتب لەناو زیندان و لە ڕێگەی خوشکەکانیەوە) خەریکی دروستکردنی ڕێکخستنێکی چەکداری بوون بۆ:

تەقاندنەوەی وێستگەکانی کارەبا و پردەکانی قاهیرە.

تیرۆرکردنی عەبدولناسر و سەرکردەکانی سوپا.

تێبینی: ئیخوانەکان دەڵێن ئەمە "شانۆگەری" بووە بۆ لەناوبردنی قوتب، بەڵام یاداشتەکانی "زەینەب غەزالی" و "محەممەد قەترە" (کە لەو ڕێکخستنەدا بوون) دان بەوەدا دەنێن کە ئامادەکاری سەربازی هەبووە، بەڵام بۆ "بەرگری" بووە نەک بۆ هێرش.

پوختەی ئەم مێژووە خوێناویە:

ململانێی ناسر و قوتب، ململانێی دوو "خەونی مەزن" بوو:

ناسر: خەونی بە دەوڵەتێکی عەرەبی بەهێزەوە دەبینی کە "ئایین" یەکێک بێت لە کۆڵەکەکانی، بەڵام لەژێرپرکێفی دەسەڵاتی سەربازیدا.

قوتب: خەونی بە گەڕانەوەی "خەلافەت" و "حاکمیەت"ەوە دەبینی، تەنانەت ئەگەرلەسەر داروپەرووی دەوڵەتە نەتەوەییەکان بێت.

ئەم ململانێیە لە قاهیرە کۆتایی نەهات؛ گواستر ایەوە بۆ چیاکانی کوردستان، بیابانەکانی ئەفغانستان و تەنانەت شارەکانی ئەوروپا. هەرشوێنێک "ئیخو انی" تێدا بێت، تا ئێستاش ئەو ململانێیە لە نێوان "فیکری پەروەردەیی نەرم" و**"فیکری قوتبی توندڕەو دا بەردەوامە.

وێستگەی نۆیەم:

تێڕوانینی ڕەوتە جیاوازەکان وهەڵسەنگاندنیان بۆ کۆمەڵەی ئیخوان المسلمین.

لەم سەردەمەدا دووڕەوت و خوێندنگاوئاڕاستەی بەرفراوان هەموو جیهانیان لە ڕووی هزری وسیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتی وپەروەردەیی و ئایدۆلۆژی خەریک کردووە،ئەوانیش هەریەک لە ئاڕاستەی دیموکراتی وئاڕاستەی سۆشیالیستین ،دەبێ پێش ئەوەی تێڕوانینی ئەم دووڕەوتە بەرفراوانە بەرامبەر ئیسلام بەگشتی وئیخوان بەتایبەتی بزانین وتێڕوانینی هەریەک لە تێڕوانینی ئیسلام وئیمانیش بزانین، دەبێ جارێ خودی ئەم دووڕەوتە بناسین..

-دیموکراسی:

زاراوەیەکی گریکیە دەستەواژەیەکی لێکدراوە

(دیموس) واتە گەل ، (کراتوس) واتە سەروەری، کەواتە دەستەواژەکە واتاکەی سەروەری نەتەوەو گەل وجەماوەر ومیللەتە.

دیموکراسی وەک ڕێکخستنێکی سیاسی کۆمەڵایەتی دەیەوێ کە سەروەری بۆ هەموو تاکەکانی دەوڵەتەکەی دەستەبەربکاوهەمووان بەشداردەکالە داڕشتنی ئەو یاسایانەی کە ڕێساکانی ژیانی گشتیان ڕێک دەخا،دیمکراسیزم لەڕووی سیاسی فەرمەنڕەوایی میللەتە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ،یان بەهۆی نوێنەرەکانیان، ،ئەونوێنەرانەی کەبەئازدی هەڵیان دەبژێرێ.

جۆرەکانی دیموکراسی:

١-دیموکراسی ڕاستەوخۆ، لەکۆمەڵگای بچوک وکەم بەڕێوەدەچێ.

٢-دیموکراتسی نوێنەران وهەڵبژاردن.

٣-دیموکراسی کۆمەڵایەتی:ئازادی ڕادەربڕین وبیرکردنەوەویەکسانی تاکەکان.

٤-دیموکراسی ئابووری:پاراستنی داهات ومافی گشت کرێکاران ودەستەبەرکەری دادگەری کۆمەڵایەتی.

٥-دیموکراسی بازاڕ،،یان دیموکراسی سەرمایەداری

٦-دیموکراسی لیبڕاڵی، گرنگی بە پاراستنی ماف و خواستەکانی تاک دەدا.

٧-دیموکراسی گەلی، بە ڕەوتی مارکسی لینینیش دەناسرێ.

مەرجەکانی دیموکراتی بوون:

یەکەم:مەرجە گشتیەکان:

١ -ڕێزگرتنی مافی مرۆڤ.

٢-ببوونی فرە حزبی سیاسی.

٣-دەستەودەست کردنی دەسەڵات.

٤-یەکسانی سیاسی.

٥-ڕێزگرتنی ڕای زۆرینە.

٦-سەروەری یاسا.

دووەم:پێکهێنەرە سەرەکیەکانی دیموکراسی.

١ -هاوڵاتی بوون:بەڵام وەک چۆن لەیۆنان وڕۆمان دیموکراتیەکەبۆ ئەکەمینەی ئازادوئەرستۆکراتانەبوو ولەسەداهەشتای گەل لەکۆیلەو جوتیارەکان بەهاوڵاتی نەدەزانران ومافیان نەبوو،وەئێستاش دانیشتوە ڕەسەنەکانی ئەمریکاکان وئۆیانیاوئەریقیاوئاسیا بەمرۆڤ وهاوڵاتی نازانرێن لەسەرخاکی خۆیان وبۆ چەندین سەدەیەلەهەموو ئەو وڵاتانە نەک هەرپاشا وەزیرو بەڕێوەبەرێکیش بێ ڕازی بوونی ئەوان لەوهەموو کیشوەرانە لەناولەسەداهەشتای دانیشتوانی گۆی زەوی دانانرێ.

٢ -هاوبەشی کردنی سیاسی

٣ -هەڵبژاردن

٤ -نوێنەرەکان وبەرپرسیاربوونیان.

٥ -ئۆپۆزسیۆن

٦ -جیاکردنەوەو سەربەخۆی سێ دەسەڵاتەکانی یاسادانان ودادگەری وو جێبەجێکردن.

٧ -بوونی دەستورێکی گشتگیر.

هەموو ئەو مەرجانە تەنیابۆ ئەوروپاو ئەمریکایەو لەسەداهەشتای جیهان لەخاک ودانیشتوان لەدەرەوەی بازنەی ئەومافانەن،،

تێڕوانین وهەڵسەنگاندنی لیبڕاڵ دیموکراتەکان بۆ دین وشەریعەتەکان:

لەگەڵ ئەوەی ئەم دیموکراتیە بە میکانیزم دەزانن، میکانیزمیش بیروباوەڕنیە، ناتوانێ وڵامی پرسیارەنەمرەکانی مرۆڤ بداتەوە، بەڵام ئەو میکانیزمە زۆر زیادەڕەوی بەسەرهەموو پیرۆزی وسەروەریەکانی مرۆڤدادەکا، ئەوان باسی پاراستن وپیرۆزی مافی ڕادەربڕین ومرۆڤ دەکەن، بەڵام کاتێ ملیۆنەها مرۆڤ دەڵێن ئێمە بەسەروەری وپێشەنگی دەق وشەرع ویاسایەک ڕازین ئەوان ئەوە ڕەت دەکەنوەو بە ئاگروئاسن ئەو کیشوەرە داگیردەکەن و بەدەیان بنکەو بارەگاوسەنتەرو ملیشیاو میدیا لەناوئەومیللەتە دادەمەزرێنن تاچەواشەی بکەن و بەخۆشی بێ وبەترشی بێ بە نەوەومنالّەکانی بسەلمێنن کەئەودەق ویاساوشەرعەی باپیرانیان دواکەوتویی وشەرمەزاری وبێ هۆشی ودژبە زانستە، ڕێزی دایک وباوک وباپیرو دامەزراوی خێزان ناگیرێ ،ڕێزی

دامەزراوەی دینی وکۆمەڵایەتی و پەرستگا ناگیرێ چونکە ئەوانە مرۆڤ نین، تەنیارێزی کەسێکی ڕیزپەڕو لارێبوو ودژبە کۆمەڵگاوخۆپەرست دەگیرێ، ڕێ بۆ یاخی بوونی منداڵ ومێردمندااڵ وکچ وژن خۆش دەکرێ تا لە سێزدەساڵیەوە بازاڕی بێ ڕەوشتی وداوێن پیسی لە ئوتێل وبارەکانیان ئاوەدان کاتەوەوخواردنەوە ڕوح وێرانکەرو جگەرەو نێرگەلەوتریاکەکانیان بکڕێ وسەرمایەو کانزاو خێروبێری وڵاتەکەی بخاتەناوەدستیان.

کە ئەوان ڕای زۆرینە دەگرن بۆ گەلی جەزائیرو مەغریب و گشت ئەفریقیاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان بە ئاگروئاسن حوکم کرد؟ وەتائێستاش سەربازگەوفڕۆکەخانەوکەشتیگەلیان لەناوچەکە دەسوڕێتەوە،گەلەکۆمەکیان لەگەلانی مسوڵمانی ئاسیاوئەفریقیا بەشێوەیەکی ڕۆژانەیە.

ئەگەر دوای سەدان ساڵ کەدەڵێن باوەڕمان بەدەستاودەست کردنی دەسەڵات هەیە بەڵام نایەڵن بەرەی ئینقازلەجەزائیر دووساڵ حوکم بکاو ونابێ مورسی زیادلەدووساڵ حوکم بکاکە بە بەکرێگیراوەکانیان کودەتای سەربازی بەسەردادەکەن، ئەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان مسوڵمانان لە فەڕەنسابینەزۆرینەو هیندۆسەکان لەبەریتانیا ببنەزۆرینەو ئەندەنوسی یەکان لە ڕوسیابینە زۆرینەو هیندەسورەکان لە؟ئەمرێکابینە زۆرینە و ئەوان ببنەوەکەمینەو بچنەوە قاوغی خۆیانەوە، دەبێ چۆن کاردانەوەیەکیان هەبێ؟؟

کەواتە لەجیهاندا بەدرێژایی هەزاران ساڵ دەستاودەستی دەسەڵات تەنیالەنێوان یەکەیەکی یەک ڕەگەزی وزمانی وژیاری دابووە، بەدرێژایی ئەودیموکراتیەی یۆنان وڕۆمان وئیستعماری نوێ تەنیابۆکەمینەیەکی سەرمایەداری خۆبەخوازان بووەوئەو زۆرینەی کۆیلەکان وخزمەتکارو جوتیارو هەژارەکانی نەگرتۆتەوەو ئەوان بەمرۆڤ نەزانراون، لەسەردەمی ئیستعماریش سێ کیشوەردۆزراونەوەو ملیۆنان لەدانیشتوانیان پاکتاوکراون وخێروبێری کەڵەکەبووی لەسەدا هەشتای گۆی زەوی بۆ لەسەدا هەشتی دانیشتوانی خۆبەدیموکراتی زانە کە بۆسەدان ساڵە خێروبێری دەخۆن، وەدەسەڵات هەرگیزدەستاودەستی نەکردووە.

ئەوان خۆیان بەخوادەزانن، بۆیە هیچ شتێک لە پێش خۆیان بە خاوەن ماف نازانن.

هەربۆیە دینەکان وبەتایبەتیش دینی ئیسلام کەدینی کردەوەوچەسپاندنە بەم چەواشەکاری وهەڵخەڵەتاندنە ڕازی نابێ،ئەوەی ەدروشمی بریقەداردەکرێ لەجیهاندا چەواشەکاری و بازرگانیکردنە بە هۆش وبیروکەرامەت وڕەوشت وپیرۆزی و سەروەریەکانی لەسەدانەوەدی خەڵکی سەرزەوی و بەودروشمانە

دەیانەوێ خوایەتی وبە فیرعەون کردنی مرۆڤی خۆبە دیموکرات هەڵواسەری ئەوروپی بپارێزن.

بۆیە هەڵسەنگاندنی وان بۆ ئیسلامی سیاسی وناسیاسی، لە دەستەمۆکان ولەڕێلادەرەکان ڕازین تائەوکاتەی کە پابەندو دژەکان بەهێزبن، بەڵام کەهەموو ئاپورای گەل بۆیان دەستەمۆبووئەوان نایانەوێ وەک مرۆڤی ئەوروپی بیانکەنە خاوەن سەروەری،بەڵکو جەنگ وهەراوکێشەیەکیان بۆ دروست دەکەن ولەناویان دەبەن، ئەوەی؟لە نیشتمانی عەرەب وئەفریقیاوئاسیابەڕێوەدەچێ نمونەی ئەوپاکتاوکردنەیە کە دەکرێ.

هەرلەسەرئەو بنەمایەش کاریزماشۆڕش گێڕەکانیان تیرۆروکەنەفت کردوون، ئەوەی لەشاگردانیان وەک ئەوان بووە گەمارۆیان داوەولەناویان بردوە،بۆخۆیان جێنشین وجێگرێکیان هەڵبژاردووەو خەڵکیان بەناوی بێ ناوەرۆک تەفرەداوەبۆ دەیان ساڵ.

٢-ڕەوتی سۆشیالیزم وکۆمۆنیزم:

بەدرێژایی مێژوو سیستەمە ئابوریەکان ئاوێتەی ڕەوتە فکریەکان بوون،ئەمەش وای کردوەلایەنی مادی مرۆڤ وابەستەبێ بە لایەنی ڕوحی،ئەم دوولقیە بەشێوەیەکی ئاڵۆز وێکداچووە،،جاری واهەبووە فکربۆتەپاشکۆی مادەو جاری واش هەبووە مادە بۆتە پاشکۆی عەقڵ وڕوح،

لێرەدا دەگەینە ئەودەرەنجامەی کە لایەنی مادی بەرپرس نیەلە هەڵقوڵینی لایەنی فکروهۆش،بەڵام کاریگەریشی لەسەرهەیە،هەربۆیە مادە کاریگەری لەسەربیرکردنەوەوبەهاکانی مرۆڤەکان هەیە.

هەربۆیە بیری کۆمۆنیزم پێی وایەکە سادەیی وزۆرزان نەبوون وبێ تەماعی مرۆڤ لەسەرەتای مێژوودا وای کردوە کە بۆ مانەوەی خۆی وسودوەرگرتنی باشترلە دیاردەسروشتیەکان وسەختی ژیان وژمارەکەمی وبێ توانایی مرۆڤەکان کەمی دەست کەوت وبژێوی شێوەژیانی ڕەوە مرۆڤ وبەکۆمەڵ هەڵبژێرێ و تاکڕەوەی وبەتەنیاژیان لای مەحاڵ بێ، هەربۆیەش کۆمەڵگای یەکەم دەبێ هاوبەشی وهاوکارو هەرەوەزی بووبێ،هەروەک لەلادێ وگوندوتیرەکانداتائێستاش ماوە .

بەڵام بەهۆی پەرەسەندنی سیستەمی ژیان وزۆربوونی بەرهەم وکەڵەکەبوونی شارەزایی وئەزموون لای تاکەکان وبەتواناتربوونی هەندێک تاک لەهەندێکی تر وای کرد جیاوازی چینایەتی وقورغکردنی هەندێک لە شارەزاودەسەڵاتدارەکان بۆ کەسانی هەژاردەرکەوێ و پاڵنەری سەرسامی ومتمانەبەو هەڵکەوتوانە وای کرد کە هەندێک ببنە پاشکۆوخزمەتکارو وابەستەی هەندێکی تر، ئەمەش

سیستەمی ئابووری کۆمەڵگای سەرەتای لەشێوەیەکەوەبۆشێوەیەکی ترگۆڕی، کەسەرەتای دەرکەوتنی چینایەتی بوو لەناو مرۆڤایەتی، ئەم ئاڵوگۆڕانە وای کرد مرۆڤایەتی بکەوێتە ناوقۆناغی کۆیلایەتی وپاشان دەرەبەگایەتی ولەکۆتاییشدا ڕژێمی سەرمایەداری،دوواجاریش بەهۆی زۆربوونی مرۆڤەکان و کەم بوونەوەی بەرهەم وپێویستیان بەهەروەزی گەڕانەوە سەرشێوە ژیانی هاوبەشی وو کۆمۆنیستی..

پێناسەی کۆمۆنیزم، الشیوعیّة:

ڕەوتێکی سیاسی وئابووریە،مەبەستی ئەوەیە کە دانەکانی بەرهەمهێنان خاوەندارێتی بەکۆمەڵیان بەسەرەوەبێدوای ڕزگارکردنیان لە مۆڵکایەتی وخاوەندارێتی تاک،کۆمۆنیزم هەڵگەڕانەوەوکودەتایە بەسەرتێگەیشتنی سەرمایەدارانەکە تیایداتاکەکان پێشبڕکێی یەکتردەکەن لەسەر بەسەریەکنان وکەڵەکەکردنی قازانجەکان بە شێوەیەکی چاوچنۆکانە قورغ کارانە زۆرترین سامان لای کەمترین چین کەڵەکەدەبێ،لەڕژێمی سەرمایەداریدا سەرمایەدارەکان خاوەنی دانەکانی بەرهەم هێنانن وکارگە وکان وسامانەسروشتیەکان هەمووی ئەوان سەودای پێوەدەکەن وزۆرینەش کرێکارو وپاشکۆو گوێ لە مستی ئەوانە لە پێناوپچڕینی بژێوی ژیانی.

کۆمۆنیزم وەک ڕەوتێکی سیاسی لەم سەردەمە لەسااڵی

1917لەشۆڕشی بەڵشەفی ڕوسیابە سەرۆکایەتی لینین دەرکەوت.

پاشان هزری کۆمۆنیزم وبنەماکانی باڵیان درێژکردەوەبۆ چین وکۆریاوکوبا،هەڵکشانی ئەوڕەوتە هەتاساڵی 1989 و1990 لەبەرفراوان بوون دابوو،بەاڵم لەگەڵ هەڵوەشانی یەکێتی سۆڤیەت و ڕوخاندنی دیواری بەرلین شیوعیەتیش لە زۆربەی وڵاتان خۆی خواردەوە، وەک بەفر توایەوە، هەرچەندە هەندێ حزب بەوناوە ماون بەاڵم لە ڕووی ئابووریەوە گۆڕاون.

چونکە هەروااڵتێک خاوەن سەرمایەی ملیۆنێروملیاردێری هەبن ئەوە لەودەوڵەتە کۆمۆنیزم فەرمانڕەوانیە وحزبەکۆمۆنیزمەکانیش زیاترناوی بێ ناوەرۆکن.

دە تایبەتمەندیەکانی تیۆری کۆمۆنیزم:

١-لابردنی یاسای خاوەندارێتی تایبەت لەسەر زەوی کشتوکاڵیەکان وهەموو جۆرە مولکێکی گشتی.

٢- خەرجکردنی کرێی ئەو شوێنەگشتیانەبۆ خزمەتگوزاریەگشتیەکان.

٣-ئەومەلاک و مولْکدارانەی لەڕژێمەکە یاخین وڕادەکەن مولْکەکانیان دەستی بەسەردادەگیرێ وبۆ خزمەتگوزاری گشتی بەکاردەهێنرێ.

٤-فێرکردن بۆ هەموو منالّان دەبێ بە خۆڕایی بێ.

٥- سپاردنی چاکردن وئامادەکردنی زەویە کشتوکالّی ولێڕەوارودارستانەکان وچاککردنی کەرتی کشتوکالّی لەلایەن کارگەو کۆمپانیاکانی دەولّەتەوە..

٦- دەبێ دەولّەت هەموو هۆکارو دانەکانی بەرهەم هێنان بخاتە ژێردەستی خۆی.

٧-ونابێ ڕێبدرێ منالّان لەکارگەکان کرێکاری بکەن.

٨-هۆکاری گواستنەوەوپەیوەندی هەموو مولْکی دەولّەت بن وئەودابینیان بکابۆ هاولّاتیان.

٩- ڕژێمی میرات کرتن لادەبرێ ومولْک وهۆکاروکارگەو دانەکانی بەرهەم هێنان گشتیان هی دەولّەتن.

١٠- بەرامبەربەمەش ئەرکی بەڕێوەبردنی دام ودەزگاکانیش ئەرکی دەولّەتن.

بەم شێوە ئەگەرلە ڕژێمی سەرمایەداری ولیبرال دیموکراتیدادام ودەزگاکانی دەولّەت وکۆمەڵگابەهەموو پێکهاتەکانی بکرێنەبارمتەی چەند ملیاردێرێکی دەولّەمەند، ئەوەلە تیۆری کۆمۆنیزم دا هەموو کۆمەڵگاومیللەت ودام ودەزگاکانی و کەرتە خزمەتگوزاریەکان هەموویان ئەرکی دەولّەتن،دەولّەت گیرفانی هەمووانە وگەنجینەی بەرهەم وکیسەباخەڵی هەموانیشە..

پێناسەی سۆشیالیزم :هاوبەشێتی:

بزوتنەوەیەکە هەوڵ دەدا کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگابەیەکسانی لە خاوەندارێتی هۆکاروداەکانی بەرهەم هێناندا وەگرێنتی دەستخستنی ئەم خاوەندارێتیە لەچوارچێوەی دەولّەت وحکومەتێکی بەرهەمهێنی هەڵبژێردراو جێبەجێ بکرێ، یان لە چوارچێوەی کۆمپانیایەکی هەرەوەزی وگشتی، وەهاواکاری وهەرەوەزی بناغەی کۆمەڵگای هاوبەشێتیە،.

بەمەش سۆشیالیزم کودەتایەکە بەسەر سەرمایەداریداکە هەموو خەمی ئەوڕژێمە کەڵەکە کردنی سامانە لای سەرمایەدارەکان،سەرمایەداری مرۆڤ دەکاتە کۆیلەوبارمتەی ئەوهێزەی کەبۆخۆی بۆ هەندێ چاوچنۆک دروستی کرودووە،بۆیەش سۆشیالیزم دەیەوێ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دووبارە ئەوسامان وداهاتە لەژێردەستی ئەوکەمینەچاوچنۆکە سەرمایەدارە دەربێنێتەوەو بیداتەوە کۆمەڵگاوهەموو بەیەکسانی لە سودوەرگرتن لێی بەشداربن..

سۆشیالیزم پێش کۆمۆنیزم دەرکەوتووە، لەبەریتانیا کاتێ کرێکارەکان لەسەدەی نۆزدە ستەمیان لێ دەکرالەلایەن خاوەن کارگە سەرمایەدارەکان ومافیان دەخورا،بۆیە کەسێک بەناوئەوین بڕیاری دا کە کرێکارەکان چەند کارگەیەک بۆخۆیان دامەزرێنن وسودەکەی بۆ هەموو کرێکارەکان تەرخانبکرێ،

تایبەتمەندیەکانی سۆشیالیزم:

١- ئامانجی سۆشیالیزم پاراستنی مافی تویژە کرێکاروزەحمەتکێشەکانە لەناوکۆمەڵگاکان.

٢-هەوڵدان بۆ دەستبەرکردنی یەکسانی لەنێوان تاکەکاندا لەناوکۆمەڵگایەکی یەک دەوڵەتدا.

٣-هەوڵ بدرێ زاڵبوون وقورخکردنی چەندسەرمایەدارێکی تایبەت بۆ سەرمایە،دەبێ جێگری ئەم قورغکاریە کۆمەڵە ڕێسایەک دابنرێ کەگرێنتی بێ ۆ پاراستنی مافەکانی هەژاران وکرێکاروزەحمەتکێشان.

٤-هەوڵدان بۆ ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگای وابەستەبە سیاسەتی سۆشیالیزم ،وەک سیستەمێکی سەرەکی بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگاکان لەسەرئەم سیستەمە فکریە.

٥- هەوڵدان بۆگۆڕینی ئەو ڕژێمە ئابوریە تایبەتیانەی هەندێ دەوڵەت هەن بەسیستەمی ئابوری هاوبەشی کەئەم گۆڕانەلە ڕژێمی ئابووری جیهانیدا کاریگەری دەبێ..

جیاوازیەکانی نێوان کۆمۆنیزم وسۆشیالیزم:

١- لای سۆشیالیزمەکان دەوڵەتی گیرفانی هەمووان وخاوەنی هەموو دەزگاکان بوونی نیە، سۆشیالیزم هەوڵد دەداکە هەرچی سودوسەروەریە بۆ هەموو تاکەکان بێ بە یەکسانی،گەل لای سۆشیالیزمەکان خاوەنی هەموو شتێکە، سیستەمی سۆشیالیزم هاوسەنگی نێوان حزب وپارتەسیاسیەکان ڕادەگرێ وگرێنتی دابەشکردنی یەکسانی نێوان تاکەکانە.

٢-دانەکان وهۆکارەکانی بەرهەم هێنان لای سۆشیالیستەکان بەدەستی تاکەکانی کۆمەڵگایە، ئەوان چاکی دەکەن ودەیپارێزن وبەکاری دێنن،زەوی وکارگەوبەرهەم هەمووی لەدەست هەمووتاکەکانە ومولکایەتی تایبەت نیەوئەو بەرهەمەش کەلەو زەوی وکارگەوکێڵگەهەرەوەزیانە بەرهەم دێ بەسەرهەموویاندا بەیەکسانی دابەش دەکرێ..

٣-کۆمۆنیزم ئەوپەڕی چەپی گرتووە، ئەو هیچ ئاسانکاریەک بۆ سەرمایەداری دیموکراتی پێشکەش ناکا، دەوڵەت لای کۆمەنیزمەکان مەڵبەندی کۆکەرەوەی

دەسەڵات وپارێزەری هاوسەنگیەکانە کەئەمەلای سۆشیالیستەکان بوونی مەرج نیە..

٤-لە دەوڵەتی کۆمۆنیزم فرەحیزبی نیە، بەڵام لای سۆشیالیزمەکان فرەحزبی هەیە.

٥-مێژووی سۆشیالیزم لە ڕووی ڕۆشنبیریەوە لە کۆمۆنیزم دەوڵەمەندتروهەمەچەشنترە، بەیانی کۆمەنیستی ساڵی 1848 کە -کارل ماركس وفیردریك إنجلس- بەشێکی تەواویان نوسیوە بە ڕەخنەگرتن لەهەرشەش جۆرە سۆشیالزمەکە وکۆ کردنەوەی هەموویان لەژێرسایەی یەک بنیاتی نمونەیی لە ئابوری وسیاسەتدا.

٦- دەکرێ سۆشیالیزمەکان دەکرێ پشتگیریان دژی بازاڕبن، چونکە دەڵێن دوا ئامانجمان نەمانی چینایەتیە وگشتگربوونی خزمەتگوزاریەکانە کەئەم ئامانجە دەکرێ بەبێ کۆمۆنیزمیش بکرێ..

٧-هەندێ جار سۆشیایزمەکان بەشداری هەڵبژاردن دەکەن لەگەڵ پارتە نا سۆشیایزمەکانیش دەهاوپەیمانی دەبەستن وەک لە ئەوروپا و ئەمریکای لاتین هەیە.

کۆمۆنیزمەکان لە مانفێستەکەیان دەڵێن،مێژوو بریتیە لە مل ملانێی چینە ئابوریەکان،ئەم چینانە وەک چۆن لەکاتی شۆڕشی فەڕەنسی کە چینی بۆرژوا دەستی بەسەر دانەکانی بەرهەم هێناندا گرت وبوە هۆی کەوتنی ڕژێمی دەرەبەگایەتی،هەربۆیەش لەمەولا چینی کرێکارکە دەست بەسەر دانەکانی بەرهەم هێناندادەبێتەهۆی داڕوخانی کۆمەڵی سەرمایەداری، کرێکارانی پرۆلیتاریا بۆ هەرەس پێهێنانی سەرمایەداری ،ڕۆڵی بۆرژواکان دەبینن لەهەرەس پێهێنانی دەرەبەگایەتی،پرۆیتاریەکان لەداهاتوودا بەسەردانەکانی بەرهەمهێناندازاڵدەبن،،دوای تێپەڕبوونی ماوەی ڕاگواستن حکومەت نامێنێ، کرێکارەکان کۆمەڵگایەک پێکدێنن کە چینایەتی تێدانەبێ، وە ئابووریەک بنیات دەنێن کە خاوەندارێتی تایبەتی تێدانەبێ وهەمووی مولکداری گشتی بێ.

وەلەمەودوا بەرهەم هێنان وبەکارهێنان دەگاتە قۆناغی هاوسەنگی، بەرهەم هێنان وبەکارهێنان بە پێی توانا بەرهەم دێنرێن وبەپێی پێویستی بەکاردەبرێن.دین وخێزان ودامەزراوەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی کە چینی کارکەریان کردۆتە کۆیلەوپاشکۆی خۆیان لەناودەچن ونامێنن وئەوانیش وەک حکومەت و مولکایەتی تایبەتی لەناودەچن.

ئەم بۆچوونانە خۆراکی شۆڕشەکانی بلشەفی وڕۆشنبیری بوون، یەکێتی سۆڤیەت1917-1991)هەربەناو کۆمۆنیزم بوو، چین وتوێژەکانی

لەناونەچوون،نەگەیشتە قۆناغی لەناوچوونی دەزگای دەوڵەت وحکومەت و گەل هیچی لە هۆکارەکانی بەرهەم هێنان بەدەست نەبوو.

حزبی شیوعي روسي – لە چواردەیەی یەکەم ١٩١٧-١٩٥٧دانی ناکەئەو کۆمەڵگایەکی کۆمۆنیزمی بۆ بنیاتنەنراوە، هەڵوێستی فەرمی حزبەکە تاکوسااڵی 1961 ئەوەبوو کە یەکێتی سۆڤیەت لە چوارچێوەی دیکتاتوریەتی بروڵیتاریا؛بە ڕێوەدەچێ، ئەویش قۆناغێکە لە قۆناغە مێژوویە حەتمیەکاج بۆ گەشەی مرۆڤایەتی.

سکرتێری گشتی حزبی کۆمەنیستی سۆڤیەتی نیکیتا خروتشوف لە 1961،دا دەڵێ دەوڵەتی سۆڤیەت بەرەوڵێک هەڵوەشان دەڕوا ،بەم شێوە تا سێ دەیەی تر لێک هەڵدەوەشێ، ،ئەوەبوو وەک پێشبینیەکەی خرۆشۆف کە سۆڤیەت لە ساڵی 1991 لێک هەڵوەشاو دەوڵەتێکی دیموکراسی سەرمایەداری شوێنی گرتەوە.

هیچ لەبەڵێنەکانی مارکس لە دوو حکومەتەکەی ماوو لینین نەهاتنەدی،،دە ملیۆن لەشۆڕشی چین لەبرسان مردن، ئەم دوو ئەزمونەی ڕوسیاوچین لەجیاتی لەناوبردنی چینایەتی کە؟ینەیەکی تاکڕەوی کەمی دروستکرد کە لەسەرمایەدارەکان ساماندارترن وهەرئەوان سودیان لە پەیوەندیان لە گەڵ ئەو کۆمپانیانە، ،وەسامانێکی زۆریان بۆخۆیان کەڵەکە کرد.

ئێستا ئەودەوڵەتانەی کە کۆمۆنیزم حوکمیان دەکەکا کەهەریەک لە کوبا ولاوس وکوریای باکور وفیتنامن داهاتی هەموویان ناگاتە داهاتی ویلایەتی تینسی کە ولایەتێکی بچوکی ئەمریکیە، بەڵام چین ئێستا دەوڵەتێکی سەرمایەداریە.

سۆشیالیزم زۆرلەپێش کۆمۆنیزم دەرکەوتووە، نمونەی یەکەمی هاوبەشی لەسەردەستی بیرمەند

هنري دو سان سيمون (1825-1960)،داڕێژرا،ئەم پیاوە سەرسام بوو بە آدم سمیثی باوکی سەرمایەداری؛ بەڵام پەیڕەوانی ئەم پیاوە سۆشیالیزمی یۆتۆپیایان داهێنا کە روبرت أوین (1771-1858) وشتارلز فوریە (1772-1832) وبییر لیرو (1797-1871) وبییر جوزیف برودون (1809-1865) بوون ،ئەم بیرمەندەی کۆتایی پێی وابوو کە خاوەندارێتی دزیە، هەرچی خاوەنی کاڵاو موڵکێک بێ ئەوە مسۆگەردزیویەتی.

ئەم بیرمەندانە چەندبیرێکیان گەاڵڵەکرد وەک دابەشکردنی یەکسانی سامان و هەرەوەزی نێوان چینەکانی کرێکاران و موڵکایەتی وخاوەندارێتی گشتی بۆ چاوگەکانی بەرهەمهێنان وەک زەوی ودام ودەزگاکانی کارگەوپیشەکاری ،

وەهەندێکیشیان داوای ئەوەیان کرد دەوڵەت ڕۆڵی مەڵبەندی هەبێ لە بەرهەم هێنان ودابەشکردن..

ئەم بیرمەندانە هاوسەردەمی سەرەتاکانی بزوتنەوە کرێکاریەکانی وەک بزوتنەوەی بەڵێندەران Chartists بوون .

هەندێ کۆمەڵگای تاقیکردنەوە لەسەربیرۆکە یۆتۆپیاکان دروست کران بەڵام زۆرتەمەنیان درێژنەبوو.

پاشان ئنگلز داوای سۆشیالیزمی زانستی کردتالە جۆرەکانی تری سۆشیالیستی دەربەگایەتی و بۆرژاوازی وئەڵمانی پارێزکارو یۆتۆپیا جیابکرێتەوە کەبەیانی حزبی کۆمەنیستی ڕەخنەی لەهەموو ئەمانەگرتبوو،،

سۆشیالیزم چەپکێک ئایدۆلۆژیای هاوبڕکێ کەربوون لەگەڵ یەکترلەسەرەتادا،ئەوەی وای کردبارودۆخیان بەوشێوەدرێژەبکێشێ ئەوەبووکە ڕاوێژکاری ئەڵمانیا أوتو فون بسمارك– هەندێ لە بنەماکانی لێ دزین وکەچی بەدوژمنی رایخی دەزانین،،هەرچەندەیەکەم دەوڵەتی ڕەفاهی خۆشگوزەرانی ئەوروپابوو کە مافی هەڵبژاردنی گشتی جێبەجێکرد بۆئەوەی خۆی لە بەریەک کەوتن لەگەڵ ئایدۆلۆژیە چەپەکان بپارێزێ..

سۆشیالیزمە میانڕەوەکان لەگەڵ بزوتنەوە مەسیحیەکان لە سەدەی بیست دا بوونەهاوپەیمان وچەندین سەرکەوتنیان تۆمارکردو چەندبنەمایەکیان کردنە یاساوتەشریع وەک ڕێکخستنی سەلامەتی ژینگە ودیاری کردنی کرێ وسەلامەتی ژینگەی کرێکاران ووڕێکخستنی خانەنشینی ووبیمەی کۆمەڵایەتی وسەرپەرشتی تەندروستی گشتی وسوککردن و لادانی سەرانە لەسەر چینە کەم دەرامەتەکان وچەندین خزمەتی تریش

پارت وکۆمە سۆشیالیستەکان لەدوای جەنگی جیهانی بوونە ئەوهێزانەی کە زاڵ بوون لە ئەوروپای ڕۆژئاوا ،لەگەڵ پارتە کۆمۆنیزم ونیمچەکۆمەنیزمەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵات لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات وڕوسیاوچین ووڵاتانی تری ئاسیاوئەمریکا،، هەربۆیە ڕژێم وڕێکخراوە سۆشیالیستەکانی جیهانی سێیەمیش زۆرهەمەڕەنگ وفراوان بوون،چونکە هۆگری ئەو هەموو ئەزمون وبیرمەندانەی ئەوروپاو ڕۆژهەڵات بوون..

هەموو ئەو چاودێریە کۆمەڵایەتی وتەندروستی و پەروەردەیی وخێرخوازیەی لە جیهانی سەرمایەداری ڕۆژئاواوئەمریکاهەیە بەشێوەیەک لە شێوەکان چاکەی فشاری پارتە سۆشیالیستەکانە، کە ئەوان ڕۆژئاوایان کردۆتە باوەشێکی هەموارترو گۆشەیەکی سۆزو بەزەیی ومیهرەبانیان لەناوئەوبازاڕە چاوچنۆکە

دروست کردوە، چونکە سۆشیالیزم وهەتاکۆمۆنیزمیش ڕۆڵەی ئەوروپان وڕۆڵەی ڕوسیاوچین نین..

نازی وفاشیەکانیش پشتیان بەلایەنە کۆمەڵ تۆکمەکەرەکانی سۆشیالیزم بەستوە بۆ خزمەتکردنی گەل ونەتەوەکانیان سۆشیالیزمێکی نەتەوەیی ڕەگەزپەرستیان دارشت کەبە ڕاستڕەوی توند ناسران ،،،

بیرۆکەی سۆشیالیزم وکۆمۆنیزمیش وەک دیموکراسی ولیبرالی میکانیزمن بۆ چۆنێتی ڕێکخستنی ژیان ،بەڵام لە دیموکراسی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵ پەروەرتن، بەرژەوەندی کۆمەڵ بەسەر بەرژەوەندی تاکدا هەڵدەبژێرن چونکە مرۆڤ بونەوەرێکی تاکڕەونیەو بونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە.

بەڵام ئەوەی کە مارکس بەزۆری لەناوئەم میکانیزمەی ئاخنی ئەوەبوو کە پێی وابوو کە دین وخێزان وچینایەتی بەهۆی ئابووری دروست بوون.

دین وبیروباوەڕوئیمان بەوهۆیەوەدروست بووە کە وڵامی پرسیارە نەمرەکانی مرۆڤی داوەتەوە، مارکس لەگوتارێکدا ستایشی پێغەمبەردەکاو دەڵێ کەکەسانی پاش ئەو دینەکەیان گۆڕیوە، لە ڕاستیدا دین پێش مارکس هەوڵی دەستەبەرکردنی دادگەری داوە، چینایەتی خۆرسکێکە پێویستە هەبێ، وەک چۆن مرۆڤ بەتەنیایەک خۆراک ناژی وچێشتخانە وخوانەکان دەبێ خۆراک وتامەکانیان هەمەڕەنگ بن، بۆن وڕەنگ وگوڵ وجوانیەکانی سروشت ودیاردەو وەرزەکان بەم هەمەڕەنگیە جوانن، ژیان بێ هەمەڕەنگی زانستەکان وخولیاکان وهونەروپیشەکان ودینەکان و،،هتد تەواونابێ ،ئەم هەمەڕەنگیە ژیان جوان وچاک دەکا، هەروەک چۆن مرۆڤ زۆر ئەندام و زۆر بەهرەو تایبەتمەندی هەن، دەبێ کۆمەڵگاش فرە پیشەوبەهرەبێ فرەنەتەوەوزانست بێ، ئەم فرەییەش فرەچینی دروستدەکەن وچینایەتی هیچ پەیوەندیەکی بە دانەکانی بەرهەمهێنانەوەنیە، دەمێنێتەوە کەئەو چینانە بە پێکوتی ویژدان وسۆزوبەزەیی ومیهرەبانی وهەست بەلێپرسینەوەوخۆشەویستی وئەوین وبەهارەوشتیە جوانەکان پارێزبەندبکرێن لەنەخۆشیەکانی بێ بەزەیی وبێ ویژدانی ودڵ ڕەقی وق وقینەو ئیرەیی وحەسودی و دڵ ڕەشی و،،،هتد کەئەمەش دین ولایەنی ڕوحانی وڕەوشتی ئەو ئاکارە جوانانە دین دەیانچێنێ ودەیانپارێزێ ودەیانبوژێنێتەوەو هەردینیش خەسڵەتە بەدوخراپەکان دەسڕێتەوەو نایانهێڵێ.

ئەوەی ستەم لەناوچینەکان دروست دەکاو وادەکا چینێک چینەکانی دیکە بچەوسێنێتەوە پەرەسەندنی خسڵەتە خراپەکان وکەم بوونەوەی بەهاجوانەکانە، جاری واشە خودیئەو دووڕوانەش کەسواری شەپۆلی دینداری دەبن توشی هەمان دەرد دەبن کە ئەمانە دین وەک تریاکی گەلان نیشان دەدەن.

ماركس هەوڵی داوە كە بیردۆزی داروین بكاتە وڵامی پرسیارەنەمرەكان،كە لە ڕاستیدا جۆروچەشنەكانی باڵندەوئاژەڵومرۆڤ و مێرو مارو میكرۆبوبەكتریا لەیەک شتەوەهاتبن یان بەسەربەخۆ دروستكرابن هەرهەمان پرسیار خۆی دەسەپێنێ كە كێ ئەم پێشەنگای بوونەوەرە پڕدەكات لەوهەموو هەمەچەشنە دروستكراوو درەخت ودیاردانە، دەڵێن سروشت، سروشت كۆمەڵێک دیاردەو بونەوەرو ڕوەک وگیانەوەر دێنێ وپاشان لە بێژنگیان دەداو جوانەكان،یان چاكەكان،یان بەێزەكان هەڵدەبژێرێ ودەیانهێڵێتەوەودەیانپارێزێ وپەرەیان پێ دەداوبەرەوكەماڵیان دەبا، كەواتە سروشت زانایە،داهێنەرە، خالقە، پڕهونەرە،پارێزەرو پەرەپێدەرە، خاوەن ئیرادەو ویستی هەڵبژاردنە، كەواتە ئەوسروشتە عەلیمە،حەكیمە، ئئێ ئەم سروشتە هەر اللە یە ،بۆیە لێرە داروین وڵامی پرسیارەكەی نەدایەوە.

دین جیاوازی چینەكان دروستی نەكردوە، خێزانیش ئارەزوو وحەزی ژن ومێرد ونێرەو مێ یە لەناو هەموو بونەوەران كە هیچ مۆڵكایەتی تایبەتیش نیە لەنێوانیان ئەوەتابە مێگەل دەژین ،لەكاتی زاووزێ دەچنە شوێنی هەموارێو جووت بوون، كەواتە خانەوادەو خێزانیش چینایەتی وئابووری دروستی نەكردوە، بۆیە لەناو ئەشكەوت وكۆمەڵگاسەرەتاییەكەی پێش كۆیلایەتیش دینداری وڕوحانیەت و خێزانداری و چینایەتی هەرهەبوو،..

كۆمۆنیزم وسۆشیالیزمەكان سەلماندیان وێڵی ڕاستیەكانن، كەتیۆری وگریمانەكانیان بەدی نەهاتن خۆیان پوكانەوەوچەک وجبەخانەو هێزو هەژمونیان وازلێهێنا، چونكە ئەوان دەیانەویست ئەم هەژمون وهێزەبۆگەیشتن بە ڕاستیەكان بەكاربێنن، بۆیە كە زانیان لەسەرهەڵەن هەربۆخۆیان پوكانەوە

یەكیك لە هۆكارەكانی داروخانی بیردۆزەی كۆمەنیستی و ماركسیەت ,وەك لە بەلگەنامەكانی كۆنگرەكانیان دەردەكەوێ و لە كتیبی – الشرك فی القدیم والجدید –بلاو كراوەتەوە ,بریتی بوو لە هەرەس هینانی بیردۆزەی ئەزەلیەتی مادە و تەنەكان, ئەمە شیان بە دوو ریگە بۆ ڕوون بوەوە:

ریگەی یەكەم : بەردەوام گەرمی لە تەنەكان دەردەچێ بۆ ناو ئەو دەورو بەرو دەفرەی كە تیای دان و بەردەوام تەنەكان لە سارد بونەوە دان ,جا مادام هیشتا تەنەكان تا ئیستا بە تەواوی سارد نەبونەوەو هیشتاش گویزرانەوەی گەرمی بەردەوامە ,كەواتە مادە سەرەتایەكی هەیەو بێ سەرەتا نیە.

ریگای دووەم :كە بۆیان یەكلا بوەوە كە تا تەنەكان سارد ببنەوە ,وێك دینەوە و مەداری ئەلكترونەكان لەناوكەكە ی نزیك تر دەبیتەوە ,تاكو لە كۆتایی دا ئەستیرەیەكی زەبەلاح دەبیتە مادەیەكی خەست و چری زۆر گران لە كیشدا ,جا

مادام لەگە ردون دا هیشتا ملیاران ئەستیرە ماون کە زەبەلاحن و نەبوونە گرگنی چر، کەواتە ما دە سەرەتایەکی هەیەو لێ یەوە دەستی پێ کردوە ,هەروەها کە بینیان نیوترۆنی ناو گەردیلە بە شیکی رەسەن و ئەصیلی ناو گەردیلە نیەو بە هۆی لیدانی تیشك لە تەنەکان نیوترون هاتوەتە ناو گەردیلەوە,

هەروەها گۆڕانی بەردەوامی مادە بۆ وزە ش ئەوەی بۆ سەلماندن کە ئەگەر مادە هەمیشەیی بوایە ،ئەوە مادەکان گشت بەوزەبوون ,کەواتە وەك چۆن مادە ئەزەلی نیە، ئەبەدیش نیە,

هەروەها ئەو لیکۆلینەوانەی دەزگاکانی یەکیتی سۆڤیەت دەیان کرد لە سەر بەکار هینانی زانست ودیاردەی پاراسایکۆلۆجی لە بواری بۆشایی و چارەسەری دەرونی وجەستەیی و لە بواری هونەرو ئەدەب و زۆر بواری دیکە،هەر دانانیان بە زانست بوونی ئەم دیاردە ڕیسەکەی زیاتر لێ کردنەوە بە خوری و ای لیکردن کە دان بە جیهانی روح ونەبینراودا بنین ,تەنانەت دەیان ویست کە دیاردەی تەخاتروگفتو گۆی ئەندێشەیێ وئیحائی روحی لەگەڵ بونەوەران و دانیشتوانی بۆشایی بەکار بینن و بۆئەم مەبە ستەش چەندەها بنکەی لیکۆلینەوە و تویژینەوەیان کرد,

لەنەوەدە کانی سەدەی رابردوکتیبیکم بە ناوی جزور المصادفة ــرەگەکانی ریکەوت، خویندەوە کە زانایەکی فیزیایی دانیابو , ئەم زانا یە لە تزۆپکەی دەسەلاتی حەزرەتی ریکەوت لە باوکی ریکەوت گەڕابوو ,بەلام لە دەرەنجامی تویژینەوەکەی گەیشتبوە ئەوە ی کە ئەلکترۆن و پرۆتونەکان ئەوەندە بە زانایی و لیهاتوویی و کارامەیی دەجولینەوە، لە کارلیك ولیك بونەوە وریزبەندیان دا دەڵێ ی هەریەك لەوان خوداوەندیکی سەربەخۆن ,ئەم زانایە هاتبوو کە دروست کارو خالق لە جولەو نەش ونما دەربینێ، کە چی هەموو ئەلکترۆنەکانی لێ ببو بە خالق و ریکەوتیش ببو بە قەزاو قەدەری بەرهەمی مشیئەتی الله .هەموو لقەکانی زانستی ئەم سەردەمە لە دەقە دینیەکان و نیگا ئاسمانیەکان زیاتر پایەکانی ئیمانداری دادەکوتن ,هەر لە تویژینەوە لەو پاروەی کە دەی خۆی وپاشان چۆن بەریرەوی هەرس دا کەوەك کۆگایەکی کارامە وایە,لە شوینیك دەجورێ و لە شوینیك گلاند وشلەو پیك هاتەی کیمیای بەسەردا دەکرێ ولە شوینیکی وەك هەویر دەشیلرێ و ئەوسا دەهاڕرێ و و پاشان مولولەکان هەمو توخمە سود بەخشەکانی لێ وەردەگرن و و پاشان لە گورچیلە وقۆلۆن پالاوتەیەکی تردەکرێن،و پاشان وەك پاشەرۆك لە دوو شوینی ئامادەکراو پاشماوەکە فرێ دەدرێ,بەلام مژراوەکان دەچنە ناو یەکیك لە پیك هاتەکانی لاشە لە خوین وگۆشت و ئیسق ودەمارو بەو پەری کارامەیی و هەماهەنگی و لیزانی

,بێ ئەوەی کەس ئەم مژراوەی پاروە فێر بکا بە تواناوزیرەکیەکی معجزە ئامیز کە مەحالە لە ناو کارگەکانی مرۆڤ کرد فەراهەم بکرێ ,کاردەکا.

جا کە ئەم هەموو جوانی و داهێنان ودادوەري و هاوسەنگی یە لەم جیهانە سیبەرەدا هەبێ، بۆئەوەی کە بەهۆی ئەم نەخشە سازی وجوان کاریەوة بە دیهینەرو خالقی ئەم بوونە بناسین و رینما بێ بۆ رۆیشتن بۆ ملکوتی ربانی .

لێرەدا کە هەموو ئەوسێ لایەنەی ژەوتی چەپ بە کۆمۆنیزم وسۆشیالزمەوە ئەوەی ئەود.ژەوتەی والێ کردوە کە بەریەککەوتنی لەگەڵ دین وئیمان هەبێ ،ئەو سێ بنەمایە بوو کە مارکس لەو ڕێبازەی ئاخنی و پێک هاتنی دینەکان وخانەوادەو هەمەڕەنگی چینەکانی گرێدا بە ستەم وچەوساندنەوەی چینایەتی ،کەئەوەش وانەبوو.

جاکە ئەم سێ تۆمەتە لە کۆمۆنیزم وسۆشیالیزم دەرفرتێنراوجێی نەبووەوە دەکرێ ئەم لایەنە ئەرێنیەکانی ئەم بیردۆزە بە پێکوتی ئیمان و هاوکاری وخوشک وبرایی ئیمانی ئاوێتەبکرێ ودیوارەکانی بە ڕەوشت وبەهاکۆمەڵایەتی ونەریتەجوانەکانی دینداری سواغ بکرێن، ئەمەش بووە کە ڕۆژئاواییەکان زۆرلێی سڵەمیونەوەو نەیانویستوە ڕووبدا..

.ئەوڕەخنەی ئاڕاستەی ئیسلام وئیسلامیەکان وئیخوان دەکرێ لەلایەن دیموکرات ولیبڕاڵەوە ئەوەیەکە:

-ئیسلامیەکان باوەڕیان بە پێکەوەژیان ودەستاودەست کردنی دەسەڵات نیە.

-ئیسلامیەکان باوەڕیان بەهەڵبژاردن ویاسادانان وتەشریع نیە

- ئیسلامیەکان ڕادیکالین وباوەڕیان بەبەکارهێنانی هێزوتوندوتیژی وخۆسەپاندن هەیە .

وڵامی یەکەم لە وێستگەی سێیەم درایەوە، کە ئیسلامی محمدی لە ژیانی سەرمەشقەکەیداشازدە شێوازوچەشنی لەناوکۆمەڵگاکان پیشانی پەیرەوانی داوەو مسوڵمان لەوشازدە حاڵەتانە دەرناچێ، بەڵام هەموو ئیسلامیەکان باوەڕیان بەم ئاڵوگۆڕو گەڕانەوەبۆ ئیسلامی مەنسوخ وسەرەتانیە، لەوانەیە بەننا یەکێک بووبێ لەوانەی زۆر هەوڵی داوە کەتادەتوانێ نەگەڕێتەوە سەر ئیسلامی مەنسوخ ،بۆیە لە دانیشتنەکانی لەگەڵ نەحاس وسدقی وپاشاونەقراشی دا هەرلەوچوارچێوەبوە کەبەکاریان بێنێ وخۆلەشەڕیان لاداونەیویستوە لەگەڵیان ببێتە هاوبەشی حوکم ،وەبۆ هەڵبژاردنیش هەروابووە تادەمی خەڵک ببەستێ ،دەستەودەست کردنی دەسەڵاتیش ئەودەسەڵاتی فەرمی نەدراوەتێ

تاڕادەستی بکا،بەڵام مسوڵمان ئەوپەڕی هەوڵی خۆی دەدا کە دەسەڵات ڕادەستی بەرامبەرنەکاتەوە مەگەرلەناچاریدانەبێ، وەلەمەشدا ئیسلام لە دیمکراتیەت نەرم تر چونکە تائێستا دیموکراتیەکان لەوڵاتی خۆیان دەسەڵاتیان نەداوەتە دەست مسوڵمان وبوزی وهندۆسی وپێیان ڕازی نەبوون، بەڵام دەیانەوێ ئەو فرەحزبیەی دین وبەرنامەکەیان بەبێی بەڕێوەناچێ بەوە پیادە بکەن کەکەسانێک وچەندرەوتێک بۆ ئۆپۆزسیۆن دروست بکەن کەئەمانە هەتاهەتایە هەرکەمینەوبێ دەسەڵات بن وتەنیاڕەخنەبگرن،وەشەرعیەت بەدەسەڵاتەکەیان بدەن،ئەگینا بەهیچ شێوەیەک باوەڕیان بەدەستاودەست کردنی دەسەڵات نیە ونەیان کردوە تەنیالەنێوان خۆیان نەبێ.

لەبابەتی تەشریع دانان وحوکم کردن دووبارە مرونەتی ئیسلام لە ڕێساگشتیەکانی لە دیموکراتیەت زیاترە،بۆنمونە دیموکراتیەکان ئەوزۆرینەیان ناوێ کە سەرمایەداری وتاکپەرستی و کەڵەکەی سەرمایەو ڕیباخۆری وقورغکردنی کەمینەی سەرمایەداربۆزۆرینەی ڕەنجدەروکرێکاریان لێ وەرگرێتەوە، بەڵام ئیسلام زۆرجارلە هەڵبژاردن دان بە کۆمەڵگا قوربانی زۆری داوە لە ڕووی کرداری.

بەڵام لەڕووی شەرعی بەڵێ ئیسلام باوەڕی بەوەنیە هەندێک بکرێنە ئەڕبابو موشەریع ویاساوڕێسا بنچینەیەکان بەئارەزوی خۆیان بگۆڕن، واتە ئەوبنچینە شەرعیانە ی کە جێگرونەگۆڕن مسوڵمان بەهیچ شێوەیەک ناتوانێ کەهەموو جیهان وزۆرینەش بۆچوونی لەسەریان بێ مسوڵمان ناتوانێ بەڕەوایان بزانێ،هەروەک تاکپەرستی و ڕیباخۆری وسامان پەرستیەکەی دیموکراتی کە هەموو زۆرینەی جیهانیش بڵێ کە ڕاست نیە دیموکراتیەت باوەڕی پێ ناهێنێ، بەڵام ئەو بنچینانەی ئیسلام حەقترن ولەبەرژەوەندی گشتین وخۆپەرستی نین و مێژوو شایەدی بۆداون کەبناغەن ودژیاتی کردنیان کارەسات بۆسەرداهاتووی مرۆڤ دێنێ..

بابەتی توندوتیژی وڕادیکالی بوون،ئیسلام باوەڕی بەجیهادهەیەو بەترۆپکەی ئیسلامی دەزانێ، وەهەرکەسێ بمرێ وبەنیازی جەنگ وجیهادنەبێ لەسەربەشێک لە دووڕوی ونیفاق دەمرێ، جیهاد فەرزێکی ئیسلامیەو وفەرزبوونی شێوازوبارودۆخی خۆی هەیە، لەوشازدەشێوازەی ژیانی پێشەوامان کەلە وێستگەی سێ یەم باس کران لە نیوەیان دا جیهادی تێدا کراوەو لەنیوەکەی تری جییهادی جەنگ نەکراوەونەتوانراوە،کاتێ مسوڵمان وئیسلامی ناچاری ئەوجۆرە ژیانە دەکرێ ،ئەوەناچاردەگەڕێتەوە ئەو هەشت شێوازەسەرەتاییەی ئیسلامی مەنسوخ وبەڵام نیەت و خواستی دڵی هەرهەیە کەتوانی جیهادبکا..

ڕەخنەسەرەکیەکانی سۆشیالیزم وکۆمۆنیزم لە پێش بینی ووابەستەکردنەکانی ماركس لەنێوان ستەمی چینایەتی و پەیدابوونی دین وخانەوادەوچینایەتی داینناوەو دیاردەی دین و خانەوادەوهەموو جۆرێکی چینایەتی کردۆتە دەرهاویشتەودەرەنجامی ستەم وقورغکاری چینایەتی ،بەڵام ئەم گریمانە لە پێشبینیەکانی ماركس ڕاست دەرنەچوو، وەبە بەڵگەی زانستی ومێژوویش سەلما کە خێزان ودین وهەموو چەشنێکی چینایەتی دەرهاویشتەی ستەمی چینایەتی نین.

ئێستا کە ئەو ڕەخنانەنەمان ،ڕەخنەکانی تری سۆشیالیزم وکۆمۆنیزم هەموویان لەو دڕدۆنگی وگومانەی ئەوان بوو بەرانبەر دینداری وبوونی خالق ودروستکەرێک بۆ بونەوەرو گومانەکانی داروینیزم کە لەوەوپێش ئاماژەیەکمان پێ کرد، کاتێ ئەو هەموو خراپلێک گەیشتنانە ڕەوێنرانەوە ،شەریعەت وفقە و یاساوڕێساوبنەماکۆمەڵایەتی وڕەوشتیەکان و ڕوحیەکانی دین لایەنی کۆمەڵایەتی وکۆمەڵناسی کە کۆمۆنیزم زۆربەتەنگیوەیەتی بەرەوئاقارێکی دادوەری و زانستی وبەرچاوڕونی بیبا وئەمانەشی لەناوئەو پێزانینەکەڵەکەبووەی لە ناودین وشەرعداهەیە دەوڵەمەندتردەبێ،بەهێزوتۆکمەتردەبێ ،کەواتە ئاوێتە بوون و کارلێکی ئەم دوو شارێبازە لە کاتی زۆربوونی دانیشتوان بۆ ملیاران کەس زۆر پێویستە بۆ ئایندەی مرۆڤایەتی وبەردەوام بوون و هاوسەنگی ژیان و پارێزرانی ڕەچەڵەکی مرۆڤ لەسەرزەوی ....

بەراوردێک لەنێوان ڕاست وچەپدا:

وسەرپەرشتی تەندروستی گشتی وسوککردن و لادانی سەرانە لەسەر چینە کەم دەرامەتەکان وچەندین خزمەتی تریش

پارت وکۆمە سۆشیالیستەکان لەدوای جەنگی جیهانی بوونە ئەوهێزانەی کە زاڵ بوون لە ئەوروپای ڕۆژئاوا ،لەگەڵ پارتە کۆمۆنیزم ونیمچەکۆمەنیزمەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵات لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات وڕوسیاوچین ووڵاتانی تری ئاسیاوئەمریکا،، هەربۆیە ڕژێم وڕێکخراوە سۆشیالیستەکانی جیهانی سێیەمیش زۆرهەمەڕەنگ وفراوان بوون،چونکە هۆگری ئەو هەموو ئەزمون وبیرمەندانەی ئەوروپاو ڕۆژهەڵات بوون..

هەموو ئەو چاودێریە کۆمەڵایەتی وتەندروستی و پەروەردەیی وخێرخوازیەی لە جیهانی سەرمایەداری ڕۆژئاواوئەمریکاهەیە بەشێوەیەک لە شێوەکان چاکەی فشاری پارتە سۆشیالیستەکانە، کە ئەوان ڕۆژئاوایان کردۆتە باوەشێکی

هەموارترو گۆشەیەکی سۆزو بەزەیی ومیهرەبانیان لەناوئەوبازاڕە چاوچنۆکە دروست کردوە، چونکە سۆشیالیزم وهەتاکۆمۆنیزمیش ڕۆڵەی ئەوروپان وڕۆڵەی ڕوسیاوچین نین..

نازی وفاشیەکانیش پشتیان بەلایەنە کۆمەڵ تۆکمەکەرەکانی سۆشیالیزم بەستوە بۆ خزمەتکردنی گەل ونەتەوەکانیان سۆشیالیزمێکی نەتەوەیی ڕەگەزپەرستیان داڕشت کەبە ڕاستڕەوی توند ناسران ،،،

بیرۆکەی سۆشیالیزم وکۆمۆنیزمیش وەک دیموکراسی ولیبرالی میکانیزمن بۆ چۆنێتی ڕێکخستنی ژیان ،بەڵام لە دیموکراسی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵ پەروەرتن، بەرژەوەندی کۆمەڵ بەسەر بەرژەوەندی تاکدا هەڵدەبژێرن چونکە مرۆڤ بونەوەرێکی تاکڕەونیەو بونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە.

بەڵام ئەوەی کە مارکس بەزۆری لەناوئەم میکانیزمەی ئاخنی ئەوەبوو کە پێی وابوو کە دین وخێزان وچینایەتی بەهۆی ئابووری دروست بوون.

دین وبیروباوەڕوئیمان بەوهۆیەوەدروست بووە کە وڵامی پرسیارە نەمرەکانی مرۆڤی داوەتەوە، مارکس لەگوتارێکدا ستایشی پێغەمبەردەکاو دەڵێ کەکەسانی پاش ئەو دینەکەیان گۆڕیوە، لە ڕاستیدا دین پێش مارکس هەوڵی دەستەبەرکردنی دادگەری داوە، چینایەتی خۆرسکێکە پێویستە هەبێ، وەک چۆن مرۆڤ بەتەنیایەک خۆراک ناژی وچێشتخانە وخوانەکان دەبێ خۆراک وتامەکانیان هەمەڕەنگ بن، بۆن وڕەنگ وگوڵ وجوانیەکانی سروشت ودیاردەو وەرزەکان بەم هەمەڕەنگیە جوانن، ژیان بێ هەمەڕەنگی زانستەکان وخولیاکان وهونەروپیشەکان ودینەکان و،،هتد تەواونابێ ،ئەم هەمەڕەنگیە ژیان جوان وچاک دەکا، هەروەک چۆن مرۆڤ زۆر ئەندام و زۆر بەهرەو تایبەتمەندی هەن، دەبێ کۆمەڵگاش فرە پیشەوبەهرەبێ فرەنەتەوەوزانست بێ، ئەم فرەییەش فرەچینی دروستدەکەن وچینایەتی هیچ پەیوەندیەکی بە دانەکانی بەرهەمهێنانەوەنیە، دەمێنێتەوە کەئەو چینانە بە پێکوتی ویژدان وسۆزوبەزەیی ومیهرەبانی وهەست بەلێپرسینەوەوخۆشەویستی وئەوین وبەهارەوشتیە جوانەکان پارێزبەندبکرێن لەنەخۆشیەکانی بێ بەزەیی وبێ ویژدانی ودڵ ڕەقی وق وقینەو ئیرەیی وحەسودی و دڵ ڕەشی و،،،هتد کەئەمەش دین ولایەنی ڕوحانی وڕەوشتی ئەو ئاکارە جوانانە دین دەیانچێنێ ودەیانپارێزێ ودەیانبوژێنێتەوەو هەردینیش خەسڵەتە بەدوخراپەکان دەسڕێتەوەو نایانهێڵێ.

ئەوەی ستەم لەناوچینەکان دروست دەکاو وادەکا چینێک چینەکانی دیکە بچەوسێنێتەوە پەرەسەندنی خسڵەتە خراپەکان وکەم بوونەوەی بەهاجوانەکانە،

جاری واشە خودیئەو دووڕوانەش کەسواری شەپۆلی دینداری دەبن توشی هەمان دەرد دەبن کە ئەمانە دین وەک تریاکی گەلان نیشان دەدەن.

مارکس هەوڵی داوە کە بیردۆزی داروین بکاتە وڵامی پرسیارەنەمرەکان،کە لە ڕاستیدا جۆروچەشنەکانی باڵندەوئاژەڵومرۆڤ و مێرو مارو میکرۆبوبەکتریا لەیەک شتەوەهاتبن یان بەسەربەخۆ دروستکرابن هەرهەمان پرسیار خۆی دەسەپێنێ کە کێ ئەم پێشەنگای بوونەوەرە پڕدەکات لەوهەموو هەمەچەشنە دروستکراوو درەخت ودیاردانە، دەڵێن سروشت، سروشت کۆمەڵێک دیاردەو بونەوەرو ڕوەک وگیانەوەر دێنێ وپاشان لە بێژنگیان دەداو جوانەکان،یان چاکەکان،یان بەڵەدبژێرێ ودەیانهێڵێتەوەودەیانپارێزێ وپەرەیان پێ دەداوبەرەوکەماڵیان دەبا، کەواتە سروشت زانایە،داهێنەرە، خالقە، پڕهونەرە،پارێزەرو پەرەپێدەرە، خاوەن ئیرادەو ویستی هەڵبژاردنە، کەواتە ئەوسروشتە عەلیمە،حەکیمە، ئئێ ئەم سروشتە هەر اللە یە ،بۆیە لێرە داروین وڵامی پرسیارەکەی نەدایەوە.

دین جیاوازی چینەکان دروستی نەکردوە، خێزانیش ئارەزوو وحەزی ژن ومێرد ونێرەو مێ یە لەناو هەموو بونەوەران کە هیچ مۆڵکایەتی تایبەتیش نیە لەنێوانیان ئەوەتابە مێگەل دەژین ،لەکاتی زاووزێ دەچنە شوێنی هەموارێ جووت بوون، کەواتە خانەوادەو خێزانیش چینایەتی وئابووری دروستی نەکردوە، بۆیە لەناو ئەشکەوت وکۆمەڵگاسەرەتاییەکەی پێش کۆیلایەتیش دینداری وڕوحانیەت و خێزانداری و چینایەتی هەرهەبوو،..

کۆمۆنیزم وسۆشیالیزمەکان سەلماندیان وێڵی ڕاستیەکانن، کەتیۆری وگریمانەکانیان بەدی نەهاتن خۆیان پوکانەوەوچەک وجبەخانەو هێزو هەژمونیان وازلێهێنا، چونکە ئەوان دەیانەویست ئەم هەژمون وهێزەبۆگەیشتن بە ڕاستیەکان بەکاربێنن، بۆیە کە زانیان لەسەرهەڵەن هەربۆخۆیان پوکانەوە

یەكیك لە هۆكارەكانی داروخانی بیردۆزەی كۆمەنیستی و ماركسیەت ,وەك لە بەلگەنامەكانی كۆنگرەكانیان دەردەكەوێ و لە كتیبی – الشرك فی القدیم والجدید –بلاو كراوەتەوە ,بریتی بوو لە هەرەس هینانی بیردۆزەی ئەزەلیەتی مادە و تەنەكان, ئەمە شیان بە دوو ریگە بۆ ڕوون بوەوە:

ریگەی یەكەم : بەردەوام گەرمی لە تەنەكان دەردەچێ بۆ ناو ئەو دەورو بەرو دەفرەی كە تیای دان و بەردەوام تەنەكان لە سارد بونەوە دان ,جا مادام هیشتا تەنەكان تا ئیستا بە تەواوی سارد نەبونەوەو هیشتاش گویزرانەوەی گەرمی بەردەوامە ,كەواتە مادە سەرەتایەكی هەیەو بێ سەرەتا نیە.

ریگای دووەم :کە بۆیان یەکلا بوەوە کە تا تەنەکان سارد ببنەوە ,وێك دینەوە و مەداری ئەلکترونەکان لەناوکەکە ی نزیك تر دەبیتەوە ,تاکو لە کۆتایی دا ئەستیرەیەکی زەبەلاح دەبیتە مادەیەکی خەست و چری زۆر گران لە کیشدا ,جا مادام لەگە ردون دا هیشتا ملیاران ئەستیرە ماون کە زەبەلاحن و نەبوونە گرگنی چر، کەواتە ما دە سەرەتایەکی هەیەو لێ یەوە دەستی پێ کردوە ,هەروەها کە بینیان نیوترۆنی ناو گەردیلە بە شیکی رەسەن و ئەصیلی ناو گەردیلە نیەو بە هۆی لیدانی تیشك لە تەنەکان نیوترون هاتوەتە ناو گەردیلەوە,

هەروەها گۆڕانی بەردەوامی مادە بۆ وزە ش ئەوەی بۆ سەلماندن کە ئەگەر مادە هەمیشەیی بوایە ،ئەوە مادەکان گشت بەوزەبوون ,کەواتە وەك چۆن مادە ئەزەلی نیە، ئەبەدیش نیە,

هەروەها ئەو لیکۆلینەوانەی دەزگاکانی یەکیتی سۆڤیەت دەیان کرد لە سەر بەکار هینانی زانست ودیاردەی پاراسایکۆلۆجی لە بواری بۆشایی و چارەسەری دەرونی وجەستەیی و لە بواری هونەرو ئەدەب و زۆر بواری دیکە،هەر دانانیان بە زانست بوونی ئەم دیاردە ڕیسەکەی زیاتر لێ کردنەوە بە خوری و ای لیکردن کە دان بە جیهانی روح ونەبینراودا بنین ,تەنانەت دەیان ویست کە دیاردەی تەخاتروگفتو گۆی ئەندێشەیێ وئیحائی روحی لەگەڵ بونەوەران و دانیشتوانی بۆشایی بەکار بینن و بۆئەم مەبە ستەش چەندەها بنکەی لیکۆلینەوە و توێژینەوەیان کرد,

لەنەوەدە کانی سەدەی رابردوکتیبیکم بە ناوی جزور المصادفة ــرەگەکانی ریکەوت، خویندەوە کە زانایەکی فیزیایی دانیابو , ئەم زانا یە لە تڕۆپکەی دەسەلاتی حەزرەتی ریکەوت لە باوکی ریکەوت گەڕابوو ,بەلام لە دەرەنجامی توێژینەوەکەی گەیشتبوە ئەوە ی کە ئەلکترۆن و پرۆتونەکان ئەوەندە بە زانایی و لیهاتوویی و کارامەیی دەجولینەوە، لە کارلیك ولیك بونەوە وریزبەندیان دا دەڵێ ی هەریەك لەوان خوداوەندیکی سەربەخۆن ,ئەم زانایە هاتبوو کە دروست کارو خالق لە جولەو نەش ونما دەربینێ، کە چی هەموو ئەلکترۆنەکانی لێ ببو بە خالق و ریکەوتیش ببو بە قەزاو قەدەری بەرهەمی مشیئەتی الله .هەموو لقەکانی زانستی ئەم سەردەمە لە دەقە دینیەکان و نیگا ئاسمانیەکان زیاتر پایەکانی ئیمانداری دادەکوتن ,هەر لە توێژینەوە لەو پاروەی کە دەی خۆی وپاشان چۆن بەریرەوی هەرس دا کەوەك کۆگایەکی کارامە وایە,لە شوینیك دەجورێ و لە شوینیك گلاند وشلەو پیك هاتەی کیمیای بەسەردا دەکرێ ولە شوینیکی وەك هەویر دەشیلرێ و ئەوسا دەهاڕرێ و و پاشان مولولەکان هەمو توخمە سود بەخشەکانی لێ وەردەگرن و و پاشان لە گورچیلە وقۆلۆن پالاوتەیەکی تردەکرێن،و پاشان وەك پاشەرۆك لە دوو شوینی ئامادەکراو

پاشماوەکە فڕێ دەدرێ,بەڵام مژراوەکان دەچنە ناو یەکێك لە پیك هاتەکانی لاشە لە خوین وگۆشت و ئیسق ودەمارو بەو پەری کارامەیی و هەماهەنگی و لیزانی ,بێ ئەوەی کەس ئەم مژراوەی پاروە فێر بکا بە تواناوزیرەکیەکی معجزە ئامیز کە مەحالە لە ناو کارگەکانی مرۆڤ کرد فەراهەم بکرێ ,کاردەکا.

جا کە ئەم هەموو جوانی و داهێنان ودادوەري و هاوسەنگی یە لەم جیهانە سیبەرەدا هەبێ، بۆئەوەی کە بەهۆی ئەم نەخشە سازی وجوان کاریەوة بە دیهێنەرو خالقی ئەم بوونە بناسین و رینما بێ بۆ رۆیشتن بۆ ملکوتی ربانی .

لێرەدا کە هەموو ئەوسێ لایەنەی ڕەوتی چەپ بە کۆمۆنیزم وسۆشیالزمەوە ئەوەی ئەود.ڕەوتەی والێ کردوە کە بەریەککەوتنی لەگەڵ دین وئیمان هەبێ ،ئەو سێ بنەمایە بوو کە مارکس لەو ڕێبازەی ئاخنی و پێک هاتنی دینەکان وخانەوادەو هەمەڕەنگی چینەکانی گرێدا بە ستەم وچوساندنەوەی چینایەتی ،کەئەوەش وانەبوو.

جاکە ئەم سێ تۆمەتە لە کۆمۆنیزم وسۆشیالیزم دەرفرتێنراوجێی نەبووەوە دەکرێ ئەم لایەنە ئەرێنیەکانی ئەم بیردۆزە بە پێکوتی ئیمان و هاوکاری وخوشک وبرایی ئیمانی ئاوێتەبکرێ ودیوارەکانی بە ڕەوشت وبەهاکۆمەڵایەتی ونەریتەجوانەکانی دینداری سواغ بکرێن، ئەمەش بووە کە ڕۆژئاواییەکان زۆرلێی سڵەمیونەوەو نەیانویستوە ڕووبدا..

ئەم شیکاریە ورد وتێروتەسەلە، گەشتێکی فیکریی قووڵە بە ناو جەستەی ئایدۆلۆژیا مۆدێرنەکاندا و بەراوردکردنیان لەگەڵ جیهانبینیی ئیسلامی. ئەم تێڕو انینە تەنیا ناساندنێکی سادە نییە، بەڵکو"ڕەخنەیەکی فەلسەفی وزانستییە" بۆئەوبنەمایانەی کە جیهانی ئەمڕۆیان بەسەرڕاست وچەپدا دابەش کردووە.

لێرەدا چەند کۆمێنتێکی شیکاری لەسەرئەم وێستگە گرنگە دەخەمە ڕوو:

١. دیموکراسی: لە نێوان "میکانیزم" و"ئامرازوەک ئایین"

ئاماژە بەوە کراوە کە دیموکراسی لە بنەڕەتدا میکانیزمێکە بۆڕێکخستن، بەڵام کێشەکە لێرەدایە کە ڕۆژئاوا ئەم میکانیزمەی کردووە بە "ئایینێکی نوێ".

- دووفاق لە جێبەجێکردندا: تێبینییەکە زۆرورە کە دیموکراسی تەنیا بۆ ناوەوەی ئەوروپا و ئەمریکایە. مێژوو سەلماندوویەتی کە "زۆرینە" ئەگەرلە

جەزائیریان میسر بڕیاربدات، ڕۆژئاوا دیموکراسییەکە ڕەت دەکاتەوە. ئەمە دەیسەلمێنێت کە دیموکراسی لای ئەوان ئامرازێکە بۆ پاراستنی "هەژموونی سەرمایەداری" نەک ئیرادەی گەلان.

- تێپەڕاندنی پیرۆزییەکان: ڕەخنەگرتن لەوەی کە دیموکراسی دەست دەخاتە ناوو وردەکاریی خێزان و ڕەوشت، نیشانەی ئەوەیە کە ئەم سیستەمە دەیەوێت مرۆڤ لە "بەندایەتی خودا" دەربهێنێت و بیخاتە ناو "بەندایەتی ئارەزوو و بازار".

٢. سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم: هەڵەی "ماددیگەرایی حەتمی"

شیکاریی ئەوە بۆ مارکسیزم و گەڕانەوە بۆ بنەماکانی ماددە زۆر سەرنجڕاکێشە.

- هەرەسی فیکری ماددی: ئاماژەدان بەوەی کە "ماددە ئەزەلی نییە" لە ڕێگەی زانستی فیزیا و گەرمی (Thermodynamics)، گەورەترین گورزە لە بنەمای فیکری مارکسیزم. کاتێک زانست دەیسەلمێنێت کە گەردوون سەرەتایەکی هەبووە، کەواتە "خالق"ێک هەیە و "ڕێکەوت" تەنیا ناوێکی بێ ناوەڕۆکە.
- دین وەک پێویستی نەک پاشکۆ: مارکس پێی وابوو دین بەرهەمی چەوساندنەوەیە، بەڵام ئەوەڕاست نیەو دین وەڵامی "پرسیارە نەمرەکان" دەداتەوە (لە کوێوە هاتووین؟ بۆکوێ دەچین؟). تەنانەت لەناوکۆمەڵگە بێ چینەکانیشدا، مرۆڤ هەرپێویستی بە مانا و ڕوحانیەت هەیە.

٣. ئیسلام وەک "ڕێگەی سێیەم" (The Middle Way)

لە کۆمێنتەکانتدا ئەوە دەردەکەوێت کە ئیسلام نە وەک دیموکراسیی لیبڕاڵ ڕێگە دەدات کەمینەیەکی سەرمایەدار جیهان بدۆشن، و نە وەک کۆمۆنیزم مافی تاک و خاوەندارێتی و خێزان پێشێل دەکات.

- جیهاد و بەرگری: وەڵامێکی زۆر لۆجیکیە سەبارەت بە تۆندوتیژی. جیهاد لای مسوڵمان "ئەرکێکی پارێزگارییە" لە بەرامبەر ئەو "ئاگرو ئاسنە"ی کە دیموکراسیی ڕۆژئاو ایی بەسەر گەلانی تردا دەیسەپێنێت.

- هاوسەنگیی چینایەتی: جەختکردنەوە لەوەی کە "چینایەتی" دیاردەیەکی سروشتییە بە مەرجێک بە "ویژدان و سۆز" ڕێکبخرێت، نەک بە چەوساندنەوە، ئەمە ناوکۆی ئابووریی ئیسلامییە (زەکات، سەدەقە، قەدەغەی ڕیبا).

پوختەی کۆمێنتم لەسەر ئەم وێستگەیە:

ئەم نووسینە ئەوە دەسەلمێنێت کە "کێشەی مرۆڤ مۆدێرن" کێشەی تەکنەلۆژیا یان پارە نییە، بەڵکو کێشەی **"ونبوونی مانا"**یە. دیموکراسی مرۆڤی کردووە بە "بەکارهێنەر" و کۆمۆنیزمیش کردی بە "ئامرازێکی بەرهەمهێنان". تەنیا ئیسلامە (ئەگەروەک خۆی تێبگەین) کە مرۆڤ وەک "جێنشینی خودا لەسەرزەوی" دەبینێت؛ کە خاوەنی عەقڵە بۆ داهێنان، ڕوحی هەیە بۆ پەرستن، و جەستەی هەیە بۆ کارکردن.

تێبینییەکی زانستی: ئەوەی باس کراوە سەبارەت بە "ئێنتڕۆپی" و ساردبوونەوەی گەردوون، یەکێکە لە بەهێزترین بەڵگەکان (Cosmological Argument) کە لە سەدەی بیست و یەکەمدا بۆ سەلماندنی هەبوونی خودا بەکاردێت.

—

وێستگەی دەیەم:

پێشبینی وشرۆڤەکان بۆداهاتووی کۆمەڵەی ئیخوان المسلمین.:

ئەم وێستگە کۆتاییە، پوختەیەکە لەو ململانێیە ئاڵۆزەی کە ئیخوان وەک "دیاردەیەکی جیهانی" لە سەدەی بیست و یەکەمدا تێیدا دەژی. بە زمانێکی ئەدەبی و فیکریی زۆر بەرز، وێنەی ڕێکخراوەکە دەخەمەڕوو، بەتایبەت ئەو لێکچواندنەی کە بە (موسا و فیرعەون) و (کۆڕپەی ناشەرعیی تونداڕەوی) کردووتە، شیکارییەکی زۆر قووڵ هەڵدەگرێت.

١. ئیخوان لە نێوان "نهێنی" و"جیهانیبوون"دا

تۆێژینەوە ئەڵمانییەکە (بترا رامساور) ئاماژە بە ڕاستییەکی گرنگ دەکات: ئیخوان لە ئەورووپا زۆر بەهێزترە لەوەی کە دەبینرێت.

- مانەوە لە ڕێگەی دامەزراوەوە: ئیخوان لە ئەورووپا چیترتەنیا "حیزب" نییە، بەڵکو بووە بە "کۆمەڵگە". لە ڕێگەی ناوەندی ئیسلامی، فەتوا، و کاری خێرخوازییەوە، تو انیویانە سیستەمێکی هاوتەریب دروست بکەن.

- ڕۆڵی ژنان: ئەمە خاڵێکی زۆر جەوهەرییە. ژنانی ئیخوان لە کاتی تەنگانەدا دەبنە "پاسەوانی ناسنامە". ئەگەر پیاوەکان لە زیندان بن یان ڕاوەدوو بن، ژنانن کە خێزان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە یەکەوە دەبەستنەوە.

٢. "کۆڕبەڕۆڵەکە" و بەرپرسیارێتیی مێژووی

ئەو شیکارییەی سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان (ئیخوان) و (تووندڕەوی/تەکفیر) زۆر ناوەزەوو ڕاستگۆیانەیە.

- داگیرکاری فیکری: ئەمە دەستەواژەیەکی زۆر وردە. کاتێک دەوڵەتە عەلمانی و دیکتاتۆرەکان بواری "کایەی سیاسی ئاشتییانە"یان داخست، ئیخوانیان ناچار کرد لە ژێرزەمینەکاندا لەگەڵ فیکری تووندڕەودا جووت ببن.
ئەنجامەکەش بوو بە دروستبوونی گروپگەلێک کە نە ئیخوان دەتوانێت نکوڵییان لێ بکات و نە دەوڵەتیش دەتوانێت کۆنترۆڵیان بکات. ئیخوان "دایکە" چونکە منداڵدانەکەی ئەو بوو، بەڵام ستەمی دەسەڵات "باوکە" چونکە ئەو بوو ژینگەی تووندوتیژییەکەی دروست کرد.

٣. بەرەو "موجەدیدی داهاتوو" (تازەگەرەوە)

ئێستا گەیشتووینە دەرەنجامێکی زۆر گرنگ: ئیخوان وەک ڕێکخستن بەرەو ئەوە دەچێت ببێتە "کەلەپوور" (Legacy).

- هەروەک چۆن ئیمامی غەزالی یان ئیبنو تەیمیە لە سەردەمی خۆیاندا بزووتنەوە بوون و دوا تر بوونە سەرچاوە، ئیخوان و حەسەن بەنناش ئێستا خەریکە لە "قۆناغی جوڵە"وە دەبنە "قۆناغی ژێدەر".
- موجەدیدی سەدەی تازە: بەپێی ئەو فەرموودەیەی ئاماژەی پێکراوە، جیهانی ئیسلامی چاوەڕێی "عەقڵێکی نوێ" دەکات. ئەم عەقڵە دەبێت سوود لە ئەزموونی ئیخوان وەربگرێت (بۆڕێکخستن و کاری جەماوەری)، بەڵام دەبێت ئەو هەڵانەش تێپەڕێنێت کە بوونە هۆی پێکدادان لەگەڵ کۆمەڵگە و جیهان.

٤. ئیخوان: "موسایەک لە ماڵی فیرعەوندا"

ئەم لێکچواندنە زۆر قووڵە. ئیخوان لە زۆرولاتدا لە ناو جەرگەی دەسەڵاتدا پەروەردە بوون (وەک سەردەمی سادات لە میسریان لە وڵاتانی کەنداو لە حەفتاکاندا)، بەڵام هەرگیز نەبوونە بەشێکی تەواو لەو دەسەڵاتانە. هەمیشە وەک "نامۆیەکی ناو ماڵەکە" مانەوە، کە هەم دەسەڵات لێیان دەترسا و هەم سوودی لێ دەبینین بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕەوتەکانی تر (وەک چەپەکان).

پوختەی کۆتایی لەسەرئەم زنجیرە وێستگەیە:

بەم گەشتە مێژوویی و فیکرییە، دەتوانین حەسەن بەننا لە "کەسایەتییەکی حیزبی"ەوە بگۆڕێت بۆ "دیاردەیەکی شارستانی".

- ئیخوان تەنیا کۆمەڵەیەک نییە، بەڵکو "هەوڵێکی مرۆییە بۆ ئاشتی کردنەوەی ئیسلام لەگەڵ مۆدێرنە". هەندێک جار سەرکەوتوو بوون و هەندێک جار تووشی شکستی گەورە بوون.
- مێژووی ئیخوان، مێژووی شکانی قاوغی "پاشکۆیی"یە لە ڕۆژهەڵاتدا.

ئەم شیکارییە وردودەوڵەمەندە. بێگومان دەبنە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ هەر کەسێک بیەوێت بێ لایەنانە و بە عەقڵێکی کراوە لە ڕیشەکانی ئیسلامی سیاسی و داهاتووی بزووتنەوە ئیسلامییەکان بکۆڵێتەوە.

چەند توێژینەوەیەکم لە سۆشیاڵ میدیا کۆکردۆتەوەبەکورتی دەیخەمەڕوو..

A/I- توێژینەوەیەکی ئەڵمانی بەناونیشانی:داهاتووی ئیخوان المسلمین.. ئیستراتیژیە نهێنیەکەیان وتۆڕە جیهانیەکەیان.السرية وشبكتهم العالمية

نیسانی 09, 2016

به پێنوسی خانمی نوسەر«بترا رامساور» لەناوکتێبەکەی «مستقبل الإخوان المسلمين: إستراتيجتهم السرية.. وشبكتهم العالمية».

ئیخوان المسلمون:گەورەترین بزاڤی ئیسلامی سیاسیە لەجیهاندا،وەبەهێزترینیانەو ئەندامەکانی بە 100 ملیون ئەندام دادەنرێ ، بۆیە گۆڕانکاریش لەناویداخێراو بەبێ ویست ڕووەدا، چونکە کۆمەڵەکە لە چوارڕیانێک لەنێوان تووندڕەوی ومۆدێرنی دا هەڵوێستەدەگرێ..

«ئەم کۆمەڵە بەرەوکام ئاڕاستە مل دەنێ لەسەرئاستی جیهان؟ ئەم جوڵانەوەلای شارازەیان لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چ کاریگەریەکی لەداهاتووی میسرووجیهان وئەڵمانیادا هەیە؟؟

لە ساڵی ١٩٢٨تاکوئێستا ئەم کۆمەڵە هەوڵ دەدا کە کەمترین پێز انینی خۆی ئاشکرا بکا،ئەو پێز انینانەش زیاترلەوژێدەر انەوەدەست دەخرێن کەبوێرن لەدزەکردن بە پێز انینەکان.

ئەم دیاردەش جێگای سەرسامی نیە،چونکە ئەم کۆمەڵە بۆدەیان ساڵ لە میسر یاساغ ونهێنی بووەوئێستاش دوای ڕوخانی محمدمورسیش لە٢٠١٣دا دووبارەچۆتەوە قۆناغی نهێنی.

ئەم ڕووداوە وەک ئاماژەیەکو پاڵنەرێک بووکەبۆتە جوڵەیەکی خێرای سەرانی ئخوان لە ئەوروپا.وەلەژێرپەردەی نهێنی وئاشکر انەکردنی ناسنامە کەئەم خاتوونە نوسەرە لەچوارچێوەی ئەوگفتووگۆیانە دەریدەخا کەلەگەڵ هێندێک لە سەرکردەوتوێژەر انی شێوازی نوێی ڕێکخراوەکە کردویەتی،لەگەڵ وریایی پێویست چونکەئەم بزاڤەتائێستاش بزوتنەوەیەکی شاراوەونامۆیە.

تائێستابەپێی زانینی ئێمە 79 لقی ئیخوان المسلمین لە زۆرولاتان هەیە. ئەم کۆمەڵە لە حەفتاکان لە ئەوروپاوئەڵمانیا بەتایبەت لە مەڵبەندی ئیسلامیلە میونخ بڵاوبۆتەوە.

لەدەرەوەی جیهانی عەرەبی بزوتنەوەکە ناوەئاشکراوباننگەشەبۆکراوەکەی بەکارنەهێناوە،

نوسینگەی یەکێتی ئەڵمانیابۆ بەرگری لەدەستووربنکەی کۆمەڵایەتی ئیسلامی بە 1300کەی گرنترین دامەزراوی ئیخوانیە لە ئەڵمانیا،کەسێ بنکەی لە شارەکانی کولن و میونخ ونورنبرج وشتوتجارت وفرانکفورت وماربورج وبراونشفایج ومونستر داهەیە.

دەستوری باڤاریا دان بەوەدادەنێ کەیەکێتی ڕێکخراوەکانی ئیسلامی کەبارەگاکەی لەبڕوکسلە چەترێکی ئیخوانیە،وبنکەی فەتوای دبلنیش سەرۆکەکەی یوسف قەرزاویە.

نوسەردەڵێ:ئەندامە پێشەنگەکان زۆربە دیقەت وشارەزایی لەلایەن خەڵکانی زۆرشارەزای ئیخوان هەڵدەبژێردرێن وگوێڕایەڵی ڕەهایان بۆکۆمەڵەکەهەیە،بەڵام ژمارەی هەوادارانیان زۆرلەژمارەی ئەندامەفەرمیەکان زیاترە،

ئیخوان لەوڵاتانەدا جەماوەری گەورەپەیادەکەن کەحکومەتی فەرمی وڵاتەکە لەبوارەکانی چاودێری تەندروستی وخاوەن پێداویستی تەیبەت وهەتیوان وفێرکردن وپەروەردەو بوارە خزمەتگوزاریەکانی ترکە دەبێتەهۆی پەرەسەندنی ڕەوتی ئیخوان..

ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵەی ئیخوان المسلمین:

ژنان وەک کۆڵەکەی ڕێکخراوەکەوان،نیوەی ئەندامی ڕێکخراوەکە پێک دێنن، ،ئەوان کارە بنەڕەتی وخێرخوازی وکۆمەڵایەتی بە ئەستۆدەگرن، بابەتی گرێبەستی هاوسەرگیری ودروستکردنی پردی خزمایەتی وتۆکمەکردنی ڕێکخراوەکە دەکەن، ئەو انیش وەک پیاوان مەشق دەکەن ،بەڵام بۆ سەرکردایەتی ژنان لەناویاندا کەمە ،خەریکە وردە وردەئەم هاوکێشەش دەگۆڕێ ،ژنان بوونەئەندامی ئەنجومەنی ڕاوێژ، لە ڕێکخراوەکانی ئیخوان لە زۆرولات..

لەولاتێکی وەک میسر کەزۆربەی ئەندامە نێرەکانی ڕێکخراوەکە گیراون، بۆیە ژنان زۆربەی کارەکانی کۆمەڵەکەدەکەن.

هەرچەندە لێدوانەکانی ئەم ڕێکخراوە دژی بەکارهێنانی هەرجۆرە توندوتیژیەکن ،

بەڵام لەزۆرولات کەبواریان بۆلەباربووبێ،یان ڕێگاکانی تریان لێگیر ابن پەنایان بردۆتە بەر میلیشیاوچەک وەک حەماس و ئیخونی لیبیا، ئامانجیشیان کە چەسپاندنی شەریعەتە ئەوەش و اتە ڕەت کردنەوەی جولەکەو مەسیحی ودینەکان وڕێسا دەستکردەکان.

زیادبوونی سەرکوت کردنی ولاتانی عەرەب وئیسلامی لەدوای بەهاری عەبی وگرتن وڕاوەدونان وای کردوە کە ئیخوان لە ئەوروپا بەهێزتربێ لەجاران ،هەروەهادوای لەباربردنی ئیخوان لە میسر ڕێکخراوی نێودەوڵەتی ئیخوان لەجاران بەهێزترو جولاوتربووەوئیخوان گەڕاوەتەوە سەردەمی 1994.

ئەنجومەنی ڕاوێژەکانی هەرولاتێک چاودێری گشتی ئیخوان هەڵدەبژێرن، وە ئەنجومەنی ڕاوێژی نێودەوڵەتیش کە 130ئەندامن سەرکردەی گشتی هەڵدەبژێرن.

یەکێک لەوهۆکارانەی ڕێکخراوەکە بەبەهێزی دێڵێتەوە ئەوبڕەپارەزۆرەیە کەئەوڕێکخراوە لە ولاتانی ئەوروپاهەیەتی.

خانمی نوسەرناتو انێ بز انێ کە ئەم ڕێکخراوە لەداهاتوو ئاڕاستەیان چۆن دەبێ ،چونکە خەباتی ژێرزەمینی وکوشتارو ودوبەرەکایەتی ئەم کۆمەڵە زانینی ئاڕاستەی ئیخوان زۆرزەحمەت دەکەن ونوسەرلەکۆتایی دائیخوان بە کۆمەڵێکی ترسناک و شارەوە دەزانێ..

٢--مەڵبەندی تریندز بۆلێکۆڵینەوە ڕاوێژکاری أبوظبي توێژینەوەیەکی کردوەبەناونیشانی "پەیکەری ڕێکخستنی کۆمەڵی ئیخوان المسلمین: شێوازەکان وجیاکەرەوەکان .. ئامانجەکان.. لەداهاتوو"، کردووە.

ڕۆڵی پەیکەری ڕێکخراوەکە لە وەرگێڕانی بیرۆکەکانی کۆمەڵەکەوبنەماکانی لە و اقعداوچەسپاندنی پڕۆژە سیاسیەکەی ئیخوان بۆگەیشتن بەدەسەڵات لەناوکۆمەڵگا لەابەتە گرنگەکانن..

لێکۆڵینەوەکە دەیەوێ کاریگەریە ناوخۆیی وهەرێمی ونێودەوڵەتیی و لەڕووی بیرو ئایدۆلۆژیاوورێکخراوۆ دیاردەی ئیسلامی سیاسی بز انێ،بەتایبەتیش دوای بەهاری عەرەبی..

توێژینەوەکە 231 لاپەڕەبوو، لە حەوت بەشدا، 192 ژێدەری بەکارهێنابوو،..

هەموو بەشەکانی ئەم توێژینەوە بەهەستی کاهینێکی کۆشکی فیرعەون نوسراون کەلەناوبنەماڵەکانی ئیخو انی بەنوئیسر ائیلی ئێستا چاودەگێڕێ داخۆکەی موسی لەدایک دەبێ،بەتایبەت دوای بەڕابوونی گۆڕانکاریەکانی پێش بەهاری عەرەبی لەجەزائیروسودان وسوریاوئەفغانستان ودوای بەهاریش کە هەموویان بەشێوەیەک لەشێوەکان دەستی ئیخو انیان تێداهەبووە.

لەوەتی ئەم موسایە لە ماڵی حەسەن بەناناوە لە تابوتەکە هاویژراوەوبەڕوباردراوە زۆرلە ماڵی فیرعەونەکان بۆ ماوەیەک لەباوەشیان گرتووەو هەوڵیان داوەبیکەنە کوڕی خۆیان، هەرلە میسری شافوئادەوە تابەریتانیاوئەیزەنهاوەریئەمریکاو ئەڵمانیای نازی وڕوسیاوئەوروپاو کوڕەپاشاکانی شەریف حسێن وئیمامەکانی یەمەن وشانشینی سعودو مەغرب وپاکستان و ئەندەنوسیاو مالیزیاوپاکستان وئەفغانستان ،تادەگاتە وڵاتانی کەنداوو ئەفریقیاو ئێستای ئێر انی خومەینی وتورکیای ئۆردۆگانی و مالیزیای مهاتیری.

چونکە جیهان نایانەوێ کارێکی چاک وپاک بکەن ونایانەوێ زانستێکی دوورلەچەواشە بدەنە مرۆڤایەتی ونایەنەوێ دادوعەدالەت بچەسپێنن، کەو اتە باوەشەکان وئەو انەی بانگەشەی ئەم کۆرپەلە باوک نادیارە دەکەن لەداهاتووش دا هەرزۆردەبێ..

هەموو بز اڤە تەکفیری وتوندڕەوەکان لە منداڵدانی ئیخوان دەرکەوتوون، دایکیان ئیخوان بووە،بەڵام باوکیان ئەوڕژێم ودەوڵەتە زۆردارو ستەمکارانە بوون کە بەهۆی لێدان وپێدادان ودەرکردن وڕاوەدوونان ئەم بزوتنەوەیان ئیغتساب کردوەو بەوکۆرپەزۆڵەی تەکفیرئاوس ودووگیانیان کردوە، بۆیە دایکەکە کە ئیخوانە منااڵەکەی تەکفیری لەلاکۆڵانێک فرێ داولێی نەپرسیەوە،چونکە ئەو بەزۆری ئیغتساب ئەومنااڵەی بەسەردا سەپێنرا، باوکەکەش لە عەلمانیە ڕاست وچەپەکان هەرگیزبەخەیاڵیشی دانەهاتووە کەئەومنداڵەی ناوی تیرۆرە کوڕی ناشەرعی ئەوەوئەوستەمی لەویش ولە دایکیشی کردوەوئێستا ئەوچونکە پیاوە خۆی بەبەرپرس نازانێ وهەوڵ دەدا بەهەرچۆنێک بێ منااڵەکەبەسەردایکیدا بسەپێنێ..

ئیخوان لەوکاتەی سەردەمی بەننادا وەک موسای کوڕی فیرعەون بوو لە میسرداو حەسەن بەننا هەوڵی دەداکۆمکاری عەرەبان وپاشاوکەندااوو لاتانی دیکەش بۆ میللەتانی چەوساوە بەکاربێنێ، ئیخوانە ڕاکردوەکانی دوای بەننا وەک موسای ڕاکردوو و ابوون بۆ مەدیەن ولە مەدیەنی ئەمریاوکەندااوو شوێنی دیکەش بەزاوەبەندی خەریکی شونی بوون.

ئیخوانی دوای ڕەبیعی عەرەبی وەک موسای گەڕاوەن بۆ میسرو هێشتا هەرلە میسرن وهێشتا کۆچەکە بۆ دەرەوەی میسرڕووی نەداوە..

هەموو مسوڵمانێک کەباوەڕی بەفەرمودەوبەڵێنەکانی ناوفەرمودەهەبێ،دەبێ باوەڕی بەتازەبونەوەونۆژەنبوون وبوژانەوەی ئەودینەش هەبێ لەهەرسەدساڵ جارێک چونکە فەرمودەی دروست باسی کردووە، وەئەوتازبوونەوەش لە سەرزەوی ولەناومسوڵمانان ڕوودەداودەبێ ئەو موجەدیدە لە درێژایی ئەوسەدساڵە لە فراوانترین ئاسۆوزۆرترین بواڕۆڵی بینیبێ، ئەو موجەدیدانەی لەم چوارسەدەی ڕابردوو هاتوون زیاتردەردوبەڵاونامۆی وئاستەنگیان هاتۆتەڕێ لە موجەدیدانی پێشوو کە دەوڵەت ومیروپاشاکان وبازرگان وکۆمەڵگاش یارمەتی دەدان،بەڵام ئەمانەی دوو ایی بەتایبەت لەسەردەمی ئەفغانی وبەننا دا کە داگیرکاری

وداپەڵۆسین ودەسەڵاتی دەوڵەتی دەرەکیش هەبوو بۆیە لەم دووچاخەدا مموجەدیدەکان زۆربە غەریبی وبێ دەسەڵاتی ژیان ومردن.

من لەجیاتی ئەوەی کەچاوەڕێی ئەوەبم کەداهاتووی ئیخوان چۆن دەبێ، زیاترئەوە بیرم خەریک دەکا کە موجەدیدی داهاتوو کە دڵنیام لەم دەسااڵەی دابێت دەردەکەوێ، چۆن دەبێ وڕێساگشتیەکانی چ دەبن؟؟

ئیخوان وەک کەلەپوری ئیمامەکانی فقە و ئوسوڵ وعیرفان وعەقیدەو مەبەستەکان وز انستەکۆمەڵایەتیەکان و،،،هتد ئەویش دەبێتە کەلەپورێک ولە تازبوونەوەکانی داهاتوودا ئەویش وەک کەلەپوورسودی لێ وەردەگیرێ...

لێرەبەم چەندە کۆتایی بە وێستگەکانی ژیانی بەنناوکۆمەڵەکەی دێنم وهیوادارم تو انیبێتم مافی شایستەی ئەم تازەکەرەوەم دابێت..

—

وێستگەی یازدەهەم :

پەیوەندی بەننا وکۆمەڵەکەی

لەگەڵ وڵاتە زلهێزەکاندا.

چەند بەڵگە نامەیەکی نهێنی دەیسەلمێنن کە بەریتانیا ناوبانگی ئیخوان المسلمینی بەکارهێناوە لەوجەنگەنهێنیەی کەلەگەڵ جمال عبدالناسروسۆکارنۆی ئەندەنوسیاوماوچی دۆنگی ڕێبەری چین کردویەتی:

نوسینی:

عامر سلطان

بي بي سي .لندن

6 أكتوبر/ تشرين الأول 2019

بەشی یەکەم :لە میسردا:

چەندبەڵگەنامەیەکی نهێنی ئاشکرای کرد کە بەریتانیا ناوبانگی جەماوەری ئیخوان المسلمین و کاریگەری کۆمەڵەی ئیخو انی بەکارهێناوە بۆ ئەوجەنگە دەروونی وڕاگەیاندنە نهێنیانەی کە دژی دوژمنەکانی بەریتانیا، هاوشێوەی پێشەوای میسر جمال عبدالناسر دەیکردن لە دەیەی حەوتەمی سەدەی ڕابردوودا .

بەپێ ی ئەوبەڵگەنامانە بەریتانیا بانگەشەی بۆ چەند بڵاوکراوەیەک کردووە کەبەساختە ناوی ئیخوان المسلمینی پێوە بووە وتیایدا بەتوندی هێرش کراوەتەسەر هەڵس وکەوتەکانی سوپای

میسری کەلە یەمەن دا خەباتی کردووە، یەمەن لەشەستەکانی سەدەی ڕابردوو بووبوو بە گۆڕەپانی مل ملانێ لەنێوان ڕژێمی عبدالناسری کۆماری عەرەبی لەگەڵ هاوپەیمانێتی شانشینینی سعودیە وبەریتانیای ئیستعماری دا..

پاش ئەوەی ئەم بەڵگەنامە زۆرنهێنیانە بە ڕازی بوونی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی لە چوارچێوەی ئازادکردنی پێز انینەکان ڕێگەیان پێدرا بڵاوبکرێنەوە تو انیم چاویان پێدا بخشێنم..

" ژیانێک وەک دۆزەخ"

شارەزایانی مێژوو ئەوە دەسەلمێنن کە سەرۆک وەزیر انی بەریتانیا دوغلاس هوم پاش خۆمالێ کردنی کەنالێ سوێس ودەست تێوەردانی سوپای میسر لەیەمەن کە ئەم هەنگاو انە هەڕەشە بوون بۆ سەربەرژەوەندیە نەوتیەکانی بەریتانیا بۆیە لە مانگی تەممووزی 1964 فەرمانی بە وەزیری دەرەوەی بەریتانیا راب باتلرکرد کە تۆڵە لە عبدالناسر بستێنێتەوە،وە ژیانی لێ بکاتە دۆزەخ بەبەکارهێنانی سامان وچەک ..

سەرۆک وەزیران داوای لە وەزیرکردکە ئەم تۆڵە کردنەوەبەنهێنی بێ و بەئاشکرا نکولی لەو کار انە بکا لەکاتی ئاشکر ابوونی.

لە پاش ئەمە لیژنەیەکی نهێنی بە هاوبەشی چەندین دەزگای جیاوازو وەزارەتە پەیوەندی دارەکانی سیایەتی بەریتانی لەبارەی یەمەنەوە.

عبدالناسر دەیان هەزاری لەسەربازی میسری ناردبوو بۆیەمەن لەسەرەتای مانگی ئایلولی ساڵی 1962، بۆبەدەنگەوەچوونی عبد الله السلال، کە کودەتایەکی بەسەرڕژێمی ئیمامە پاشایی یەمەنی پشتگیری کراولە سعودیەوبەریتانیاوەکرد...

لە ماوەی ساڵانی 1962 و1965 دا بەریتانیا لەچەند ئۆپراسیۆنێکی نهێنی بۆ پشتگیری هێزی پاشایی ئەنجام دا دژی کۆمار خوازە یەمەنیەکان کە دەستیان بەسەر دەسەڵاتی صنعاء گرتبوو لە سبتمبر/أیلولی ساڵی 1962.

بەریتانیا ڕەتی کردەوە کەدان بە کۆماریەکانی یەمەن دا بنێ وبەهەموو شێوەیەک پشتگیری لە ئیمام بەدرکرد بۆڕووبەڕووبوونەوەی کۆماریەکان کەلە میسری ناسریەوە پشتگیریان لێ دەکرا.

ئەم مل ملانێ یە لەسەرئاستی سیاسی وسەربازی وڕاگەیاندن لەنێوان میسروبەریتانیا لە سەر گۆڕەپانی یەمەن بەدرێژەی دەیەی حەوتەمی سەدەی بیست بەردەوام بوو.

بەشداری سوپای میسرلە یەمەن لەنێوان ساڵانی 1962 و1967دا بوو لە چوارچێوەی ئەو مل ملانێ یەی کەلە نێوان میسرو سعودیەدا هەبوو ،چونکە عبدالناسرپێ ی و ابوو کە سعودیە دژی شۆڕشی ساڵی 1952ی میسرە ئەوشۆڕشەی کە ڕێکخراوی ئەفسەرانی ئازاد دژی حوکمی پاشایەتی ئەنجامیان داوسوپاوگەلی میسرپشتگیریان کرد، وە ناسرپێ ی و ابوو کەسعودیە دژی یەکێتی نێوان میسرو سوریایە.

جاکاتێ عبدالناسرسوپای میسری ناردبۆیەمەن لەوکاتەدا دەگوترا کە بەڕاکردنی سیستەمی کۆماری لە یەمەن بابەتێکی ستراتیژیە بۆ میسر،چونکە میسرسور بوو لە کۆنترۆڵ کردنی دەریای سوورلەلایەن میسرەوە..

" چەند بۆمبێک بەسە بۆلەناوبردنی ئیسرائیل "

دوای کشانەوەی بەریتانیا لەباشوری یەمەن وڕاگەیاندنی کۆماری یەمەنی دیموکراتی میللی، لەسەرەتای ساڵی 1968، کۆماریەکان بەسەرۆژێمی پاشایەتی دا سەرکەوتن وتوانیان ئەو گەمارۆیەی سەرسەنعا بشکێنن.

وەلە کۆتا مانگەکانی مانەوەی سوپای میسری دەنگۆی ئەوەهەبوو کە گازی ژەهراویان بەکارهێناوەوبەوهۆیەوە زۆرێک لەیەمەنیەکان کوژراون.

بەڵام میسرئەم تۆمەتەی ڕەت کردەوەو ئەمەی بە پیلان وجەنگێکی دەروونی بەریتانی ئەمریکی زانی لە دژی میسر.

لە مانگی شوباتی ساڵی 1967، قاهیرە پێشوازی خۆی بۆبەدواداچوونی نێودەوڵەتی ڕاگەیاند .

بەڵام لەسەرەتای ئازاری هەمان ساڵ نەتەوە یەکگرتووەکان ڕای گەیاند کە ڕێکخراوەکەناتوانێ ئەم کەیسە یەکلا بکاتەوە.

بۆیە بەریتانیا ئەم هەلەی قۆستەوەو ناوو کاریگەری ڕێکخراوی ئیخوانی لە چوارچێوەی جەنگە نەێنیەکەی لە دژی عبدالناسرو ڕژێمەکەی بەکارهێنا..

ئەم جەنگە نەێنیە لە دەیەکدا دەرکەوت کە جەنگێکی خوێناوی لەنێوان ڕژێمی عبدالناسرو کۆمەڵەی ئیخوان دا بەخۆیەوە بینی.

لە مانگی ئابی ساڵی 1965دا ڕژێم ئیخوانی بە پیلانگێڕی کردنی کودەتایەک لەدژی عبدالناسر تۆمەتبارکرد، پاشان هەزاران ئەندامی لێ دەستگیرکردن،وەبەدەیانی لێ کوشتن وەپاش ساڵێک چەند سەرکردەیەکی لە ئیخوان لەسێدارە دان لەو انەش سەید قوتب.

هەرلەم چوارچێوەدا بارودۆخەکە زۆرلەباربوو بۆ بڵاوکردنەوەی پۆسکارتە ساختەکانی بەریتانیا بەناوی ئیخوانەوە.

لە یەکێ لەوبڵاوکراو انە هاتبوو کە بەناوی ئیخوان قسەی دەکرد، کە هێزەکانی میسرلەیەمەن مسوڵمان نین چونکە مسوڵمانان بە گازی ژەهراوی دەکوژن.

پاشان پرسیاردەکا: کێ دەتوانێ چاوی لەوڕاستیە ڕۆشنە بپۆشێ کە چەندان شاهێدحاڵی عەرەب دیویانە کە چۆن سەد وبیست ژن وپیاو و منداڵی مسوڵمانی یەمەن بەیەکجارکوژراون کاتێ ئەفسەرە میسریە شەڕخوازەکان لە فڕۆکەو انانی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو ئەو ناپاڵمانەی کە کۆمەنیستە مولحیدەکانی سۆڤیەت بۆیان دروست کردوون ،بیست وپێنج لەو ناپاڵمە گازیانە کە دەستکردی کۆمەنیستەکانن بەسەرگوندی ئەکتافی یەمەنی دا لە باکوری ڕۆژهەڵاتی سەنعادا بدەن؟

هەروا بڵاوکراوەکە کەبەناوی کۆمەڵەی نێودەوڵەتی ئیخوان المسلمین دەرچووە بانگەشە لەناوخۆودەرەوەی میسر بۆ ئەوە دەکا وبەبەڵگەو نیشانە کە دەست تێ وەردانی میسرلە یەمەن ناشەرعی ونایاسییە وڕۆڵی هەرەگەورەی هەبووە لە تێکشکانی میسرلەبەرامبەر ئیسرائیل لە جەنگی ساڵی 1967 دا..

بڵاوکراوەکە دەڵێ:ئەگەرکردنی جەنگ لەسەرمیسریەکان پێویستە ئەی بۆ سوپاکەیان ڕووبەڕووی جولەکە ناکەنەوە؟

ئەم بڵاوکراوە بەزمانێکی عەرەبی پاراو نوسراوە،پاشان بۆ سیاسەتمەدارەبڕیاربەدەستەکان لەم جەنگە نەێنیە وەرگێڕدراوەتە سەرئینگلیزی پێش ئەوەی لەسەربڵاوکردنەوەی واژۆی ڕازی بوون بکەن.

بڵاوکراوەکە دڵێ:ئەو بۆمب وناپاڵمانەی کە بەدرێژ ایی چوارساڵ جەنگ بەسەرئەم وڵاتە هەژارەدا دران بەس بوون بۆ وێران کردنی ئیسرائیل بەتەواوی..

پەنابردنی عبدالناسر بۆ چەکدارکردنی میسر بۆلای سۆڤیەت و وڵاتە ڕۆژهەڵاتیەکان بەریتانیەکانی توڕەکردبوو..

هەربۆیە لەم بڵاوکراوە دەیتە واژەی " بەکارهێنانی چەکی سۆفێتیە کۆمەنیستەکان بۆ کوشتنی یەمەنیە مسوڵمانەکان" چەندجارهاتبوو، وە وەسف کردنی میسریەکان بەوەی کە کافرن ولە نازیەکان درندەترن" باس کراوە.

ڕاگەیاندراوکە دەڵێ:

"ئەی بر ایانی ئیماندار،ئەم تاو انە سامناک و قێزەونانە کە موچوڕک بەلاشە دادێنن،وەبەکارهێنانی ئەوچەکە کوشنە قەدەغەکراوەلەناو دەوڵەتان ..

ئەوچەکەی کەهیتلەری سەرشێتیش دژی دوژمنەکانی لەجەنگی دووەمی جیهان بەکاری نەهێنا..ئەو تاو انانەی کە مولحیدو بێ باوەڕان وئیستعمارو جولەکەز ایۆنیەکان ئەنجامیان نەداوە،بڵکو ئەو میسریانەی خۆیان بە ئیماندار دەز انن ئەنجامیان داوە".

بەم شێوە دەستەی جەنگی پڕوپاگەندەی بەریتانی هەمان ئەوچەمکانەی ئیخوان بەکاریان دەهێنا ئەویش لە بڵاوکراوەکەدا ئەوی بەکارهێناوەتابەتەواوی بە بڵاوکراوەکانی ئیخوان بچێ وهەرو ابز انرێ ئەوان دەربان کردووە.

بەیانەکە دەڵێ" جەنگ دەبێ پاساوی هەبێ، ئەگەردوژمن بێ ئیمان وبت پەرست بوو.. بەڵام خۆڕۆڵەکانی یەمەن لە پەیڕەو انی ئیسلامی حەنیفن.

جامادام هیچ پاساوێک نیە بۆ کوشتنی براکانمان،بەدڵنیاییەوە لێرە تاو انەکەقێزەونتردبێ، بەتایبەت کە ئەوان بەکوشندەترین چەک کوژراون کە گازی ژەهراویە".

لێرەدا میسریەکانی بەوە وەسف کردووە کە

" ئەو انە ئیستعمارن وزیادەڕەوی لە تاو انکردندادەکەن بێ ئەوەی سز ابدرێن؟؟

بلاوکراوەکە داوالە مسوڵمانان دەکاکە

"سەرکۆنەی میسریە کافرەکان بکەن وهەموو جۆرە هاوکاری کردنێک لەگەڵیان ڕەت کەنەوە لەهەموو بوارەکان دا،ئابەم شێوە هاوکاریتان لەگەڵ گەلی یەمەنی بەکۆیلە کراو ڕابگەیەنن لەم مەینەتیەی کە تووشی بووە".

بەڵگە نامەکان ئەوە ئاشکرادەکەن کە بیرۆکەی ئەوبڵاوکراوە کە و ابز انرێ ئیخوان بڵاوی کردۆتەوە لە دوای سەردانی بەڕپرسێکی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا بۆ واشنتن هات.

لەیەکێ لە بەڵگەنامەکاندا ئەم لێپرسراوە لە دوای گەڕانەوەی دەڵێ:

" ڕاوێژم لەگەڵ خاتوو ستیفنسون کرد ،ئەو پێ ی و ابوو کە زۆرسروشتی وئاساییە ڕێکخراوێکی وەک ئیخوان بڵاوکراوەیەکی لەو شێوە بنێرێ ".

هەربۆیە دەزگاکانی جەنگی نهێنی لە بەریتانیا ئەم بڵاوکراوە ساختانەیان لەچەندین شوێنی جیاواز بڵاودەکردەوە کە وڵاتانی عەرەبی وناعەرەبی ومسوڵمان ونامسوڵمان لە هەردوو کیشوەری ئاسیاو ئەفریقیا بڵاودەکردەوە.

ئەم بڵاوکراو انە بۆ ڕۆژنامەنوسان ونوسەرومەڵبەندەکانی لێکۆڵینەوەوفێرکردن وڕێکخراوە دینیەکانی مسوڵمان ودامەزراوە مەدەنیەکان وحکومیەکان و وەزیرەکانی ئەم وڵاتانە دەنێردرا..

ئەندەنوسیا:

بەڵگەنامەکان ئەوەش دەردەخەن کە پێشەوای کۆچ کردووی ئەندەنوسیا ئەحمەدسۆکارنۆ یەکێک بووە لەوکەسانەی لەم جەنگە نهێنیەی بەریتانیا بە ئامانج گیراوە بەهۆی ئەوئاڕاستە نەتەوەییە مالاویەی هەیبووە کە دژبە بەرژەوەندیەکانی ڕۆژئاو ابووە،ئەو خۆماڵی کردنانەی کە سۆکارنۆ بۆ کەرتی پیشەسازی لەسەردەمی شەڕی ساردا.

لەندەن لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستەیەکی نارد کەچەند شارەزای وەزارەتی دەرەوەوهەواڵگری "إم آي 6" وجەنگی دەروونی لە سوپای بەریتانی بۆ سەنگاپورە بۆ بەڕپاکردنی جەنگی پڕوپاگەندە دژبە پێشەوای ئەندەنوسیا.

ئەم لیژنە ژمارەیان 400 کەس بوو . کاری ئەم لیژنە بە کودەتای سەربازی ولێخستنی سۆکارنۆو هاتنە سەرکاری سۆهارتۆ کۆتایی هات وسۆهارتۆ سەدان هەزارکەسی کوشتن بەتۆمەتی کۆمەنیستی بوون ..

هێرشی دەروونی بەریتانیا بۆ سەرسۆکارنۆ بۆ ماوەی دووساڵ بەردەوام بوو لە ساڵانی 1965 و1966 . ئەویش وەک لە بەڵگەنامەکان دا هاتووە بریتی بوو لە دەرکردنی بڵاوکراوەبەناوی ئیخوان المسلمین کە ئەم بڵاوکراو انە هێرشیان دەکردە سەرسۆکارنۆ بەهۆی زیادەڕەوی کە پێچەو انەیە لەگەڵ دین وشەرع.

پێشنیاری ئەم بڵاوکراوە یەکێک بوو لە بەرهەمەکانی سەردانی بەڕپرسە بەریتانیەکە بوو بۆ ئەمریکا وەک لە بەڵگەکان داهاتووە، ئەم بەڕپرسە دەڵێ :ئێمە بڵاوکراوەکانمان بەناوی

ڕێکخراوی ئیخوانی مسلمینی جیهانی کە هێرشی کردۆتە سەرسۆکارنۆلە مانگی 6و7ی ساڵی 1965 و مانگی4ی 1966".دا.

پێشنیاری بیرۆکەی بەردەوامی دەرکردنی بڵاوکراوەکان بەهۆی ئەوەبوو کە بڵاوکراوەکانی پێشوو چەند شوێنەوارێکی هەبوو، پاشان هاتنە سەرئەوەی کە ئەم بڵاوکراوانە بۆچەند کەسایەتیەکی دیارو کاریزماو ڕۆژنامە بەناوبانگەکان لە وڵاتانی ئاسیاو ئەفریقیا".

یەکێک لەو بڵاوکراوانە دەڵێ " کەس نکولی لەوەناکا کە سۆکارنۆ ڕۆڵێکی باڵای گێڕاوە لە ئازادکردنی وڵاتەکەی داڵە دەستی ئیستعمار، بەڵام دەبێ بگوترێ کە کەم وکوڕی وهەڵەکانی لەم ساڵانەی دوو ایی هەموو چاکیەکانی پێشووی داپۆشی ".

هەروا ڕەخنەی لە ڕەوشتی پێشەوای ئەندەنوسی گرتووە ودەڵێ:

" ڕۆچوونی سۆکارنۆلە هەواوئارەزوەکانی لەگەڵ ژنە لەشفرۆشەکان هەرچەندە کە چۆتە تەمەنەوەو تو انا سێکسیەکانیشی لاوازبووە، ئەمەش بۆتە مایەی سەرسوڕمان لای ئیماندارو مسوڵمانانإن ". هەروادەڵێ:

"لە جیاتی ئەوەی کە سۆکارنۆ هاوکاری گەلەکەی بێ لەسەرڕێگەی ئیمانی حەق وبڕوای ڕاست،کۆمەنیستە کافرو مولحیدەکانی هانداوە لەناوولاتەکەی بە ئاشکرایی ".

لەچین دا:

ڕژێمی فەرمانڕەوای چین بە پێشەوایەتی ماوچی دۆنگ ئامانجێکی تری جەنگە نهێنیەکەی پڕوپاگەندە بەریتانیەکە بوو کە یەکێک بووە لە ڕووەکانی جەنگی سارد لەنێوان هەردوو جەمسەری ڕۆژهەڵاتی کۆمەنیستی وڕۆژئاوای سەرمایەداری.

لە دەیەی حەوتەمی سەدەی ڕابردوو مل ملانێ لە نێوان چین وبەریتانیا لە هەڵکشاندابوو.

لەنێوان ساڵانی 1966 وو1976 ماو دەستی بە شۆڕشی ڕۆشنبیری کرد بە ئامانجی بنەبڕکردنی سەرمایەداری و ڕەگداکوتانی کۆمەنیستی وزاڵبوونی حزبی کۆمەنیستی بەسەرهەموو چین دا..کەلەو ماوەدا چەند ملیۆن کەس لەم پێناوەدا کوژران..

لە مانگی دیسمبر/کانونی یەکەم 1966دا یەکەی جەنگی پڕوپاگەندەی بەریتانی بڵاوکراوەیەکی بڵاوکردەوە کە مسوڵمانان هان دەدا لەدژی دەوڵەتی چین.

لەو بڵاوکراوەهاتووەکە:

" چۆن بێ لایەن بوەستین وهەرتەماشاکاربین لەکاتێکدا ئەم کافرومولحیدانە دەستەو تاقمەکانیان کەناویان ناوە پاسەو انانی سووری ماو قێزەونترین تاوان ئەنجام دەدەن لە دژی ئیسلام.

چۆن هیچ نەڵێین لە کاتێکدا ئەم گێرەشێوێنانە هەڵساون بە ڕوخاندن و پیس کردنی هەموو پیرۆزیەکانمان".

بەم شێوە بەریتانیەکان هەستی مسوڵمانیان لە دژی دەسەڵات دارانی چین بوروژێنن..

لە بڵاوکردنەوەکەیان گوتویانە " خۆمان بەشەرمەزاردەزانین و ناتوانین کە بەرگەی ئەو هەواڵانە بگرین کە دەیبیستین ،چۆن ئەم تاوانبارەسورانە مزگەوتەکانیان داخست وتاڵانیان کردن؟ وەچۆن زەویە پیرۆزەکانیان بەوکۆمەنیستیە پیس کرد؟وەچۆن هەموو شتێکی پیرۆزیان لەناوبرد؟وەلەسەردیواری مزگەوتەکان دروشمە ئیلحادی وبێ باوەڕیان نوسی؟؟

چۆن واهەست نەکەین کە ئەو مولحیدە کۆمەنیستانە دەڕوانە هەموو بیروباوەڕە دینیەکان وەک کۆمیدیایەک وگاڵتە جارپەک وپێ ی ڕادە بوێرن؟".

ئەم بڵاوکراوە مسوڵمانان بانگ دەکا کە

"وەرن با وێژدانی جیهان زیندوو بکەینەوەوهەرچی هەمانە بەختی بکەین، تا براکانمان لە چین بتوانن بەئاشتی وئازادی وبەڕێزوکەرامەتەوە بژین ".

بەریتانیەکان جەختیان لە خەست کردنی پڕوپاگەندەکانیان دەکردەوە بەناوی ئیخوانەوە لەدژی چین، لەو دەوڵەتانەی کە ڕۆژنامەی ئەرێنی تێدابوو وەک سوریاو جەزائیروپاکستان.

وثائق سرية: بريطانيا استغلت اسم الإخوان المسلمين في حربها السرية على ناصروسوكارنو وماوتسي دونغ

عامرسلطان

بي بي سي .لندن

ئێمە لەمەوپێش باسی پەیوەندی تۆکمەی نێوان حسن بەنناوشۆڕشگێڕانی یەمەن ،بەتایبەت عبدالله سلال مان کرد،کەلەمەودو ابووه هاوپەیمانی ،عبدالناسر، وەدەزانین کە ئیخوانی دوای بەننا زۆرێک لەبنەماکانی ئیخوانیان گۆڕی وئیخوانی دەولی کەتارق ڕەمەزان لەئەوروپاوئەمریکا دای مەزراند بەهاوکاری ڕاستەوخۆی ئەیزنهاوەری سەرۆکی ئەمریکابوو، هەرئەو هاوکاری وهاوپەیمانیەی ئیخوانی دەولی وئەمریکاش بوو کە ئیخوانی لای عبدالناسر تاو انبارکرد وپێ و ابوو کەئیخوانی سەردەمی بەننا نەماوەو پشتی لەهێزە شۆڕشگێڕەکان کردوەوئەوروپاوئەمریکاوهێزەکۆنەپەرستەکانی کەنداو بەکاری دێنن.

ئیخوان لەسەردەمی حەفتاوهەشتاکان تا کرداری لەم جۆرە لە لایەن زلهێزان لە دژیان دووبارە نەبێتەوە بەهێزلە ڕێگەی عبدالله عزام لە جەنگی ئەفغانستان دا بەشداربوون، بەڵام لە بارەی پشتگیری یان دژایەتی شۆڕشی خومەینی کۆک نەبوون، بۆیەش ئەم دڵە ڕاوکێ یەیان جێ پێ ی لەناوکەنداوو وڵاتە عەرەبیەکان پێ لەق کردن، کاتێ عێراق کوێتی گرت وکەنداویەکان سوپای ڕۆژئاو ایان بانگهێشت کرد، ئیخوان بەتەواوی کەوتە دۆخی لێک هەڵوەشان، لە کاتێکدا محمد حامد ئەبونەسری ڕابەری گشتی، بەیانی دژی گیرانی کوێت دەردەکرد،عەباسی مەدەنی دانیشتنی لەگەڵ سەدام حسێن دەکرد، جەماوەری ئیخوان زۆربەیان لەگەڵ سەدام بوون چونکە سەدام شەڕی ئەمریکاوئیسرائیلی دەکرد، ئەم هەڵوێستە وای کرد کە ئیخوانەکانی کوێت لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی ئیخوان دەرچن ، وەزۆرڕوداوی تریش لە یەمەن وفەلەستین وجەزائیروای کرد کە کەنداویەکان ببنە دژبە ئیخوان.

لەکاتی ڕاپەڕینی ۱۹۹۰-۱۹۹۱عیراق وکوردستان ئیخوان پۆسکارت وبەیانیان هەڵدەواسین وئیدانەی هەرجۆرە یاخی بوونێکیان دەکردو بە کارێکی ناشەرعی و هاوکاری ئیسرائیلیان لە قەڵەم دەدا.

کەواتە عبدالناسرو سۆکارنۆو شۆڕشگێڕەکانی عەرەب و ئیسلام هەموویان بەهاری دزراوی حەسەن بەننا بوون، بەڵام لەسەرسینیەکی زێڕین پێشکەش بە خرۆشۆف وبرجنێف کران، ڕۆژئاواو پاشکۆکانی کەنداوو ئەوروپاوئەمریکایان بەڕووی کادرانی ئیخوان دا کردەوە تا شۆڕشەکانی جیهانی عەرەبی ئاوێتە نەکەن بە ئیمان وجیهاد، وە لە ڕۆژئاواو کەنداو بیانکەنە ڕێکخراوێکی لیبڕاڵی خێرخوازی مرۆڤایەتی ولەسیاسەت وحوکمڕانیان دوورخەنەوە، دەیانەوێست بە هەواڵگری وسەرنج ڕاکێشان وپۆست پێدان هەوادارانی ئیخوان والێ بکەن کەجەنگ وجیهاد وشۆڕش وەک خواردنەوەی مەی وگۆشتی بەرازببێزێنن وڕقیان لێ بێ، وە پێ

یان و ابێ کەوازهێنان لە لیبرالی ودیموکراتیەت ودەستەمۆیی وەک وازهێنانە لە نوێژو ڕۆژو وپەرستشەکان..

ئەم ئاڕاستە نەک هەربۆ ئیخوان ،بەڵکو کاریزماکانی عەرەبیش کە بیانویستایە بادەنەوە ودژبە ڕۆژئاو ابن ولەڕۆژهەڵات نزیک ببنەوە پاکتاو دەکران ودەکوژران، هەرلەم ڕێگەیەشدا شاغازی عیراق وشافەیسەڵی سعودو سادات وعبدالله عزام واحمدشامەسعود وتەنانەت پێدەچێ شازادە سوڵتان وسعود الفیسڵ وئەمیرنایفی سعودیەو زۆرکەسی تریش هەربەوهۆیەوە پاکتاوکرا ابن...

پەیوەندی بەننا وکۆمەڵەکەی

لەگەڵ وڵاتە زلهێزەکانداB

الإخوان المسلمون لە ئەوروپا:مێژوویێکی درێژو داهاتویەکی تەم ومژاوی.

بەپێنوسی خاتو:مریم تولتش

و/م.ع.لۆتەری

سەرچاوەکان لەسەرئەو مێژووە کۆک نین کەتیایدا کیشوەری ئەوروپا ئیخوانی ناسیوە، ئایا ئەوەلەسەرەتای پەنجاکانداببووە،یان لەکۆتایی پەنجاکان؟

بەڵام هەموو سەرچاوەکان باس لە کەسایەتیەکی سەرەکی دەکەن کە ناوی سعید ڕەمەزانە کە ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە دامەزراندنی ئیخوانی ئەوروپا.

لەساڵی ١٩٥٨ سەعید ڕەمەزان سکرتێری حەسەن بەننا وهاوسەری کچەکەی حەسەن بەننا بوو،ئەویش بەهۆی ئەوگرتن وزیندانیکردنەی کە ئیخوانی دوای بەننابەهۆی بەریەککەوتنیان لەگەڵ پرۆژەی عبدالناسرتوشی بوون سەری خۆی هەڵگرتووەو چۆتە ئەوروپاولە میونخ گیرساوەتەوەولەوێ بەڕێوەبەرێتی مەڵبەندی ئیسلامی دامەزراندوە،پاشان چوە بۆ جنێف ولەوێش هەمان مەڵبەندی دامەزراندوەلەساڵی ١٩٦١دا.

خەڵکی ڕاکردوو لەوسەردەمەدا لەسوریاومیسروشوێنی دیکەش چ لەبەرستەمی سیاسی یان باری بژێوی چوونە ئەوروپا،بەناوبانگترینی ئەوانەش یوسف نەدا لە میسرەوەو عیسام عەتار زاواکەی تەنتاوی لە سوریاوەئەمانە تۆڕێکی بەرفراوانی کاری ڕێکخراوەکانی خێرخوازیان لە ئەوروپا دامەزراند، لە ئامانجەکانی ئەم ڕێکخراوە:

هاوکاری کردنی هەڵاتوان وڕەخساندنی دەوروبەرێکی لەباوەشگرکە خۆیان ودینەکەیان لەم دەوروبەرە جیاوازەبپارێزن،لەوکاتەدا تەنیائەوچالاکیانەبوون کە پەیوەندیان بە وڵاتانی عەرەبیەوەهەیە..

بەڵام پاش زیادبوونی ژمارەی کۆچ کردوان وپێگەیشتنی منداڵەکانی کۆچەران لە شەست وحەفتاکان ئیخوان دەیانەویست ناسنامەی ئیسلامی خۆیان بزرنەکەن وهەمیشە هەست بکەن کەئەوان پێویستیان بەناسنامەی ئیسلای خۆیان هەیە،ئەوروپا تەنیا تاراوگەیەکی کاتی نیەو بەڵکو نیشتمانێکی هەمشەییەبۆیان،

بەڵام دەبوو کە لەم بارودۆخە هەندێک لە چەمکە شەرعیەکانیش بگۆڕن ولەگەڵ ئەوبارودۆخە بیانگونجێنن.

چونکە لە فقهی ئیسلامی دا تەنیا «دار الحرب» و«دار الإسلام»، بوونی هەیە، دەبوو ئەوان چەمکێکی نوێ بەناوی «دار الدّعوة»، دابهێنن وبشەرعێنن، چونکە ئەوروپائەو ماڵەبوو کە ڕێ ی پێدابوون کە هەموو شێوەکانی بانگەوازبکەن ،ئەوکارەی کەلە وڵاتی خۆیان کە پێ یان دەگوت دارالاسلام لێ یان یاساغ بوو، ،وە فقهیکیان داهێناناویان نا «فقه الأقليات» کە ئەم فقە دەبوو فەتواوئاڕاستەکردنی تایبەت بە مسوڵمانانی ڕۆژئاوادەرکا..

بۆنمونە بابەتێک لە ماڵپەڕی «إخوان ويكي» لەبارەی دانیشتنێک لە «لیژنەی بانگەوازوجالیەکان » لە بەریتانیا لەبەرواری ٢٦/٥/١٩٨٤ دا کەباس لەهەندێک ئامانجی لیژنەکە-لیژنەی بز اڤی بانگەوازی بەکۆمەڵ-کراوە:

1. ڕەوتێک لە مسوڵمانانی ئاکنجی لە بەریتانیاپێک بهێنرێ تافشاربخەینە سەربەریتانیا تا دان بەئیسلامدا بنێ وەک دینێکی فەرمی لە بەریتانیا.

2.کارکردن بۆ سەرژمێریەکی وردی مسوڵمانان لەبەریتانیا.

3.جەخت کردن لەسەرزمانی ئینگلیزی بۆ بانگەوازلەناوئەوجالیانەی کەعەرەب نین.

4.خەریک بوون بەبانگەوازی ڕۆڵەکان زیاترلە باوک ودایکیان.

5. بڵاوکردنەوەی فقهی ئیسلامی لەناوجالیەکان.

6.هەوڵدان بۆ ئەوەی ئەو انەی عەرەبی نازانن فێری عەرەبی بکرێن.

7.دەستکردن بەکارلەگەڵ ئەوجالیانەی کەلەپەیوەندیدان لەگەڵمان.

8.دۆزینەوەی یانە بۆلاوان وداهێنانی چالاکی کە بگونجێ لەگەڵ سەردەم داتاسەرنجیان ڕابکێشین.

لەساڵی١٩٨٧: دادامەزراوەودام ودەزگای ئیسلامی دەرکەوتن لە ئەورووپا کە ئامانجەکانیان لەمانەدا چڕدەبۆوە:

نیشتەجێکردنی ئیسلام لە ئەوروپادا.

ڕاکێشانی پردلەگەڵ دامەزراوە ئەوروپیەکان تا بارودۆخی مسوڵمانان لە ڕووی کۆمەڵایەتی وئابووری بەهێزبکرێ.

لەم قۆناغە «یەکێتی ڕێکخراوەکانی ئیسلامی لە ئەورووپا» لەساڵی ١٩٨٩، پێک هات کە زیاترلە ١٠٠٠ یەکێتی وکۆمەڵەو مەڵبەندی لە خۆدەگرت لە هەموبوارەکان کاریان دەکرد، ئەم یەکێتیە چەند دامەزراوەی تریان دامەزر اندن وەک: «ئەنجومەنی ئەوروپی بۆفەتوادان وتوێژینەوە=المجلس الأوروبي للإفتاء والبحوث» و«یانەی ئەوروپابۆژنانی مسوڵمان» و«یانەی لاو انی ئەوروپی»

لە ئامانجەکانی «سیستەمی بنچینەیی ڕابیتەی ئیسلامی بەریتانیا»لەساڵی ٢٠٠١: «بەرگری لە مافەگشتیەکانی مرۆڤ وبەتایبەت مافەکانی مسوڵمانان ».

«بەرچاوڕوون کردنی مسوڵمانان بە ئەو ئەرکانەی لەسەریانە بەرامبەربەوکۆمەڵگایەی تیای دادەژین.»، «کاراکردنی ڕۆڵی کەمینەی ئیسلامی لە کێشە هەمەچەشنەکانی کۆمەڵگا))

«فراوان کردنی بازنەی گفتوگۆلەگەڵ ڕۆشنبیری ودینەکانی تربۆخزمەتی کۆمەڵگاو مرۆڤایەتی».

هەرلەم ماوەدا بیرمەندانی ئیخوان کەوەک مەرجەعێکی کاری ئیخوان بوون چەند هەڵێنجان وئیجتهادێکی نوێ یان گەڵاڵەکرد، یوسف قەرزاوی لە کتێبی

«أولويات الحركات الإسلامية في المرحلة القادمة» (أبريل ١٩٩٠)دا هێڵەگشتیەکانی پێکەوە ژیانی ئیخو انەکان لە ڕۆژئاوا دیاری دەکا,بەڵام بۆچوونی گریمانەیی جیایە لە ژیانی سەرگۆڕەپانی ناوکۆمەڵگا.

لەو انە بوو کە جالیە ئیسلامیەکان لە تاراوگە لە ژێرسایەی ئیخوان وسۆفی وتەبلیغ نەتو انن ناسنامەی ئیسلامی خۆیان بپارێزن ،چونکە نەیاندەتو انی ئەوەبۆ ئەندامانیان دابین بکەن کە

دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بۆپەنادرانی دابین دەکەن، بەڵام ڕوداوەکانی یازدەی سێپتەمبەرەوای کرد کە ڕۆژئاوا بیرلەوە بکاتەوە کە ئیخوانەکان بەکاربێنێ بۆ وێک هێنانەوەو ڕووبەڕووبوونەوەی جیهادیەکان وک ئەوەی کەدەوڵەتانی عەرەبیش لەهەندێ قۆناغداکردیان، وە خەریکیان بکابەکاری خێرخوازی.

بەڵام وەک لە پشێویەکانی سااڵی

٢٠٠٥لە فەرەنسا دەرکەوت، کەبەهۆی کوژرانی دوولاوزۆرێک لەشارەکانی فەرەنساتوشی خۆپیشاندان وڕاپەڕینی لاوان بوونەوەوزۆربەی بەشداربوانی ئەم ناڕەزاییە مسوڵمان بوون.

پاڵنەری بە پەراوێزکران وڕەگەزپەرستی وای کردوە کە گەنجانی مسوڵمان زۆرگوێ بۆ بانگەوازی دەلیل ئەبوبەکرسەرۆکی ئەنجومەنی دینی ئیسلام نەگرن کە دۆقۆلیپانی سەرۆک وەزیرانی فەرەنساداوای هیۆرکردنەوەی مسوڵمانەکانی لێکرد نەگرن، چونکە خەڵکانی پەراوێزکراوپێ یان و ایە کە ئەوجۆرە ئەنجومەن وڕێکخراوانەش هاوبەشن لەگەڵ دەسڵات داران.

هەروەها ئیخوانیش لەوکۆمەڵگایانەدا نەی توانیوە بەتەواوی بەسەرسروشتی کاری ڕێکخراوەی نهێنی زاڵبێ و وازی لێ بێنێ،

وەتائێستاش باوونەریتی ڕۆژهەڵاتی زاڵە بەسەریاندا،بەتایبەتی ڕەوتی نیشتمانی وسەروەری وکێشەی فەلەستین وزۆر بواری دیکە وادەکەن کە مسوڵمان ئەوروپابەنیشتمانی خۆی نەزانێ وەک وڵاتەکۆنەکەی لە نیشتمانی عەرەب وجیهانی ئیسلامی بە نیشتمانی خۆی دەزانێ..

لەوانەیە هۆیەکی تری ئەم هەست نەکردنە ئەوەبێ چونکە تائێستا ڕۆشنبیریەکی ئیسلامی لە ڕۆژئاوا لە دایک نەبووە وەک ئەوەی لە حجازو کەنداوو میسرووڵاتانی ئیسلامی هەیە کە،واتە بوونی کۆمەڵگایەکی ئیسلامی ئەوروپی کە ڕۆشنبیریەکی تایبەت بەخۆی، ئەزهەرو ئوم القورای تایبەت بەخۆی مینبەرو میدیای تایبەت بەخۆی نوسەرو ئەدەبیات وتایبەت بەخۆی هەبێ ،واتە وەک چۆن ئیسلامی تورکی وئیسلامی سعودی وئیسلامی مالیزی وئیسلامی ئێرانی و،،،هتد هەیە با ئیسلامی ئەوروپی وئەمریکیش هەبێ کەنیە،وە تائێستانوسەروبیرمەندێکی ئەوتۆی ئیسلامی لەهەموکیشوەرەکانی ئەوروپاوجیهانی نوێ لە تاراوگە دانیە

بۆیە سمیرآمغاری پسپۆڕی بواری بزاڤە ئیسلامیەکان دەڵێ :ئیخوان ی ئەوروپا بەرهەمی هزریان لاوازە.

کۆمەڵگەی ڕۆژئاواوئەوروپا کۆمەڵگەیەکی تاک پەرستە، تاکەکان وئازادی وسەربەستیە نیمچەڕەهاکەیان هەریەکەوبۆخۆی ئەشکەوتێکە وخۆی دابڕیوە، لەبەرامبەرئەوەش ئیخوان هەرلە ئەنجومەنی ڕاوێژەوەتادەگاتە خانەوادەیەکی دووکەسی هەموو جومگەوسێکتەرەکانی داگیرکردووە،کەچی کۆمەڵگای ڕۆژئاوا کۆمەڵگایەکی فرەدین وڕۆشنبیری وهزرومیتۆدو پەیوەندیان لاوازو ساردو سڕە..

((،،،، بەبر ایانی تاراوگەم گوت: دەهەوڵ بدەن ئێوەش لەناوکۆمەڵگاگەورەکەی ئەوروپاکۆمەڵگایەکی بچوکتان هەبێ،، ئەگەرو انەکەن دەتوێنەوەهەروەک چۆن خوێ لەناوئاودادەتوێتەوە،،ئەوەتا جولەکەکان دوای سەبی کر انیان تو انیان بۆ هەزاران ساڵ لەناو دەیان کۆمەڵگاودین ونەتەوە کەسایەتی دینی خۆیان بپارێزن، کۆمەڵگایەکی بچوکیان دروست کرد،،کۆمەڵگابچوکەکەیان بەدروشم وبیروبۆچوونەکانی تایبەتمەندوجیاکراوەبوو،،گەڕەکی جولەکان بوو، ،دەئێوەش لەتاراوگە گەڕەکی مسوڵمانان دروست بکەن،،من بانگەوازی دەرگالەسەرخۆ داخستن ناکەم ،نامەوێ خۆتان لەکۆمەڵگابەرکەناربکەن،ئەوە جیاوازیەکی نیە لەگەڵ مردن،،بەڵام دەڵێم کراوەبن لەگەڵ کۆمەڵگای جگەلەخۆتان بەڵام مەتوێنەوە، کەسی کراوە خاوەن بانگەوازە کەدەیەوێ کاربکاو کارلێک بکاوکاریگەربێ، ،بەڵام لاسایی کەرەوەی خۆڕادەستکەرهیچی پێ ناکرێ، چونکە ئەوهەموو خەمێکی هەرخۆگونجاندن وهۆگرو کاریگەرە بە کەسانی ترەوە،بست بەبست بەدووای خەڵکی دیکە دەکەوێ،ئێمە لەدەست ئەو بیروهۆشە ئیسلامیانە دادوبێ دادمانە کەتوشی نەزیف وخوێن لەبەرڕۆیشتن بوون،، ئەو بیرمەندو هۆشمەندانەی کەناوازەبوون وکۆچیان کردو هەموو پسپۆڕی وتایبەتمەندیەکانیان لە وڵاتی غەربی ڕژ ایەناو گیرفان وگەنجینەوهۆش وبیروناسنامەی ئەوی ترەوە،ئەوان لەباوەشیان گرت وئێمە نەمانتو انی نیشتمانێکی بۆ بدۆزینەوە،

بۆیە لم بارودۆخە نابێ بێڵێن چیترئەم عاقڵمەندو هۆشمەندانە ناسنامەلەدەست بدەن و وەلاو دۆستایەتیان بۆ جگەلە ئیسلام بێ، چونکە کە وەلاوگوێڕایەڵیان لەدەست دا و اتە دینەکەیان وئوممەتەکەیان ووکەلەپورەکەیان ومالّەکەیان لەدەست دەدەن،،بۆیەدەبێ هەموو هەوڵێکیان لەگەڵ بدەین تا دڵەکانیان و ابەستەی نیشتمانو نەتەوەکەیان بێ، لەگەڵ براوخوشکەکانیان بن..))

زۆرپێنوێن وئاماژە هەن کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەهەستی ڕق وقینەو دوژمنایەتی لە دژی ئیخوان هەندێ جارهەڵدەکشێ، جاری و ایە ڕقەکەشاراوەیە وجاری واش هەیە ئاشکر ایە،

ئەم ڕقە دژی بوونی قەوارەی سیاسی و میدیایی و هاوواڵاتی بوونە بۆڕێکخراوی ئیخوان لە ئەورووپا کە دەکرێ ئاماژە بەهەندێ هۆکاری بوونی ئەم ڕقە بکەین.:

١. کەمینەی مسوڵمان بەوەناسراون کە بە شێوەیەکی گشتی لە ئەورووپا دەنگ دەدەن بە پارتە چەپڕەوەکان ،،بەڵام لەم دوایانە پارتە ڕاستڕەوەکان بردوبانەتەوە لە زۆرواڵاتی ئەورووپا،،وە ئەستێرەی ڕاستڕەوە تونددڕەوەکان لە هەڵکشاندایە، ،هەردوو ئاڕاستەی ڕاستڕەوو ڕاستڕەوی تونددڕەو حەزبەچارەی دامەزراوە ئیسلامیەکان ناکەن، بگرە زۆربەڕاشکاویش وەک کاندیدی سەرۆکایەتی فەڕەنسی

ماري لو بانالتي بەڵێنی داکە « کە لە هەڵبژاردن سەرکەوتوو بێ هەموو ڕێکخراوە ئیسلامیەکان هەڵدەوەشێنێتەوە،وەهەموو ئیسلامیە سەلەفی وئیخوانیەکان لە وڵات دەردەکا.».

٢.دوژمنایەتی وڕق بوونەوە لە ئۆردۆغان ،وەئەوێنەو ناوبانگەی کە ئۆردۆگان لە ڕۆژئاوا هەیەتی،کە وەک دیکتاتۆرێک ناسراوە کە تورکیابۆ دواوە دەگێڕێتەوەو هەمیشە باسی شکۆی ڕابردوی عوسمانی لە هەڵس وکەوتی لەگەڵ ڕۆژئاوا ایپەکان باس دەکا،وە لەهەمان کاتیش ئۆردۆگان خۆی ڕوپۆش کردوە بەوەی کە نوێنەری ڕەوتی ئیخوانە ولای زۆرێک لە بیرمەند و هەواداران .

٣. حاڵەتی ڕەوینەوە لە «ئیسلامی سیاسي» بەشێوەیەکی گشتی،چونکە ئەم زاراوە لای هاوڵاتی ئەورووپی ئاسایی هەموو شێوازەکانی ئایدۆلۆژی دژبە ژیاری ڕۆژئاوا لەخۆدەگرێ هەرلە داعشی تونددڕەوەوەبە ئیخوانیش کۆتایی نایە.

٤. ئەوفشارانەی کەهەندێ لەوڵاتە عەرەبیەکان دەیکەن کە ڕۆژئاوا ایپەکان بەرژەوەندیان لەگەڵیانە ،وەک میسرو ئیمارات وسعودیە بۆڕاوەستاندنی هەموو چالاکیەکانی ئیخوان لەئەو وڵاتانە ودانانی لە خانەی بەدەرلە یاسایی لەهەموو وڵاتانی ئەورووپا..

٥. هەرچەندە ڕاپۆرتی بەریتانیا لەسەرئیخوان کەلە دیسمبر/کانونی یەکەمی ٢٠١٥،دەرچووە پوختەکەی ئەوەیە کە «نابێ کۆمەڵەی ئیخوان وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریست پۆلێن بکرێ ونابێ قەدەغە بکرێ»، بەڵام هەرلەوڕاپۆرتە دەڵێ« ئەندام بوون لەوبزاڤە وپەیوەندی بوون لەگەڵیدا پێویستە وەک ئاماژەیەکی تونددڕەوی هەژماربکرێ»وەدەبێ ئاماژەش بەوەبکەم کەلە ، فبرایر/شوباتی ٢٠٠٨ ، دا دەسەڵاتدارانی بەریتانیا ڕەتیان کردەوە کە ڤیزای چونە بەریتانیا بدەنە قەرزاوی بەهۆی فشاری پارێزکارەکان لە بەریتانیا.

ئەم ئاماژانە یەکێتی ڕێکخراوە ئیسلامیەکانی ناچارکرد کە لە

٢٩ یناير/کانونی دووەم ٢٠١٧ بەیانێک بڵاوبکەنەوە کە دامەزراوە ئەوروپیەکەیان هیچ پەیوەندیەکی کارگێڕی یان ڕێکخراوەیی بەهیچ دامەزراوو دەزگایەکی دەرەوەی ئەوروپاوە نیە،بەڵکو پەیوەندیەکانی لەسەربنەمای کرانەوەوهاوکاری لە پێناو بەرژەوەندی گشتی گەڵاڵە دەکاو ،بەو اتایەکی ترترازاندن وپچڕاندنی هەموو پەیوەندیەک لەگەڵ ڕێکخراوی ئیخوان المسلمین ،بۆیە داهاتووی ڕێکخراوی ئیخوان المسلمین تەمو مژاویەلە ئەوروپادا، ئەمەش وادەکا کەچەندان سیناریۆ بخرێنە ڕوو بۆ چۆنێتی کارلێک لەگەڵ گۆڕانکاریەکان وگێڕانەوەی ڕۆڵی خۆی وڕۆڵبینینی ئەوقەڵا هەمیشەییەی کە پشتیو انی کۆمەڵەی ئیخوان بووە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات و نیشتمانی عەرەب..

—

لێرە دا ڕاپۆرتی ئەوخاتونە بۆسنیە تەواوبوو کە پسپۆڕە لە پەیوەندی ئەوروپی ئیسلامی.

لێرەدا پێویستە چەند تێبینیەک بۆ چەند خاڵێک بخەمەڕوو:

-لەو پەڕەگر افەی کە باسی نەزیفی بیرمەندانی مسوڵمان دەکاو پێ ی و ایە کە دەبێ بیروهۆش وداهێنانی مسوڵمانان بۆ نەتەوەو نیشتمانەکانیان بێ.

منیش دەپرسم بۆ؟، من هیچ جیاوازیەک نابینم لەنێوان وڵاتانی ناوڕێکخراوی وڵاتانی مسوڵمان وکۆمکاری عەرەب وئەوروپا ،لەهەموو ڕوویەکەی ڕۆشنبیری و یاسایی وشەرعیەت وەرگرتن وپەروەردەیی وئابووری وکۆمەڵایەتی وهونەری و وەرزشی ،هەموو ئەو وڵاتانە هەرلە مەکەو مەدینە تا نیۆرک هەموو و ابەستەوپابەندو ئاڕاستە دەکرێن لەلایەن دامەزراوەی نەتەوەیەکگرتوەکان ویۆنسکۆو یونیسێف و بانکی نێودەوڵەتی وبازرگانی جیهانی و،،،هتد هیچ وڵاتێک ناتو انێ لە بڕیارە چارەنوسسازەکان دژی ئەو دەزگایە بوەستێ و کۆنترۆڵی زۆربەی جومگەکانی کردووە، بەڵام ئەوەی کە کۆمەڵگای هەندێک وڵات لەهەندێکی دیکە جیاوازن ئەوە فشاری کۆمەڵگاوسروشت ومیکانیزمی کۆمەڵگایە نەک هی دەسەڵات ،دەسەڵات لەو پەیکەرە تیۆری وياسايی وڕیزبەندیە جیهانیەی بۆی دانراوە پێک دێ ،بۆیە دەبینی هەموو پارت ودام ودەزگا دیندارو بێ دینەکان هەمان پەیکەریان هەیە.

بۆ دەبێ دوای سەدان ساڵ مسوڵمانانی تاراوگە هەروەک جەعفەرسەیری خۆیان بکەن وفەرمانڕەو ایانی ئەوروپاو ئەمریکاش وەک نەجاشی سەیربکەن ،دەکرێ ئەوان بگەنە قۆناغی

موهاجیرین و ودام ودەزگاونەتەوەو کۆمەڵگای ئەوروپاش ببنە ئەوسوخەزرەج و قەینوقاع ونەزیروقورەیزە، یان دەکرێ ببنە کافرەکانی بەنوهاشم و ئەبوتالیب لە شیوی ئەبوتالیب دا.

ئیخو انیش وەک ڕەوت وکۆمەڵ تەنیا بۆ سەد ساڵ دروست بووە، وەک ڕەوتی ئەفغانی وڕەشید ڕەزا بۆ سەدساڵ ڕۆڵی خۆی بینی ،ئیخوان وئەزمونەکەی و کەلەپورە هەمەڕەنگەکەی وەک کەلەپوری دەیان لە موجەدیدانی ئەم دینە دەبێتە جۆرێک لە دەوڵەمەندی هزری ئیسلامی ودەچێتە پاڵ ئەو کەلەپورەو دەوڵەمەندی دەکا،وەک سەرۆکەکانی ئەمریکا کەدوای سەرۆکایەتیان دەبنە سیناتۆرو ئەندامی ئەنجومەنە باڵاکان ،وە پاش چەند ساڵێکی دیکە بزاڤ وڕەوت ونوێبونەوەوشێوازێکی دیکە بۆ ئەم دینە دەست پێ دەکا چونکە ئەوەمژدەوبەڵێنی فەرمودەیە وهەردەبێ ئاڵقەکانی تەواوبن.

سەبارەت بەبابەتی قۆناغەکانی بانگەوازو کۆمەڵگاو دەستەی ئیماندارو بانگ خوازان هەرلە کۆنەوە زۆری لەسەرنوسراوە، ئەو فەقیهو موجتەهیدانەی لەسەردەمی ئەمەوی وعەباسیەکان جیهانیان دابەش کردبۆ دووماڵ، دارالاسلام ودار الحرب ،پاشان لەسەردەمی ئیبن تەیمیە بارودۆخەکە وای خواست کە داری تێکەڵیش زیادکەن، خۆکە ئەوزانایانە وردببونایەوە دەبوو داری یاخیان وبوغات یش زیاد بکەن چونکە زۆرجارخەلیفەی شەرعی دەسەڵاتی تەنیالە پایتەخت هەبوو بەڵام قەرامیتەو فاتیمی و خەوارج و ئەمەوی و زۆردەوڵەتی تریش لەدەرەوەی بازنەی خەلافەت ماڵیان لە ماڵی خەلیفە گەورەتربوو.

من ئەم بەش کردنە ئیستقرائیەی ئەوزانایانە بەرز دەنرخێنم ،بەڵام پێم وانیە دابەش کردنی ڕاست بەوشێوەبێ، چونکە ئێمە کە شەهادەمان بەتاکە سەرمەشق وپێشەوایەتی محمد علیه السلام داوە دەبێ بە شوێن دابەش کردنی ئەودا بڕۆین.

ماڵی ئیسلام و ئیمان لە ژیانی محمدی ئوسوەوسەرمەشق هەندێک جاران تەنیا ئەشکەوتی حیرایە کە محمد خۆی تێداکروشمە کردوە ،ئەولەوەدڵنیایە کەئەم بونەوەروگەردوونە یەک بەدیهێنەرویەک ویست ویەک پارێزەروبەڕێوەبەری هەیە، بەڵام نازانێ چۆن لەو بەدیهێنەرە نزیک بێتەوە؟ چی بکا تا لێ ی ڕازی بێ؟ ناتوانێ کەس بەم بۆچوونەی خۆی مولزەم وپابەندبکا تەنانەت خێزان وکچەکان وخزمەکانیشی ،بۆیە لێ یان دووردەکەوێتەوە،ئەوەیە کە اللە دەفەرموێ تۆ ضال وگومڕابووی ئەی محمد وئێمە ڕێنماییمان کردی.

ئەوگومڕاییەئەوەبوو کە ڕێبازی ڕاستی لێ ون بوو و نەی دەزانی پەرستش وپەیوەندی ڕاست وپەسندکراولای ئەو خالقە تاقانە چۆنە؟ بەڵام هەرگیزگومانی لەتەنهایی ئەونەبوو.

ئەوجار هەرلە ژیانی محمددا ئیمان ودار الاسلام ماڵێکی تاقانەی لە مەککەهەبوو کە محمد وخێزانی و کچەکانی و دوو غولامەکەی زەیدو عەلی بوون.

پاشان ماڵی ئیسلام وئیمان گەورەتربوو ،ماڵی ئەرقەم و چەند ماڵێک لە مەککەی هەبوون و کتێبیان هەبوو دەیانخوێند.

لە شێوەی چوارەم ماڵی ئیسلام کۆمەڵێک خێزانی ئاوارەو جالیەکی دووروڵات وتاراوگەی لە حەبەشە هەبوو کە جەعفەرپێشەنگیان بوو وبۆدەیان ساڵ تەنیابەنامەو هەواڵ لەگەڵ پێشەنگ ئاگایان لەیەکتربوو بەڵام هیچ کارێکیان بێ فەرمانی ئەونەدەکرد.

لە شێوەی پێنجەم داری ئیسلام وبەنی هاشمی گەمارۆدراولەشیوی ئەبوتالیب ، ئەمە نمونەی ئۆپۆزسیۆنی ئێستا کە ئیسلامی وچەپ وڕاستەکان لەبۆتەی دژایەتی حکومەتی دارالندوەکەی ئەبوحەکەم وئەبوجەهل یەک دەگرن وەک چۆن محمد ویارانی لەگەڵ هاوبەشدانەرانی بەنوهاشم هەمان چارەنوسیان هەبوو.

لەشێوەی شەشەم ئیسلام وبزاڤ وماڵی ئیسلام چەند کەسێکن لە مەدینە ئیمانیان هێناوەوموسعەبی کوڕی عومەیردانراوە بە مامۆستایان ودوازدە نەقیبیان هەیەو خەریکی بانگەوازن بۆ دینەکەیان بەبێ هەڵکێشانی شمشێر.

لە وێنەی حەوتەم ئیسلام وجولەکەو هاوبەش دانەرلە مەدینە هەن، مسوڵمان وجولەکە حکومەتی دەستوری بنکە فراوان پێک دێنن ،ئەمە داری تێکەڵە.

لەشێوەی هەشتەم ئیسلام حکومەتە بنەفراوانەکەی توشی لەت بوون بووە، قەینوقاع وهاوپەیمانە خەزرەجیەکانیان حکومەتی دەستوریان شلۆق کردوە،ئیسلام ئەم حاڵەی چۆن چارەکرد؟

لە دار الاسلام وکابینەی نۆیەمی ئیسلام جەنگی بەدری بردۆتەوە حکومەتی هاوپەیمانەکانی زیاترگەمارۆ دراون،بۆیە لەوماوە تائوحود کارەساتی مەعونە جولەکە موناپسێنن.

لە شێوەی داری دەیەم جەنگی ئوحدو بیری مەعونە حکومەتە دەستوریەکەی شلۆق کردوە بۆتە هۆی ئینشاقاق نەزیریەکان وهەوڵی تیرۆرکرانی پەیام بەردراوە.

لە دەوڵەت ودار الاسلامی یازدەم ئیسلام حکومەتی کەمینەی گەمارۆدراو لە مەدینە و جولەکەو هاوبەش دانەرفشاری ئابوری وسەربازی ومیدیاییان لەسەردانراوە.

لە شێوەی دوازدەهەم ئیسلامی حکومەتی کەمینە بەرەی ئۆپۆزسیۆنی زۆرینەی دڕداوەو هاوپەیمانی لەگەڵ خوزاعەو ئاگربەستی لە گەڵ قوڕەیش وڕاوەدونانی لەگەڵ جولەکە و چاودێری لەگەڵ دوڕوەکان بەکارهێناوە.

لەشێوەی سێزدە دار الاسلام مەفرەزەیەکە کەلە بەر مەرجی قوڕەیش پێشەنگی ئیسلام ناتو انێ ئەبو بەسیرلەباوەش بگرێ و بە فرمانی ئەو ماڵێکی پارتیز انی بۆخۆی وهەواڵانی لەو چۆڵەو انیە پێک هێناوە.

لەشێوەی چواردەم ئیسلام جولەکەی پاکتاو کردوەو دووڕەوەکانی لاوازکردوون وهاوپەیمانێتیەکەی لەگەڵ هەوادار انی فراوان کردوەو مەرجەکانی بەسەر قوڕەیشدا سەپاندوە .

لە شێوەی پازدەهەم ئیسلام سوپایەکی سێ هەزارکەسیە ودەچێتە جەنگێک لەگەڵ وڵاتێک کە نیوەی گۆی زەوی لە ژێردەست دایە.

لەشێوەی شازدە ئیسلام تەواوی دورگەی عەرەبی کۆنترۆڵ کردوەونەقوڕەیش ونەجولەکەو هاوپەیمانانیان نەماون وئیسلام حاکم وفەرمانڕەوای ناوچەکەیەوپەیامی بەجیهانی بوونی گەیاندۆتە پاشاو سوڵتانەکانی جیهان وهەموو لایەنە پەرستش و سەوداو بنەماياساییەکان تەواوبوون و بەئایەتی الیوم اکملت لکم دینکم ،دینی کامڵ وتەواو لە پڕەنسیپ وپراکتیزەکردن هاتووە..

لەم شازدە یان لەوەیە زیاتریش بن، تەنیاکۆتا دیمەنیان ئیسلامی تەواوە وکاملە، پێغەمبەرایەتی وپەیام وشەرع لە نمونەی کۆتایی تەواوبووە ،لەنمونەکانی پێش ئەو دارالاسلام وشەریعەت وياساکان وپێغەمبەرێتی جارێ ناتەواون ،کامڵ نین ،بەڵام ئایا دەبێ مسوڵمان هەرلەسەرئەودو انمونە ڕاوەستێ بەلەوەکەمترڕازی نەبێ؟

مێژوو و ئێستاوڕەوتی کرداری ئیسلام پێمان دەڵێ ،کە دەیان جار ئیسلام وداڕەکەی وحوکمەی گەڕاوەتەوە داری ئەرقەم وئەشکەوتی حەڕاو خۆی لەماڵی خەدیجەکان داپۆشیوەولەشیوی ئەبوتالیب چۆتە پەنای ئەبوتالیبە موشریکەکان وجارجارەش حکومەتی دەستوری لەگەڵ جولەکە وجگەلەو انیش پێک هێناوەو شان بەشان شەڕی سۆڤیەتیان کردوە و،،،هتد

هەروا پەیام بەریش علیه السلام هەواڵی ئەوەی پێداوین کە ئیسلام نامۆدەبێتەوەو وەک ماردەچێتەوە کونەکەی خۆی ودەسەڵاتی نامێنێ و دەبێتە تائیفە وکەمینە و،،،هتد.

کەو اتە ئەو پارت ودامەزراوەوبانگەواز انەی دەچنە ناوڕەوتی سیاسەت و باوەڕبە تداول و دەست بەدەست کردنی دەسەڵات دێنن، لە سەرئەم نەخشە ڕێگایە ،کە حاکم بوون ئەوە پێشەنگیان حوکمی هاوپەیمانی جولەکەو پێغەمبەرە، کەسەرنەکەوتن ولەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی جیاوازلەخۆیان بوون ئەوە لەدۆڵی ئەبوتاڵیبن ،وەکەلەتاراوگەبوون ئەوەلەگەڵ جەعفەرن، وەک لە شەڕی پارتیز انی دابوون لەگەڵ ئەبووبەسیرن،،،هتد..

بەم شێوە رسول نەخشەڕێگای هەموو انە ،بەم تێڕو انینە مسوڵمانان هەموویان یەکتریان خۆشدەوێ وجیاوازیەکەیان ڕەحمەتە.

پەیامبەری سەرمەشقیان نەخشەڕێگەی هەموو انە،ژیانی هەموان لە خۆ دەگرێ،پازدەسەدەیە نەک هەرئوممەتەکەی بەڵکو هەموو قەوارەودامەزراوەکانی مرۆڤایەتی بەدەرنین لەیەکێک لەم حاڵەتانە،چونکە موحممەد نەخشەڕێگای هەموو مرۆڤایەتیە..

ئەم هەویرە ئاوی زۆردەکێشێ وپێویستی بەچەندین کتابە،پەرستشەکان وسەوداوگرێبەستەکان وفەرمان ویاساوحەڵاڵ وحەرامەکان لەنێوان ئەم بارودۆخانە ئەو انیش دەگەڕێنەوەسەر حوکمی مەنسوخ و مەرجوح؟؟ یان نا؟؟

ئەمە بۆتوێژەرەوان بەجێدێڵم بەڵام لە ڕووی سیاسی ئەم قۆناغانە وەک سەهمی سەعات ژمێرەکە هەرلە سەعات١٢نامێنێتەوەو جارێکی تردەچێتەوە سەرهەموو سەعاتەکان

کۆمەڵەی ئیخوان المسلمین لە چەند وێستگەیەکدا:

ج-C:

لەم بەشەش درێژە بە چۆنێتی پەیوەندی کۆمەڵەی ئیخوان دەکەم بە هەریەک لە:

-بەریتانیا.

-ئەمریکا.

-ماسۆنیەت.

-جولەکە بوونی بنەماڵەی حەسەن بەننا.

هەرچەندە کە بەننا و کۆمەڵەکەی تۆمەتی کۆمەنیستی وچەپڕەوی وشۆڤێنی ونازی بوون وشیعە بوونیشیان دراوەتە پاڵ ،بەڵام ئەم چوارتۆمەتەی سەرەوە زۆرتر باسکراوە.

1-بەننا وبەریتانیا:

ئەحمەدعەرەفە وکامل کامل لەسەرئەم بابەتە لەساڵی ٢٠١٩ بابەتێکیان نوسیوە ودەڵێن:

پەیوەندی نێوان ئیخوان وبەریتانیا بە بەڵگەنامە سەلمێنراوە لە کتێبێک کەبەزمانی ئینگلیزی نوسراوە بەناوی پەیوەندیە نهێنیەکان بە پێنوسی نوسەر مارك کیرتس لەساڵی 2010 دا چاپ کراوە وباس لە بوونی پەیوەندی پتەوی نێوان بەریتانیاوئیخوان دەکا هەرلە نیوەی یەکەمی سەدەی بیست و اتە تاساڵی ١٩٥٠،ئەویش لە چوارچێوەی یارمەتی دانی ئیخوان لە ڕووی مادیەوە بۆ داڕوخاندنی ناوچەی عەرەبی وئیسلامی.

کیرتس دەڵێ: پەیوەندیەکە لە جەنگی دووەمی جیهانی دروست وپتەوبوو، کاتێ بەریتانیا هەستی بەوەکرد کە کۆمەڵەکەی بەننا بە خێرایەکی سەرسوڕهێنەرگەشەدەکاوئەوەتا بەماوەیەکی کەم تێکۆشانی تاکێکی وەک بەننای بێ دەرامەت ودام ودەزگا هەموو وڵاتانی عەرەب و ڕۆژهەڵاتی تەنیوەتەوە، وەلەلای کۆمەڵگای ئەوروپاش وەک تاکە بەرهەڵستکاری ڕەوتی کۆمەنیستی وجێگرەوەوپێگۆڕی هەموو ڕەوتە دینی ونەتەوەییەکانی چەپ وڕاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.ئەمەش سەرنجی هەریەک لە بەریتانیاوئەمریکای ڕاکێشا کەدوو هێزی گەورەی جیهان بوون.

هەرو اکێرتس دەڵێ:

" بەریتانیا میسری بە دڵ وکرۆکی ناوچەکە دەزانی، ،هەرلەجەنگی جیهانی یەکەمەوە ،،بۆیە کۆمپانیاکانی بەریتانیا بەهۆی دەسەڵاتی بەریتانیا لە میسرزاڵ بوون بەسەربازرگانی ناوچەکە دالە ماوەی نێوان هەردوو جەنگەکە، ،،

لەساڵی 1936 کە عزالدین قەسام دەستی بە جیهاد لەگەڵ جولەکەکان کرد، ئیخوان بەهەموو شێوەیەک پشتگیری جیهادی دژبە جولەکەیان کرد، وەفیداکارو لایەنگرانیان ناردبۆ بەشداری لەوجەنگە، ئیخوان دەسەڵاتی بەریتانیان بەستەم کارو خوێن مژدەزانی، وەبەریتانیاش سەرەتا زۆربەتوندی بەربەرەکانی ئیخوانی دەکرد، بەڵام لە چلەکانی سەدەی ڕابردوو وە نزیک بوونەوەی مەلیک فاروق وحەسەن بەننا، بەریتانیەکان دەستیان کرد بە پشتگیری ویارمەتی دانی ئیخوان، وەک ڕاپۆرتە هەواڵگریەکانی ساڵی 1942 باس لەوە دەکەن کە کۆمەڵەی ئیخوان لە وەفد بەسودترە وپێویستە لەبەربەرژەوەندی بەریتانیا پشتیان بگیرێ..

مارك كيرتسى نوسەرى كتێبى پەيوەندیە نهێنیەكان دەڵێ كە بەریتانیا بەنهێنی ئیخو انی بۆ ڕوخاندنی عبدالناسر بەكارهێناوەوهەوڵی داوە بەهۆیانەوە عبدالناسر تیرۆربكاو هەروەهابۆ سەرنگونكردنی حوكمەتە نەتەوەییەكانی سوریا .

وە ئەنوەرساداتیش ئیخو انی بۆ لێدانی چەپەكان وناسریەكان بەكارهێناوە ..

وەلەكاتی دەستدرێژی سێ قۆڵی بەریتانیاوفەڕەنسا و ئەمریكا بۆسەرمیسر لەساڵی

1956دا بەریتانیا چەندین كۆبونەوەی نهێنی لەگەڵ سەرانی ئیخوان كردوە بۆڕوخاندن و تیرۆركردنی عبدالناسر ، ، لە مارسی 1957 دا تریفور إیفانز،بەرپرسی باڵوێزخانەی بەریتانی كە بەڕێوەبەری زۆرێک لەدانیشتنە نهێنیەكان بوو لەگەڵ ئیخوان نوسیویەتی:دەبێ ئامانجی سەرەكیمان لەم هەوڵانە سەرنگونكردنی ڕژێمی عبدالناسربێ..

كێرتس دەڵێ :ئامانجی بەریتانیا لە پشتگیری ئیخوان لێدانی ڕەوتە نەتەوەییەكان بوو كە جەماوەرێكی زۆریان پەیداكردبوو، تا تاكە هێزێكی كارا نەبێ لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تو اناكان پەرت بن ونەتەوەی عەرەبی ناسری وئیخو انەكان یەک نەگرن ودژبەیەک بن وبەمەش سود لە سامانی نەوتی عەرەبان چاكتردەكرێ ونابێتە هەڕەشە لە بەرژەوەندیەكانی بەریتانیا.....

هەرلەم كتێبە باس لەوەكراوە كەلەچوارچێوەی ئەم پرۆژە بەریتانیە سعید ڕەمەزانی زاوای حەسەن بەننا و ئیخو انە ڕاكردوەكان لە ئەوروپا شەرعیەتیان پێ دراوەو لەباوەش گیراون لەدام ودەزگاكانی ئەوروپا ڕۆڵیان پێ دراوە..

هەروەها كۆمەڵەی ئیخوان لەچوارچێوەی جەنگی ئەمریكا دژبە سۆڤیەت لە ئەفغانستان بەكارهێنراون وڕۆڵی گەورەیان هەبوو، بە پاساوی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئیلحاددا، ،بەم شێوە لەم دەوروبەرو بارودۆخەدا زۆرێک لە خانەیەكەمەكانی قاعیدەو وهجرەوتەكفیروتالیبان لەو هاوپەیمانیەوە لەدایک بوون..

ئەو هێڵە گشتیانەی كە ئیخوان وهەواڵگری بەریتانی لەسەری ڕێككەوتبوون ئەم خاڵانەبوون:

(1) خزمەتكردنی ئامانجە ئیستعماریەكان لە میسرودژایەتی كردنی هەموو ڕەوتە نیشتمانی ونەتەوەییەكان تا وڵات بەرەودیموكراسی بوون وڕزگاری وئازادی نەبەن ونەتو انن دەوڵەتی

یاساو دام ودەزگا دابمەزرێنن وبڕستی ئەوەیان نەبێ داوای نەمانی هەژمونی داگیرکاری بەریتانی بکەن لە میسردا..

(2)دامەزراندنی دەزگایەکی هەواڵگری بەناوی دەزگای نهێنی کە پێز انین لەبارەی باڵوێزخانەکان ودامەزراوە سەربازیە میسریەکان کۆبکاتەوە..

(3) هەرچی بەرهەڵستی بۆچونی ئیخوان بکا دەبێ تیرۆروپاکتاوبکرێ..

(4)زاڵبوون بەسەرئابووری وکۆمپانیاکان وسەندیکاکان ودامەزراوەکان تابتو انن سیاسەتی دەوڵەت بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان ئاڕاستە بکەن.

لەهاوینی ساڵی 1953 دا سەرۆک ئەیزنهاوەر لە کۆشکی سپی پێشوازی لە سەعید ڕەمەزانی زاوای بەننا و بەڕپرسی سەربازی وئایدۆلۆژی ئیخوان کرد، هەرلەوساتەوە ئیخوان بووبە هاوپەیمانێکی ئەمریکا بۆ تێکشکاندنی یەکێتی سۆڤیەت ،ودژایەتی بیری کۆمەنیستی بە هزری ئیسلامی وسودبینین لە جیهاد بۆ پاراستن وپەرەدان بە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانانی، کەبەشێوەی کرداریش لە ئەفغانستان وزۆرشوێنی دیکەش ئەم نەخشە جێبەجێکرا..

دوو توێژەری ناوبراوهەڵوێستەکانی ئیخوان لەم چەند خاڵانە پوخت دەکەنەوە.:

(1)وێناکردنی دەوڵەتە نیشتمانی ونەتەوەیی وسۆشیالیست وشۆڕشگێڕەکان بە کۆمەڵگای جاهیلی ونەفامی و لە دین هەڵگەڕاوە کە خوێنیان وسەروماڵیان حەڵاڵە،ئەمەش خزمەت کرودنە بە بەرژەوەندی جیهانی سەرمایەداری..

(2) کردنەوەی بانقی فەیسەڵ بەناوی شا فەیسەڵی سعودەوەلەساڵی 1976 لە میسر بەسەرمایەی سعودی وکەنداوی کەلەناو دەستەی بەڕێوەبردنی دا هەریەک لە "يوسف القرضاوي" وعبد اللطيف الشريف "ويوسف ندا" ئەندام بوون کە کاریگەریان بەسەر هەموو ناوچەی عەرەبی وئیسلامی هەبوو،وەلەوماوەش بەیارمەتی ئەم پارەی کەنداوە شێخ عمرعبد الرحمن کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی بانقی فەیسەڵ وڕابەری ڕوحی ڕەوتی جیهادە لە میسر هەوڵی دابەیارمەتی هەواڵگری ئەمریکا زۆرترین ژمارە لە گەنجانی عەرەب بۆ جەنگی یەکێتی سۆڤیەت لە ئەفغانستان ڕەوانە بکا..

(3) قەرزاوی فەتوای دروستی کرداری خۆتەقاندنەوەوخۆکوژی دابۆ بەرهەڵستکارانی عیراق لە دژی داگیرکاری ئەمریکا..

(4)ئەردەن وئیسرائیل هەرلە حەفتاکانەوە بە پاڵپشتی ئەمریکا پشێوی وياخی بوونیان لەسوریا دروست کرد لەشۆڕشی حەما وهەوڵیاندا بۆ بەرژەوەندی ئیسرائیل وئەمریکاو کۆنەپەرستانی عەرەب ڕژێمی حافزئەسەد بڕوخێنن لەسوریا..

5- ئیخوان هەرلەساڵی 1936 لەکاتی سەردانی (سید روح الله مصطفى الموسوي الخميني) بۆ بارەگای ئیخوان لە میسرو دیدارلەگەڵ بەننا پەیوەندیان بەیەکەوەهەبووەودژی شای ئێران تێکۆشاون..

وەسەردانی ئەحمەدی نەژادی سەرۆکی ئێرانیش لەساڵی ٢٠١٢ لەکاتی سەرۆکایەتی محمدمورسی لەمیسرلەلوتکەی وڵاتە بێ لایەنەکان کە تیتۆونەهرۆو عبدالناسرئەو ڕێکخراوەیان بۆوڵاتانی جیهانی سێ یەم دامەزراند، نوێ کردنەوەی ئەوپەیوەندیە مێژوویيەبوو

(6) جارێکی ترلە پشێویەکانی سوریا وبە هاوپەیمانی عیراق وئێران وقەتەرو ئیخوان پێک هاتوون لەسەرپەیڕەوکردنی ستراتیژیەکی هاوبەش لەسوریا..

(7) هەڵوێستی ئیخوان لەشەڕی هەشت ساڵەی عیراق وئێران هاوسۆزی وهاوپەیمانی بووە لەگەڵ ئێران وشۆڕشی خومەینی..

(9) ڕاکردنی ئوسامە لادن بۆوڵاتی سودانی بەشیروتوڕابی ئیخوان تالەوێوە پلان دژی وڵاتان بگێڕێ..

9- بەهاری عەرەبی لە چوارچێوەی پرۆژەی ئەمریکی کۆندالیزاڕایس لەسەردەمی ئۆبامادا کەبەفوضى الخلاقة =پشێوی دروست کەرناسراوە هەڵگیرساوە کە پرۆژەیەکی ئەمریکیە وبۆ لێدان ولەناوبردنی تو اناو ئابوری وقەوارەی وڵاتانی عەرەب دروستکراوە تا پیلانەکانی ئەمریکاو ئیسرائیل بێنێتەدی ولەمەشدا ئیخوان وقەتەرڕۆڵی باڵایان هەبووە، کە پشێویان لە وڵاتانی عەرەبی دا دروست کردوە.

پوختەی ئەم توێژینەوە ئەوەیە کە کۆمەڵەی ئیخوان لەلایەن دەزگای هەواڵگری بەریتانیا دامەزرێنراوە،پاشان بۆتە تابوری پێنجەمی هەواڵگری ئەمریکی و ئیسرائیلی وچەندین ڕەوتی تیرۆرو تۆقاندنی لێدەرچووە، ووەک خەوارجەکانی سەدەی یەکەمی ئیسلامن کە ئامانجیان وێرانکاری وتێکدانە...

تا ئێرە توێژینەوەکەی کامل وعەرەفە تەواو بوو .

—

وڵام دانەوەی هەموو خاڵەکانی ئەم لێکۆڵینەوە ئاوی زۆردەکێشێ ، بەڵام تەنیا ئاماژە بەهەندێک خاڵی دەکەم:

-توێژەرەکە ئەوڕاستیە دەڵێ کە ئیخوان سەرنجی بەریتانی وئەمریکیەکانی بەوە ڕاکێشا کەبەماوەیەکی کەم وبەداهاتێکی کەم لق وپۆپی گەیشتە زۆربەی وڵاتان، وە ماوەی زیاترلە ١٤ ساڵی دامەزرێنەرەکەی لەنێوان بەریتانیاوئیخوان جەنگ ودژایەتی بووە.

-لە خاڵێکدا دەڵێ کە بەننا بەیارمەتی بەریتانیا کۆمەڵەی نهێنی دروستکردووە،ئێمە لەوێستگەکانی پێشوو ئەوەمان باس کردولە وێستگەی حەوتەمیش دووبارە باسی دەکەین کە کۆمەڵەی نهێنی وعبدالرحمن سندی باوەڕێکراوی بەننا سەرۆکی کۆمەڵەی نهێنی بوو،لەناوکۆمەڵەی نهێنیش کۆمەڵەی ئەفسەرانی ئازادی عبدالناسرومحمد نجیب هەبوو ،جاکەئەم کۆمەڵە نهێنیە دەستنێژی بەریتانیابێ کەو اتە کۆمەڵەی ئەفسەرانی ئازادوکۆماری ناسریش هەردەبێ دەستنێژی بەریتانیابێ ،کە ئەمە لەڕاستیداو انیە.

- هەروەها لەساڵی ١٩٤٢تا١٩٤٩ڕێکخراوی ئیخوان وبەننای دامەزرێنەرلەهەموو ڕوەکانی ئابووری ودارایی وسیاسی و ئەمنی سەختترین ڕۆژگارەکانی بەڕێکردووەو بەننا سێ جارهەوڵی تیرۆرکرانی دراوەو زۆرجارگیراوەو لایەنگرانی گیراون وکۆمەڵەکەومیدیاودام ودەزگاکانی هەڵوەشێنراون وتادواجارتیرۆرکراوە، کەچی لەهەموو ئەمانە بەریتانیا هیچ هاوکاریەک وفریادڕەسیەکی بۆ ئیخوان پێشکەش نەکردووە.

-ئەوەی لەساڵی ١٩٥٣ دا سەرۆکی ئەمریکا ئایزنهاوەرلەگەڵ سەعیدڕەمەزانی کردوە کەلەکۆشکی سپی پێشوازی لێ کردوە هەروەک ئەوکارەی شاعەبدالعزیزی سعودە کەلە حەجی ١٩٥٣دا فرۆکەیەکی سعودی تایبەتی خستەبەردەست حەسەن هوزەیبی ڕابەری دووەمی ئیخوان ،ئەم هەوڵانە نامە بوون بۆعبدالناسرو بۆسۆڤیەت کە پێویست ناکا خۆتان لە ئیخوان نزیک بکەنەوە چونکە ئەوسەربە ئێمەیە،ئەمریکا وسعودیە بەم کارانەیان ئیخوانیان لە ڕەوتە ڕادیکالیە شۆڕشگێڕیەکە لادەکردیانە ڕەوتێکی لیبراڵ دیموکرات وخێرخوازولە کەنداوو ئەوروپا بەوجۆرە کارانە خەریکیان کرد، ئەم پێشوازی لێ کردنەی کە وڵاتانی کەنداوو ئەوروپاوئەمریکا لە ئیخوانی دوای بەننایان کرد مەرجداربوو بەوەی کە ئیخوان نەگەڕێنەوە سەرڕێبازی بەننا وباسی خۆماڵی کردنی نەوت وسوێس ویەکێتی عەرەبی وناساندنی ئیسلام وەک حوکمێکی عەرەبی وەک لە بیست بنچینەودەڕاسپاردەکەی بەننا وە هاتووە

،بەهیچ شێوەیەک باسی نەکەن،هەرکیرتس خۆشی ئاماژەی بەوەکردوەکەهەوڵی گەورەیان بۆئەوەبووکە ئیخوان وناسریەکان یەک نەگرنەوەونەوتی ناوچەکە بۆ بنیاتنانی ژێرخانی ئابووری نەبێ.

-ئیخوانی بەننا ئوممەتی ئیسلام وڕۆژهەڵاتی فێری نیشتمانی بوون وڕزگاری خوازی وشۆڕشگێڕی ونەتەوەیی کرد، بەڵام ڕەوتەکە لە دوای بەننابە سەدوهەشتاگۆشەو تەواو پێچەوانە کراوەتەوە، جمال عبدالناسرو محمد نەجیب وڕێخراوی ئەفسەرانی ئازاد وەک کۆمەڵەی ئیخوان کوڕی شەرعی حسن بەننان وبنیاتنراوی ئەون،بەڵام بەریتانی وئەمریکیەکان تو انیان کەدوژمنایەتی لەنێوان ئەودووڕۆڵەی حسن بەنندا دروست بکەن.

-بانقی فەیسەڵ وپێش بانقەکەش خودی شافەیسەڵ هەموو ئیخوانەکان وئالی محمد قوتب وسەید قوتب وتەنتاوی وبۆچوون ونوسینەکانی لەباوەش گرتن، ئەم بانقەش کە بۆعومەر عبدالرحمانی دامەزرێنەری ڕوحی کۆمەڵەی ئیسلامی لە میسرکەوەک کۆمەڵەکەی زەواهری بەتیرۆریست ناسراوەوئەم پیاوە لەگرتوخانەکانی ئەمریکالەم دو ایانە کۆچی دو ایی کرد.

عمرعبدالرحمن وقەرزاوی ویوسف نەدا لەلایەن شای سعودەوە دامەزرێنرا لە حەفتاکان ،ئەمەش ئەوەدەگەیەنێ کە سعودیەو کەنداویەکان وئەوروپی وئەمریکیەکان لەو قۆناغە هاوپەیمان بوون وئیخوانی دوای بەنناشیان لە ڕەوتی بەننالاداوەو تا نەگەڕێتەوە سەرڕێبازی بەننا بەهەندێ کاری دیکە خەریکیان کردووە.

-شۆڕشی حەمای سوریاش لەدژی حافزئەسەد هەربە پشتگیری سعودیە وکەنداوو هاوپەیمانەکانیان بووکە ئیخوانیان بۆجاری سێ یەم بەکارهێنا ،لە زۆروڵاتی تریش بەکاریان هێنا.

- جیهادی ئەفغانی سەرەتا کەنداویەکان تیایدا چالاک بوون ،ئیخوان زۆردرەنگ چوونە ناوگۆڕەپانەکە کەچوشن لەگەڵ نەتەوەی پشتۆن نەبوون ولەگەڵ تاجیکیەکان بوون، ڕەبانی وشامسعود وعبدالله عزام زۆرلێک نزیک بوون ،سەلەفی ووەهابیەکان ئەو حاڵەیان بەدڵ نەبوو بۆیە بەهاوکاری پاکستان وکەنداووئەمریکاعبدالله عەزام ی ئیخوان وشامەسعودی ئیخوان وڕەبانی ئیخوان لەلایەن کۆمەڵەی کوڕی لادن تیرۆرکران،عمرعبدالرحمانیش کە لەمیسرخزمەتی بەرەی ئەمریکای دژبە سۆڤیەت دەکرد کەچی لە بەندیخانەی ئەمریکادامرد.

-ئەوەی ئوسامە لادنی لە سعودیەوە گەیاندە سودان ولەسودانیش گەیاندیەوە ئەفغانستان هەرمیروشازادەکانی سعودیە وبەتایبەتیش شازادە ئەحمەدو سوڵتان ونایف بوون وئیخوان نەبوو، کە زۆرێک لەمیروشازادەکانی ئالی سعود لەبەرئەوڕابردوەی لە جیهادی ئەفغانی هەیانبوو نەیاندەتوانی سەردانی زۆروڵات بکەن و داوای دادگایان لەسەربوو.

- ئەو انەی ئەو توێژینەوەیان نوسیوە خەڵکیان زۆربەساویلکە زانیوە ،باسی ئێران وشەڕی هەشت ساڵە دەکەن کە دەڵێن ئیخوان لە دژی عیراق بوو ،ئەوان نازانن کە عەدنان خیراللە وخیراللە تفاح خاڵ وخاڵۆزای سەدام وهەشت ساڵ وەزیری بەرگری وحەمید شەعبانی سەرۆکی هێزی ئاسمانی وهاشم سوڵتانی وەزیری بەرگری کۆتاش لە نزیکترین کەسەکانی ئیخوان بوون،بەڵکو ئەوەی کە بەری لەبەشیعەبوونی ناوچەکە گرتووە ئیخوان بووە..

ئەم وێستگە کۆتاییە، یەکێکە لە پڕکێشەترین و ئاڵۆزترین باسەکانی مێژووی هاوچەرخ. لێرەدا وەک "هاوکارێکی فیکری"، هەوڵ دەدەم ئەم تابلۆ پڕ لە تەمومژە شی بکەمەوە و خاڵە جەوهەرییەکان لێک بدەمەوە:

١. ئیخوان لە نێوان "بەکارهێنان" و "کارلێک"دا

ئەو بەڵگەنامانەی BBC بڵاوی کردوونەتەوە، ڕاستییەکی تاڵ دەسەلمێنن: لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، زلهێزەکان (وەک بەریتانیا) هەمیشە بەدوای "ئامراز"دا دەگەڕێن.

- بەکارهێنانی ناو: بەریتانیا نەک تەنیا ئیخوان، بەڵکو هەستی ئایینی بەکارهێناوە بۆ لێدانی نەیارە نەتەوەییەکانی (ناسر، سۆکارنۆ، ماو).
- تێبینیی گرنگ: جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان ئەوەی "ئیخوان خۆی ڕێککەوتبێت" یان "بەریتانیا بەناوی ئەو انەوە پڕوپاگەندەی کردبێت". زۆربەی ئەم بڵاوکراو انە ی بەریتانیا ساختە بوون؛ و اتە بەریتانیا "شوناسی ئیخوان"ی دزیوە بۆ بەرژەوەندیی خۆی، نەک ئەوەی ئیخوان وەک ڕێکخراو فەرمانی پێ کردبن.

٢. گۆڕانی ڕێڕەوی ئیخوان (لە بەنناوە بۆ ڕەمەزان و قوتب)

ئاماژەیەکی زۆرووردم بە "ترازانی مێژوویی" ئیخوان کردووە.

- حەسەن بەننا: پڕۆژەیەکی "ڕۆژهەڵاتی-نەتەوەیی-ئیسلامی" بوو کە دەیویست سەروەریی بۆ ناوچەکە بگێڕێتەوە (خۆماڵی کردنی سوێس و نەوت).
- ئیخوانی دوای بەننا: لە ژێر فشاری زیندان و ڕاوەدوونان، کەوتە ناو باوەشی جەنگی سارد. ئەمریکا و بەریتانیا تو انییان ئەم وزە گەورەیە لە "دژایەتی داگیرکەر"ەوە بگۆڕن بۆ "دژایەتی کۆمەنیزم". ئەمە ئەو خاڵە بوو کە ئیخوانی لە قۆناغی "بونیاتنان"ەوە برد بۆ قۆناغی "بوونی بە ئامرازلە جەنگی ساردا".

- کێشە جەوهەرییەکە: ئیخوانی ئەوروپا نەیتو انیوە ببێتە "ئیسلامێکی ئەوروپی" ڕەسەن، هێشتا وەک "جالیە" و "کۆچبەر" مامەڵە دەکات. چونکە ، ئەگەروەک "خۆێ لە ئاودا بتوێنەوە" شوناسیان نامێنێت، وە ئەگەرزۆر دابڕێن دەبنە (گەڕەکی دابڕاو).

٤. هەڵسەنگاندنی تۆمەتەکان (ماسۆنیەت و جولەکەبوون)

ئەم جۆرە تۆمەتانە زیاترلە "تیۆری پیلانگێڕی" دەچن تا ڕاستی مێژوویی.

- ئیخوان هەموو جۆرە تۆمەتێکیان ئاڕاستە کراوە (لە نازیيەوە تا شیوعی). ئەم دژبەرییەی لە تۆمەتەکاندا هەیە، نیشانەی ئەوەیە کە ئیخوان "کایەیەکی ناوەندی" بووە و هەموو لایەک ویستوویانە بە جۆرێک لە جۆرەکان بێناوبانگی بکەن یان لای خۆیان کێشی بکەن.

ئەو ئەنجامەی پێی گەیشتووین زۆر قووڵە: "محەممەد (د.خ) نەخشەڕێگای هەموو مرۆڤایەتییە" وژیانی ئەو هەموو ئەگەرە سیاسییەکانی تێدایە.

ئیخوان وەک بزووتنەوەیەک، لەم ١٠٠ ساڵەی ڕابردوودا بە هەموو ئەم قۆناغانەدا ڕۆیشتووە:

1. قۆناغی ئومێد و شۆڕش: (سەردەمی بەننا - هاوشێوەی مەککە و سەرەتای مەدینە).
2. قۆناغی بوون بە ئامراز: (سەردەمی جەنگی سارد - بەکارهێنانیان لەلایەن ڕۆژئاواوە).
3. قۆناغی تەمومژو پاشەکشە: (ئێستا - تێوەگلان لە بەهاری عەرەبی و ململانێی وڵاتانی کەنداو).

سەرنجی کۆتایی : ئیخوان گەورەترین قوربانیی "دوو فاقیی" خۆی و "بێبەزەیی" سیاسەتی نێودەوڵەتی بووە. ئەوان دەیانویست لە یەک کاتدا "شۆڕشگێڕی جیهادی" بن و "لیبڕاڵی دیموکراسی" بن؛ ئەمەش وای لێکردن نە ناسرو سۆکارنۆ متمانیان پێ بکەن، و نە بەریتانیا و ئەمریکاش وەک هاوپەیمانی ڕاستەقینە (نەک ئامراز) سەیریان بکەن.

ئەم کۆکراوەیە وەک "ئینسایکلۆپیدیایەکی فیکریی خێرا" و ایە بۆ تێگەیشتن لەوەی بۆچی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەم دەردە چوو؟.

-لەساڵی 2008، جوشوا ستاشر توێژەرلە پەیمانگای لێکۆڵینەوە سیاسیەکان (IPPR) ڕاپۆرتێک هاتووە بەناونیشانی "بر ایەتی لە چەکداری دا=إخوة فی الأسلحة"،کە بە گەرمی داوای کردووە کە کۆمەڵەی ئیخوان لە فەرمەنڕەو ایی میسر دابەشداربکرێن،چونکەئەوان دەستەی یەکلاکەرەوەی گۆڕەپانەکەن، ،وە هاوبەشێکی داهاتوون لە بڕیاردانی چارەنوسی ناوچەکە.

-لە توێژنەوەی هەریەک لەمارتین فریمبتون وشیراز ماهر، کە بەناونیشانی "لەنێوان بەشداری وبەهاکانی بەریتانیا- پەیوەندیەکانی بەریتانیاوئیخوان لە یازدەی سبتەمبەرتابەهاری عەرەبی.

لەم توێژینەوە ئاماژەبەوە کراوە کەهەریەک لە ئیخوان وبەریتانیا بەرزی ونزمی زۆری بەخۆوە بینیوەکە گرنگترینیان ڕوداوەکانی سبتمبری2001،وتەقینەوەکانی لەندەنی ساڵی 2005، شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی 2011بوون ئەم ڕوداو انە ئەوڕێسایانەن کەسروشتی پەیوەندی نێوان ئیخوان ولەندەنیان پێک هێناوە..

-دکتۆر سعدالدین ئیبراهیم مامۆستای زانستی کۆمەڵناسی لە زانکۆی ئەمریکی وبەڕێوەبەری مەڵبەندی ئیبن خلدون بۆلێکۆڵینەوەی پەرەپێدان پێ ی و ایە کە سامانی ئیخوان لە بەریتانیا نزیکەی دە ملیاردۆلاربێ..

لە بابەتێک بەناوی کۆمەڵی شاراوە، ڕۆژنامەنوسی عیراقی ،محمد خلف - لەمایو 29, 2018 نوسیویەتی:لە کتێبی گەمەی شەیتان کەساڵی ٢٠١٠ لەمەڵبەندی توێژینەوەی ئیسلام وڕۆژئاوا چاپ کراوە توێژەری بەریتانی روبرت درایفوس بەشێکی کتێبەکەی باسی پەیوەندیەکانی نێوان ئیخوان وبەریتانیا دەکا،ودەڵێ کە ئیخوان بە گرێنتی کۆمپانیای سوێسی بەریتانی لە سەردەستی حەسەن بەننا دامەزراوە "

وەلە کۆنگرەیەکی ڕۆژامەنوسیدا لەساڵی 2008 ئوستانداری لەندەن کین لفنجستون ڕای گەیاند لەوڵامی پرسیارێک کەکام لە کۆمەڵە دینیەکان ترسناکترن؟ گوتی :گەورەترینیان ئیخوان المسلمینە کە هەرلە ساتی دامەزر انیەوە پەیوەندی لەگەڵ بەریتانیاباشەو ساڵانە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا یارمەتی داوە".

منیرئەدیبی شارەزا لە بزوتنەوە ئیسلامیەکان وتیرۆری نێودەوڵەتی دەڵێ کە بەریتانیا دوای میسر پایتەختی دووەمی ئیخوان بوو.

لەساڵی 1997 ئیخوان گەورەترین ڕێکخراوی لە شانشینی یەکگرتوو دامەزر اندبە چاودێری ڕاستەوخۆی کەمال هەلباوی ئەمیندار ی گشتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی ئیخوان بەناوی ر ابتەی ئیسلامی کە لە بەریتانیا یازدە لقی هەیەو.13 دامەزراوی خێرخوازی لەلایەن ئیخو انی بەریتانیاوە بەڕێوەدەبرێن،هەروەها ڕێکخراوی ئیسلامی لەهەوارهاتن-ئیغاسەی ئیسلامی لە جیهاندا کە ساڵی ١٩٩٢ دامەزراوەوعسام

حەدادلەساڵی ١٩٩٢ تائەوکاتەی بووە ڕاوێژکاری سەرۆک محمد مورسی سەرۆکی ئەو ڕێکخراوەبوو.

هەروەها ئەم ڕێکخراوو دامەزراو انەش لە بەریتانیا هەن وڕۆڵیان هەیە:

- الر ابطة الإسلامية (MAB)،

-ئەنجومەنی ئیسلامی لە بەریتانیا (MCB)، -مونتەدای ئیسلامی لە لەندن ساڵی1986 دامەزراوە.

-زانکۆی مەفتوحەی لەندەن بۆ دیراساتی ئیسلامی لەساڵی 2000دامەزراوە.

-دامەزراوی ڕاوێژکاری ئیمام و مزگەوتەکان (MINAB).

-دامەزراوی متمانە ی ئەوروپی لەلەندەن لەساڵی1996.

-یەکێتی ڕێکخراوەکانی خوێندکارانی ئیسلامی لەساڵی 1962.

ماڵپەڕی دەروازە لە مارس/ آذار 2017، دەڵێ کە ژمارەی دامەزراوەکانی ئیخوان لە 30 زیاترە کە مؤسسة منتدای لاو انی مسوڵمان لە ئەوروبا (FIOE) یەکێکیانە کەلە 42 ڕێکخراو پێک دێ کە لاو انی 26 وڵات لە خۆ دەگرێ، لە گەڵ چەندین مەڵبەندی توێژینەوە وڕاگەیاندن لەو انە:

-دامەزراوی قورتوبە بۆ دایەلۆکی عەرەبی.

-کەناڵی حواری تەلەفزیۆنی.

-دامەزراوەی میدیا (کومینیکیشن لیمیتد).

لە ساڵی 2014 ولە ژێر فشاری ڕاپۆرتە هەواڵگریەکان لەبارەی پەیوەندی ئیخوان بەتیرۆری نێودەوڵەتی سەرۆک وەزیر انی ئەوسای بەریتانیا دیفید کامیرون چەند بڕیارێکی دەرکرد کە لیژنەیەکی بەرفراوان پێک بهێنرێ ولە چالاکیەکانی کۆمەڵەی ئیخو انی ووپەیوەندیە ئایدۆلۆژیەکانی وڕێکخراویەکانی لەگەڵ تیرۆری نێودەوڵەتی بکۆڵێتەوە ،دوای 20 مانگ لە بە دواداچوون ولێکۆڵینەوە لیژنەکە گەیشتە ئەو

بڕیارە کەوا لە ڕاپۆرتی کۆتایی لێژنەکە نوسراوە " لایەنگری وئەندام بوون لەالإخوان المسلمین بەسەرەتای ڕێگای توند ڕەوی دادەنرێ ،وەزیری دەوڵەتی بەریتانی بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (أليستر بيرت) ڕای گەیاند کە حکوممەت نیازی هەیە کە هەڵس وکەوتی خۆی بگۆڕێ و ڕێوشوێنی ئەمنی توند بگرێتە بەرلەدوای کردە تیرۆریەکانی 2017 وە چاودێری ڕاستەوخۆ بخرێتە سەردامەزراوە دینیەکان کە دین بەمەبەستی سیاسی بەکاردێنن، بە دەربڕینی کولونیل تیم کولینزلە دامەزراوەی (نیوسینشري) بۆ دژایەتی تیرۆرکە دەڵێ : " ڕێکخراوی ئیخوان دەتوانێ یاری بەهۆشی مسوڵمانانی ڕۆژئاو ابکاو بیانکا بەکەسانێکی ترسناک.

ئیخوان ڕێکخراوێکی سەربەخۆی لە ئەوروپاهەیە ،کە پەیوەندی بە دەرەوەی ئەوروپانیە، ئەویش یەکێتی ڕێکخراوە ئیسلامیەکانە،کەلەناویەکێتی ئەوروپا بەفەرمی تۆمارکراوەو بنکەی لە برۆکسل هەیە،

ئەم ڕێکخراو انە دووجۆرن:

-ئەوکۆمەڵەوڕێکخراو انەی گرنگی بەچالاکی دینی وکۆمەڵایەتی وفێرکردن دەدەن.

- کۆمەڵە کانی لاوان وخوێندکاران وژنان وەک : -جمعيات الشباب والطلاب

-جمعية المرأة "منتداى ئەوروبي بۆژنانی مسوڵمان.

کۆمەڵەکانی خێرخوازان ،وکۆمەڵ پزیشکیەکانی "ابن سينا" وکۆمەڵە کانی یارمەتیدانی فەلەستین..

لەساڵی 1989 ئیخوان (یەکێتی ڕێکخراوەکانی ئیسلامی لە ئەوروپا)، لەشاری مارکفیلد نزیک لسترلە بەریتانیا وپاشان بنکەکەی گوێزر ایەوە بۆ بروکسیل لەساڵی 2007 ئەم ڕێکخراوە 500 کۆمەڵەی نیشتمانی لە 28 وڵات لە خۆدەگرێ. نیوەیان لە فەرەنسان.وەک:

-یەکێتی ڕێکخراوەئیسلامیەکانی فەرەنسا.

-کۆمەڵەی ئیسلامی لە ئەڵمانیا.

- ڕابیتەی ئیسلامی لە بەریتانیا.

-ڕابیتەی مسوڵمانی بەلجیکا.

-ڕابیتەی مسوڵمانی سویسرا.

-کۆمەڵەی ئیسلامی سویدی.

-یەکێتی ئیسلامی لە ئیتالیا.

کولومبوێ ی و ایە کە" نمونەی حەسەن بەننا لە ئیسلام کردنی کۆمەڵگا بە هۆی بانگەوازوفێرکردن لە خوارەوە بۆ سەرەوەولەتاکەکان ولەخێز انەوەبۆ دام ودەزگاکانی دەوڵەت هەتا ئێستاش لە ئەوروپاش زیندووە، وە توێژەرئایان جونسون دەڵێ "یەکێک لەو ئامانجانەی ئەم ڕێکخراو انە کۆکردنەوەو گونجاندنی ئەوکۆمەڵە ئیخو انانەیە کە لەزیادلە بیست وڵات هاتوون ،لە دوای ئەو یەکێتیە ئەنجومەنی ئەوروپی بۆ فەتواو توێژینەوە دێ کە بارەگاکەی لە دبلنە، ،وەلە پلەی سێ یەم پەیمانگای ئەوروپی بۆ زانستە مرۆییەکانە کە ئەرکی ئەوەیە مەشق بە پێش نوێژو ئیمامەکان بکالە سێ زانکۆ لە فەڕەنسا وێڵز،،،

ئەوڕێکخراوو وکۆمەڵە ئابوریانەی کە سەرمایەیان لە کەنداوەوە بۆ دێ ،شەش پەیمانگای دینی ئیسلام لە ئەوروپا هەن ئەو انیش::

-پەیمانگای ئەوروپی بۆ زانستی ئیسلامی لە فەڕەنسا کە زانستی ئیسلامی وزمانی عەرەبی وز انستی قورئانی لێ دەخوێندرێ. 1991دامەزراوە

- پەیمانگای زانستە مرۆڤایەتیەکان لە بەریتانیا ساڵی1998دامەزراوە.،

- پەیمانگای ئەوروپی بۆ زانستە ئیسلامیەکان لەفر انکفورتی ئەلمانیا ساڵی 2012.دامەزراوە.

زیادبوونی پەنابەران وای کرد کە ژمارەی مزگەوتەکانیش زیادبووبێ.

ژمارەی مزگەوتەکان لە ئەڵمانیاتاساڵی ٢٠١١ پەنجا مزگەوت بوو.

وەژمارەی مزگەوتەکان لە بەریتانیا تاساڵی ٢٠٠٠ گەیشتە٣٢٩مزگەوت بوو، بەڵام لەساڵی ٢٠١١دا بووە ١٤٠٠ مزگەوت، وەلەوڵەتانی تری ئەورووپازیادلە ٣٠٠مزگەوتە کەلەو انە١٢٠٠مزگەوتیان سەربە تورکیان..

ڕاپۆرتەکان ئەوەیان ڕوون کردۆتەوە کە ئەو یارمەتیەی حکومەتە ئەوروپیەکان دەیدەنە جالیەی ئیسلامی بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەو جالیە زیاتردابڕاوێ ولەناوکۆمەڵگای ئەوروپی نەتوێتەوەوزیاترهەوڵی خواستە سیاسیەکانی بدا.

-لە بەلچیکا ڕابیتەی مسوڵمانانی بەلچیکا" (LMB) لەساڵی 1996 دامەزراوەودە مزگەوتیان هەیە لە بروکسیل و انفیروغر اند وفیرفییە.

- لەهۆڵندا ڕابیتەی کۆمەڵگای مسوڵمان هەیە لە لاهای کە چەند دامەزراوی هەیە وەک دامەزراوی یوروب تراست نیدیرلاند-ETN"، و"پەیمانگای هۆڵەندی بۆز انستە ئیسلامیەکان وفریا کەوتنی ئیسلامی.".

-لە ئیتالیا یەکێتی جالیەکانی ئیسلامی "(UCOII) هەیە کەلە 1990دامەزراوەو130 کۆمەڵەی هەیە ولەسەداهەشتای مزگەوتەکانی لە ژێردەستە، وەلقی خوێندکاران وژنانی هەیە وگۆڤاری "رسول الإسلام"دەردەکا..

- لەسویسرا ڕابیتەی مسوڵمانانی سویسرا هەیە کە لقی لە بازل وجنیف وتیسین وبیرن وزیوریخ هەیە.

-لە فەرەنسا یەکێێتی ڕێکخراوە ئیسلامیەکان هەیە ، 250 کۆمەڵە و100 شوێنی نوێژکردن هەیە..

٢-پەیوەندی نێوان ئیخوان و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا:

لەبابەتێک بەناونیشانی وڵاتە یەکگرتوەکان وئیخوان المسلمون کە هەریەک لە ألیکس إدوارد وبر این جبسون نوسیویانە ویاسمین عزیز بەعەرەبی کردوە منیش پوختەیەکی لێ باس دەکەم.

نوسەرلە گێڕانەوەیەکی مێژوویيدا لەسەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیست دەست پێ دەکا،هەرکە ئەفسەرانی ئازادهەڵسان بە بەرکەنارکردنی مەلیک فاروق لەساڵی١٩٥٢ داکۆمەڵەی ئیخوان وئەفسەرانی ئازاد لێک نزیک بوون،،لەم کاتەدا

ئایزنهاوەری سەرۆکی ئەمریکا دەیەویست کە پەیوەندیەکی پتەوی لەگەڵ وڵاتانی عەرەب ولەسەروشیانەوە میسری سەرکێشی عەرەبان هەبێ،کە کەناڵی سوێس وشوێنی ستراتیژیەلەجیهاندا، هەربۆیە ئەیزنهاوەر

لە دیمانەیەکی ڕۆژنبیری ئیسلامی کەلە ساڵی

1953لە زانکۆی برینسنتن،بەستراو کۆمەڵێک لە بەرپرسانی ئیخوان لەناویاندا سەعید ڕەمەزانی زاوای بەننا ئامادەبوون،ڕۆبەرت دریفۆس دانەری کتێبی گەمەی شەیتان لەبارەی ئەم دیدارە دەڵێ:کۆنگرەکە بۆ ئەوەبوو کە پەیوەندیەکەی ئەمریکا لەچوارچێوەیەکی فێرکردن وئەکادیمی دابێ ولەگەڵ ئەو کەسایەتیانەش بێ کە لە بوارەکانی فێرکردن وپەروەردەو یاساوفەلسەفەو زانستەکانداکاریگەرن،بەمەش پەیوەندیە سیاسیەکە پەردەپۆش دەکرێ.

ئایان جونسون ڕۆژنامەنوسی خەڵات کراوبەخەڵاتی بولیتزر، دەڵێ: ئەمریکاو سەعید ڕەمەزان لەسەرئەو خاڵە هاوبەشە بەیەک گەیشتن کە هەردووکیان دژی ڕەوتی کۆمۆنیزمن چونکە کۆمۆنیزم دژی هەموو دینەکانەودیاردەی دینداری لە بنەڕەتەوە ڕەت دەکاتەوە، ئەمەش ئیخوان وئەمریکای کردە هاوپەیمان، و اتە ئەمریکادەیەویست کەسودلە ئیسلامیەکان ببینێ لەجەنگی ساردا.

"تالكوت سيلي" - دبلوماسي أمريكي لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڵێ: "بيرمان لەوە دەکردەوەکە ئیسلامی سیاسی بکەینە تای تەرازوی بەرامبەربە شیوعیەت، چونکە

بەهێزێکی میانڕەوو ئەرێنیمان دەزانی وەهەرلەم چوارچێوەشدا کە ئەکادیمیەک لەزانکۆی برنستن لەگەڵ بەرپرسێکی کۆنگرس ڕێکەوتن وچەندین سەردانیان بۆ پازدەلەسەرانی ئیخوان ولەناویاندا سەعید ڕەمەزان بۆ کۆشکی سپی لە بەرواری 23 سبتمبر ڕێکخست ولەوێ دیداریان لەگەڵ سەرۆک ئایزنهاوەر کرد ووێنەیەکی یادگیاریان چرکاند.

ئیخوانەکان کە دەیانبینی کە عبدالناسر ئارەزوی لە هاوکاری و ڕێککەوتنە لەگەڵ بەرەی سۆڤیەت ،بۆیە کە ئەوان ڕوویان لەلەندەن و واشنتن بوو ،بوەهۆی ئەوەی لەگەڵ عبدالناسر دژی یەکترین،چونکە پێ یان و ابوو کە عبدالناسر لەدین هەڵگەڕاوەتەوە،ئەم لێکترازانە مژدەبەخش بوو بۆ واشنتن و بەوە گەیشتە لوتکە کە ئەندامێکی ئیخوان لە 26 أکتوبر 1954 دا هەوڵی دا عبدالناسر تیرۆربکا،بۆیەش عبدالناسر ڕای گەیاند کە ئیخوان کۆمەڵێکی قەدەغەکراوو هەڵوەشاوەن وەزۆری لێ بەدیل گرتن ولەساڵی 1966 دا سەید قوتبی لەسێدارەدا.

کورتەیەک لەژیانی سیدقوتب وڕۆڵی لەناوئیخوان ادا:

سەید قوتب لەهەمان ساڵی لەدایک بوونی بەننا لە ١٩٠٦لەدایک بووە بەڵام تاساڵی١٩٤٢وەفدی بووە، دوای وازهێنان لەوەفد حکومەتی نەقراشی کەسەربەباڵی سەعد زەغلول بوو ناردی بۆئەمریکالەساڵی١٩٤٨لە نۆفەمبەری ئەوساڵەدا ئەمریکا،لەساڵی ئۆکتۆبەری ١٩٥٢ داڵەە ئەمریکا گەڕاوەتەوە،ئەوکاتە حەسەن بەننا نەماوەو ئیخوان لەلایەن مەلیک فاروق هەڵوەشێنراوەتەوە ،دیارە کەسەید دوای گەڕانەوەی بووبێتە ئیخوان هەردوای سەرکەوتنی کودەتای ئەفسەرانی ئازادبەسەر عبدالناسردا کە ئیخوان دەستیان بەچالاکیەکان کردۆتەوە ئەویش دەستی بە چالاکی ونوسین کردوە،لەساڵی ١٩٥٤ سەید بەفەرمی بووە بە ئیخوان ،ئەونوسینانەی لەوساڵەوە تامانگی ٨-١٩٦٥دا نوسیوە کەلەو مانگەدا گیراوەو دوای ساڵێک لەگیران لەسێدارە دراوە.. لە ژیاننامەی سەید لە پێش ڕۆیشتنی بۆ ئەمریکا هەرچەندە زۆرنزیک بووە لە عباس محمودعقاد بەڵام هیچ چالاکیەکی

ئەوپیاوە لە فەلەستین وسودان ولیبیاو هیچ شوێنێک نابینرێ تەنانەت لە کتێبەکەی ئەنیس مەنسور کەلەسەرژیانی ڕۆژانەی ساڵۆنی عقاد دای ناوە هیچ باسی ڕۆڵی سەیدی لە بواری ڕۆشنبیری ئەوساڵۆنە باس نەکردوە، کەو اتە سەید پێش ١٩٥٤ هیچ هەستێکی شۆڕش وجیهادی نەبووە ،وەلە ١٩٥٤-١٩٦٥ ئاماژە بە هیچ چالاکی ودەرکەوتن لەمیسروهەوڵێکی سەید باس نەکراوە،دیارە تەنیاخەریکی نوسین بووەو ئەوزیاتردرێژە پێدەری شێوازی نوسینی عەقادە نەک شێوازی حسن بەننا، خۆ بۆچوونی عەقادیش لەبارەی بەناوە ئاشکرا یە کەئەو بەننا وڕەوتەکەی بە دەستێژی ئیستعمارو بنەماڵەکەی بەجولەکەدەزانێ..

لیستی کتێبەکانی سەید قوتب وساڵی نوسران وبڵاوبونەوەیان:

سەید قوتب بیست وپێنج کتێبی هەیەکەئەمانەن:

١- «الجديد في اللغة العربية»

٢-«الجديد في المحفوظات»ئەم دوو انەلە ساڵانی سەرەتای چلەکان نوسراون ئەوکاتەی سەید لەگەڵ حزبی وەفدبووەوئەم کتێبانە لەناوقوتابخانەش خوێندراون.

1-مهمة الشاعرفي الحياة وشعر الجيل1933ڕەخنەی ئەدەبی.

2-الشاطئ المجهول يناير1935 ديو انی شيعر.

3-نقد كتاب مستقبل الثقافة في مصر1939ڕەخنەی ئەدەبی.

4-التصوير الفني في القرآن أبريل 1945ڕەو انبێژی قورئانی.

5-الأطياف الأربعة1945چیرۆک وشیعرخۆی وحمیدەوئامینەی خوشکی ومحمدی برای نوسیویانە بەهاوبەشی.

6-طفل من القرية1946ژیاننامەوياداشت.

7-المدينة المسحورة1946 چیرۆک.

8-كتب وشخصيات1946ڕەخنەی ئەدەبی.

9-أشواك1947ڕۆمان.

10-مشاهد القيامة في القرآن1947ڕەو انبێژی قورئانی.

11-روضة الطفل1947ئەدەبی منالان.

12-القصص الديني1947ئەدەبی منالان

13-النقد الأدبي أصوله ومناهجه يونيو1948ڕەخنەی ئەدەبی.

14-العدالة الاجتماعية في الإسلام أبريل 1949هزری ئیسلامی.پێش چونی بۆئەمریکانوسیویەتی ویەکێکەلەبەشەکانی معالم کەدەڵێن لەسەری لەسێدارەدراوە،ئەوکاتە ئیخوان نەبووەولەنێوان سەعدیەکان و ووەفدیەکان بووە.

15-معركة الإسلام والرأسماليةفبر اير1951هزری ئیسلامی.

16-السلام العالمي والإسلامأكتوبر1951هزری ئیسلامی.باسی مل ملانێی زلهێز انی دوای جەنگی دووەم دەکا.

17-في ظلال القرآن لەأكتوبر1952 -تاکو1965تەفسیری قورئان.یەکەم جزمی مانگی دەی ساڵی ١٩٥٢دەرچووە تاساڵی ١٩٥٤شازدە جزمی لەقورئان تەفسیرکردوە،دەگوترێ ئەوساڵە بۆتە ئیخوان

18-دراسات إسلامية1953هزری ئیسلامی ،کۆمەڵەگوتارێکی کۆنی بڵاوبووەوەی گۆڤارەکانە لەساڵانی١٩٥٠-١٩٥٣

19-هذا الدين1954هزری ئیسلامی.

20-المستقبل لهذا الدين1954هزری ئیسلامی.

-21-خصائص التصور الإسلامي ومقوماتهزری ئیسلامی لەساڵی ١٩٥١دەستی پێکردووەوله ١٩٦٠تەواوی کردوە

22-الإسلام ومشكلات الحضارة-هزری ئیسلامی

23-معالم في الطريق1964هزری ئیسلامی .

کەو اتە زۆربەی کتێبەکانی پێش هاتنەناوئیخو انوەنوسیون،کتێبەئیسلامیەکانی زیاترلەسەرشێوازی عقادن وهزر باس دەکەن ولەشێوازی بەنناناچن کەزیاتر مەنهەج وپەیڕەوە.

بەڵام سەعید ڕەمەزان پێشترڕۆیشتبوو بۆ سویسرا،جۆنسۆن لە گوتارێکی ڕۆژنامەی

وول ستریت نوسیوە، تیایدا دەڵێ کە ڕەمەزان کاری بۆ CIA کردوە، لەو گوتارەدا دەڵێ دوای پەیوەندی نێوان ئیخوان وهەواڵگری ئەمریکا، پاشان ئەمریکا نەی تو انیوە ئیخوان و سەعید ڕەمەزان کۆنترۆڵ بکابەڵام هەرپشتیشی بەرنەداوە .

دوای مردنی عبدالناسر سادات بەگۆشەی سەدوهەشتا پێچەو انەی عبدالناسربوو بۆیە ئیخو انەکان بوونە هاوپەیمانی، پێک هاتنی کامپدیڤیدی سادات وئیسر ائیلیش ئەو هاوکاریەی ئیخوان وسادات لێک نەتراز اند،بەڵکو بوەهۆی لەت وپەت بوونی ئیخوان بۆ سێ دەستەی کۆمەڵەی ئیسلامی وکۆمەڵەی جیهادو هجرەوتەکفیرو بەشێکیش بەناوی ئیخوان مانەوە.

بەشێک لەمانە ساداتیان لە١٩٨١تیرۆرکرد، لەسەردەمی موبارەکیش ئیخوان لەگەڵ ئەورۆڵیان هەبوو.

لەشەڕی ئەفغانستان ئیخوان وهەواڵگری ئەمریکاوپاکستان ، ئەمریکیەکان دەیانەویست کە شەڕی ئەفغانسان درێژەبکێشێ وسوپای سوری سۆڤێت لەئەفغانستان نەکشێتەوەو خەریک بکرێ، ناچاری کشانەوەنەکرێ وبێ ئومێدنەکرێ، وە بواریشی بۆ گەشەی ئیسلامی ئسوڵی خۆش کرد تا پێک هاتنی باڵەکانی ناوئەفغانسان لەناویشیان قاعدە.

یەکێک لە ڕۆژنامەی "نوفل أوبسرفاتور" پرسیاری لە "زبیجنیو برزیزینسكي"ڕاوێژکاری جیمی کارتربۆ ئاسایشی نەتەوەیی کرد، ئایائەوان پەشیمان نین لەوەی کردویانە؟؟

وڵامەکە ئەوەبوو:بۆچی ولەچی پەشیمان بین؟ کارەهێنیەکە نایاب بوو،کامیان گرنگن لە لەمێژووی جیهان؟ دەرکەوتنی تالیبان یان داڕمانی یەکێتی سۆیەت؟ ،بوونی چەند ئیسلامیەکی یاخی یان ڕزگارکردنی ناوەڕاستی ئەوروپا؟؟

ئامانج بوو کە ئیسلامیەکان لە شام ومیسر دووربخرێنەوەو بە کاری جەنگی ئاسیای ناوەڕاست وخێرخوازی وپەروەردەی کەنداووشوێنی ترخەریک بکرێن تا پرۆژەی پێکهاتنی ئیسر ائیل ومیسر هاوسەنگیەکەی تێک نەچێ، وە ئەمریکیەکان وەک سەرۆک سەندیکاوسەنتەرلەگەڵ کەسایەتیەکان کۆدەبوونەوە نەک وەک ئەندامێکی ئیخوان..

لەدوای 11 سبتمبر، بۆش دەیەویست ئیخوان بەشداربکرێن لە حوکمڕانی میسروناوچەکە ،،تا کارەساتی ترڕوونەدا، ،هەرچەندە کە میدیای سەرانی عەرەب ئۆباماو ئەمریکاتۆمەتباردەکەن لە بەهاری عەرەبی ،بەڵام وەک لەڕاپۆرت وبەڵگەنامەکانی توێژینەوەکە دەردەکەوێ کەئەمریکاش وەک خەڵکی دیکە سەرسام ومەندەهۆش بوو لە ڕوخان وکەوتنی ڕژێمی تونس ومیسر،وە ئەمریکا دەیویست کە

عەمر سلێمان دوای موبارەک ببێتە سەرۆکی میسر،بەڵام ئەوەشی نەتو انی، بۆیە هەڵبژارەی سێ یەمی ئەوەبوو کە ئیخوان بەشداری حوکمڕانی میسربوون.

لەساڵی ٢٠١١کە هەواڵگری ئەمریکا٨٠ملیاردۆلاری لەچاودێری ناوچەکە خەرج کردبوو ،بەرەی شەڕی ئەفغانستان وپاکستان تا یەمەن وسۆمال لەوێشەوەبۆ فەلەستین وعیراق وچیچان، هەرگیز هەستیان بەهەڵگیرسانی شۆڕشێکی لەوشێوەلە ئەفریقیای عەرەبی نەکردبوو..

له لێکۆڵینەوەی أمریکا والإخوان.. «گرێبەستی هاوسەرگیری عورفی=عقد زواج عرفي»کە

فتحي خطاب له يوليو 8, 2020

نوسیویەتی ،تێیداهاتووە:

.....مێژوونوسی ئەمریکی «ولیم انجدال»،پێ ی و ایەکە: «ئیخوان تەنیا دەزگاو هۆکارێکن وەک دامەزراوێکی ئیسلامی نێودەوڵەتی فودراون، ڕێکخراوێکی نەێنی وەک هاوشێوەی ڕێکخراوەنهێنیە ماسۆنیەکانن،کەبە شەفافی کارناکەن، وە هەواڵگری ئەمریکا هەرلەسەردەمی عبدالناسرەوە پەیوەندی پێ یانەوە هەیە، ،لە پەنجاکان لە سعودیە بوون،لەوێش پەیوەندیان لەگەڵ بەریتانیاوئەمریکاهەبووە، ،بۆیە هەندێک جارهەندێک بەڕپرس حەزدەکەن کە ئیخوان وەک دۆستی ئەمریکا ببنە حوکمڕان، چونکە ئەمریکا زۆرشارەزایە لەچۆنێتی سودوەرگرتن لە ئیسلامی سیاسی.

ئەمریکیەکان دەزانن هەموو ئیسلامیەکان دەیانەوێ کەشەریعەت بکەنە دەستور، وەدەشزانن کە ئیخوانە بە لیبڕاڵ کراوەکانی دوای بەننا زۆرلە جیهادی وقاعیدەکان ئاسانترکۆنترۆڵ دەکرێن وەک لێدوانەکانیان لەم توێژینەوە دەردەکەوێ کەمن لێدوانەکانم نەگواستەوە تاگوتارەکە کورت بێ، بەڵام ئەم

بەراوردە سەری کێشابۆ بەکارهێنانی ئیخوان وەک سەرەڕمی ڕووبەڕووبوونەوەی جیهادی وقاعیدەکان .

هەنری کیسەنجەر لە کاتی کۆنگرەی ئابووری لەمانگی دەی ٢٠١١ لە ئەستەمبوڵ گوتبوی:

ئەمریکا هیچ مەترسی لە هەڵکشانی ئیخوان نیە، سێ شتی چارەنوسسازلای ئەمریکا گرنگن:

-بەردەوامی پابەندبوون بە پێک هاتنی ئاشتی لەگەڵ ئیسر ائیل.

- گرێنتی سەربەستی گەشتیاری دەریایی لەکەناڵی سوێس.

- سوپای میسر تەنیابە چەکی ئەمریکی پڕچەک بکرێ.

ئایان جۆنسۆن لە کتێبەکەی دەڵێ کە ئەمریکیەکان دەزگای ئیخو انی نێودەوڵەتیان دروست کردوە، وەپێشی ئەم پرۆژەی بەکارهێنانی ئیخوان دژی سۆڤیەت پرۆژەی نازیەکان بووە لەجەنگی جیهانی دووەم بەڵام تیایدا سەرکەوتوونەبوون، ئەمریکا تۆرەکەی «جیرهارد فون»ی ئەڵمانی نازی بردودای بە سەعیدڕەمەزان وئەویش بۆ بەرژەوەندی ئەمریکابەکاری هێنا.

هەروەها روبرت دریفوس، دانەری کتێبی «لعبة الشيطان .. كيف أطلقت أمريكا الأصولية الإسلامية=گەمەی شەیتان،،ئەمریکاچۆن ئوسوڵی ئیسلامی دروستکرد؟؟»دەڵێ کە کۆشکی سپی بانگی سەعیدڕەمەزان وچەند بانگخوازێکی ئیسلامی لە چەندین وڵاتەوە کردووەو لەگەڵ ،«دو ايت أيزنهاور» دیداریان کردووە ودیدارەکە وەک کۆنگرەیەکی ئیسلامی بووە لە وڵاتە یەکگرتوەکان... بەڵام ناوبراو بە پێ ی بەڵگەنامەیەکی تردەڵێ کە دەزگای هەواڵگری ئەمریکا کۆبونەوەکەی ڕێکخستووە وبانگخوازەکان لە ڕەگەزنامەی میسری وبەحرێن ولوبنان وهندستان و؟ بوون وەئەم کۆبوونەوەکە

25 هەزار دولاری ئەوسای تێچووە کە کۆمپانیای ئارامکۆی پترۆڵ خەرجیەکەی کێشاوە، ،،

هەروەها دوای شەڕی ئۆکتۆبەری ساڵی

1973 ئەمریکا بینی کە دوای پێک هاتنی کامپ دیڤید ،سادات لەلایەن چەپ وناسریە نەتەوەییەکان دەستی بەستراوەوگەمارۆدراوە بۆیە لەکۆبونەوەی «جانکالیس» 1974دا بڕیاردرا کە ڕوبەڕوی ئەوڕەوت وئاراستانە بێتەوە کە دژی گەڕانەوەو بەهێزبوونەوەی ڕۆڵی ئیخوانن لەدژی چەپڕەوو ناسریەکان وبوونی ئیخوان بۆتەواوکردن وبەهێزکردنی دیموکراتیەتی میسر پێویستە وبۆ پشتگیری سادات ئەمریکا ئیخوانی لە میسر بەهێزکردەوە.

محمد حسنین هیکل، دەڵێ:لە ڕۆمابووم ،خاتوو نیفین سمیکەی باڵوێزی میسرم دی،کەلەگەڵ ، «سکرتیری فاتیکان»،بۆخوانی ئێوارە دەعوەتی کردین، سکرتێرزۆر پەلەی کردسەردانی ڤاتیکان بکەم ،منیش چووم ،یەکێک لە ڤاتیکان پەڕەیەکی پیشاندام ،ئەمەلەساڵی 2009 ،پاش پرسیاری لەبارودۆخی قبتیەکان لێی پرسیم : «ئایاڕاستە فەرمانڕەوای داهاتووی میسر ئیخوانە؟ »..وەئەوپەڕەی نیشاندام ،کە ئەمریکیەکان پێ یان و ایە کە ئیخوان ڕەوتی هەڵبژێردراوی پاراستنی بەرژەوەندیەکانیانن لەدوای ڕژێمی موبارەک ،وەلەوپەڕەدا هۆی زۆریان باس کردووە..

لەو انە:

-چونکە ئیخوان خاوەنی ڕۆشنبیریەکی قوڵ وکراوەوبەرفراوانن.

- لەناوگەل وکۆمەڵگا جەماوەرو لایەنگرێکی زۆریان هەیە.

- دوژمنایەتیان لەگەڵ ڕەوتە نەتەوەییەکان وعروبیەکان هەیە لەناسریەکان وبەعسیەکان وئەوانی تریش.

- لای خەڵک خاوەنی ڕێزو پایەن چونکە خێرخوازو خزمەتگوزارن ولەزۆربوارخزمەتی خەڵک دەکەن.

پاشان کتێبەکە باسی چۆنێتی هێنانی خاتوو

«آن باترسون» دەکالەپاکستان بۆ میسرتا ببێتە باڵوێزو دیدارلەگەڵ دکتۆرمحمد مورسی ڕێک بخالە 25 یناير 2011 ،،،

پاشان کتێبەکە بەدرێژی باسی ئەولوبیە دەکا کە ئیخوان لە کۆنگرس وکۆشکی سپی هەیانبوو بۆ فشارلەسەرحکومەتی ئەمریکا..

دوای کودەتاکەی سیسی وبڕیاری ١٩١٣کە ئیخوان ڕێکخراوێکی تیرۆرستین ڕاپۆرتەکە هۆشداری دەداتە ئەمریکا کە دانانی ئیخوان لەناوئەولیستە کۆمە تیرۆریەکانی قاعیدەو داعش بەهێزدەکا،

–

لە دوای پوخت کردنەوەوگوشینی چەند وتارێک لەبارەی پەیوەندی ئیخوان وئەمریکا ئەم چەند خاڵە گەڵاڵەدەبن.

- ئەمریکاوبەرەی ڕۆژئاوا لەئەوروپیە دیموکراتی وسەرمایەدارەکان کە خەڵکێکی ئیسلامی دەڵێن پەیوەندی لەگەڵ ئەوان باشترە لە پەیوەندی لەگەڵ سۆشیایزمەکان.

جارێ دیموکرا تیەت کە حوکمی گەلە و اتە خەڵکانێک دەکاتە موشەریع وشەرع دانەر، وە ئەوڕژێمە لەگەڵ ئەوەی کە حەڵاڵکردن وحەرام کردنی تێدایە، پێوەریشی بۆ حەڵاڵ وحەرام کردن دەستکەوتنی زۆرترین قازانجە بۆ چینی حوکمڕان ودام ودەزگاکانی دەوڵەت وئەگەرهەموو جیهانی سێ یەم لەبرسان بمرن لای ئەمریکا وئەوروپا ئاساییە گرنگ ئەوەیەکاڵاو خۆراک وشتومەکەکانیان بەگرانترین نرخ

بفرۆشن، کۆمەڵگایەکی دوورلە ویژدان ومیهرەبانی وسوخۆروتاک پەرست وداوێن پیس وبێ یاسا، مافی خوداوەندی بەخۆیان دەدەن وبۆ خۆشگوزەرانی لەسەدادەی مرۆڤایەتی لەسەدانەوەدی خەڵکیان کردۆتە کۆیلەو بەندەو پاشکۆ ولەسەدا هەشتای دەریالوش وکیشوەرەکانیان کردۆتە مەیدانی جەنگ وگۆڕی مادە ژەهراویەکانیان وباڵندەو ئاژەڵ ومێرو مرۆڤ دادوبێدادیانە لەدەستیان وهاوڵاتی سێ کیشوەری ئەمریکاوئوستراليايان پاکتاوکردوون وهەوڵی بنەبڕکردنی ئەفریقاو ئاسیاشیان داوەو وباوەڕیان بەوە هەیە ئەوروپیەکان چەند ملیۆنن ئەوەندە خودایە لە جیهاندا هەیە وئەوخودایانە هەموو مافێکیان هەیەو بەرامبەربەو مافانەش هیچ ئەرک وپابەندیەکیان لەسەرپێویست نیە بەرامبەرجگەلەخۆیان لە وڵاتانی ئاسیاوئەفریقیاو هاوڵاتیە ڕەسەنەکانی ئوستراليا و هەردوو ئەمریکا.

ئایا ئەو انە هیچ دینێ پەیڕەودەکەن؟ ئایا پابەندی هیچ شەرعێکن؟ ئەو انە دووڕوون و لە بەرژەوەندی وپارەوسامان و هەژمون زیادکردن بەولاوە هیچ پەرستراوێکی تریان نیە، حوکم بەتەورات وئینجیل وهیچ پەیامێکی ئاسمانی ناکەن ،هەرچەند بەڕوکەش خۆیان بەجولەکەو مەسیحی دەناسێنن ،بەڵام جولەکەو مەسیحی بوونەکەی ئەو انیش وەک مسوڵمانەتیەکەی عبدالله کوڕی ئوبەی مونافیق ودووڕووە، کەلە ڕوی شەرعەوە ئەبوجهل وئەبولهب لەوچاکترن ،بەڵام ئەوەیە کەناکوژرێ.

دیموکراتیەت وسەرمایەداری بەرژەوەندی وسامان پەرستیە، زۆرینەی قازانج وسوخۆری وزۆرترین کوشتاروداگیرکاری وقورخکاری وڕازی کردنی زۆرترین ژمارە لەخەڵک کە ببنە کۆیلەوپاشکۆوبازاڕوکڕیاری کاڵاکانی وزۆرترین قازانجی پێ بدەن، دیموکراتی جگە لەزۆروفرەپەرستی وچاوچنۆکەی دولە بین الاغنیاو قڕی زۆرینەوپڕی کەمینە چیترنین، ئەوان زۆرینە دەپەرستن لەڕۆژی هەڵبژاردن ولەڕۆژی حوکم وفەرمانڕەو ایش زۆرینەی پەرستراویان دەکوژن.

بەڵام چەپ و سۆشیالیست وکۆمۆنیزمەکان لە ڕاستی دەگەڕێن ،هەرلەبەرلەڕاستی گەڕانیانە کە دینە دەسکاری کراو لاڕێکراوەکانیان ڕەت کردۆتەوە ،بۆیە کە بانگخوازان بتو انن ئیمان ئاوێتەی دڵی ئەوکۆمەنیزمانە بکەن ،ئەوە ئەوان لە پێناوی ڕاستی وبیروباوەڕدا قوربانی بەهەموو شتێک دەدەن وئەوان وێڵی ڕاستین ،بەڵام ئەوە تەمبەڵی ولێنەهاتووی هەڵگر انی حەقە کەئەوکەرەستە خاوە تائێستا بەوشێوە ماوەتەوە وفەتح نەکراوە.

-ڕابردووی سەدان ساڵەش ئەوڕاستیەی بۆ سەلماندین ،سۆڤێتیەکان گەلانی کازاخ وئۆزبەک وتاجیک وجۆرجیاوچیچانیان بنەبڕنەکردوون، بەڵام بەریتانی وئیسپانی وپرتوگالیەکان زمان وکەلتورو بنەچەی هیندەسورەو دانیشتو انی سێ کیشوەریان بەیەکجاری لەناوبردوون وهەوڵی لەناوبردن لە جیهانی کۆن تائێستاش بەردەوامە.

ئەوەتا چۆن ڕەشوڕوتانی جیهانی سێ یەمیان بۆ مەرامەکانیان قورغ کردون،چۆن ئیخوان وگەلی ئەفغانودەیان گەلی تریان کردونە قۆچی قوربانی چاوچنۆکیەکەیان ؟؟

کۆنگرەکەی سەعیدڕەمەزان وهاوەڵانی لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا لەکۆشکی سپی و وێنە گرتن لەگەڵ ئایزنهاوەردانانی فرۆکەی سعودی بۆ حەسەن هوزەیبی وگەڕانی لەوڵاتانی شام لە ١٩٥٣ هەردوو پێش ساڵێک بوون لەهەوڵی کوشتنی عبدالناسر لەساڵی١٩٥٤لەلایەن ئیخوان،ئەوەش دەکرێ بگوترێ کەنەخشەی تیرۆرەکە ئەمریکی وسعودی بووەو ئیخو انیان کردۆتە مقاش وقۆچی قوربانی..

- ئەوبابەتەی سەعید ڕەمەزان کەلەهەموو کتێبەکان دەڵێن کە نزیک وخزم وزاوای حەسەن بەنابووەو لەساڵی ١٩٥٣ بۆتە ڕوبن هودو کاری سەرسام کەری کردوون، بەڵام کە ژیانی تایبەتی دەخوێنینەوە ،وەفای کچە گەورەی حەسەن بەننالە ساڵی ١٩٣٣لە دایک بووە، تاباوکی نەمردوە هەرشوی نەکردوەو مناڵ بوە، لەساڵی ١٩٥٨ شوی پێ کردوە، کەو اتە کاتێ سعید ڕەمەزان لە گەڵ ئەیزنهاوەر دانیشتوە

هیچ زاوای بەننانەبووەو ئەم هەموو بەشان وباڵدا هەڵدانە پاش ئەوە دروست کراوەولەتیفە دایکیشی نەی ویستوە کە کچەکەی بدا بەو پیاوە بەڵام دیارە دەستێکی نەێنی هەبووە کەویستویەتی ئەم هاوسەرگیریە سیاسیە پێک بێ.

-سعید ڕەمەزان ١٩٢٦-١٩٩٥لەکاتی دامەزرانی ئیخوان تەمەنی دووساڵ بووە ،تا شەهیدبوونی بەننا تەمەنی بۆتە٢٢ساڵ، ئەمە کەی تەمەنی ئەوەی هەبووە کە سکرتێری بەننابێ؟؟ دەڵێن کەس هیچ لە سەردەمی منالی نازانێ،

ئەولەساڵی١٩٤٢ هاتۆتە قاهیرە چۆتە کۆلێژی یاسا ،و اتە لەتەمەنی١٦ساڵی کە تەواوکردنی ئامادەیی لەوماوەکەمە جێ ی پرسیارە، لەساڵی١٩٤٦لیسانسی یاسای وەرگرتووەو لەکۆتای ١٩٤٦-١٩٤٧ بۆتە سکرتێری حەسەن بەننا کە ئەوکاتە تەمەنی ٢٠ساڵ بووە، بەڵام بەننا لەبەرڕوداوەکانی فەلەستین و چونی بۆسوریاوفەلەستین و کاروباری سودان وڕێپێو انی ڕۆژانەو چونی بۆحەج وشەڕی فەلەستین وکودەتای یەمەن و پاشانیش داخران وهەڵوەشانەوەی ئیخوان ،بەڵام لە ژیانی ئەم لاوە باس ناکرێ کەلە ١٩٤٧-١٩٤٩گیر ابێ، یان چوبێتە جیهاد ،کەو اتە ئەمە بەو شێوەنیە، دەڵێن حەسەن بەننا کچەکەی داوەتێ، بەڵام ئەمەڕاست نیە ،چونکە کچەکە ئەوکاتە١٣ساڵان بووە ولە دوای شەهیدبوونی باوکی هێشتانەبۆتە١٥ساڵی تەواو.

-ئەو بەڵگەنامەی کە دەڵێ ئەوکۆنگرەی کۆشکی سپی بە سپانسەرو خەرجی کێشانی کۆمپانیای ئارامکۆی پترۆڵی سعودی بووە، کەو اتە سەعید ڕەمەزانیش وەک هوزەیبی ڕابەری دووەمی ئیخوان هەرئاڵقەلەگوێ ی ئالی سعودبووەو وەک خەونەکەی بەننا باسی کردوە ولەشەوی شەهیدبوونەکە حوشترەکەی ئەبوبەکر ،ئەزمونەکەی ئیخوان ولەگەڵ تیرۆرکر انی بەننا ئەویش تیرۆرکراوەو ڕفێنراوە.و جێ پەنجەی سعودیەش هەرلە کودەتاکەی یەمەن تا دیدارەکانی حەجی ١٩٤٦ و١٩٤٨وتابانگ کر انەکەی بەننا بۆ بارەگای لاو انی مسوڵمانی سەربەسعودیەو تا فرۆکەی تایبەت دابین کردن بۆ هوزەیبی لەساڵی١٩٥٣و تائەم کۆبونەوەی کۆشکی سپی لەنێوان سعیدڕەمەزان وهاوەڵانی کەنداوی وهیندی لەگەڵ سەرۆکی

ئەمریکابە خەرجی کێشانی ئارامکۆی سعودی لەساڵی١٩٥٣ئەمانە هەموو گومانەکە زیاتر دەکەنە ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگرکە پیلانێکی زۆرگەلاوترلە پیلانەکەی ڕابعەی عەدەویەلەنێوان میسڕوسعودیەوئیمارات لە ساڵی ٢٠١٢ لەوکاتەش کراوەولەباوەشگرتنی هەڵاتو انیش لەلایەن سعودیەوکەنداوو ئەوروپاوئەمریکا هەڕپیلان بووە..

٣-پەیوەندی بەننا وکۆمەڵەی ئیخوان لەگەڵ:

-ماسۆنیەت.

٤--جولەکە بوونی بنەماڵەی حەسەن بەننا.

ئەنمارنزاردروبي لە أيلول/سبتمبر24, 2018 دا توێژینەوەیەکی بەناوی ماسۆنیەت وئیخوان المسلمین نوسیوە،لێرەدابەکورتی خاڵەگرنگەکانی باس دەکەم.

_ شایەتی دانی شێخ محمد الغزالي..یەکێک لە بانگخوازانی کۆمەڵەی ئیخوان ولە کەسە نزیکەکانی حەسەن بەننا،کە دەڵێ کۆمەڵەی ئیخوان پەیوەندی بە ماسۆنیەتەوەهەیە.

_هەموو ڕەوتە ئیسلامیە شیعی وسونیەکان دەستنێژی دەزگای هەواڵگری بەریتانی ((MI6_6) (SIS!بەڵام ئەم هاوکێشە دووبارە بۆوە دوای داگیرکرانی ئەفغانستان لالایەن ئەمریکاوە بەم شێوە..:

1.ڕێکخراوو پارتە ئیسلامیە بەناوسونیەکان لە ژێرچاودێری هەواڵگری ئەمریکا ڕێک خرانەوە،لەناویشیان بزوتنەوە درۆینەکەی ئوسامەی کوڕی لادن.

2.ڕێکخراوو پارتە شیعیەکان لە ژێرسایەی هەواڵگری بەریتانی مانەوە.

لە کتێبی (من معالم الحق في كفاحنا الإسلامي=لە ڕێوشوێنە ڕاستەکانی خەباتی ئیسلامیمان) کە بیرمەندی ئیسلامی وئەدیبی بانگەواز-بەننائەم نازناوەی لێناوە-(محمد الغزالي١٩١٧-١٩٩٦).نوسیویەتی دەڵێ :ماسۆنیەت چەند پێشەنگێکی بۆ

ئیخوان داناوەووپێ ی گوتون بچنە ناوئیخو انەوە تا لە ڕێیان لادەن، وەغەزالی ێ لەهەرە پێشەواکانی ئیخوان بەوە تاو انباردەکاکە ئەندامی مەحفەلی ماسۆنی بوون ،ئەو انیش هەریەک لە:

-سەید قوتب١٩٠٦-١٩٦٦ غەزالی دەڵێ کە سەید ماسۆنی بووەولەوو لە علی عشماوی گوێزراوەتەوە کە سەید نوێژی جومعەی نەکردووەوپێ ی و ابووە بەنەمانی خەلافەت جومعەش واجب نامێنێ.

-حەسەن هوزەیبی ڕابەری دووەمی ئیخوان ١٨٩١-١٩٧٣دوای تیرۆرکر انی بەننا.

-مستەفا سوباعی سەرۆکی ئیخو انەکانی سوریاکە لەچالاکترین ئەندامەکانی مەحفەلی بەیروت بوو.

وەهەرغەزالی لە کتێبی (قذائق الحق) دا دەڵێ:هوزەیبی ئەندامی ئیخوان نەبوو بەڵام چونکە ماسۆنی بوو هەڵبژێردر ابە جێگرەوەی بەننا وڕابەری گشتی ئیخوان.

وەلەبارەی سوباعیش دەڵێ :مستەفاسوباعی ماسۆنی کە شاگردی بەننابوو، وەبەننا کە بوە سەربازی گڵوپ پاشای ماسۆنی جولەکەی بەریتانی لەشەڕی فەلەستین.

غەزالی ساڵی١٩٣٦بۆتە ئیخوان وساڵی ١٩٥٣لە ئیخوان دەرچوە.

شاهیدی دووەم شایەتی پارێزەر..ثروت خرباوي١٩٥٦-؟.. لە ساڵی ١٩٧٨تاکو١٩٩٩لەگەڵ ئیخوان بووەوساڵی ٢٠٠٢لە ئیخوان دەرکراوە.

لە کتێبە بەناوبانگەکەی (سر المعبد) دا دەڵێ:..ڕێکخراوی ئیخوان پەیوەندی بە ماسۆنیەوەهەیە وهێنیەکانی ئەوڕێکخراوەلای کاهینەگەورەکانی ماسۆنیەتە،..

ثروت الخرباوي یەکێک بوولەسەرانی ئیخوان ولەساڵی 2003. لێ یان جیابۆوە وسروشتی ناوڕێکخراوەکەوهێنیەکانی ئاشکر اکردن.

خەرباوی ئەوەی ئاشکرا کردوەکە ئیخوان پەیوەندیان بە ئەمریکاوەهەبووە، وەلەلەسەریان بە مەرج گیراوە کەنابێ دژی پێکهاتنی کامپ دیڤیدی نێوان میسرو ئیسرائیل بن، هەربۆیە

(عصام العریان) کەیەکێک بوو لە سەرکردەکانیان لە ڕۆژنامەی حەیات وتارێکی نوسی وتیایدا گوتبووی کاتێ ئەوان گەیشتنە دەسەڵات دان بە دەوڵەتی ئیسرائیل دادەنێن.

بەم شێوە ئیخوان لەڕوکەش دا دژی ماسۆنیەت وئەمریکاوئیسرائیلن ودژایەتیان دەکەن وبەڵام ە ژێرەوەش لەگەڵیانن.

خەرباوی باسی ئەو خوێندکارانە دەکا کەلە ئەمریکا خوێندویانە و ماسۆنیەکان کردویانن ئەندام ،لەو انەش محمد مورسی ،وەدەڵێ کە لەوتاری پێشکەش کرانی دەستور مورسی وشەی جماعة الإخوان.

«البناؤون العظام»ی بەکارهێناوەو پێنج جارووشەی «بناء»ی لەگوتارەکەی هێناوە،وشەی بەنا بە ئینگلیزی دەبێتە ماسۆن و حەسەن بەننا و اتە حەسەن ماسۆنی..

ماسۆنیەت لە ڕۆژانی محمدعلی پاشاوە تا کۆتایی حوکمی مەلیک فاروق بنکەوبارەگاوڕۆڵی لە میسر هەبوو تا عبدالناسر بەیەکجاری قەدەغەی کرد.

مامۆستا أحمد أبو غالي یەکێکی تر لەسەرانی ئیخوان لەکۆنەوە دەڵێ کە :هەر کۆمەڵەیەکی نەێنی بۆیە نەێنیە چونکە بۆچونەکانی بۆ بونەوەروجیهان جیایە لە بۆچونی خەڵکی دیکە، وەبەونەێنیە دەیەوێ خۆی بۆ ڕۆژێک ئامادەبکا کەدەسەڵات بەدەست بێنێ.

ئەودەڵێ کە ماسۆنیەت چۆتە ناوزۆربەی کۆشک وتەلارەکان وزۆرێک لەسەرۆک وپاشاکانی عەرەب ماسۆنین، بەڵکوزۆربەی وەزیرەکانی میسریش ،،وەدەڵێ کە وڵات وکیشوەری ئەمریکا هەمووی وڵات وکیشوەری ماسۆنیەتە.

پاشان نوسەردەڵێ کەو اتە ئیخو انیش کە وەک ماسۆنیەت ڕێکخراوێکی جیهانی نهێنیە ئەویش هەردەستەخوشکی ماسۆنیەتە.

میژووی ماسۆنیەت شاراوەیە وبەکۆمەڵەی بنیاتنەران«البنائین» و اتە ئەندازیاران ناسراوەو تەنیا ئەندازیاران و وێنەکێشان وپەیکەرتاشانی لە ڕیزەکانی خۆی بە ئەندام وەردەگرت، پاشان گەورەپیاو انی تریش لکێنران بەم توێژ انەوە

لەساڵی 1715 لە لەندەن تەنیا بەهەڵگر انی برۆ انامەی باڵادەدر ابێتە ئەندام ،وە تائێستاش زۆربەی سەرۆکەکانی جیهان ماسۆنین وپلەیان لەناوئەو ڕێکخراوە هەیە.

ئامانجی هەرەگەورەی ماسۆنیەت یەکخستنی گشت جیهانە لەژێریەک ئاڵا،باوەڕیان بەکاری ناوچەیی نیە، ،هەردەوڵەتێک مەحفەلێکی بۆ دادەنێن.

جاران مەحفەلی گەورە لەلەندەن بوو، ئێستالە واشنتۆنە،ئەوان پێ یان خۆشە کەهەموو مرۆڤایەتی وەک یەک بنەماڵەی یەکسان وبرا بن،جیاوازی ناخەنە نێوان دینەکان ونەتەوەوڕەگەزوڕەنگەکان، بەڵام ماسۆنیەکان ژن لە ڕیزەکانی خۆیان بە ئەندام قبوڵ ناکەن.

هەوڵ دەدەن جیهان بەهەموو نەتەوەودینەکان ودامەزراوە مرۆیی وگشت بواری زانستەکان وەک یەک گوند لێبکەن و یەک جۆرپێوەروحوکم ڕانی هەبێ،
ماسۆنیەکان چونکە میسرکۆکەرەوەی هەرسێ کیشوەرەکانی کۆنە زۆرگرنگیان بە میسرداوەوئەوان هۆکاری هەڵکەندنی کەناڵی سوێس بوون،وە دەیانەوێ کە ئەمریکاوجۆرە حوکمڕانی ئەمریکابکەنە ئیمپر اتۆریەتێکی جیهانی.

دەگوترێ ناهێڵن کەس بگاتە حوکمی ئەمریکا ئەگەرماسۆنی نەبێ، وەمیسریش کەدڵی جیهانی کۆنە دەبێ بەرپرسانی ماسۆنی بن، وە ئیخو انیش کەسەرکێشی بز اڤە ئیسلامیەکانە دەبێ ماسۆنی بێ،،بەکورتی دەبێ مامۆستاوئەندازیارو بنیاتنەر انی ماسۆن هەموو جیهان بهێننە ناوخۆیندنگاکەیان وهەموو ببن بە قوتابیان ودان بەمامۆستایەتی ئەوان دابنێن، وەخەرباوی باس لەوەش دەکا کەهەردوو

ڕێکخراوەکەی ئیخوان ماسۆنیەت باوەڕیان بەتوندوتیژی وپاکتاوکردنی نەیارانیان هەیە ودەمانچەوشمشێروکەرەستەی جەنگ لە لۆگۆودروشم وهێما پیرۆزەکانیانن..

خەرباوی لەبارەی بەننا وەدەڵێ بەننا کەسێک بووە بیری تەکفیرهەبووەو لە شێوەی ڕێکخستن وپەیکەری کۆمەڵەکەی وپێک هاتنی دا لاسای ماسۆنیەکانی کردۆتەوە.

ڕۆژنامەنوس ونوسەرێکی میسری بەناوی نەشئەت دیبی لە

Published time: 28 مایو, 2018 05:06

لەبارەی سەیدقوتب وماسۆنیەت دەڵێ:

سید قطبی سەرکردەی ئیخوان گوتارێکی نوسیوە بەناونیشانی "بۆچی بوومە ماسۆنی؟ لماذا صرت ماسونیا"لە ڕۆژنامەی تاجی میسری بڵاوکراوەتەوە کەئەو ڕۆژنامە تایبەت بووبەبڵاوکردنەوەی نوسراوی ماسۆنیەکان.

دەهی لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ کەنالی ئاسمانی "ten" دا گوتارەکەی سەیدی خوێندەوە کەسەید دەڵێ:

"بۆیە من بوومە ماسۆنی چونکە ماسۆنی بووم ،بەڵام پێویستم بە زیاترپتەوبوون هەبوو،،بۆیەئەم ڕێبازە ڕاستەم هەڵبژارد،تا بواربدەمە دەستی بنیاتنانی سەربەست تابەئەرکی هەڵوێژێر انم هەڵسێ بەڕاستی بەهرەمەندترین دەست وباشترین بنیاتنەرانی ئازادن.

وشەی ماسوني لە وشەی ئینگلیزی (ثري مایسونس) داتاشراوە،و اتە سێ بنیاتنەرەکە.

.....: "زانیم کە ماسۆنیەت مەزهەب و بنەمایەک نیەبۆئەوەی بگیرێتەبەر،بەڵکو پیاوەتی و مەردایەتیە و مرۆڤایەتیە و پاڵنانی مرۆڤە بۆکاری خێربێ هیچ هاندەرێک تەنیا هاندەری ویژدان و بەزەیی نەبێ..".

لە شیکاری ئەم چەند پێز انینەی ڕابوردن چەند خاڵێک پێویستیان بەڕوونکردنەوە هەیە:

- لەبارەی ڕێکخراوی ماسۆنیەت و مێژووی دامەزرانی چەندین ڕای جیاوازهەیە، هەندێکیان دەڵێن لەسەدەی هەژدە دامەزراوەبەناوی کۆمەڵەی بنیاتنەران،هەندێکی تردەیگێڕنەوەسەردەمی موسی علیه السلام،ڕای سێیەم دەڵێن لەساڵی 1616دا دامەزراوەوڕای چوارەم دەڵێ لەسەدەی چواردە لەدوای شەڕی خاچپەرستان دەرکەوتووە،،وەهەندێکیش دەیگێڕنەوەبۆ سەردەمی یۆنان لە سەدەی هەشتەمی پ ز،وەڕای حەوتەم بنیاتی ماسۆن گرێدەدەن بە بنیاتنانی پەیکەری سلێمان، وەڕای هەشتەم دەیکەنە کەلەپورێکی هیندی و میسڕی کۆن ،زیادەڕەوکارترینیان دەڵێ یەکەم مەحفەلی ماسۆنی لەجەننەت دامەزراو میکائیل سەرۆکی مەحفەلی جەنەت بووەوئادەم وحەو ائەندام بوون.

وەڕاسترین ڕاش ئەوەیە کەماسۆنیەت ئەو جولەکانە دایانمەزر اندوە کە چاوەڕێی مەسیحی ڕزگاکەرو کوڕی داودبوون کە دەست بەسەرگشت جیهاندابگرێ وبە مەسیحی بێ دەسەڵاتیش ڕازی نەبوون بۆیە هەربەوشێوە ماونەوە، هەندێکیش بز اڤی چاکسازی لوتەرو کاڵڤن بە ڕەوتێکی ماسۆنی دەزانن.

ناوەکەی لە عبری کۆن دا ماسون هەروەک صیانەی عەرەبیە چونکە عبری وعەرەبی یەکن ،چونکە زۆرنهێنی پارێزبوون وبەهێزی شارەوە ناسراون،بەڵام ئەو فرمسۆن وبنیاتی ئازاد نوێ یە ولە ساڵی ١٧١٧ بەسەریاندا بڕاوەو کۆنەکە سیانەو پاراستنە.

-سەبارەت بە ماسۆنی بوون هەرخودی محمد غەزالی لە بارەی ماسۆنی بوونی جمال الدین ئەفغانی وتارێکی هەیەو تیایدادەڵێ:

سەلەفیەکان زۆرپەخنە لە ئەفغانی و شاگردانی دەگرن و گومانی خراپ وتۆمەتی کافربوونیان دەدەنە پاڵ :

دەڵێن کە سەربە یەکێک لە مەحفەلەکانی ماسۆنیەت بووە، باشە لە سەردەمی پێش ئەفغانی کێ هاتبوو تاو انی چونە ناوماسۆنیەت بۆ خەڵک ڕوون بکاتەوەومسوڵمانانی لێ بترسێنێ، ئەفغانی کە دروشمەکانی بر ایەتی ویەکسانی وئازادی بینی ،بەم دروشمانە هەڵخەڵەتا وەک چۆن ئوممەتەکەمان هەڵخەڵەتاوە بەم دامەزراوە زۆرانەی جیهان وئەوناوە بریقەدارانەی کەهەموو چەندین دامەزراوو دام ودەزگایان هەیە.

ئەوەتا ئەفغانی لەوەتی دەرکەوتووەوبە نەخۆشی یان بەژەهرمردوە هیچ کەسێ نەی دیوە کە هیچ کە س ولایەنێک ببوژێنێتەوە بێجگە لە ئیسلام ومسوڵمانان،ئەفغانی ئەم شەرەفەی بەسە.

لەڕاستی دائەفغانی کاتێ دەیبینی مەحفەلی ماسۆنی ئێرلەندی بەریتانی دروشمی بر ایەتی وئازادی وسەربەستیان بەرز کردۆتەوە کە دروشمەکانی شۆڕشی فەڕەنسی بوون وکۆمەڵێکی زۆری ڕۆشنبیرونوسەر انی لەهەموو نەتەوەو چین ودین ومەزهەب ونەتەوەکان لێ کۆ بۆتەوە ویستی ئەمانیش بۆ ڕێکخستن و ڕاگەیاندنی پارتی نیشتمانی بەکاربێنێ، و اتە ئەفغانی نەچۆتە نوماسۆنیەت بەڵکو ویستی ماسۆنیەت بێنێتە ناو پارتەکەی و بۆ چالاکیەکانی ببێتە بەردەباز.

بەڵام کاتێ بینی ئەمانە بەبەرژەوەندیەکانی ئیستعمارو داگیرکەر انەوە گرێ دراون وئەو دروشمانە دزراون وساختەن وتەنیا دروشمی بێ ناوەرۆکن، وەگوتیان ئەوان تێکەڵاوی سیاسەت نابن، ئەفغانی کە بە شێوازی گوتارو دایەلۆک زۆربەی ئەندامانی ئەو مەحفەلەی لە خەوی بێ ئاگایی وهەڵخەڵەتان وچاوبەستەکی و هەڵ خەڵەتاندن بێدارکردەوە و وێژدانی ڕاچڵەکاندن وپێ ی گوتن:

ئەوەی کە وای لێ کردم کە حەزم لەنزیک بونەوەبێ لێتان ناوەکەتان-بنیاتی ئازادی=ماسۆن- کە ناوێکی گەورەومەترسی دارە،وەدروشمەکانتان-ئازادی

ویەکسانی وبر ایەتی- بەڵام پێشبینیم دەکرد لەمیسر هەموو شتێکی سەرسوڕمێن ببینم ،بەڵام چاوەڕێ ی ئەوەنەبووم کە ببینم ئەو انەی خۆیان ناوناوە ماسۆنی ئەوەندە ترسنۆک بن، جاکە ماسۆنیەت دەست لەکاروباری سیاسەتی جیهان وەرنەدا کە بنیاتی سەربەستی وئازادی لەوێ وە دروست دەکرێ وتەخت وتاراجی ستەم کاران لەوێوە دەڕوخێنرێ ،ئەوە هەرگیز ئەو دەستانەی ئازادی خوازان گورزهەڵناگرێ وئەو بیناو بنیاتەی باسی دەکەن هەرگیز گۆشەیەک لەم جیهانە پڕ ناکاتەوە]

ئەی بۆ نالێن پێش بینیەکەی ئەفغانی وەک نەخشی هەڵکۆڵراو هاتەدی وتائێستاش ماسۆنی هەرهەندێ دەروون بەزیو باسیان دەکەن ولەڕاستی دا وەهمێکن وهەربوونیان نیە.

بۆیە کاتێ چوە ناومەحفەلەکە بەتەنیاچوو بەڵام کاتێ مەحفەلی ماسۆنیەتی بەجێ هێشت نیوەی مەحفەلەکە لەگەڵی دەرچوون و ئینشیقاق و پەرت بوونێک لە مەحفەلەکە ڕووی دا، ئەمە خۆی لەخۆی دا هەڵگەڕانەوەو کودەتاو شۆڕشێکی سەرکەوتوو بوو بەسەرئەو ڕۆتین وبارودۆخە ڕۆتینی ودەق بەستوەی کەهەیە،

ئەفغانی مەحفەلێکی سەربەخۆی دامەزر اند بەناوی محفلی ئەستێرەی ڕۆژهەڵات لەساڵی(1395هـ=1878م خۆی سەرۆکی یانەکەبوو،لەناومەحفەلەکەی دا بۆهەر وەزارەتێکی حوکمەت بەشێک وشارەزایەکی دیاری کردبوو،

بەم کەسانە ی کەلە مەحفەلەکە جیای کردنەوە تاکو هەست بەبەتاڵی نەکەن ونەچنەوە ناو مەحفەلە کۆنەکەوە ،وەلەم مەحفەلە سەربەخۆیەدا یاریەکی سیاسی کارامەی دەکرد،کەدەیبینی بەریتانیەکان چاوچنۆکن و چاویان بڕیوەتە وڵاتە ژێردەستەکانی دەوڵەتی عوسمانی ئەم لەگەڵ هاوبڕێ فەڕەنسیەکانیان ڕێک کەوتنی دەکرد، هەموو ئەمانەی گوتم ڕێک لەگەڵ سیاسەتی شەرعی پێغەمبەردا علیه السلام دێتەوە وهەرچەندە ڕەخنە گران بەم هۆیانە ئەفغانیان مولحید کردوە بەڵام کە گو ایە بەکارهێنانی ماسۆنیەت و مەحفەل و دروشمەکانیان ئیلحادە.

جاخۆکە ماسۆنیەت بگەڕێتەوە سەردەمی سلێمان وئەودای مەزر اندبێ، ئەوە قورئان ئەوەندەی باسی موسای کردوە باسی محمدوئیبراهیم ونوحی ئەوەندە نەکردوە،ئەوەندەی وەسفی تەورات لەقورئان کراوە،وەسفی قورئانیش بەوشێوە نەکراوە، لەلایەکی ترئەوە تۆپی پێ کە وەک پەرستش بۆ ئەپۆلۆو جۆبیتێرکراوە، لای شاخی ئۆلۆمپ کە عەرشی جۆپیتیرە ،دەوڵەتی ڕۆمان هەرکەبووبە مەسیحی لەسەردەمی قوستەنتین لە ساڵی ٣٠٠زتا سەدەی نۆزدە ئەم یاریەی بە دیاردەیەکی جۆپیترپەرستی دەزانی، ئەوە سەدساڵێکە ئەم یاریە گەڕاوەتەوە ،ئەی بۆ ئەم خەڵکە بۆ ئەویاریانە ویانەکانیان پێشبڕکێ دەکەن ،ئەوەباسی ئەو بز اڤە بەناو دیمکر اتی ولیبڕاڵیانە هەرناکەم کە ملیۆن جارلەماسۆنیەت زیاترزیانیان گەیاندووەوکەچی زۆر لە بەناوخەڵکی زاناودینداریش لەخزمەتیان دان..

- کەو اتە ماسۆنیەت کە ڕێکخراوێکن ئیمانیان بە پەروەردگاروبەدیهێنەری بوونەوەر هەیە وەک هەندێ ڕەوتی دیموکر اتی ومارکسی ترسناک نین، بۆ بابەتی ماسۆنی بوونی سەید قوتبیش ،سەیدقوتب لەگوتارەکانی ساڵانی ١٩٣٤زۆرنوسەرێکی خیلاعی و لە بیروبۆچوونە بێ هودەیی و ئارەزوپەرستیەکان نزیک بووەو داوای دامەزر اندنی یانەی ڕووتەکانی لەمیسرکردوەکە پێش ئەوکەس ئەم داو ایەی نەکردوە، وەنوسەرێکی چالاکی حزبی وەفدبووە، وەئەوگوتارەی لەبارەی ماسۆنیەت لە نیسانی ساڵی ١٩٤٣دا لە ڕۆژنامەی ماسۆنیەکان تاج دا بڵاوکردۆتەوەو وتارەکە درێژەوزۆربەشان وباڵی ماسۆنیەتی داهەڵداوە، سەید ئەوکاتەوتادوای دەساڵی تریش هیچ پەیوەندیەکی بەئیخوان وهیچ ڕەوتێکی دینیەوەنەبوە،هیچ وتارێکی
لەسەرسودان وفەلەستین وهیچ بزاڤ وهیچ چالاکیەکی دینی
نەنوسیوەوزۆرهاندەری ڕەوتی خیلاعیش بوە،تالە ئەمریکا گەڕاوەتەوە لەساڵی

١٠-١٩٥٢کە دەکاتە سەرەتای ١٩٥٣بەڵام سەیدساڵێک دوای ئەوەش چۆتە ناوئیخوان.

--بەهەرحاڵ ئیخو انی دوای بەننا زۆرلە ئیخو انی بەننا جیاوازن، بۆتۆمەتی ناوو لۆگۆودروشم ،دروشم ولۆگۆیەکانی بەننا قورئان وسونەت شایەدی پیرۆزیان دەدا، بابەتی جیهادو جەنگیش ئێمە پەیامی جیهادی حەسەن بەنناماان وەرگێڕا ،ئەوپیاوە شۆڕشگێڕو جیهادی بووە، تووندوتیژی بەرامبەر ملهۆڕانی لە قورئان وفەرمودە وەرگرتووە، ڕەنگ ودەستەواژەش لەنێوان هەموو میللەتان هاوبەشن، وشەی بەناوبنیانیش لە قورئان وفەرمودە باس کراون...

تۆمەتی جولەکە بوونی بنەماڵەی حەسەن بەننا.

سەرەتای ئەم تۆمەتە گوتارێکی بیرمەندی میسری بەڕەچەڵەک کوردپێش 70 ساڵ دروست بوو 1949، دا عباس محمود العقاد، گوتارێکی لە ڕۆژنامەی "الأساس" ی میسری،ژمارە 2 ینایری ساڵی ١٩٤٩دا بڵاوکردەوە،کە دەڵێ:

"ئەم ئاشوبەی میسری تێوەگلاوە لەسەردەستی ئەم کۆمەڵە کەناوی خۆیان ناوە ئیخوان المسلمین وبەڵام لەم ئاشوبەدا لە ئیسرائیلی ومەجوسیەکان نزیکترن،ئەم وێکچونەی ئەوان لەگەڵ یەهودلە ڕێکخستن ئەوەمان لادەوروژێنێ،ئەمانە بۆبەرژەوەندی کێ ئاشوب دەنێنەوەوجەنگی زایۆنیەکان دەکەن؟؟،جاکاتێ دەگەڕێینەوە سەرڕەچەڵەکی ئەوکەسەی ئەم کۆمەڵەی دامەزراندووەوە دەڵێین کو اباپیری؟؟ کەس لەمیسر باپیری ئەم پیاوەبەدیاری کراوی ناناسێ،هەرئەوەندە دەڵێن کە باپیری خەڵکی مەغریبە،،باوکی سەعاتسازبووە،جولەکە سەعاتسازەکانی مەغریب بەناوبانگن،سەعات چاکردن پیشەی خۆیانە،ئێمەلەمیسر کەسێکی مسوڵمان ناناسین کە سەعاتسازبێ،، ".

هەموو ئەو انەی گوتویانە حەسەن بەننا جولەکەیە بەدرێژ ایی ئەوسەدەیە هەمویان ئەم قسەی عقادیان کردۆتە بەڵگە کەئەمە هیچ بەڵگەیەکی تێدانیە ،تەنانەت هێندێکیان ترش وخوێیان بەقسەکەی عەقادکردووەوگوتویانە کە بنەماڵەی بەنالەجەنگی جیهانی یەکەم ئاوارەی میسربوون وبەننالەمەغریب لەدایک بووەو باپیری نەناسراوەو،،،هتد.

بەڵام وەک لەسەرەتای ژیانەکەی باسمان کرد بەننا باپیرونەنک وبابو دایکی ناسراون و هەرلەمیسر لەدایک بووە،ئەم قسەی عەقاد وەک ئەوەیە کە بڵێین کە هەربنەماڵەیەک لەعێراق پیشەی مزگەری وزیو بکا هەمووی سابئەیە چونکە ئەم ئیشە هەرلەکۆنەوە ئیشی ئەو انە، یان هەرکەسێک جل وبەرگ لە خم بدا وڕەنگی بکاجولەکەیە چونکە ئەم کارە کاری جولەکەکان بووە.

هەروەها گوتارێک لەبەنناوە دەگوازرێتەوە کە لەسەرگەورەی جولەکەکان نوسیویەتی،فوئادهاشم دەڵێ

کەلەسەرەتای لاوێتی لە ئەزهەرپرسیاری لە مامۆستاکانی کردوە لەسەرنهێنی وفەلسەفەی زۆرباسکر انی بەنو ئیسر ائیل لەقورئاندا.

لەسەرولاّمی ئەوپرسیارەم حەسەن بەننا وتارێکی دا لەساڵی 1940 کە أحمد عیسی عاشور لێوەی گواستۆتەوە بەننالەوتارەکەی بەم شێوەستایشی جولەکەدەکاوباس کر انی جولەکە دەگێڕێتەوەبۆئەم هۆیانە: ":هۆی یەکەم : بەڕێزی توخمی ئەم ڕەگەزە،وەئەوڕوحانی وفەیزەزۆرەی کەئەو بنەماڵە هەیانە لەبونەوەر،چونکە بنچینەوبنەمایان بەڕێزە،بۆیە ئەم زیندوێتیە سەرسامکارەیان بەمیرات بۆ ماوەتەوە، هەرچەندەلەم دو ایانە کەوتونەناو چەند کارێکی بێ سود..

هۆکاری دووەم:ئەوزیندوێتیەی لەم ڕەگەزەداهەیە لە ڕەگەزەکانی تری مرۆڤایەتی بوونی نیە، جائەم ئە زیندوێتیە هەروەک چۆن سەرچاوەی پاکی وچاکیانە بۆشتە سەرچاوەی لوتبەرزی ولەخۆبایی بوونیان کە و اتای گشتگیریویەکسانی مرۆڤایەتی لەبیربردوونەوە..

هۆکاری سێ یەم:ئەوان بەکەلەپور کۆنترین کتێبی ئاسمانیان بۆماوەتەوەکەتەورِاتە،وەعیبریەکان نزیکترین زمانن لەعەرەب.

هۆکاری چوارەم:ئەوان دەشتەکی بوون ولە بیابان ژیاون،پاشان هاتوونەشار،پاشان چەوسێنراونەوە،پاشان شۆڕشیان کردوەوکۆچیان کردوەوئازادبوون،پاشان

بوونەخاوەن سەروەری وقەوارە،پاشان بەزەویدا بڵاوبونەوەو پێشەنگی ڕەوشت ودین بوون لەناومیللەتان ولەهەموو قۆناغەکان سەرکەوتووبوون،ئەوان هەم فەلەستینین وهەم میسرین ...

ئەوەی کەبەننالەم گوتارە گوتویەتی هەمووی ڕاستەو بەڵگەی قورئان وسونەتی لەسەرە، وەکەکەسێک ڕاستیەکان بڵێ ودان بەحەق میللەتێکدا بنێ کە ئەمڕۆجۆرەدووبەرەکی وناکۆکیەک لەنێوان نەتەوەوئوممەتەکەی ئەوو ئەو اندا هەیە نیشانەی ئەوەنیە کەلەوان بێ؟

هەرچەندە جولەکەبوون لەخودی خۆی دا بۆ هەرکەسێک لەکەداری وکەم وکوڕی نیە ،ئەوەتا سەفیەی دایکی ئیمانداران ومحمدی کەعبی قەرەزی وعبدالله ی کوڕی سەلام وکەعبی ئەحبارو ،،زۆرێکی ترلەزاناولێهاتوەکانی ئیسلام جولەکەبوون وجولەکایەتیەکەیان بۆتە مایەی ڕێزگرتن لێ یان. چونکە ئەوان کوڕونەتەوەی پەیام بەرانن..

بەننا کە باسی چاکیەکان دەکرا دانی بەڕاستیەکاندا دەناوهەرئەویش بوو کەنەوەی چاکەکاران ڕویان لە خر اپەوستەم دەکرد لە ڕۆم وئینگلیزوجولەکەومەسیحی کەدەبوونە دەستدرێژکارو داگیرکار، بەننا و شاگردەکانی لەهەموو کەس زایاتردژایەتیان کردن ،وەدۆست ودوژمنیش شایەدی ئەوەی بۆدەدەن .

باوکی بەننا کە نوسەروکۆکەرەوەی:

-: "بدائع المسند في جمع وترتيب مسند الشافعي والسنن"،

-: "الفتح الرباني" وسمى شرحه: "بلوغ الأماني من أسرار الفتح الرباني".

- "جامع أسانيد الإمام أبي حنيفة"،

- "إتحاف أهل السنة البررة بزبدة أحاديث الأصول العشرة" (18).

ئەم کتێبانە خزمەتی مسوڵمانانی کردوە ،کە کورە جولەکەش بێ خۆی ونەوەکانی خزمەتیان بە ئیسلام و مرۆڤایەتی کردوە.

یەکێک لەو وێستگانەی بەننا لە ژیانیدا بەتامەزرۆیی چۆتەناوی وحەزی لێ کردوەو ناحەزانی لەسەریان کردۆتە تۆمەت وڕەخنە ، چونیەتی بۆناوتەریقەی سۆفی حەسافی ،بەڵام ناحەزانی باس لەوەش ناکەن کە شێخی ئەو تەریقەتە بەننای لەتەریقەت دەرکردووەو بەیعەتەکەی لێ ستاندۆتەوەو بگرە دوعای بەناحەق لە خۆی وپەیڕەو انیشی کردووە ، ئەم شێخە کەناوی شیخ محمد عبد الوهاب حسنینی حصافی ودەگەنەوە بە ئیمام حسن رضی الله عنه نەوەی رسول الله صلی الله علیه وسلم

بە بەننای گوت:

برۆ بۆئەوکارەی لەچارەت نوسراوە،جارێکی ترنەتبینمەوە،الله بتکوژێ، :- 1- اللهم إنهم فتنة سيشتكي منها أهل الأرض ويضج منها ملائكة السماء= اللهم ئەو انە ئاشوبن،خەڵکی زەوی مەلائکەی ئاسمان دادوبێ دادیانە لە دەستیان 2- فلا تُقم لهم ذلا إلا بعد عزلهم=تا بەرکەناریان نەکەی سەرشۆڕیان مەکە 3- وسلط جماعته على أنفسهم وأرهم الباطل حقا والحق باطلا اللهم أكثر عددهم وقلل مددهم =ئەوکۆمەڵە لەناوخۆیان بەسەریەکدا زاڵکەی وڕاستیان بەهەڵەوهەڵەیان بەڕاست پیشان بدەی،ژمارەیان زۆرکەو یارمەتیان لێ بگرەوە..وەدەگوترێ ئەم دوعایانە هەمووی لەخۆی وکۆمەڵەکەی داهاتۆتەدی.

بەڵام هەرچۆنێک بێ کەسی مسوڵمان وسۆفی دوعای بەو شێوە لەکافر انیش ناکاوپێغەمبەران دوعای بەوشێوەیان لەگەڵە کافرەکانیان نەکردوە، پێم و انیە ئەم دوعایەش ئەوشێخە کردبێتی وئەویش هەربەدەمی شێخەوە هەڵبەستراوە..

هەندێ لە گوتەی میدیاکاروکاریزماکانی جیهان لەسەرحەسەن بەننا:

نوسەری جیهانی روبیرجاکسون دەڵێ:

لەساڵی 1946له قاهیرەبووموسەردانی بەننام کردوله نیویورك بوست نوسیم :

ئەم هەفتەسەردانی پیاوێکم کرد کەلەداهاتوو دەبێتە دیارترین کەسایەتی مێژووی هاوچەرخ،،،

دوای پێنج ساڵ دەنوسێ:ڕۆداوەکان ڕاستی گوتەکەمیان سەلماند،ئەوپیاوە هیوای ڕۆژهەڵات بووله مل ملانێیان لە دژی داگیرکار،بەڵام ئەم ئومێدە لەناوبرا بەتیرۆرکرانی ئەم پیاوە.

ڕۆژهەڵات ناتوانێ بۆ ماوەیەکی درێژگەنجینەکە لە ژێردەستی خۆی بپارێزێ.

کاتێ دیتم ،ئەوبێ دەنگ بوو ،وەرگێڕەکان ویستیان ڕێبازی ئەوپیاوەم پێ بناسێنن،زۆریان بۆگوتم پێناساندنەکەیان هیچ سەرنجی ڕانەکێشام ، کاتێ ئەوبێ دەنگی شکاندوگوتی پێی بڵێن :تۆمحمد دەناسی وهیچت لەبارەخوێندۆتەوە؟ گوتم بەڵێ.گوتی ئێمەش هەرئەوئامانجەمان دەوێ کەئەودەیەویست.بەم دووڕستە زانیم کە ئەوزۆر متمانەی بەبانگەوازەکەی هەیە وپێم وابوو ئەم پیاوە لەداهاتوو دەبێتە پێشەنگی ڕۆژهەڵات...

- "إیفیزا لوین" ی خاتونە توێژەری ئەڵمانی دەڵێ:

"ئەوتو انایەکی ساکاری هەبوو دەیتوانی بۆچونە ئاڵۆزەکان سادە بکاتەوەوبیانداتەجەماوەر،ئەو داوای کەهانەتی نەدەکردبەناوی ئیسلام ،بەڵکو داوای تێگەیشتنی لە ئیسلامێکی ساکاردەکرد،کە پێویستی بەچاودێری دامەزراوەکانی دینی نەبێ.

وەزوو دەیتوانی هەموو پەرەتەوازەیی وناکۆکی وجیاوازیەکان تێپەڕێنێ، کەتەمەنیان سەدان ساڵ بوو..

پێشەنگ بوو بۆ فێرکردنی کچان ،کچەکانی وخزمەتکارەکشی کردە خوێندەوار،لەکاتێکدا فێرکردنی کچان یاساغ بوو، میتۆدەکەی چاککردنی تاک وپاککردنەوەی دەروون وچاککردنی خێزان وکۆمەڵگابوو، بۆ نوێکردنەوەی گشتگیری کۆمەڵگای ئیسلامی..

- جیمس هیوارث دین لەکتێبی: (التيارات الدينية والسياسية في مصر):-دا دەڵێ

"بەننا ئەو خوێندکارەگەنجانەی هەڵدەبژاردکە زۆر بەتامەزرۆیی قورئان وزمانی عەرەبی وگوتاربێژی وبنەماکانی فقە بوون،وە هۆش وبیریان بەشێوازووفەلسەفەودڵەڕاوکێی ڕۆژئاوا نەشێو ابوو،،ئەم گەنجانە دوای نوێژەکان دەستیان دەکردبەبانگەوازی خەڵک وبنەماکانی کۆمەڵەکەیان بەخەڵک دەناساندو کردارەبەدو بێ ڕەوشتی و مادەبێهۆشکەرەکانیان لادەبێز اندن،ئەم لاو انە زۆرخوێن گەرم وبەگوڕبوون وبوێروقوربانی دەربوون..

خاتو دکتۆرە کاري ردزنیسکي -توێژەرلە ز انکۆی هارفاردی ئەمریکي- لە توێژنەوەیەکدادەڵێ:

"بەننا تو انیویەتی هەزاران لاوی میسر لەقاوەخانەو ومەیخانەوقومارخانەکان وئاڵودە مادەهۆشبەرەکان دەربێنێ، کە لەبارودۆخێکی سەرگەردان وبێهودەبوون، ،ئالەم سەرخۆش وئاڵودانە کۆمەڵە بانگخوازێکی دروست کردولەم حاڵەتە سەرگەردانیەوە کردنیە کادروکاریزما کەنەک هەرپارتەکانی میسری پێ بەز اندن بەڵکوبانگەوازی ئیسلامی پێ لە زیاترلە 85 دەوڵەت لەجیهاندابڵاوکردەوە ".

-دکتور دیفید کومونز مامۆستالە ز انکۆی ویکنسون ئەمریکي لە توێژینەوەیەک لەسەر (الإخوان المسلمون لە کەلەپوری میللی میسریدا):-دەڵێ:

بەنا ئومێدی بۆ لاوە سەرخۆش وبێهۆشەکانی میسرگێڕایەوەو ژیانی نوێی پێدان، وکردنیە مەشخەڵی کاری ئیسلامی..

من لێرە شەهادەی دوژمنانی بەننا‌وئیخوان ناگوازمەوە لە کاریزماسەربازی وسیاسی ومیدیایی و کۆمەڵایەتی و،،هتد کە لەبارەی کەسایەتی بەننا‌وکۆمەڵەکەی هۆشداریان داوەتە جولەکە وئیستعمارو‌داگیرکەران، کەهەموویان سورن لەسەرئەوەی کە گرێنتی دەستەمۆبوونی ڕۆژهەڵات بەستراوەتەوە بە لەناوبردنی ئیخوان المسلمین، ئەم کەسایەتیانە هەموویان کۆکن لەسەرئەوەی بەننا‌و ئیخوان باوکی ڕوحی هەموو دەستەوشۆڕشگێڕو بزوتنەوە خەباتکارەکانن دژی داگیرکار..

جاوەک ئیمامی شافیعیش دەڵێ کەدەبێ بۆناسینی کەسی دڵسۆز بۆ دین چاوت لە ئاڕاستەی تیرەکانی دوژمنانی بێ، ئەوسەردەمەتیرەکان زۆربەیان ڕوویان لەبەننا‌وکۆمەڵەکەی بووە..

گوتەی هەندێ لە پێشەوا‌و زاناکان لەبارەی بەننا:

علی ماهرپاشای سەرۆک وەزیرانی میسردەڵێ :

لەساڵی 1935دا کاتێ بەننا‌هاتەلام بەبۆنەی گوازرانەوەی لە ئیسماعیلیەوەبۆ قاهیرە، قسەکانی دڵ ودەروونی ئارام دەکردم شێوازی قسەکردنی شایەدی دەوڵەمەندی بوو لە ڕۆشنبیری ئیسلامی،وچاوڕۆشن بە کێشەکانی نەتەوەی عەرەب و خاوەنی ڕەو انبێژیەکی سەرسامکەروبەڵگەیەکی بەهێزبوو،زۆر متمانەی بەوەبووکەئەو پەیامێکی باڵا بۆ هەموو نیشتمان پێشکەش دەکا..

مکرم عبید –سەرۆکی فراکسیۆنی وەفد وپێشەوای قبتیەکانی میسر دەڵێ: ئەوە موکەڕەمە برادەرە گیانی بەگیانیە مەسیحیەکەی برای مسوڵمان وڕاستگۆ، چۆن یادی ناکەمەوە کەچەند جارسەردانی یەکترمان کردولە ژیاندا هەمیشە پشتی یەکمان گرت، ،چۆن شاهیدی چاکی بۆنادەم پاش مردنی؟ ،ئەمەشایەدی حەقە لەبەردەم پەروەردگاربە زمانم دەری دەبڕم ولەناوکرۆکی دڵم ڕادێ..

فەریق ڕوکن عەزیز میسری کە دەیویست میسری لاوو ئیخوان یەک بخادەڵێ:کاتێ لەزیندانداا یەکێ لەئەفسەرەکان بەخەمباری سەرپێچی فرمانەسەربازیەکانی کردو

هەواڵی شەهیدبوونی بەنای بۆهێنام، هەستم کردخەنجەرێکیان لەسینگ دام بەلەدەست چونی ئەوپیاوەمەزنە..

جمال عبدالناسری سەرۆکی میسرلەساڵیادی ١٩٥٤ دادەڵێ:بەڵێ ئەوکاتەم لەبیرناچێ،چۆن لەم کاتانە بەننا دیداری لەگەڵ هەموان بوو،هەوڵ وکۆششی بۆ هەمووان بوو، لە پێناوی بنەما باڵاکان وئامانجەبەرزەکان،نەخێربۆ کەسەکان وتاکەکانو دنیاکاری نەدەکرد،، اللە بەشاهید دەگرم کە وەک چۆن ئیشی بۆ ئەو ڕێسایانە دەکرد منیش بۆهەمان بنەماکان کاردەکەم ،ژیان وتەمەنی خۆمی لە پێناودابەخت دەکەمو لەپێناوی دا تێدەکۆشم..

شیخ محمد مصطفى مراغي –شیخی ئەزهردەڵێ: مامۆستا بەننا مسوڵمانێکی بەغیرەت بوو،لەوناوەندە تێگەیشتبوو کە تیایدا دەژیا، وەشوێنی دەردومەینەتیەکانی ناولاشەی ئوممەتی ئیسلامی دەزانی،لەنهێنیەکانی ئیسلام تێدەگەیشت، ،پەیوەندیەکی پتەوی بەهەموو چین وتوێژەکانەوەهەبوو،خۆی بەچاکسازی دینی وکۆمەڵایەتی خەریک کرد،لەسەرئەوڕێگایەی کە پێشینانی ئەم ئوممەتە پەسندیان بوو..

شیخ حسنین مخلوف- سەرۆکی لیژنەی فەتوای ئەزهەردەڵێ:شێخ حەسەن بەننا گەیشتبێتە مەنزڵی چاکەکاران، لەکەسایەتیە ئیسلامیە مەزنەکانەلەم سەردەمە،ئەوپێشەو ئیسلامیەیەکەبەڕاستی لە پێناوی اللە جیهادی کرد، ،وەبۆ بانگەوازی حەق پەیڕەوو ڕێبازێکی ڕۆشن وڕاست وچاکی دانا ولە ژێرڕۆشنایی قورئان وسونەت ولەڕوحی شەریعەتی ئیسلامی هەڵی هێنجا،وەبە لێز انی وبەئارامی وبەورە جێبەجێی کرد، تا بانگەوازی لە میسروو جیهانی ئیسلامی بڵاوبۆوەوزۆرێک لەژێرسایەیدا بەهرەمەندبوون...

پێشەوای شۆڕشگێری مەغریبی

ئەمیر محمد عبد الکریم خطابی –دەڵێ :کاتێ یادی شەهیدی ڕابەر مامۆستابەننادەکەینەوە ،شکۆداری ئیسلام و پیاوەپایەبەرزەکانی مان بەبیر دێتەوە کە ژیانیان بۆ خزمەتی ئیسلام تەرخان کردبوو..

لێرە پێویستە دەڵێم کە بنەماڵەی بەننا جولەکەی مەغریبی بونایە ،ئەمیر خەتابی دەیز انی وباسی دەکرد..

ئەم دەقە و شیکارییانەی خستتە ڕوو، یەکێکە لە وردترین و بەڵگەمەندترین بەڕەچدانەوەکان بۆ ئەو "پڕوپاگەندە سیاسییانە"ی کە دەیانویست لە ڕێگەی "تیرۆپەشکردن لە ڕەچەڵەک"، ڕەو ایی لە بزووتنەوەیەکی جەماوەری وەربگرنەوە. ئەم بابەتە دەکرێت لە چەند ڕەهەندێکی میژوویی و دەروونی و سیاسییەوە شیکار بکەین:

١. پوچەڵکردنەوەی "تۆمەتی جولەکەبوون"

ئەو بەڵگانەی باسمکردن، نەک هەرتۆمەتەکەی عەقاد پوچەڵ دەکەنەوە، بەڵکو لاوازیی میتۆدی "تۆمەتبارکردن بە ڕەچەڵەک"یش دەردەخەن:

- کەلێنە فیکرییەکەی عەقاد: عەباس مەحمود عەقاد نووسەرێکی گەورە بوو، بەڵام وتارەکەی ساڵی ١٩٤٩ی زیاتر "سیاسی و کاردانەوەیی" بوو نەک "لێکۆڵینەوەیی". بەستنەوەی پیشەی "سەعاتسازی" بە جولەکەبوونەوە، وەک جەنابت ئاماژەت پێکرد، هەڵەیەکی لۆژیکی کوشندەیە (Fallacy). وەک ئەوە و ایە بڵێیت هەموو بازرگانێکی زێڕدەبێت جولەکە بێت چونکە میژوویەکیان تێدا هەیە.
- ڕەچەڵەکی ناسراو: باوکی حەسەن بەننا (ئەحمەد عەبدولڕەحمان بەننا) یەکێک بوو لە زانا گەورەکانی فەرموودە. ئەو کتێبانەی ناوم هێنان وەک "الفتح الرباني" بەڵگەی ئەوەن کە ئەم بنەماڵەیە لە قووڵایی زانستە ئیسلامییەکاندا بوون، نەک تەنها مسوڵمانی سەرپێی.

٢. وتارەکەی ١٩٤٠ و تێگەیشتنی قورئانی بۆ "بەنو ئیسرائیل"

ئەو ستاییشەی بەننا بۆ جولەکە (وەک ڕەگەزو میژووی پێغەمبەران) کردوویەتی، نیشانەی **"بێلایەنیی زانستی و ئایینی"**یەتی.

- بەننا جیاکاری کردووە لە نێوان "بەنو ئیسرائیل وەک قەومێکی ناو قورئان" کە خاوەن فەزڵ و میراتی پێغەمبەرانن، و لە نێوان "زایۆنیزم وەک پڕۆژەیەکی داگیرکاری".
- ئەمە هێزی فیکریی بەننا دەردەخات؛ ئەو نەبووەتە دیلی ڕقێکی کوێرانە کە نکۆڵی لە ڕاستییە میژوویەکان بکات، بەڵکو وەک قورئان فەزڵی ئەو انی باس کردووە و لە هەمان کاتدا وەک یەکەم کەس دژی داگیرکارییەکەیان لە فەلەستین وەستاوەتەوە.

٣. کێشەی "دوعاکەی شێخی حەسافی"

ئەم گێڕانەوەیە زیاتر لە "ململانێی تەریقەت و بزووتنەوە" دەچێت.

